خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

سەرپەرشتیارانی پرۆژەی چاپکردنی کتێب
ئەرسەلان حەسەن
بابان ئەنوەر



# فاشیزم

وەرگێڕانی: کۆمەڵێك وەرگێڕ

2018

پرۆژەی چەمکە فکری و فەلسەفییەکان

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

# فاشیزم

بابەت: فکری
وەرگێڕانی: کۆمەڵێک وەرگێڕ
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
هەڵەچن: نیاز کەمال- کەیوان عومەر- زریان رەحیم
تیراژ: 500 دانە
ساڵی چاپ: 2018
چاپ: چاپخانەی حەمدی
نرخ: 6000 دینار
لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 254 )

www.ideafoundation.co
ideafoun@gmail.com
www.facebook.com/dezgai.idea
07709556990 - 0533220180
سلێمانی - گردی سەرچنار- نزیک کۆمەڵگەی بەهاران

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن ( 1005 )ی ساڵی2018ی پێدراوە



# فاشیزم

وەرگێڕانی: کۆمەڵێک وەرگێڕ

2018

پرۆژەی چەمکە فکری و فەلسەفییەکان

# پێڕست


دەروازەیەک بۆ تێگەیشتن لە فاشیزم.................................................................9

فاشیزم چییە؟...........................................................................................65

گوتارێک دەربارەی فاشیزم...........................................................................267

فاشیزم لەهەموو فۆڕمەکانیدا.........................................................................325

فاشیزم و مارکسیزمی نوێ...........................................................................365

دەروازەیەک بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی فاشیزم و دیکتاتۆری...........389

ئەمریکا لەبەردەم فاشیزمدا..........................................................................403

ترەمپ، خەڵک، فاشیزم.............................................................................427

## پڕۆژەی چەمکە فکری و فەلسەفییەکان

پڕۆژەیەکی نوێی دەزگـای ئایدیایە و خـۆی لە زنجیرە کتێبێکی گەورەدا دەبینێتەوە، هەر کتێبێک تایبەتە بە چەمکێک، هەموو لایەنەکانی ئەو چەمکە دەخـاتـەڕوو و لە ڕەهەندە جیاوازەکانەوە پێناسەیەکی تێروتەسەلی لەسەر دەنووسرێت یان وەردەگێڕدرێت و ڕاڤە و شیکردنەوەی تەواوی بۆ دەکرێت. پاڵنەری ئەم پڕۆژەیە هەر بەتەنها ئەو بۆشاییە فکرییە گەورەیە نییە کە لەناو کایەی فەرهەنگی و فەلسەفیی کوردییدا هەیە، بەڵکو هەڵەتێگەیشتن لە چەمکەکان و ڕاڤەی هەڵە بۆیان، پاڵنەرێکی گەورەتری ئەم پڕۆژەیەیە.

ئەگەر تەماشای مێژووی هاتنی چەمک و زاراوەکان بکەین بۆناو زمانی کوردی، ڕەنگە بە باشی هەست بەوە بکەین کە هەریەکێکیان لە سەرەتادا بە فۆڕم و ناوەڕۆکێکی تاڕادەیەک جیاواز لە مانا ڕاستەقینەکەی خۆیەوە هاتووە، بەڵکو بەشی زۆریان بەدووریش نەبوون لە شێواندن و هەڵەتێگەیشتن و بەهەڵە بەکارهێنان، کە هەموو ئەم لادانانەش بەهۆی کاریگەرییە ئایدۆلۆژی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە سەریانهەڵداوە. هەربۆیە جێگەی سەرسوڕمان نییە کە هەتاوەکو ئێستا بەهەڵە و نەشارەزایی بە شان و باڵی هەندێک چەمکدا هەڵدەدرێت و هێرشی بێ بنەماش دەکرێتە سەر هەندێک چەمکی دیکە.

ئەوەی زیاتر بۆتە مەیدانی ئەم شێواندن و هەڵەخوێندنەوەیە، ناوەندە ‹ئەکادیمی و فەرهەنگی›یەکانن. ساڵانە دەیان خوێندکار

بەشەکانی فەلسەفە و زانستی سیاسی و کۆمەڵناسی و دەروونناسی و ئابووری و ...هتد تەواودەکەن، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە نەک هەر ئاشنا نین بە چەمکە بنەڕەتییەکانی مێژووی هزری مرۆڤایەتی؛ نەک هەر ئاشنا نین بە چەمکە بنەڕەتییەکانی ئەو زانستەی خۆیان پسپۆڕن تێیدا، بەڵکو بە هەڵە ئەو چەمکانەیان وەرگرتووە کە گوایە چەند ساڵێک خوێندویانە و کاریان لەسەر کردووە و توێژینەوەیان لەسەر نووسیوە. لەڕاستیدا دەبوو ئێستا خوێندنەوەی جیاواز و لێکدژ و تازە بۆ ئەم چەمکانە بکرایە و کۆڕی ڕەخنەیی و نووسینی زانستیی بەپێزیان لەسەر بنووسرایە و قۆناغی ناساندنیان تێبپەڕاندایە؛ بەڵام بەداخەوە هێشتا لە قۆناغێکداین کە دەبێت دەیان کتێبیان لەسەر بنووسین و وەربگێڕین، هەتاوەکو ئەو چەمکانەدەناسێنین.

دەزگای ئایدیا وەک هەمیشە چاوی بۆ کەلێنەکانی کایەی فکری و فەلسەفیی ناو زمانی کوردی گێڕاوە، لەئێستاشدا و لەبەر ڕۆشنایی ئەو بۆشاییەی لەسەرەوە باسکرا، ئایدیا پڕۆژەیەکی نوێ ڕادەگەیەنێت بۆ دووبارە ناساندنەوەی ئەم چەمکانە و دروستکردنی مشتومڕی فکری لەبارەیانەوە. ئەم پڕۆژەیە لە دۆخێکی قەیراناوییدا لەدایکدەبێت و دەیەوێت دۆخێکی قەیراناویی چارەسەر بکات؛ بەو مانایەی لەدایکبووی ئەم دۆخە نالەبارە سیاسی و ئابووری و فەرهەنگییەی کوردستانە، هاوکات دەیەوێت کەمێک چارەی دۆخێکی قەیراناوییش بکات، کە بریتییە لە دۆخێکی لاوازی دونیای فکر و فەلسەفە.

# دەروازەیەك بۆ تێگەیشتن
# لە فاشیزم

حەسەن بارام

## پێشەکی

زۆرن ئەو کتێب و لێکۆڵینەوانەی بە دوورودرێژی لەمەڕ فاشیزم نوسراون، بەڵام گرنگی بابەتەکە بەشێوەیەکە، دەهێنێت زۆر زیاتریشی لەسەری بنووسرێت، ئەمەش لەبەر دوو فاکتەری سەرەکی؛ **یەکەمیان**: لە سەدەی بیستەمدا فاشیزم دیاردەیەکی سیاسی هەڕەشەئامێز بووە بۆ سەر ژیانی مرۆڤایەتی، پێویستدەکات خوێنەران و ڕۆشنبیران، بگرە بەپلەی یەکەم سیاسییەکانیش ئاشنایەتییان هەبێت لەسەر ڕەهەندە جیاجیاکانی ئەم ئاراستە سیاسییە، **دووەمیان**: بیری فاشیزم لە ئێستادا بەشێواز و فۆرم و ناوی جیاجیاوە سەرهەڵدەداتەوە، جارێکیتر دەبێتەوە هەڕەشە بۆ سەر مرۆڤایەتی، بۆیە دەبێت بە ئاگابین لە زیندووبوونەوەی ئەم بیرە تۆتالیتارە خۆسەپێنە ڕەگەزپەرستە.

فاشیزم وەکو ئاراستە و بیرێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە سەرەتا لە ئیتاڵیا و دواتر لەژێر ناوی "نازیزم" لە ئەڵمانیا هاتە مەیدان، سەرەڕای بڵاوکردنەوەی توندوتیژی و جەنگ و کوشتوکوشتار، ڕەگەزپەرستی، ڕەتکردنەوەی ئاشتەوایی جیهانی، هەر ئەم هێزە خۆسەپێنە بووە مایەی هەڵگیرساندنی جەنگی جیهانی دووەم، دیارە بیری فاشیزم هەر لەو سەردەمانەدا بە قەبارە و ئاستی جیاجیا، لە ژێر ناوی تردا لە چەندین وڵات دەرکەوت، بەڵام نەیانتوانی وەکو (مۆسۆلینی و هیتلەر) بەهێز و پەلاماردەر بن. وەک

ئاشکرایە بەکۆتایهاتنی جەنگی جیهانیی دووەم، دیاردەی فاشیزم دووچاری خاوبونەوە و لاوازی بووە، لە تەواوی جیهاندا ئەو کاریگەرییەی نەما، بۆ ماوەیەک ئەستێرەی بەختی فاشیستەکان ئاوابوو.

بەڵام دوای هەڵگیرسانی جەنگی سارد، جارێکیتر بیری فاشیزم بە شێواز و قەبارەی جیاجیا سەریهەڵدایەوە، لە چەندین وڵات بیری فاشیزم کرایە بنەما بۆ کاری سیاسی و پەیڕەوکردنی کار و کردەی فاشییانە، چەندین پارت و ڕێکخراوی فاشیستی لە چەندین وڵاتدا دروستبوون، هەندێکیان دەسەڵاتیان گرتەدەست، لە هەندێک وڵاتیش ئەو ڕێکخراوانە لە ئاست و قەبارەی بچووکدا مانەوە.

بەڵام لەئێستادا چەندین جۆر لە فاشیزمی نوێ لە جیهاندا سەریانهەڵداوە، بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە سەرەتای هەڕەشەیە بۆ سەر ژیان و گوزەران و ئاشتەوایی جیهانی و هەرێمایەتی، بۆیە پێویست دەکات ئاشنا و ئاگاداربین لە جموجۆڵی فاشیانەی هەندێک پارت و ڕێکخراو و وڵاتی ناوچەیی، کە لەئێستادا لەسەر مۆدێلی فاشیزم کار دەکەن، کە زیاتر بریتین لەسێ جۆری فاشیزم (***فاشیزمی نەتەوەیی***) و (***فاشیزمی نەتەوەیی- ئایینی***) و (***فاشیزمی ئایینی***).

هیوادارین ئەم لێکۆڵینەوە کورتە ببێتە مایەی تێگەیشتنیکی سەرەتایی لەمەڕ بیری فاشیزم، هەروەها بەئاگاهاتنەوە لە بیری فاشیزمی نوێ، کە لەئێستادا و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خەریکە دەبێتە دیاردە، تادێت مەترسی و هەڕەشەکانی بۆ سەر ئارامی و ئاشتەوایی

هەرێمایەتی زێدەتر دەبن، جیا لەمەش زیاتر گەشەکردن و فراوانبوونی ئەم بیر و ئایدیایە، دەبێتە مەترسی گەورە بۆ سەر دیموکراسی و ئازادی و مافەکانی مرۆڤ، هەروەها هەڕەشـــەیەکی جدیشـــە بـــۆ ســـەر نەتەوە و پێکهـــاتە بێـدەوڵەتەکان، لەمەش بترازێـت گەورەبـوونی ئەم هێـزە فاشیسـتییانە لە نـاوچەکەدا، ئەگەری مەترسـی هەڵایسـانی جەنگی گەورە و جیهانیشی لێدەکەوێتەوە. دەخوازین ئەم بـابەتە ببێـتە کـردنەوەی دەرگـایەک بـۆ خوێنـدنەوە و تێڕامـانی زیـاتر، لە مەڕ ڕەهەنـد و تایبەتمەنـدی و لایەنە جیاجیاکـانی فاشـیزم، بەو هیـوایەی بتـوانین لە ئاینـدەدا کاری گەورەتر و فراوانتر لەسەر ئەم بابەتە بکەین.

## مێژووی سەرهەڵدانی فاشیزم

لە ئـان و سـاتەکانی جەنگـی جیهـانی یەکەمـدا، وڵاتـی ئیتاڵیـا خـۆی لەنێو دۆخێکـی ئـاڵۆزی ئـابووری، سیاسـی، کـۆمەڵایەتی مەترسـیداردا بینیـیەوە، هەر بـۆ نمـوونە لە بەرئەنجـامی ئەو جەنـگە کاولکـارەدا، زیـاتر لە پەنجـا بـۆ شەسـەت هەزار مرۆڤی ئیتاڵیا بوونە قوربـانی و نـزیکەی ملیـۆن و نیـوێکیش برینـدار و پەکـکەوتەی جەنـگ و بێسەروشـوێن بـوون، سـەرەڕای ئەوەی بـاکووری ڕۆژهەڵاتـی ئەو وڵاتە دووچاری کاولکاری وێرانـی زیـاتر بـووە، ئەمەشـیان بەهـۆی کـاریگەریی بەرەکـانی شـەڕ لەو قـۆڵەوە، لەگەڵ هەمـوو ئەمانیشـدا ئـاوارەیی و برسـێتی و دەربەدەری بەشێکی دانیشتوانی وڵاتەکەی گرتەوە.

سەرەڕای زیان و وێرانکارییەکان کۆمەڵێک گرفت و کێشەی ئابووری و سیاسی و جیۆگرافی بەرۆکی ئەم وڵاتەی گرتەوە، بۆ نموونە سەرهەڵدانی شانشینی یۆگسلاڤیا لای سنوری ڕۆژهەڵاتەوە، سەرجەم خەونەکانی ئیتاڵیای بۆ یەکخستنەوەی خواستی یەکگرتنەوەی نیشتمانیی وڵاتی پەکخست، سەرەڕای دۆخە ئاڵۆز و نالەبارە ئابوورییەکە، چونکە ئیتاڵیا لەڕووی ئابووریی ناخۆییەوە دووچاری گرفتێکی گەورە ببوو، لەبەرئەوەی ئیتاڵیا بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی بە داهاتی دەرەکی دەبەست، بەتایبەتی بۆ هاوردەکردنی دانەوێڵە و هەندێک پێداویستی تر، ئەمەش وڵاتەکەی خستە ژێر باری قەرزێکی زۆری ئەمریکاوە، هاوزەمان بەهۆی دابەزینی نرخی دراوی وڵاتەکە و بەتاڵبوونەوەی بانکەکان لە دراوی پێویست، ڕێژەی بێکارییش ڕووی لە زیادبوون دەکرد، دواجار کۆمەڵێک قەیرانی هەمەجۆر بەرۆکی دەوڵەت و هاووڵاتیانی ئەو وڵاتەی گرتبووەوە.

ئەم دۆخە ئابووری و سیاسییە ئاڵۆزە نارەحەتی و جموجۆڵی سیاسی و ڕێکخراوەیی بەخۆوەبینی، بۆ دەربازبوون لەو بارودۆخە ناهەموارە، ئەوەبوو لەنێوان ئەو سەربازانەی سوپا کە ماوەی ئەرکەکانیان کۆتایهاتبوو لەگەڵ کرێکارانی بێکاردا، هاوپەیمانێتییەکیان پێکهێنا، ئەمەش بووە مایەی گەشەکردنی زیاتری پارتە سیاسییەکان، بەتایبەتیش لەنێو پارت و جولانەوە چەپەکاندا ئەم جموجولانە فراوانبوون، بۆ نموونە "پارتی سۆسیالیستی ئیتاڵیا" یەکێک بوو لەو هێزانەی کە جۆرێک

گەشـــەکردنی بەخـــۆوە بینـــی، لە بەرانـــبەردا هەنـــدێک ڕێکخـــراوی نەتەوەیـــی جموجوڵەکانیـــان دەســـتپێکرد و لەبەرانبەر حکومەت و ڕێککەوتنامەی ئاشتی وەستانەوە.

ئەم هەمـوو گرفـت و دۆخە ئـاڵۆزە ڕەوشـی نـاوخۆیی ئیتاڵیـای بە تەواوەتـی شـڵەژاندبوو، بۆیە کۆمەڵێک هێـزی نیشـتمانی و نـاڕازی لەو دۆخە کەوتـنە جموجـوڵ، هەر لە ســـەرەتاوە لەژێـــر نـــاوی (فاشـــیزم /fascism) بە ڕێبەرایەتی ڕۆژنامەنووس و کۆنە سەربازی وڵات (**بینیتۆ مۆسۆلینی**) کە پێشـتر سەرنووسـەری ڕۆژنـامەی (*بوبۆلـۆ دیتالیا*) بووە لە شاری میلانۆ، باوکی موسـۆلینی ئاسنگەر بووە لە یەکێک لە گوندەکانی هەرێمی فۆرلی.

مۆســولینی بەهــۆی بــاوکییەوە ســەرەتا مەیلــی بەلای ســەرەتاکانی میتـۆدی سۆسـیالیزم و شۆڕشـدا هەبـووە، هەربــۆیە لە ســاڵی (1910) لە فــۆرلی هەفتەنــامەیەکی سۆسیالیستی لەژێر ناوی (*خەباتی چینەکان/ la lottadi classe*)دا بڵاودەکـاتەوە، پاشـان بە بەردەوامـی لەســەر نووسین و بیروڕاکانی دەخرێتە کونجی زیندانەوە، دواتـر دەبێــتە سەرنووســەری ڕۆژنــامەی (*ئەڤــانتی avati*) کە ڕۆژنامەیەکی سۆسیالیستی ناوداری ئەو سـەردەمە بـووە لە شاری میلانۆ.

کاتێــک جەنگــی جیهــانیی یەکەم هەڵگیرســا، ئەم بە بەردەوامـی بەپـلەی یەک داوای بێلایەنیـی ئیتاڵیـای دەکـرد لەو جەنگە جیهانییەدا، کەچی دواتـر هەڵوێستی دەگۆڕێت و داوا دەکـات ئیتاڵیـا بە قـازانجی دەوڵەتـانی (هاوپەیمـان) بێتە ناو شـەڕەکەوە، ئەم هەڵوێسـتەی دوایی وەهـایکرد لە

حزبی سۆسیالیست دەربکرێت و ئەندامێتی لێبسەنرێتەوە، لێرەوە دەستدەکات بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی (بوبۆلۆ دیتالیا)، هەر خۆشی دەبێتە سەرنووسەری ئەو ڕۆژنامەیە.

کاتێک ئیتاڵیا چووە شەڕەوە بۆ قازانجی وڵاتانی هاوپەیمان، مۆسۆلینی وەکو سەربازێکی خۆبەخش بەشداریی شەڕەکەی کرد، تەنانەت تێیدا برینداریش بوو، لە کۆتاییەکانی شەڕەکەشدا دەستبەرداری خزمەتی سەربازی بوو، گەڕایەوە بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەکە، دیارە لەگەڵ کۆتایهاتنی جەنگ، پێکدادانی ڕەهەندە سیاسی و هزری و ئابوورییەکانی فاشیزم و جموجوڵی سۆسیالیستەکان وڵاتی ئیتاڵیای گرتەوە، بۆیە ئەمیش بەپەلە دەکەوێتە هەڵپەی ڕێکخستنی بزووتنەوەیەکی بەرگری لەو شۆڕشە، بێگومان لەو ڕەوشەدا بارودۆخ لەباربووە، تاکو زۆرترین کۆمەڵە و تاقم و لایەنگر لە دەوری خۆی و بزووتنەوەکەی کۆبکاتەوە.

لە مانگی مارسی ساڵی (1919)دا دەستەی فاشیست دادەمەزرێت، کە ڕاستەوخۆ لەلایەن خودی موسۆلینەوە ڕێکدەخرا و ئاڕاستە دەکرا، هەرچەندە سەرەتا بەهێواشی گەشەیدەکرد، پاشان وردە وردە بیرۆکەی بزووتنەوەی فاشیست لە نێو چینی کرێکاران و ناوەڕاست و دواتر دزەیکردە نێو ڕیزەکانی سوپا، بەمەش بزووتنەوەکە ئەمسەر و ئەوسەری ئیتاڵیای گرتەوە.

لە کۆتایی ساڵی(1922) فاشیستەکان کۆبونەوەیەکی گەورەیان لە (ناپل) گرێدرا، پاشان ژمارەیەکی زۆر

چەکـداریان ئـابلۆقەی (ڕۆما)یانـدا، سـەرئەنجام لەژێـر گوشـار ئەو دۆخە نـاهەمووارەدا پاشـا (ڤیکتـۆر ئەمانویـل) دەسـت پێشـخەری دەکـات، داوا لە وەزارەتەکەی (سـنیو فاکتـا) دەسـت لە کاربکێشـییەوە، لەبەرانـبەردا داوا لە موسـۆلینی و دەسـتەی چـوار فاشیسـتەکە دەکـات، کە پێکهـاتبوون لە (ژەنەڕاڵ دی بونـو، شـیزاری دی ڤیکـو، ئیتـاڵی، بـالبو، مکیلـی بیـانکی) کە هەڵسـن بە پێکهێنـانی وەزارەتـی فاشیسـت، ئەمەش بە دیـاریکراوی لە (10 ئۆکتۆبەری 1922)دا بووە[1].

ئیتر لەو چرکەساتەوە وڵاتی ئیتاڵیا کەوتە ژێر ڕکێف و دەسـەڵاتی فاشیسـت و موسـۆلینییەوە، لێـرە بەدواوە بزووتنەوەکە بووە یەکێک لە بزووتنەوە دیار و بەرچـاو و کاریگەرەکانی ئەوروپا، لە چوارچێوەی بەرنامە و ئایدیای فاشیسـتیدا، کەوتـنە ڕێکخسـتنەوەی بـواری سیاسـی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئیتاڵیا.

**هۆکارەکانی سەرهەڵدانی فاشیزم**

بێگومـان بـۆ سـەرهەڵدانی هەر دیـاردە و ڕووداوێـک، کۆمەڵێـک فـاکتەر و هۆکـار بوونیـان دەبێـت بـۆ زەمینەخۆشـکردنی زیـاتر، زۆر بە کەمـی دیـاردەیەک بـێ هۆکـار هەر لەپـڕدا هەڵـدەتۆقێت، بەتـایبەتیش دیـاردە سیاسـی و ئـابووری و کـۆمەڵایەتی و هزرییەکـانی نێـو ژیـانی مرۆڤـایەتی، کەواتە لەپشـت سـەرهەڵدانی هەر دیـاردەیەکی کـۆمەڵایەتییەوە، چەنـدین فـاکتەر ئامادەییـان هەیە، دیـارە سـەرهەڵدانی فاشـیزم لە وڵاتـی ئیتاڵیـا هەر

لەخـۆڕا نەبـووە، بەڵکـو زادەی چەنـدین وەرچەرخـان و گۆڕانکـاری هەمە چەشـن بـووە، چ لە ئەوروپـا چ لە نـاوخۆی وڵاتـی ئیتاڵیـا، جـا بۆ ئەوەی لایەنـی کەم پەنـجە بخەینە سـەر هەندێک لەو فـاکتەرانە لای خـوارەوە ئامـاژە بۆ هەندێکیان دەکەین:

یەکەم: هێشتا بنەماکانی دیموکراسی نەیتوانیبوو خۆی بچەسپێنێت، لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا سیسـتمێکی نوێ بـوو، نەیتوانیبـوو بەهاکـانی جێگـای بەهـا سیاسـییەکانی سیستمی کۆن و ستەمکاری بگرێتەوە، لە وەها ڕەوشـێکدا پتر گیانی ڕێبەرایەتییەکی بەهێزی کاریزمی ڕۆڵـی دەگێڕا، بـۆیە ئەم بیـرە زەمیـنەی دەرکەوتنـی یەکێکـی وەکـو مۆسـۆلینی ڕەخسـاند، تـا وەکـو سـەرکردەیەکی کـاریزمی تاکڕەو لە وڵاتی ئیتاڵیا دەرکەوێت.

دووەم: دروسـتبوونی شـڵەژان لەنێـو کۆمەڵگـای ئەوروپییدا، بەهـۆی دەرکەوتنی پیشەسـازی، کە هەڕەشـە بـوو بـۆ سـەر چینـی ناوەڕاسـت، کە بەزۆری خـۆی لە بازرگـان و جوتیـاران و پیشـەوەراندا دەبینیـیەوە، بـۆیە فاشـیزم ئەم دەرفەتەی قۆسـتەوە تـاکو ئەم چینـانە لە دەوری خـۆی کۆبکـاتەوە، لێـرەوە کەوتە دژایەتیکردنـی سیسـتمی سـەرمایەداری و تەنـانەت کۆمۆنیزمیشـەوە، کاتێـک دەگەڕێینـەوە بـۆ سـەرچاوەکان، دەبینـین ڕێـژەی ئەندام و لایەنگرانی فاشیزم زیاتر لەنێو چینی ناوەڕاسـتدا بووە.

سـێیەم: گەشـەکردن و فراوانبـوونی کۆمـۆنیزم لەدوای جەنگـی جیهـانی یەکەمەوە، ئەمەش لای فاشیسـتەکان بە

هەڕەشـە و مەترسـی دەبینـدرا بـۆ سـەر ئیتاڵیـا و بیـری فاشـیزم، زۆریکـیش وای بـۆ دەچـن فاشـیزم هەمـوو هاوکاری و پاڵپشتییەکی لە بۆرژوازییەکان وەردەگرت، بۆ وەستانەوە لە دژی تەشەنەسەندنی کۆمۆنیزم.

چوارەم: قەیرانـی ئـابووری و دارایـی لە وڵاتـی ئیتاڵیـا، بەتایبەتی لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم و بڵاوبوونەوەی بێکـــاری و هەژاری و داڕوخـــانی ئـــابووریی وڵات، هۆکـاریکی هەرە سـەرەکیبوون لە پشـت سـەرهەڵدانی فاشیزمەوە.

پێنجەم: بێگومـان کـاریگەرییە هەمەجۆرەکـانی جەنگـی جیهانی یەکەم، بێئومێدبوونی ئیتاڵییەکان لە ڕێککەوتنامەی ئاشـتی و پەراوێزخسـتنی ئەو وڵاتە هۆکـاریکی تـری سەرەکی دەرکەوتنی ئەم ڕەوتە بوو.

دیـارە ئەم فـاکتەرانە و چەنـدین فـاکتەری تـری لاوەکـی هۆکـاربوون بـۆ سـەرهەڵدانی فاشـیزم لە وڵاتـی ئیتاڵیـا و پاشان وەرگرتنی دەسەڵات.

**مۆسۆلینی کێ بوو؟**

ژیان و گوزەرانی ڕێبەری فاشـیزم بە چەنـدین قۆنـاغـدا گـوزەری کـردووە، ڕەنـگە زۆر ئاسـان نەبێـت لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەوردی بتوانین بە وردی ئاماژە بۆ هەموو وێسـتگەکانی ژیـانی بکەیـن، ئەمە وەهامـان لێـدەکات بەکورتی ئاماژە بۆ هەندێک لە قۆناغەکانی ژیـانی سیاسـی و سەربازی و ڕێکخراوەیی ئەو بکەین، بۆ ئەوەی خوێنەر

تاڕادەیەک بەرچاوی ڕوون بێت بەرامبەر کەسی یەکەمی فاشیزم.

مۆســـــۆلینی لە (29ی یۆلیـــۆی 1883) لە گونـــــدی (بریــدابیۆ) لەدایکبــووە، ئەم گونــدە بچــووکە دەکەوێــتە بـــاکووری ئیتاڵیـــاوە، هەرچـــی (ئەلیســـاندرۆ)ی بـــاوکی مۆسـۆلینیە کـاری ئاسـنگەری دەکـرد و هەڵگـری بیـری سۆسـیالیزم بـوو، دایکـی مۆسـۆلینیش نـاوی (ڕۆزا) بـوو، مامۆسـتای سـەرەتایی بـوو لە قوتابخـانەیەکی کاسـۆلیکی، ئەم خێــزانە جــگە لە مۆســۆلینی، کــچ و کــوڕێکی تریــان هەبـــووە بە ناوەکـــانی (ئەدڤیـــدج) و (ئەرناڵـــدۆ)، وەک دەگێــڕنەوە مۆســـۆلینی منـــداڵێکی شـــەڕانی و لاســـار و هەڵچــوو بــووە، هەربــۆیە بەهــۆی پەلامــاردانی چەنــد هـاوپۆلێکییەوە لە قوتابخـانە دوور دەخـرێتەوە. سـەرەڕای ئەمەش نـــاوبراو قۆناغەکـــانی خوێنـــدن تەواو دەکـــات، تەنانەت بۆ ماوەیەکیش دەبێتە مامۆستای قوتابخانە.

دواتـر مۆسـۆلینی دەکەوێتە هەڵـپەی دۆزینەوەی کـار، ســەرەتا لە مــانگی یۆلیـۆی سـاڵی 1902 دەچێـتە وڵاتـی سویســرا، لەو وڵاتە کۆمەڵێــک کــار دەکــات و تەنــانەت بەشداریی کار و چالاکی پارتی سۆسیالیستی ئەو وڵاتەش دەکــات، بەتــایبەتی لەنێـو ڕێکخــراو و ســەندیکاکاندا ڕۆڵ دەگێڕێت، لێرەوە مۆسـۆلینی دەبێتە کەسێک کە هەڵگری بیــری تونــدوتیژی دەبێــت و بانگەشــە بــۆ نــاڕەزایی و خۆپیشـــاندان دەکـات، هەر بەم بـۆنەیەوە بـۆ چەنـدینجار لەلایەن دەسەڵاتەوە دەستگیر دەکرێت.

لێرەوە هەڵوێستەکانی دەیکاتە کەسایەتییەکی دیار لای سۆسیالیستەکان، بگرە هەر بۆخۆی لە ڕێگای نووسین و دەرچواندنی ڕۆژنامەکانەوە زیاتر دەردەکەوێت، ساڵی (1904) دەگەڕێتەوە وڵاتی ئیتاڵیا، دواتر لە ساڵی (1909) بۆ ماوەیەکی کەم دەچێتە وڵاتی نەمسا لە سەندیکای کرێکاران کاردەکات، لە یەکێک لە ڕۆژنامەکانی سەر بە سۆسیالیستەکانەوە هێرشدەکاتە سەر بیری نەتەوەیی، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی لەو وڵاتە دەربکرێت و بگەڕێتەوە ئیتاڵیا، هاوکات بەردەوام دەبێت لە بانگەشەکردن بۆ بیر و ئایدیای سۆسیالیستی، زیاتر وەکو گوتاربێژێک دەردەکەوێت، ناوبراو سەرەڕای ئەوەی زۆرجار هەڵەشە و پەلەشەیی دەکرد، هەڵەی لێدەکەوتەوە، هاوزەمان زۆرجاریش وەکو کەسایەتییەکی بەهێز و خاوەن باوەڕ بەخۆبوون دەردەکەوت، هەربۆیە زوو کاریگەری دەخستە سەر هاوڕێ و لایەنگرانی وەکو کەسێکی دیار لەنێو سۆسیالیستەکاندا دەرکەوت، تەنانەت لە (1ی دیسەمبەری 1912)دا بووە سەرنووسەری ڕۆژنامەیەکی سۆسیالیستی لە ئیتاڵیا.

دوای تیرۆرکردنی (شازادە فرانز فێردیناڵد) و چەند ڕووداوێکی تر، سەرئەنجام لە ساڵی (1914) جەنگی جیهانیی یەکەم هەڵگیرسا، لەو کاتەدا حکومەتی ئیتاڵیا بێلایەنیی خۆی لەو جەنگە دەربڕی، هەرچی مۆسۆلینی بوو وەکو سەرنووسەری ڕۆژنامەی (ئاڤانتی) هانی هاوڕێ سۆسیالیستەکانی دەدا، تاکو پاڵپشتی دەوڵەت بکەن بێلایەنیی خۆیان لەو جەنگە دەرببڕن، کەچی زۆری

پێنەچوو ناوبراو هەڵوێستی خۆی گۆڕی، لە ڕێگای وتار و هەڵوێستەوە لە ڕۆژنامەکان هانی ئیتاڵیای دەدا بۆ ئەوەی بەشداری لەو شەڕە بکات، بەم هۆیەوە لە پارتی سۆسیالیست دوورخرایەوە.

ساڵی (1915) ئیتاڵیا بەشداریکردنی لە شەڕ ڕاگەیاند و پەلاماری نەمسای دا، بە فەرمی بەشداریی جەنگی جیهانیی یەکەمی کرد، لەو کاتەدا مۆسۆلینی بانگکرا بۆ خزمەتی سەربازی، لە یەکێک لە یەکە سەربازییەکاندا بەشداریی شەڕی کرد، تەنانەت بە خەستی بریندار بوو، دواتر چارەسەری وەرگرت و لە مەرگ ڕزگاریبوو.

ئیتر بە کۆتایهاتنی جەنگ، مۆسۆلینی وەکو نەیار و ڕکابەرێکی سەرەکیی سۆسیالیستەکان لەو وڵاتە دەرکەوت، هەروەها بانگەشەی بۆ حکومەتیکی ناوەندیی بەهێز دەکرد، تەنانەت پێیوابوو کە دەبێت کەسێکی دیکتاتۆر ئەو حکومەتە بەڕێوەببات، دیارە ئەوە تەنها ناوبراو نەبوو ئارەزووی ڕادیکالیزمێکی لەو شێوەیەی دەکرد لە ئیتاڵیا، بەڵکو کەسانی زۆر هەبوون بەو ئاراستەیەدا تێدەکۆشان، چونکە بەدوای جەنگی جیهانیی یەکەمدا ئیتر ئیتاڵیا دووچاری شڵەژان و دۆخێکی ناهەموار بووەوە، ئەمە وایکرد تەوژمێکی نەتەوەیی لە وڵاتدا سەرهەڵبدات، لێرەوە چەندین کۆمەڵە و ڕێکخراوی هەمەچەشن هاتنە مەیدان، تاکو مۆسۆلینی توانی لە ساڵی (1919) سەرجەم ئەو گروپ و کۆمەڵانە لەژێر ڕێبەرایەتی خۆیدا و لە چوارچێوەی پارتی فاشیستیدا کۆبکاتەوە.

له کۆتاییەکـــانی هـــاوینی ســـاڵی (1922)دا حزبـــی فاشیســـتی پەلامارەکـــانی بەرەو ڕۆمـــا دەســـتپێکرد، کە ســـەرەتا لە هەرێمەکـــانی (ڕاڤینـــا و فـــۆرلی و فیـــرارا) لە باکووری ئیتاڵیاوە دەستیپێکرد، کە ئەو شەوە بە شەوێکی ترســـناک هەژماردەکرێـــت، تێیـــدا مـــاڵ و بارەگـــای ڕێکخراوەکـــانی ســـەر بە پـــارتە سۆسیالیســـت و کۆمۆنیستییەکان سوتێندران، زیانی زۆریان پێگەیشت، تا وایلێهـــات بە کۆتایهـــاتنی مـــانگی (ســـێبتەمبەری 1922) تەواوی بـــاکووری ئەو وڵاتە کەوتە ژێـــر دەســـەڵاتی فاشیستەکانەوە.

دواتـــر مۆســـۆلینی بەمەشـــەوە نەوەســـتایەوە، بەڵکـــو بەنیازی ئەنجامدانی کودەتا بوو بۆ سەر پایتەخت، هەر بەو جۆرەش بوو، لە (28ی ئۆکتۆبەر)ی هەمان ساڵدا، کەتیبە چەکدارە فاشیستییەکان پەلاماری ڕۆمایاندا، ئەم ڕووداوەش بە تەواوەتـــی شـــای ئەو وڵاتەی هێنـــایە چۆکـــدادان، ئەوەبـــوو شـــا (ڤیکتـــور ئیمانوێـــل) داوایەکـــی ئاڕاستەی مۆسۆلینی کرد، تاکو حکومەتی نوێ پێکبهێنێت، بەمەش مۆسۆلینی ڕەزامەندیی پیشاندا و بووە سەرۆک وەزیرانی ئیتاڵیا.

دوای هاتنە سەرکاریشی، لە یەکەم هەڵبژاردندا حزبی فاشیست توانی سەرجەم کورسییەکانی پەرلەمان بباتەوە، بـۆیە لە (3ی جـانیوەریی 1925)دا بە زۆریـنەی دەنگـی فاشیســـتەکان بـــووە ڕابەر و دیکتـــاتۆری ئەو وڵاتە، لەو مـــاوەیەدا تـــوانی گۆڕانکـــاریی ڕیشـــەیی لە ئیتاڵیـــادا بەدیبهێنێـــت، تـــائێرە خواســـت و ئامانجەکـــانی نـــاوبراو

کۆتاییـــان نەدەهـــات، چـــونکە دەیویســـت ئیتاڵیـــا بکـــاتە ئیمپراتـــۆریەتێکی گەورە و بەهێـــز، بـــۆ ئەمەش پێویســـتی بەوە بوو، هەندێک جێگە بۆخۆی داگیربکات، هەربۆیە لە ساڵی (1935)دا پەلاماری وڵاتی ئەسیپویای دا، تاکو لە بەرئەنجامی نابەرابەریی هێزدا، لە ساڵی (1936) ئەو وڵاتە خۆیـــدا بە دەســـتەوە و بەمەش ئیتاڵیـــا وەکـــو ئیمپراتۆریەتێک خۆی پیشاندەدا[2].

### هزری فاشیزم

وەک زۆر بابەتی تر، فاشیزمیش مشتومڕی زۆری لەسەرە، ڕەنگە پێویستنەکات ئێمە خۆمان بەو هەموو جیاوازی و ناکۆکییەوە لەسەر پێناسە و تایبەتمەندییەکانی فاشیزم هەیە سەرقاڵ بکەین، بۆیە وەک ئەوەی زۆربەی شارەزایان لەسەری کۆکن، ئێمەش بە کورتی تیشک دەخەینە سەر چەند لایەنێکی ئەم دیاردە سیاسییە ئابوورییە.

زاراوەی فاشی (fscis) لە بنەڕەتدا وشەیەکی لاتینییە، ئەم وشـــەیە بە ئیتـــاڵیی (fascio) بە فەڕەنســـای (faiscieu) بە ئەڵمانیـــای (faschis) بەو شـــێوانە دەنووسرێت و دەخوێندرێتەوە، هەرچی سەرچاوە و مانای وشەکە هەیە، ئەوا هێمایەکە بۆ باقەیەک لق و پۆپی درەخت، کە لە کۆندا لە سەردەمی ڕۆمادا وەکو هێمایەک بـــۆ دەســـەڵاتی پادشـــاکان لەپـــێش فەرمـــانڕەوا و دەسەڵاتداراندا دادەنرا، ئەم زاراوەیە زیاتر لە دوای ساڵی (1922)ـــەوە تەشەنەیســـەند و تـــێکەڵ بە فەرهەنگـــی

سیاسیی ئیتاڵیا و جیهان بوو، دواتریش ئەم وشەیە بۆ چەندین بزووتنەوە و پارتی سیاسیی وڵاتانی تر بەکاردەهێنرا، چونکە پەیڕەوییان لە ناوەڕۆکی ئەو سیستم و هزرە فاشیستییانە دەکرد، کە سەرچاوەکەی فاشیزمی ئیتاڵیایی بوو، کە دواتر لە ئەڵمانیا ڕەنگیدایەوە، بۆیە ئەو کاتە و لە ئێستایشدا ئەم زاراوە یان ئەم وشەیە لە فەرهەنگی سیاسیدا وەکو جنێوێکی سیاسی بەکاردێت، دژ بەو کەسانەی کە پەیڕەوی لە بەها و ئاکار و ڕێبازی فاشیزم دەکەن.

دیارە هەڵهێنجانی ئەم زاراوەیە هەروا ڕێککەوت نەبووە، بەڵکو کارکردن بووە بۆ زیندووکردنەوەی گیانی ڕۆمای کۆن، هەروەها دامەزراندنی کۆمەڵگایەک کە بانگەشەی گیانی بڕوابوون بەخۆ تێیدا زاڵبێت، بە دیدی خۆیان دەسەڵاتیش تەنها لە دەستی کۆمەڵێک کەسی بێگەرد و لێهاتوودا بمێنێتەوە، کە بتوانن یەکسانی و دادپەروەری بڕەخسێنن.

هەروەها فاشیست جەختی لەسەر شروڤەیەکی ڕۆحی دەکردەوە بۆ مێژوو، ئەوەشیان ڕەتدەکردەوە شروڤەی مێژوو و گەردوون لەسەر بنچینەی تیۆری بیری ماددی و فەردی بێت، وەک ئەوەی خۆیان باسیان لێوە دەکرد، کاریان بۆ بنیاتنانەوەی نەوەیەکی نوێی ئیتاڵیی دەکردەوە، کە پڕبێت لە بڕوا و ترس لە خوا، کە بتوانێت ژیارێکی نوێی ئیتاڵیی دروست بکات، سەرئەنجام ببێتە ئاوێنەی گیانی ڕۆما و یۆنانی کۆن، هەروەها بنیاتنانی حکومەتێکی نموونەیی لە ڕوانگەی فاشیزمەوە، دەبێت ئەم حکومەتە

لەســــەر بنەمـــــای بایەخـــــدان بە تــــاکی بەکەڵــــک و دوورخستنەوەی تاکی بێکەڵک لە شوێنە جیاجیاکاندا ئەو دەوڵەتە بنیاتبنرێت.

لە چوارچێوەی تێز و بیری فاشیزمدا، هەر لەبارەی دەوڵەتەوە پێیانوایە مەرج نییە حکومەت دیکتاتۆری بێت، بەڵام لە هەمان کاتدا، دەبێت سیستمێکی نەگۆڕ بێت و توند بێت لە فەرمانڕەوایەتیدا، کە بتوانێت هاوسەنگیی لەنێوان هەموو دەسەلاتەکانی دەوڵەتدا ڕابگرێت، بەمەش ئەو ڕاستییە ڕووندەبێتەوە، کە بیری فاشیست هەرچەندە هەڵگری هەندێک بانگەشەی بریقەدار بووە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا گیانی دیکتاتۆریەت تێیدا زاڵ بووە، چونکە لەڕاستیدا بڕوای بە ئیرادەی گشتی یان ئیرادەی گەل نەبووە، ئەمەش ئەو بڕوایەمان لەلا دروست دەکات کە فاشیزم زۆر بڕوای بە دەسەلاتی گەل یان نەتەوە نەبووە، سەرەڕای ئەوەی بەشێکی کەم لە ڕۆڵەکانی وڵات لە دەسەلاتەکاندا جێگا دەکردەوە.

سەبارەت بە سەربەستی و ئازادییەکان دیارە فاشیزم پێیوایە هەمیشە مافێکی ڕەها نییە بۆ تاک، بەڵام دەوڵەت بۆی هەیە بەپێی پێویست هەندێک لەو ئازادیانە بڕەخسێنێت، لەم بوارەدا وتەیەکی دیاری مۆسۆلینی هەیە سەبارەت بە جۆرەکانی ئازادی دەڵێت:

*ئازادی لە کاتی جەنگ دا*

*ئازادی لە کاتی ئاشتیدا*

*ئازادی لە کاتی شۆڕشدا*

*ئازادی لە کاتی ئاساییدا*

*ئازادی لە کاتی حەسانەوەدا*
*ئازادی لە کاتی تەنگانە و کێشەدا*[3].

ئەوەی لە سەرەوەدا هاتووە بەپێی دیدی ڕابەری فاشیزم، لە ئیتاڵیا بۆ ئازادییەکان و هەروەها پۆلێنکردنیان بەو چەشنە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی مرۆڤ لای ئەوان خاوەن ئازادیی ڕەها نییە، بۆ خۆشی خاوەنی ئەو مافە نییە، بەڵکو دەبێت بەپێی ئەو پۆلێنکارییە لەلایەن دەسەڵاتەوە بەو ئەندازەیە پێیببخشرێت، بەمەش تاک لە هەموو ماف و ئازادییەک دادەماڵێت، بەتایبەتیش لە ئازادیی بیروڕا... ئازادی کۆڕوکۆبوونەوە... ئازادیی نووسین و بڵاوکردنەوە، باشترین نموونەش خراپیی چارەنووسی ڕۆژنامەکانی ئیتاڵیا بوو لە سایەی سیستمی فاشیستیدا.

**بنەما ئابوورییەکانی فاشیزم**

هەروەک چۆن فاشیزم کاری بۆ گۆڕینی سیستمی سیاسیی ئامادەکراو دەکرد، ئاوهاش کاری بۆ لادانی سیستمی ئابووری ئامادەکراو دەکرد، ئەمان وەکو سۆسیالیزم و کۆمۆنیست هەوڵیان بۆ ئەوە نەدەدا، کە سەرمایە و خاوەنداریتیی تایبەت نەهێڵێت، لە هەمان کاتدا پێچەوانەی سەرمایەداری و سۆسیالیزم لە ڕووی ئابوورییەوە دەکران. ئامادە دەکران سەرمایە و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان یەکبخەن، لە چوارچێوەی خاوەنداریتیی گشتییدا، کە بێگومان ئەمەشیان زیاتر تیۆرێکی خەیاڵاوی بوو، کە تا ئەندازەیەک دەستەبەرکردنی ئاسان نەبوو، هاوزەمان دژی تاکگەرایی

ڕەهـا و سۆسـیالیزمی ڕەهـا بـوون، کەچـی لە بەرامـبەردا فاشیســـتەکان هـــاوڕابوون لەگەڵ چەنـــدین بیرمەنـــد و فەیلەســـوف لە نمـــوونەی (بێرناردشـــۆ)، کە دەیگـــوت ســـەرمایەداری وردەوردە بەرەو سۆســـیالیزم دەچێـــت، هەروەک چۆن خودی سۆسیالیزمیش جەختیـان لە هەمـان ڕا دەکـردەوە، هەروەهـا فاشـیزم پێیوابـوو سـەرمایەداری سیســـتمێکی ئـــابووریی ســـتەمکارە، کە بەدوای خۆیـــدا کاولکـاریی دەهێنێت، هەروەهـا پێیوابـوو ئەگەر چـارەیەک بـــۆ ئەم سیســـتمە و خراپەکارییەکـــانی دانەنرێـــت، ئەوا چارەنووســـی مرۆڤـــایەتی بەرەو مەترســـی و هەڵـــدێری گەورە دەبـــات، بەکـــورتی ئەمەی ســـەرەوە هەنـــدێک لە تێڕامان و دیدی فاشیزم بوو بۆ کایەی ئابووری[4].

**بنەما ڕامیاری و دەستورییەکانی فاشیزم**

فاشـــــیزم لە جەوهەردا سیســــــتمێکی ئـــــابووری و کۆمەڵایەتی بووە، هەروەها سیستمێکی سیاسیش بووە بۆ ڕێکخستنەوەی کاروبارەکانی دەوڵەت.

لە بنەڕەتـدا شـێوە و ئاڕاسـتەکەی نە پادشـایی بـوو نە کۆمـــاری و نە دیمـــوکراتی و نە هیچـــی تـــیکەش، بەڵکـــو فاشـیزم تەنهـا بـڕوای بە یەک قسـە و یەک سـەرکردە و یەک ڕێڕەوی سیاسی هەبووە، هەمیشە دژی فرەیی بووە لە وڵاتدا، ئەگەرچی تا ئەو کاتەش پادشـا لە ئیتاڵیا بوونی هەبـووە، ئەوەش تەنهـا بـۆ خـۆلادان بـووە، لە هەنـدێک کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە وڵاتدا، یان تەنها وەکو کولتوورێکی مێژوویی لای گەلی ئیتاڵیا وەکو سیمبولێک

تەماشا دەکرا، ئەگینا پاشا هیچ ڕۆڵ و پێگەیەکی نەبوو لە چۆنێتی بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا، تەنانەت پرس و ڕاوێژی پێنەدەکرا.

فاشییەکان بڕوای تەواویان بە تێز و بیروڕاکانی (نیکۆلۆ ماکیاڤیللی) هەبوو، پێیانوابووە مەزنترین و سەرسامترین بیرمەندی سیاسی بووە لە ئیتاڵیا، چونکە دەوڵەت لای فاشیستەکان جێگای بایەخ و جۆریک لە پیرۆزی هەبووە، هەروەها ئەو ئەگەرەیان بە ڕەوا زانیووە کە دەوڵەت بێ گوێدانە بەرژەوەندیی تایبەتی وڵاتانی دیکە، بۆ خۆشگوزەرانی و دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان بۆ گەلی ئیتاڵیا پەنا بباتە بەر شەڕ و پەلاماردانی گەلان و وڵاتانی تری دونیا، هەمیشە جەنگیان بە مەسەلەیەکی سروشتی لەقەڵەمدەدا، لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانیان، دەوڵەتی فاشیستی ئیتاڵیا دەستوورێکی تایبەتی هەبوو، کە لەلایەن سێ دەستەوە بەڕێوەدەبرا و پێکهاتبوون لە:

یەکەم: **ئەنجومەنی باڵای فاشیزم**:

ئەمە بەرزترین دەستەی گشتییە، لەسەر بنەمای یاسای دیسەمبەری ساڵی (1928) دانرابوو، کە بەم شێوەیە پێناسە کراوە (دەستەی باڵا هەڵدەستێت بە یەکخستنی هەموو چالاکییەکانی فاشیزم) ئەم ئەنجومەنە لە هەموو مەسەلەکاندا بیروڕای تایبەتی خۆی هەبووە، دەبووایە ئەم بیروڕایانە لە هەموو بابەتە دەستورییەکاندا بەهەند وەربگیرابایە، بەتایبەتی لە مەسەلەکانی وەرگرتنی پلەی پادشایەتی و پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و کەنیسە و

گشت ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە گۆڕانکاریی سـنوور، هەروەهـا لەکـاتی دیـاریکردنی پـاڵێوراوان بـۆ ئەنجـومەنی نـوێنەران و چەنـدین بـابەتی تـر، پێکهاتەکـانی ئەم ئەنجومەنە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

*ئەندامانی هەمیشەیی یان هەتاهەتایی:** کە بریتیبوون لە ئەنـدامانی لیـژنە چـوار کەسـییەکە، کە سـەرەتا چـوو بوونە سەر ڕۆمای پایتەخت.

*ئەنـدامان بەپێـی وەزیفەکانیـان:** لەوانە سـەرۆکی هەردوو ئەنجـومەنی پیـران و نـوێنەران، وەزیرەکـانی دەرەوە، نـاوخۆ، داد، پەروەردە، کشـتوکاڵ و هاوکـاری، سـەرۆکی ئەکادیمیـای ئیتاڵیـا، سکرتێری پـارتی فاشیسـت و...هتد.

*ئەندامانی نائاسایی:** کە لەلایەن سەرۆکی حکومەتەوە دادەنرێـت بەپێـی فەرمانێـک، ژمـارەی ئەم ئەنـدامانە دیاریکراو نین.

دووەم: **پەرلەمانی ئیتاڵیا**: لە دوو ئەنجومەن پێکهاتبوو:

*ئەنجـومەنی پیـران:** لەلایەن پادشـاوە دیاریـدەکرێن، بەدرێژایـی ژیانیـان لەو ئەنجـومەنە دەمێننەوە، دیـارە بـۆ ئەمەشـیان ڕەچـاوی پێشـنیاری سـەرۆکی حکـومەت دەکرێت، ژمارەیان نزیکەی چوارسەد ئەندام بووە.

*ئەنجـومەنی نـوێنەران:** بەپێـی هەڵبـژاردن، لە ڕێگـای لیسـتی خۆپـاڵاوتنەوە بووە، کە ئەو لیسـتە لەلایەن خـودی ئەنجـومەنی بـاڵای فاشیسـتەوە دیاریـدەکرا، ژمارەیـان بریتیبوون لە (400 ئەندام)، کە نوێنەری سەرجەم چین و توێژەکان تێیدا بەشدار دەبوون.

### سێیەم: پارتی فاشیست:

ئەنجـومەنی بـاڵا بەپێـی لیسـتێکی تـایبەت بڕیـاری ڕێکخستنی دەدا، بەپێی ئەو لیستە پارتی فاشیستی بریتی دەبێـت لە دەسـتەی تێکۆشـان (میلیشـیا) کە سـەرجەمیان خەڵکـی مەدەنـی بـوون و ڕاسـتەوخۆ لەژێـر فەرمـانی مۆسۆلینیدا بوون، هەمیشـە لە خزمەتی حکومەتدا بوون، مەبەست لە بوونی ئەم هێزە پاراستنی شکۆمەندیی گەلی ئیتاڵیا بوو.

دیـارە پـارتی فاشـی هەمـوو شـتێک بـووە، لەنێـو جومگەکـانی دەوڵەتـدا، لە دەرکردنـی هەمـوو فەرمـان و بڕیارێک لە پڕکردنەوەی هەموو پۆست و پلەوپایەیەک، لە سەرپەرشـتیکردنی هەمـوو دامودەزگاکـانی دەوڵەت، دەخالەتی لە هەموو کاروبارەکاندا دەکرد، چونکە جگە لە پارت هیچ کەس و دەزگایەک نەیدەتوانی دەستتێوەردان لە هیچ کارێکی حکومەت و وڵاتدا بکات، تەنانەت ساڵی (1926) جـگە لە پـارتی فاشیسـت هەمـوو پـارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی تری وڵات قەدەغەکران[5].

### جۆرەکانی فاشیزم

ئەگەرچـی فاشـیزم وەکـو دیـاردەیەکی سیاسـی و ئـابووری و کـۆمەڵایەتی و هـزری، سـەرەتا بەم نـاو و تایبەتمەندییانەوە لە وڵاتـی ئیتاڵیـا دەرکەوت، بەڵام وەکو کردار و ڕەفتار، هەڵسوکەوتی فاشیانە لای زۆر نەتەوە و ئایین لە سەردەمە جیاجیاکاندا بوونی هەبووە.

بـۆیە زۆرێـک لە شـارەزایان بە چەنـدین شـێواز و لەچەندین ڕوانگەوە دابەشکارییان بۆ جۆرەکان فاشیزم کردووە، دیارە هەموو پسپۆڕان وەک یەک نارِواننە ئەم بابەتە و یەکـڕا نیـین لە دەستنیشـانکردنی جۆرەکـانی فاشیزم، ئێمە لە هەناوی ئەو فرەبۆچوونیی و جیاوازییەدا لەم بارەوە، تەنها ئاماژە بۆ ئەو پۆلێنکارییە دەکەین کە جۆرەکانی فاشیزم بۆ چوار جۆر دابەشدەکات[6]:

**یەکەم: فاشـیزمی نەتەوەیـی:** لەم جـۆرەدا ڕەگەز و نەتەوە لە سـەرەوەی نەتەوەکـانی تـرەوە دەبینێـت، هاوزەمان نکۆڵی لە بوون و پێگەی بەرامبەر دەکات، بۆیە ئەم جـۆرە لە فاشـیزم لەپێنـاو بەرژەوەنـدی و دەسەڵاتخوازیی نەتەوەیەکی دیاریکراودا کار بۆ سڕینەوە و پەلاماردانی نەتەوەکانی تر دەکات، ئەم جۆرەی فاشیزم بۆ سەر چوار لق دابەشدەکرێت: (فاشیزمی ئەوروپایی، فاشـیزمی نـوێی ئەوروپـایی، فاشـیزمی ڕۆژهەڵاتـی، فاشیزمی ڕۆژهەڵاتیی نوێ).

**دووەم: فاشیزمی ئایینی:** ئەم فاشیزمە لەسەر بنەمای قبوڵکردنی یەک ئایینی دادەمەزرێت و تەواوی ئایینەکانی تر ڕەتدەکاتەوە، پێوایە ئایینەکانی تر نادروست و پڕ لە هەڵە و لادان و کەموکـوڕی بـوون و نابێـت مـرۆڤ ملکەچیان بێت، تەنانەت لەڕووی تیۆری و پراکتیکیشەوە دژایەتی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی هەموو ئایینەکانی تر دەکات، زۆرجاریش لەنێو خودی هەمان ئاییندا چەندین ڕێبـاوەڕ و ڕەوتـی نـاکۆک و جیـاواز سـەرهەڵدەدەن و بەشێوازێکی فاشیانە کار بۆ سڕینەوە و لەناوبردنی یەکتر

دەدەن، وەک نـــــاکۆکی ســـــەدەکانی پێشـــــوو لەنێـــــو ڕێباوەڕەکانی ئایینی مەسیحی و هەروەها لەئێستادا وەک چــۆن لەنێــوان هەردوو ڕێبــاوەڕی ئیســلامی شــیعە و سوننەدا هەیە.

**سێیەم: فاشیزمی پیاو:** ئەم جۆرە لە فاشیزم بریتییە لە ڕەفتــار و کــرداره توونــدەکانی پیــاو لە بەرامــبەر ژن و پێشێلکردنی ماف و داخوازییەکانی، هەروەها پیاو خۆی بە بەرزتر و باشتر و بەتواناتر دەزانێت، هیچ حسابێکی ئەوتۆ بۆ ڕەگەزی مێینە ناکات، بگرە بەچاوی سوکەوە تەماشــای دەکــات، هەر بــۆیە زۆرجــار پەنــا دەبــاتە بەر توندوتیژی لە دژی ژن.

**چــوارەم: فاشــیزمی سێکســی**: ئەم جـۆرە لە فاشــیزم بریتییە لەو فاشیزمەی کە دان بە ئارەزووە سێکسییەکانی بەرامبەردا نانێت، بگرە دەکەوێتە دژایەتی و سزادانی ئەو کەسانەی کە هەڵگری ئەو جۆرە ئارەزووانەن، نموونەی دژایەتیکـــردن و ســـزادانی کەســـانی هۆمۆسێکســـوێل (مەبەســت لەو کەســانەیە کە ئارەزوویــان لە ڕەگەزەکەی خۆیان هەیە، وەکو ژن و ژن یان پیاو و پیاو).

ســەرەڕای ئەم دابەشــکارییە بــۆ جۆرەکــانی فاشــیزم، دەکرێت هەڵوێســتەیەکی لەســەر بکەیــن، چــونکە جــگە لە جۆرەکــانی یەکەم و دووەم، دوو جــۆرەکەی تــر جێگــای قسەوباســـن، لەبەرئەوەی ئەم جـــۆرە لە تونـــدوتیژی و ڕەتکــردنەوەی بەرامــبەر زیــاتر لە ئاســتی تاکــدایە، وەک دەزانرێت هیچ هەوڵێکی هاوبەش و ڕێکخراو لەم بارەوە نییە، بۆیە ئەم جۆرە فاشیزمە لەسەر ئاستی تاکە و زیاتر

کولتــووری ســـوونەتگەرایی و نادروســـتی لە دۆخـــی دەورونی و زەهنیدا ڕۆڵ دەگێڕێت، نەک کاری ڕێکخراو و دەستەجەمعی.

### فاشیزم و دەوڵەت

یەکێـک لەو بابەتـانەی کە لای فاشیسـتەکان جێگـای بایەخە، بابەتی دەوڵەت و فۆرم و پێکهاتەکەیەتی، چونکە فاشیزم زیاد لە پێویست گرنگی و بایەخی ڕەها بە بوونی دەوڵەتێکـی بەهێـز دەدات، پێیـوایە دەوڵەتێکـی بەهێـز و تۆتالیتـــار ئـــامڕاز و پێداویســـتییەکی هەرە مەزنە بـــۆ پاراستنی وڵات و بەرژەوەندییەکانی فاشیزم و بنیاتنانی دەوڵەتێکی گەورەی خاوەن هێز و بڕیار.

لەم بارەوە فاشییەکان پێیانوابوو دەوڵەت بە دوور لە ئایـدیای گردبـوونەوەی نێـوان تاکەکەسـەکان دروسـت دەبێت و یەکەیەکی تایبەتییە و ژیان و بوونی خۆی هەیە، هاوکـات ئامانجەکانیشـی دوورە لە مەبەسـت و ئامـانجی تاکەکەسان(7) فاشیزم کار بۆ ئەوە دەکات هەمیشە تاک دەســـتبەرداری بەرژەوەنـــدییەکانی بێـــت لەپێنـــاو بەرژەوەندییە گشتییەکانی دەوڵەت، بەمەش زۆر جار تاک ڕۆڵـــی ئامڕازێـــک دەبینێـــت بـــۆ خزمەتکردنـــی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت، ئەمەش ڕێک پێچەوانەی بەها و نرخـی تـاکەوەیە، دیـارە زۆربەی هەرە زۆری ئایـدیا و فەلسـەفەکانی تـری دەوڵەتـداری زۆر بە پـێچەوانەی ئەم دیـدەوەن، چـونکە بەشـێکی زۆریـان تـاک بە میحـوەری

سـەرەکی هەڵسـوڕاندنی دەوڵەت و ژیـانی مرۆڤـایەتی دەزانن و بە بایەخەوە دەڕواننە گرنگیی تاک.

ڕوونە خـودی مۆسـۆلینی و تەنـانەت کەسـانی وەکـو (جـانتێلی و بریمـۆد) و چەنـدانی تـر، ئەو ڕاسـتییەیان نەدەشـاردەوە کە ئەوان هەمیشـە ئـارەزووی دەوڵەتیکـی تۆتالیتـاری سـەرەڕۆ دەکەن، هەروەهـا پێیـانوابووە نابێت هیچ سنووریک بۆ دەسـەڵاتەکانی دەوڵەت دابنرێت، بگرە پێیـانوابوو دەوڵەتە پەرلەمـانییە لیبرالییەکـان، بەرپرسـی سەرەکی ئاڵۆزییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانن، هەروەهـا هۆکارن بۆ نەکردنەوەی گرێ کوێرەکان[8].

هەربۆیە یەکیک لە بیرمەندانی بیری فاشیزم بەناوی (ئالفرید روکگۆ) لەمەڕ بایەخی دەوڵەت دەبێژێت: دەوڵەتی بەهێزتـر واتە ژیـانی باشـتر و دەوڵەمەنـدیی زۆرتـر بـۆ دانیشـتوان[9] کەواتە بەڕوونـی دەوڵەت لای فاشیسـتەکان ئامانج بووە، بە دیدی ئەوان بنیاتنانی دەوڵەتی بەهێز بە مانای خۆشگوزەرانی و بەختەوەری دێت بۆ هاووڵاتیان، ئاشکرایە ڕوانگەی ئەوان بۆ دەوڵەت چووەتە چوارچێوەی پیرۆزڕاگرتنی دەوڵەتەوە.

لەمەڕ بـایەخی دەوڵەت لای فاشیسـتەکان، ئەو وتەیەی مۆسـۆلینی زۆر ڕوونە، کە دەڵێـت (ئەوەی بە قەیـران ناودەبرێـت، تەنهـا و تەنهـا لەنـاو دەوڵەت و بە دەوڵەت چارەسـەر دەبێـت)[10]، هەر لە چوارچێـوەی سـەرنج و بۆچوونەکانی مۆسـۆلینیدا هـاتووە (لەبەریەوەی لیبڕالیـزم بە مانـای تـاک دێـت، فاشـیزمیش بە مانـای دەوڵەت دێـت)[11]، ئەم دیـدەی ڕابەری گەورەی فاشـییەکان، تەواو

ئەو بۆچونانەی سەرەوەمان بۆ دەچەسپێنێت، کە دەوڵەت لای ئەمان بەردی بناغەیە و هەموو بابەتەکان لە پێگە و بایەخ و ئەرک و بەهێزی دەوڵەتدا کۆدەکەنەوە، بە واتای ئەوەی دەبێت تاک ملکەچی دەوڵەت بێت، چونکە لای ئەوان هەموو شتێک بۆ دەوڵەتە و هەموو شتێکیش لە ڕێگای دەوڵەتەوە دەبێت، فاشیستەکان دەوڵەت لەسەرووی هەموو دام ودەزگاکانی ترەوە دەبینن، هەروەها فاشیزم بڕوای بەجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت نییە، ئەوان یەکێتیی دەوڵەت وادەبینن یەک دەسەڵاتی ڕەهایە و پێویستی بە هیچ دەزگایەکی تر نییە بۆ هاوبەشیکردنی لە بڕیاردان و بەڕێوەبردنی وڵاتدا.

**فاشیزم و فرەحزبی**

دیاردەی پارتایەتی لای فاشیستەکان، بابەتێکی نەخوازراو بووە، ئەوان بۆ بنیاتنانی دەوڵەتێکی دیکتاتۆری و تۆتالیتاری خۆسەپێن، هیچ کات بڕوایان بە فرەحزبی نەبووە، چونکە ئەم حاڵەتەیان بە بەربەست دەزانی لەبەردەم گەیشتن بە ئامانجەکانیان، فاشیستەکان بڕوایان بە ژیانی سیاسی تاکە حزب و تاکە سەرکردە هەبووە، لەبەرئەوەی ئەمەیان بە ئامڕاز و کەرەستەیەک دەزانی بۆ بنیاتنانی دەوڵەتێکی تۆتالیتاری یەکگرتووی بەهێز، ئەمەش لەپێناوی گێڕانەوەی شکۆ و پێگەی مێژوویی بۆ ئیتالیا.

لەسەر دەستی فاشیستەکان ئیتاڵیا بووە خاوەنی یەک پارتی سیاسی و یەک سەرکردە و یەک دەوڵەتی

یەکگرتـــووی بەهێــزی خۆســـەپێنی تۆتالیتـــار، هەر بـــۆیە (ڕۆبەرت مـــــاکیڤەر) لەبـــــارەی فاشـــــیزمەوە دەڵێـــــت "دیکتاتۆرییەتێکی شەخسییە، خەسڵەتە شەخسییە ڕوون و ئاشـکراکەی، ئەم هـزرەی لە هەر فەلسـەفەیەکی پۆزەتیڤی ڕوون بـۆ جیهـان خـاڵی کـردۆتەوە"[12]. ئەمە بۆچـوونی زۆرێـــک لەو شـــارەزایانەیە کە لەبـــارەی فاشـــیزمەوە نوســـیوویانە، چـــونکە پێیـــانوابووە فاشـــیزم جـــگە لە دیکتاتۆریەت و خۆسەپاندن و جەوروستەم خاوەنی هیچ فەلسـەفە و ئایـدیایەکی بەسـود و بەنـرخ نەبـووە بـۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی.

خـــودی مۆســـۆلینی لە ســـاڵی(1924)ســـەبارەت بەڕێبـاوەڕی فاشیسـت دەنووسـێت "ئـێمەی فاشیسـتەکان ئـازایەتیی ئەوەمـان تێـدایە کە هەمـوو تیـۆرە سیاسـییە باوەکـــان ڕەتبکەیـــنەوە، ئـــێمە خۆمـــا ئەریســـتۆکرات و دیموکرات، شۆڕشگێڕ و کۆنزەرڤاتیڤ، پرۆلیتاریـا و دژە پرۆلیتاریـا، ئاشـتیخواز و دژە ئاشـتیین"[13]، ئەم ووتەیەی ڕابەری فاشیزم ئاماژەیەکە بۆ بوونی عەقڵیەتی شمولی و پاوانخوازی و خۆ بەهەمـوو شـتێک زانین، ڕەتکردنەوەی هەر ڕێباوەڕێکی سیاسی و ڕێکخراوەیی، وەک لەو دەقەی سـەرەوەدا هـاتووە، فاشـیزم خـۆی بەئەڵتەرنـاتیڤی هەمـوو ئایـدیا و قوتابخـانە سیاسـییەکانی تـر زانیـووە، کەواتە بـۆ هـیچ گروپێکـی تـر نەبـووە لەژێـر هەر نـاو و ئەدرەسـێکدا هێـز و بـوونی خـۆی لەسـایەی دەوڵەتێکـی فاشیسـتیدا دەربخات.

وەک شـارەزایان ئاماژەی بۆ دەکەن فاشـیزم هەمیشـە بـاوەڕی بەتـاکە حـزب و بە تـاکە سـەرکردە هەبـووە، بەردەوام هێرشـیان دەکـردە سـەر فـرە سـەرکردەیی و فرەحزبیـی لەنێـو دەوڵەتـدا، لە ڕووی سیاسـییەوە فاشیستەکان ماکیاڤیلییـان بە مەزنتـرین بیرمەنـدی ئیتـاڵی دەزانـی لە چەرخـی نوێـدا، چـونکە ئەم بیرمەنـدە یەکەم کەسی ئیتاڵی بووە بانگەشەی بۆ یەکێتیی نەتەوەیی ئیتاڵی کردووە[14]، کەواتە فاشیستەکان هەموو جۆرە فرەییەکی سیاسی و حزبی و ڕێبەرایەتیکردنیان ڕەتدەکردەوە.

**بنەما و ئامانجە گشتییەکانی فاشیزم**

فاشـیزم وەک هەر ئایـدیا و بەرنـامەیەکی سیاسـی خـاوەنی کۆمەڵێـک ئامـانجی تـایبەتە، بەشـێک لەکـاتی وەرگرتنـی دەسـەڵات دا کـار بـۆ جـێ بەجێکردنـی ئەو ئامانجـانە دەکـات، وەک ئەوەی لە وڵاتـی ئیتاڵیـا ڕوویـدا، کاتێک مۆسۆلینی دەسەڵاتی گرتە دەست وەک ئەرکێکی سەرەکی، دەستیدایە جێبەجێکردنی ئامانجەکانی فاشیزم لەو وڵاتە، دیـارە ئامانجەکـانی فاشـیزم لە وڵاتـێکەوە بـۆ وڵاتێکی تر چوونیەک نییە، بۆیە بە گرنگی دەزانم ئاماژە بـۆ بەشـێک لەو ئامـانجە هەرە سـەرەکییەکانی فاشـیزم بکەم، کە ئەمە بۆ خۆی دەبێتە دەروازەیەک بۆ ناسـینی جەوهەری فاشیزم.

هەندێک لە توێژەر و شارەزایان ئامانجەکانی فاشیزم لەم سێ خاڵەی خوارەوەدا کۆدەکەنەوە[15]:

**یەکەم**: بنیاتنانی دەوڵەتێکی بەهێز لە ئیتاڵیا و گێڕانەوەی سەروەری و شانازییەکانی ڕابردوو.
**دووەم**: وەستانەوە لە دژی کۆمۆنیزم.
**سێیەم**: دەستگرتن بەسەر دەریای ناوەڕاست وەکو جێی بەرژەوەندیی ئیتاڵیا.

***پێموایە جگە لەم ئامانج و بەرنامانەی سەرەوە، فاشیزم چەندین ئامانجی تری هەبووە وەک:***

**یەکەم**: چەسپاندنی دەسەڵاتی تۆتالیتاریی.
**دووەم**: چەسپاندنی دەسەڵاتی تاکە سەرکردە و تاکە ڕابەر.
**سێیەم**: ڕەتکردنەوەی فرەیی سیاسی و حزبی.
**چوارەم**: قەدەغەکردنی ڕۆژنامەگەریی ئازاد و بیروڕای ئازاد.
**پێنجەم**: ڕەتکردنەوەی ئاشتی و بڕوابوون بە پەلاماری سەربازی و داگیرکاری.
**شەشەم**: ڕەتکردنەوەی سەرجەم فەلسەفە و ئایدیا و ڕێبازە سیاسییەکانی تر.
**حەوتەم**: بنیاتنانی ئیمپراتۆریەت، ئەمەشیان لە ڕێگای پەلاماردانی سەربازییەوە بۆ سەر وڵاتانی تر.
**هەشتەم**: گێڕانەوەی سەروەری و شانازییەکانی ڕابردووی نەتەوەیی.
**نۆیەم**: ئەرکی سەرەکیی تاک خزمەتکردنی دەوڵەتە.

## فاشیزم لە ئەڵمانیا

ئەڵمانیا وڵاتێکی گرنگ و کاریگەری دونیا و ئەوروپایە، بۆیە مێژووی ئەم وڵاتە پڕ لە ڕووداوی گرنگ، لە گرنگترین ئەو ڕووداوانەش کە لەم وڵاتە ڕوویانداوە، دەرکەوتنی بیری فاشیزمە، ئاشکرایە بیری فاشیزم لە ئەڵمانیا لەژێر ناوی نازیزمدا دەرکەوت، دیارە خاڵی هاوبەش و جیاوازی لەنێوان فاشیزم لە ئیتاڵیا و نازیزم لە ئەڵمانیا هەبوون، ئەگەرچی لە جەوهەردا چوون یەکبوون.

ئێمە بۆ ئەوەی زیاتر لە نازیزمی بارگاوی بە فاشیزم لە ئەڵمانیادا بزانین، دەکرێت لە چەند وێستگە و دەروازەیەکەوە بچینە ژوورەوە، وەک ناسینی دۆخی ئەڵمانیا لەو سەردەم و هەروەها کەسایەتیی هیتلەر و خەسڵەت و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی نازیزم، سەرئەنجام دەمانگەیەنێت بە کۆمەڵێک ڕاستی و سەرەداوی جەوهەری بۆ ناسینی ئەم دیاردەیە لە مێژووی ئەڵمانیادا.

## هیتلەر کێ بوو؟

هیتلەر لە ساڵی 1889 لە خانەوادەیەکی هەژار لەدایکبوو، باوکی فەرمانبەری گومرگ بووە، هیتلەر لە تەمەنی سیازدە ساڵیدا دەبێت، باوکی کۆچی دوایی دەکات، کاتێکیش تەمەنی دەگاتە پازدە ساڵیی خودی دایکیشی کۆچی دوایی دەکات، دواتر لەپێناو بژێوییدا گەشت دەکات بۆ شاری ڤییەنای پایتەختی وڵاتی نەمسا، سەرەتا ناوبراو ئارەزووی دەکرد ببێتە هونەرمەند لە

بواری وێنەکێشاندا، بەڵام ئەم ئاواتەی نایاتەدی، لەلایەن ئەکادیمیای وێنەکێشانەوە داواکەی ڕەتدەکرێتەوە، ناچار پەنا دەباتە بەر خوێندنی ئەندازیاریی بیناسازی، سەرئەنجام بەهۆی دەستکورتییەوە ناتوانێت درێژە بە خوێندن بدات. بۆیە دەگەڕێتەوە شاری (میونیخ)ی پایتەختی هەرێمی باڤاریا، لەوێ پارتی (کاری سۆسیالیستیی نیشتیمانی) دادەمەزرێنێت، هەرزوو بەشێک لە لاوانی ئەڵمانیا پەیوەندی دەکەن بەم پارتەوە، کە دواتر بووە پارتی نازی.

لە ساڵی (1920) هیتلەر بەرنامەیەکی بیستوپێنج خاڵیی بۆ حزبەکەی دادەڕێژێت، هەروەها خاچی چەماوە دەکاتە دروشمی حزبەکەی، پاشان لە ساڵی (1923) هەوڵی کودەتایەکی شکستخواردوو دەدات، بەم هۆیەوە دەستگیردەکرێت بۆ ماوەی سیازدە مانگ زیندانی دەکرێت، هەر لە زیندانەوە کتێبە ناودارەکەی (خەباتی من) دەنووسێت.

دوای ئازادبوونی لە زیندان بەسەرکەوتوویی تا ساڵی (1933) درێژە بە کاری سیاسی دەدات، بەمەش ناوبانگی زیاتر پەیدادەکات لە وڵاتی ئەڵمانیا، بەتایبەتی لەنێو لاوانی ئەو وڵاتەدا دەبێت سیمبولێکی دیار لە دەوری کۆدەبنەوە.

لە ساڵی (1933) هەڵبژاردنی گشتی لە وڵات بەڕێوەدەچێت، تێیدا پارتەکەی هیتلەر بەشداریی دەکات و زۆرینەی دەنگەکان بەدەستدەهێنێت، بەمەش وەکو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دیاریدەکرێت، تا کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم سەرۆکایەتی ئەڵمانیا دەکات، لە

بەرئەنجامی ئەو شەڕەدا و لە ساڵی (1945) ئەڵمانیا دووچاری شکستێکی گەورە دەبێتەوە، ئەمەش وا لە هیتلەر دەکات لە (8ی ئایار 1945) خۆی بکوژێت و کۆتای بە ژیانی بهێنێت[16].

**بیری نازیزم**

ئاشکرایە خودی هیتلەر لەژێر کاریگەریی ئامانجەکانی فاشیزمدا بووە، بەڵام هەر زوو بۆ خۆی بووە خاوەنی هەندێک بیروبۆچوونی تایبەت و جیاواز، لە بنەما هزرییەکانی فاشیزم، یەکەم بنەما کە ئەو بڕوای تەواوی پێیبوو دەبێت هەموومان لە خزمەتی دەوڵەتدا بین، بەم بۆچوونەش زیاتر لەژێر کاریگەریی بیروبۆچونەکانی (هیگڵ و بسمارک)دا بووە.

نازیزم هەر لەسەرەتاوە بانگەشەی بۆ بنیاتنانی دەوڵەتێکی دیکتاتۆری بەهێز دەکرد، کە دەبێت هەموو تاکەکان و ڕێکخراوەکان بکەونەوە ژێر هەژموونییەوە، بە ڕێبەرایەتی تەنها ڕابەرێکی مەزن، هەروەها داوای دەکرد هەموو ڕێککەوتنامەکان ئاشتی هەڵبووەشێنەوە، هەموو موستعەمەراتەکان بگەڕێنەوە ژێر دەسەڵاتی ئەڵمانیای نازیی، پاشان هەموو مافێکی جوولەکەکان هەڵبوەشێننەوە و سوپایەکی نیشتمانی دروستبکرێت، نازیزم بڕوای بەوە هەبوو دەبێت دەوڵەت دەستوەربداتە ژیانی ئابووری و دانانی پلانی پێویست لەو بوارەدا و دۆزینەوەی کار و سەرکوتکردنی هەموو جۆرە ناڕەزاییەک، سەرەڕای ئەوەی بڕوای وابوو موڵکدارێتی لەدەست تاکدا بێت، بەڵام

بەو مەرجەی دەوڵەت مافی دەستێوەردان و بەکارهێنانی تێدا هەبێت و سوود لە قازانجەکانی وەربگرێت.

سەرجەمی بیروباوەڕی نازیزم لە کتێبە بەناوبانگەکەی هیتلەر (خەباتی من)دا هاتبوو، کە لەنێوان سالآنی (1923- 1924) نووسیبوو، کە دواتر ئەم کتێبە چاپ و بڵاوکرایەوە، یەکێک لە ئامانجە هەرە دیارەکانی نازیزم بە مەزن پیشاندانی هۆزە (جەرمەنییە) کۆنەکانی ئەو وڵاتە بووە، هەروەها بەرزڕاگرتنی داستان و ئەفسانە و جەنگی خواکان بووە، نازیەت بڕوای وابووە ئایینی مەسیحی لاواز بووە، لەم بۆچوونانەشدا تەواو هاوشێوەی فاشیزم بوون.

لە دروشمە دیارەکانی هیتلەر بریتیبوون لە ئەڵمانیا لەسەرووی هەموویانەوەیە، بەو پێیەی ڕەگەزی ئاریی ئەڵمانی لەسەرووی هەموو ڕەگەزەکانی تری مرۆڤایەتییەوەیە، بەوپێیەی ئەڵمانیا خاوەن ڕۆڵێکی گەورەیە لە دروستکردنی شارستانیەت لە جیهاندا، بۆیە مافی ئەوەی هەیە فەرمانڕەوایەتیی ڕەگەزە لاوازەکانی تر بکات، یان لەناویانببات.

ڕەگەز و خوێن کە لای نازیزم جێگای بایەخ بوو، هۆکاری سەرەکی بوو بۆ ئەوەی بانگەشەی ئەوە بکەن، ڕەگەز ئەڵمانی و ئارییەکان لە هەر کوێیەک بن دەبێت لایەنگریی خۆیان بۆ ئەڵمانیا ڕابگەیەنن، لەگەڵ ئەوەشدا بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد پێویستە هەموو ناوچەکانی ئەوروپا یەکبگرن، کە بەڕەگەز ئەڵمانین.

هەموو ئەم دید و تێڕوانین و ئامانجانە وای لە نازیزم کرد، هیتلەر هەموو ئەو کەسە سیاسی و کارگێڕییانە لە دەسەڵات دوور بخاتەوە کە لە بنەچەدا سەر بە ڕەگەزی ئاریی نیین، تەنانەت ژن و ژنخوازی و تێکەڵبوونیش لەنێوان ڕەگەزی ئاریی و ڕەگەزەکانی تر قەدەغە کرد، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا زۆر بە توندیی دژ بە جولەکە وەستانەوە و بڕوایان وابوو، ئەوان هۆکاری سەرەکیی دۆڕانی ئەڵمانیا بوون، لە شەڕی جیهانیدا هیتلەر بە هەموو شێوەیەک ئاشتی جیهانی ڕەتدەکردەوە، بڕوای تەواوی بە جەنگ و هێز و توندوتیژی هەبوو، بڕوای بە جەنگ هەبوو وەکو درووشمێکی سەرەکی بۆ ئەڵمانیا.

دەبێت ئەوەشمان لەبیرنەچێت هیتلەر بڕوای بە تێزەکانی (فیختە) و (هیگڵ) هەبوو لەمەڕ دەوڵەت، کە ئەوان بایەخی زیاتریان بە چەمک و پێگە و ئەرکەکانی دەوڵەت دەدا، هەروەها نازیەت هاوشێوەی فاشیزم بە توندی دژی ئامانج و پرەنسیپەکانی دیموکراسیەت و سەروەریی پەرلەمان و فرەیی سیاسی و حزبی وەستایەوە، باوەڕیان تەنها بە یەک پارت هەبوو، کە بژاردەی ئەڵمانییەکان لە دەوری کۆبوونەوە، هاوزەمان هەموو جۆرە ڕەخنە و بەرهەڵستکارییەکیان دژ بە دەسەڵات ڕەتدەکردەوە، بڕوایان بەوە هەبوو، کە تەواوی دەسەڵات لە دەست کەسێکی دیکتاتۆردا بمێنێتەوە.

پەروەردە و فێرکردن بایەخێکی زۆری لای نازیزم هەبوو، هەمیشە جەختیان لە فێرکردن و پەروەردە و ڕۆشنبیریی ڕەگەزپەرستی دەکردەوە، بە پێویستیان

دەزانی ئەم جۆرە ڕۆشنبیرییە لە ناخی گەنجانی ئەڵمانیادا بچەسپێت، نابێت خوێندکاری وڵات لە قوتابخانە دەربچێت تاکو هەموو شتێکی پێویست لەسەر پاکژی ڕەگەزی ئاری نەزانێت و پارێزگاری لێبکرێت[17].

دوای ئەوەی هیتلەر وەکو سەرۆک وەزیرانی ئەڵمانیا دەستبەکار بوو، هەموو هەوڵەکانی بەگەڕ دەخات بە ئامانجی چەسپاندنی هەموو بیر و ئامانجەکانی نازیزم، لەنێوان گەنجان و لاوانی ئەو وڵاتەدا، توانی بەشێکی زۆریان بکاتە جۆرێک لە سەرباز بۆ خزمەتکردنی دەوڵەت، جیا لەمەش هەوڵی زۆریدا بۆ دانانی پلانی ئابووری بۆ بەرژەوەندی گەورە پیشەسازان، سەرەڕای بایەخی زۆر و زەوەند بە کەرتی سەربازی، کە بەرئەنجام بووە مایەی هەڵگیساندنی جەنگی جیهانی دووەم، هەر ئەم جەنگە جیهانییەش سەرئەنجام سەری نازیزمی خوارد و کۆتایی بەم ڕژێمە تۆتالیتارە ڕەگەزپەرستە هێنا.

**بنەما و خەسڵەتەکانی نازیزم**

وەک زۆرێک لە ئایدیا و فەلسەفە سیاسییەکانی تر، نازیزم خاوەنی کۆمەڵێک خەسڵەت و ئامانج و تایبەتمەندیی خۆیەتی، دەکرێت ئێمە بەکورتی ئاماژە بۆ هەندێکیان بکەین:

یەکەم: بنیاتنانی دەوڵەتێکی سەربازیی دیکتاتۆری بەهێز.

دووەم: پەیڕەوکردنی سیاسەتی ڕەگەزپەرستی.

سێیەم: ڕەتکردنەوەی ئاشتیی جیهانی.

چوارەم: قڕکردنی جولەکە.

پێنجەم: ڕەتکردنەوەی هەموو جۆرە ئازادییەکان.
شەشەم: دەستگرتن بەسەر ئابووریی وڵاتدا.
حەوتەم: بڕوابوون بە تاکە سەرکردە و تاکە حزب.
هەشتەم: پەلاماردانی وڵاتانی تر و فراوانکردنی سنوور و دەسەڵات.
نۆیەم: بەرزڕاگرتنی ڕەگەزی ئاری لەسەر حسابی ڕەگەزەکانی تر.

**خاڵە هاوبەشەکانی نێوان فاشیزم و نازیزم**

ئێمە سەرەتا ئاماژەمان بۆ ئەو ڕاستییە کرد، فاشیزم و نازیزم تا ئەندازەیەک تەواوکەری یەکترن، بەڵام وەک چۆن خاڵی هاوبەش هەیە لەنێوانیاندا ئاوهاش خاڵی جیاواز لەنێوان هەردوولایاندا هەیە، ئێستا هەوڵدەدەین ئاماژە بۆ خاڵە هاوبەشەکانیان بکەین، کە بەزۆری خۆی لەم خەسڵەت و تایبەتمەندی و ئامانجە هاوبەشانەدا دەبینێتەوە[18]:

یەکەم: بەیەک ئاڕاستە بەرهەڵستکاری تەواوی چەپ و ڕاست و ناوەندی سیاسی دەکەن.
دووەم: چەسپاندنی دەسەڵاتێکی شمولیی توندڕەو.
سێیەم: هەژموونی دەوڵەت بەسەر ئابووریدا.
چوارەم: پەیڕەوکردن لە فەلسەفە و ڕۆشنبیرییەکی ناعەقڵانی.
پێنجەم: بڕوابوونی ئەرێنی بە توندوتیژی.
شەشەم: بڕوابوونی تەواو بە شەڕ و فراوانبوون و پەلاماردان.

حەوتەم: دروستکردنی سوپایەکی حزبیی میلیشیایی.
هەشتەم: بڕوابوون بە چەمکی ڕێبەرایەتی و کاریزمایی.
نۆیەم: زێدەڕەویی لە بایەخدان بە نەتەوە.
دەیەم: بایەخدان بە ئایین.
یازدەیەم: ڕێبەرایەتیی ڕەها.
دوازدەیەم: دژایەتیکردنی کۆمۆنیزم.

ئەمەی سەرەوە بەشێک لەو خاڵە هاوبەشانەیە لەنێوان هەردوو بیری فاشیزم و نازیزمدا، دیارە خاڵی هاوبەشی تریش هەیە، بەڵام ئێمە تەنها ئاماژەمان بۆ خەسڵەت و لایەنە هاوبەشە گرنگ و سەرەکییەکان کردووە.

**خاڵە جیاوازەکانی نێوان فاشیزم و نازیزم**

لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ خاڵە هاوبەشەکان کرد، ئێستا کاتی ئەوەیە بە کورتی ئاماژە بۆ خاڵە جیاوازەکانی نێوان فاشیزم و نازیزم بکەین، چونکە پێموایە سەرەڕای ئەو هاوبەشییە، ژمارەیەک خاڵی جیاوازیش لەنێوان هەردوو دەسەڵاتدا هەیە:

**یەکەم:** ڕژێمی فاشیستی لە ئیتاڵیا لە هەندێک ڕووەوە میانڕەوتر بووە، بۆ نموونە تاکو جەنگی جیهانیی دووەم تەنها نۆ کەسی لەسەر بیروڕای سیاسی لەسێدارەدا، کەچی ڕژێمی نازی لە ئەڵمانیا خاوەنی دەسەڵاتێکی زیاتر توندڕەو بووە لە هەموو بوارەکاندا.

**دووەم:** فاشیزم لە ئیتاڵیا کەمتر بڕوای بە ڕەگەزپەستی هەبووە، دژایەتی ڕەگەزەکانی تری نەدەکرد، بەڵام نازیزم بڕوای تەواوی بە ڕەگەزپەرستی هەبوو،

دژایەتـــی هەمـــوو ڕەگەزەکـــانی تـــری دەکـــرد، بەتـــایبەتی جولەکە[19].

**سێیەم:** سـەبارەت بە پـێگەی دەوڵەت، فاشـیزم پێـوایە دەوڵەت ئامـــانجە نەک ئـــامراز، بەڵام لای نـــازیزم دەوڵەت ئامرازە نەک ئامانج.

**چوارەم:** فاشـیزم کـاری بـۆ گێـڕانەوەی سـەروەری و شـانازی ڕابـردووی ڕۆمـا دەکـرد، تێدەکۆشـا بـۆ بنیاتنـانی ئیمپراتۆریەت، هاوکات نازیزم تێدەکۆشا بۆ دروسـتکردنی دەوڵەتێکی ئیمپریالّی بەهێز.

گومـــان لەوەدا نیـــیە جیـــاوازیی تـــریش بوونیـــان هەیە لەنێوان فاشیزم و نازیزمدا، بەڵام بە باشمانزانی ئاماژە بۆ ئەو چـــوار خـــاڵەی ســـەرەوە بکەیـــن، ئەگەرچـــی تاچەنـــد جیـــاوازییش زۆر بێـــت بەو مانـــایە نایـــات ئەم دوو هـــزرە سیاسییە کۆمەڵایەتییە لەیەکتـر جودابن، ڕەنگە زیـاتر ئەو جیاوازییانە بۆ دۆخـی ئـابووری و نەتەوەیـی و سیاسـی و کـۆمەڵایەتی و هـــزری هەردوو وڵات بگەڕێـــتەوە، نەک بـــۆ بنەما و ئامانجە سەرەکییەکانی فاشیزم.

**فاشیزم لە وڵاتانی تر**

ئێمە دەزانین جگە لە ئیتاڵیا و ئەڵمانیا، لەچەند وڵاتێکی تری ئەوروپا جوڵانەوەی فاشیزم بوونی هەبوو، بەڵام بە فـــۆرم و قەبـــارەی جیاجیـــاوە، بـــۆ نمـــوونە ئیســـپانیای ســـــــەردەمی (فرانکـــــۆ) بە شـــــێوەیەک لە شـــــێوەکان دامودەزگاکانی فاشیستیی هاوشێوە لە ئیتاڵیا بوو، پاشـان لە وڵاتـــی پورتوگـــالیش لە ســـەردەمی (سالازار)یشـــدا بە

شــێوەیەک لە شــێوەکان دەوڵەت مــۆرکێکی فاشــیانەی بەخۆوەگرتبوو، ئەگەرچی لە چەندین ڕووەوە لە ئیسپانیا جیاوازتر بووە.

یەکێکــی تــر لەو ڕژێمــانەی کە تەواو فاشــییانە بــوو، کۆمـاری تورکیـای سـەردەمی (کەمـال ئەتـاتۆرک) بـوو، بە شێوەیەکی دڕندانە بەگژی کورددا دەچووەوە، سیسـتمێکی دیکتــاتۆریی فاشــیانەی دامەزرانــد، ئــایین و ئاینزاکــانی قەدەغە کــرد، زمــان و مــاف و ئازادییەکــانی کــوردی پێشێلکرد، هیچ نوزەیەکی بۆ ئـازادی و بیروڕای سیاسـیی جیاواز نەهێشتەوە.

لە وڵاتــی فەڕەنســاش لە کۆتــایی ســییەکانی ســەدەی ڕابردوودا، جۆرێک لە بیری فاشیزم سـەریهەڵدا بەتـایبەتی لەنێــو ڕۆشــنبیراندا، بەدیــاریکراویش لەنێــو دەرچــووانی خانەی مامۆستایاندا، کە پارتی گەلی فەڕەنسا ڕێبەرایەتیی دەکرد، جیـا لەم ڕەوتەش چەنـدین ڕەوتـی تـری فاشیسـتی بە قەبارەی بچووکتر لە فەڕەنسادا سەریانهەڵدا.

هەروەهــا لە هەنگاریــاش بزووتنەوەیەکــی فاشیســتی ســـەریهەڵدا، کە لە زۆربەی بنەمــا و ئامانجەکانیانــدا بە شــێوەیەک لە شــێوەکان هاوشــێوەی فاشــیزم بــوون، لە ئیتاڵیــا و ئەڵمانیــا، لە ســییەکانی ســەدەی ڕابــردوودا، هەنگاریــا گەورەتــرین دەوڵەتــی ئەوروپــایی بــوو، کە زۆرتــرین پــارت و بــزووتنەوەی فاشیســتیدا ســەریهەڵدا، تەنــانەت لە یەکێــک لە ڕاپرســـییەکاندا لەو ســـەردەمەدا فاشــییەکان لە (35%) دەنگەکانیــان بەدەســتهێنا، ئەمەش نیشانەی بەهێزی فاشیستەکان بوو لەو وڵاتە[20].

دیــاره لە هەنــدێک لە وڵاتــانی دەرەوەی ئەورووپــاش، بیــری فاشــیزم بە فــۆڕم و قەبــارە و ئاســتی جیــاوازەوە ســەریانهەڵدا، بەنمــوونە لە یابــان و ئەفریقیــا و ئەمریکــای لاتینـــــیش، بەڵام زۆربەی ئەم بـــــزووتنەوە فاشـــــییانە نەیــانتوانی بــگەنە دەســـەڵات، هەنــدێکیان کە گەیشـــتنە دەســـەڵات بە بەراورد بە فاشــیزم و نــازیزم لە ئیتاڵیــا و ئەڵمانیا، نەرمتر و هێورتربوون لە پەیڕەوکردنی بنەمـا و ئامانجەکانی فاشیزم لە سەرجەم کایەکانی دەوڵەتدا.

**فاشیزمی نوێ: ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە نموونە**

بە هەڵگیرساندنی جەنگی جیهانی دووەم و کۆتایهاتنی لە ســاڵی (1945)، ئیتــر نەک هەر کۆتــایی بە دوو هێــزی گەورەی ســەربازیی شەڕفرۆشــی جیهــانی فاشــیزم هــات، بگـرە کۆتـایی بە بـوونی دوو پـارتی سیاسـی فاشیسـتیش هــات و ئەســتێرەی بەختیــان ئــاوابوو، لێــرەوە ئیتــر بیــری فاشیزم هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەما، بەڵکو ئەم بابەتە لە دونیای سیاسەتدا بووە عەیبە و جنێوێکی سیاسی.

بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ بە لەناوچوونی فاشـیزم لە ئیتاڵیا و ئەڵمانیا، بیری فاشیزم بە تەواوەتی بنەبڕ بوو؟ بێگومــان نەخێــر، چەنــدین ڕەوت و پــارتی سیاســی لە دونیـادا دروسـتبوون، کە بارگـاویبوون بە بیـری فاشـیزم، هەندێک لەو هێزانەش توانیوویانە دەسەڵات بگرنە دەست، بەتــایبەتی لە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا، ئــێمە لەم بــارەوە نموونەگەلێکی زۆرمان لەبەردەستە.

دیاره لەئێستادا فاشیزم تەنها یەک جۆر نییە، بەڵکو لانیکەم سێ جۆر لە فاشیزم بوونیان هەیە، کە هەر یەکەیان خاوەنی خەسڵەت و تایبەتمەندیی خۆیانن، کە بەداخەوە لەئێستادا هەرسێ جۆرەکەی فاشیزم، کە دواتر قسەیان لەبارەوە دەکەین لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا بوونیان هەیە، کە هەریەکەیان بە ئەندازەیەک مەترسی و هەڕەشەن بۆ سەر مرۆڤایەتی، یان لانیکەم بۆ سەر هەندێک لە ئاینزا و نەتەوە ژێر دەستەکان لەناوچەکەدا، هەر لە سەردەمی سەرهەڵدانی جەنگی ساردەوە تاکو ئێستا ئەو سێ جۆرە لە فاشیزم بەشێواز و ئەندازەی جیاجیا سەرقاڵی کوشتن و بڕین و نانەوەی ئاژاوە و پاوانخوازی و هەڵگیرساندنی جەنگ و کاولکارین.

ئێمە لە خوارەوە هەوڵدەدەین بەکورتی ئاماژە بۆ جۆرەکانی فاشیزمی نوێ بکەین، کە ئێستا لە مەیدانەکەدا بوونیان هەیە، بەردەوامیش هەڕەشەن بۆ سەر ژیان و ئاسودەیی و ئاشتەوایی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تەنانەت لە دونیاشدا، کە گرنگە بەچاوی هەڕەشە و مەترسییەوە بڕوانینە بوون و مەرام و ئامانجەکانیان.

**یەکەم: فاشیزمی نەتەوەیی**

سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم جۆرە لە فاشیزم دەگەڕێتەوە بۆ هەردوو وڵاتی ئیتاڵیا و ئەڵمانیا، کە دوای جەنگی جیهانی یەکەم لەسەر بنەمای نەتەوەیی لە هەردوو وڵات هاتنە مەیدان، دوو وێنەی نابووت و قێزەونیان لە دونیای سیاسەتدا بەرهەمهێنا، هەر ئەوانیش

بوونە مایەی سەرهەڵدانی جەنگی جیهانی دووەم، هەروەها بڵاوکردنەوەی بیری توندڕەوی و ڕەگەزپەرستی و کوشت و کوشتار و چەسپاندنی سیستمی زۆرەملێ و تۆتالیتاری.

بەڵام بەکۆتایهاتنی جەنگی جیهانی دووەم، ئیتر کۆتایی بە فاشیزم، وەکو دوو هێزی دەسەڵاتدار لە هەردوو وڵات هات، ئەگەرچی لەئێستادا وەکو هزر و ئەندێشە، بیری فاشیزم و نازیزم لە ئاستی تاک و ڕێکخراوی بچووک لەو وڵاتانە بوونیان هەیە، بەڵام بێهێز و بێ کاریگەرن و ناتوانن بە ئاسانی ڕێبەرایەتی هەردوو گەل هەردوو وڵات بکەن، بە ئاقاری چەسپاندنی بیر و هزری فاشیزم، بڕواش ناکەم جارێکی تر لەو دوو وڵاتە ئەزموونی فاشیزم دووبارە ببێتەوە.

بەڵام بەپێچەوانەی ئەو دوو وڵاتەوە، لەگەڵ هەڵگیساندنی جەنگی سارد، دروستبوونی چەندین گۆڕانکاری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، لە چەندین وڵاتدا بیری فاشیزم بە ناو و ناونیشانی ترەوە بە فۆرمی نەتەوەییەوە سەریانهەڵدا، بوونە مایەی سەرهەڵدانی جەنگ و کاولکاری و تێکچوونی ئاشتەوایی جیهان، بۆ نموونە سەرهەڵدانی فاشیزمی نەتەوەیی لەسەر دەستی هەردوو حزبی بەعس لە عێراق و سوریا، ئەم دوو پارتە نەتەوەییە لەژێر ناوی پاراستنی قەوارە و نەتەوەی عەرەب لە ئاستی ناوەوە و هەرێمایەتیشدا بوونە مایە سەرهەڵدانی جەنگ و قەتڵوعامکردن، بڵاوکردنەوەی بیری تیرۆر تۆقاندن و کارکردن بۆ سڕینەوەی نەتەوە و

پێکهاتەکـــان بـــۆ پاراســـتنی بەرژەوەنـــدی نەتەوەی سەردەســـت و کـــارکردن بـــۆ باڵادەســـتیی عەرەب لە ناوچەکەدا.

ئەم دوو هێزە فاشیستە عەرەبییە، هاوشێوەی فاشیزم لە ئیتاڵیا و نازیزم لە ئەڵمانیا ڕۆڵێکی ئێجگار ترسناک و تۆقێنەریـان بینـی بـۆ گەیشـتن بە ئامانجەکانیـان، حزبـی بەعـس لە سـوریا لەژێـر نـاوی عەرەبچێتیـدا دەیـان سـاڵ کـاری بـۆ سـڕینەوەی نەتەوەیـی کـورد و پێکهاتەکـانی تـر دەکـرد لەو وڵاتە، سـەرەڕای دەسـتێوەردان لە کاروبـاری وڵاتانی تری عەرەبی و بڵاوکردنەوەی بیـری نەتەوەچێتـی و سـڕینەوەی بـوون مـاهیەتی پێکهـاتە و نەتەوەکـانی تـر، ڕەتکـردنەوەی ئاشـتی و پێکەوەژیـان و بڵاوکـردنەوەی ڕەگەزپەرستی و تادوایی.

دیارە فاشیزمی بەعسی لە عێراق دوو هێندەی بەعسـی سـوریا، کەوتە بڵاوکـردنەوەی بیـری شـۆفێنی و دەرگـا داخســتن لەبەردەم هەمــوو ئازادییەکــان و ڕاگەیانــدنی حکومەتیکی دیکتـاتۆری خۆسـەپێن و پەلاماردەر، بەعسی فاشیستی لە عێراق لە قۆناغی یەکەمدا هەمـوو ئازادییەکی سیاسـی ڕەتکـردەوە، دەرگـای بارەگـای هەمـوو حزبەکـانی داخسـت، سـەرەڕای ڕاگەیانـدنی شـاڵاوێکی خوێنـاوی لە دژی ئــــازادیی سیاســــی و ڕاگەیانــــدن و بە هەزاران کەسایەتیی سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتی و بازرگانی و نووسـەر و بیرمەندیان لەسێدارەدا و بە شێوازی جیاجیا لە ناوبران.

پاشـان کەوتە وێـزەی نەتەوەی کـورد، بە شـێوەیەکی ڕەگەزپەرسـتانە و شـۆڤینیانە بەپێی چەندین قۆنـاغ کـاری بـۆ لەنــاوبردنی کــورد دەســتپێکرد، وەک ڕاگواســتن و بەعەرەبکردن و ئەنفال و کیمیابـارانکردن و کارکردن بۆ ســڕینەوەی هەمــوو تایبەتمەنــدییەکانی کــورد، بەمەش نەوەسـتایەوە، لەبەر مەزهەب جیـایی بۆ مـاوەی چەنـدین ساڵ پەلاماری شیعەکانی عێراقی داوە، زۆری لێ کوشتن و ژمارەیەکی زۆریشیان دەربەدەرکردن.

کاتێکیش ئاستی بوغرایی و پاوانخوازی بەعسییەکان و خودی سەدام حوسێنی دیکتاتۆر گەیشتە لوتکە، ئەوە بـوو بۆ مـاوەی هەشـت سـاڵ شـەڕێکی خوێنـاوی دژ بە ئێران ڕاگەیانـدن و بەسـەدان هەزار مـرۆڤ بـوونە قوربـانی و زیــانێکی ئێجگــار زۆری مرۆیــی و ئــابووری گەیشــتە هەردوو وڵات، کەچــی ســەرەڕای عەقڵیەتــی فاشیســتیی بەعـس بەمەش نەوەسـتایەوە، لەپڕێکـدا پەلامـاری وڵاتـی کـوەیتی دا و گەورەتـرین کاولکـاری و هەڵەی سیاسـی و سەربازی ئەنجامدا، لەم هەنگاوەدا سوپا و گەلی عێراقی دووچاری زیانی هەمە جۆر کردەوە، بەکورتی فاشـیزمی بەعسـی لە عێـراق نمـوونەیەکی زەق و دیـاری فاشـیزمی هەرێمــایەتی و جیهــانی بــوو، لە مــاوەی ســی ســاڵی فەرمانڕەوایەتییـدا چەنـدین جەنگـی خوێنـاوی نـاوخۆی و هەرێمـایەتی هەڵگیرسـاند، دەرگـای تەواوی ئازادییەکـانی داخست، تا سەرئەنجام وەکو چارەنووسـی هەمـوو هێز و دەوڵەتێکی فاشـی و دیکتـاتۆری، حزبـی فاشـی بەعسـی و خــودی ســەرۆکە ســەرەڕۆکەی خۆیــان و عێراقیــان دووچــاری زیــان و کاولکــاری و هەڵوەشــاندنەوە و

خوێنبەربوونێکی زۆر کردەوە، خودی سەدامیش وەکو مۆسۆلینی و هیتلەر بەکوشتن سەرینایەوە.

جیا لەم دوو وڵاتەی سەرەوە بە فۆرم و شێوازێکی تر، تا هاتنی پارتی داد و گەشەپێدان لە وڵاتی تورکیا سیستمیکی ڕەگەزپەرستانەی فاشی جێگیرکرا، کە بۆ ماوەی دەیان ساڵ خەریکی چاندنی بیری تورکچێتی و کارکردن بوو بۆ سڕینەوەی پیکهاتەکانی تر، بەتایبەتی سیاسەتی شۆفینیانەی دەسەڵاتدارانی تورکیا دژ بە نەتەوەی کورد، داخستنی دەرگای ئازادییەکان و بڵاوکردنەوەی بیری تۆرانیزم و پەیڕەوکردنی سیاسەتی پاوانخوازی و دەستوەردان لە کاروباری وڵاتانی تری ناوچەکە، نموونەی فاشیزم توركی لەسەر بنەمای نەتەوەیی و تورکچێتی بنیاتنرابوو، کە لەیەککاتدا بە شێواز و ئامڕازی جیاجیا کاری بۆ سڕینەوەی نەتەوە و پێکهاتە و ئایینزاکان دەکرد، دەوڵەتی فاشیستی لە تورکیا بە ئاڕاستەی تواندنەوەی هەموو پێکهاتەکان لە بۆتەی نەتەوەیی تورکیادا کاریدەکرد.

زۆر ڕوونە جگە لە فاشیزمی نەتەوەیی لەژێر ناو بیانووی جیاجیا لە هەرسێ وڵاتی سوریا و عێراق و تورکیا، لە چەندین وڵاتی تر لەئاسیا و ئەفریقیا دەوڵەت و پارت و ڕەوتی سیاسی نەتەوەیی بارگاوی بە بیری فاشیزم بوونیان هەبوو، کە بوونە مایەی ناڕەحەتی و جەنگ و کاولکاری و بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن و بیری ڕەگەزپەرستی، بەڵام لەئێستادا تادێت ئەم جۆرە لە فاشیزم (فاشیزمی نەتەوەیی) ڕوو لە کزی و ئاوابوون دەکات.

**دووەم: فاشیزمی نەتەوەیی- ئایینی**

ئەم جۆرە لە فاشیزم لە یەک کاتدا، لەژێر چەمکی نەتەوە و ئایینــدا بــوونی هەیە، کەواتە لە ڕێگــای بەکارهێنـانی هەردوو بـابەتەکەوە کـار بە کەرەسـتە و ئامڕازەکـانی فاشـیزم دەکـات بـۆ سـڕینەوەی ئەوی تـر، پێمـوایە ئەم جـۆرە زۆر ترسـناکترە چـونکە هاوشـانی نەتەوە، بنەمـا ئایینییەکـانیش بەکاردەهێنێت بۆ وەرگرتنی ڕەوایەتی زیاتر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، لە یەک کاتدا بە پاسـاوی ئـایینی و نەتەوەیـی کـار بـۆ قورخکـاری و زەوتکردنـی مـاف و ئازادییەکـانی ئەوی تـر دەکـات، ئەم جـۆرە لە فاشـیزم لە یەک کاتـدا خـۆی دەکـاتە زمانحـاڵی نەتەوە و ئایین دێت لەم گۆشەنیگایەوە چەندین جۆر شەڕ و پلانــی مەترســیدار بەرپــا دەکــات، بیــری فاشــی و ڕەگەزپەرســتانە و جیاکــاریی ئــایینی بڵاودەکــاتەوە، هەروەهـا خـۆی دەکاتە دەمڕاستی نەتەوە و ئایینی بـاوی وڵات.

دەکرێـت ئامـاژە بـۆ هەنـدێک لەو وڵاتـانە بکەیـن کە لەئێســتادا پەیــڕەوی لەم جــۆرە فاشــیزمە دەکەن، کە بەزۆرییش ئەم جۆرە لە هەندێک لە وڵاتـانی ئیسـلامی لە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بوونیان هەیە، کە لە نمـوونە هەرە زەقەکانیان بریتین لە:

فاشـیزمی نەتەوەیـی-ئـایینی لە وڵاتـی سـعودییە: ئەم وڵاتە لەدێر زەمـانەوە بە هاوبەشـی لەلایەن خـانەوادەیەک و ڕەوتێکی ئـایینیەوە بەڕێوەدەبرێت، کە ڕەوتـی سـەلەفیی ئیســلامییە، لەم وڵاتە جــگە لە دەســەڵاتی خــانەوادەی

شانشینی ئال سعود، دەسەڵاتی ئایینی سەلەفییەکان، بوار بۆ هیچ حزب و کەسایەتی و خانەوادە و ڕەوتێکی تری ئیسلامی نییە بیر لە وەرگرتنی دەسەڵاتی دەوڵەت و دەسەڵاتی ئایین بکاتەوە، هەموو ئازادییەکی سیاسی و هزری و ئایینی تر لەم وڵاتە قەدەغەیە، زیاتر بیرێکی خێڵەکی و ئایینییە و عەقڵیەتی ڕەگەزی نێر تێیدا زاڵە، ماف و ئازادییە هەمە جۆرەکان قەدەغە و خەفەکراون، جگە لەو دوو تاقمە مافی کەسیتر نییە قسە لەسەر وەرگرتنی دەسەڵات و ئازادییە سیاسی و ئایینیەکان بکات.

لەم وڵاتە تەنها ڕەگەزی نێرینە قسە دەکات و مافی هەیە ئەویش تا سنوورێکی دیاریکراو، لێرە شیعە مەزهەبەکان ئازار دەدرێن و لەمافەکانیان بێبەش دەکرێن، بیرمەند و ڕۆژنامەنووسان ئازار دەدرێن و دەربەدەر دەکرێن، لێرە هیچ هێز و ڕەتێکی سیاسی بۆی نییە هەبێت و داوای دەسەڵات بکات، ڕۆژنامەکان ئەگەر لە خزمەتی دەسەڵاتدا نەبن بۆیان نییە کار بکەن، هەموو ئەمانە بەشێکن لە بیری فاشیزمی بارگاویی بە بیری نەتەوەیی و ئایینی.

فاشیزمی نەتەوەیی-ئایینی لە ئێران: لەم وڵاتە تەنها مافی فارسەکان و شیعەگەراکان هەیە کە لە هەڕەمی دەسەڵات بن، ئێران بە بەراورد بە سعودییە هەندێک کراوەتر و ئازادترە، ئەمەش بەو مانایە نایات بڕوای تەواوی بە ئازادی هەیە، چونکە هەڵبژاردنەکانی لەژێر پرسیاردان، دەوڵەتێکە سەرباز تێیدا دەسەڵاتدارە،

زۆربەی ئازادییەکـــان قـــۆرخکراون، جـــگە لە فـــارس نەتەوەکـــــانی تـــــری ئەم وڵاتە بێبەشـــــن لە مـــــافە نەتەوەییەکانیان، ئایین و مەزهەبەکانی تر سانسۆکراون، ئێـران یەکـێکە لەو وڵاتـانەی دەسـتێوەردان دەکـات، لە وڵاتانی تر، سیاسەتێکی پاوانخوازی هەیە.

کـورد و ئـازەر و ئەهوازییەکـان لەم وڵاتە خـاوەنی هەموو مافێک نین، ئازادییەکان لەژێر چاودێریدان، تاکو ئێسـتا ئەم دەوڵەتە کـار بەسـزای لەسـێدارەدان دەکـات، سونگەراکان خاوەنی کەمترین مافن لە ئێران، چاپەمەنی و ڕۆژنامەکان لەژێر چاودێریدان.

فاشـیزمی نەتەوەیـی-ئـایینی لە وڵاتـی تورکیـا: ئـێمە پێشتر ئاماژەمان بۆیکرد، لە وڵاتی تورکیا تا هـاتنی پارتی داد و گەشـەپێدان، خـاوەنی فاشـیزمێکی نەتەوەیـی بـوو، بەڵام دوای هـاتنە سـەرکاری ڕەجەب تەیـب ئەردۆگـان و پارتەکەی، کە هەڵگری بیری ئیسلامیی ئیخوانین، ئیتر ئەم دەوڵەتە کەوتە نێـو جـۆری فاشـیزمی نەتەوەیـی-ئـایینی، چـونکە لە یەک کاتـدا بە هەردوو ئاڕاسـتەی نەتەوەیـی و ئـــایینی بیـــری فاشـــیزمی خـــۆی دەچەســـپێنیت، ئـــێمە دیقەتمانداوە لەئێستادا هەموو ئازادییەکان لەم وڵاتە لەژێر چـاودێری و پرسـیاری جدیـدان، لە ئێسـتادا ئەردۆگـان و پارتەکەی زیندانەکانیان سیخناخ کردووە لەو کەسایەتی و ئـــازادیخوازانەی کە وەک ئەو بیرنـــاکەنەوە، بە ســـەدان ڕۆژنـامەنووس و ئەنـدام پەرلەمـان لە زینـدان توندکراون، ڕۆژنـامە و کەناڵەکـانی ڕاگەیانـدن دادەخـرێن، هـاووڵاتیی سـیڤڵ لەسـەر ئـازادیی سیاسـی و ڕادەربڕین و جیـاوازی

بیرکردنەوە لە زیندان توونـد دەکرێن، دادگاکان خـراونەتە ژێـر کـۆنترۆل و چـاودێریی دەوڵەتەوە، کـارکردنی هەر ڕەوتێکی ئیسـلامی تـر قەدەغەیە، بە نمـوونە لەئێسـتادا بە تـۆمەتی جیاجیـا گولەنەکـان وەکـو ڕەوتێکـی تەسـەوفی ئیسـلامی کـاریگەر لە تورکیـا، کەوتـونەتە بەردەم ڕاوەدونان و گرتن و هەڵهاتن.

جیـا لەو کـار و کـردەوە نادروسـتانەی ئـاک پـارتی، لەئێسـتادا شـالاوی قڕکردنـی کـوردی دەسـت پێکـردووە، هەمـوو شـێوەیەک نەک هەر ئامـادە نییە دان بە مافەکـانی کـوردا بنێـت، بگـرە شـالاوێکی دڕەنـدانە و نادیموکراسـییانەی دژ بەکـورد دەسـتپێکردووە، ئەم دەسـەڵاتە فاشیسـتە لە تورکیـا نەک هەر دژایەتیـی کـورد دەکات لە باکوری کوردسـتان، بەڵکو لەئێسـتادا بە شـێواز و ئـامڕازی جیاجیـا کەوتـۆتە دژایەتیکردنـی کـورد لە باشـوور و ڕۆژئـاوای کوردسـتان و بەئاشـکرا دژایەتـی دروسـتبوونی هەر قەوارەیەکـی کـوردی دەکـات، ڕۆژانە ڕۆڵەی کورد شەهید دەکات و شار و گوندەکان تۆپباران دەکـات، بـاری نائاسـایی ڕاگەیانـدووە، بیـری هەژمـوونگەرایی فاشـیزمی تـورکی گەیشـتووەتە ئاسـتێک دەسـتێوەردان لە کاروبـاری وڵاتـانی نـاوچەکە دەکـات، تادێت لە بەرئەنجامی ئەم سیاسـەتە گیانی ڕەگەزپەرسـتی و ڕەتکردنەوەی ئەوی تـر لای کۆمەڵگـای تـورکی زیـاتر و فراوانتر دەبێت.

بە سەرنجدان لەو سیاسەت و ڕەفتارانەی دەوڵەتی ئاک پارتی، دەگەینە ئەو بڕوایەی ئەم دەسەڵاتە هەڵگری هەموو خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی فاشیزمە.

**سێیەم: فاشیزمی ئایینی**

ئەم جۆرە لە فاشیزم کەمتر بایەخ بە نەتەوە و نیشتمان دەدات، زیاتر خۆی لە بۆتەقەی ئاییندا دەتوێنێتە، خاوەن دیدوبۆچوونی دۆگمایە، جگە لە تێز و بیروبۆچونەکانی خۆی هەموو ئایدیا و فەلسەفە و ئایین و چەمکە سیاسی و هزرییەکانی تر ڕەتدەکاتەوە.

ئەم جۆرە لە فاشیزم هەموو ئایین و ڕێباوەڕەکانی تر ڕەتدەکاتەوە، بۆ چەسپاندنی بیروڕاکانی خۆی تەنها ئامرازی توندوتیژی و تۆقاندن و تیرۆر و پەلاماردانە، هەموو ئامرازەکانی کوشتن و بڕین و ترساندن بەکاردەهێنێت، بە زۆری ئەم ڕەوتە فاشیزمە خۆی لەنێو هەندێک لە تەوژمە ئیسلامیە توندڕەوەکاندا دەبینێتەوە، ئەم گروپانە ئامرازی گفتوگۆ و دانوستاندن بەلاوە دەنێن، تەنها چەکیان پەلاماردانی نەیار و بەرانبەرەکانیانە.

بەزۆری مێژووی سەرهەڵدانی ئەم گروپانە دەگەڕێتەوە بۆ حەفتاکانی سەدەی بیستەم، دواتریش لە سەرهەڵدانی (قاعیدە)دا تۆختتر دەبێتەوە، کە وەکو هێزێکی تیرۆریستی لە دەرەوەی سنورێکی دیاریکراو پەلامارەکانی بۆ سەر هەموو ئەو هێز و دەوڵەتانە دەستپێدەکات، کە وەک ئەوان بیرناکەنەوە و تاڕادەیەک

جەنگێکی جیهانییان ڕاگەیاند، بۆیە ئێمە هەر وەک نموونە تەنها ئاماژە بۆ دوو گروپی ئایینی فاشی دەکەین:

**یەکەم:** فاشیزمی ئایینی ڕێکخراوی قاعیدە بە نموونە، کاتێک لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا، ڕیکخراوی قاعیدە وەکو هێزێکی تیرۆریستی دەرکەوت، شالاوێکی توندڕەوانەی دەستپێکرد، زۆر دەوڵەت و هێزی نێودەوڵەتیی کردە ئامانج، کاری خۆتەقاندنەوەو پەلاماردانی ناوەندە گرنگەکان و ڕفاندن و کوشتنی هاوڵاتیان و ڕۆژنامەنووسان بووە، بەشێک لە کار و ئامانجەکانی ئەم ڕێکخراوە، بەمەش قاعیدە وەکو هێزێکی ئیسلامیی توندڕە و دەرکەوت و هەموو سنورەکانی بەزاند، لە چەندین وڵات شەڕ و کاری تێکدەرانەی دەستپێکرد، خەڵکێکی زۆری کرد بە قوربانی، کاتێک دەڵێن ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستییە هەڵگری بیری فاشیزم بووە، هەر لەخۆڕا نییە، لەبەرئەوەی ئەم ڕێکخراوە هەموو جۆرە پێکەوە کارکردن و ئاشتەوایی و گفتوگۆیەکی ڕەتدەکردەوە.

لە دژی هەموو ئایین و ئاینزا و ڕێباوەڕەکان دەوەستایەوە، جگە لە خۆی هیچ گروپ و تاقمێکی تری ئیسلامیی پەسەند نەدەکرد، هەموو چەمکێکی سیاسی و هزریی ڕەتدەکردەوە، هەموو ئازادییەکان لای ئەو قەدەغەیە و کەسی تر قبوڵ نەدەکرد.

بەکورتی قاعیدە تەنها خۆی بەڕاست و دروست دەزانێت، بەئاسانی پەلاماری خەڵکی دەدا، خوێنی زۆری ڕژاند، شەڕ و کاری تیرۆریستی گەیاندە چەندین وڵات و

دەڤەری جیهانی، دەیەوێت دەوڵەتێکی ئیسلامیی گەورەی جیهانی دروستبکات، تا بۆی بکرێت زۆرترین خەڵک و وڵات و ناوچە بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیە، هەموو ئەمانە نەریتگەلێکی فاشیستین، کەچی ڕێکخراوی قاعیدە لەژێر ناو ئیسلامدا ڕەوایەتییان پێدەدات و کاری لەسەر دەکرد و دەکات.

**دووەم:** فاشیزمی ئایینیی داعش بە نموونە، داعش پێکهاتووە لە چەندین ڕێکخراوی تیرۆرستی بە ڕێبەرایەتی (ئەبوبەکر بەغدادی) لە ساڵی (2014) وەکو هێزێکی تیرۆریستی گەورە و بەهێز لە بەشێکی فراوانی هەردوو وڵاتی سوریا و عێراق دەرکەوت، لە ماوەیەکی ئێجگار کەمدا توانی دەیان شار و شارۆچکەی گەورە و بچووک و پانتاییەکی زۆر لەهەردوو وڵات بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، شەڕێکی سەرتاسەریی خوێناویی ڕاگەیاند، پاشان لەسەر زاری سەرکردەکەیانەوە دەوڵەتێکیان ڕاگەیاند لەژێر ناوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام.

سیاسەت و کاروکردەوەی ئەم دەوڵەتە تەواو فاشییانە بووە، بۆ نموونە ڕەتکردنەوەی ئاشتی و ئاشتەوایی، ڕاگەیاندنی جەنگ لە دژی هەمووان، وەستانەوە لە دژی گروپە ئیسلامییەکانی تر، کوشتن و پەلاماردانی ئاینزاکانی تر، کوشت و کوشتار و قەتڵوعامکردنی هەزاران هاووڵاتی، ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی هەمەجۆر، ڕەتکردنەوەی هەموو جۆرە ئازادییەک، باوەڕبوون بە جەنگ و داگیرکاری و لەناوبردنی ئەوی تر، هەموو ئەم ڕەفتار و کردارانە ئاماژەی ڕوونن بۆ فاشیبوونی

(داعش)، چونکە ئەم بەناو دەوڵەتە ئیسلامییە لەژێر چەتر و ناوی ئاییندا، ڕەوایەتیی بە هەموو کاروکردەوەکانی خۆی دەدا، پێیانوایە جگە لە خۆیان و ئامانجەکانیان هەموو ئەوانی تر لەسەر ڕێگای هەڵەن و دەبێت شەڕبکرێت بۆ ئەوەی سیاسەت و ڕێباز و بەرنامەی ئەوان قبوڵ بکات.

بڕوام وایە جگە لەم دوو ڕێکخراوە، ڕێکخراو و گروپی تری ئایینی هەیە، نەک هەر لەنێو موسڵمانانداندا، بەڵکو لەنێو ئایینزاکانی تریشدا، لە بیرکردنەوە و بۆچووندا هەڵگری خەسڵەت و تایبەتمەندیی فاشیستین، ئێمە تەنها وەک نموونە ئاماژەمان بۆ ئەو دوو ڕێکخراوەی سەرەوە کرد.

**سەرچاوەکان :**

1- الفكر السياسى فى القرن العشرين ، تحرير تيرنس بول وريتشارد بيللامى ، ترجمة: مي مقلد ، المجلد الاول ، الطبعة الاولى 2009 ، الناشر: المركز القومى للترجمه، ص186-193 + الاحزاب السياسيه ، تأليف الدكتور طارق على الربيعى ،الناشر : مكتبه السنهورى-بغداد ، ص189-193 .

2- الفكر السياسى الحديث والمعاصر ، الدكتور موسى ابراهيم ، الطبعة الاولى 2011 ، الناشر: دار المنهل اللبنانى للدراسات-بيروت، ص302-303
www.aniversemagic.com

3- هەمان سەرچاوە-305 + مێژووی بیروباوەڕی سیاسی ، سڤین ئێریک لیدمان ، وەرگێڕانی : عەلا نوری و

دلێــر میــرزا ، چــاپی یەکەم – 2004 ، بەڕێــوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان ، ص410-411 .
4- گۆڤاری ڕێبازی نوێ ژمارە (42)ی ساڵی_2007 ، حەسەن بارام ، ص158-159.
5- گۆڤاری ڕێبازی نوێ ژمارە (42)ی ساڵی2007 ، حەسەن بارام ، ص159-161 .
6- فاشــیزم لەنێــوان دوێنــێ وئەمــڕۆدا ، ئەردەڵان عەبــدوڵلا ، چــاپی یەکەم -2012 ، دەزگــای چــاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس – هەولێر ، ص30-31 .
7- الفكــر السياســي الحــديث والمعاصــر ، الــدكتور موسى ابراهيم ، ص375 .
8- ئایدۆلۆژیا مۆدێرنە سیاسیەکان ، ئەندۆ ڤینسینت ، وەرگێڕانــی : عـومەر مەولـودی ، چاپی یەکەم -2007 ، دەزگای توێژینەوە وبڵاوکردنەوەی موکریانی ، ص300 .
9- هەمان سەرچاوە ، ص301 .
10-تـاريخ الافكـار الساسـيه، جـان توشـار ، تـرجمه : نــاجى الدراوشـــة، منشــورات وزاره الثقــافه- جمهــوريه العربيه السوريه – 1984 ، الجزء الثاني، ص602 .
11-هەمان سەرچاوە.
12-الاحـزاب السياسـيه ، تـأليف : الـدكتور طـارق علـى الربيعى ، ص191.
13-تـاريخ الافكـار السياسـيه ، جـان توشـار ، الجـزء الثانى ، ص593
14-الفكــر السياســي الحــديث والمعاصــر ، الــدكتور موسى ابراهيم ، ص305.

15-الحركه الفاشيه فى ايطاليا ، محمد عبدالسلام ، ahlamontada >com.

16-الفكر السياسى الحديث والمعاصر ، الدكتور موسى ابراهيم ، ص306-307 + الفكر السياسى فى القرن العشرين ، تحرير : تيرنس بول وريتشارد بيللامى ، المجلد الاول ، ص196.

17- الفكر السياسى الحديث والمعاصر ، الدكتور موسى ابراهيم ، ص307-309 + الفكر السياسى فى القرن العشرين ، تحرير : تيرنس بول وريتشارد بيللامى ، المجلد الاول ، ص194-195.

18-الفكر السياسى فى القرن العشرين ، المجلد الاول ، ص198 + الايديولوجيا والسياسه ، د. مالک عبيد ابو شهيوه و د. محمود محمد خلف و د. مصطفى عبدالله خشيم ، الطبعة الاولى 1993 ، الناشر:الدار الجماهيريه للنشر والتوزيع والاعلان- ليبيا ، ص367-369 .

19-الفكر السياسى فى القرن العشرين ، المجلد الاول ، ص168 + ئايدۆلۆژيا مۆدێرنه سياسيەكان ، ئەندۆ ڤينسينت ، ص300-307 .

22-الفكر السياسى فى القرن العشرين ، تيرنس بول وريتشارد بيللامى ، المجلد الاول ، ص199 .

# فاشیزم چییە؟

مارك نیۆكلۆس

وەرگێڕانی: ئەرسەلان حەسەن

## سوپاسنامه

سوپاسی (پیتەر ئۆزبۆرن) دەکەم بۆ خوێندنەوەی وردی دەستنووسەکە، (جیۆف کی) بۆ هاندانەکانی، (ستیوارت ئەلدن) بۆ ڕاڤەکارییە قووڵەکانی، (دەیڤید ستیۆنس) بۆ هاوکاری و پشتگیریکردنی، هەروەها هاوکارانی زانکۆی برۆنێل، کە لە ڕۆژێکی گەرمی حوزەیرانی 1995دا پشوودرێژانە گوێیان لە هەندێک بەڵگەی ئەم کتێبە گرت، (ڕاشڵ و هێلین دی بێر) کە ئەم کتێبەیان پێشکەش کراوە، چونکە بەردەوام گرنگیی بەگژداچوونەوەی فاشیزمیان بیردەهێنایەوە، هەلومەرجێک بوون کە بووە هۆی دەرکەوتنی.

**پێشەکی**

نووسەرێک دەڵێت فاشیزم "لە ساڵانی (1922–1923) و بە سەرهەڵدانی حزبی فاشیستی ئیتاڵی ***دەرکەوت***... لە ساڵی (1930) کە حزبە "فاشیستەکان" لە سەرانسەری ئەوروپادا لەپڕ هەڵتۆقین، ***پێگەیشت***... [و] لە ساڵی (1945) بەشکستهێنان و مردنی دوو دیکتاتۆر ***کۆتاییهات***" ئەم تێڕوانینە بۆ فاشیزم بەشێوەیەکی بەرچاو لەڕووی مێژووییەوە سادەیە و تێگەیشتنێکی بێ سەرئێشەیە، هانماندەدات لێکۆڵینەوەکەمان تایبەت بکەین بەقۆناغی (1922– 1942)، بانگهێشتمان دەکات بە شێوەیەکی گشتی جیهانی ئایدیا و بزووتنەوە فاشیستییەکان، دەمەزراوە و ڕەوتی حکومەتە فاشیستییەکان شرۆڤە بکەین. تەواوی ئەو مەسەلانە یەکسەر وەڵام وەردەگرنەوە، کە پەیوەندییان هەیە بە دیاریکردنی لانیکەمی جۆرەکانی فاشیزمەوە. لەم ڕوانگەیەدا لە "باپیرە گەورە"ی هەموو جۆرە فاشیزمێکی کۆڵیوەتەوە کە پێش ساڵی 1922 هەبوو، بەتایبەت لە جۆری کولتووری سنووردار و داخراوی کۆڵیوەتەوە و بە لێکدانەوەی دوورودرێژتری وردەکاریی وردی ڕژێمەکانی ئیتاڵیا و ئەڵمانیا، لە گرفتی دیاریکردنی ماهیەتی فاشیزم و خودی ئایدۆلۆژیا و ژیانی بەردەوامبووی کۆڵیوەتەوە.

ئەو ڕوانگەیە بە شێوەیەکی دیاریکراو پانتاییەک بە لانیکەم دەگرێت، کە لایەنگری ئاشکرای پێش 1922، سەرچاوەکانی خۆی لە سەدەی نۆزدەیەم و ناوەندی ڕۆشنبیری کۆتایی ئەو سەدەیەدا دەبینێتەوە و هەر

ئەوانــیش بونیــادی گەشــەی فاشــیزمیان پێکهێنــاوە. لــە لایەکەی دیکـەوە ئەو واقعیەتـە لەبـەرچاو ناگرێت کە ئەو گەشــەکردنە لــە کۆمــەڵێکی باســی تــایبەتی فەلســەفییدا ڕیشـەی هەبووە، تا دەگات بە ڕیشـەکانی لەنـاو حزب یـان جــوڵانەوەی سیاســیی خــاوەن ڕێکخســتنی گونجــاودا. بەڵگــەی ئــەم کتێبــە، بــە دوو شــێوەی تێکڕایــی داوای ڕووبەڕووبوونــەوەی ئەو ڕوانگەیــە دەکــات کــە پێشــتر باسـمان کرد. لە قۆنـاغە سـەرەتاییەکانی یەکەمدا، ڕەوتـی فاشیزم لە ئەورووپا و لە ئاسمانی فەلسەفەدا –بە وەرگرتن لــە لوکــاچ- چــەقی ســەرنجمە. فاشــیزم لــەجیاتی ئــەوەی کەوانـە بێت لـە مێژوویـی ئـەورووپادا، بەرهـەمی ململانێـی فەلسەفی–سیاسی و کرۆکی مێژووی فکری و فەرهـەنگی و سیاسیی ئەورووپایە و نیشـانیدەدەین کە بۆخۆشـی ئـەو مێــژووەی دروووســتکردووە. لــە قۆنــاغە ســەرەتاییەکانی دووەمدا، ئاماژە بەو واقیعەتە دەکات کە فاشیزم لە جیاتی ئــەوەی جۆرێــک لادانــی سیاســی ڕیشــەگرتووبێت لــە بێتوانــایی گروپــە بچووکەکــان، کــاریگەری بخــاتە ســەر تاکــەکان و "شارســتانیانە" کــار لــە بنــەماکانی ژیــانی بۆرژوازی بکات، لە واقیعدا کێشـەی سیسـتمی "باڵادەسـت" پەیوەندییەکانی ژیانی ئێمەیە.

هەربۆیە ئەم کتێبە هەوڵنادات ئەم یان ئەو بزووتنەوە و حـزب و ڕێکخـراو یـان ڕژێمـی تایبـەت بـە "فاشیسـت" وەســــف بکــــات، ئــــەوە ئــــەرکی بیرمەنــــدانی زانسـتە سیاسییەکانە و بەپێی ئامڕازەکـانی هەڵسـەنگاندن یـان جیاکردنـەوەیان دەگۆڕێت (کـە لەئێسـتادا ناسـراون).

هـەروەها ئامـانجی ئـەم کتێبـە زیـادکردنی بەرهـەمێکی دیکەیـە بـۆ نووسـینە مێژووییـەکانی گەورەکـانی ڕابـردوو دەربـارەی دەوڵەتـە فاشیسـتەکان، دەوڵـەتانی نزیـک لە فاشـیزم، دەوڵەتـە پـێش-فاشیسـتەکان، دەوڵەتـە نیمچـە فاشیسـتییەکان، و بێجگـە لەمـە هیچـی دیکـە نییـە. هـەر کەسـێک ئـەم نووسـینە بخوێنێتـەوە، دەسـتبەجێ سەرودەرەی ئەوە دەکات کە ئەو ساڵانەی توێژینـەوە لـە فاشـیزم کـراوە، تـا ئاسـتێک مشـتومڕ دەربـارەی خـودی زاراوەی "فاشیزم" هەبووە. لە حەقیقەتدا، هۆگریی فاشـیزم بـۆ بـە گومانـاوی ئـەژمارکردنی بەڵگـەی عـەقڵانی و بەرزنرخانـدنی کـاری ناعـەقڵانی، کـە پێکنـاکۆکی لەسـەر پێکناکۆکی کەڵەکە دەکات، ئەوەی گەیاندووە کە زۆربـەی توێژەرەوان خۆیان بواردووە لـە هەوڵدان بۆ دیـاریکردنی جۆرێک کاکڵی مانا، بە دەربڕینیکی دیکە هەنوکە دەستیان لـەو هەوڵـە کێشـاوەتەوە کـە بـۆ دیـاریکردنی خـودی فاشیستی، دەمامکی نمای فاشیزم دابڕنن. لە هەندێک لاوە توونـدڕەوییـەکیان پێشـنیاز کـردووە کـە لـە قسـەکردن دەربارەی فاشـیزم بـە شـێوەیەکی تـەواو دووربکەوینـەوە، یـان بـۆ ئامـاژەدان بـە ئـەزموونی ئیتاڵییـەکان لـەنێوان هەردوو شـەڕی یەکەم و دووەمـی جیهانیدا باسـی بکـەین. بە دیووێکی دیکەدا، فاشیزم بۆ ئەوان یان بەتاڵە لە مانـای واقیعـی، یـان تـەنیا بـە مانـای ڕووداوێکـە لـە پانتـایی قۆناغیکی کورت لە مێژووی ئیتاڵیادا.

بە گوتەی (گیلبەر ئالاردیس): "وشـەی فاشیزم کە پڕە لە شڵەژان و هیچ مانایەکی واقیعیی تێدانییە، یەکێکە لـەو

وشانەی کە لە هەمووان زیاتر لە وشە سیاسییەکانی ئێمەدا سوودی لێوەرگیراوە، وەک جنێو بەکارهێنراوە". لەگەڵ هەموو ئەوانەدا بەدڵنیاییەوە بەم بەڵگەیە بێمانا نییە کە ئەو وشەیە پڕە لە شڵەژان. هۆکاری پڕبوونی وشەی فاشیزم لە شڵەژان ڕوونە: هەرکەسێک ترسی کەرامەتی مرۆڤی هەبێت، کاریگەریی وێرانکەری بەسوک تەماشاکردنی فاشیزم تەنیا وەکو سوکایەتیکردن بە مرۆڤایەتی لە ژیانی مرۆڤ دەکات. ئەو ڕواڵەتە جۆرێک مانا بە "فاشیزم" دەدات، هەرچەند مانایەکی ئێجگار ئاڵۆزە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو وشەیە مانای هەیە، وەک دەزانین فاشیزم کاریگەری لەسەر بابەتی بوونیادی ماهیەتی کۆمەڵگەیەک دادەنێت، کە هەنوکە تێیدا دەژین، ئاگامان لە توانا وێرانکەرەکەیەتی، چونکە مەسەلەی فاشیزم مەسەلەی کۆمەڵگەی ئێمە و ماهیەتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە و فۆرم بە ژیانمان دەدات. هەرجۆرە باسێک دەربارەی فاشیزم، هاوکات باسێکە دەربارەی ئەو پەیوەندییانە. کەوایە هەر بەشێک دەربارەی فاشیزم، وەک پێویست دیموکراسییە، ئەگەر فاشیزم بە دیاردەیەکی مێژوویی بزانین کە لە ساڵی 1945 یان هەر لەو سنوورە کۆتاییهات، هاندەری خۆ لێگێلکردنێکی ترسناک دەبین، بێتوانایی لە تێگەیشتن لەوەی فاشیزم تایبەتمەندێتیی مۆدێرنیتەیە، بێتواناییە لە تێگەیشتن لەوەی کە فاشیزم نەمرە. لەوانەیە هۆی بوونی قەبارەیەکی وەها گەورەی نووسین دەربارەی فاشیزم، کەمتر ڕیشەی بگەڕێتەوە بۆ

سەرنجڕاکێشیی خودی بابەتەکە (کە سۆزان سۆنتاگ بە دروستی ئاماژەی پێدەکات)، زیاتر بەرئەنجامی ئەوەی دەزانن کە تاکەکانی دەربارەی فاشیزم دەنووسن، لە توانای وێرانکەری مۆدێرنیتە دەکۆڵنەوە، هەرچەندە گەمژانە جەختی لێدەکەنەوە، کە ئێستا ئەو توانایە چیتر پەیوەندی بە ڕابردووەوە هەیە.

فاشیزم زیاتر لە هەر شتێک توانای نەرێنی هەیە — واتا توانای نەرێنییە بۆ لەناوبردنی مرۆڤ، کە لە ماهیەتی مۆدێرنیتە و سەرمایەداریدا شاراوەیە، ئەو بەتوانایییە ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی بەتوانایی ئەرێنی دەبێتەوە بۆ ڕزگاربوونی مرۆڤ. کاکڵی سەرەکی ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە، پاڵپشتییەکە بۆ سیاسەتەکانی کۆمەڵگەی جەماوەریی، کە بەدەوری ئەو شەڕەدا بۆ بەدیهێنانی بەتوانایی پێکناکۆی مۆدێرنیتە ڕوودەدات. ئەم کتێبە باسی ئەوە دەکات، کە فاشیزم سیاسەتی شاراوەیە لە سەرمایەداریی مۆدێرندا، بریتییە لە سازدانی جەماوەر بۆ ئامانجی ناسیۆنالیستیی و دژەشۆڕش، کردەگەرێتی سەربازیی، فاشیزم لایەنگری دەزگای دەوڵەتی فەرمانڕەوا و دەسەڵاتگەرا و سەرکوتکەرە و لە ڕێگای فەلسەفەی ئاڵۆز و ژیندارییەوە دەگونجێت، کە پشتی بە سروشت و ئیرادە بەستووە. باسەکەم لەسەر هەرسێ چەمکی سەرەکیی فاشیزم واتا شەڕ، سروشت و میللەت وەستاوەتەوە. فاشیزم بە سڕینەوەی مێژوویی تەواوی بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، بۆشایی بە پیرۆزکردنی سروشت -بەمەش ئەوەی سروشتی

دێتەبەرچاو- پڕدەکاتەوە، کە بەمانای شەڕ و میللەت دێت. ئەو چەمکە پەیوەندیی جیانەکراوەی بە لایەنی کلیلی فاشیزمەوە هەیە، چونکە فاشیزم دیاردەی دژەشۆڕشە بۆ ڕێگریکردن لە کۆمۆنیزم، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هەوڵدەدات لەڕێگای سازدانی هێزە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی جەماوەرییەوە لەگەڵ ناسیۆنالیزمی شەڕانگێزانە، هەروەها لەڕێگای تەرخانکردنی تایبەتمەندێتیی سەرەکیی مۆدێرنیتە و پەلکێشکردنیان بۆ توندڕەوی، ئامانجی سیاسیی کۆنەپەرستانە ("شۆڕش دژە شۆڕش") و داینەمۆی شۆڕشێکی جێگرەوە بۆ ئەو هێزانە دابینبکات. گێڕانەوەکانمان لە بەشەکانی داهاتوودا ئەوەیە کە فاشیزم بە جۆرێک لە مۆدێرنیزمی کۆنەپەرست ئەژمار دەکرێت، فاشیزم بە کاردانەوە نیشاندان لە بەرامبەر نامۆیی و چەوساندنەوەی کۆمەڵگەی مۆدێرندا، بەڵام دەستەوەستان لە خستنەڕووی هیچ بەدیلێکی نوێ لە بەرامبەر خاوەندارێتی تایبەتی، کە لە سەرمایەداری مۆدێرندا ڕۆڵی سەرەکی هەیە، تەنها دەتوانێت بە تیشکی کۆنەپەرستانە پانتایی خۆی و ڕابردووی ئەفسانەیی ڕووناک بکاتەوە، کە لە هەلومەرجێکی تەواو گۆڕاوی مۆدێرنیتەدا پێویستی بەدەستهێنان بێت. ئەو سیاسەتە کۆنەپەرستانەیە، بنچینەی ئایدۆلۆژیای شۆڕشگێڕی لە باڵی ڕاست فەراهەم دەکات، کە لەو شەڕەدا سروشت و میللەت توخمی سەرەکیین.

### 1- شەڕی هەمیشەیی و تێکدانی عەقڵ

(گۆبلز) دەربارەی زەوتکردنی دەسەڵات لەلایەن نازییەکانەوە لە ساڵی 1933 دەیگوت: "بەم ڕێگایە ساڵی 1789 لە مێژوودا ڕیشەکێش کرا". لە واقیعدا ئەو بەشێک لە حەقیقەت دەردەبڕێت، فاشیزم زیاتر و پێش هەرشتێک لە کاردانەوە بە ڕۆشنگەری بە شێوەیەکی گشتی و بەها بەڕاشکاوی دەربڕدراوەکان لە شۆڕشی فەرەنسادا، بەشێوەیەکی تایبەتی سەریهەڵدا-مۆسۆلینی زۆرجار جەختیکردبووەوە کە فاشیزم دژی هەموو ئەو شتانەبوو کە شۆڕشی فەڕەنسا داکۆکی لێدەکرد. دەکرێت بە مانایەک فاشیزم بە بزووتنەوەیەک بزانین، کە گرەنتیی ئەوەی دەکرد پرۆژەی ڕۆشنگەری بە ناتەواوی دەمێنێتەوە، بەڵکو لە ڕاستیدا لەناودەچێت، چونکە مشتومڕی فەلسەفی بە عەقڵانییەت و ئایدیالیزمی سەدەی نۆزدەیەم و پرۆژەی سیاسی ناوکی ڕۆشنگەری، واتا لیبرالیزم و مارکسیزم، پێی نایە پانتایی ژیانەوە، دژە عەقڵی لەبنچینەدا دژە ماتریالیستی، لە ناوەندی ئارگومێنتسازییەکانی فاشیزمدا شاراوەبوو. لەواقیعدا، ئەو مشتومڕە زیاتر لەوەی لەگەڵ عەقڵانییەت و ماتریالیزمدا بێت، بە گێڕانەوەی میکانیکییانەیان، زۆرجار بە پۆزەتیڤیزم دادەنرێت. وەرچەرخاندنی فکری لەو مشتومڕانەدا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم یەکلاکەرەوە بوو. ساڵی (1890)یان بە سەرکێشیی دژە پۆزەتیڤیزم وەسفکردووە. ئەو سەرکێشییە نەک بابەتی ڕاشکاوی دژە ڕۆشنگەرییە،

بـەڵکو لــە ســەرهەڵدانی فاشــیزمدا گرنگیــی بنچینــەیی دەدۆزێتــەوە. بابەتێکـە کـە لـەم بەشــەدا دەبێتـە جێگـەی سەرنج، یەکەم نەخشەکێشانی هێڵی گشتیی سیاسـەتەکانی ئــەو سەرکێشــییە (لــە جیــاتی ئــەوەی تــەنیا ئــەوە سەرکێشــییەک دیــاری بکــات)، پــێش تووێژینەوەیــە دەربــارەی ئــەو بابەتــە، کــە چــۆن چــۆنی ئــەو گوتــەزا ناوەندییانە جێگەی گوتاری ڕۆشنگەرییان گرتووەتـەوە و سەریانکێشاوەتە بەرزنرخاندن و ستایشکردنی شەڕەوە.

## سیاسەتی سەرکێشیی دژ بە پۆزەتیڤیزم

تیـۆری عەقڵانیـەت وەک بنەمایـەک بـۆ کـاری مـرۆڤ، پشــت بــە عــەقڵی ســەربەخۆ دەبەســتێت، دامــەزراوە و پڕۆســـەکانی کۆمەڵگــە بــەگوێرەی عــەقڵ ڕەوایــەتی وەردەگـرن. ئـەو تیـۆرەی عەقڵانییـە سـوبێکتی مرۆڤایـەتی (لانیکـەم بـەزەبر)، لەئەنجامـدا توانـای یاسـای کۆمەڵایـەتی عەقڵانی، قبوڵ دەکات. پەیوەندیی خاوەندارێتیی کۆمەڵگەی بۆرژوازی بـەڕای لیبراڵـەکان، لەبنچینـەدا لـەو ڕوانگەیـەوە عەقڵانییــە کــە هــیچ سیســتمێکی بەرهــەمهێنانی باشــتر ناتوانێت هەبێت، باقیماوە بە شێوەیەکی تایبەتی دامەزراوە سیاسـییەکانی ئـەوجۆرە کۆمەڵگەیـە، پانتـایی دابەشـکردنی دەســـــەڵات و ســــــامانی کۆمەڵایـــــەتی– ئـــــابووری بەیەکـەوە دەبەسـتێتەوە. سیسـتمی ئـابووری عـەقڵانی بـە زیادکردنی بەعەقڵانیکردنی یاسا و دەسەڵاتی دەوڵـەت، بـە بـەردەوامی دەمێنێتـەوە. لـە کۆتاییـدا پێویسـتە پێشـکەوتن لەســەر بنــەمای عــەقڵ، بــە بــەردی بناغــەی گــۆڕانی

کۆمەڵایەتی بزانێت. بە پێچەوانەوە، مارکس پێیوایە عەقڵ بنەمای تیۆری ڕەخنەگرانەیە لە کۆمەڵگە، تیۆرێک کە نەک بە ئێستای عەقڵانی، بەڵکو ئاماژە دەکات بە داهاتووی عەقڵانی و لە ناعەقڵانییەتی ئێستا سەردەردێنێت. مارکسیزم بەپێچەوانەی بەتایبەتیبوونی عەقڵ لە عەقڵانییەتی لیبڕالی، ڕزگاربوونی کۆمەڵ لە سەر دەستی چینێک دەخاتەڕوو، کە لە پێگەی چینی تێکڕایی، لەواقیعدا وەفادارە بە کۆمەڵگەی عەقڵانی. لەگەڵ هەموو ئەوانەدا سەرەڕای جیاوازیی یەکلاکەرەوە لەنێوان مارکسیزم و لیبڕالیزمدا، مارکسیزم وەک دوو ڕووی پارەیەکی عەقڵانییەت مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات. بەم شێوەیە فاشیزم، مارکسیزم و لیبڕالیزم بەدوو ڕووی ماتریالیزم سەیردەکات. تەواوی ئەو کەسانە خۆیان بە بیرمەندی گرنگ دەزانی، کە لە پێکناکۆکی لەگەڵ ماتریالیزمدا بوونەتە ڕووناکبیری بەرجەستەی فاشیستی.

(بوونە فاشیستی) هزرێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمە، سەرەڕای ئەوەی کە هەرگیز بەتەواوەتی نەگونجاوە، لە پەراوێزی فرەییدا ڕیشەگەلێکی هەبووە، کە بە سەرکێشی دژە پۆزەتیڤیزم دەستپێکرد. ئێستا ئامانجی سیاسیی نووسەرانێک لەبەرچاوناگرین کە لەو سەرکێشییەدا ڕۆڵیان هەبووە، لە ڕیشە جیاجیاکانی دەکۆڵینەوە، کە داوای ڕووبەڕووبوونەوەی پێشگریمانە بنچینەییەکانی فەلسەفەی خۆرئاوایان کرد. سەرکێشیی فەلسەفیی (فریدریک نیچە) دژی عەقڵ و زیهنی جەماوەرئاسا، پەلاماری پرۆسەی

هاوتـاكردنی ڕۆشـنگەریی دا و لەبـری ئەوە "ڕۆشـنگەریی نوێ"ی خستەڕوو کە " هەڵسەنگاندنی هەموو بەهاکـان لـە نوێـوە" بـوو، لـە تێگەیشـتنێکی دیـار لـە غـەریزەی مرۆییـدا ڕیشــەی هــەبوو، نــەک لــە عەقڵــدا. ئەگــەر لەجیـاتی ئــەو خواستە ڕۆشنگەرییە وەک بنەمایەک بۆ ڕێسـای ئـەخلاقی سوود لە خودی عەقڵ وەربگرین، ئەوا لـەو جەختکردنـەوە کـانتییەدا کورتدەبێتـەوە کـە پێویسـتە بـەپێی دەسـتووری ڕەهــا کاربکــەین، نیچــە جەختیــدەکردەوە نــەک عــەقڵی ڕەخنەگرانە، بەڵکو "غەریزەی ساغ" بەسەر ئاکاری ساغدا باڵادەســتە، غەریزەیــەک کــە لەســەر ئیــرادەی یــەکجێی سروشتی وەستاوەتەوە، "لە هـەر جێگەیـەک بوونـەوەرێکی زینـدوو بدۆزمــەوە، ئەوکاتــە لــەوێ ئیـرادەی تایبــەت بــە دەسەڵات دەدۆزمەوە". بە دەربڕینی ئەو ئیرادەیـە "ژیـانی واقیعی" دەدۆزرێتەوە. ئەو زمانە لاڵە کە باسـی ڕەسـەنێتی دەکــات، ئیــرادەی ناعــەقڵانی بــەهێزی چارەنوسســازی واقیعـــی دەزانێـــت لـــە شارســـتانییەتە گـــەورەکان و چارەنووسسازی سـەرەکی سیاسـەت و کۆمەڵگەدا.

کاری نیچە لـە پانتـایی فەلسـەفیدا ئـەوانی دیکـەی هانـدا کــە لــە عەقڵانییــەت و پــۆزەتیڤیزم دووربکەونــەوە. وەک نموونــە ڕەخنــەی عەقڵانییــەتی هێــزی بریگســۆنی لــە فەلسەفەی خۆرئاوادا، ئاگاداربوون، شـەیدایی ژیـانی کـردە جێگرەوەی عەقڵ و ژیری. (بریگسۆن) کە کـاری خـۆی بـە جێبەجێکردنی پشکێک لـە فەلسـەفە و زانسـتی مـاددە وێنـا دەکرد، "فەلسەفەی ژیان"ێکی شێواوی دەکردە جێگرەوەی گـەڕان بـۆ تیـۆرێک دەربـارەی ئاگـایی و بـە بنـەمای وزە،

جێگـــەی بنـــەمای میکـــانیکی دەگرتـــەوە، کـــە لـــە زانســـتە سروشـــتییەکاندا دەدۆزرێنـــەوە. بـــەڕای بریگســـۆن ئاگـــایی لـــــەســـــەرووی ئاســـــت و ســـــنووری هـــــۆش و عەقڵـــــەوە پـــەلوپۆدەهاوێت. ئـــەو بـــە جیـــاوازیکردن لـــەنێوان ژیـــانی دەروونیی ڕواڵەتی و ژیان لە قووڵایی ئاگاییدا، باوەڕیوایە لە کاتێکدا، کە میتۆدی باوی زانستی بۆ ژیانی دەروونیی ڕواڵەتی بەکاردەهێندرێت، بۆ ژیانکردن لە قووڵایی ئاگایی پێویســـتی بـــە میتـــۆدی جیـــاوازە، چونکـــە لێـــرەدا تـــاک لـــە "خـودی ڕیشــە داکـوتراو" دەکۆڵێتــەوە. بـۆ ئــەوەی تێبگــەین ئاگایی بە چ شێوازێک سەرووی عەقڵ و هـۆش دەکـەوێت، پێویســـتە بـــە لێکدانەوەیـــەک لـــە نـــاخی ڕابمێنـــین. زانســـتی سروشتی و لۆژیک، میتۆدی گونجاون بۆ هەڵسـەنگاندن و بەمــــەش دەرککردنــــی شــــوێنن، بــــەڵام هــــەرگیز نــــاتوانن هیواداربن لە کات بگەن کە وەک ئەزموونێک ژیاوە-ماوە. پێوستە لـە دەروونگـەرێتی بگـەین- کـە وەک لێکۆڵینـەوەی ئاگـایی خـودی تـاک وەردەگیرێت. بـۆ تێگەیشـتن لـە زمـان وەک ئــەزموونێکی ژیــاو، پێویســتی بە ئاگاداربوونــە. بــەم گریمانەیە ئەوەی بۆ بریگسۆن دەمێنێتەوە ئیرادەی تـاک و هێزی وزەبەخشی ژیان و ئاگـاداربوونە وەک کـەرەستەی واقیعـی بـۆ "تێگەیشـتن" لێی. ئـەو کـارە نـەک تـەنها بابـەتی ســـەرەکیی فەلســـەفە بـــۆ بابـــەتی دەروونناســـی دەگـــۆڕێت، بـــەڵکو ســـەرووتر دەداتـــە ئاگـــاداربوون و غـــەریزە، کـــە لـــە شـــەیدایی ژیانـــدا ڕۆڵـــی ناوەنـــدییان هەیـــە، بریگســـۆن بـــە پێشـــنیازکردنی ئـــەو بابەتـــە کـــە ڕێـــی ئـــازادبوون وەک "تێگەیشتن"ی خۆمانە، ئـەو بابەتـە دێنێتەپێشـێەوە کـە تاکـە

ڕێگە بۆ ئەو کارە لە ڕێگەی کردارەوە شیاوە. بەرنامەی عەقڵانییەت، دەبێت مکوڕی وەک بنچینەی کار تا پێش هاتنەدی بیر لە گۆڕان بکاتەوە، جێگەی خۆی بە کار وەک بنەمایەک بۆ تێگەیشتن لە خۆی (ئاگاداربوون) و بەم شێوەیە داهێنەرانە دەگۆڕێت.

بەڵگەکانی نیچە و بریگسۆن، هاوڕا بەکارە نوێکان لە فیزیادا، (سەرهەڵدانی لەسەرخۆی تیۆری ڕێژەیی)، کاملبوونی دەروونشیکاری و جەختکردنەوەی لەسەر پاڵنەری نائەنقەست، زیاتر زاڵبوونی داریۆنیزمی کۆمەڵایەتی بەسەر هزری کۆمەڵایەتی و سیاسی و قووڵبوونەوەی، لە خەباتدا وەک بنەمایەک بۆ مانەوە، کاریگەری بەرچاوی بەسەر کولتووری سیاسی ئەو قۆناغەوە هەبوو. هەرچەند ماوەیەکی زۆر وا گوماندەکرا سەرکێشیی دژی بابەتە باوەکانی فەلسەفی ڕۆڵی گرنگی لە سەرهەڵدانی فاشیزمدا هەبووە، کە لە واقیعدا سیاسەتەکانی لە نووسەرانی وەک نیچە و بریگسۆنەوە دەستپێکرد، ئەو سەرکێشییە گرنگی یەکلاکەرەوەی هەیە. ئەو خاڵە جێگای بایەخە کە ئەو سەرکێشییە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم ڕوویدا نەک پێشتر، چونکە هەرچەند فاشیزم وەک کاردانەوە بەرامبەر ڕۆشنگەری سەریهەڵدا، فەلسەفەی دژە ڕۆشنگەریش پێش کۆتایی سەدە هەبوو.

(Fin de siècle) ئەو زاراوەیە بە شێوەیەکی گشتی هەندێکجار هەم کۆتایی، هەم دەستپێکی قۆناغێکە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئاماژە دەکات بە بارودۆخی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم، بەتایبەت فەزای کولتووری و ئەدەبی

هونەرمەندانی فەرەنسی، کەچی وێڕای ئەوە پەیوەندی بە بزووتنەوەکانی ئەوروپاوە هەیە. هزر و بیروبۆچوونەکانی ئەو قۆناغە لە دەیەکانی داهاتوودا ڕۆڵێکی زۆریان بینی، لە سەرهەڵدانی مۆدێرنیزمدا کاریگەریی شایستەیان هەبوو- و.ف.)، نەریتی درێژماوەی بیرمەندانی کۆنەپارێزی وەک (بۆرگ و کارلایل و دۆمستەر)ی لەخۆدەگرت، بەڵام ناکرێت ئەو نەریتە بە فاشیستی بزانین، تا ئاستێک گەشەی کولتوورێکی نائومێد ئەو جیاوازییەی درووستکرد—واتا ئەو هەستە، کە خاکەڕایی و تێکدان وەها زاڵبوو، خودی شارستانی کەوتووەتە بەردەم مەترسییەوە— لەوە گرنگتر پۆلێنکردنی سیاسییانەی چینی کرێکاری ئەوروپا بوو. ڕیشەکانی فاشیزم لەم بەشە مێژووییەدا لە ڕاکردن لە عەقڵ و ڕق لە ماتریالیزم و گەشەی سیاسەتەکانی چینی کرێکاردایە، چونکە ***فاشیزم کاردانەوەیەک بوو بەرامبەر هێزە کۆمۆنیست و سۆسیالیستەکان کە هەوڵیاندەدا چینی کرێکار دژی خاوەندارێتی تایبەتی بۆ پرۆژەی ڕزگاربوونی مرۆڤ ئامادە بکەن.*** چینی باڵادەست لەسەرانسەری ئەوروپا هەوڵیدەدا توانای بەهێزی کۆمۆنیزم بە گونجاندن و جێکردنەوەی چینی کرێکار لە ستراکچەرە کۆمەڵایەتی و سیاسییە باڵادەستەکاندا لەناوبەرن، هاوکات لیبڕالیزم و کۆنزەرڤاتیڤیزم وەک بەشێک لەو سیاسەتە زمانی دیموکراسییان زەوتکرد، فاشیزم هەوڵیدا جەماوەر بۆ پرۆژەی سیاسی زۆر جیاواز ئامادە بکات. بە دەربڕینێکی دیکە، فاشیزم

درێژەیدا بە نەریتی هزری کۆنەپارێزی، بەڵام بە سازدانی جەماوەر بۆ پڕۆژەی دژەکۆمۆنیستی و دژەسۆسیالیستی، بە شێوەیەکی تەواو نویّ هەنگاوینا. فاشیزم بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، بە زەوتکردنی داهاتووبینی سەرەکی [بزووتنەوەی] سەرکێشی دژە پۆزەتیڤیزم، بە سیاسیکردنە ڕاشکاوانەکەی، پشتی بەو بزووتنەوەیە بەست. لێرەدا فاشیزم پشتی بە سایکۆلۆژیای جەماوەری و پێداچوونەوەی تیۆری دەستەبژێری و جۆرێکی دیاریکراوی مارکسیزم بەستبوو.

گوستاڤۆ لوبۆن[1]. لە کۆمەڵێک دەقدا لە ساڵی 1890 دەربارەی دەروونناسیی ڕەفتاری جەماوەری، نەخشەی هێڵی گشتی ئەو "یاسا"یانەی کێشا کە باڵادەستن بەسەر ڕەفتاری کۆمەڵدا. بە ڕای لوبۆن، کردەی بەکۆمەڵ و دەستەجەمعی نیشانیدەدات چۆن تاکگەلێک کە لە هەلومەرجی دیکەدا بە عاقڵ دادەنرێن، لەژێر کاریگەریی جەماوەردا دەکەونە ناو ڕەفتاری ناعەقڵانییەوە. ڕەفتاری دەستەجەمعی هاوشێوەی ڕەفتاری ناعەقڵانی، تەنیا غەریزەیی و تەنانەت دڕندانەیە، لە ڕووبەڕووبوونەوە بە ڕەفتاری عەقڵانی کۆمەڵانی خەڵکی پێشکەوتوو. سەرەڕای بانگەشەی لوبۆن لەسەر ئەو بنەمایەی کە بەڵگەکەی دەربارەی "جەماوەرەکان"، بەهەمان ئەندازە

---

[1] Gustavo Le Bon، 1931 - 1841، سۆسیۆلۆگ و فیزیۆلوژیستی فەڕەنسی و دانەری زۆر کتێب، لەو کتێبانە: تیۆری تایبەتمەندییە نیشتمانییەکان، لەسەرووتربوونی نەژادی، ڕەفتاری سکالائاسا و سایکۆلۆژیی جەماوەری شیکردەوە و گەشەی پێدا

دەربــــــــارەی دەســــــــتەی دادوەری و فراکســــــــیۆنە پەرلەمانییەکانیش ڕاستە. لوبۆن، بە شێوەیەکی گونجاو "جەماوەر" بە هاوڕا دەزانێت لەگەڵ چینی کرێکار و بزووتنەوەی سۆسیالیستی مۆدێرن. لوبۆن پیماندەڵێت سۆسیالیزم مەحکومە بە شکست چونکە قبوڵیدەکات کە دەکرێت بە بەڵگەی لۆژیکی سەرنجی کۆمەڵانی خەڵک ڕابکێشیت، لە کاتێکدا لە واقیعدا جەماوەر لەبنچینەدا سەرەتایی و دڕندەن و بەمەش کردەوەکانیان ڕیشەی لە غەریزەدایە، لەگەڵ عەقڵ و ژیری لە شەڕدان. تێگەیشتنی لوبۆن بۆ ماهیەت، پێنەگەیشتوویی کۆمەڵانی خەڵک و دژایەتیکردنیان بۆ عەقڵ، گۆڕا بۆ دەروونناسیی جەماوەری دووژمن بە عەقڵ. وانەیەک کە لوبۆن وتییەوە و فاشیزم سەرنجی لێدا، ئەوەیە، کە ئەو ڕوانگەیە بۆ هەموو کەس ئاکامی سیاسیی هەیە، کە خوازیاری سازدانی وزەی جەماوەرە. ئەو وانەیە وادەگەیەنێت کە جەماوەر بە ئەندێشەکان لە ڕێگای درووشمی عاتیفییەوە بیردەکەنەوە. هەروەها ئەوە دەگەیەنێت کە پێویستە جەماوەر لەلایەن ڕابەری خاوەن ئیرادەی بەهێز و لێبڕاوەوە ڕێنمایی بکرێت. دەبێت ڕابەری هەر جۆرە جوڵانەوەیەکی جەماوەری بە سوودوەرگرتن لە کاکڵی ناعەقڵانی لەو هێزە و پاڵنەری ناعەقڵانیی جەماوەر بۆ سەرخستنی جوڵانەوەکەی سوود وەربگرێت.

*"بە سەرنجدان لە هەستی جەماوەر، ئەوانە تەنیا بە هەست و سۆزی زێدەڕۆ دەورووژێنرێن. وتارێک، کە دەیەوێت کاریگەری بەسەر خەڵکەوە هەبێت، دەبێت*

*بە شێوازێکی هەڕەشەئامێز سوود لە بیروباوەڕی توندوتیژی وەرگرێت. زێدەڕۆیی، پشتگیریکردن، پەنابردنەبەر دووبارەکردنەوە و هەوڵنەدانی بەردەوام بۆ سەلماندنی بەڵگە لەوانە میتۆدەکانی باسەکەیە، کە ئەوانەی لە گردبوونەوەی گشتیدا وتار دەخوێننەوە بە باشی پێی ئاشنان".*

لێرەدا فەلسەفەلێدان بێسوودە، چونکە جەماوەر "پێویستە بەهەر نرخێکبێت وێنای خۆیان هەبێت". هەر کەسێک بتوانێت ئەو وێنایە بخاتە بەردەستیان، دەبێتە سەرۆکیان. وێڕای ئەوانە، ئەو بابەتە بەمانای ئەوەیە، کە تەنانە ئەگەر پێویست بکات، دەبێت بە دەسەڵاتی فەرمانانئامێز هەژموون بەسەر جەماوەردا بکات. نەک لەبەرئەوەی خزمەت بە یاسای کۆمەڵایەتی و سیاسی بکات، بەڵکو لەبەرئەوەی بۆ خۆیان ئەوەیان دەوێت، جەماوەر کە قوربانیی "هەستی کۆیلایەتی و خزمەتکاری"ین، بەردەوام ئامادەن "لە بەرامبەر دەسەڵاتی بەهێزدا، نۆکەرانە سەریان دادەنەوێنن."

ئەو پێکهاتەی دەروونناسیی جەماوەریی و پاساوی حکومەتی دەسەڵاتگەرا، بەکۆمەڵناسی سیاسی تازە سەرهەڵدراوی دەستەبژێرگەرایی تەواو بوو، کە وەک دەروونناسی جەماوەر پەلاماردانی سۆسیالیزمی بەدیاریکردنی پەیوەندی دەستەبژێر و جەماوەر دەڕازاندەوە. کارەکانی (گاتئانۆ مۆسکا) لە ساڵەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم، (ڕۆبێرت میشێل و ویلفەردۆ

پـاتۆ) ***خولانــەوەی دەســـتەبژێرانی***[2] بــە تایبەتمەنــدیی هەمیشــەیی ژیــانی کۆمەڵایــەتی و سیاســییان دیــاریکرد. میشــێل، کــە لــە لاویــدا مارکسیســت بــوو، پاشــان بــوو بـە فاشیسـت، ئـەو تیـۆرەی دەربـارەی حزبـی سۆسـیال دیمـوکراتی ئـەڵمانیای پەلکێشـی ئـەزموونکرد، کـە وەک گـەورەترین حزبـی سۆسیالیسـت لـە ئـەوروپا و بەمـەش خاوەن بەڵێن بە دابەشکردنی دیموکراسیانەی دەسەڵات، بـە نـەخوازراوترین بابـەتی ئـەزموونی ئـەو تیـۆرە ئـەژمـار دەکـرا. میشـێل لـەوە گەیشـت کـە لـەو حزبەشـدا "یاسـای ئاسنینی ئۆلیگاریشـی" پشـتگیری دەکرێت، بـە دەربڕینێکـی دیکـە، دەسـتەبژێران فـۆڕمی زەروری و سروشـتی ئـەو ڕیکخـراوەن. ئەگـەر کۆمەڵگـەکان بـە ڕێکخـراو گـەلێک لـە پێــوەری گــەورەدا بــزانین، ئــەوە مانــای وایــە ئــەو کۆمەڵگەیانـەش هەمیشـە نوخبەگەرا بـوون، ***مێـژوو تـەنیا گۆڕستانی دەستەبژێران بووە***. بە دیوێکی دیکـەدا، ئەگـەر پێمانوابێت بـە گەشـەکردنی دیموکراسـی لـە کۆمەڵگەکانـدا ئــەو تاکانــە زۆر دەبــن کــە فەرمانڕەوایــەتی بەســەر کۆمەڵگـەدا دەکـەن، خۆمـان فریـوداوە. پـارتۆ بـە زایەڵـەی ئاگایانـەی یەکـەمین دێڕەکـانی ***مانیفێسـتی کۆمۆنیسـت*** بانگەشەی دەکرد کە مێژوو وەک مێژووی ململانێی نێوان دەسـتەبژێرانە (نوخبەکـان). ئـەو ڕێکـارە بەسیاسـەتیش خولانەوەیـەکی ناعـەقڵانی بـەخۆوەگرت، لـەو ڕوانگەیـەوە یـەکێک لـەو بەڵگانـەی بۆچی دەستەبژێران بوونیان هەیـە

---

[2] زاراوەیەک کە لە ساڵی 1890 بەدواوە بەزۆری بەکارهێنرا

ئەوەیە، کە جەماوەر پێویستی پێیانە. پارتۆ ئاماژەی بە جیاکاری نێوان ڕەفتاری لۆژیکی و نالۆژیکی (یان عەقڵانی و ناعەقڵانی) دەکرد، کە ڕەفتاری زۆربەی خەڵک لە پەیوەند بە پاڵنەرەکانیان پشت بە وێناگەلێک دەبەستێت. چونکە "زۆربەی کات، تاک یان گروپەکان ئاگایان لەو هێزە نییە کە دەبنە هۆکاری هاتنە ئارای ئەو جۆرە ڕەفتارانە"، لە بنچینەدا ناتوانرێت بەکاری وەها عەقڵانی مامەڵە بکەیت. مرۆڤەکان لە بنچینەدا بوونەوەری ناعەقڵانی و شوێنکەوتووی غەریزە، هەست، ئاگاداربوون و ئیرادەن، نەک شوێنکەوتوویی هێزە عەقڵانییەکان.

دەکرێت ئەو بابەتە لەسەر بنچینەی نوخبەگەرایی نووسەرانی سەرەوە و هۆگرییان بۆ فاشیزم لە کاتی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات (لەبارەی میشێل و پارتۆ) ڕوونبکاتەوە، گرنگیی کەمترە تا پشکی سیاسیی ئاشکرایان لە شۆڕشی ڕووناکبیری و کولتووری کە ڕێگەی بۆ فاشیزم کردەوە، چونکە نوخبەگەرایانی وەک لوبۆن، ئاگایانە بە زمانێک هەڵیاندەکوتایە سەر سۆسیالیزم، مارکسیزم و دیموکراسی، کە لە سەرکێشی دژی پۆزەتیڤیزم وەرگیرابوو، متوربەی چەمکە سیاسییەکانی تەواو دژ بە چەمکەکانی سۆسیالیزمی شۆڕشگێڕ کرابوو، بەڵام خەرمانەی مانای هاوبەشیان بەیەکەوە هەبوو. چەمکگەلێک لەو سەرکێشییە هاتەئاراوە، کە بۆ فاشیزم چارەنووسساز بوون، نوخبە، دەسەڵات، غەریزە، هێزی ژیاری، ئیرادەی تایبەت بە دەسەڵات، سروشت. خاڵی گرنگ ئەوەیە، کە ئەو چەمکانە لە پانتایی

ئەزموونی سیاسی چینی کرێکاریشدا جێگای باس بوون، چونکە هەندێک لە مارکسیستە کاریگەرەکان بە وەرگرتنی ئەو چەمکانە لە مارکس "پێداچوونەوە"یان کردبوو. ڕوونترین نموونە (مۆسۆلینی)ـە، بەڵام سەرەتا لێکۆڵینەوە لە ڕەوتی تەواوی بیرمەندانی باڵادەست، بایەخی خۆی هەیە. ئەو بیرمەندانە لە فەرەنسا (گیۆرگ سۆرێل و هنریک دی مان) بوون، کە لە لایەن هەندێکەوە بە زێدی واقیعی فاشیزم هەژمار دەکرێن.

گیۆرگ سۆرێل، لە سەرەتای کارەکەیەوە باوەڕی وابوو مارکسیزم "گەورەترین نوێگەرییە لە فەلسەفە"دا و "زانستی ورد و تەواوی پەیوەندییە ئابوورییەکان"ـە، خۆی بە خاوەن بەڵێن بۆ بەرنامەکەی دەزانێت، کە بە زمانی مارکسیزمی هیگڵی ئەمە بوو: "هەرچی لۆژیکییە ... پێویستە ببێتە واقیعی"، بەڵام سۆرێلیش بە تێپەڕینی کات بە شێوەی تایبەتی خۆی چاوی بە مارکسدا گێڕایەوە، کارە کۆنترەکانی "ئاخنراو بە پێشداوەریی عەقڵانییەت" دەزانێت. سەرهەڵدانی دیموکراسیی پەرلەمانی و گونجاندنی چینی کرێکار لە کۆمەڵگەدا، پێداچوونەوەی بە مارکسدا کردبووە کارێکی پێویست. بەمەش کاتێک کە "پێداچوونەوە"ی (ئێدوارد برنشتاین) بە مارکسدا لە ساڵی 1899 بووە جێگای سەرنجێکی زۆر، سۆرێل پێشوازیی لێکرد. لەگەڵ ئەوەشدا، بەڵگەسازییەکانی برنشتاین سەریکێشا بۆ ڕیفۆرمی سیاسی، برنشتاین پێیوابوو دوائامانجی سۆسیالیزم ڕیفۆمی لەسەرخۆی سەرمایەدارییە، ئەویش لە ڕێگەی دیموکراسیی

پیشەسازی و سازان لەسەر بنەما بونیادییەکانی لیبڕالیزمی سیاسی. سۆرێل، کە خۆی بە "شۆڕشگێڕ"ێکی خاوە بەڵێن دەزانی لە کەمکردنەوەی مارکسیزم بۆ حزبی سیاسی خۆی بەدوورگرت، کە وابەستەبێت بە هەڵبژاردن و ڕیفۆرمی بەشەکییەوە. پێویستە پێداچوونەوە بە مارکسیزمدا بکرێت، بەڵام نەک بەو ئامانجەی، کە ڕێچکەی پەرلەمانی بگیرێتەبەر، "هەر ئەندامێک و ئۆتۆمبێلێکی هەبێت"، مارکسیزم "پێویستە بەردەوام لەسەر بەڵێنی ئایدیای تەواو پێرفێکت بمێنێتەوە".

لە ئەڵتەرناتیڤی جێگا سەرنجی سۆرێلدا، جەخت لە خەباتی چینایەتی دەکرێتەوە، بەڵام ڕەتکردنەوەی حەتمییەتە ئابوورییەکەی بەو مانایە بوو کە دەبێت لە شوێنێکی دیکە بۆ سەرچاوەی خەبات بگەڕێین. لەلایەک پێویستە ئەو خەباتە ڕیشەی لە بنەمای ئەخلاقیی سۆسیالیزمدا هەبێت. هەر وەک مارکسیزم لەوە تێگەیشتبوو، کە فاکتەرە ئابوورییە ئاشکراکان گرنگن، بەڵام بە شێوەی ماتریالیزمی ڕەمەکیانە بە هۆکاری بنەڕەتی گۆڕانی مێژوو زانین، لەخشتەبەرە، هاوڕای خودی تیۆرەکانی مارکسیش نییە، چونکە مارکسیزم بەهەمان ئەندازە، کە تیۆرییە، بە ئەخلاقی، تیۆری ئابوورییش هەژمار دەکرێت. هەمانشێوازی دەربڕینی مارکس بەرامبەر ڕەخنەگرانی ئابووریی سیاسی -ستەم، چەوساندنەوە، داماوی- نیشانیدەدات کە خودی مارکس سەرووتر لە هێزە ئابوورییە پەتییەکان بیردەکاتەوە. لەلایەکەی دیکەوە، سۆرێل کە هەوای فەزای ڕووناکبیریی

نـــوێی هـــەڵمژی بـــوو، دەریخســـت زۆرجـــار داینـــەمۆی بزوێنەری کردەی پێداچونەوەی گشتی کۆمـەڵێک پاڵنـەری نائاگایانە و ناعەقڵانییە. بەمەش، پێداچوونەوە بە مـارکس، دەروونناسی ماتریالیزمی مێژوویی پێویستکرد.

ئـەو دەروونناسـییە بریتیبـوو لـە چـی؟ بـەڕای سـۆرێل، مـارکس لـە "ئەفسـانەی یۆتۆپیـا هۆندبوویـەوە" دەیزانـی کـاری هــەرەوەزی لــە پێکهاتــەی بۆچــوونی لــە ئایــدیا و تێگەیشـتنی درووسـت لـە ئێسـتادا ڕوودەدات. بێگومـان، سەرمایەی مارکس ڕەخنەبوو لە ئابووری سیاسی، بـەڵام بەگوتەی سۆرێل "نابێت ئەو دەقە زۆر بەجدی وەربگرین. ئێمــە لــە قەڵــەمڕەوی ... ئەفســانەی کۆمەڵایــەتی دایــن." ئەفسـانە کۆمەڵایەتییـەکان وەک هێزێکـی ئامادەکـار کـار دەکەن، هەم بەسەر فەرمانە ئاکارییەکان، کە بە ڕیشـەیان ئەژمار دەکرێن، هەم پشت بەداهاتوویی خەیاڵی دەبەستن. ئامانجییـان گۆڕەپـان دانـە بـەکار و تایبـەتکردنی سـەرنجە بـەئیرادە. دەکرێـت ئەوانـە بەشـێوەی زانسـتی دەربـبڕی، بەڵام تایبەتمەندێتی خۆیـان ئەوەیـە سـوودی لێوەردەگرن، کە هێزی گشتی و ناعەقڵانی هۆکارە گشتییەکان بەیەکەوە دەبەســـــتنەوە. "پێویســـــتە بزووتنـــــەوە جەماوەرییـــــە سەرکێشـییەکانی کـار بـە شـێوازێک نیشـان بدرێنـەوە، کـە کاریگەری قوڵ و بەردەوامی بەسەر ڕۆحی شۆڕشگێڕاندا هەبێت." کەوایە:

دەبێـت سـوود لـە کۆمـەڵێک وێنـا وەربگـرین کـە تـەنیا بــە ئاگــاداربوون درووســتدەبن و پــێش ئــەوەی هــیچ شیکردنەوەیەک ئەنجام بدرێت، دەتوانن کۆمـەڵێکی تـەواو

له هەستەکان بوروژێنن هاوتای نموونەی جیاوازی شەڕ بێت، کە سۆسیالیزم دەیگرێتە ئەستۆ.

سۆرێل باوەڕیوابوو جوڵانەوەی سەندیکالیزمی شۆرشگێڕ ئەو بابەتەی لە ئەفسانەی بایکۆتکردنی گشتیدا تواندۆتەوە، کە ناتوانرێت بە شێوەی زانستی (واتا "میکانیکی")، لە ئەفسانەیەکی وەها کۆمەڵایەتی بگەیت و سۆرێل بە توندی ڕەخنە لەو کەسانە دەگرێت کە باوەڕیانوابوو بایکۆتکردنی گشتی بەکردەوە نەگونجاوە. ئەو جەختیدەکردەوە، پێویستە بۆ سازدانی کردەی گشتیی پێداچوونەوە، دەربارەی داهاتوویەک جێگرەوەی هەبێت، کە وێڕای خۆبەدوورگرتن لە هەڵەی سۆسیالیستە یۆتۆپیاکان لە بەرنامەداڕێژی بۆ داهاتوو، بۆ گۆڕانکاری هەنوکەیی پەناببرێتە بەر غەریزەی گشتی. بەم شێوەیە، سۆرێل ئەفسانەی کۆمەڵایەتی وەک هێزێکی سازدەر دەخاتەڕوو، کە ڕیشەی لە وێنای داهاتوودا هەیە، لە کاتێکدا هاوکات یۆتۆپییەکان بۆ بەرنامەدانانی داهاتوو، بە شێوەی عەقڵانییەت ڕەخنەی لێدەگرێت. ئەفسانەی کۆمەڵایەتی بایکۆتی جەماوەری بۆ سوودوەرگرتن لە هێزی گشتی ناعەقڵانی ڕەنگرێژکراوە، هێزگەلێک کە نەک بەپێی عەقڵ، بەڵکو لەسەر بنەمای هەستەکان پەنای بۆ دەبەن، و نەک بەپێی زانست بەڵکو لەسەر بنەمای کار ئامادە دەکرێن. خاڵی بنچینەیی ئەوەیە کارایی زانست یان میتۆدە زانستییەکان نییە، دەبێت تێبگەین، بەڵکو بەئاگابوون، ("زانستی جیهانگیر" فەلسەفەی بریگسۆن)ـە: "بەم شێوەیە دەگەین بە بەئاگابوونێک لە سۆسیالیزم، کە

وشە ناتوانێت بە ڕوون و ڕەوانی بۆمان بخاتەڕوو، ئێمە یەکسەر وەک تێکڕاییەک تێیدەگەین". لێرەدا سوود لە بیرگسۆن وەردەگیرێت تا ئەو کەلێنە پڕبکاتەوە کە وەک پێویست لە هەموو تیۆرێکی ئەفسانەدا بوونی هەیە، گرامشی ڕوونیکردبووەوە، لە کاری سۆرێل.

گەنگەشەیەک لەنێوان دوو پێویستی بوونی هەیە، پێویستی ئەفسانە و پێویستی ڕەخنەگرتن لەو ئەفسانەیە.

- لەو ڕوانگەیەوە "هەر پێشنیازێکی پێشتر دیاریکراو، یۆتۆپیی و دواکەتوویی"ـە. ئاکامی ئەو کارە سەر بە دەستێوەردانی کاری ناعەقڵانی، بەخت و چانس (بە مانای بریگسۆنی هێزی ژیاری) یان "خۆڕسکی"یە.

پێداچوونەوەخوازی سۆرێل، وادەکات مارکسیزم سوود لە زانستباوەڕیی میکانیکی وەرنەگرێت، بەڵام تۆخمی جوڵانەوە، کە لە ململانێی چینایەتیی شۆڕشگێڕییدا کەڵەکەیە، لە شوێنی قۆناغی گرنگی مێژوویی تەقینەوەئاسادا دەخرێتەڕوو، دەیپارێزێت و جەختی لێدەکاتەوە. هەوڵدان بۆ نوێکردنەوەی مارکسیزم وەک هێزێکی واقیعی ڕێکخەر، ڕەخنەگرتنی مارکس لە ئابووری سیاسی، بە ئاکارەکان، ماتریالیزمی مارکس بۆ ژینداری و شرۆڤەکردنی خەباتی چینایەتی، لەلایەن مارکسەوە دەگۆڕێت بۆ ئیرادەی گشتی، کە بەهۆی ئوستورە ناعەقڵانییەکانەوە دەردەبڕدرێت. کردەی چینایەتی لە هەموو ئامانج و مەبەستێکی کۆمەڵایەتی شێلگیرە و لە هۆشیاریدا دەگۆڕێت. (هنریک دی مانیش) کاری هاوشێوەی ئەنجامدا. دی مان وەک سۆرێل بە

خستنەڕووی بابەتی پاڵنەر بۆ پێداچوونەوە لە هزرەکانی مارکسی کۆڵییەوە. بەرهەمە بنەڕەتییەکەی سۆرێل دەربارەی دەروونناسیی سۆسیالیزم (1926) وەک هەمەلایەنەی مارکسیزم وەرگێڕدرا: تێگەیشتن لە دەروونناسی سۆسیالیزمەوە سەریکێشایە جوڵانەوەیەک لە سەرووی مارکسیزمەوە. کاتێک دی مان دەیوویست ئەو کتێبە بنووسێت لە دوو شت دڵنیابوو: یەکەم ماتریالیزمی مارکس یەکێک بوو لە هۆکارە گشتییەکانی پاشەکشەی سۆسیالیزم، دووەم: شەڕی یەکەمی جیهانی نیشانیدا کە سۆسیالیزم هێزێکی شۆڕشگێڕ نەبووە، چونکە باوەڕێک نەبوو، کە خەڵک بیانەوێت لەپێناویدا بمرن.

بە ڕای دی مان کێشەی مارکسیزم، ئەوەبوو کە لە سەدەی نۆزدەیەم بە جەبرگەرایی، میکانیکی، عەقڵانییەت و ئابووریگەرایی مابووەوە. مارکسیزم خەختدەکاتەوە کە زانست، ئەویش جۆری تایبەتی زانست، چالاکیی کۆمەڵایەتی دیاریدەکات. ناسین بەپێی مارکسیزمی ئابووریگەرا لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا، کردەی کۆمەڵایەتی دیاریدەکات. کردەی کۆمەڵایەتی لە "تیۆری پاڵنەرەکان"دا جەماوەر بە ئاشنابوونیان، لە بەرژەوەندیی چینایەتی خۆی دیاریدەکرێت، بەم شێوەیە، تێکڕای ڕێکارەکانی مارکسیزم، عەقڵانییەت و ئیکۆنۆمیستییە. دی مان دوو مەسەلەی پەیوەست بەم بابەتە دەخاتەڕوو، یەکەم: ئەو واقعیەتەی کە ژمارەیەکی زۆر لە نووسەران و چالاکوانانی کارا بۆرژوا بوون، دەیسەلمێنێت کە

سۆسیالیزم تەنیا لە بەرژەوەندیی چینایەتیی سەریهەڵنەداوە. لەبەرامبەردا، بەرهەمی ئاکاری دیاریکراوە، ئاکاری جیاوازیی سۆسیالیستی، کە تایبەت نییە بە چینیکی تایبەتەوە. دووەم: کرێکاران نەک بە پاڵنەری سۆسیالیستی، بەڵکو بەهۆی دیاردەی عاتیفییەوە، واتا بەهۆی دڵگەرمیی جەماوەرییەوە، دەبنە سۆسیالیست، کە سەردەکێشێتە کاری کۆمەڵایەتییەوە. "تا کۆخوێندنەوەمان بۆ کاردانەوەی ***ورووژانی*** کرێکاریی سەبارەت بە ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی نەکردبێت، ناتوانین لە ڕۆڵی تیۆری سۆسیالیستی بگەین". شەڕی چینایەتی نەک لە ئاگایی چینایەتییەوە، بەڵکو لە "هەستی ئازاری چینایەتیی"ـەوە لەدایکدەبێت. لەجیاتی ئەوەی لە ئاگایی چینایەتیی لۆژیکییدا، بەدوای کۆمەڵە پاڵنەرێکەوە بین بۆ کردەی جەماوەری، پێویستە سەرنج لە هەست و سۆزێک بدەین، کە سەردەکێشێتە سەرهەڵدانییەوە. ئەو کاتە سۆسیالیزم بە بەرهەمی ململانێی چینایەتی نازانین، بەڵکو بە خولقێنەری ئیرادەیەکی دەزانین بۆ ململانێ لەسەر بنەمای بەها ئەخلاقییە دیاریکراوەکانی. ئەو کارە "تیۆر"ی سۆسیالیستی بە عاتیفە، نەک بەڵگاندنی لۆژیکی، باوەڕ نەک زانست، ململانێ لەپێناو سۆسیالیزم بۆ خەبات لەپیناو وێنایەک لە داهاتوو، کە شەخس باوەڕی پێیەتی، نەک خەبات بۆ کۆمەڵگەی لۆژیکی دەگۆڕێت. دی مان بۆ بەهێزکردنی بەڵگاندنەکانی خۆی پەنادەباتە بەر زانستی دەروونناسی (لانیکەم ئەو جۆرەی کە تێیدەگات)، دی مان

دژی شـــیکردنەوەکەی مارکســـە و لـــە بەرژەوەنـــدیی چینایەتی ڕایگەیاند کە:

*"هەم هەڵسەنگاندنی [لە بەرژەوەندی]، هەم پێویستی [بە بەدیهێنانیان]، کاردانەوەی عاتیفی دەکەنە پێشگریمانە، کە لە نەستدا ڕوودەدات... گۆڕان لە نەستی گشتی، ڕووی هاوبەشی لانیکەمی ئەو فۆرمۆلانەیە، کە هاوپەیوەستی بەرامبەر بە ئەلگۆی کامڵبوونی بەرژەوەندی و ئایدیاکان دەردەبڕن".*

هەروەک (زیڤ سترن هێڵ) بیردەهێنێتەوە، کە دی مان، بەتەواوی دەیزانی پەنای بردۆتە بەر چەمکی سۆرلی ئەفسانە. پێداچوونەوەی هاوبەشی هەردووکیان بە مارکسیزمدا، بە ئیرادەگەری و *ژیانباوەڕی*، جێی ماتریالیزم و جەبرگەرایی مارکسیزم دەگرێتەوە. دی مان، بە پیشنیازکردنی مەسەلەی سۆسیالیزم لە شوێنی بەها ئەخلاقی و دەروونناسییەکانی کرێکارانێک، کە لەو بەهایانە دەگەن، بابەتی سۆسیالیزمی بۆ دەروونناسیی غەریزەیی گۆڕی و لوتکەکەی ئەو بانگەشەیە بوو، کە گرنگترین تایبەتمەندێتیی سۆسیالیزم بۆ خۆی هەوڵدانە. چونییەکیی ڕیڤیزیۆنیزمی (پێداچوونەواخوازی)ی سۆسیال دیموکراسی بێرنشتاین، کە بەپێی ئەو ئامانجە بێبنەمایە و جولانەوە هەموو شتێکە، پێداچوونەوەی سۆرلی و دی مان بە مارکس ئاماژە بە جولانەوەش دەکات، بەڵام جولانەوەیەک کە "ورووژانی" سۆسیالیستی لەخۆیدا بۆخۆی بەدیبێنێت. بە دەربڕینێکی دیکە، کار

بە بنچینەیەک بۆ هێنانەدی ئارەزووی شاراوە، بۆ بەهای ئەخلاقی دەگۆڕێت.

ئەو پێداچوونەوەیە بە مارکسیزمدا، ڕێگای بۆ کرانەوەی فکری فاشیزم کردەوە. (جۆرج ڤالۆ) بەئاشکرا ستایشی سۆرێلی کرد وەک "باوکی هزری فاشیزم" و مۆسۆلینی بانگەشەی کرد کە "من هەرچی هەمە لە سۆرێلەوەیە" (سۆرێل بە وەسفکردنی مۆسۆلینی وەک پیاوێکی بەهێزتر لە تەواوی دەوڵەتمەدارانی ئەوکاتە کە وەڵامی مۆسۆلینی دەداتەوە). مۆسۆلینی لە ئاڵوگۆڕکردنی ئەو نامانەدا لە ساڵی 1930، ڕەخنەکانی (دی مان) لە مارکسیزم بە "ڕاشکاوانە" و "شایستەتر" لە ڕیفۆرمیستەکانی ئەڵمانی یان ئیتالی دەزانێت، ئەوە لە کاتێکدایە کە دی مان ستایشی ڕێزگرتنی مۆسۆلینی لە سۆرێل، هەروەها توانای داهێنەرانە و دینامیکی و (هێزە ڕۆحی)یەکەی دەکات، کە (بەردەوام شۆڕشگێڕییە). سۆرێل و دی مان بە وردی مەترسی ڕێ دۆزینەوەی ئەخلاقگەرا بۆ ناو سیاسەتی سۆسیالیستی و بەرزنرخاندنی کردەی ناعەقڵانی و ژینداری و ئیرادە نیشاندەدەن. پێویستبوو ئەوان بۆ ئەوکارە هەر جۆرە بەڵگەیەکی عەقڵانی بخەنەلاوە کە پەیوەندیی بە ئامانجی کۆمەڵایەتی و ئابووریی توندوتیژەوە هەیە، بە قازانجی ئەوەی تاڕادەیەک "درێژدادڕی فاشیستی" (سارتەری) دەربارەی ماهیەت و بوونی تێکڕایی توندوتیژییە. ئەو خاڵە بۆ تێگەیشتن لە ڕێبازی سەرکێشی دژی پۆزەتیڤیزم بە شێوەیەکی گشتی، و پەیوەندیی نێوان پێداچونەوەی

شۆڕشگێڕیی مارکسیزم و فاشیزم بە شێوەیەکی تایبەتی یەکلاکەرەوەیە. هەندێک لە تویژەرانی لیبراڵ و کۆنزەرڤاتیڤ لایەنگری ئەوەن کە ڕاشکاوانە جیاوازییەکانی نێوان مارکسیزم و فاشیزم بسڕنەوە. بۆ نموونە لە لێکۆڵینەوە لە چەمکی تۆتالیتاریزمدا پشت بەو واقعیەتە دەبەستریت کە هەندێک نووسەر لە مارکسیزمەوە ڕوویان لە فاشیزم کردووە، تا مارکسیزم و فاشیزم بە یەک ئاست وەک ڕەوتە خراپەکانی سەدەی بیستەم بناسێنرێن. لەوانەیە ئەو ڕێ دۆزینەوەیە لە فرۆشتنی کتێبەکان لە کۆتایی "سەردەمی کۆتایی" سوودی هەبێت، بەڵام ئەو باوەڕە پووچە کە جیاوازیی ناچیزی نێوان مارکسیزم و فاشیزم بوونی هەیە، سەردەکێشێتە ئاڵۆزی پانتاییەکەوە کە پێداچوونەوە بە ئەندێشەی مارکس، گوتەزای بنەڕەتی پڕۆژەی کۆمۆنیستی دەخاتەلاوە. بەمەش، هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە فاشیزم بەشێوەیەکی گشتی سست دەکات.

سیاسەتی سەرکێشی دژی پۆزەتیڤیزم، پشت ئەستوور بە چڕکردنەوەی هێنانە بەرباس لەگەڵ تارمایی مارکس. بە دەستپێشخەریی بەشی زۆری ئەوەی لەم کتێبەدا دەخرێتەڕوو، دەتوانین بڵێین، چەمکە بنەڕەتییەکان لە تیۆری ڕەخنەگرانەی کۆمەڵگە -چین، مێژوو، شۆڕش- خراونەتە لاوە و جێگرەوەیان -میللەت، سروشت، شەڕ- ئاماژەی قەیران بوون لە ئاگایی بۆرژوازییدا. فاشیزم بە خستنەلاوەی چەمکی چین و ململانێی چینایەتی، خۆی بۆ نوێنەری هەموو چینەکان دەگۆڕێت و وەک یەکەیەکی

نیشتمانی تێیدەگەن، فاشیزم مێژوو لە سیاسەت دادەماڵێت، بە سروشت دەیئاخنێت، فاشیزم بە زەوتکردنی چەمکی شۆڕش، دەیخاتە خزمەت کردەگەرایی خۆیەوە و شۆڕش تەنیا بە هێمایەک لە شەڕی جیهانگیر ڕایدەگەیەنێت.

### ئیرادەی پەیوەست بە شەڕی جیهانگیر

ڕۆشنگەریی بابەتەکان، ڕێچکەی هزری خودی مۆسۆلینییە. بەڕای مۆسۆلینی مێژوو پڕۆسەکانی خەباتە و هێزی گشتی ئەنجامی دەدات، ئەوە تێکڕای ئەو شتەیە کە مۆسۆلینی لە مارکسی وەرگرتووە، بەڵام بۆ ئەوەی خەبات ئەنجام بدرێت، پێویستە گروپەکان هەستی پەیوەستبوونیان بە کۆمەڵەوە هەبێت، لە ڕوانگەی عاتیفییەوە خۆیان لەگەڵ تێکڕای نزیکانیان بەیەک بزانن، ڕابەرێکی بەتوانا ڕێنماییان بکات. بۆ ئەوەی گروپێکی شەڕکەر بتوانێت سەربکەوێت، دەستەبژێرانی پێشەنگ یان شۆڕشگێڕ زەرورییە. چاوەڕێدەکرێت ئەو پێشەنگانە بە سوود وەرگرتن لە هەستی گشتی، وزە بە ئیرادە ببەخشن. مۆسۆلینی بە وەرگرتن لە بەڵگەکانی نیچە، زمانی بریگسۆنی، ڕێچکەی پڕگەوە و پێچاوپێچی دەروونناسیی لوبۆن، بە شوێنکەوتنی ڕاکانی سۆرێل، جارێکی دیکە بە مارکسدا چووەتەوە. مۆسۆلینی بە دوورکەوتنەوە لە ئاشتیخوازیی لیبراڵ بۆرژوازی بەتامی برنشتاین، ململانێی چینایەتی شۆڕشگێڕی مارکسیزمی کلاسیکی بۆ لایەنێک لە ئیرادەی تایبەت بەدەسەڵات

گـــۆڕی، کـــە ڕیشـــەی لـــە وزەی کۆمـــەڵێک بۆچـــوونی ژینداریــدا بــوو، "تێگەیشــتنی کلاســیک بــۆ شــۆڕش لــە ڕوانگەی سەردەمیانەی ئەندێشەی فەلسەفییەوە، توخمێک لە هێزی ژیاری دەدۆزێتەوە. ڕوانگەی ئێمە ژیانێکی نوێی تێدەگەڕێتەوە". مۆسۆلینی پێیوایە جوڵانەوە، هاوشێوەی پێداچوونـــەوەی ڕیفۆرمیســـتی بـــە مارکســـیزمدا، بـــەڵام بـەهۆکار و ئەنگێـزەی جیـاواز، هـەموو شـتێکە، جـوڵانەوە لەبری ململانێی خودی "ژیان"ـە. بەگوتەی (ئێرنست نۆڵتـە) کاتێک کە مۆسۆلینی ڕایدەگەیەنێت "لە ڕیزە ئاساییەکانی ئێمـە چ جـۆرە ژیانێـک، چ پەرۆشـییەک، چ هێزێـک بـوونی هەیـە"، لـە هێڵـی سـنووری کەوشـەنێک نزیکدەبێتـەوە، کـە لەوێـدا مارکسـیزم دەگاتـە کۆتـایی و "فەلسـەفەی ژیـان" دەسـتپێدەکات. مۆسـۆلینی تـا شـەڕی یەکـەمی جیهـانی و شۆڕشـــی ڕووســـیا نـــەیتوانیبوو بەتـــەواوی لـــەو هێڵـــە بپەڕێتـەوە، بـەڵام لـە 1920 لـە واقیعـدا مـارکس بـۆ نیچـە وەلانرا"، بانگەشە دەکات کە لەکاتێکدا سـەدەی نۆزدەیەم مـاددەی دەپەرست، سـەدەی بیسـتەم ڕۆحـی دەپەرسـت و ئـەو گەڕانەوەیـە بـۆ بـەها مەعنەوییـەکان، ئاکامی دابڕانـی فەلسەفییە، لە حەتمییەتی نیمچەزانستیی سۆسیالیزم.

بـە کـردەوە ناوەنـدێتیی "فەلسـەفەی ژیـان"، ئیـرادەی ئاڕاســتە بەدەســەڵات، لـــە هـــەر ڕســتەیەکی "شوناســی فاشیزم"دا ئاشکرایە، بەردەوام لەگەڵ (جەنتیلە) لـە 1932 نووسراوە. فاشیزم لە دژی "پۆزەتیڤیزمی ماتریالیستی بێ ئیـرادەی سـەدەی نۆزدەیـەم، خـۆی سـەقامگیردەکات... فاشـیزم مرۆڤـی دینـامیزم دەخوازێـت، مرۆڤێـک کـە بـە

هەموو وزەکانییەوە گرفتاری چالاکی دەبێت، مرۆڤێک کە بە کردەوە لەو کێشانە ئاگادارە کە هەیە"، چونکە فاشیزم بە یەکسان "دژی تەواوی جیابوونەوەکانی تاکگەرایانەیە بۆ ماهیەتی ماتریالیستی". تەنیا تا ئەوجێیە مرۆڤەکان وەک تاک دەخاتەڕوو، کە لەگەڵ دەوڵەت گونجاون و ئەوەش ڕیشەی بۆ چەمکی ژیان دەگەڕێتەوە، پشت بە دەرککردنی ئاگایی گونجاو دەبەستێت. دەوڵەت لەم چەمکە فاشیستییەدا، بە ئیرادەی تایبەت بە دەسەڵات ئەژمار دەکرێت. ئەو مانایە لە ئیرادە، بنەمایەکی زاڵی فەلسەفییە لە فاشیزم. هەر ئەو ڕوانگەیە بە کردەوە بەسەر تەواوی وتار و نووسینەکانی هیتلەردا، لە باسە "فەلسەفی"یەکانەوە تا هەوڵەکان بۆ هەژموونکردن بەسەر سوپادا، کاریگەری هەبوو. هەروەک (ج. پ. ستێرن) ئاماژەی پێدەکات، هیتلەر سەرەڕای ئەوەی زانیارییەکانی لە مۆسۆلینی لاوازتر بوو، دەربارەی نیچە بەتایبەتی و فەلسەفەی سیاسی بەشێوەیەکی گشتی، بەهای سیاسی زەوتکردنی وشەکانی ئیرادەی ئاڕاستە بە دەسەڵات و گۆڕینی بە ئەبستراکتی میتافیزیکی تێیدەگەیشت، کە بە سەرنجدان بە پووچییەکەی، دەتوانێت هەموو شتێک ڕوونبکاتەوە. پێشمەرجی سەرکەوتنی میللەتی ئەڵمانیا لە خەباتی بە شکستهێنانی 1918[3] "نەک چەکوچۆڵ، کە "دەوڵەتمەدارە" بۆرژواکان بەردەوام دەربارەی زۆربڵێیی

[3] مەبەستی شکستی ئەڵمانیایە لە بەرامبەر هێزی هاوپەیمانان لە شەڕی یەکەمی جیهان- (و.ف).

دەکـەن، بـەڵکو هێـزی ئیـرادە" بـوو. لـە (20ی ئایـاری 1943)، کاتێـک کـە جـارێکی دیکـە هیتلـەر لەسـەر ئەنجامنـەدانی ئەرکـەکانیان ڕەخنـەی لـە جەنەڕاڵـەکانی دەگرت، جەنەڕاڵەکانی بە نەشیاو دەزانـی – جەنەڕاڵەکان پێداگرییان دەکرد کە سەرەڕای گوزەرگای ئاوی، ناتوانن بە کاتێکی کەم لەشکری هرمان گۆرینگ لە سیسیلەوە بگوازنەوە بۆ وڵات، تا بەرپەرچی پەلاماری هاوپەیمانان بدەنـەوە - هیتلـەر بەتوونـدی وەڵامیدایـەوە، "گوزەرگـا ئاوییەکان هیچ نیین. ئیرادە ڕۆڵ دەبینێت!". لە حەقیقەتدا، سـەرکەوتنی ناسـیۆنال سۆسـیالیزم لـە ئـەڵمانیا بـە بانگەشـەی نازییـەکان، بـە "سـەرکەوتنی ئیـرادە" جـاڕی دەدرا.

دوو تایبەتمەندیی فاشیزم لە دژایەتیکردنی عەقڵ ژێری و جێگرتنـەوەیان بـە ئیـرادە و ورە دەرەنجـامی دەبێـت، هەرچەنـد ئـەو دوو تایبەتمەندییـە ڕیشـەی لـە هـەمان زیهنییـەتی فاشیستیدا هـەبوو. یەکـەم دژایەتیکردنی تیۆر، دووەم هێنانـەئارای ئـەو وێنایـە بـوو کـە سیاسـەت و کۆمەڵگە، قەڵەمڕەوی ململانێ و شەڕی هەمیشەییە.

فاشیزم پێیوایە سیستمە تیۆرییەکان، تەنیا لە خزمـەتی بـەرگرتن لـە کـردەی بەئەنقەسـتدان. جەخترکردنـەوە لـە دۆکترین و کـاری تیۆری، بەشێکە لە داڕووخـانی ژیـانی بۆرژوازی، ئامڕازێـک کـە بـە یاریـدەی ئـەو، مانـدوێتی و بێـزاری زاڵـدەبێت. کاتێـک کـە ناسـراوترین شـاعیر و ڕۆماننووسـی ئیتـاڵی (گابرێل دی ئانونیزۆ) بە چـەمکێکی نوێ لـە ژیـان و دابڕان لـە سـەرمایەداری و سۆسیالیزم،

شـاری "فیومـه[4]"ی داگیرکـرد (کـە کاریگـەری بـەرچاوی هەبوو لەسەر تێگەیشتنی خودی مۆسـۆلینی لـە فاشیزم)، لەوانـە بەڵگـەکانی بـۆ ئـەو هـەنگاوە ئـەوە بـوو کـە ئەگـەر کارێکمان ئەنجامنەدەدا، هەمووومان لە شـەکەتی و بێزاریدا دەمردیین. هەر بەو شێوەیە بەڕای مۆسۆلینی، (فاشیزم لە ژیـــان "ئاســـودە و بێخـــەم" بێـــزارە). وەک مرۆڤـــەکان لەڕوانگـەی فاشـیزمەوە لـە بنچینـەوە ناعـەقڵانین، تیـۆر ناتوانێـت وەک هێزێکـی ڕێکخـەر کاربکـات، نـەک تیـۆری مارکسیستی، بـەڵکو کـاری ئاگایانـە و بەئەنقەسـت لەلایـەن سەرۆکەکانەوە، سۆسیالیستەکان سازدەدات.

دژە ژیـــــری، سەردەکێشـــێت بـــۆ دژایـــەتیکردنی هزرگـەرایی. هزرگـەرایی، کـە پشتئەسـتوور بـوو بـە بنـەما ئەبستراکتەکان و تێگەیشتنی "جۆری مـرۆڤ"، بابەتـەکانی پەیوەسـت بـە شوناسـی گشـتی تاریـک دەکـات، هـەروەک دەبینین گرنگیی ڕیشـەکان لەبـەرچاوناگرێت، بـەم شـێوەیە ڕۆحـی مـرۆڤ لـەناودەبات. مـوریس بـاریس لـەو ڕووە لە ناڕەزایی دریفۆس (ئەلفرێد دریفـۆس، ملازمـی دووەمـی سـوپای فەڕەنسـا، بـەپێی بەڵگـەیـەکی گومانـاوی لـە سـاڵی 1880 دەســتگیرکرا و بـــە ســیخوڕیکردن بــۆ دوژمنــی

[4] دوای پێشنیارکردنی کۆنفرانسی ئاشتی پاریس لە سەربنەمای ڕادەستبوونی شاری فیومە "ئێستا ڕیکا لە کرواسیا" زۆربەی دانیشتوانەکەی ئیتاڵی بوون، د.ئانونزیۆ بەهاوکاری 2000 کەس لەهێزەکانی هاوپەیمانان "ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا"ی دەرکرد، ئەو ڕووداوە یەکێک بوو لەو ڕووداوە گرنگانەی، کە بە سەرهەڵدانی فاشیزم ئەژمار دەکرێت

(ئەڵمانیا) تۆمەتبارکرا. ئەلفرێد کە جولەکە بوو، لە دادگای سەربازی و لە یەکێک لە کۆڵۆنیالەکانی فەرەنسا بڕیاری بەندکردنی ئەبەدی بەسەردا درا و لە سوپا دەرکرا، بەڵام بە لەقاودانی برا و هاوسەری دریفۆس، چەندین دادگا بۆ پێداچوونەوە پێکهێنرا و لە کۆتاییدا بێ تاوان دەرچوو، ئازادکرا. لە پرۆسەی ئەو دادگاییکردنەدا کۆمەڵگەی فەرەنسا بۆ دوو باڵی وەکویەک دابەشبوو. داکۆکیکارانی بێ تاوانی دریفۆس بریتیبوون لە ڕووناکبیران، کۆماریخوازان، لیبراڵەکان و سۆسیالیستەکان و دژە دریفۆسییەکان بریتیبوون لە کاسۆلیکەکان، دەسەڵاتخوازان، دەستە ڕاستەکان و خانەدان و دژە جولەکەکان. سەرئەنجام دریفۆس لە 1898 بێ تاوان دەرچوو ئازادکرا، لە مەنفا گەڕایەوە). پەلاماری ڕووناکبیرانیدا، چونکە ڕووناکبیران باوەڕیان وابوو کە پێویستە کۆمەڵگە لەسەر بنەمای عەقڵی ڕەهای پێشداوەری بنیات بنرێت، بە گوتەی ئەو دیارییان نەدەکرد، کە کۆمەڵگە لە واقیعدا پشت بەستووبوو، بە پێویستییەکانی ڕابردوو، لەوانەیە بۆ عەقڵی تاک نامۆ بێت. قوتابخانەی کانت، "ئاکاری دەوڵەتی فەڕەنسا"، هانماندەدات یاساگەلێک بۆ "جۆری مرۆڤ" کە وەک بوونەوەرێکی جیهانگیر و ئەبستراکت تێبگەن دابنێین بەم شێوەیە، هیچ مانایەک بۆ مرۆڤایەتی دانانێت کە لە خاک، مێژوو، میللەتی خۆی ڕیشە دادەکوتێت.

مندالی گرفتاربوو لە وشە پەتییەکان، پەیوەندیی بە تەواوی واقعیەتەوە دەپچڕێت، شوناسی کانتی لە خاکی

باپیرانی ڕیشەکێشی دەکات. دیپلۆمی ڕواڵەتی شتێک دەخولقێنێت کە دەکرێت ناوی بنێین "پرۆلیتاریای دەرچووان". ئەوە سزانامەی ئێمەیە دژی زانکۆکەکان: ئەوەی لەسەر بەرهەمەکەی، واتە ڕووناکبیر ڕوودەدات ئەوەیە کە ببێتە دوژمنی کۆمەڵگە.

بە هەمان شێوە (گتفرێد بین) گەورەترین شاعیری سەردەمی نازیی، پەلاماری ئەو کۆمەڵە نووسەرەی دا کە "بە گوڵمیخەکانی سەر چاکەتەکانیانەوە لە میوانداریییەکان لە پەنا وەزیرەکان دادەنیشتن، پێنج قاپ شەراب دادەنرێت، نووسراوێک دەربارەی مەسەلەی زەمانە واژۆدەکەن". جەنتیلەی ئەدیبی ڕووناکبیری بە بیژووی ڕێنیسانسی ئیتاڵیا دەزانی، کە بەدوای دۆست و نەیارانی پێگەکانەوەیە، بەم شێوەیە بە چاودێریکی بێهەست دەمێنێتەوە، سەرپێچی لە پابەندبوون دەکات بە خەبات. "تەواوی کەفوکوڵەکان لەسینگیدا دادەمرکێتەوە، لە شەقامەکان دووردەکەوێتەوە کە خەڵک شەڕی تێدادەکەن و ئازاردەکێشن و دەمرن، بۆ خۆی لە ئەمن و ئاسایشدا چاودێری دەکات". بەم ڕێگەیە ئامانج لە بێمتمانەکردنی "ڕووناکبیران"، داماڵینی ئەو شتە بوو کە فاشیزمی بە **شێوازی کاری** ئەوان دەزانی، بە ڕای فاشیزم گەڕان بەدوای حەقیقەتدا بەسوودوەرگرتن لە عەقڵ، نابێت بپرسین کام دۆکترین ڕاستە، بەڵکو دەبێت هەموو باوەڕێکت بەلاوە پەسند بێت، کە بەکاریگەرترین شێوە ئیرادە دەردەبڕێت، لە هەمووان زیاتر ئەگەری سازدانی کۆمەڵانی خەڵکی هەیە. کردە *(پراکتیک) دەبێتە بناغەی*

*گۆڕانی تاک و کۆمەڵ، نەک* ئەندێشە، لەم مانایەدا فاشیزم بۆ فاشیستەکان، تیۆرێک نییە کە پێویست بکات تێیبگەین، بەڵکو بنەمایەکی تێکڕاییە و هەمووان دەتوانن لە بالادەستییەکەی بگەن، بالادەستییەکەی حەقیقەتەکەیەتی. ڕووناکبیران بە جیاکردنەوەی ئەندێشە لە کار و قوڵبوونەوەی تەواو لە ئەندیشەدا، بە ستایش و بەرزنرخاندن لە تیۆر دەکۆڵنەوە، بەم شێوەیە ماهیەتی ژیاریی و هێز و وزەی کار بە لایەنی کەم دەگرن. سیستمی تیۆری زیندانن و جووڵاندنەوەی ئیرادە سنووردار دەکەن.

دژایەتیکردنی تیۆر بە قازانجی کردە پێویستی بە دژایەتیکردنی تیۆر نییە لەخۆیدا، بەڵام تێگەیشتنی فاشیزم لە خۆی وەک باوەڕێک دەردەخات، واتا هاوتای شوناسی *ئایینییە*، نەک شوناسی عەقڵانی. چونکە خەڵک پێویستیان بەوەیە باوەڕیان هەبێت نەک تێیبگەن، دەبێت چوارچێوەی چەمکی فاشیزم لەسەر بنچینەی زمان و سیمبولیزم یەکبگرێت، کە لە ئایین نزیکترە وەک لە سۆسیالیزم. هەر لەوێیە کە مۆسۆلینی و جەنتیلە لە "شوناسی فاشیزم"دا سەرەڕای قوڵبوونەوە لەسەر کار، جەخت لەوە دەکەنەوە کە فاشیزم سیستمێکی ئەندێشەیە، بەڵام ئەندێشەی ئایینیی "فاشیزم ڕوانگەیەکە ئایینی، کە لەودا مرۆڤ پەیوەندیی بەردەوامی ناوکیی بە یاسای باشتر و ئیرادەی بابەتییەوە دەکات، کە سەروی تاکی تایبەتی دەکەوێت، دەبێتە ئەندامی بەئاگای کۆمەڵگەی مەعنەویی". فاشیزم باوەڕ و ڕوانگەی مەعنەوییە، بەڕای مۆسۆلینی و جەنتیلە

دەوڵـەت شـوێنی خـوا دەگرێتـەوە، "دەوڵـەتی فاشیسـت... هێزێکـە، بـەڵام هێزێکـی مەعنـەوی... بەڵکـو ڕۆحـی ڕوحـە" دەربـارەی نـازیزم، وەک چـۆن هیتلـەر دەیهێنێتـە بـەرباس، "شۆڕشـــی ڕوح"، کـــە شۆڕشـــی نازییـــەکان دەیـــەوێت وەهابێت، لە ماهیەتی گشتی پشتبەستوو بوو بە بۆچوونی مەعنـەوی. چـەمکی (ئەلفرێـد ڕۆزێنبێـرگ) بـۆ نـەژاد، لـە وەسـفی "ئوسـتورەی سـەدەی بیسـتەم"، ڕیشـەی لـەو چەمکەدایـە کـە لـە "ڕۆحـی نـەژاد"دا وێنـاکرابوو، نەتـەوە "بەگشتی ڕەهەندی ئایینی" هەیە.

ژیـانی نـەژادەکان دەربـڕی فەلسـەفەیەک نییـە، کـە بـە شێوەی لۆژیکی گەشە دەکات، تەنانەت ئەلگۆیەک هاوتا بە یاسای سروشتی ئاشکرا ناکات، بەڵکو لەجێدا کامڵبوونی سـەنتێزی دەروێشـیی چـالاکی ڕۆح نیشـاندەدات کـە ناتوانرێت لە ڕوانگەی عەقڵانییەوە ڕوونبکرێتەوە.

لێکۆڵینـەوە لـە فاشـیزم وەک ئـایین، جـارێکی دی لێکدانـەوەی سـەرنجڕاکێش لـە دیـاردە جۆراوجـۆرە فاشیستییەکان دەکاتە ئەگەرێکی کراوە. بۆ نموونـە ئایینی ڕابـەر، ڕواڵـەتی وروژانـدنی ئـایینی بـەخۆوە دەگرێـت – ڕابەری فاشیست هاوشێوەی پاپایە لە کڵێسای کاسۆلیکدا. دەرچـوون لـە حـزب (پەیوەسـت بە ئیتاڵیـاوە)، بـە مانـای دەرچوونـە لـە ژیـانی گشـتی، لـە ئەنجامـدا یەکسـانە بـە تـەکفیر، بەڵام لێرەدا سـەرنجم ئاڕاستەی کاریگـەریی ئـەو کارەیـــە لەســـەر ڕووبەڕووبوونـــەوەی فاشـــیزم بـــە عەقڵانییەت و ماتریالیزم. پاڵنەری فاشیزم لـە پەلاماردانی عەقڵانییـەت و ماتریـالیزم ئەوەیە،کـە هـەردووکیان وەک

پێویست ڕوانگە و بەڵگاندنی ئایینی لاوازدەکەن، بەڵام "ڕێباز"ی فاشیزم جیاوازییەکی نائاسایی بە نەریتی جولەکە-مەسیحییەوە هەیە، لە حەقیقەتدا فاشیزم ئەو نەریتە پەلکێشی لەناوچوون دەکات. ڕێبازی فاشیزم پشتبەستووە بە پاککردنەوەی سروشت و میللەت. "یاسا سروشتییەکان" لە هزری فاشیستی و لە ڕوانگەی زانستییەوە سەلمێنراو و نهێنی ئامێزە. پێدەچێت نهێنیئامێزیی بایۆلۆژیک، هەم پێگەی زانست و هەم دەسەڵاتی ئایینی هەیە. فاشیزم بۆ سازدانی جەماوەر بە سەبک و شێوازی دژە کۆمۆنیستی، بۆ "میللەتیان دەگۆڕی"، واتا بە نوێکردنەوەی ڕێکخراوی چینی کرێکار، وەک بەشێک لە میللەت، خەباتی میللەت بەپێی نهێنی سروشت دەیخستەڕوو، میللەت لە بزووتنەوەدا ڕۆڵی مێژوویی خۆی بە هێنانەئارای ڕۆحە سروشتییەکەی – ئیرادەی تایبەت بە دەسەڵات جێبەجێ دەکات. شەڕ لەو پەیوەندییەی سروشت و میللەت – گوتەزای بنچینەیی بۆ فاشیزم، لە بەشەکانی داهاتوو شرۆڤە دەکرێن-گرنگی بنەڕەتی دەبێت. هەروەک والتەر بنیامین دەیخاتەڕوو: "لە هاوسەنگیی گۆشەکانی ئەو دەسەڵاتانەی کە بە سروشت و میللەت فۆرمیان گرتووە، شەڕ تیرەکەیەتی". شەڕ پرۆسەی سروشت دەپارێزێت، لە دەسەڵاتگرتنەدەستی میللەتدا ڕۆڵی هەیە.

لێرەدا جارێکی دیکە ئیرادەی تایبەت بە دەسەڵاتی نیچە گرنگی خۆی هەیە. هیتلەر پێماندەڵێت هەرکەسێک کە (لە ڕێسا و یاسای ئەم جیهانەی کۆڵیبێتەوە، تێدەگات

ماناکـەی لـە مانـەوەی شـەڕخوازانەی شایسـتەترینیانە).
کەوایە تـەنیا شایستـەترین تـاک-کەسـانێک دەمێنـەوە کـە ڕاشکاوانەترین و کاریگەرترین فۆڕمی ئیرادەی تایبـەت بـە دەسەڵات دەردەبڕن-دژایەتیکردنی بایەخی تیۆرەکە، تـەنیا کار بۆ تاک دەهێڵێتەوە، بـەڵام کـار- کـارلێکی- بـەبێ هـیچ پەیوەندییەک بە بنەمای واقیعی، لەگـەڵ ئەندێشـە و بـواری تیۆری بۆ ئامانجێک لەخۆیدا دەگۆڕێت، کە بکرێت داکۆکی لـێ بکـەیت، چونکـە کـار ئیـرادەی تایبەتـە بـە دەسـەڵات، ئـەویش وەک پێویسـت پەیوەنـدیی بـە ململانێوە هەیـە لـە جۆری توندوتیژی. لەو ڕوانگەیەوە پێداگری لەسـەر شـەڕ وەک بـاڵاترین دەسـتکەوتی شارسـتانی، دەبێتـە کـاری یەکلاکـەرەوە. ئـەو کـارە لـە هـیچ شـوێنیک لـە کـاری فۆتۆریسـت و کاریگـەری سیاسـی و کولتوورییـان زیـاتر ئاشـکرا نـەبووە. مـارینتی لـە "مانیفێسـتی فۆتـۆریزم"دا (1909) دەڵێـت: "عیشـق بـە مەترسـی، خـۆگرتن بـە خـەرجکردنی وزە، ئازایـەتی، بێبـاکی و ڕاپـەڕین" دەردەبڕێـت. ئـەو خەباتـە نـەک تـەنها هـەر بـۆ دەسـتەبەرکردنی دەسـەڵاتە، بـەڵکو بـە هـەمان شـێوە دەربـڕی ئایـدیالی جوانناسـییە. "ئیـدی بێجگـە لـە خـەبات، جـوانی بـوونی نییـە. هـیچ بەرهـەمێک بـەبێ کەسـایەتییەکی شەڕانی ناتوانرێت بە شاکار بزانرێت". لە ئاکاما فۆتۆریزم "شـەڕ ستایشـی -تاکـە هۆکـاری تەندروسـتی جیهـان- دەکـات." فاشـیزم شـوێنکەوتەی ئـەو ئەلگۆیەیـە: "شـەڕ تـەواوی هێـزی مرۆیـی بـە بـاڵاترین ئاسـتی گـرژی خـۆی دەگەیـەنێت و مـۆری ڕەسـەنێتی و خانـەدانی لە کۆمـەڵانی

خەڵکانێک دەدات، کە بووێری ئەوەیان هەیە ڕووبەڕووی ببەنە".

بـــە شـــێوەیەکی گشـــتی گۆڕانکارییـــەکی وەهـــا، لـــە ئەندێشـــەی کۆمەڵایـــەتی و سیاســـی ئەوروپیـــدا، هاویـــائ بەســـەنتەربوونی شـــەڕ بـــوو. لـــە حەقیقەتـــدا، زۆربـــەی نووســـەران ستایشـــی شـــەڕ دەکـــەن-ســـروودی ستایشـــی نیچە بۆ "شاکارێک" کە ناوی شـەڕە، پێداگریکردن لـەوەی کـە سیاسـەت گرنگـە بـۆ شـەڕ و دیسـانەوە پێویسـتیان بەشـــەڕە، بەرزنرخاندنەکـــەی (جۆزێـــف دی مایســـتەر)، یەکسـەر شـەڕ وەک سـەرچاوەی خوایی بیردەهێنرێتـەوە. خـاڵی یەکلاکـەرەوە لـە پێکهێنـانی ئەندێشـەی فاشیسـتی، بەتایبـەت لـە فەڕەنسـا، پەسـندکردن و وەرگرتنـی ڕای (پرۆدۆن) بوو دەربارەی سروشتی خوایی شەڕ. تەنیا ئەو نەریتە کۆنەپەرستە نەبوو، کە جەختی لە گرنگیی شـەڕ دەکردەوە. مارکسیزمیش لە پرۆسەی شۆڕش و ڕزگاریدا ئاماژەی بە گرنگیی شەڕ کردبوو-شەڕی چینایەتی، کە لـە هـەمووان ڕوونتـرە، بـەڵام شـەڕە نەتەوەییـەکانیش کـە بـە شـێوەیەکی گشـتی بـە بەشـێک لـە ڕەوتـی جـوڵان بـەرەو گـــۆڕانی شۆڕشـــگێڕی ئـــەژمار دەکـــرێن، نووســـەرە ناودارەکانی نەریتی لیبراڵی، (کانت) بۆ نموونـە، ئاماژەیـان بـە ماهیـەتی شـەڕ دەکـرد، سـەرەڕای تکایـان بـۆ ئاشـتی. لەگـەڵ ئەوەشـدا زۆر نادروسـتە کـە وەک (نۆئێـل ئـۆ. سـولیڤان) بڵێـین: "ڕێبـازی خـەبات، توندوتیژی و شـەڕی فاشیزم نیشانەی لادانی بنەڕەتی نییە لە نـەریتی ئـەوروپی پێشـوو". بانگەشـەکانی وەک ئـەوەی کـە "شارسـتانی هـیچ شتێک نییە، بێجگە لە شکۆی خەباتی نەپساوە" (دئانونزیۆ)

لەوانەیە هاوشێوەی بانگەشەی سەرەتایی بێتەبەرچاو لە *مانیفێستی کۆمۆنیست*، کە مێژووی تەواوی کۆمەڵگەکانی تائێستا هەبوو، مێژوویی خەباتی چینایەتی بووە، لەگەڵ هاوشێوەبوونی بە ڕاڤەی کۆتایی لە *هەژاری فەلسەفە*، کە ئێمە لەگەڵ شەڕ یان مردن، ڕووبەڕووی خەباتێکی خوێناویی لەناوچوون بووینەتەوە، بەڵام ئەو هاوشێوەییە ڕێک و ڕاست ڕواڵەتییە. توندوتیژی و شەڕ بۆ فاشیزم ڕەهایە. (د.ئانونزیۆ) لەبەر خاتری خۆی ستایشی خەبات دەکات، نەک لەبەر ئەو ئاکامەی کە دوورنییە دەستی پێ بگات.

چونکە فاشیزم لەبەر خاتری خۆی ستایشی شەڕ دەکات، لە واقیعدا پێویستییەک نابینێت کە هۆکارێک بۆ شەڕ بخاتەڕوو یان بۆ بنەمایەکی عەقلانی یان بە ئایدیالی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەستپێشخەری بۆ شەڕ بکات. شکۆ و شانازییەک سەرچاوە لە دەستکەوتەکانی ناگرێت، کە شەڕ لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت، بۆ نموونە کۆمەڵگەی بێ چینی داهاتوو، کە شەڕ تێیدا لەناودەچێت، بەڵکو دەرئەنجامی خودی خەباتە. بانگەشەی شۆڕشگێڕێکی محافزکار (ئارنست یۆنگەر) "لە جێگەیەک کە شەیدایی ڕاستەقینە دەردەکەوێت– لە هەموو شتێک زیاتر لە خەباتی ڕووت و ڕاستەوخۆ بۆ مردن و ژیان–ئەو بابەتە بایەخی پەراوێزیی بەخۆوەدەگرێت، کە لە کام سەدەیە، بۆ کام هزر و بەکام چەک ئەو شەڕە دەکرێت، "لەسەرانسەری نووسینە فاشیستییەکان ڕەنگیدابووەوە، کە بووە حیکایەتی شەڕانگێزی. هیتلەر لە خەباتی من جەختدەکاتەوە، کاتێک میللەتەکان شەڕ دەکەن، تەواوی

چەمکە مرۆڤگەراکان دەبنە هیچ، ئەوە لەکاتێکدایە کە شەڕ بۆ خانەدانی ڤالۆی لە فەرەنسا، "یاسای سەرەتایی ژیان"، "تاکە ڕێگەیە بۆ دەستگەیشتن بە بالاترین ئاستی غەریزەیی ژیان"، لەو ڕووەوە ئیرادەی تایبەت بە دەسەلات دێنێتە ئاراوە، چونکە "ئاگری یەکتربڕی بێزاری و عیشق" (مۆراس)، شەڕ بە ساتە پڕمەترسییەکان ئاشنامان دەکات، بەم شێوەیە بایەخی بوونیادی و ئەگزیستانسیالیی هەیە. بەگوتەی بنیامین "هەر کە ئەو دابڕانە منداڵانەیە سەریکێشایە ڕێبازێک واتە ستایشی زێدەڕۆیانە... بێجگە لە گواستنەوەی سروشتیی بنەماکانی هونەر بۆ هونەر بۆ شەڕ، هیچی دیکە نییە". بابەتی هاوشێوە لە مارکسیزم یان لیبرالیزمدا بوونی نییە. لێرەدا باوەڕی کانتی لە گەڕان بۆ "ئاشتی هەمیشەیی" و ڕاگەیاندنی سۆسیالیستی "شەڕ لەگەڵ شەڕ" هەڵدەوەشێتەوە، تەنیا بۆ ئەوەی، کە ویستی نیچەیی شەڕی هەمیشەیی یان "شەڕ و دووبارە شەڕ" جێگەیان بگرێتەوە، هزر و وێنایەکە لە شەڕ و بەدیاریکراوی خەیاڵپڵاوی فاشیستییە. لەم مانایەدا شەڕ کارێکی تێکڕایی فاشیستی پێکدەهێنێت.

فاشیزم شەڕی یەکەمی جیهانی، بە قۆناغێکی مێژوویی یەکلاکەرەوە دەزانی. خاڵی وەرچەرخان لە مێژوودا، کە مێژوو خۆی لە خولانەوە بەدوورگرت. یەکلاکردنەوەی سیاسی نەخوازراو لە سەردەمی دوای 1918، هاوڕا بە دەسەلات گرتنەدەستی بزووتنەوە کۆمۆنیستییەکان لە سەرانسەری ئەورووپا، تەنیا سووکایەتی بەو هەستەکرا، کە ناتوانرێت گەشە بدات بە هاوڕێیەتی و هاوڕایی

ئەزمونکراو لە سەنگەرەکان، پێگەکان، بەهای قوربانیدان و مردن، کە شەڕ توانای پێدەدا، بەڵام پێویستە ڕیشەی ڕێبازی سەربازەکانی بەدەمداکەوتوو، ئەفسانەی تاقیکردنەوەی شەڕ و ئەو بایەخەی کە مۆسۆلینی ناویدەنێت "سەنگەرسالاری" لە ڕۆڵێکدا کە شەڕ بە ناوی کارێکی تێکڕایی بۆ فاشیستەکان هەیبوو، لە تایبەتمەندییەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی کۆڵییەوە. لە واقیعدا تەنیا شەڕێک بۆ فاشیزم بوونی هەیە، "شەڕ"ی تێکڕایی کە تەواوی شەڕە تایبەتییەکان، شەڕی جیهانی، شەڕی نەژادی، شەڕ دژی کۆمۆنیزم – تەنیا بەشە تێپەڕ و سنووردارەکانیەنی. بایەخی شەڕ لەوەدایە کە بە شوێنی بەیەکگەیشتنی ئەزموونی دەروونی، بالاترین فۆڕمی چالاکیی سیاسی و بەکارهێنانی بەرزی تەکنەلۆژیای مۆدێرن ئەژمار دەکرێت. زیهنیەتی سەرچاوەگرتوو، لە ئەزموونی لەناوچوونی سەربازی بەرە بۆ پشتگیریکردنی بابەتی دەسەڵاتی میتافیزیکی–ژینداری بگۆڕێت، کە چارەنووس پێکدەهێنێت. شەڕی سروشتی مەعنەوی دەگۆڕێت و تایبەتمەندێتی زەقی سروشتە. بەمەش، دۆخی شەڕی ڕێسای تێکڕاییە، بەدەربڕینێکی دیکە جیاوازی واقیعی نێوان سیاسەت و شەڕ بوونی نییە، بەڵام ئەوەش بەمانای ئەوەیە کە شەڕی فیزیکی بەکردەوە، واتا هەوڵ بۆ لەناوبردنی ژیانی مرۆڤ بەهۆی سازدانی تەواو پێرفێکتی میللەت، قۆناغی هاتنەئاراوەی فاشیزمە.

## 2- "یەکەم: بوومە ناسیۆنالیست"

بە جەختکردنەوە لە شەڕی هەمیشەیی، پرسیارگەلێک دەربارەی ماهیەتی سوبێکتی گشتی تێکهەڵچوون لە شەڕدا دەخرێتەڕوو. پێویستە وەڵامەکەی لە "میللەت"دا بدۆزیتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک کە میللەت دەخرێتە سوبێکتی واقیعی شەڕەوە، دەتوانێت بوونیادێکی چۆن بۆ کۆمەڵگەیەک "بێ چین" بخاتەڕوو. بە کورتی: میللەت پێگەی ناوەندیی لە فاشیزمدا هەیە. ناسیۆنالیزمی فاشیستی دابڕان لە تێکڕایگەرایی لیبراڵی و مارکسیستی– دەربارەی مارکسیزم، هاوشێوەی ئینتەرناسیۆنالیزم وەک کلیلی خەباتی چینایەتی– ئاسان دەکات. من لەم بەشەدا بە شێوەیەکی گشتی گرنگیی ناسیۆنالیزم بۆ فاشیزم ڕووندەکەمەوە (لە بەشی سێیەم فراوانتری دەکەم)، پێش ئەوەی ڕاڤەی گشتی تر دەربارەی ماهیەتی "میللەت"ی فاشیستی، پەیوەندی بە نەژاد و دەوڵەتەوە ڕابگەیەنم. ئەو باسە دەخەمەڕوو، کە جیاوازییەکانی ناو ناخی فاشیزم لە پەیوەند بە ماهیەتی دەوڵەت و پانتایی جەختکردنەوە لە نەژاد نابێت ببێتە هۆی دژایەتیکردنی ئێمە، لە کەڵکوەرگرتن لە چەمکی فاشیزم بۆ نموونەکانی سەرووتر لە ئیتاڵیا.

### لە "چینێکەوە لە دۆخی خەباتدا"
### بۆ "میللەتێك لە دۆخی شەڕدا"

مارکسیزمی سەرەتایی مۆسۆلینی بە مانای ئەوەبوو، کە زۆرجار مۆسۆلینی ڕێبازی ئینتەرناسیۆنالیستی

دەگرتەبەر. لە ساڵی 1912 جەختیدەکردەوە کە "ئێمە وێنایەکمان لە سۆسیالیزمی نیشتمانپەروەرانە نییە. لە جیهاندا تەنیا دوو وڵاتی باوک بوونیان هەیە، وڵاتی چەوساوەکان و وڵاتی چەوسێنەران." لەگەڵ هەموو ئەوانەدا لە "وتارەکەی ناپل"، سێ ڕۆژ پێش ڕێپێوانەکەی 1922 بۆ ڕۆما[5] بانگەشەی دەکرد، کە "ئێمە ئوستورەی خۆمان خولقاندووە ... ئوستورەی ئێمە میللەتە، ئوستورەی ئێمە گەورەیی ئەو میللەتەیە". گۆڕانێکی وەها هاندەری ئەو باوەڕەیە کە شەڕی یەکەمی جیهان ڕووداوێکی مێژوویی یەکلاکەرەوە بوو، کە مۆسۆلینی

---

[5] ڕێپێوانی 1922ی فاشیستەکان بۆ ڕۆما، مۆسۆلینی و حزبی فاشیستی وەک گرنگترین حزب سیاسی لە ئیتاڵیا تۆمارکرد. پێشتر حزبە فاشیستەکان لە تشرینی دووەمی 1921 هێزەکانی خۆیان یەکگرتوو کردووە، حزبی فاشیستیان پێکهێنابوو. لە تشرینی یەکەمی 1922 مۆسۆلینی، لە کۆنفرانسێک ڕایگەیاند کە یان حکومەت دووردەکەوێتەوە یان فاشیستەکان بەرێپێوان بۆ ڕۆما، دەسەڵات زەوتدەکەن. بەرنامەی دەستەبەرکردنی دەسەڵاتی مۆسۆلینی سادە، بەڵام وردبوو، کە لەماوەی چوار قۆناغدا جێبەجێکرا. یەکەم فاشیستەکان لە هەموو شوێنەکانی ئیتاڵیاوە هێنرابوونە ڕۆما، دووەم، تەواوی بینا گرنگەکانی حکومەت لە ڕۆما، لە شارە گرنگەکانی ئیتاڵیای باکوور داگیرکرا، سێیەم، مۆسۆلینی داوای دەستلەکارکێشانەوەی حکومەتی ئەو کاتەی دەکرد، پێکهێنانی حکومەت بە ڕابەرایەتی فاشیستەکان بوو، چوارەم، فاشیستە چەکدارەکان لە نزیک ڕۆما ئامادەبوون، تا لەکاتی دژایەتیکردنی مۆسۆلینی لەلایەن شاوە، بە چەک شار داگیر بکەن. جووڵانی مۆسۆلینی، شا ڤتکتۆر ئەمانوێلی ترساند و لە 29ی تسرینی یەکەمی 1922 مۆسۆلینی بانگهێشتی سەردانیکردنی شا کرا، لە 30ی تشرینی یەکەم لە پۆستی سەرۆک وەزیران سوێندیی یاسایی خوارد.و.ف

سۆسیالیستی بۆ مۆسۆلینی ناسیۆنالیست گۆڕی، پاشان فاشیستێکی لێ درووستکرد. مۆسۆلینی بۆ خۆی بانگەشەی کردبوو کە چوونە ناوەوەی ئیتاڵیا بۆ شەڕ، سەرەتای شۆڕشی فاشیستی دیاریدەکات، ڕێبازی میلیتاریزمی قوربانیی شەڕ و ئوستورەی شەڕی گەورە، متمانەی ئەو بانگەشەیەی زیادکرد. مۆسۆلینی زۆر بە توونــدی کەوتبووە ژێر کاریگەریی هەستە ناسیۆنالیستییەکانی ئیتاڵیاوە، ئەوروپا پێش جەنگی یەکەمی جیهانی، لەو ڕەوتە بوو. زادەی فاشیستی ڕێکخراو لە ئیتاڵیا لە 23ی مارسی 1919 وادەکات گومان بکەین، کە فاشیزم بە لێکدانەویەک ئاکامی شەڕی یەکەمی جیهانیی بووە، بەڵام ئەو بانگەشە گشتییە کە گۆڕینی ڕای مۆسۆلینی بۆ فاشیزم لە ڕێگەی پەیوەندیکردنی بە ناسیۆنالیزمەوە دوای شەڕ، لەو ئەنجامە ڕوویداوە، گرنگی ناسیۆنالیزم پێش شەڕی مۆسۆلینی، هەروەها گرنگی سەرکێشی دژی پۆزەتیڤیزم و پێداچوونەوە بە مارکسیزمی لەم بابەتەدا خەوشدار کردووە.

بەشێک لە وتارەکەی ناپل، کە مۆسۆلینی لەودا میللەت بەترسی سەرەکیی فاشیزم دەخاتەڕوو، بۆ تێگەیشتن لەو سەرچاوانە ڕوونکەرەوەیە. مۆسۆلینی، بەم ڕێگایەی خوارەوە پشتگیریی بانگەشەی خۆی دەکات:

ئێمە ئوستورەی خۆمان خوڵقاندووە، ئوستورەی ئێمە باوەڕە، پەرۆشییە، پێویست ناکات واقعیەت بێت. بەو مانایە واقیعەتە کە بزوێنەرە، هیوایە، باوەڕە، ئازایەتییە.

ئوستورەی ئێمە میللەتە، ئوستورەی ئێمە گەورەیی ئەو میللەتەیە! ... بەڕای ئێمە میللەت تەنیا قەڵەمڕەوێک نییە، بەڵکو کارێکە مەعنەوی ... میللەتی گەورەیە کە هێزی ڕۆحی خۆی بۆ واقیعەت بگێڕێتەوە.

ڕیزکردنی ئەو دەستەواژانە –دەربارەی ژینداری و ڕوح– ئوستورەی بە هۆکارێک دەزانی، بۆ سازدانی میللەت، هیوایەک کە کردەی جەماوەری دوای ئەو ڕوودەدات و جەماوەر بۆ کاری ئازایانە دەوروژێنێت، چونکە یەکگرتوویی میللەت کارێکی مەعنەوییە، لە جوگرافیا و دانیشتوانی نیشتەجێبوو تێیدا سەرووتر دەڕوات، پێشوازیکردن نییە لە شرۆڤەی عەقلانی. بەڵام لە واقیعدا چەمکسازی میللەت لە بەرهەمەکانی مۆسۆلینی، بەتەواوی پێش ئەزموونی شەڕی یەکەمی جیهانی هەبوو. زۆرجار پێش شەڕ خوی بەوەوە گرتبوو سوود لە دەستەواژەی ناسیۆنالیستی وەربگرێت، تەنانەت کاتێک، کە جەختی لە گرنگی شرۆڤەکردنی چینایەتی ئینتەرناسیۆنال دەکردەوە، ئەی. جێمز گریگۆر بە دروستی بانگەشەی دەکرد، کە ناسیۆنالیزمی شۆڕشگێڕ پێشتر لە ساڵی 1909 لە بەرهەمەکانی مۆسۆلینی دا ئامادەبووە، بەڵام خاڵی کلیلی ئەوەیە، کە ئەو وایکردووە ناسیۆنالیزم پشت بە پەسندکردنی زمانی کولتووری ڕۆشنبیری ئەوکاتە ببەستێت، چەمکێک فۆڕمی گرتووە، کە مۆسۆلینی بۆ میللەت دوای شەڕی یەکەمی جیهانی ڕازیبوو، لەڕێگەی زمان و چەند چەمکێکەوە، خوێندنەوەی سەرەتایی بۆ نیچە، سۆرێل و لی بۆن، کە

داینەمۆی جوولاندنی بوون، تێگەیشتنی لە ناسیۆنالیزمی شۆڕشگێڕ پشتبەستوو بەتێگەیشتنی ئەو، لەگرنگی هەستە نەتەوەییەکان بووە، لە چوارچێوەی ئەو چەمکەدا گومان دەکرێت، کە هێزە سۆزدارییەکان تاک بە میللەتەوە دەبەستنەوە. بێگومان، مۆسۆلینی لەسەرەتای کاری خۆیەوە هێشتا باوەڕیوابوو، کە بەرژەوەندییەکان لەلایەن چینەکانەوە پێناسە دەکرێت، لەو ڕاگوزەرە بەرژەوەندی بوونیادی سەرەکی شوناسی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنێت، بەڵام ئەوە بەمانای ئەوە نییە، کە هیچ هەستێکی گشتی دیکە بوونی نییە. لە حەقیقەتدا، زۆرجار هەمان هەستی دیکە، داینەمۆی هێزی بزووێنەری کردەی جەماوەری پەکی دەخرا.

مۆسۆلینی ڕووبەڕووی ئەو مەسەلەیە بووەوە، کە چۆن گرژی شیاوی نێوان ناسیۆنالیزم، هەر چەندە بەڕەوتی شۆڕشگێڕی بزانین، لەگەڵ ناسیۆنالیزم بیتوێنینەوە کە بەپێی پێناسەی نێوان چینە ستەمکار و ستەمدیدەکان، پرۆلیتاریا و بۆرژوازی –یەکەمین دابەشکردنی کۆمەڵایەتی و سیاسی– جیاوازی هەیە، وەڵام لەو لەیەکچوونی کلیلییە پەنهان بوو، کە پێیوابوو لەنێوان ئامانجی سۆسیالیستی و ناسیۆنالیستی دۆزراوەیە، واتا پابەندی هاوبەشی هەر دوو بە مۆدێرنیزەکردنی ئیتاڵیا. چونکە پەرەپێدانی نەتەوەیی بەکردەوە مانای پەرەپێدانی پیشەسازی دەدات، وەک پێویستە سۆسیالیزم پەیوەست بێت بەپێشکەوتووترین پەرەپێدانی گونجاوی پیشەسازی، ئامانجی سۆسیالیستی

و ناسیۆنالیســـــتی، کـــــه دەکـــــرا لـــــەچوارچێوەی بـەمۆدێرنیزەکردنی میللـەت متوربـە بکرێن. بـەم شـێوەیە، داوا بۆ پەرەپێدانی میللـەت لـە پێوانـە بـە تـەواوی میللـەتان دەیتـــووانی داواکـــاری بـــۆ پەرەپێـــدانی سۆسیالیســـتیش لـەخۆبگرێت. گـۆڕانی کۆمەڵایـەتی شۆڕشـگێڕی، لـەجیاتی شـەڕی چینایـەتی دەیتـووانی لـەڕێگای شـەڕی میللەتانـەوە بێتـــەئاراوە. هـــەر بەوشـــێوەیە، دەیـــانتووانی هەســـتی نەتەوەیی بە بریيتی لە "هەستەکان"ی سۆسیالیستی بزانن. مۆسـۆلینی لـە بنچینـەدا ژمارەیـەکی زۆر لـە نووسـەرانی خســـتەژێر مـــۆدێلی خۆیـــەوە، کـــە تێگەیشـــتنی چینـــی زەحمەتکێشیان گۆڕیبوو. لـە جیاتی ئـەوەی پڕۆلیتاریـای چینـــی ســـتەمکێش و ڕزگـــاری لـــە دەســـەڵاتی بـــۆرژوایی بکرێتـــە ئامـــانجی ئـــەو دیاریکردنـــە، ئیتاڵیـــا بەمیللـــەتی پڕۆلیتاریـا ناسـێنرا، ڕزگـاربوون لـە میللـەتی بۆرژوا بـووە ئامـانجی. پڕۆلیتاریـا لـە پێشـکەوتندا، میللـەتی کردبـووە سەرمایەگوزاری (سۆسیالیستی).

ڕوودانی شەڕ لە 1914، گرنگی مێژوویی و پاڵنـەری سیاسی بەو ڕێکارەدا دەربارەی میللـەت. شـەڕ بەو مانایـە وەردەگیرا، کە نەک تەنها ناوەندێتی میللـەت سـەبارەت بـە چینـەکان، بـەڵکو کـەم بوونی ئینتەرناسیۆنالیزمی داکۆکی لێکـــراوی نێودەوڵـــەتی سۆسیالیســـتی ئاشـــکراکرد. پاشەکشـــەی حزبـــەکان و ڕێکخـــراوە ئاشـــکراکانی مارکسیسـتی ئەوکاتـە لـە ڕووبەڕووبوونـەوە بـە شـەڕی یەکـەمی جیهـان، تـەنها خزمـەتی پشـتگیرییکردنی ئـەو بابەتـەی کـرد، کـە میللـەت سـوبێکتی سـەرەکی و بابـەتی

خەباتــە. پێــدەچێت، سۆســیالیزم جێگــەی خــۆی داوەتــە ناسـیۆنالیزم. نێودەوڵـەتی بـوونی سۆسیالیسـتی مردبـوو، گوێپێنـــەدانی بەمەســـەلەکانی میللـــەت، یـــەکێکبوو لـــە هۆکارەکـانی ئـەو مردنـە. خـەبات بـۆ ڕزگـارکردنی چینـی کرێکار، جێگەی خۆی دا بە خەباتێک کە زۆر گرنگتر بوو، خــەبات بــۆ ڕزگــار کردنــی میللــەت بــەم مانایــە شــەڕی یەکەمی جیهان ڕۆڵی جیهانی—پشتگیری مێژوویی میللـەتی کـرد. بابەتەکـە ئـەوە نییـە کـە ڕای مۆسـۆلینی لـە شـەڕی یەکەمی جیهانی، لـە سۆسـیالیزمەوە بۆ ناسـیۆنالیزم گۆڕا (لەوێشــەوە بــۆ فاشــیزم)، بــەڵکو خاڵەکــە ئەوەیــە، کــە هەرچەنـدە مۆسـۆلینی پـێش شـەڕ ناسـیۆنالیزمی خـۆی بەوشـــەی سۆسیالیســـتی دەردەبـــڕی، خـــودی وشـــە سۆسیالیستەکان دوای 1919 وردە وردە بۆ گوتەزایـەک دابەشبوون، کە بنەمای بنـەڕەتییان لـە ناسـیۆنالیزم دابـوو. دەکرێـت ئـەو بابەتـە بەشـێوەیەکی باشـتر لـە وەرگرتنـی دەروونناسی جەماوەری لە لایـەن مۆسـۆلینەوە تێبگـەیت، چونکـــە لێـــرەدا نـــەک لایـــەنگری عـــەقڵانی لـــە داوای سۆسیالیستی، بەڵکو لـەجیاتی هەستەکان لـە بەرژەوەنـدی میللەتـە، کـە بنـەمای کـاری کۆمەڵایـەتی فەراهـەم دەکـات. بەڕواڵـەت ئـەوکارە بـەمانای ئـەوە نـەبوو، کـە خـەبات بـۆ ڕزگـــاری پڕۆلیتاریـــا دووردەکەوتـــەوە، بـــەڵکو خـــەباتی نـــاوبراو لەخـــەباتی نەتـــەوەیی، لـــە پێکهاتـــەی ناســـیۆنال سۆسیالیســـتیدا دەگونجێنـــدرێت، کـــە هیتلـــەر بـــە (بەناسیۆنالیستی کردنـی جـەماوەر) وەسفیکردبوو، بـەڵام دابەشــبوونی چــین بــۆ میللــەت، هۆکــاری شــۆڕش لــە

پڕۆلیتاریاوە بۆ میللەت دەگۆڕێت. پڕۆلیتاریا لە پێگەی خۆی لە شوێنی سوبێکتی مێژوو دەخرێتە لاوە، میللەت شوێنەکەی دەگرێتەوە کە وەک سوبێکتی مێژوویی و پەیوەندی شەڕانگێز چەمک بەندی، بۆ شەڕ ئامادە دەبێت و خەڵکانی خۆی لەڕێگەی هۆگری هەستەکانەوە بەخاوەن بەڵێن و پابەندی دەکات. فاشیزم بەو گۆرانە لە دایک دەبێت.

پاشان، فاشیزم میللەتی بە پێگەی خۆی گەیاند. ئەو گۆڕانە لە پاندییە هزری و سیاسییەکانی مۆسۆلینی، تاڕادەیەک لە هەموو ئەو کەسانەدا ڕوویدا، کە ڕۆڵی گرنگیان لە فاشیزمدا هەبوو، چاوپۆشین لەوەی کە دەسپێکردنی ژیانی سیاسییان بە مارکسیزم یان جۆرەکانی دیکە بووە، لە هزری سۆسیالیستی. دەکرێت لە فەڕەنسا لەوانە ئاماژە بە (جۆرج سۆرێل، هنریک دی مان، مۆریس بارس، مارسڵ دا، جۆرج ڤالوا و پی یەر دریۆ لاروشل) بکەیت، حزبی گەلی فەڕەنسا دۆریۆ ناسیۆنالیزمی تەواو پێرفێکتی پشتڕاستکردەوە. یەکەمین فاشیستی بەریتانیا، (سواڵد مۆزلی) ڕایگەیاند کە "ئەگەر وڵاتەکەتت خۆشدەوێت ناسیۆنالیستی. هەردووکیان بەیەکەوە دابنێیت، ئەوکاتە ناسینالیزم سۆسیالیزمت هەیە." لە ئیتاڵیا بێجگە لە جەنتیلە و مۆسۆلینی پێویستە، لەوبارەیەوە ئاماژەبکرێت بە (ویلفردۆ پارتۆ، ئا. لابریولا و ئەنریکۆ کورادینی). فاشیستە سەرەکییەکانی ئەڵمانیا، وەک (ئەلفرێد ڕۆزنبێرگ و واڵتەر درە)، هەمان بابەتی هزری و سیاسییان وەرگرت. هیتلەر ڕایەکی تەواو

ڕاشـــكاوانەی دەربـــارەی قۆنـــاغی پێكهـــاتنی چـــالاكیی سیاسییەكەی هەبوو، "یەكەم: بوومە ناسیۆنالیست".

بـەم شـێوەیە، تێگەیشـتن لـە پێگـەی ناوەنـدی میللـەت و ناسـیۆنالیزم، لــە دەرككردنــی فاشـیزم چارەنووســازە. هەروەک تۆم نارین دەڵێت: "لێرەدایە [لە ئەڵمانیا و ئیتاڵیا] کە ناسیۆنالیزم بە "ئەنجامە لۆژیکی"یەکەی دەگەیـەنرێت". خـاڵی نـارین ئەوەیـە کـە پێویسـتە فاشـیزم لـە قـوڵایی **مێژوو**دا لێبیکۆڵدرێتـەوە، زیاتر لـە هـەر ڕووداوێکی دیکە ناســـیۆنالیزممان پێدەناســـێنێت، بـــەڵام دەســـتبەجێ ڕووبەڕووی دوو بابەت دەبینەوە. یەکـەم، وەک نووسـەرە نانازییـەکانیش جـەختیان لێکردووەتـەوە، پەیوەندییـەک لەنێوان نازیزم و فاشیزمدا هەیە. بەکوورتی، ئایا نـازیزم گێڕانـەوەی ڕاسـتەقینەی فاشـیزمە؟ ئـەوان کـە دژی ئـەو بابەتەن، دژایەتی خۆیان لەسـەر ئـەو بنەمایە پتەودەکەن، کـە نەژادپەرسـتی بیۆلـۆژیکی لـە نـازیزمی سـەرەکیدا بنچینەییـە، بـەڵام بەلێکدانەوەیـەک لـە "فاشـیزم بـە مانـای واقیعـی وشـە" وەهـا نییـە. زۆرجـار دەگوترێت مەسـەلەی نـەژاد ڕاگەیشـتن بـە نـازیزم وەک بەشـێک لـە فاشـیزم نەشــیاوی کــردووە. بەگوتــەی تــیم ماســۆن، زۆرجــار نەژادپەرستی نـازی چەمکـەکانی جۆری فاشـیزم دەخاتـە لێواری لێکترازانەوە. دووەم، لەنێوان فاشیزم، سۆسیالیزم و مارکســیزم پەیوەندییــەک بــوونی هەیــە، فاشــیزم بەخستنەناوەوەی میللەت لە چوارچێوەی چەمکی خۆیەوە، هەوڵــدەدات چینــی کرێکــار لــە میللەتـدا بتووێنێتــەوە. "سۆسیالیزم" فاشیستی سۆسیالیزمییە بۆ "خـەڵک"، نـەک

تەنیا بۆ پڕۆلیتاریا. ئەو بابەتەی دووەم دوو لێوەیە. لەلایەک، ئایا سەهەڵدانی ناسیۆنال سۆسیالیزم هیچ گۆڕانێکی لە کۆمەڵی سیاسی لە چەپەوە بۆ نیشاندەدات بەمەش، فاشیزم وەک دیاردەیەکی ڕاست پشتگیری دەکات. یان فاشیزم بەشێوەیەکی "هەمەلایەنەی چەپ و ڕاست"ە؟ لەلایەکەی دیکەیەوە، بە چ میکانیزمێک چینی کرێکار لەناو میللەت دا جێگایی دەکرێتەوە، واتا "چارەسەر" فاشیستی بۆ بابەتی خەباتی چینایەتی کامەیە، ئایا ئەو کارە فاشیزم بەرەو ڕێگەی سێیەمی ڕاستی نێوان سەرمایەداری، لە ڕاست و سۆسیالیزم لە چەپ دەگۆڕێت؟ هەوڵدەدەم لە بەڵگەیەکدا کە دەیهێنمەوە وەڵامی هەندێک لە پرسیارەکان بدەمەوە. لەم ڕەوتەدا، ئەو ڕایە ڕەتدەکەمەوە، کە بانگەشەی ئەوەدەکات نابێت بەچاوی فاشیزم لە نازیزم بڕوانرێت. نەژاد، دەوڵەت و چین پەیوەستە بە میللەتەوە، کە بەشێوازێکی جیاواز لەلایەن جۆرە جیاوازەکانی فاشیزمەوە دەرک دەکرێت. بەمەش، تەنیا بەو پەیوەست بوونەوەیە، کە دەتوانین بایەخی دەوڵەت و نەژاد لە بەڵگاندنە فاشیستییەکان بگەین. باقی ئەم بەشە تایبەت دەکەم بەڕۆڵی میللەت و هەوڵدەدەم باسی جیاکارییەکی کاتی، لە نەژادپەرستی بیۆلۆژیکی و دژە جولەکە لە نازیزم بکەم. ئەم بەڵگەیە لە بەشەکانی داهاتوو، کە پەیوەندی نێوان فاشیزم، سەرمایەداری و مۆدێرنیتە بوو، سەرنجی لێ دەدرێت و فاشیزم وەک "شۆڕشێک دژە شۆڕش" دەخرێتە بەرباس. زیاتر باسیدەکرێت.

نەبوونی ئوستورەیەکی نەتەوەیی ئیتاڵیای ڕاستەقینە، یەکێک بوو لەو مەسەلانەی، کە جوڵانەوەی فاشیستی تازە سەرهەڵدراو لە ئیتاڵیا ڕووبەڕووی بووەوە، سەرەڕای پەنابردنی خودی ئەو جوڵانەوەیە بۆ ئوستورەی میللەت. هۆکاری مێژوویی ئەو کارە بێتوانایی ئیتاڵیا بوو لە گۆڕانی بۆ دەوڵەت–میللەت تا 1841، یەکێک لە هۆکارە بەرچاوەکانی ئەو ئوستورەیەی ڕۆما – کە حکومەتی پاپا بە بەرجەستەکەری ئەژمار دەکرێت، دژایەتی مەعنەوی هەمیشەییەکەی لەگەڵ جوڵانەوەکانی ئازادی بەخشی نەتەوەیی بوو. هەروەک جی. ئێڵ. تالمۆن ئاماژەی پێدەکات:

ئوستورەی گرنگی بژاردە، لە هەمان دۆخدا تێکڕای ڕۆما لە زیهنی ئیتاڵیایی وەها بە قوڵی جێیگرتبوو، کە داوای سەربەخۆیی سیکۆلار و نیشتمانی دژایەتییەکی لاواز، ناپێویست و لە حەقیقەتدا بێئەدەبانە لە پێوانە بە ئوستورەی کڵێسای جیهانگر، میراتگری ئوستورەی بەشکۆ، ئەژمار دەکرێت.

لەم پانتاییەدا، دوو تایبەتمەندی دەرککردنی فاشیستەکانی ئیتاڵیا لە میللەت و دەوڵەت یەکلاکەرەوە دەبێت. یەکەم، پێویستە میللەت (خوڵقێنەر بێت)، تەنها هێزێک کە بتوانێت بیخوڵقێنێت دەوڵەت بوو. بەپێچەوانەی ڕوانگەکانی سەدەی نۆزدەیەم لەسەر دەوڵەتەکان وەک بوونەوەری میللەتەکان، مۆسۆلینی و جەنتیلە جەختیاندەکردەوە، کە "میللەت دەوڵەت نائەفرێنێت، [بەڵکو]

میللـەت لەلایـەن دەوڵەتـەوە دەئـەفرێنرێت". دووەم، ئـەو ڕوانگەیە لە دەوڵەت وەک پێویست ڕوانگەیەکی **مەعنەوی**. دەوڵەت واقیعەتی باڵاتر، ئەخلاقی و جیهانگرە. "دەوڵەتی فاشیستی، باڵاترین و بەتواناترین شێوەی کەسایەتی، دەسەڵاتێکە، بەڵام دەسەڵاتی مەعنەوی تەواوی شێوەکانی ژیانی ئەخلاقی و هـزری مرۆڤ دەخاتە ژێردەسەڵاتی خۆیەوە." بەمشێوەیە، بەڕای فاشیستەکانی ئیتاڵیا، ئوستورەی میللەت و دووبارە زادەبوونەوەی میللەتی ئیتاڵیا، پێداویستی بەئەفراندنی میللەتە لەلایەن هێزی جیهانگروە کە دەیتووانی توانای ئەخلاقی و مەعنەوی کڵێسا بۆ ڕووبەڕووبوونەوە بخوازێت. بۆیە دەبێت دەوڵەت ڕواڵەتی کۆمەڵگەیەکی مەعنەوی نویێ پەسندبکات، کە جێگرەوەی دەسەڵاتی کڵێسایە. بەمەش، دەوڵەت یەککگرتوویی ئەخلاقییە. لەگەڵ هەموو ئەوانەدا، ئەگەر بڕیارە میللەت ببێتە جێگرەوەی پڕۆلیتاریا وەک فاکتەری شۆڕش و پێویستە دەوڵەت میللەت بئەفرێنێت، دەوڵەت بەکردەوە دەبێتە فاکتەری شۆڕش و سوبێکتی مێژوو، کە ئەرکی سەرشانی یەککگرتووکردنی میللەتە لە ڕێسای ئەخلاقی باڵاتر.

ئەو داواکارییە بۆ دەوڵەتێک، کە بریتییە لە یەکگرتوویی ئەخلاقی و سیاسی خەڵک، توانا بە فاشیزم دەدات وتاری دیموکراسی لیبراڵی و کۆمەڵایەتی بۆ وتاری دەستەبەرکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت بگۆڕێت، خۆی لە مەسەلەی بوونیادی دیموکراسی لیبراڵی، بە گونجاندنیان لەژێر هزری دەوڵەتی ئەخلاقی

بـەدووربگرێت. "شوناسـی فاشـیزم" بەسـەر هـەر جـۆرە گومانێکی لیبراڵی دەربارەی پەیوەندی نێوان ئازادی تاک و دەسەڵاتی دەوڵەت لـە ڕێگەی پێناسـەکردنەوەی ئازادی وەک تایبەتمەنـدی کەسـایەتی لەسـەرووتری دەوڵـەت زاڵـدەبێت. ئەگـەر "ئـازادی تایبەتمەنـدی مرۆڤـی واقیعییـە، نەک بووکەڵـەی ڕووتـەڵی کـە لیبرالیزمـی تاکگەرایانـە وێنا دەبێت، ئەوکاتـە فاشـیزم لایـەنگری ئازادییە". تـاک تـا ئـەو جێگایە ئازادە، کـە بـە بەشـێک لـە دەوڵـەت ئـەژمار بکرێت، تەنها لە جێیەک ئازادە کە بەشێکە لە دەوڵەت. "بەم مانایـە، دەوڵەتی فاشیستی تۆتالییتارییە"، بـەڵام ئـەو تۆتالیتاریزمـە بـاڵاترین ئازادییـە بـۆ تـاک. دەوڵـەت وەک کەسـایەتییەکی جەوهـەری، واقیعییـەتی ئـەخلاقی میللـەت، (ئامانجێکـە لە خودی خۆیدا).

ڕوانگەیـەکی وا لـە دەوڵـەت، لـە نـازیزم دا بـوونی نییـە. چـەمکی دەوڵـەت لـە زۆر لایەنـەوە لـە ڕوانگـەی نـازیزم بەتـەواوی ناکۆکـە بـەڕای فاشیسـتەکانی ئیتاڵیـا، چونکـە نازییەکان بە چاوی "زەبـەلاح" لـە دەوڵـەتیان دەڕوانـی، کە دەبێت لـە ڕێسـای بـاڵاتر بەسـەریدا زاڵبێت، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا دەکرێت وەک هۆکارێـک بـۆ گەیشـتن بـە ئامـانج سـوودی لێوەربگیردرێت، ئامانجێک کـە بریتییـە لـە فـۆڕم پێدانی نـەژادی بـاڵاتر و لەسـەرووتری نەژادییـە. بـە ڕای هیتلـەر، "شـتێک وەک دەسـەڵاتی دەوڵـەت ناتوانێـت وەک ئامانجێـک لەخۆیـدا بـوونی هـەبێت... پاراسـتنی دەوڵـەت، باڵاترین ئامانجی ژیانی مرۆڤ نییە، چ بگات بـە حکومـەت، بـەڵکو پاراسـتنی جۆرەکانـە." لـە حەقیقەتـدا، زۆرجـار

نووسەرانی نازی هەوڵیانداوە لەوجۆرەی چەمکی دەوڵەت دووربکەونەوە، کە لای فاشیزم دەستدەکەوێت. ئەلفرێد ڕۆزنبێرگ کە "شۆڕشی" 30ی حوزەیرانی 1933ی بەدابڕانی ڕوانگەی ستەمکاری لەدەوڵەتی دەزانی، نیشانی دەدات، کە پێویستە دەوڵەت بەئامرازی جوڵانەوەی ناسیۆنال سۆسیالیست بزانێت، تا دەوڵەتی تەواو پێرفێکت کە وەک جەوهەر بپەرسترێت. ئەلفرێد کە بەئاشکرا بە گۆشەی چاو تەماشای ئیتاڵیا دەکات، بانگەشە دەکات کە "ئەگەر ئێمە لەباسکردنی دەوڵەتی تەواو پێرفێکت بەردەوام بین، ناسیۆنال سۆسیالیستی گەنجتر و نەوەی داهاتوو وردە وردە چەمکی دەوڵەت دەکەنە چەقی ناوەندی کارەکان." بەپێچەوانەوە، بەگوتەی ئەلفرێد جوڵانەوەی سۆسیالیستی کە بۆ نەتەوەی[6] ئەڵمانیا فۆرمی گرتووە، دەبێت بچێتە دڵی تیۆر و کاری نازیزمەوە.

پێویستە لێرەدا، مێژوویی زۆر جیاوازی ئەڵمانیا بەرجەستە بێت. یەکێتی زمانی و کولتووری، کە لە ئەڵمانیادا بوونی هەبوو بەم مانایە بوو، کە ئەو وڵاتە پێشتر میللەتێکی هەبووە بتوانێت باسی بکات. هەروەک ڕۆگێر گریفین بیرماندەهێنێتەوە، بوونی ئەڵمانیا وەک (میللەتی کولتووری) ماوەیەک پێش ئەوەی ببێتە (دەوڵەت – میللەت)، بەمانای ئەوەبوو کە تاکەکان هەستیاندەکرد

---

لە 30ی حوزەیرانی 1933 هیتلەر، وەک سەرۆک وەزیرانی ئەڵمانیا سوێندی خوارد و کۆماری وایماری بۆ دیکتاتۆری ئەڵمانیای نازی "ڕایشی سێیەم" گۆڕی. نازییەکان لەو سەردەمەدا وەک شۆڕش باسییان دەکرد. و.ف [6]

داڕووخـــانی ئـــەڵمانیایان لەخۆیانـــدا نقـــوم کـــردووە، کاردانـــەوەیان نیشـــاندەدا، دەیـــانتووانی ئامـــاژە بـــە ڕابردوویـــەکی بەشـــکۆ بکـــەن، کـــە لەهاوپەیوەســـتی گشتییەکەیدا ڕیشـەی هـەبوو. بـەم شـێوەیە، خـەباتیان بـۆ نۆژەنکردنەوەی کۆمەڵگەی ئەندام ئاسا بوو.

بــەم شــێوەیە، وشــەی (نەتــەوە)، بەتایبــەت فــۆڕمی وەســفکردنی ئــەو (نەتەوەیــە) (هــەروەک لــە دەقەکەشــدا ئاشــکرایە وشــەی Volakis و Volk مانــای جیاجیــا و ئاشکرای ناوەکی لە خەڵک، میللـەت، نەتـەوە و نـەژاد هەیـە کـە وەرگێڕانـی کتـومتی بـۆ فارسـی ناکرێـت. سـەرەڕای نەتەوە و نەتەوەیی وەرگێڕانی تـەواو کتومتی نییە، بەڵام لێــرەدا بــۆ گەیانــدنی چــەمکی مەبەســتی نووســەر بــەکارهێنراوە). لــە خەرمانایــەک مانــای وەرنەگێــڕدراو ئاخنرا، کە پێکهاتبوو لـە هاوپەیوەسـتی نـەژادیی و پـەیامی گشـتی، وێـڕای ئـەوە، لـە فۆڕمـە ڕادیکاڵـەکانی، ئەندێشـەی (*نەتــەوەیی*)دا نیشــانەی ئــەوەبوو، کــە میللــەت خــودێکی نهێنیاوی هەیە، دەتوانێت لەلایەن هێزە "نزمـەکان"ەوە وەک سۆســـــیالیزم، ماتریـــــالیزم، جیهـــــان نیشـــــتمان و ئەنتەرناسیۆنالیزم لاواز ببێت.

بـەم شـێوەیە، ڕێگـە بـۆ هەنـدێک لـە ناسیۆنالیسـتەکانی ئـــەڵمانیا کرایـــەوە تـــا بـــۆ داکـــۆکیکردن لـــە میللـــەت، لــە ســەربنەمای دڵســۆزی (*نەتــەوەیی*) خــەبات بکــەن. دەوڵەت، لە نەژادپەرستی بیۆلۆژیکییەوە کـە سـەریکێشـایە ئەم ڕوانگەیەوە، تـەنیا هۆکارێکە بۆ گەیشتن بە ئامـانجی پاراستنی نەژاد.

کەوایە چۆن نەژاد ڕۆڵێکی وەها بنچینەیی لە نازیزم دا هەیــە؟ ئایــا وادەگەیــەنێت کــە فاشــیزم و نــازیزم دوو ئایــدۆلۆژیای جیــا و لێکجیــاوازن؟ وەڵامێــک بــۆ ئــەو پرســیارانە ئــەوەبوو کــە فــۆڕمی بیرکردنــەوەی تایبــەتی ئەڵمانیەکان دەستنیشان بکەین، کە لە ئایدۆلۆژی نازیزم دا قوتــدراوە، ناوەنــدێتی نــەژاد پەرســتی بیۆلــۆژیکی لــە نــازیزم دا ڕووندەکاتــەوە. ئــەوە ڕوونکردنەوەیەکــە کــە (مۆســە) دەیدات، "جیاوازی فاشیزمی ئەڵمانی لەتەواوی جۆرەکانی فاشیزم، ڕەنگدانەوەی جیاوازی نێوان هزری ئەڵمانی و هزری تەواوی میللەتانی ئەوروپای خۆرئاوایە." هەنــدێک لــە نووســەرانی وەک هرمــان گلاســەر ڕیشــەی ناسیۆنال سۆسیالیزم بۆ کولتووری ئەڵمانیا دەگێڕنەوە، لەکاتێکــدا کــە ئــەوانی دیکــە لــە پێکهاتەیــەک لــە وەهــا بانگەشەیەک دەکۆڵنەوە: وەک نموونە دانێل جنا گۆڵدهاگن نەژادپەرســتی نــازی، بــە دەرئــەنجامی "مۆدێــل ناســی کولتووری" کۆمەڵگەی ئەڵمانیا و "عەقڵی ساغ" ئەندێشە و کولتــووری ئــەڵمانیای دەزانێــت. بێگومــان ڕاســتە کــە جوڵانەوەی پشتبەستوو بە هزری (نەتەوەیی) ڕەوتێکی فکری فراوان بوو، لە ئەڵمانیا و هێزی سیاسی بەزەبری دەگرتــەوە. هــەروەک فریتــز ســتێرن لــە تووێژینەوەکــەی خۆیــدا دەربــارەی ڕوانگــەی پشتبەســتوو بــە نائومێــدی کولتــوور و ســـەرهەڵدانی ئایــدۆلۆژیای "جێرمـــەنیک" ڕوونیکردەوە. ئەو ترسە بوونی هەبوو، کە مۆدێرنیتە واتا سەرهەڵدانی دیموکراسی، ناسیۆنالیزم و میراتی شۆڕشی فەڕەنسا، هەڕەشە لەو یەکگرتوویی ئایدیالییە دەکات.

نۆژەنکردنـەوەی ژیـانی یـەکگرتوویی (نەتـەوەیی) بـەمانای داڕووخــانی دژە ژەهــری مــۆدێرن بــوو. لــە هەلومــەرجی مێژوویدا ورد ورد بوونی تاک، نامۆیی و داڕووخان، ئەو یەکگرتووییـە ئایدیالییـە تـوانی لـە ڕوانگـەی سیاسـییەوە شایســتە و لــەباربێت. بــە دەربڕینێکــی دیکــە، هــزری (*نەتەوەیی*) لەژێر هەلومەرجێکی دیاردا توانی کاریگەری بـەهێز و تەنانـەت شۆشـگێڕی بـۆ بـاڵی ڕاسـتی سیاسـی هەبێت. دوای شەڕی یەکەمی جیهان، نزیکەی 75 گروپی نەتــەوەیی لــە ئــەڵمانیای ســەردەمی کۆمــاری ڤایمــار بەتەنیشت حزبی محافزکـاری کـۆن و محافزکـاری ئـازاد (Free Conservative Party حزبێکـی سیاسـی پروسـی بـوو، کـە لـە محافزکـارانی ئەنجـومەنی پـروس لـە 1866 پێکهات. ڕوانگەکانی ئـەو حزبـە لـە هـەمووان زیـاتر لە بسمارک نزیک بوو، بەشێوەیەکی گشتی سـەرمایەدارە محافزکارەکـان پشـتگیرییان دەکـرد. ئـەو حزبـە وێـڕای دژایـەتیکردنی لیبرالیزمـی سیاسـی، داکۆکیکاری بازرگـانی ئــازاد و گەشــەی پیشەســازی بــوو. دوای پاشەکشــەی دەسەڵاتی هۆهن زولەرن هەڵوەشێنرایەوە. و.ف) بوونیان هەبوو، کە لـە سـاڵەکانی دوای شـەڕی یەکـەمی جیهـانی و شۆڕشـی شکسـتخواردووی ئـەڵمانیا، لـەژێر ئـاڵای حزبـی نەتـەوەیی خـەڵکی ئـەڵمانیادا خۆیـان نـۆژەنکردەوە، بـەڵام نفوزی ئایدیالی (*نەتەوەیی*) بۆ ڕوونکردنـەوەی نـازیزم لـە ئەڵمانیا، تایبەتمەندی جیاوازی بەخشی واتـا نەژادپەرسـتی بیۆلۆژیکی بەسە؟ بۆ ئەوەی بەتەواوی لەو بابەتـە بگـەین،

پێویستە لە دەسەڵاتی سیاسی ئایدیا (نەتەوەییەکان) بکۆڵینەوە.

دەبێت لێرەدا سەرنج لە مەسەلەی نەژاد بدەین. بە پەرەدان بە خاڵێک، کە (پیتەر گای) خستبوویەڕوو، دەتوانینن بڵێین ئەندێشەی کۆمەڵایەتی، سیاسی و زانستی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم، لە هەموو شوێنێک بە بابەتی نەژادی بارگاویی ببوو، بەڵام هەرچەند زیاتر کەسانێک کە باسی ئەندێشەی نەژادیان دەکرد (هێشتاش بیری لێدەکەنەوە) چالاکی زانستیان ئەنجام دا، تەنانەت "نەزۆکترین سوودوەرگرتن لە وشەی "نەژاد"یش نەیدەتوانی تۆخمێکی نەفرەت ورووژێنەر بێت، کە لەژێرخان کەمیینی گرتبوو"، واتا ڕۆڵێک "بشارێتەوە"، کە لە باوکردن بێزار بوو، چونکە هەرگیز ئامانج لە هێنانەئارای جیاوازی لەنێوان نەژادەکان تەنیا ئەوە نەبوو، کە نیشانبدرێت نەژادەکان بوونیان هەیە، واتا ئەوە گروپەکانی مرۆڤن، کە ئەندامەکانیان تایبەتمەندی هاوبەشی جەستەییان هەیە. هەروەک مەبەست ئەوە نەبووە، کە نیشانبدەن بەردەوامییەک لەنێوان جۆری جەستەیی و سروشت بوونی هەیە، ڕەفتاری مرۆڤەکان پەیوەستە بە گروپی مرۆڤەکانەوە کە تاکەکان وابەستەن پێیەوە. لەواقیعدا ئەوان دەیانەویست بە پلەبەندی هیرارکییەتی نەژادەکان و نوێکردنەوەی ستراکچەری سیاسی، بانگەشەی چالاکی نیمچە زانستی بکەن، بەشێوازێک، کە دامەزراوە و ئەو پڕۆسانە پشتیوانیان بکرێت و بەهێزبن، کە پەیوەندییان بەجیاوازی نەژادییەوە

هەیە و پاریزەری بوون. تیۆری نەژادی بەو خاڵەی دوایی، بۆ کرداری نەژادی دەگۆڕێت. لەگەڵ ئەوەشدا، هەرچەندە ئەندازەگیری زانستی جومجوومەکان و تەواوی تایبەتمەندییەکانی جەستەی باس و گەنگەشەی نابێتەوە، هەموو ڕاڤەکاران لەو باوەڕەدابوون، کە ئەوەی بە خوێن دەگوازرێتەوە، کۆمەڵێک لە تایبەتمەندی و ئەو توانایانەیە کە تاکەکان بەشێوەی وەسفنەکراو، شێوەی نهێنی ئامێز، بە تەواوی ئەندامانی ئەو نەژادە گرێدەداتەوە. شتێک کە نەژادپەرستی دەیهێنێتە ئاراوە، (نەتەوەیی) یان بێجگە لەوە، لە بنچینەدا (*نهێنی ئامێزگەری*) بیۆلۆژیکە.

نازییەکانن ئەو هزرەیان وەرگرتووە و باری سیاسییان داوەتە ئەوان، کە لە دوو لایەنەوە ئەوەیان نەبوو. یەکەم، نازییەکان هەوڵیاندا بەپشتبەستن بە نەژادپەرستی پەنهان لە هزرەکانی خۆی بە ڕوانگەیەکی بەتوانا، سەرووی جوڵانەوە و حزب بکەون، لە گروپە ***نەتەوەییەکان***. بۆیە حزبی کرێکارانی ناسیۆنال سۆسیالیستی ئەڵمانیا پشتیبەست، بە بزووتنەوە تا فۆڕمی حزبی لە خزمەت ترساندنی "بە ڕێگەدا ڕۆیشتن لەخەودای نەتەوەیی" بوو. نازییەکان باوەڕیاوابوو کە هزری نەتەوەیی خۆی لەخۆیدا وەک وێنا ئایینیەکانە بۆ جیهان، ئەو هزرانە لە ڕوانگەی مەعنەوییەوە بەهێز، بەڵام لە ڕوانگەی سیاسییەوە شێواو و ئاڵۆز و هیچ ئامرازێکی ڕێکخراوەیی تێدا نییە، بۆ هێنانەدی هێزەکانیان. هیتلەر پێیوایە، "پێناسەیەکی ڕوون" دەربارەی چەمکی ئایدیالی ***نەتەوەیی*** نەخرابووەڕوو، "ئەو ئایدیالە لە ڕوانگەی

سنوردارنەبوونی چەمکی خۆی، پێگەیەکی شیاونین بۆ جوڵانەوەیەک." بە گوتەی هیتلەر ئامرزای پێویستبوو، کە توانای خەباتی بەجیهانبینی ***نەتەوەیی*** دەبەخشێت، ڕێکخراوی سەربازی، کە بیەوێت جەماوەر سازبدات و رابەری پێویست بێنێتەئاراوە. دووەم، خەباتی نێوان نەژادەکان خەباتی ئیرادەی ئەبەدییە بۆ دەستەبەرکردنی، لە سەرووتری وەردەگیرێت، کە لە خزمەت بنەمای خانەدانی سروشتبوو. دەوڵەت ئامرازی پاراستنی ئەو نایەکسانی و بوونیادی نەژادی کۆمەڵگەیە.

هەنوکە، لێرەدا بابەتی جۆراوجۆر خراوەتەڕوو. یەکەم، ئەو بانگەشەیە لەجێی خۆیدایەتی، کە نەژادپەرستی بیۆلۆژیکی، ڕەنگدانەوەی جیاوازی بەرچاوی نێوان ئەندێشە و کولتووری ئەڵمانی و نا ئەڵمانییە. ئیرادەیەک کە بەو بانگەشەیە وەردەگیرێت ئەوەیە، کە پشتبەستنە بەجیاوازی سادە ڕوانینانەی نێوان شێوازی ئەندێشەی (*نەتەوەیی*). ئەندێشەی (نەتەوەیی) بە ئاشکرا زایەڵەی، لە ئەڵمانیا هەبوو کە لە شوێنەکانی دیکە دەستی پێینەگەیشت، بەڵام کەمکردنەوەی بۆ دیاردەیەکی تایبەتی لە ئەڵمانیا، مەترسی لەگەڵدایە. هەروەک جیۆف ئالی ئاماژە دەکات، تا 1914 زاراوەی (نەتەوەیی) هەمان خەرمانەی مانایی دووانە "نەتەوەیی" و "جەماوەری" تەواو بوو، کە لەتەواوی وڵاتان دەستدەکەوێت، ژمارەیەکی زۆر لەو نووسەرانەی ئەڵمانی نەبوون، کە لەگۆڕینی ئەندێشەی نەتەوەیی بۆ ئایدۆلۆژیایەکی نەژادپەرستی ژەهراوی ڕۆڵیان هەبوو. بێگومان (باس و تووێژینەوە)

دەربارەی (نایەکسانی نەژادەکانی مرۆڤایەتی) (1853-1855)، بەرهەمی ئارتۆر دی گۆبینۆ وایکرد، ئەو دۆکترینە زێدەڕۆییە خۆشەویست بێت، لە ئەڵمانیا فراوانتر لە فەڕەنسای زادگای دەخوێنرێتەوە (هەربۆیە ئەنجومەنی گۆبینگۆ لە ئەڵمانیا دامەزرا)، هۆستۆن ستیوارت چەمبەرلین کە (بوونیادەکانی سەدەی نۆزدەیەم) (1898-1900)، ئالای نەژادی متوربەی عیرفان، بەرنامەی سیاسی کرد، لایەنیکەی ئینگلیزی هەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەڵمانییەکان هەستی بە نزیکایەتیدەکرد، ئەڵمانییەکانیش وەریانگرت، لێ ئەو بابەتە بەئەستەم مۆری پشتگیری لەو بانگەشەیە دەدات، کە لە ئەندێشە و کولتووری ئەڵمانیا دیاردەیەکی تایبەتی بوونی هەیە، توانامان پێبدات ڕۆڵی نەژاد پەرستی لە فاشیزم ڕوون بکەینەوە.

ئەو ڕێکارە، کە هەوڵدەدات بەگەڕانەوە بۆ "ئەندێشەی ئەڵمانی"، "کولتووری ئەڵمانی"، "سەربازی گەری ئەڵمانی"، "تۆتالیتاریزمی ئەڵمانی"، "مۆدێل ناسی کولتووری ئەڵمانی" یان، لە واقیعدا، هەر شتێکی دیکە نازیزم ڕوون بکاتەوە، کە "سروشتی ئەڵمانی" گریمانە دەکات، ئەو مەترسییەی هەیە کە ئەفسانەی تایبەتی ئەڵمانی ئەبەدی بکات، واتا ئەو ئەندێشەیەی، کە نازیزم ئاکامی جیاوازی ئەڵمانیایە لەگەڵ جۆری "باوی" پەرەپێدانی ئەورووپا. ڕێکارێکی وەها نەک تەنها لەپەیوەندی خۆیی نێوان نازیزم و فۆڕمەکانی دیکەی فاشیزم ناگات، بەڵکو ئاڵوگۆڕی گرنگی ئەندێشە لەبەرچاو ناگرێت، کە لەسەرانسەری

ئەوروپا ڕوویدا، ڕۆڵی لە سەرکەوتنی فاشیزمدا هەبوو. وێڕای ئەوە، بەڵگاندنی وەها پشتگیری بانگەشەی سەرەکی فاشیزم دەکەن، ئەو بەنگەشەیە کە میللەتان دیاردەی سروشتیین و فۆڕم بەسروشتی ئێمە دەدەن، بەمشێوەیە پێگەی ئێمە لە مێژوودا دیاری دەکەن. ڕەتکردنەوەی ئەو بانگەشەیە، کە دەتوانێت لە ڕێگەی تایبەتمەندییەتی ئەڵمانییەکان نازیزم دەرک بکات، بەم مانایە نییە، کە نابێت ئاماژە بەتایبەتمەندی مێژوویی بکرێت، بەڵام ئامانج ئەوەیە کە ئامرازی چەمکی گشتی ئێمە، بۆ دەرککردنی فاشیزم نابێت بۆ "تایبەتمەندێتی" نەتەوەیی کەم بکرێتەوە.

بەمەش، مەسەلەکە ئەوەیە، کە چۆن لە باسکردنی فاشیزم، جێگەی دیاردەی نازیزم و نەژاد پەرستی بیۆلۆژیکی بکەینەوە، کە لێرەدا خرایەڕوو. ڕێگایەکی ئەوەیە، کە ئەندێشەی میللەت و ناسیۆنالیزمی ژەهراوی لەخودی ئەندێشەی فاشیزم دا دەستدەکەوێت. هیتلەر لە (خەباتی من)دا، بەردەام لەنێوان نەژاد و میللەتدا هاتووچۆ دەکات، گوایا جیاوازیکردن لەنێوانیاندا هیچ بایەخێکی نییە. هیتلەر لەبەشی "میللەت و نەژاد"، لە نێوان نەژادەکانی "هەڵگری کولتوور" و "کولتوورساز" جیاوازی دەکرێت، تەنیا بۆ ئەوەی لە داهاتوودا وەک میللەتانی هەڵگری کولتوور و کولتوورساز ئاماژە بکات، تێپەڕینێک کە بەهۆی چەمکی "خەڵک" ئەنجام دەدرێت. هەندێکجار هاتووچۆ هیتلەر لەنێوان ئەو دووانە وادەکات، کە هەردوو گوتەزا بۆ پەیوەندی جوێنی کەم بکرێنەوە. لە حەقیقەتدا،

بەندی 4ی بەرنامەی حزبی کرێکارانی ئەڵمانیا کاتێک، کە بووە حزبی ناسیۆنال سۆسیالیستی ئەڵمانیا لە شوباتی 1920، ڕایدەگەیاند کە "تەنیا ئەندامانی میللەتێک دەتوانن هاووڵاتی دەوڵەت بن. ئەوانەی بەڕەگەز ئەڵمانین، بەڵام بە چاوپۆشین لە نیاز و بیروباوەڕی خۆیان، دەتوانن ئەندامی میللەت بن."تیۆرسێنە سەرەتاییەکانی نازی، وەک واڵتەر زەڕە نووسییان، "ئێستا هەڵبژاردنی نێوان ناسیۆنالیزم و ئینتەرناسیۆنالیزمە، واتا نێوان دژایەتیکردنی جولەکە و لایەنگرەکانیان."

هاتووچۆی هیتلەر لەنێوان نەژاد و میللەتدا سەیر نییە، چونکە تەکنیکی سەرەکی بانگەشەکەی ئەوە بوو، کە هەموو شتێک بۆ ڕاڤەکاری سادە کەم بکاتەوە، بەڵام لێرەدا باسی شتێکە لە بانگەشە زیاترە. (*نەتەوە*) بەئاشکرا چەمکێکی خزە، لەنێوان "خەڵک"، "میللەت"، کۆمەڵگەی نەژادی "سروشتی" هاوخوێن و هاوخاک (کە بەنۆرەی خۆی هەموویان وەکیەک خزن) دەگۆڕێت. ئەو هاتووچۆیە ئەو کارە دادەپۆشێت، کە (ناسیۆنالیزم) لەودیوو نازیزمەوە، هێزی داینەمۆی بزوێنەری واقیعیە، وەک چۆن ئەو کارە دەربارەی فاشیزم بەشێوەیەکی گشتی ڕاستە. پێشمەرجی بوونی مرۆڤ گەلێک، کە لەڕوانگەی نەژادییەوە بالاترن نەک دەوڵەت، بەڵکو میللەتە، بەم شێوەیە، گرنگی دەوڵەت لە سوودی ڕێژەییەکەی بۆ میللەت شاراوەیە. وێڕای ئەوە، کاتێک کە هیتلەر باسی میللەت دەکات، زۆرجار بەزمانێک وەسفی دەکات، کە بێ پەیوەندی نییە بەباسی دەوڵەتی مۆسۆلینی

و جەنتیلـە، "هــزری ســەرەکی ڕیزکردنــی خۆخــوازیی و ڕێنووێنی خەڵکە بۆ خۆخوازی کۆمەڵی پیرۆز کە میللـەتی ناوە."

نــازیزم وەک بەرنامــەی سیاســی، دژایــەتی کۆمــاری ڤایمــار، چــەپی مارکسیســتی و سۆســیال دیمــوکرات، بێکاریی، پاشەکشەی ئابووری و پەیماننامـەی ڤێرسـایکرد. لـەو ڕوانگەیـەوە بـواری ئایـدۆلۆژی هاوبـەش بـە کۆمـەڵی هێـزە محافزکارەکـان، کۆنەپەرسـت و دژە شۆڕشـگێڕی لــەباڵی ڕاســتی سیاســی بەشــێوەیەکی گشــتی هــەبوو. زۆرجــار ئــەو هێزانــە لــە ئــەڵمانیای ڤایمــار شــێوەی ڕێکخراوەکـان یـان حزبـی (نەتـەوەییان) پەسـند دەکـرد. دەبێت نازیزم لە جیاتی هێزی سیاسی پەنابەرێتەبەر ئەو گروپانە و جەماوەر، لە دەوری یەک کۆبکاتەوە. زۆرجار نازییەکان بۆ ئەو ئامانجە لەجیاتی نەژاد پەرستی، پەنایان دەبردەبــەر ناســیۆنالیزم، چونکــە ســەرەڕای سروشــتی (نەتـەوەیی) یـان "ڕوانگـەی ڕووتـەڵی شـێواو" (بەگوتـەی گـریفن) گروپـە ڕاسـتە سیاسـییەکان لـە کۆمـاری ڤایمـار دەربارەی نۆژەنکردنـەوەی ژیـانی نەتـەوەیی، ناسیۆنالیزم بەشـی ناوەنـدی بـوو، کـە هـەموویان بەیەکـەوە گرێدەدات. وەک نموونـە لـە کتێبـی ئـارتۆر مویللـەر ڤـان دیـن بـروک، بەناونیشـانی (ڕایشـی سـێیەم)، ناسـیۆنالیزمی ئـەڵمانیا، بە هۆکــاری دەربڕینــی جیهانگرگــەرایی ئاڵمانیــا ئــەژمار دەکرێـت، چونکـە توانـا بـەڕایش سـێیەم دەدات "ڕێگـای سێیەم" ڕاستینی نێوان سەرمایەداری و سۆسیالیزم بێت. ئـەو ڕێگـای سـێیەمە، بـە تێهەڵکێشـانی پڕۆلیتاریـا بـەهۆی

گەڕانەوە بۆ بەها (نەتەوەییەکان) ئەنجام دەدرێت، بەگۆڕینی پڕۆلیتاریا بە بەشێک لە میللەت سەقامگیر دەبێت. ئەو ڕێکارە دەرخەری ڕای کۆمەڵێک لە شۆڕشگێڕەکانی محافزکار بوو، کە ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان لە لاوازکردنی دیموکراسی ڤایماردا هەبوو. هەر بەوشێوەیە بەرنامەی حزبی کرێکارانی ناسیۆنال سۆسیالیستی ئەڵمانیا خۆی بە خاوەن بەڵێنی خۆی دەزانی، بەرامبەر زادەبوونەوەی نەتەوەیی، کە بەوپێیە لایەنیکەی نەژادییان "بۆ یەکگرتوویی *نەتەوەیی*" دەپاراست. ئاماژەی بە "یەکگرتوویی *نەتەوەیی*"ە، ئاماژەیە بە یەکگرتوویی نەتەوەیی. چونکە دەبووایە ناسیۆنالیزم لەمپەرێک بێت لەبەردەم بەلشەفیزم، چارەسەرێک بێت بۆ قەیرانی دیموکراسی ڤایمار و ئەڵمانیا ڕزگاربکات، نازییەکان لەگەڵ ناسیۆنالیزم، نەک لەگەڵ نەژادپەرستی، هەوڵیاندا پاراستنی هێزەکانی دیکە و خەڵکی ئەڵمانیا پەلکێش بکەن. ئەو خاڵە لە دوو بەشی داهاتوو دەخرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوەوە.

هەر ئەو بابەتە، لەودیوو نەژادپەرستی فاشیستە فەڕەنسییەکانی وەک مۆریس بارسە. بارس سەرەڕای جەختکردنەوە لەوەی هێزی کۆمەڵی کۆمەلایەتی و مێژوویی نەژادی ئەوە، کە وەک تاکێک فۆڕمی پێدەدات، ناچاربوو پشتڕاستی بکاتەوە، کە فەڕەنسییەکان "نەژاد نین، بەڵکو میللەتن"، بەلام بارس، داخ بۆ هەمان بابەت دەخوات، فەڕەنسییە داماواکان تەنیا میللەتێکن، نەک نەژادێک. پێدەچێت نەژاد و میللەت لەیەکتری

جیابوونەتـــەوە، نـــەژاد وەک گرنگتـــرین هێـــزی ســـازدەر دەستنیشـــاندەکرێت، بـــەڵام بـــەڕای بـــارس میللـــەت چییـــە؟ مێـــژوو، جوگرافیـــا دوو بەشـــی یەکلاکـــەرەوەیین، بـــەڵام کاتێک، کە بارس باسی میللەتەکان دەکات، سـەرنجی نـەک لەسـەر جوگرافیـا، واتـا بەشـی یەکلاکـەرەوەی ناوەندێکـە، بـەڵکو لەسـەر مێـژووە. بەشـی یەکلاکـەرەوەی میژوویـی هـەم کولتـوورە و هـەم سروشـتی دەکرێـت میللـەت بـە کۆمەڵایـــەتی بـــوون، بـــەهۆی کۆمـــەڵێک دامـــەزراوەی کولتووری تایبەت بە پاراستن و گەشەی میللەت دابگرێت، بەڵام هەروەها دەکرێت ئەو بەشە بەشێوەیەکی سروشتی دەســـتەبەربکەیت. بەدەســـتەواژەیەکی دیکـــە، لـــە خـــوێنی ئێمەدایـــە. سروشـــت هەمیشـــە لـــە کولتـــوور بـــەهێزترە، دەتوانین فێری زمان و یاسا ببین، بەڵام ئەو کارە نابێتـە لەمپـەر، کـە لـە زیهنـی خۆمانـدا فـۆڕم بـە "ڕای فەڕەنسـی" بـدەین. بەهەمانشـێوەوە کـە تـۆدۆرف خسـتییەڕوو، "بـەم شـێوەیە، بـارس، بـەردەوام دەسـت تێـوەردان دەکـات، لـە خـوازەی خـوێن "میللـەتان"ی بـارس لەگـەڵ "نـەژادە" هاوچەرخـەکانیان جیـاوازنین... تـرس لەبێگانـە، تـرس لـە جولەکەی بارس، لە ناسیۆنالیزمی بارس ڕیشە دەگرن."

بـەم شـێوەیە، بـە مانایـەک بابـەتی بنـەڕەتی لـەودیوو وتـاری توونـدڕەوی هەڕەشـەیەکە، کـە ئاڕاسـتەی میللـەت. دەربارەی نازیزم، کاتێک کە ترس و نیگەرانی بۆ میللـەت، لـە دڵ نیگـەرانی (نەتـەوەیی) بـۆ بەرنامـەی سیاسـی گـۆڕا، ئیدی بابەتەکە جێگەی ئەو سـەرنجە نـەبوو، کـە تێکـەڵاوی نـــەژادی هەڕەشـــەیەکە بـــۆ میللـــەت و یـــەکگرتوویی

(نەتەوەیی). لە واقیعدا ترسی هیتلەر لە نەژاد، پەیوەست دەبێت بە بوونیادی نەژادی میللەتەوە. بیلۆلۆگیزمی هیتلەر دەربارەی نەژاد بەهەمان ڕادەش لەبارەی میللەتەوە، کە گوایە "نیشانەکانی نەخۆشی"، "ژەهراوی بوون"، "نەخۆشی خشۆک"، "ژەهر"، "تاعون"، "مشەخۆر" و "ڤایرۆسی نامۆ"ی لەخۆگرتووە. بەمشێوەیە، نازیزم بەپاساوی عەقڵانی قەڵەمڕەگەرایی، هەندێک لەجۆرەکان لەسەربنەمای سروشتی دەوڵەت– میللەت، ناوەندێتی بوونی ناسیۆنالیزم لە فاشیزم دا پتەودەکات. میللەت لە نازیزمدا بۆ یەکەی لێوڕێژ لە ڕەگەز و نەژاد دەگۆڕێت.

لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی ناسیۆنالیزم بە فاشیزمەوە بەم بەهۆیەوە، تا ئاستێک پێگەی جولەکەکان لە نازیزمیش ڕووندەکاتەوە. هیتلەر لە(خەباتی من)دا، بە بەڵگەی جیاجیا هێرشدەکاتەسەر جولەکەکان– ماهیەتی پیلانگێڕییان، بەشداربوونیان لە دەسەڵاتی بەڵشەفیکی و ڕۆڵی ناوەندییان، لە مارکسیزم، هەژموونی دارایی و سەرمایە، بەڵام ناوکی سەرەکی پەلامار و بوونیادی ترسەکەی ئەوەیە، کە "جولەکە مشەخۆرێکە، لە جەستەی مرۆڤێکی دیکەدا دەژی". ئەو باسە پشتی بەوە بەستووە، کە جولەکەکان نیشتمانی خۆیان نییە، واتا جولەکە "مشەخۆرێکە لە جەستەی میللەتان و وڵاتانی دیکەدا دەژیین". هەروەک هانا ئارێنت نیشانیدەدات نازیزم جولەکەکان، بەخەڵکی بێ میللەت، توخمی نامیللەت لە جیهانێک لە میللەتەکان، دەزانی ئەوە یەکێک لەو بەڵگانەیە، کە جولەکەکانی بە هەڕەشە دادەنا. بە دەربڕینێکی دیکە،

جولەکە هیچ میللەتێکی نییە. جولەکە بێگانەیەکی وەک بێگانەی دیکە نییە، وەک جولەکە نەک تەنیا نیشتمانێکی لە ئەڵمانیا نییە، بەڵکو لە هیچ شوێنێک نیشتمانی نییە. بێگانە بوونی (خودی) جولەکەیە، نەک دۆخێکی تێپەڕ. بەم ناونیشانە، جولەکە هەڕەشەیەکی دووانەییە. لەلایەک سەرسەختانە لە پەسندکردنی شێوەی هەستی، واتا پەیوەستە بەوشێوە سیاسییەوە سەرپێچی دەکات، کە بەهۆی ئەوەوە دەبێت، بێ ڕیشەبوونی ڕابگەیەندرێت. بە پێچەوانەوە! جولەکەکان پێداگری لەسەر ئەوەدەکەن، کە لەناخی میللەتانی دیکە "کۆمەڵ"ێکن. لەلایەکەی دیکەیەوە، میللەتی نامیللەت بوون بەمانای ئەوەیە، کە جولەکەکان بە یەکسانی میللەتی نێودەوڵەتیین، لەو ڕوانگەیەوە کە دۆخی بێ میللەتیان ڕێگەیان پێدەدات، کە بەرەو سنووری میللەتانی واقیعی دیکە پەلکێش بکرێن. وەک میللەت بناغەی ڕزگارییە واتا میدیایەک، کە دەکرێت لەڕێگەیەوە نوێگەریی و نۆژەنکردنەوەی ژیان ڕووبدات، پێگەی بێ میللەتی جولەکەکان ئەو بناغەی ڕزگارییە بە لێکدانەوەیەک، لەناخەوە هەڕەشە دەکات. وێڕای ئەوانە، لایەنگریکردنی جولەکەکان لە بەهای مرۆڤایەتی جیهانگریش میللەت لەناودەبات، چونکە پێدەچێت جولەکەکان لە ڕوانگەی هزرییەوە پابەندی جیهان ڕەوایین، کە ئیرادەی ئازاد و بیرۆکەی هەڵبژاردن، بەهۆی پابەندبوون بە بەهای لیبراڵی عەقڵی ڕۆشنگەری، یان ئینتەرناسیۆنالیزمی مارکسیستی، دەخاتە بەرامبەر پێگەی ئوستورەیی ئاست و سنووری (نەتەوەییەوە). جولەکە چ

لەڕوانگـــەی مـــاددیی، چ لەڕوانگـــەی مەعنەوییـــەوە دژی حەقیقەتێکـــە، کـــە تـــەواوی میللـــەتان بانگەشـــەی خۆیـــان لەســـەری پتەودەکـــەن، سروشـــتی میللـــەت بـــوون، کـــە بەشـــێوەیەکی سروشـــتی دەدرێتـــەپاڵ ئـــەوان، بـــێ ڕازاندنەوەی بوونەوەرە نەتەوەییەکان.

نیـــازم نییـــە، جیـــاوازی نێـــوان ناســـیۆنالیزم و نەژادپەرســـتی بســـڕمەوە. هـــەروەها ئـــارەزووش ناکـــەم فاشیزم بۆ ناسیۆنالیزم کوورت بکەمەوە. هەر بەوشێوەیە نامـــەوێت ئـــەو باســـە بخەمـــەڕوو، کـــە نەژادپەرســـتی لـــە دەرککردن و تێگەیشتن لە فاشیزم، هیچ گرنگ نییـە، بـەڵام نیشـانیدەدەم کـە بانگەشـەی نەژادپەرسـتی بیۆلـۆژیکی و دژە جولەکە بوونی نازییەکان، هۆکاری جیاوازی بنـەڕەتی نێوان فاشـیزمی ئیتـاڵی (وەک فاشـیزمی تایبـەتی)، نـازیزم دەزانن، ئـەو واقعیەتـە لەبـەرچاو نـاگرن، کـە نەژادپەرستی بیۆلـۆژیکی و دژە جولەکـە بـوونی نـازیزم، لـە سروشـتی ترس لـە بێگانـەی ناسیۆنالیزم سـەرچاوە دەگرێت. لەگەڵ ئەوەشـدا، هەرچەنـدە تایبەتمەنـدی جیـاوازی جۆرێـک لـە ناســیۆنالیزم دەستنیشـــان بکـــەین، کـــە لـــە فاشـــیزمدا دەســـتدەکەوێت، ناســـیۆنالیزم "تێکـــڕا"، ناســـیۆنالیزمی "ڕادیکـــاڵ" و ناســـیۆنالیزمی "توونـــدڕەو" هـــەموویان تاڕادەیـــەک بـــاون، لـــۆژیکی ناســـیۆنالیزم و لـــۆژیکی نەژادپەرســـتی لـــە تایبەتمەنـدێتی بوونیـادی هاوبەشـــن، ناسیۆنالیزم وەک پێویست ترسە لە بێگانە، واتـا تـرس لـە بێگانـــە بەشـــێکە لـــە لـــۆژیکی ناســـیۆنالیزم، بەمشـــێوەیە بـــەردەوام بزوێنـــەر، هانـــدەری دژە جـــولەکە بـــوون،

نەژادپەرستی دەمێنێتەوە. هەروەک پیتەر پۆلزەر، لە بەرهەمەکەی خۆی دەربارەی گەشەی دژە جولەکەی سیاسی نیشاندەدات، دژە جولەکە بوون، لە ڕوانگەی مێژوویەوە ئاکامی بەشەکی ناسیۆنالیزمە، "ناسیۆنالیزم لەهەمان سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم، لەودیوو دژە جولەکە بوونەوە، بەهێزی بزوێنەری بەرچاو گۆڕابوو. "لە واقیعدا، ڕیشەی تیۆریی و مێژوویی نەژادپەرستی و دژە جولەکە بوون لە ناسیۆنالیزمدا پەنهانە.

لێکۆڵینەوە لە نازیزم لەو ڕێگەیەوە یارمەتی شرۆڤەکردنی خودی ڕژێمی نازییش دەدات، پاڵنەرێک هەبێت کە "سەرکەوتن"ی نازیزم دەداتەپاڵ دژە جولەکە بوون، بە کورتی، دەگوترێت کە نازیزم بە ئاڕاستکردنی سەرنجەکانی بۆ جولەکەکان، لە جۆری ورەی بێزاری خەڵک سوود وەرگرێت، بیانکاتە "بالاگەردانی" تەواوی بەلاکان، کە ئەڵمانییەکان تووشی ببوون. ڕاڤەی لەم شێوەیە لە نووسینە ئەکادیمییەکانی دەربارەی نازیزم بڵاوبوونەتەوە، سەرنجڕاکێشەیەکی دیاری هەبووە، کە لەسەربنەمای عەقڵی سەلیمە، بەلام لەواقیعدا تێزی بالاگەردانی هیچ شتێک ڕوون ناکاتەوە، ئارێنت، ئەو واقیعیەتە بەشێوەیەکی کوورت، بە نوکتەیەکی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی دەری دەبڕێت، "دژە جولەکە بوون بانگەشەی دەکرد، کە جولەکەکان هۆکاری شەڕ بوون، کەسی دووەم وتی: ڕاستدەکەیت، بەلام پایسکل سوارەکانیش هۆکاری بوون.

کەسی یەکەم پرسی: پایسکل سوارەکان بۆ؟ کەسی دووەمیش پرسی: دەی، بۆچی جولەکەکان؟" تیزی بالاگەردانی ڕواڵەتی ڕوونکردنەوەیەکی هەیە، بەلام لە واقیعدا بەڵگەنەویست مەسەلەکە گریمانە دەکات. لێکۆڵینەوەی مێژوویی تا ئەندازەیەک پشتگیری ئەوبابەتە دەکات. زۆرجار نازییەکان لە شەڕ و بانگەشەی خۆیاندا دژە جولەکەبوونی خۆیان بەرجەستە نەدەکرد، لەجیاتی داکۆکی، سەرنج لەسەر گرنگی نۆژەنکردنەوەی ژیانی نەتەوەیی بوون– ڕاگەیەنراوی حزبی ساڵی 1930 جەختدەکاتەوە، کە حزب "جارێکی دیکە ڕێگە بە گەل دەدات تا ڕابپەڕێت." گەل فێردەکات کە "ورەی پۆلایین"ی هەبێت تا "لە داهاتوودا گرنگی گەلی ئێمە... هاوتای بەها سروشتییەکەی بێت." شیکارێک لە ئایدۆلۆژی ڕیزە ئاساییەکانی حزبی ئاشکراکرد، کە لە کاتێکدا کە پەیوەندیکاران بە حزب، پێشداوەری ڕوونیان لەخۆیان نیشانداوە، تەنیا لە کەمینەییان، ڕوانگەی دژە جولەکە بوونانەی وەک پێشداوەرییەکی (گشتی) بەرچاودەکەوێت. نزیکەی لە 30%ی، لە چالاکوانان تەنانەت بەئەستەم دژە جولەکەبوونیان خستەڕوو، تەنانەت ژمارەیەک خۆیان لە دژە جولەکە بوونی حزب بێتاوان دەزانی. ئەو لێکۆڵینەوەیە کەم ڕوونکردنەوەی دژەجولەکە بوون بەتیزی بالاگەردانی ئاشکراکرد. ئەگەر ئەو تیزە دەربارەی کەسانێک کاریگەری نەبێت، کە لەناو حزب دابوون، دوورە لەبارەی کەسانێکەوە کاریگەری هەبووبێت، کە لە دەرەوەی حزب بوون هەر بەوشێوەیە، ئەگەر ئەو تیزە لە

بنچینـەدا توانـای جیاکـاری هـەبێت، دەبێـت بتوانێـت دژە جولەکە بوونی ئەو کۆمەڵە ئەندامە ڕوونبکاتەوە، کە دوای 1929، لە لوتکەی قـەیرانی ئابووریدا چوونـەناو حزبـەوە، واتا کاتێک کە گەڕان بۆ باڵاگەردان لە لوتکەی خۆیدا بوو. لەگـەڵ ئەوەشـدا، پێدەچێت کەسـانێک کـە لـەو سـەردەمەدا پەیوەنـدیان بـە حزبـەوە کـرد، (لـە هـەمووان کـەمتر) دژە جولەکە بوون. ئەوەی بۆ داکۆکیکارانی نازیزم کێشکردنی هـەبوو، ناسـیۆنالیزمی توونـدڕە، لەگـەڵ کۆمـەڵێک بابـەتی دیکـە بـوو، دژە کۆمـۆنیزمی، هەڵوەشـانەوەی غەرامـەی شـەڕ، پێشـێلکردنی پەیماننامـەی ڤێرسـای، هـەژموون و سنوردارکردنی قازانج خوازی پیشەسازی، ڕابەری بەتوانا بۆ کۆتایهێنان بەخـەبات و قەیرانـەکانی سـەردەمی ڤایمـار، بێگومـان بـۆ ژمارەیـەک دژە جولەکە بـوو. لەوانەیـە ئـارنۆ مایـار هەڵـەی نـەکردبێت، کـە بانگەشـەی دەکـرد "دژە جولەکە بوون ڕۆڵی یەکلاکـەرەوە یـان گرنگـی لـە گەشـەی جولانەوەی نازی و ڕای هەڵبژاردنەکانیاندا نەبووە".

جێکردنـەوەی میللـەت و ناسـیۆنالیزم لـە تێگەیشـتنی ئێمەدا، لە بیۆلۆژیکی نازی دا، بەمانای لەبـەرچاو نـەگرتنی بابەتی نەژادی و دژە جولەکەبوون نییە، بـەڵکو لایـەنگیری تیـۆری نـوێی پێدەدات. ئـەو کـارە وادەکـات تـا بـەدووبارە بیرکردنـەوەی گـۆڕانی لایـەنگری ڕژێمـی فاشیسـتی لـە ئیتاڵیـا، لـە نەژادپەرستی و دژە جـولەکە بـوون بکۆڵینـەوە. ئێستا ئـەو بانگەشـەیە بۆتـە بـاو، کـە لەبنچینـەدا مەسـەلەی نـەژادی لـە فاشـیزمدا بابـەتی یەکلاکـەرەوە نـەبووە، بانگەشەیەک کە بەتایبەت بۆ کەسانێک سەرنجڕاکیشە، کە

هەوڵدەدەن نازیزم لە فاشیزم جیابکەنەوە، لەو ڕێگایەوە بەئابڕومەنـدتر نیشـاندانی فاشـیزم جـارێکی دیکـە، بـە لۆژیکی جێگهای پەسند بینووێننەوە. ئەو بانگەشەیە پشتی بـەو گریمانـە تێکڕاییـە بەسـتووە، کـە "باوەڕهێنـانی" مۆسـۆلینی بـە نەژادپەرسـتی و دژە جولەکەبـوون لـە کۆتـایی 1930، لەژێرفشـاری نازییـەکان ڕوویـدا، هـەرگیز قەناعەتی بە زۆربـەی فاشیسـتەکان نـەکردبوو، مۆسـۆلینی لەکۆتایی 1930 بەڕواڵەت ڕەخنەی لە نەژادپەرستی نازی گرتـووە، گوتبـووی کـە فاشـیزم و لوتبـەرزی نەتـەوەیی پێویســتییان بـــە "ســـڕینەوەی" نـــەژادەکان نییـــە. بانگەشەیەک، کە بەشێوەیەکی گشتی دەخرێتەڕوو ئەوەیە، کە نەژادپەرستی و دژە جولەکەبوون هەرگیز سوودی بۆ فاشیسـتەکانی ئیتاڵیـا نـەبووە، چونکـە لەواقیعدا بەڕواڵـەت هەرگیز باوەڕیان بەو ڕایانە نەبووە. بەم شێوەیە، تەنانەت کاتێـک، کـە دەوڵـەتی فاشیسـتی ئیتاڵیـا یاسـای نـەژادی لەسـاڵی 1938 پەسـندکرد، بەوپێیـە هاوسـەرگیری نێـوان نەژادی قەدەغەکرد، جولەکەکانی لـە خزمـەتی سـەربازی و خاوەنـداریکردنی زەوی فـراوان بێبـەش کـردووە، کۆنـە سـەربازەکانی جـولەکە و کەسـانێک، کـە لـە جـوڵانەوەی فاشیستی بەشداریان کردبوو، لەو کارە بواردران و ئـەو جوولەکانـەی، کـە دەیـانتووانی نەتـەوە بـوونی ئیتاڵیـایی خۆیـان بسـەلمێنن، باڵێوزخانـەی ئیتاڵیـا لـە ئـەورووپای ژێردەسـەڵاتی نازییـەکان پارێزگـاری لێـدەکردن. ئامـانج لەخســتنەڕووی وردەکــاری باســکراو ئەوەیــە، کــە نەژادپەرسـتی و دژە جولەکـە بـوونی فاشیسـتی جۆرێـک

لادان و ڕیشەگرتووە، لە کاریگەری نەرێنی نازییەکان، بەمەش لەڕاستیدا هیچ پەیوەندییەکی بەخودی فاشیزمەوە نییە، بەڵام کاتێک کە دژە جولەکە بوون و نەژادپەرستی بە ئاکامی لاوەکی ناسیۆنالیزم بزانین، پرسیارگەلێک دەربارەی ئەو بانگەشەیە دەخرێتەڕوو.

**یەکەم:** نەژادپەرستی و دژە جولەکەبوون، لە ئیتاڵیا بەهەمان ئەندازە کە ئاکامی نیگەرانی دەربارەی دۆزینەوەی باشتری شێوەی ئیدارەدانی کۆنترۆڵی کۆڵۆنیالەکان، هەروەها دەرئەنجامی پێویستی پاساوی دەسەڵات بوو لەسەریان، بە دەرئەنجامی فشاری نازییەکانیش ئەژمار دەکرێت، بەڵام لە واقیعدا نیگەرانی لەبارەی کۆڵۆنیالەکان بەرهەمی ئەو نیگەرانییە بوو، کە میللەت لە دۆخی لاوازبوون دایە. کاتێک کە لە تشرینی دووەمی 1938، ئۆرگانی (حزب و ئیمپراتۆری) چەند پرسیارێکی دەربارەی ڕۆڵی حزب بەسەرنجدان، بە ماهیەتی پانتایی ئیمپراتۆری دوای ڕزگارکردنی ئەسیوپیا خستەڕوو، وەڵامەکەی پشتی بە سازدانی خەڵک بەستبوو، کارکردی حزب ئەوەیە کە

هەرگیز ڕێگا بە خەڵکی ئیتاڵیا نەدات ئارام بگرن، بەڵکو پێویستە هانیانبدات تا لەنێوان خۆیاندا پێویستی بەرنامە بۆ دانراو بەگەشەی لەکۆتایی نەهاتوو پەروەردە بکەن، تا بەزیندوویی بمێننەوە، لەواندا هەستی لەسەرووتری نەژادمان بخاتە زیهن و مێشکی ڕەشەکانەوە... بەکورتی، پێویستە هەوڵبدەین تا زیهنییەتی ئیمپریالیستی و نەژادپەرستانە بە خەڵکی ئیتاڵیا بدەین.

جەختکردنــەوە لــە دەســەڵاتی ئیتاڵییــەکان بەســەر ئەفریقیاییەکانــەوە بــەڕای مۆســۆلینی، لــەو پێویســتییە سەرچاوە دەگرێت، کە ئەو دەسەڵاتە وەک کاتالیزۆری بۆ پەرەپێــدان و گەشــەی شوناســی ڕەســمی لەســەرووتری نــەژادی کاریــدەکرد. هــەر بەوشــێوەیە، نیــازی شــاراوە لەودیوو بە نایاسایی ڕاگەیاندنی پەیوەندی هاوسەرگیری نێوان ئیتاڵییەکان و شوێنکەوتووانی وڵاتانی کۆلۆنیال، یان بێگانەکانی خاوەن نەریتی کولتووری و یاسایی هاوشێوە، لەگــەڵ شــوێنکەوتووانی کۆلۆنیالــەکان (نیســانی1937)، هاوسەرگیری نێوان هاووڵاتیانی ئیتاڵی بەڕەگەز ئاری و ئەنــدامانی نــەژادی جیــاواز (تشــرینی دووەمــی 1938)، بەرگرتن بوو، لە بوونی منداڵی فرەنەژادی، کە میللەتی ئیتاڵیایــان ئالودە دەکرد. بەوشێوەیە دژە جولەکە بوون، کاتێک بووە بابەتێکی بنچینەیی، کە مۆسۆلینی شەڕانگێزی دەسەڵات و گەندەڵی جولەکەکانی لە دڵی میللەت، بەترسی ڕاســتەقینەی فاشیســت زانــی. پاشــان کۆمــەڵێکی زۆر لەوکتێبانە بڵاوبووەوە، کە ماهیەتی دژە جولەکەبوون و نەژادپەرستیان دەخستەبەرباس و لێکۆڵینــەوەوە، بــەڵام چاوپۆشین لەو جیاوازیانەی، کە لەنێوان نووسەرانی ئەو کتێبانــەدا بــوونی هەیــە، هــەموویان لــە ڕوانگــەی مەترسییەکەوە لە بابەتی جولەکەیان دەکۆڵییەوە، کە بۆ میللــەتی ئیتاڵیــای هــەبوو. گۆڤــاری خــەڵکی ئیتاڵیــا، کــە کتێبێکی پاولۆ ئۆرانۆ لە (ئایاری 1937) تاوتوێیدەکرد، جەختیدەکردەوە، کە پێویستە جولەکەکان بڕیاربدەن، کە ئایا لەواقیعدا لە ئیتاڵیا تەنیا میوانن، یان ئیتاڵی ئایین

جـــولەکەن، چارەســـەرێک بـــۆ مەســـەلەی جـــولەکە، کـــە میللـــەتێکی نـــا ناسیۆنالیســـت بـــوون، لـــە دۆکیـــۆمێنتێکی حکومـــەت کـــە لـــە (شـــوباتی1938) خرایـــەڕوو، گومـــان دەکرێـت مۆسـۆلینی بۆخـۆی نووسـیویەتی، دامەزرانـدنی وڵاتی جولەکە بوو، لە ناوچەیەک لە جیهان. چارەسـەر بۆ خـــەڵکێک کـــە وەک وڵاتێـــک لـــەناو وڵاتێکـــدا دەژیـــان، هاوشـــێوەی دامەزرانـــدنی وڵاتێـــک بـــوو، بـــۆ خۆیـــان. بە دیووێکی دیکەدا، زیهنییـەتی نەژادپەرستانە لـە گەشـەی بـــەردەوامی میللـــەت هاتـــە ئـــاراوە، نەژادپەرســـتی و دژە جـولەکە بـوون، هاوشـێوەی هاوتـای نـازی خـۆی ئاکـامی بەشەکی ناسیۆنالیزم بوو.

**دووەم:** مۆســـۆلینی لـــەجیاتی ئـــەوەی، کـــە لـــەژێر کاریگەری نازییەکان ببێتە نیمچە نەژاد پەرستێک و نیمچە دژە جـــولەکە لـــە (کۆتـــایی1930)، لـــە (1918)بـــەدواوە، لـەجاران زیـاتر سـوودی لـە زاراوەی نـەژادی وەردەگرت. کاتێـک کـە نەژادپەرسـتی هەرچەنـدی زیـاتر بـۆ سیاسـەتی دەوڵەتی ئیتاڵیا لە کۆتایی 1930 دەگۆڕێت، مۆسـۆلینی و فاشیسـتەکانی دیکـە، بەدروسـتی – بـەو بانگەشـەیەی، کـە هەمیشە باسی نەژادییان دەکرد، ئـەو سیاسـەتەیان پاسـاو دەدا لە نیسانی 1921، مۆسۆلینی لە وتەیەکدا، لـە پۆڵۆنیا بانگەشەیکرد، کە "فاشیزم لە نیازی قوڵ، ئەبـەدی نـەژادی ئاریـای و ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتی ئێمـە لـە دایکبـووە"، لـە درێژەیـدا گـووتی، کـە فاشـیزم هەوڵـدەدات هەسـتی "هـاو پەیووەســـتی نـــەژادی" بداتـــە ئیتاڵییـــەکان تـــا هـــەموو ئیتاڵییـەکان "ماییـەی لوتبـەرزی نـەژادی" خۆیـان بـن. لـەم

بەشە بەدواوە زاراوەی "نەژاد"، سیستماتیکی لە نووسین و وتاردانەکانی دەردەکەوێت، بەفراوانی لە نووسینەکانی هەموو فاشیستەکانی ئیتاڵیای ئەو سەردەمە سوودیان لێوەردەگیردرێت. سوودوەرگرتنی تایبەتی لەو چەمکە بەرچاوە، چونکە "نەژاد" و "لوتبەرزی نەژادی" لێرەدا زۆر کەم مانای "میللەت" و "ئاگایی نەتەوەیی" دەدات. بانگەشەی مۆسۆلینی هەر لەو کارەدا ڕیشە دەگرێت کە"، پێش ئەوەی عاشقی فەرەنسییەکان، ئینگلیز و هوتن توتەکان بم، عاشقی ئیتاڵییەکانم. بە قسەیەکی دیکە، عاشقی هاونەژادییەکانی خۆمم، عاشقی کەسانێک، کە بەزمانی من قسە دەکەن، دابونەریتی منیان هەیە، خاوەن مێژوویی هاوشێوەی منن"، هەروەک گریگۆر ئاماژەی پێدەکات، نەژادپەرستی مۆسۆلینی لە ساڵەکانی فۆرمگرتنی فاشیزم تەنیا ناسیۆنالیزمی زووتێپەڕ بوو. هەمان بابەت دەربارەی دژە جولەکەبوونی مۆسۆلینی ڕاستە. ئاماژەی دژە جولەکە بوونی مۆسۆلینی، هاوشێوەی بانگەشەکانی مۆسۆلینی لە 1919، کە خاوەن بانکە جولەکەکانی لەندەن، نیۆیۆرک بەزنجیری نەژادی لەگەڵ مۆسکۆ گیریانخوارد بوو، لە 80%ی ڕابەرانی سۆڤێت جولەکەن – لەناوەندی ناسیۆنالیستی ئەو کاتە باوبوو. بە دەربڕینێکی دیکە، کاتێک کە مۆسۆلینی ناسیۆنالیست و فاشیست بوو، بووە نەژادپەرست و دژە جولەکەش.

بێگومان نەژادپەرستی، دژە جولەکەبوونی مۆسۆلینی بیلۆلۆجیزمی نەبوو، کە لە نازیزم دا دەدۆزرێتەوە و

لەجیاتی، لەسەر پێکهاتنی نەژاد وەک پرۆسەی سیاسی و کولتووری قوڵبووەوە، بەڵام ئەوە بەمانای ئەوە نییە، کە جیاوازی ڕاشکاوانە لەنێوان نازیزم و فاشیزم بوونی هەیە. شوناسی نەژادی نازی لە زۆر لاوە جوان نەبوو، لە شوناسی باوی سەدەی نۆزدەیەم ڕیشەی گرتبوو. نەژاد پەرستی هاوشێوەی هەموو شوناسەکان، جوانی و جۆری تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام جیاکردنەوەی نەژادپەرستی "بیۆلۆژیکی" و گواستنەوەی بۆ جیهانێک بیکاتە هی خۆی ترسناکە، هەنگاوێکی وەها ئەو باوەڕە هاندەدات کە هەندێک لە شێوەکانی نەژادپەرستی، تا ئاستێک باشتر، یان ئابڕومەندانەتر وەک کارێک کاریان بەکاری بیۆلۆژیکی دانابووە، بەمشێوەیە ئەو واقیعەتە دەشارێتەوە، کە تەواوی شێوەکانی نەژادپەرستی لەسەرەتای یەکەم پشت ئەستوورن، بە کەمکردنەوەگەرایی ئاڵۆز و ڕواڵەتی بیۆلۆژیک.

لە هەلومەرجێکی وادا، ڕێچکە و ناوەندی کولتووری و هێزی زاڵ لەو وڵاتەدا، پێگەی دەوڵەت و نەژاد، لە فاشیزمی ئیتاڵی و نازیزمی ئەڵمانی ڕوون ناکاتەوە. چەمکەکانی دەوڵەت و نەژاد، لەجیاتی ئەوەی بە بەرهەمی نەتەوەیی دابنرێن، بۆ کردنە بەڵگەی بانگەشەکانی ناسیۆنالیستی، بە میکانیزمی جیاوازی ئایدۆلۆژی ئەژمار دەکرێن. بەشێکی زۆری کارەکانی ئەم دواییە و بەرسڤدانەوەی ناسیۆنالیزم، بە سروشت پێکهاتەی میللەتان و پێگەکانیان وەک کۆمەڵی خەیاڵی، ئاماژەیان بەناونیشانی کۆمەڵی لەخۆیدا، هەم سنوردار و هەم

باڵادەسـتکردووە. بەرهەمـە ناوبراوەکـان ئـەو دەسـتکەوتەیان هەیـە، کـە سـەرنجی ئێمـە پەلکێشـی ئـەو واقیعەتـە دەکـات، کـە میللـەتان وەک پێویسـت بەرهـەمی کولتـوورین، میللـەتان کۆمـەڵی خـەیاڵین، چونکـە ئەنـدامی تەنانـەت بچـووکترین میللـەتانیش هـەرگیز ناهاوتایـانی خۆیان دەناسـن و نـە سـەردان دەکـەن. ئـەو بابەتـە بـەڕای ناسیۆنالیسـتەکان گرنـگ نییـە، کـە ئێمـە وەک ئەنـدامی میللـەت بەیەکـەوە دەبەسـتێتەوە، نـەک سـەردانکردن یـان ناسـینی یـەکتری، بـەڵکو جۆرێـک بەشـدارییە لـە "ئیـرادەی نەتـەوەیی". بـە ڕواڵـەت میللـەتی ئێمـە وەک تـاک بـەهێزی هەمووانی و کۆمەڵی گرنگی جیهانی، مێژوویـی پەیوەسـت دەکـات. بـەم ناونیشـانە "ناسـیۆنالیزم بـەپێی چارەنووسـی مێژوویی" لەبەرچاودەگیرێت. بەگوێرەی ئەو خوێندنەوەیە، میللـەت پەیوەندییـەکی زۆری بەسـنوورەکان، شـێوەی حکومەت یان نەتەوەییەوە نییە، بەڵکو لە واقیعدا شـێوەیەکی لە کۆمەڵ و پشتبەستوو بەهەست، وورووژان و غەریزەیە.

چەمکەکانی نەژاد و دەوڵەتی جیهانگر، هەمان کاراییـان بۆ فاشـیزم هەیـە. واتـا دەوڵـەت و نـەژاد لـە فاشـیزمدا لـە متوربـەکردن بـەهزری میللـەت، تـاک بـەهێزی بـاڵاتر، مەعنەویی و جیهانگر دەبەستنەوە. دەوڵـەت و نـەژاد وەک میللەت، کۆمەڵگەی ئەخلاقی خەیاڵیین، لە هزری فاشیستدا، کە لە میللەتدا گەشە دەکەن، بە پاراستنی توانای نەتەوەیی لە بەرامبەر دووژمنـان و گـۆڕینی ڕووخسـاری دەسـەڵاتی دەوڵـەت، وەک نموونـەی ناسـنامەی "سروشـتی" کۆمـەڵی ئێمـە و یـەکگرتوویی ئێمـە بـەهێزی "مەعنـەوی"، ئـەو

دەسەڵاتە لە ئایدۆلۆژیادا ڕۆڵ دەبینن. بەم شێوەیە، دەکرێت بەم ڕاییەی نەرین، کە لەسەرەوە خرایەڕوو، وەک پێویست لە قوڵایی مێژووییدا لە فاشیزم بکۆڵرێتەوە، زیاتر لەهەر ڕووداوێکی دیکە ناسیۆنالیزممان پێدەناسێنێت، ئەم بابەتەی خوارەوەی بۆ زیادکرد، هەر کە بەقوڵایی تیۆری ناسیۆنالیزم شرۆڤە بکەین، زۆر خاڵ دەربارەی فاشیزم دەناسین، بەڵام ئەو زەوتکردنە بە بابەتکردنی مەسەلەیە.

بۆچی ئەو کۆمەڵە خەیاڵییە بوونیان هەیە؟ نەرین، دەنووسێت "هاتنە ژوورەوەی ناسیۆنالیزم... بە لەئاو هەڵکێشانی سیاسی چینەکانی خوارتر گرێی خواردبوو"، پێدەچێت هەر ئەو ناوکی سەرەکییە بابەت بێت. کاتێک کە خەباتی چینایەتی لە ئەوروپا لە سەدەی نۆزدەیەم و بیستەم توند بوو، چینی کرێکار بەهێنانە ئارای گۆڕانی شۆڕشگێڕی، هەڕەشەی لاوازکردنی سەقامگیری نەتەوەیی دەکرد. ناسیۆنالیزم خۆی لە بەرامبەر ئەو ڕەوتە مێژووییە سەقامگیرکرد و شەڕانگێزانە کارا بوو، هاوکات چینی کرێکاری لە پشت میللەتەوە سازدەدا، هەر لەو دۆخەدا لە میللەتدا جێی چینی کردەوە. فاشیزم وەک بەشێک لەخەباتی دژی کۆمۆنیزم بەری بەو ناسیۆنالیزمە دەگرت، ڕوانگەی ناسیۆنالیزم لەخۆیدا وەک شوناسێکی هەمەلایەنەی چینەکان دای نا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زمان و ترسی سۆسیالیزمیشی داگیرکرد. لە دوو بەشی داهاتوویی ئەم کتێبەدا سەرنج لەو بابەتە دەدەین.

**3- شۆڕش دژی شۆڕش (ئەلف) سەرمایەداری، دەسەڵاتی دەوڵەتی و شۆڕشی محافزکارانە**

ئەگەر ئیرادەی سەرمایەداری و دەسەڵاتی دەوڵەت و شۆڕشی محافەزەکارانە سەردەکەویت، کێ شکستدەخوات. فاشیزم خۆی ناودەنێت دژە مارکسیست و دژە بەڵشەفیک، بەڵام بەزۆر بەڵگەی جیا جیا پێداگری دەکات، کە پابەندە بە سۆسیالیزمەوە. بەمەش، دەبێت ماهیەتی "سۆسیالیزمی فاشیستی" یان "ناسیۆنال سۆسیالیزم" بخەینە ژێر سەرنجەوە. بۆ ئەم مەبەستە، واباشترە پەیڕەوی لە نەریتی کۆن بکەین، کە ئەو ڕۆژانە تەنیا یەک مانای هەیە، دەمەویت باسی سەرمایەداری و شۆڕش بکەم. نیشانیدەدەم کە فاشیزم زمان و درووشمەکان و هەندێکجار ئارگومێنتی سۆسیالیستی دەکاتە موڵکی خۆی، بەڵام بە گونجاندنی لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیادا، کە ئامانجی ناسیۆنالیستی، دەستەبژێر و محافەزاکارانەی هەیە. پێشگریمانەکانی بنەمای سۆسیالیزم لە سیاسەتی دواکەوتووانەی خۆیدا دەتوێنێتەوە، بە پشتبەستن بە چالاکیی شۆڕشگێڕە محافەزەکارەکان ئاشکرا دەبێت کە دیاردەی دژە شۆڕشگێڕی و داکۆکیکاری سەرمایەدارییە.

ئەو بەڵگەیە بە مەودای ڕەخنەگرانە لە بانگەشەی دووبارەبووەوە بابەتیانە شیدەکرێتەوە، کە فاشیزم و مارکسیزم کایەی هاوبەشیان هەیە. شیکردنەوەی (ئا. جێمز گریگۆر) لە "*سەرچاوە فکرییەکانی فاشیزم*"دا، پشتی بەو باوەڕە بەستووە کە فاشیزم جۆرێکی مارکسیزمە،

هــەردوو نموونــەکانی لــە "قەناعــەتپێکردنی فاشیســتی"، سیاســەتی توونــدڕەویین، بانگــەشــەی هاوشــێوە لەلایــەن (نۆئێل ۆ. سولیڤان) دەخرێتەڕوو. تەنانەت (زیڤ ستێرن هێــڵ)، لــە بەرهەمــە زیرەکانەترەکــەی دەربــارەی "زادەی ئایــدۆلۆژیای فاشیســتی" بانگەشــە دەکــات، کــە فاشــیزم (پێداچوونــەوەیە) بــە مارکســیزمدا. بانگەشــەیەکی دیکــەی ستێرن هێل، کە ناکرێت نازیزم بەشێوەیەک لە فاشیزم بزانێت، ستێرن بەتوانا دەکات تا دەربارەی ئیتاڵیا، لەو ڕووەوە سەرچاوەی هەندێک لە فاشیستەکانی ئیتاڵیایی، بەتایبەت مۆسۆلینی، لەناخی مارکسیزم دا بەرجەستەی بکات، بەڵام پێویستە ڕێکارێکی وەها بە بەڵگەی زۆرەوە ڕەتبکاتەوە. یەکەم، هەرکە فاشیزمی ئەڵمانی لەناو ئەو وێنایە دەگونجێنین، بە ئەستەم دەتوانی تەنیا سەرنج لەچاوپێداخشــاندنەوەی مارکســیزم بــدەیت، ئــەویش بەسەرنجدان بە دژایەتییەکی توند، کە لەگەڵ مارکسیزم لە ئەڵمانیا بوونی هەبوو. **دووەم:** فاشیزم لە جیاتی جوڵانەوەی ڕاشکاوانە خۆی بە دژە کۆمۆنیست و دژە مارکسیســت پێناســە دەکــات. **سـێیەم:** زاراوەی "پێداچوونــەوە" ئاڵۆزییــەکی هەیــە، کــە بابەتەکــە زیــاتر لێڵــدەکات وەک لە ڕوونکــردنەوە، تێکــڕای مێــژووی مارکسیزم دوای مردنی مارکس، لە هەندێک ڕوانگەوە کۆمــەڵێک لــە "پێداچوونــەوەکان" لــە ئەندێشــەی مــارکس، لەژێر ڕۆشنایی ڕەخنەی تیۆریی و گۆڕینی مێژوویی، بزانیــت. ئایــا دەکرێــت جیــاوازیی بکــەین لــەنێوان پێداچوونــەوەکانی مارکســیزم، کــە بــە مارکسیســتی

دەمێنێتـــەوە، ئـــەو پێداچوونەوانـــەی ئـــامێزی مارکســـیزم بـــەردەدەن؟ ئەگـــەر زاراوەکـــانی وەک "مارکســـیزم" و "فاشیزم"، لە واقیعدا، لیبڕالیزم، محافزکاری و هـەتادوایی) مانایـان هـەبێت، پێویستە وەڵام ئـەرێنی بێت، کـە لەوانەیـە مارکسـیزم و فاشـیزم تایبەتمەنـدیی هاوبەشـیان هـەبێت، وەک نموونـە دژایـەتیکردنی پەرلـەمانتاریزم و پابەنـدبوون بە گۆڕانکاری، گرنگییەکەی لەو تایبەتمەندییانە کەمترە کە لێکیـان جیادەکاتـەوە و دەیخاتـە جەمسـەری پێکنـاکۆکی خـــەباتی مێژووییـــەوە. بابـــەتی چـــین لـــە کرۆکـــی ئـــەو پێکناکۆکییەدایە.

**دورگەیەك لە درۆ: ناسیۆنال سۆسیالیزم**

ســـەرەڕای ئـــەوەی تـــەنیا نازییـــەکان لـــە ناونیشـــانی حزبەکەیانـدا شـوێنی نـاوی "ناسـیۆنال سۆسیالیسـت"یان کردبـووەوە، فاشـیزم بـە شـێوەیەکی گشـتی خـۆی بـە سۆسیالیســـت دەناســـاند. دیتمـــان کـــە چـــۆن چوونـــەتە دەرەوەی مۆســـۆلینی، لـــە مارکســـیزمەوە لـــە ڕێگـــەی قوڵبوونـەوە لەسـەر "میللـەتانی پرۆلیتاریـا"، نـەک لەسـەر خودی پرۆلیتاریا ڕوویدا و لـە بەرهـەمـەکانی نووسـەرانی دژە مارکسیســـتی وەک (کـــواردینی) نابێتـــە ڕێگـــر بـــۆ ستایشـی باشـییەکانی "ناسـیۆنال سۆسـیالیزم" بۆ میللـەتی پرۆلیتاریـــای وەک ئیتاڵیـــا. مـــۆریس بـــارس لـــە شـــەڕی هەڵبژاردنـەکانی نانسـی سـاڵی 1898، زاراوەی "ناسـیۆنال سۆسیالیسـتی" بۆ وەسفکردنی تواندنـەوەی پرۆلیتاریا لـە میللەتدا دانا، (مارسڵ دیئا) نیشانیدا پەیکەری کرێکاران کە

خۆیان لە میللەت دووردەخەنەوە درێژە بەم کارە دەدات، مەگەر دەوڵەت ببێتە ئامرازێک بۆ ڕزگاربوونی کرێکاران، پرۆسەیەک کە چەکی ئەوە دەداتە پرۆلیتاریا بە هزری میللەت بگات. بەڕای (جۆرج ڤالویا) و (پییەر دریو لاروشل)، **یەکەمیان:** بوونیادنەری (لی فایسکۆ) و دانەری (فاشیزمی فەرەنسی) کە (لە 1926 بەئیتاڵی بڵاوبووەوە)، **دووەمیان:** نووسەری (سۆسیالیزمی فاشیستی)، فاشیزم ئامانجی هاوشێوەی لەگەڵ سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم و نوێنەرایەتی خەڵک هەیە، لەگەڵ هەموو ئەوانەدا بەپێچەوانەوەی کۆمۆنیزمەوە نیازی نییە خاوەنداریێتیی هەڵبوەشێنێتەوە. لەجیاتی ئەوە، پێویستە خاوەنداریێتی لە چوارچێوەیەکی نەتەوەییدا سوودی لێوەربگیردرێت، کە تەواوی هێزە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەت ئەو هێزانەی کە دەکەونە هەردوو جەمسەری پێکناکۆکی دابەشکردنی چینایەتییەوە، لە پێکهاتەی نەتەوەییدا جڵەوبکات، بەم ڕێگایە بناغەیەک بۆ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی ئامادەدەکەن. لەمەدا "ناسیۆنالیزمی کۆمەڵایەتی" یان "ناسیۆنال سۆسیالیزم" کە لەودا "ناسیۆنالیزم + سۆسیالیزم= فاشیزم" (ڤالوئا)، دەوڵەت پەیوەندیی بە تەواوی چینەکانەوە هەیە، میللەت سۆسیالیزم یەکگرتوو دەکات. هیتلەر پێیوایە تاوانی سەرەکی مارکسیزم وەک ئینتەرناسیۆنالیزمبوونەکەیەتی. ڕێگەی بەرگرتن لەوەی کە مارکسیستەکان بۆ لەناوبردنی میللەت سوود لە چینی کرێکار وەرنەگرن، تواندنەوەی چین لە میللەتدا لە ڕێگەی ناسیۆنالیزەکردنی جەماوەرەوەیە. بەمشێوەیە، دەوڵەتی

ناسیۆنال سۆسیالیست، هیچ چینێکی نییە چونکە هەموو چینـــەکان لـــە چوارچێوەیـــەکی هاوبەشـــی یـــەکگرتووی نەتەوەییـــدا یەکـــدەگرن. کرانـــەوەی نەتـــەوەیی بـــەهۆی جـــەماوەرێک دێتـــەئاراوە، کـــە لوتبـــەرزی و بەختـــەوەری هاوبەشیان بەیەکەوە گرێداوە.

ئـــەوەی زیـــاتر لـــە هـــەموو شـــتێک دەبێتـــە هـــۆی وەرچەرخـــان بەرەو ناســـیۆنالیزم، خـــەباتی چینایەتییـــە بـــەهۆی ســـەرکەوتنی چینـــی کرێکـــار و هاتنـــەئارای کۆمەڵگەیـــەکی بـــێ چینـــی ڕاســـتەقینە، فاشـــیزم خـــەباتی چینایەتی لەو کۆمەڵگەیەدا، واتا لـە کۆمەڵگـەی چینایەتییدا، بـــە چارەســـەرکردنی مەســـەلەی چـــین لەخۆیـــدا بـــەکۆتا دەگەیەنێت. بە دیویێکی دیکەدا، گۆڕان لـە چەمکی گرووپی ستەملێکراودا، کـە لەبەشـی دووەمـدا شـرۆڤەکرا، توانـای ئەوەیـدا بـە فاشـیزم تـا مەسـەلەی چـین بـە گریمانـەی چینایەتیی نەبوونی کۆمەڵگەی چینایەتی "چارەسەر بکات". هەروەک مارکۆزە دەیخاتەڕوو:

تێکـــڕای شـــتێک یـــەکگرتوو نییـــە کـــە [گلۆبـــالیزمی تۆتالیتـــاری] دەخاتـــەڕوو، کـــە بـــە دەســـەڵاتی چینێـــک لـــە چوارچێـوەی کۆمەڵگـەی چینایـەتی بەدەسـتدێت، بـەڵکو لـەجیاتی یەکگرتووییەکـە کـە تـەواوی چینـەکان ئاوێتـە دەکـات، واتـا زاڵبـوون بەسـەر واقیعیـەتی کۆمەڵگـەی چینایەتی و بەم شێوەیە خودی چینەکان گریمانە دەبێت... بە دەربڕینێکی دیکە، کۆمەڵگەی بێ چین ئامانجە، بەڵام کۆمەڵگـەی بـێ چـین، لەسـەر بنـەما و لـە چوارچێـوەی کۆمەڵگەی چینایەتیدا هەبوو.

ئامـــانجەکە داخســـتنی ڕێگـــەی کۆمۆنیزمـــە بـــەڕووی هێنانە ئارای سۆسیالیزم بۆ میللەت. بە کردەوە ئەو کارە مانـــای قبـــوڵکردنی بـــەنەتـــەوەییکردن دەگەیـــەنێت، کـــە یەکسەر دژ بە سۆسیالیستکردنی کۆمەڵگەیە. بەمشێوەیە "تواندنـــــەوە"ی مەســــــەلەی چـــــین سەردەکێشــــێتە سەرلێشێواوییەوە، ئەو بۆچوونە لەئاستی ئایدۆلۆژیا لە چـین دەکۆڵێتـەوە، نـەک لـە ئاسـتی مـاددی. بـەم مانایـە، فاشـــــیزم وەک ئایدۆلۆژیایـــــەک دەنووێنێـــــت: وەک فاشیســـتەکان وێناکردنـــەکان، ئەندێشـــەکان، ئایدیالـــەکان، تەواوی دەستکەوتەکانی ئاگایی—بە زنجیرەکانی مرۆڤی واقیعـی وەردەگرێـت، تـەنها دەبێـت بـەگژ ئـەو گومانـەدا بچنەوە. ئەو داواکارییە بۆ گۆڕینی ئاگایی یەکسانە لەگەڵ خواستی ڕاڤەکاریی واقیعییەت، کە بە شێوەیەکی دیکە واتا بەڕەسمی ناسینییەتی بەهۆی ڕاڤەکاری دیکەوە.

بەم شێوەیە، میللەت چەمکێکە بۆ ڕاڤەکردنێکی نوێ لە واقیعیەت، واقیعیەتێک دامالڕاو لە چین، کە وەک یەکەی بێ چین ڕاڤە دەکرێتەوە. ئەو بابەتە دەربارەی هەر جۆرە ناسیۆنالیزمێک ڕاستە، بەڵام هەر ئەو کارە لە فاشیزمدا دەربـــارەی تـــەواوی چەمکـــە کلیلییـــەکانی وەک نـــەژاد و دەوڵەت ڕاستە. وەک نموونە نەژاد پەرستی فاشیستی بە پێشـــنیازکردنی جیـــاوازیی بنـــەڕەتیی نێـــوان نـــەژادەکان، پاشان ڕێکخستنی ئەو جیاوازییانە بە شێوەی پلەبەندیی چینـــی کرێکـــار، وەک بەشـــێک لـــە نـــەژادی بـــاڵاتر نیشاندەدات. بە قبوڵکردنی خەباتی نەژادی وەک هێزی بزوێنـــەری مێـــژوو، بـــە ئامـــاژەکردن بـــە بنـــەمای

ئەریستۆکراسی لە سروشتدا، چینی کرێکار وەک بەشێک لەو خانەدانییە و هێزی بزوێنەری مێژوو، چەمک دانانیان دەکرد. بەڕای هیتلەر

تەنانەت ئەگەر هیچ هۆکارێکی دیکە نەبێت، ئەوا ئەڵمانیا بەهۆی کۆمۆنیستەکانەوەیە، کە لەمەودوا ناتوانێت لەودیوو سنوورەکانییەوە شەڕ بکات...، چونکە میللەت بە دابەشکردنی چینایەتی ئیفلیج بووە. بەو ئامانجەی کە ملیۆنان کرێکار بۆ هزری "نەتەوەیی و نەژادی" ڕێنمایی بکەم. کاتێک ئەو کارە دەکرێت، کە کرێکاران ڕاستگۆیانە باوەڕیان بەو ئامانجە هەبێت.

بەمەش پەیامێک، کە دەدرێتە کرێکاران ئەوەیە کە بۆچی خۆیان بەهاوشێوەی چینی ستەمدیدە دەزانن، لەکاتێکدا دەیانتووانی خۆیان بەهاوتای چینی خانەدانی (نەژادی) بزانن؟ بەمشێوەیە، نەژادپەرستی جێگرەوەی خەباتی چینایەتی، بێجگە لە نەژادی دەبێتە دووژمنێکی نوێ بۆ کۆمەڵگەی یەکگرتووی خەڵک. بەگونجاندنی چین لەژێر شێوەیەکی نەژادی، مەسەلەی خەباتی چینایەتی و ئەگەری بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لەلایەن کۆمۆنیزمەوە لەکەدار دەبێت. کرێکار کە لەخوێن و ڕەگەزی خۆی ڕازی نییە، خەبات بۆ گەیشتن بە سامانی گەورەتری کۆمەڵایەتی ڕزگاری دەکات. تێکڕای ئامانجی شاراوە، لە ئەندێشەی *(نەتەوەیی)*دا ئەوەیە، کە نەک تەنها بۆ *(لەخۆگرتنی)* چینی کرێکار، بەڵکو بۆ گوێڕایەڵکردنی ئەو میکانیزمە بخرێتەڕوو. چینی کرێکار ترسناکە، چونکە ئەو چینە، بەرهەمی سەرهەڵدانی سەرمایەداری، زیاتر

لەهەر چینێکی دیکە ڕەنگدانەوەی بێ ڕیشەیی و بزۆزی مۆدێرنە، لێرەدا کرێکاران هەڕەشە لە ڕێسای کۆمەڵایەتی دەکەن. ئەگەر لە نەتەوە و نەژاد دا پێگەیەک بەو چینە بدرێت، کرێکار پێگەی وەک پرۆلیتاریای بەبێگانە بوو، لەدەست دەدات، لە نوێوە یەکگرتوویی ڕابردوو، بەگۆڕانی بۆ بەشێک لە تەواویەتی نوێ و هاوئاهەنگی کۆمەڵایەتی بەدەستدێنێت، ئەوکارە هاوکات کۆتاییەک دەبێت لەسەر لێکدژی کۆمەڵایەتی. دەکرێت جێکردنەوەی لەنەتەوەدا ئەو پرۆسەیە بە ئەنجام بگەیەنێت، وەک نەتەوە یەکەی تێکڕایی و مەعنەوی خەڵکی ئەڵمانیایە.

ئەندێشەی دەوڵەتی هاوبەش لە تەواوی شێوەکانی فاشیزمدا، تاڕادەیەک هەمان ڕۆڵ دەبینێت. فاشیزم بە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی یەکگرتوو دەوڵەتی کۆمەڵانی خەڵک، دەوڵەتی لە سەرووی چینەکانەوە ناساند، واتا ئیدی دەوڵەت بەدەست چینێکەوە نییە، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕایگەیاند کە لە دەرەوەی دەوڵەت هیچ شتێک بوونی نییە، واتا هیچ شتێک دژی دەوڵەت نییە. مۆسۆلینی و جەنتیلە ڕایانگەیاند فاشیزم دژی سۆسیالیزمە، چونکە سۆسیالیزم "بزاوتی مێژوو پەیوەست دەکات، بە چوارچێوەی خەباتی چینایەتییەوە، یەکگرتوویی چینەکان لەبەرچاو ناگرێت، کە لە ئابووری و ئاکاری ناو دەوڵەتەوە دێتەئاراوە. "فاشیزم دەستنیشانی دەکات کە بەرژەوەندیی جیاواز و پێکناکۆک بوونی هەیە، بەڵام "ئارەزوو دەکات بیانخاتە ژێر هەژموونی دەوڵەتەوە، لە چوارچێوەی سیستەمی یەکگرتوویيدا بەرژەوەندی بکاتە ئامانج، کە لەناو یەکەی

دەوڵەتدا بەیەکەوە هەڵیانکردووە". لەگەڵ هەموو ئەوانەدا، فاشیزم لەو ڕێگایەوە دەبێتە کۆسپی بەردەمی سۆسیالیزم، تا پێش کۆمۆنیزم بکەوێتەوە، لەسەر خەباتی چینایەتی قوڵبێتەوە، یارمەتی ئایدیالەکەی دەدات. فاشیستەکانی فەڕەنسا ڕۆڵی هاوشێوەیان بۆ دەوڵەتی یەکگرتوو وێناکردبوو. وەک نموونە، ڤالوئای وەک بنەمایەک بۆ نوێکردنەوەی ژیانی ڕێسای کۆمەڵایەتی سەرووتر، لە ئۆرگانە باوەکانی نوێنەرانی کرێکاران پشت بە کۆرپۆراتیزم دەبەستێت. ڤالوئا، هەرگیز لەو کارە بەتەنها نەبوو، ڕۆبێرت سۆسی لە شیکردنەوەکەی خۆی ئاماژەی بە یەکەم "شەپۆلی فاشیزم"ی فەڕەنسا کرد، کە "جوڵانەوەی فاشیستی فەڕەنسا لەسەردەمی نێوان هەردوو شەڕ، هاوبەشی لە وەڵامدانەوەی مارکسیزم دەخستەڕوو".

مارکسیزم بە قوڵبوونەوەی لەسەر چین بەش بەش بووە، قوربانیی ململانێ دەروونییەکان دەردەبڕێت. بە سەرلەنوێ بیرکردنەوەی کۆمەڵگە، کە لە دەوڵەتێک و نەژادێک درووست دەبێت، گومانی یەکگرتوویی دێتەئاراوە. فاشیزم لە ڕێگەی دەوڵەت یان نەتەوە، گێڕانەوەی خۆی لە تەواویەت، کە لە دەوڵەت – گەرد گەرد بوونی تاکی هاوڕا، بە جودابوونی چینەکان – لەناو دەچێت. فاشیزم چینی کرێکار بەهاوتاسازییەکەی لەگەڵ بەشێک لە دەوڵەتی جیهانگر یان نەتەوە هەڵکشاوە "ئازاد دەکات". بەم مانایە پێگەی چینی کرێکار لە مێژوودا، بەڵام وەک بەشێک لە تەواویەتێکی دیکە، گرەنتی دەکرێت. تەواو

شێوازەکانی فاشیزم بۆ گەیشتن بەو "ئازادی"یە، خۆیان بەشێوەیەک لە سۆسیالیزم دەخەنەڕوو، بەڵام وێنای سۆسیالیستی هەمیشە لەگەڵ تەواویەتی نەژادی یان دەوڵەت سالاری، کە لەلایەن ئەوانەوە دەخرێتەڕوو لاواز دەبێت، چونکە لە کرۆکی فاشیزم نەک ڕزگاری چینی کرێکار، بەڵکو لە دەستەمۆکردنی جەماوەردایە.

فاشیزم یەکێک لە ڕوانگەکانی مارکس دەربارەی ماهیەتی سەرمایەداری قبوڵدەکات، چینی کرێکار بە گۆڕانی بۆ چینی بەهرەمەند لەسەرمایەی مادی، لە ڕووخاندنی سەرمایەداری دووژمنی شۆڕشگێڕی سەرمایەدارییە. فاشیزم هاوکات بەدەستەمۆکردنی هێزێک، کە لەودیوو چینی کرێکار دایە، ئەو وزە شۆڕشگێڕییەش ئامادە دەکات. بەگوتەی والتەر بنیامین،

فاشیزم هەوڵدەدات جەماوەری پڕۆلیتاریا ڕێکبخات، کە تازە هاتوونەتە ئاراوە بەبێ ئەوەی کاریگەری هەبێت بەسەر ستراکچەری خاوەندارێتییەوە، کە کۆمەڵانی خەڵک هەوڵدەدەن لەناویبەرن. فاشیزم ڕزگاربوونی لەوەدا دەبینێت کە لە جیاتی ماف چانسی دەربڕینی خۆیان پێبدات. جەماوەر مافی گۆڕینی پەیوەندییەکانی خاوەندارییەتییان هەیە، فاشیزم هەوڵدەدات ئامرازی دەربڕینیان پێبدات و هاوکات خاوەندارێت بپارێزێت.

تا ئەو ئاستەی کە فاشیزم چینی کرێکار دەستەمۆ دەکات، وەک میکانیزمێک لەخزمەت ڕێسای سەرمایەداریدا ئاشکرای دەکات. ئەو کارە گرنگی بانگەشەی ماکس هۆرکهایمەر بەرجەستە دەکات، کە

"پێویستە هەرکەسێک نەیەوێت دەربارەی سەرمایەداری قسە بکات، دەربارەی فاشیزمیش بێدەنگی هەڵبژێرێت". لێکدانەوەکەی هۆرکهایمەر بەسوودە، بەڵام بەهەمانشێوەوە کە تیم ماسۆن ئاماژەی پێدەکات، ڕێک بە ئێمە ناڵێت کە دەبێت چ شتێک دەربارەی ئەو پەیوەندییە بڵێین. ئاشکرایە کە ئەگەر بڕیارە دەربارەی فاشیزم قسە بکەین، دەبێت دەربارەی سەرمایەداریش قسە بکەیین. لەگەڵ هەموو ئەوانەدا بابەتی جێگەی سەرنج لە درێژەی بابەتەکەدا، "کۆمپانیای گەورە و سەرهەڵدانی هیتلەر و مۆسۆلینی" نییە، چونکە لە زاراوەی لۆژیکی سەرمایەداری قۆرخکاری ناکۆڵمەوە. لەجیاتی، سەرنج لە پەیوەندی نێوان سەرمایەداری و فاشیزم، ئەو واقیعیەتە دەدەم، کە سەرەڕای ئەوەی فاشیزم خۆی ناودەنێت سۆسیالیست و تائاستێک زمان، درووشمەکان و ڕێبازی چەپی کردبووە هی خۆی، لەڕوانگەی مێژووییەوە داکۆکیکاری سەرمایەداری و بەمەش هێزی کۆنەپەرست دژی بەتوانایی شۆڕشگێڕی چینی کرێکار بوو. ئەو بابەتە نیشانیدەدات، کە تاریف کردنەکەی سێرگی ئەیزنشتاین، فیلم سازم لە "ناسیۆنال سۆسیالیزم" وەک "دوورگەیەک لە درۆ" وەسفێکی پڕ بەپێستە لە "سۆسیالیزم"ی فاشیست.

فاشیزم بە ئاسانی لە نەریتی ئەندێشەی کۆنەپەرست جێدەگرێت، پارە و سەرمایەی دارایی، لەجیاتی بەرهەمهێنانی کاڵای سەرمایەداری بەدوژمنی خۆی دەزانێت. ئامانج لەوەدایە نەک کۆمەڵگەی بێ چین، هەڵوەشاندنەوەی وەبەرهێنان، بەڵکو "کۆمەڵێک لە

خەڵک"ـە کە تێیدا توندڕەوییەکانی کۆمەڵگەی مۆدێرن لەسەربنەمای پارە کۆنترۆڵ دەبێت. پەلامارەکانی فاشیستی بۆ سەر "سەرمایە"، هەمیشە پەلامار بوو بۆ سەر سەرمایەی دارایی، بانکی و نەک پەلاماردانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری. هەرچەندە پەلاماری وەها بە هێمای سۆسیالیستی ئەنجام دەدرێت، هەمیشە نیشانەی ڕەسمی جوڵانەوەکانی نیمچە سۆسیالیستی بوون، واتا ئەو جووڵانەوانەی، کە لە مقۆمقۆی بوونیادەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری بێنەوبەرەیان پێدەکرا. (مارکس و ئەنگلس لە مانیفێستی کۆمۆنیست دا، ڕێک هەڵیانکوتایە سەر ئەو جۆرە سۆسیالیزمە.) ئەوان بە پەلاماردانی سەرمایەی دارایی و بانکی، لە قازانجی سەرمایەی پیشەسازی کاریان دەکرد. پەلاماری فاشیزم بۆ سەرمایەی دارایی، بانکی و پارە لەجیاتی ئەوەی، کە دژی سەرمایەداری بێت، ڕادەستبوون بوو بە بەرهەمهێنانی سەرمایەداری فاشیستی. بێگومان، جیاوازی نێوان سەرمایەی "بەرهەمهێنەر" و "مشەخۆر"، بەخولقاندنی خەرمانەیەکی گوماناوی پێویستییەکانی سۆسیالیستی – بۆ کرێکاران سەرنجڕاکێشە، بەڵام خاڵی یەکلاکەرەوە ئەوەیە، کە ئەو جیاوازییە لە پەلاماردانی خاوەن بانکەکان یان سەرمایەی دارایی "مشەخۆرئاسا"، بۆ سەرمایەدارەکانیش سەرنجڕاکێشە. بەمشێوەیە، فاشیزم لە جیاتی ئەوەی، کە لەدژایەتیکردنی خاوەنداریەتی تایبەتی بچەسپێت، خۆی وەک ڕزگارکەری خاوەنداریێتی تایبەتی دەچەسپێنێت. مۆسۆلینی ئەو خاڵەی خستەڕوو،

کـە لەڕوانگــەی ئــابووریی لیبرالییــەوە مەنچســتەرییە و هیتلەر هەرگیز! لە دەربڕینی ئەو ناوەڕۆکە ماندوونابێت، کــە یــەکێک لــە نیشــانەکانی داڕووخــان، بزربــوونی لەسەرخۆی خاوەنـداریێتی تایبەتییـە و سیاسـەتی حزبـی جـەماوەری فەرەنسـا ئـەوەبوو، کـە تەنانـەت قـازانج لـە "سۆسـیالیزمی فاشتیسـتی" بەداینـەمۆی بەرهـەم هێنـان بمێنێتەوە.

ڕووبەڕووبوونـەوەی فاشـیزم، بـە بابـەتی بـەرگریکردن لــە خاوەنــداریێتیی تایبــەت، مانــای مێژوویــی ئــەو لایەنگیرییە بوو، کە بە ڕواڵەت "سۆسیالیستی" دەپارێزێت و لەپشــتەوە جــەماوەری ئامــادەکردبــوو. ئاکــامی بــە کردەوەی بەرگری لە خاوەنداریێتیی تایبەتی لە بەرامبەر چینــی کرێکــار، لــەڕێگــەی لــەناوبردنی ڕێکخــراوە کرێکارییــەکان یــان گــۆڕینی بــە ئامڕازێــک بــوو، بــۆ بەرەوپێشــەوەبردنی یــەکگرتوویی نەتــەوەیی. ئـەنجام لـە هــــەردوو وڵاتــی ئیتاڵیــا و ئــەڵمانیا، قوڵکردنـــەوەی دامەزراوەی جوڵانەوەی چینی کرێکار بوو، بەڵام جێگەی سـەرنجە کـە ئـەو پرۆسـەیە دامـەزراوەی بنـەمای چـەمکی جیـاوازی هـەبوو. دەربـارەی ئیتاڵیـا، جەختکردنـەوە لـە دەوڵــەت وەک میکــانیزمی یــەکگرتووکردن لەپشــتەوەی میللەت و لایەنگریی قەزایی، کە ئەو کارە پێویستی پێیبوو، نـاوکی دامـەزراوەیی شـێوەی هاوبەشـی بـەخۆوە گـرت. بەپێچەوانەوە، لە ئەڵمانیا جەختکردنەوە، لە (*نەتـەوەئاسـا*) بــەو مانایــە بــوو، کــە نــاوکی دامــەزراوەیی شــێوەی

ڕێکخستن، بەمانای (*ئەندام ئاساکردن*)، کار و سەرمایەی لە یەکەیەکدا بەخۆوەگرتبوو.

دەوڵەتی یەکگرتوو لە ئیتاڵیا، بنەمای گونجاندنی کار و سەرمایەی لە یەکەیەکدا ڕەخساند. ڕزگارکردنی ئیتاڵی بەو ئامانجە، کە ڕێگای سێیەمی نێوان لیبرالیزم و کۆمۆنیزم بێت، هەوڵیدەدا بە پەنابردنەبەر ڕوانگەیەک، کە لە یەکگرتوویی زنجیرەکانی سەدەکانی ناوەڕاست هەیبوو، میللەتی یەکگرتوو کرد. لە جیاتی کرێکاران و سەرمایەداران لە دوو لای پێکناکۆکی دابەشکردنی چینایەتی، هەموویانی بەو "بەرهەمهێنەرانە" دەزانی کە ڕۆڵیان لە سەرکەوتنی میللەتدا هەیە. بەم هۆیەوە ئەو ڕێکخراوانەی کە تەنها بەرگرییان لە بەرژەوەندیی کرێکاران دەکرد، شوێنی خۆیان بەو ڕێکخراوانە دا کە پەیڕەوی خواستی یەکگرتوویی نەتەوەیی فاشیستییان دەکرد. کۆنفدراسیۆنی گشتیی کاری سۆسیالیستی هەڵوەشایەوە، کۆنفدراسیۆنی کاری فاشیستی جێیگرتەوە. کۆنفدراسیۆنی دوایی بە پەیمانێکی ڤیدیۆیی لە تشرینی یەکەمی 1925 زیاتر پشتگیری لێکرا، چونکە بەپێی ئەو پەیمانە، کۆنفدراسیۆنی کاری فاشیستی و کۆنفدراسیۆنی گشتی پیشەسازی ئیتاڵیا بە ڕەسمی یەکتریان بەڕیز وەک نوێنەرانی کار و سەرمایە ناساندن، کە پەیوەندیی بە خاوەن پیشەسازییەکانەوە هەبوو. یاسای کاری پەسندکراوی ساڵ، پاشان بەڕەسمی ڕێکخراوێکی کار و ڕێکخراوێکی سەرمایەی بۆ هەرکامێک لە لقە دیارەکانی چالاکی ئابووریی بەڕەسمی ناسی. لە 1928 ستراکچەری

هاوپەیمانی فاشیستی بۆ شەش فدراسیۆنی بچووکتر، لاوازتر دابەشکرا کە لەژێر چاودێری وەزارەتی کۆمەڵەی هەرەوەزی دابوون. سەرئەنجام، لە 1934 هەوڵدرا بە دابەشکردنی ئابووریی بۆ سێ بەشی گەورە - پیشەسازی، جووتیاری و خزمەتگوزاری – ڕێسایەکی زنجیرەیی تەواو بێتەئاراوە، لەناویدا سیستمێک لە 22 کۆمەڵەی هەرەوەزی بەرقەرار بکرێت. ئەو کۆمەڵە هەرەوەزییانە لە 1938 لە ئەنجومەنی فاسکیس (Fasces)، کۆمەڵە هەرەوەزییەکانی تازە دامەزراو نوێنەرایەتییان هەبوو، کە جێگەی ئەنجومەنی نوینەرانی گرتبووەوە.

باسی پانتایی "تەواوی" ئابووریی هەرەوەزی لە ئیتاڵیا، گرنگی ئەو دەستکەوتە مێژووییانە لەبەرچاو ناگرێت. ئامانجی ئەو هەرەوەزییە فاشیستییانە وەک تەواوی هەوڵەکانی دیکە، بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوی هەرەوەزی، لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری بەڕواڵەت ئەوەبوو، کە هەلومەرجێک ساغبکرێتەوە و نەزۆک بکرێت، کە لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازی سەدەی نۆزدەیەم هاتەئاراوە و پەیوەندیی سەرمایە و کاری لە پیشەسازیدا بڕی و لەلایەک بووە هۆی سەرهەڵدانی چینی خاوەن کارانی سەرمایەدار و لەلایەکەی دیکەیەوە چینی بێ شت و پەنا، پڕۆلیتاریای پیشەسازیی دروستکرد.

بە دەربڕینێکی دیکە، ئامانجی یەکلاکردنەوەی مشتومڕی نێوان کار و سەرمایە بوو لە جەمسەری پیکناکۆکی دابەشکردنی چینایەتی، بەڵام لەکاتێکدا کە

سەرمایەی پێکهاتوو هەروەک لەلایەن وتەبێژانی لە کۆنفدراسیۆنی کاری فاشیستی و کۆنفدراسیۆنی گشتی پیشەسازی ئیتاڵیا نوێنەرایەتی دەکرێت، کرێکاران هەستییانکرد بیرۆکراتەکانی حزبی فاشیستی لەو "ئەنجومەن"ەدا نوێنەرایەتییان دەکەن کە بە ڕێککەوتننامەی ڤیدیۆیی شێوەیەکی ڕەسمیی بەخوەگرتبوو (بە سەرنجدان لەو واقیعیەتە ئاسانتر پراکتیک دەکرێت کە ڕابەران و نوێنەرانی سەرەکی کرێکاران یان خراونەتە زیندانەوە یان خۆیان شاردبووەوە). پێدەچێت ئەو شێوە یاساییە بە سەر ڕووبەڕووبوونەوەی باوی نێوان سەرمایە و کاری بەر لە قۆناغێکی "تایبەتی"دا زاڵبێت، بەڵام لەکاتێکدا کە هێشتا سەرمایە زۆر سەربەخۆ و ئازاد بوو، کار هێزێکی دەستەمۆ بوو. کۆنفدراسیۆنی کاری فاشیستی و کۆنفدراسیۆنی گشتی پیشەسازیی ئیتاڵیا "بە ڕواڵەت سەر بە هەمان دەزگا دەوڵەتییەکان بوو، کە تەواوی کۆمەڵە سەندیکاییەکان بەکاریاندەهێنا، بەڵام پێچەوانەکەیان ئەوەندە بەهێز بوو، کە بتوانێت لە بەرامبەر خواستی بەرپرسانی دەوڵەت و توندڕەوە فاشیستەکاندا خۆی بگرێت". پیشەسازیی ڕێکخراو لەناو دەوڵەت بوو، بەڵام لە دەوڵەتدا نەبوو، لەلایەکی دیکەوە، کاری ڕێکخراو، تەنها تا ئاستێک "ئازاد" بوو کە بە هی دەوڵەت ئەژماردەکرا. سیستەمی یەکگرتوویی پەچەی نهێنیئامێزی دەهێنایە ئاراوە، کە لە پشتییەوە پرۆسەی کەڵەکەکردنی سەرمایە بێ لەمپەر بەردەوام دەبوو، فاشیزم بە

لەخۆگرتنی چینی کرێکار، کردەیەکی بەهێزی ئەو چینەی نەزۆک کرد، دەرهێنانی بەهای زیادەیی ئاساندەکرد.

دوو تایبەتمەندیی لە قسەوباسی دژە سەرمایەداریی نازییەکان گرنگیی هەبوو. **یەکەم،** پەلاماری نازییەکان بۆ سەر سەرمایەداری نابەرهەمهێن یان دارایی، هاوتای پەلاماردانی سەرمایەی جولەکە دادەنرێت. **دووەم،** هەروەها نازییەکان بەردەوام پەلاماری کۆمۆنیزم و مارکسیزم و ویستی سەربەخۆیی کرێکاران و فراوانبوونی ململانێی چینایەتییان دەدا. ئەو دوو تایبەتمەندییە لە ئایدۆلۆژیای نازییەکان متوربەی ئەو جەختکردنەوەیە دەکرێت کە پیلانی جیهانی جولەکە-بەلشەفیکی بوونی هەیە، هاوکات میکانیزمێکە بۆ دەسەڵاتی سەرمایەداری دارایی. نازییەکان بە شەڕەکانیان دژی دەسەڵاتی جولەکە-بەلشەفیکی، خۆیان بە فریادڕەسی سۆسیالیزم دەناساند. گۆبلز ڕایگەیاند: "دەکرێت سۆسیالیزم تەنیا لەڕێگای لێکدژی یان لەگەڵ جولەکەکان دەستەبەربێت، چونکە ئێمە خوازیاری سۆسیالیزمین، دژە جولەکەین". هیتلەر لە (*خەباتی من*) بە ئاشکرا بڕیاری دا کە جولەکەکان وەک مارکسیستەکان هاندەری سوکایەتی پێکردنی کرێکارانن و هەوڵدەدەن ئابووریی نیشتمانی بهاڕن. لەگەڵ هەموو ئەوانەدا یەکسانیی "سەرمایەداری" بە "سەرمایەداریی جولەکە"، هەروەها جێگرتنەوەی ئایدۆلۆژیای نەژاد لە جیاتی چین، وەک بنەمایەکی گشتی بۆ ململانێی ئاسان دەکرد. دەستکەوت واتا "سۆسیالیزمی گەمژەکان"– وەسفکردنی

ئۆگسـت بێـڵ، لـه دژه جـولەکه - پێویسـتی بـه داهێنـانی وشەی نوێی وەک بەڵشەفیزمی دارایی جولەکه هەبوو، تا پێکهاتـەی دووژمنـی کۆمـەڵی جـولەکه و سـەرمایەدار و کۆمۆنیست دەرببڕێت.

نازییـەکان، یەکێتییـه کرێکارییـەکانیان بـۆ بڕینـی پەیوەنـدیی بـه حزبـی سۆسـیال دیموکراتـەوه هانـدا، بـه ڕاگەیانـدنی ڕۆژی یەکـەمی مـانگی ئایـاریش وەک پشـوویەکی نیشـتیمانی –"ڕۆژی کـاری نیشـتیمانی"– سـەرنجی ئـەوانیان بۆخۆیـان ڕاکێشـا. هیتلـەر لەبـەردەم نزیکـەی ملیۆنێک کـەس لـه ئاهـەنگی "دەوڵـەتی کرێکـاریی گشـتی"، بـه شـانازییەوه گـوتی "کرێکـاران بەرهەمهێنـەری تێکڕای چینەکان" دژی تێگەیشتنی نادروستی مارکسیستی له کاری دەستی و ڕوانگەکەی لەسەر کۆمەڵگه قسـەیکرد، کـه بـەهۆی کێشمەکێشـی چینـه کۆمەڵایەتییەکانـەوه پارچەپارچـه دەبێـت. هیتلـەر لـه بەردەوامـدا گـوتی، کـه مارکسیسـتەکان وەک جولەکـان کـاری دەسـتی خـراپ نیشـاندەدەن، ئێسـتا نازییـەکان ستایشـی کـار و پیشـەی خـەڵک دەکـەن، کۆتـایی بـه جـودایی چـین و توێژەکـان دەهێنن. بۆ بەیانی یەکێتییه کرێکارییەکان وردوهاڕکران و لـەناوچوون. (نیومـان) بـه شـێوازێکی شایسـته ئـەو پرۆسەیەی کۆبەندی کردووە:

ڕۆژی پشـووی نیشـتمانی نوێ لـه 1ی ئایـاری 1933 ئاهـەنگیان گێـڕا. ژمارەیـەک لـه بەرپرسـانی یـەکێتیی کرێکـاریی و چەنـد ئانـدامێکیان، کـه هێشـتا هیواداربـوون سـتراکچەری ڕێکخراوەکـەیان بپـارێزن، شـان بەشـانی

سۆسیالیستەکان [نازییەکان] لە سازدانی ئەو ڕێوڕەسمە بەشداربوون. بۆ بەیانی لۆرییە پڕ لە کراسە قاوەیی و خۆڵەمێشییەکان پەلاماری ناوەندەکانی یەکێتیەکانیان دا، سەرۆکەکانیانی دەستگیرکرد و کەسایەتییەکانیانی بەدیلگرت، ناسیۆنال سۆسیالیستەکانی لە دەسەڵات دانا... ڕێک سی خولەک درێژەی کێشا تا ستراکچەری گەورەی یەکێتییە کرێکارییەکان هەڵبوەشێننەوە.

لە واقیعدا، تێکشکاندنی یەکێتییە کرێکارییەکان زۆر لەوە ئاڵۆزتر بوو. ڕژێمی نازی بە پەیڕەویکردن لە ئەندێشەکانی هیتلەر دەربارەی یەکێتییە کرێکارییەکان لە (خەباتی مـن)، باسیکردبوو، کە (***مارکسیستەکان***) سوودیان لە یەکێتییە کرێکارییەکان وەرگرتووە، بۆ وروژاندنی دابەشکردنی چینایەتی لەو ڕووەوە یەکێتی نەتەوەیی لاواز دەکەن، ئەو بیرۆکەیەی تێکوپێکدا، کە یەکێتییە کرێکارییەکان لەژێر هەژموونی کۆمۆنیستەکاندا بن یان ئەو کرێکارانە لەخۆبگرن کە لایەنگری کۆمۆنیستەکان بن، تەواوی یەکێتییەکان دوای 1933 درێژەیان بە چالاکییەکانی خۆیاندا.

سەرەتا نازییەکان دەوڵەتی یەکگرتووی ئیتاڵیایان کردە سیمبۆلی نموونە، لە ئایاری 1933 دامەزراوەی ناسیۆنال سۆسیالیست بۆ نیومانگەرایی (Neumann) دامەزرا، ئابووریزانان لەو باسەیان کۆڵییەوە، کە ئایا نیومانگەرایی تەبای ناسیۆنال سۆسیالیزمە یاخود نا، بەڵام ئەندێشەی دامەزراندنی دامەزراوەکانی نیومانیان خستەلاوە، چونکە شێوەی نیومانی بە جێکردنەوەی کرێکاران و خاوەن

کارەکان لە دامەزراوە لێکجیاکان ئاماژەی بەوە دەکرد کە ئەو دامەزراوانە لێکجیان. ئەو کارە پێداگری نازییەکانی لەسەر هۆمۆجینی نەتەوەیی پێشێلکرد. لە واقیعدا دەبوایە نازییەکان کۆمەڵێک گوتەزایان بخستایەڕوو کە بابەتی کرێکارانیان بەبێ پەنابردنە بەر شێوەی یاسایی و دەوڵەتسالاریی پێ چارەسەر بکەن، کە فاشیزمی ئیتاڵیا سوودی لێوەردەگرت. لە ڕوانگەی بیۆلۆژییەوە کۆمەڵەکانی لەسەر بنەمای نەتەوە هەمان شت بوو کە بە یارمەتی شێوەکەی دەیانتوانی هاوکات چارەسەرێک بۆ مەسەلەی کرێکار و بابەتی جولەکە بدۆزنەوە. ئەو بابەتە هەم لە ئاستی نەتەوەیی، هەم لە ئاستی کۆمپانیاکان پەرەیسەند.

لە ئاستی نەتەوەییدا "بەرەی کاری ئەڵمانیا" دامەزرا، تا کۆتایی بەو دابەشکردنە بهێنێت کە بەپسپۆڕیبوونی کار هێنابوویەئاراوە. سەرەتا چینی کرێکار پارچە پارچە بوو، پاشان بەپێی شازدە کۆمەڵەی یەکەی پیشەسازی سەرلەنوێ پۆلێنکاریی بۆکرا، بەڵام کرێکاران بەتەنیا نەک ئەندامی یەکێک لەو کۆمەڵانە بوون، بەڵکو -بەرەی کار- ئەندامی تێکڕای ڕێکخراوەکە بوون، کە بۆ تەواوی کرێکاران، چاوپۆشین لە پێگەی ئابووریی یان کۆمەڵایەتییان پێکهێنرابوو. بەرەی کاری ئەڵمانیا ڕێکخراوێک بوو، تەواوی خاکی ئەڵمانیای بەبێ هیچ جیاوازییەک لە ڕوانگەی چین و کار و پێگەی کۆمەڵایەتییەوە لەخۆدەگرت. بەرەو شێوەی

بەدامەزراوەیی ئەو شوناسە دەڕۆیشت کە چینەکان – لە ئەنجامدا ململانێی چینایەتی – ئیدی هەرگیز بوونی نابێت.

یاسای پەیوەست بە ڕێکخستنی کاری نەتەوەیی (یان ئەی ئۆ گی) لەئاستی کۆمپانیاکان یەکێک بوو لە کۆنترین ئەو یاسایانەی کە بەوپێیە هەوڵدەدرا چارەسەرێک بۆ "بابەتی" چینی کرێکار بدۆزرێتەوە. تەواوی ئەو دامەزراوانەی کە پێشتر لە پەیوەندیی کرێکاریان دەکۆڵییەوە -لە ڕێکخراوە جەماوەرییەکانەوە تا دەسەڵاتدارانی پەیوەست بە ئەنجومەنەکانی چارەسەری ناکۆکی– هەموویان شوێنی خۆیان بۆ "ئەنجومەنی کارگەکان" چۆڵکرد، کە بڕیاربوو "ژووری" کۆبوونەوەی نەتەوەیی بن، سیمبۆلێک لە کۆمەڵگە کە هیتلەر وەک "پڕۆسەی یەکگرتوویی چینە دەستکردەکان" لەمیللەتدا وەسفیکردبوو. بڕیاربوو خاوەنکار وەک سەرۆکی هێزی کار وێنایەک بێت لە "پێشەوا"، کرێکاران، کە بە "لایەنگران"ی هیتلەر دەناسران، دەبوایە سوێندی "وەفاداری و گوێڕایەڵی" بخۆن، ئەوە لەکاتێکدا بوو، کە پێویستە خاوەنکار ئاوڕ لە خۆشگوزەرانیی کرێکارانی دەدایەوە. ئەو کارە بووە هۆی گەشەکردنی دەروونی بەڵێنی کرێکاران بە هاوبەشی، وەفاداری بۆ پێشەوا، تواندنەوە لە ئەنجومەنی کارگە و بەم شێوەیە، لە کۆمەڵی نەتەوەیی دەبێت. ئەگەرچی دەستەی دەستپاکی کار (لە ئایاری 1933)ـەوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت باڵاتر لە "ئەنجومەنی کارگە"، پاراستنێکی وەهای بە مانای دەستێوەردان کەمتر بوو، بۆچی کە

بەرپرسیاریێتی چارەسەرکردنی مەسەلەی ڕۆژانە، لە ئەستۆی ژوورەکانی ئۆرگانیزمی کۆمەڵایەتی بوو. سیستمی نوێی "دادگاکانی شەرەفی کۆمەڵایەتی" خرایەڕوو، کە بەو پێیە "سووکایەتیکردن بە شەرەفی کۆمەڵایەتی" سزا دەدرا. سوکایەتیکردنی وەها بریتیبوو لە چەوساندنەوەی نائاسایی هیزی کار لەلایەن خاوەنکار و هەڕەشەکردن بوو بە تێکدانی ئاسایشی پیشەسازی لەلایەن کریکارەوە. کاریگەریی ئەو جۆرە گۆڕانانە دیاربوو: نەزۆککردنی جوڵانەوەی چینی کار بە سڕینەوەی پێگەی دامەزراوەکەی هاوکات زۆربوونی دەسەڵات و توانای "سەرۆک" کارگەکان بۆ دەسەڵاتکردن بەسەر هێزی کاردا.

ئەو دەسەڵاتە بە تەنیشت سەرکوتکردنی ئاشکراتری کریکاران و نوینەرەکانیان – ئامادەیی گشتاپۆ لە مانگرتنەکان لە 1938 چاودێریی تۆقینەری بەسەر کریکاران وەک سوودوەرگرتن لە کەمپی کاری زۆرەملێیی بچووک، کە بە کۆمپانیا گرنگەکانی پیشەسازییەوە بەسترابووەوە (کە تا ناوەڕاستی شەڕ 165 کەمپی لەو جۆرە کرابووەوە)، هەروەها دەستبەسەرداگرتنی زمان و ڕۆڵ و نەخشی سۆسیالیزم دەسەپێنرا. فاشیزم کە تەنیا بە وردکردنی جوڵانەوەی چینی کریکار، ئەشکەنجەدان و کوشتنی سۆسیالیستەکان دڵی ئاوی نەدەخواردەوە، زیڕ و زەمبەری تەرمەکەی دزی: ڕەنگی سوور، شەقام، ئاڵا، ڕۆژی کریکار،

فیلمسازی سۆسیالیستی، هەموویان بە ئایدۆلۆژیای میللەت و دەسەڵاتی دەوڵەت لە جیاتی شۆڕش لێیوەرگیرا.

کردەوە جیاوازەکانی ڕژێمە فاشیستەکانی ئیتاڵیا و ئەڵمانیا، لەلایەک ڕەنگدەرەوەی میکانیزمی زۆر جیاوازی ئایدۆلۆژی بوون، بۆ گرتنەبەری خەباتی چینایەتیی، دەربارەی ئیتاڵیا، پەلکێشکردنی چینی کرێکار لە ڕێگەی شێوەی پێداچوونەوەی یاسایی و دەوڵەتسالار، دەرباری ئەڵمانیا بەهۆی ڕێکخستنی کارگەوە، وەک ئەنجومەنێک کە بۆخۆشی بە ژووری ناسیۆنال سۆسیالیزم ئەژمار دەکرێت. بانگەشەی مۆسۆلینی و جەنتیلە کە هیچ شتێک نابێت لە دەرەوەی دەوڵەت بێت، هەمان هێندە کە بە بۆچوونی یاسایی ئەژمار دەکرێت، بۆچوونی فەلسەفی یان سیاسییش بوو. کاتێک ئەو بانگەشەیە دەربارەی کۆمەڵەکان بەکاردەهێنرێت، ئاماژەی بەو واقعیەتە دەکرد، کە کۆمەڵەکان پشتبەستووە بە ڕەسمی ناسینی کۆمەڵە پیشەییەکان، وەک کۆمەڵە[7]. کۆمەڵەکان تەنیا کاتێک دەتوانن کۆمەڵەبن، کە دەڵەت بەو ناونیشانە ناسیبنی. نازییەکان ئەو فۆڕمە یاساییەیان ڕەتدەکردەوە و باوەڕیان وابوو کە لایەنگیریکردنی دەوڵەتسالار و یاسای کۆمەڵە، نیشانەی بەدامەزراوەکردنی ڕێسامەند و بەیاساییبوونی جیاوازیی کۆمەڵایەتییە. نازییەکان بە لایەنگیریکردنیان لە شێوە بیۆلۆژییەکانی ئەندێشە، لە

---

[7] لێرەدا پیشەیی زاراوەیەکی فاشیستییە و بریتییە، لە یەکێتییە کرێکاریی و خاوەنکارەکان

جیـــاتی کۆمەڵـــە، ئـــابووری و ژیـــانی کۆمەڵایـــەتییان (*ڕێکخست*). مەبەسـتم لـەم بابەتـە بەرنامـەڕێژی نییـە بـۆ ئـابووری، بـەڵکو خوڵقانـدنی شـێوەیەکی (*ڕێسـامەندە*)، بـۆ یەکـــەکانی ژیـــاری ئـــابووری –کارگـــە و یەکـــەکـــانی بەرهەمهێنەر و ...هتد. نازییەکان لەجیاتی پەلکێشی یاسایی "ڕێکخســـتن"، واتـــا هـــەموو شـــتێکیان (*ڕێکخســـت*). بانگهێشتکردن بۆ دامەزراندنی "کۆمپانیای بیۆلۆژی ئاسـا"، لەلایـەن ئابووریزانـە سـەرەکییەکانەوە، بانگەشـەی بـەرەی کـــاری ئـــەڵمانیا، کـــە بـــەپێی ڕێســـا گەشـــەی کردبـــوو، پەسندکردنی یاسا بۆ ستراکچەری ڕێسامەندی ئابووریی ئـەڵمانیا، تـەنیا سـێ نموونـە لـەو ئۆرگانیزەکردنـە ئـەژمار دەکرێـــت. ئـــەو تایبەتمەندییـــەی ژیـــاری ئـــابووریی و کۆمەڵایـەتی، کـە بـۆ سـەلامەتی میللـەت بـە کـاری سیاسـی ئەژمار دەکران —لە کۆتاییدا هەموو شتێک لـە کارگـەوە تـا یانـەی شـەوانە و یـانەی وەرزشـی دەگرێتـەوە- دەبـوو شـێوەیەکی ڕێسـامەند بـەخۆوەبگرێت، تـا بـە بەشـێک لـە ئۆرگانیزمی باڵاتری میللەت ئـەژمار بکرێت. بـەم شـێوەیە، بە "سروشتی" وەک چارەسەرێک بۆ مەسـەلەی سیاسـی و کۆمەڵایەتی پشتیان پێدەبەست.

لەلایەکـــەی دیکـــەوە، ئـــەو میکانیزمـــە ئایدۆلۆژییـــە جیاوازییانـە، یەکەیـەکی بنچینـەیی و دوانـەییان هـەبوو. یەکـــەم، هۆکـــاری گوێڕایـــەڵکردنی چینـــی کرێکـــار ئـــەو پێشـگریمانەیە بـوو کـە یـەکێتیی نەتـەوەیی لـە بەرامبـەر کێشمەکێشـی چینایـەتی پێویسـتە. هۆکـاری جیـاواز بـۆ گەیشـتن بـەم بابەتـە –پەلکێشـکردن یان سڕینەوە بەهۆی

ڕێکخـراوەوە- کـەم و زۆر پشتبەسـتوو بـوو بـە یـەکێتی میللــەت و دەســـەڵاتی دەوڵەتگــەرا. بەمــەش تێگەیشــتنی فاشـیزم بـۆ "یـەکێتیی" وەکـو دەوڵـەت – میللـەت بـوو، کـە لـەودا چینـە سـتەمکار و ستەمکێشـەکان بـەزۆرەملێی لـە سـتراکچەرێکی دەسـەڵات، دەکەوتنـە تەنیشـت یەکــەوە. لێــرەدا "یــەکێتیی"، بەســەرنجدان بــەوەی، کــە هــەموو شـێوەکانی بـەرگری دژایـەتی بـە شـێوەیەکی کاریگـەر تێکشــکابوو، زیــاتر بــە مانــای دەســەڵاتی چینایــەتی و دەوڵـەتی بـوو، تـا هاتنـەئارای هاوئاهـەنگی. **دووەم،** ئـەو میکانیزمە جیاوازە ناوکی هاوبەشیان هەیە، گەڕانەوە بۆ ڕابـردووی ئوسـتوورەیی، کـە ئـەو جـۆرە یەکێتییـە لـەودا هەبوو. کۆمەڵەکانی ئیتاڵی هەوڵێک بوو بۆ پشتبەستن بە یەکێتییـــەک، کـــە لەلایـــەن کۆمەڵـــەکانی ســـەدەکانی ناوەڕاســتەوە دەســتەبەر ببــوو، واتــا نۆژەنکردنــەوەی شـێوەی ژیـانی سـەدەکانی ناوەڕاسـت بـوو، کـە پـڕە لـە نـاوەڕۆکی مـۆدێرن (سـەرمایەداری)، شـێوەی ڕێسامەندی ئەنجومەنـەکانی کارگـە هـەوڵێک بـوو بـۆ دەستەبەرکردنی دووبـارەی یـەکێتی بزربـووی سـەدەکانی ناوەڕاسـت. بـە هــەردوو کاردانــەوەی بــە مۆدێرنیتــە و بەشــە سیاســییە ســەرەکییەکانی، واتــا مارکســیزم و لیبرالیــزم ئــەژمار دەکران، کـە جەختیاندەکردەوە کۆمەڵگـەی بـۆرژوازی بـە ئاقــاری هێڵــی چینایەتییــدا دابــەش دەکرێــت، یــان تــەنیا کۆمـەڵێک لە خەڵکی پەرتووبڵاوە. لە بەشـی داهـاتوو زیـاتر باسی ئەو خاڵەی کۆتایی دەکرێت.

ئاکامی ئاماژەیی "هەوڵێک" خەباتی چینایەتی و گەشەی بەڵێنی ئایدۆلۆژیی بەکار "پێگە و کەرامەت" پێگەی کار بوو، ئەو ورەیە لە دۆخی توندڕەویی خۆی، کاری بە ئەزموونێکی ئازادیبەخش دەزانی، بەمەش لە پێگەی ئەزموونێکدا دەیپەرست، کە میللەت یەکگرتوو بکات. فاشیزم بەرکەوتنی سەرمایەداری لەگەڵ کار، کە بە کاڵای دەزانی، و بەرکەوتنی مارکسیزم بە کرێکار وەک پڕۆلیتاریا، بەنیشانەی ڕێزنەگرتنی سەرمایەداری و مارکسیزمی لە بەها واقیعییەکانی کار وەردەگرت. فاشیزم خۆی بە هۆکاری دووبارەکردنەوەی پێگە و کەرامەتی کار، بەهۆی زاڵبوون بەسەر ئەزموونە نەرێنییەکەی لە سەرمایەداری و کۆمۆنیزمی وێنا دەکرد، بەڵام بە دەرکردنی لەناوچوونی سەرمایەداری، چارەسەرێکی بۆ لەخۆنامۆبوون و چەوسانەوەی ناچاری شێوەی ئایدۆلۆژیایی بەخۆوە دەگرێت، جوانناسی نیشاندانی شوێنی کار و جوانکردنی ڕۆژانە. وەک نموونە ئەو کارە لە ئەڵمانیای نازی فۆڕمی "ئیدارەی جوانیی کار"ی وەرگرت، کە لە تشرینی دووەمی 1933، وەک لقێک لە ڕێکخراوی کاتەکانی پشوو "دەسەڵات بەهۆی خۆشییەوە" و شەڕی بۆ ڕیفۆرمی جیا جیا لە شوێنی کار دامەزرا. سەرەتا ئەو ڕیفۆرمانە تەنیا هونەریی بوون، وەک "ڕووناکایی باش- کاری باش"، "خواردنی گەرم لە کارگە" و "کەسانی خاوێن و پاک لە کارگەی پاک و خاوێن"، کە دواییینیان سەریکێشایە نوێگەرییە فراوانەکان، لە توانای شوشتن و دانانی گەنجینە و دۆڵابی جلوبەرگ،

بەڵام ئەو هەنگاوانە لە لایەنگری خۆی لەجاران زیاتر جوانناسی بوون، ئەو ئیدارەیە بە جەختکردنەوە لەو بابەتە، کە خۆشی لە کاردا و ڕەزامەندی دڵپاکانە، لە تەنیا بەخستنەلاوەی کار، لە قەڵەمڕەوی تێبینی مادیی و پێدانی مانای باڵاتر و ئەخلاقی پێی، وایکرد تا جوانی و شادی بۆ بنەمای ڕێکووپێک کردن، درووشمی کۆمەڵگەی پیشەسازی بگۆڕێت. بۆ ئەو ئامانجە، پێشنیازگەلێک بۆ دۆخی ناوخۆیی کارگێڕی، کارگەکان وەک پێشنیازی نویێ بۆ مۆبێلیات، کەلوپەلی ڕووناککردنەوە و تەواوی شمەک و پێویستی ناوەوەی کارگەکان خرایەڕوو. خاوەن کارگەکان هاندەدران تا بە بەکارهێنانی هونەرمەندانی شوێنی کار، بە کاشی دیواری ڕوونتر دروست بکەن. بۆئەوەی توانای کارگە لە کەڵەکەکردنی سەرمایە تووشی کێشە نەبێت، ئیدارەی جوانی کار تەنیا توانای ڕاوێژی هەبوو، هیچ توانایەکی یاسایی نەبوو، بۆ سەپاندنی گۆڕانکاری بەسەر خاوەن کارگەدا، بەبێ دەستەبەرکردنی مۆڵەت لە کارگەکان مۆڵەتی سەردانی نەبوو. وێڕای ئەوە، ڕاندمان (بەرهەم)ی ئابووری یەکێک بوو لە جەختکردنەوە سەرەکییەکانی ئیدارەی جوانیی کار، کە جوانکردنی شوێنی کار دەیتوانی کاری کرێکار زیادبکات. لە پانتایی بۆشایی تری ئایدۆلۆژی ئەنجومەنی کارگە و خاوەنەکانی، لەناوچونی ڕێکخراوە سەربەخۆکانی چینی کرێکار، ئیدارەی جوانی کار بەئاشکرا پارێزەری ئایدۆلۆژیای بنکەکانی سەرمایەداری بوو. لەگەڵ هەموو ئەوانەدا هیتلەر وەک "سۆسیالیزم لە واقیعدا" ئاماژەی بە جوانیی

کار دەکرد. "سۆسیالیستی" بوو، کە بە گوتەی ئانسۆن رابین باخ، "پێویستە ئەزموونی مێژوویی پرۆلیتاریا، لە ئەنجومەنی کارگە و کۆمەڵی نەتەوەییدا بتوێتەوە". بە جوانیی کار کاری داماڵینی پرۆلیتاریا و دەستەمۆیی دەبێت، بۆ چالاکی جوانی دەگۆڕێت، کە جیاوازییەکی لەڕادەبەدەری لەگەڵ ئەو جیهانە دزێو و ناخۆشە هەبوو، کە لە نووسینە مارکسیستی و جولەکەکاندا وێناکرابوو. بە دەربڕینێکی دیکە، فاشیزم مەسەلەی کرێکاری وەک مەسەلەیەکی دەروونناسی پێناسە دەکردەوە، هەوڵیدەدا لە ڕوانگەی سیاسییەوە بەڕێوەی ببات.

کاریگەریی ئەو گۆڕانە مادام سەرمایە خۆی هاوتای ڕژێم دەکرد، هاندان بوو بۆ کەڵەکەکردنی سەرمایە. لێرەدا کۆکاکۆلا نموونەی جێگە سەرنجە. ئەو کۆمپانیای خواردنەوە ناگازییەکان، لە 1939 لە سەرانسەری ئەڵمانیا 43 کارگەی دروستکردنی ساردی، 9 کارگەی لە جۆری شتە نوێیەکان هەبوو فرۆشتنیان گەیشتبووە چوار ملیۆن و نیو ساردی. هەر کام لە کارگەکانی کۆکاکۆلا لەسەر بنچینەی بنەمای ڕابەری ڕێنوویێنی دەکرێت، تا ئاستێک بەپێی پێویست–بۆ پەیڕەویکردن لە یاسا، بەڵام وێڕای ئەوە، بۆ ئەوەی کارگەکان سوود لە کرێکاری کەم توانا و کرێی کەم وەربگرن. بەپێی پرەنسیپێکی تێکڕاییتر، دەبوایە کۆکاکۆلای [ئاڵمانیا]، پەیوەندی بە ڕیشە ئەمریکی و کێشکردنی نێودەوڵەتییەکەی ببڕیبایە، لای خۆیەوە خۆی بە

بەرهـەمێکی ئـەڵمانی دەخسـتەڕوو. سـەری شوشـەکانیان خستەلاوە کـە بیری بەکارهێنـەرانی دەهێنایـەوە، سـاردی ئەسڵە و بە زۆرەملێی لـە ئۆڵـەمپیکی 1936، لـە بـەرلین و تەواوی ڕووداوە وەرزشییەکان، بە ساردییەکی پووخت و گونجاویـان بـۆ وەرزشـکارانی ئـەڵمانی ناسـاند. وێـڕای ئەوانـــە، لـــە ڕیزەکـــانی خۆیانـــدا یـــاوەری ئۆتۆمبێلـــە بارهـەڵگرەکانی کۆمپانیـای لاوانـی هیتلـەرییان دەکـرد و کۆمپانیـا خۆشـحاڵ بـوو بەوەی کـە سـەرەڕای دواکـەوتنی قـازانج، خـۆی قـازانجی بـە ئۆتۆمـۆبێلی ڕیکلامـی نـازی دەگەیاند، کارگەیەکی بچووکی دروستکردنی ساردی لەناو "نمایشـگای زەحمەتکێشـان"، کـە لەلایـەن نازییەکانـەوە لـە سـاڵی 1937ەوە دامـەزرابوو، لـە نزیـک ئیدارەی ڕیکـلام نـۆژەنکرایەوە، ئەوە لەکاتێکـدا بـوو کـە لـە کۆنفرانسـی خـاوەن ئیمتیازەکـانی هێمـای کۆمپانیـای کۆکـاکۆلا لەپـەنا خاچی شکاو جێگەی خۆیکردبووەوە. کاتێک کە سـەربازە نازییەکـــان لـــە مارســـی 1938 ڕژانـــە نـــاو نەمســـاوە، کۆکـاکۆلاش یەکســەر لــە دوایـانەوە کەوتــەڕێ، هۆبــەی ڤیەننای خۆی لە ئەیلولی هەمان ساڵدا دامەزراند.

تا ئاستێک، کە فاشیزم کەڵەکەکردنی سەرمایەی ئاسان کــرد، ڕێکخــراوە کرێکارییــەکانی هــاڕی و لــەناوبردن، چاوپۆشین لـە درێژدادڕی شۆڕشـگێڕییەکەی، نیشـاندا کـە دیاردەی سیاسی، لە بنچینـەدا محافزکارانـە، بەرگریکردنـە لـــە ســـەرمایەداری، فاشـــیزم هـــەوڵی سیاســـی بـــۆ زیندوکردنـــەوەی ئـــابووری لـــە گەشـــە وەســـتاوی

سەرمایەداری بەزاڵبوون بەسەر لاوازیی سیاسی ڕژێمە لیبراڵ دیموکراسییەکان بوو. بەم شێوەیە فاشیزم حەقیقەتی سەرمایەداری ئاشکرا دەکات. نابێت مانای ئەو دەستەواژەیە بە خراپ لێکبدرێتەوە. قسەی پێشووم دووبارە دەکەمەوە، هیچ بانگەشەیەکی تایبەتی ناکەم، دەربارەی دابینکردنی دارایی حزبەکان و ڕژێمە فاشیستەکان لەلایەن کۆمپانیا گەورەکانی ئەڵمانیا و ئیتاڵییەوە، هەروەها ئەو بابەتە ناخە مەڕوو کە فاشیزم لە جۆری لۆژیکی سەرمایەداریی قۆرخکارییە. فاشیزم لەنێوان دوو شەڕ زیاتر لە نیودل (New Deal کۆمەڵێک بەرنامەی ئابووری بوو، لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە لەنێوان ساڵەکانی 1933 تا 1936 جێبەجێکرا. ئەو بەرنامانە، کە لەلایەن سەرۆک کۆماری ئەمەریکا (فرانکلین ڕۆزڤێلت)ـەوە جێبەجێکرا، وەڵامێک بوو بۆ ڕاوەستاندنی ئابووریی ئەو سەردەمە و بریتیبوو لە پێدانی یارمەتیی دارایی بە بێکاران و ڕووتوڕەجاڵان، تەندروستبوونی ئابووری بوو، تا ئاستەکانی باو و ڕیفۆرمکردنی سیستمی دارایی). یان خودی کۆماری ڤایمار ڕەنگدەرەوەی سەرمایەداریی قۆرخکاری نییە. دەکرێت سەرمایەی پیشەسازی لەگەڵ هەموو ڕژێمێکی سیاسی بگونجێت، مادام ئەو ڕژێمە بە یاسا کۆتایی بە دەستێوەردان نەهێنێت، تامەزرۆیانە و بەوپەڕی ئارەزووەوە دەتوانێت، لەگەڵ هەموو ڕژێمێک بگونجێت، کە ڕاوەستانی ئابووری چارەسەر بکات، کۆتایی

به بگرەوبەردەی سیاسی بهێنێت. جوڵانەوە کۆمۆنیستی و سۆسیالیستییە شۆڕشگێڕییەکان تەفروتونا بکات، دامەزراوە کرێکارییەکان لەناوببات، خۆی پابەند بە مۆدێرنیزاسیۆنی پیشەسازی (سەرمایەداری) نیشان بدات. هەوڵدان بۆ وەسفکردنی فاشیزم، بە گوتەزای وەک تۆتالیتاریزم، سەرمایەداری دەوڵەتی و سۆسیالیزمی بیرۆکراتیک ئاوڕ لەم بابەتە نەداتەوە، لە حەقیقەتدا دایدەپۆشێت. شرۆڤەی (هۆرکهایمەر) بە دروستی خراوەتەڕوو، کە هەر کەسێک نەیەوێت باسی سەرمایەداری بکات، پێویستە لە باسی فاشیزمیش قڕوقەپ بکات، ئەگەرچی بەڵگاندنی پێچەوانەی لەلایەن نووسەرانی بیروباوەڕی سیاسی دژ خراوەتەڕوو، بەڵام ئەگەر فاشیزم حەقیقەتی سەرمایەداری ئاشکرا دەکات، بەرگریکردنی لە سەرمایەداریش حەقیقەتی فاشیزم ئاشکرا دەکات.

یەکێک لەو هۆیانە پێشینەی سیاسی بووە، لە تیۆر و کاری فاشیستی، کە وایکردووە ئەو بابەتە، لە هەندێک لە بەرهەمەکانی ئەم دواییەی دەربارەی فاشیزم بە لانیکەم بگیرێت. بە ڕای فاشیزم تایبەتمەندی یەکلاکەرەوەی سیستمی مۆدێرن، قەڵغانی سیاسییە، کە دەگوترێت مارکسیست و لیبراڵەکانیان خەوشدار کرووە. بەڕای فاشیزم، مارکسیزم لەگەڵ سیاسەت وەک بنەمای دیاردەیەکی ئابووری کارلێک دەکات، لەکاتێکدا لیبرالیزم وەک پاسەوانی شەو لێیدەکۆڵێتەوە، کە چاودێری

کۆمەڵگەی مەدەنی خۆڕێکخەر دەکات. وەڵامی فاشیستی جەختکردنەوەیە لە باڵادەستیی قەڵغانی سیاسی بەسەر قەڵغانی ئابووریيدا، لە واقیعدا بە وێنایەکی تۆخ جیاوازیی دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی تێکشکا، کۆمەڵگەی مەدەنی خستە ژێر هەژموونی دەوڵەتەوە، کە لە قەڵغانی سیاسی هەیەتی، هیچ شتێک لە دەرەوەی دەوڵەت نەبوو. کاریگەریی ئایدۆلۆژی ئەو بارودۆخە ئەوە بوو کە فاشیزم بەبێ شوناسێکی ئابووری کە جێگەی باس بێت، کاریدەکرد. کاریگەریی ئەو تێڕوانینە پشتبەستوو بوو بە سیاسەتی (*ئابووریی ئازاد*) بۆ کەڵەکەکردنی سەرمایە. چارەسەری بۆ لێکدژیی ئابووریی و قەیرانەکانی سەرمایەداری، دەسەڵاتی دەوڵەتی تۆتالیتار زیاتربوو. بەم هۆیەوە ڕاڤەکاران دەیانویست شیکردنەوەکانیان لێرەدا لەسەر قەڵغانی سیاسی چڕبکەنەوە، بەڵام جەختکردنەوە لە پێشینەی سیاسی بەردەوامی ستراکچەری دەسەڵاتی (*کۆمەڵایەتی*) لێڵکرد، بەڵام لەکاتێکی وەهادا دەربارەی جەختکردنەوەی خودی فاشیزم، کە شوناسی سیاسی شۆڕشگێڕییە و ئەو ئارەزووە زۆرە، کە قسەی خودی فاشیزم لەو بارەیەوە قبوڵدەکات، دەبێت چی بگوترێت؟ بە شێوەیەکی گشتی، فاشیزمیان بە دوو شێوە وەک شوناسی شۆڕشگێڕی لێکدایەوە. یەکەم شێوەی لایەنگرییەکەی بۆ سەرمایەداری دەکاتە جێگەی سەرنج، دووەم مەسەلەی گشتیی لایەنگرییەکەی بۆ مۆدێرنیتە لەبەرچاودەگرێت. لە بەشی داهاتوودا باسی بابەتی

دووەم دەکرێـت. بـاقی ئـەم بەشـە بـە شـیکردنەوە و پەرەپێدانی زیاتری ئەو بانگەشەیە بناغەی ئەو بەڵگەیە دادەڕێژێت، کـە بـەرگری لـە سـەرمایەداری، حەقیقـەتی فاشیزم ئاشکرا دەکات. بەشێک لەو باسە وەک پێویست شیکردنەوەی چەمکی شۆڕش لەخۆدەگرێت، کە بە ڕێگەی جیاجیا بـەدحاڵیبوون دێنێتـە ئاراوە، بـەدحاڵیبوونێک کـە دەکرێـت بـە دیاریکردنی فاشیزم، وەک لوتکـەی نـەریتی شۆڕشگێڕی محافەزەکارانە بەسەریدا زاڵبێت.

**سیاسەتی شۆڕش**

(مۆلێر ڤان دین برۆک)، کاتێک شۆڕشی 1918ی ئـەڵمانیای بـە "شۆڕشـێکی بـێ جـۆش و خـرۆش" وەسفکرد. بە گوتەی مۆلێر ئەوەی لەو شۆڕشەدا بەرچاو ناکەوێت ئینتمای نیشتمانیی گشتی بوو لە ساڵی 1914. بەو بەڵگەیەی کە مۆلێر کتێبی ڕایشی سێیەمی لە ساڵی 1922 بە جەختکردنەوە لە پێویستبوون بە شۆڕشێکی سـەرکەوتوو دەسـتپێکرد. واتـا شـۆڕش لەلایـەن کەسانێکەوە، کـە لـە پشتەوە خەنجـەر لـە سوپا نـەدەن، ڕادەستی دووژمنانی ئەڵمانیا نەبن، پشت لە بەها و کولتووری ئـەڵمانی نەکـەن. بەمـەش، ئـەو شۆڕشـە سۆسیالیستی نـەدەبوو. شـۆڕش لـە ئـەڵمانیا، لـەجیاتی وەرچـەرخانی هەلومـەرجی ماتریـاڵیی وەبـەرهێنان، ستراکچەری دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی، شۆڕشی کولتووری و لە بنچینەدا مەعنەوی دەبوو بۆ میللەت.

لێرەدا (مۆلێر) کلیلی تێگەیشتن لەو فاشیزمە دەخاتە بەردەست کە جوڵانەوەیەکی شۆڕشگێڕییە. بێگومان فاشیزم بۆ خۆی شوناسی شۆڕشگێڕی دەناساند، دەستەبەرکردنی دەسەڵاتی بەرامبەر بە شۆڕش دەزانی. مۆسۆلینی و جەنتیلە، بەردەوام جەختیاندەکردەوە کە فاشیزم شۆڕشگێڕییە، نازییە بەرجەستەکان جوڵانەوەی خۆیان بە جوڵانەوەیەکی شۆڕشگێڕی و خودی ئەو ڕژێمەیان بە هەڵگیرسێنەری شۆڕشی ناسیۆنالیستی یان ناسیۆنال سۆسیالیستی دەزانی. زۆرێک لە شرۆڤەکاران ئەو بانگەشەیەیان بەهەمان شێوە پەسندکرد، بە ئاماژەکردن بە گۆڕانی بەڕواڵەت شۆڕشگێڕی، کە ڕژێمە فاشیستییەکان هێنایانە ئاراوە، بانگەشەی فاشیستەکانیان هەنگاوێک بردە پێشەوە. یەکەمین جار هێرمان ڕاوچنینگ ئەو بانگەشەیەی بە وەسفکردنی نازیزم وەک "شۆڕشی نەهلیستی" تا ئەو ئاستە فراوانکرد، باسەکانی لەو جۆرەشی لەخۆدەگرت، کە هیتلەر شۆڕشی کۆمەڵایەتی ڕاستەقینەی ئەنجامدا، یان ئەو شۆڕشە بە وێرانکردنی کۆمەڵگەی ئەڵمانیا ڕێگەی بۆ مۆدێرنیزەکردنی ئەو وڵاتە کردەوە. بانگەشەی هاوشێوەش بۆ ئیتاڵیا خرایەڕوو. بانگەشەیەکی وا بە هەر شێوەیەک بخرێنەڕوو بەگشتی ئەو ئامانجەیان هەیە کە وەڵامی ئەو باسە مارکسیستییە بدەنەوە کە فاشیزم بەپێی پێناسە، جوڵانەوەیەکی دژە شۆڕش و کۆنەپەرست بووە.

لەکاتی لێکۆڵینەوە لە بابەتی ماهیەتی "شۆڕشگێڕی"ی فاشیزم، یەکێک لەو کێشانەی هەموو کەس ڕووبەڕووی دەبێتەوە ئەوەیە، کە وەک دەڵێن دەچێتە "گۆڕەپانی مین"ە ئاماژەدارەکانەوە، چەمکە پەیوەندیدارەکانی وەک "دژە شۆڕش" و "کۆنەپەرست" تەنیا مەترسییەکانی ئەو گۆڕەپانە زیاددەکات. ئەو گۆڕەپانی مینە بەخودی ئایدۆلۆژیای فاشیستی مەترسیدارتر دەبێت، هەر ئەوەندە کە فاشیستەکان خۆیان بە شۆڕشگێڕ دەناسێنن، لەوانەیە ڕاستگۆیانە خۆیان بەم چەشنە بزانن، دەتوانن خۆیان بە دژە شۆڕشگێڕ و کۆنەپەرست بزانن. مۆسۆلینی بە هەر زمانێک، کە بەباشی دەزانی وەسفی فاشیزمی دەکرد. فاشیزم بە تێگەیشتنی خۆی، هەمەلایەنەی تەواوی سیستمە هزرییەکان، لەگەڵ هەموو ئەوانەدا، لایەنگەلێک بە ئازادی قەرز دەکات، گرنگ نییە کە ئەو قەرزکردنە سەرەڕای دژە سیستم و دژە ڕۆشنبیری فاشیزم، تێنەگەیشتووی دەکرد. ئەو واقعیەتە، کە بە ڕای مۆسۆلینی فاشیزم جۆرێک پێکهاتەی درەوشاوەی نەیارەکانە، واتا فاشیستەکان دەتوانن "ئەریستۆکرات و دیموکرات، شۆڕشگێڕ و کۆنەپەرست، پڕۆلیتاریا و دژە پڕۆلیتاریا، ئاشتیخواز و دژە ئاشتیخواز" بن. هیتلەر بە ئاشکرا خۆی بە شۆڕشگێڕێکی دژە شۆڕش دەزانی.

یەکێک لەو بەڵگانەی کە زۆربەی ئەندامەکان هزری خۆیان لەم گۆڕەپانی مینە لەدەستدەدەن، سوودوەرگرتنێکی هەڵنەسەنگێندراو نابێت، مانای تەواوی

جیاوازیی پێدەدرێت، لە هەندێک لایەنەوە ئاماژە بەو ویستانە دەکرێت کە لە ئایدۆلۆژیای فاشیستی خراوەتەڕوو، لە لایەکەوە ئاماژە بە دەستەبەرکردنی دەسەڵات دەکرێت، لەکاتێکدا لە لایەکانی دیکەوە مەبەست لەوەیە شۆڕشی کۆمەڵایەتیی بەدەستەبەرکردنی دەسەڵات لە ئیتاڵیا و ئەڵمانیا هاتۆتە ئاراوە. شۆڕشەکانی بەریتانیا و فەڕەنسا (تا ئاستێکی کەمتر شۆڕشی بەڵشەفیکی) ئەو تاکتیکەیان بۆ ئێمە گواستۆتەوە، بەڵام ئەو تاکتیکە پێویستی بەوەیە کە چەمکی شۆڕش (چەمکی پەیوەسی پێیەوە، واتا دژە شۆڕش) هەروەک هەندێک پێشنیازی دەکەن بخەینەلاوە. ڕێگەیەک بۆ سوودوەرگرتن لە چەمکی شۆڕش جیاوازیکردنە لەنێوان شۆڕشی سیاسی و کۆمەڵایەتی، کە بەو پێیە شۆڕشی سیاسی دەربڕی گۆڕانە، لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی- ئابوورییەکانی بەرهەمهێنانەوە. دەکرێت وەک پرۆسەیەک بیر لە شۆڕش و قۆناغێک بکەیتەوە، پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی شۆڕشگێڕی هاوڕا بە قۆناغەکانی گۆڕانی سیاسی شۆڕشگێڕی. ئەوە جیاوازییە کە مارکس لەسەر ئەو بنچینەیە کاریدەکرد. ئەگەرچی بەڕای مارکس شۆڕشەکانی 1620ی [بەریتانیا] و 1789ی [فەڕەنسا] قۆناغی شۆڕشگێڕی بوون، ناوکی بنەڕەتی سەرنجی پرۆسەیەکی درێژخایەنە، کە لەو لایەنەوە پەیوەندییەکانی سەرمایەداریی بەرهەمهێنان زاڵ دەبێت. بەم بەڵگەیە، کە مارکس ئاژە بە "سەردەمی شۆڕشی کۆمەڵایەتی" دەکات.

توانای جیاوازی باسکراو لەوەدایە، کە دەکرێت لەنێوان پرۆسەی دوورودرێژ، لەسەرخۆ و زۆرجار "بێدەنگ" جیاوازی بکات، کە بەهۆیەوە شێوەی بەرهەمهێنانی تایبەتی و پەیوەندییەکانی خاوەندارێتی هاوڕا بەوە مۆری خۆیان لە پەیوەندییە مرۆییەکان دەدەن، قۆناغەکانی دابڕان یان قەیرانی سیاسی، کە لەودا پەیوەندییەکانی توانا و دەسەڵاتی سیاسی دەبێتە قوربانیی گۆڕانێکی بەرچاو. هەروەک (جیۆف ئالی) لە باسی "تایبەتمەندییەکان"، ئاماژە بە مێژووی ئەڵمانیا دەکات،

ئەو کارە لە ڕوانگەیەکی ئەبستراکتەوە، بە مانای جیاوازیکردن لەنێوان هەردوو ئاستی دیاریکردن و چەمک - لەنێوان شۆڕش وەک قەیرانی تایبەتی دەوڵەوت، کە پەیوەستە بەسازدانی خەڵکێکی زۆر و نۆژەنکردنەوەی دووبارەی پەیوەندییە سیاسییەکان، لەلایەکەی دیکە پرۆسەی قوڵتری گۆڕانی ستراکچەری، کە بریتییە لە زیادبوونی لەسەرووتری شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی.

بوونی وەک پێویستی ڕۆڵی قۆناغە سیاسییە شۆڕشگێڕییەکان لە پرۆسەیەکی دورووودرێژتری کۆمەڵایەتیدا، خاڵی یەکلاکەرەوەیە.

زەوتکردنی دەسەڵات لەلایەن فاشیستەکانەوە لە ئەڵمانیا و ئیتاڵیا، کاردانەوەیەکی ئاشکرابوو بەرامبەر قەیرانی دەوڵەت و هەڕەشەی شۆڕشی کۆمۆنیستی. لە ئەڵمانیادا، بێئاکامیی دەستەبژێران و دامەزراوە

سیاسییەکانی کۆماری ڤایمار لەزاڵبوون بەسەر قەیرانە ئابوورییەکان، دەرفەتی بۆ دەستیۆەردانی دەسەڵاتگەرایانە ئامادەکرد. نازییەکان بەو دەستیۆەردانەی سیستمی ڤایمار، لەو ڕووەوە دیموکراسی لیبراڵیان لە ئەڵمانیا لەناوبرد. ئەو بابەتە کە ئایا ئەو هەنگاوە (***شۆڕشی سیاسی***) بوو، لانیکەم جێگەی گومانە، دەستەبژێرانی سیاسی کۆن بە تەنیشت دەستەبژێرانی نوێی نازییەوە ماونەتەوە، دامەزراوە بنچینەییەکانی وەک خزمەتگوزاری وڵات و سوپا، بە پلەیەکی بەرزی سەربەخۆیی گەیشتن. ئاشکرایە کە شۆڕشی کۆمەڵایەتی ڕوویندەدا، چونکە ستراکچەری چینایەتی کەم و زۆر وەک خۆی مایەوە. دەکرێت لەبارەی ئیتاڵیاوە دەستەبەرکردنی دەسەڵات ناوبنێیت جوڵانەوەیەکی سیاسی شۆڕشگێڕی، بەڵام پاشان ڕژێم هیچ کاریگەرییەکی درێژماوەی شۆڕشگێڕی لەسەر ماهیەتی ستراکچەری کۆمەڵایەتیی دانەنا. ڕژێمی فاشیستی کە ڕژێمێکی سەنتراڵ و دەسەڵاتگەرا بوو، توانی تا ئاستێک گۆڕانی کۆمەڵایەتی بکات – وەک نموونە توانی بنەماکانی دەسەڵاتی مافیا زەوت بکات، بەڵام بەهیچ جۆرێک هەوڵینەدا ستراکچەری چینایەتی واقیعی لاوازبکات، کە لەودا کات هەبوو.

ئەگەر قبوڵمان بێت، کە زەوتکردنی دەسەڵات لەلایەن فاشیستەکانەوە، لەو ڕوانگەیەوە شێوەی شۆڕشگێڕیی حکومەتێک پێکدەهێنێت، کە دامەزراوە و پرۆسە سیاسییە دیموکراسییەکانی لیبراڵیزمی، هەم لە ئەڵمانیا هەم لە

ئیتاڵیا ڕووخاند، دەبێت ئەو باسە بخەینەڕوو، کە هەردوو ڕژێم نەیانتوانی گۆڕانی شۆڕشگێڕی لە دەسەڵاتی کۆمەڵایەتییدا بهێننە ئاراوە. بۆیە نازییەکان زەوتکردنی دەسەڵاتی سیاسی بە تەواوکەری شۆڕشی (هیتلەر)، یان دوا قۆناغی کاری شۆڕشگێڕی (گۆبلز) دەزانن، مۆسۆلینی لە هەمان سەرەتای 1924، "شۆڕش"ی فاشیستی بەکۆتاییهات و وەسفدەکرد، هەروەها مۆسۆلینی بە تەواوی ئەو شتانەی پاراستبوو کە لە واقیعدا "شۆڕش"ی فاشیستیین.

فاشیزم خۆی دەخاتە بەرامبەر توانای شۆڕشی کۆمۆنیستییەوە، واتا شۆڕشی کۆمەڵایەتییەوە. شۆڕشی سیاسیی فاشیستی ئەڵتەرناتیڤی شۆڕشی کۆمەڵایەتییە، بەم ناونیشانە بە هەمان ئەندازە دژە شۆڕشە. بەم شێوەیە وەسفکردنی هیتلەر بۆ خۆی وەک شۆڕشگێڕێکی دژە شۆڕش، زۆر خاڵ دەربارەی فاشیزم ئاشکرا دەکات. مانای دوولایەنەیی ئەو وەسفە -لەلایەک شۆڕشگێڕێکی دژە شۆڕشی 1918، (بەم شێوەیەش دژە شۆڕشی ئۆکتۆبەر1917)، لەلایەکەی دیکەوە، شۆڕشگێڕ بۆ بەرگرتن لە شۆڕشی کۆمۆنیستی هەنوکەیی – ئاشکرا دەکات، کە شۆڕشی فاشیستی لە بنچینەدا ماهیەتی محافزکارانەی هەبووە. بەم هۆیەوە کە دیموکراسە لیبراڵەکان دڵیان بە ڕژێمە فاشیستەکان خۆشبووە. (وەک نموونە لە 1937 (لۆرد هالیفاکس) بە هیتلەری گوت کە خۆی و هەموو هاوکارەکانی لە حکومەت "تەواو ئاگادارن

کــە ڕابەر نــەک تــەنها لــە نــاوخۆی خــودی ئــەڵمانیادا دەســتکەوتی گــەورەی هــەبووە، بــەڵکو بــە لــەناوبردنی کۆمۆنیزم لە وڵاتەکەی، ڕێگەی پێشکەوتنی بۆ ئەوروپای خۆرئــاوای لــێ داخســتووە، بەمــەش دەکرێــت ئــەڵمانیا بەدروستی بەخۆڵەمێشی خۆرئاوا دانەنرێت لە بەرامبەر بەڵشەفیزمدا") کاریگەریی شۆڕشی بەڵشەفیزم لە ڕوانگەی سیاســییەوە– ســەپاندنی ڕژێمــی دەســەڵاتگەرا، وەک چارەســەرێکی نــالیبراڵی بــۆ قەیرانــەکان – خــودی محافزکارانــە، دژە شۆڕشگێڕی لــەڕووی کۆمەڵایەتییــەوە ئاشکرای دەکات. لەبەرئەوە دەتوانین فاشیزم بە لوتکەی نەریتی (شۆڕشی محافەزکارانە) وەسف بکەین.

ئەندێشــەکانی پەیوەســت بەشۆڕشــی محافزکارانــە، لــە 1920 لەنێوان گروپە ڕاستە توندڕەوەکانی بەتایبەت لە ئــەڵمانیا دەرکــەوت، بــەڵام نــەک ســنوردار لە ئەڵمانیــا. شۆڕشــێکی محافزکــارانە کــە لەلایــەن هۆگــۆ فــۆن هوفمانرتــاڵ، بــە سەرنجڕاکێشــان بــۆ ئــەوەی بیــری لێدەکاتەوە بووە باو. جوڵانەوەیەکی سیاسی بەتوانای بۆ هێنانــەئارای یــەکێتی مەعنــەوی، لــەناخی سیســتمێکی کۆمەڵایەتیدا لەبەریەک هەڵوەشابوو. وێڕای ئەوانە، دژە جوڵانەوەیەک لە بەرامبەر "سەرکێشیی مەعنەوی" گشتی ســەدەی نۆزدەیــەم – لــە بنچینــەدا، ئەندێشــەیەکی ڕۆشنگەری پڕۆژە سیاسییە عەقڵانیەتەکانی– بەتایبەت ئامڕازێــک بــۆ گونجانــدنی خواســتە ناسیۆنالیســتییە توندڕەوەکان –واتا بەڵگە و بیانوو بۆ جەختکردنەوەی

دووبــاره لــه میللــەت و لوتبــەرزیی نەتــەوەیی بــەهۆی بە هێزکردنی توانای دەوڵەت، لە بەرامبەر گرووپ و هێزە کۆمەڵایەتییــەکانی ڕکابــەر لــە چوارچێــوەی کۆمەڵگــەدا - وەردەگیرێت. هەروەک نووسەرێک نووسیوویەتی:

مەبەستی ئێمە لە "شۆڕشــی محافزکارانە" ڕێزگرتنە لە تەواوی ئەو یاسا و بەها سـەرەتاییانەی، کە بێ ئـەو تـاک لـە سروشـت و خـودا نـامۆ دەبێت... لـە جیـاتی یەکسـانی بـەهای نـاخی تـاک، لـەجیاتی بیروبـاوەڕی سۆسیالیسـتی تێکەڵکردنی خـەڵک لە پێگـەی خۆی لە کۆمـەڵی لە ڕیز و پلەوپایەکان، لەجیاتی بژاردەی میکانیکی، گەشـەی ئاسـایی ڕابەری، لـەجیاتی زۆرەملێی بیرۆکراتیک، بەرپرسـیارێتیی دەروونیی پشتبەسـتوو بـە خۆسـەری ڕاستەقینە، لـەجیاتی بەختەوەری جـەماوەری، مافـەکانی کەسـایەتی کـە لەلایـەن میللەتەوە فۆڕم دەگرێت.

ڕێوشوێنی شۆڕشگێڕە محافزکارەکان -کە بریتیین لـە مۆلێر، هۆفمانرتال، ئێدگار یۆنـگ، ئێرنسـت یونگـەر، کـارڵ سمیت و هانس فۆربـە- بـوونە پێشـەنگی پێکهێنـانی فکری (ڕاست) لـە ئـەڵمانیا، بـەم ناونیشـانە لەڕوانگـەی زیهنییـەوە ڕەوایەتییان بـە لاوازبـوونی دیموکراسـیی ڤایمـار بەخشـی. فاشیزم، بە زەوتکردنـی سـتراتیژی سـەرەکیی شـۆڕشـگێڕە محافزکارەکـان، ڕەنگێکـی توونـدڕەوی پێـدان و خسـتنییە بۆتــەی جێبەجێکردنــەوە. ئــەوکارە لــەبارەی فاشــیزمەوە بەشـێوەیەکی گشـتی ڕاسـتە، مۆسـۆلینی تەنانـەت پـێش

ڕێپێوانەکەی بۆ ڕۆما بانگەشەی دەکرد کە دەتوانێت هەم شۆڕشگێڕ و هەم محافزکار بێت.

ئەو خویندنەوەیەی فاشیزم –کە لە بەشی داهاتوو لێیدەکۆڵدرێتەوە- هەوڵدانە بۆ خستنەڕووی فاشیزم وەک "ڕێگای سێیەم" لەنێوان سەرمایەداری و کۆمۆنیزم، یان "نە ڕاست نە چەپ" سست دەکات. فاشیزم کە بەڕواڵەت خۆی بە سەنتێزی تەواوی ئۆپۆزسیۆنەکان دەزانێت، بەڕاشکاوی بانگەشەی ئەوە دەکات کە بەسەر جیاوازی دەستکردی (ڕاست و چەپ)دا زاڵبووە. فاشیستی ئیسپانی (خوزێ ئەنتۆنیۆ پریمۆ دی ڕیڤێرا) ئەو بابەتە بەم چەشنە پوختدەکاتەوە: "فاشیزم نە ڕاستە نە چەپ، بەڵام بەهۆی پەیوەندیی پێویستی نێوان مارکسیزم و دژە سەرمایەداری شۆڕشگێڕی و "چەپ"، فاشیزم بە تەواوی خۆی لە چەپ جیادەکردەوە. ئەوکارە فاشیزمی لە کەمپەکانی ئەندێشەی سیاسی نێوان هێزە دووژمنکارەکان دادەنێت، کە بە شێوەیەکی ئەرێنی وەک سەرکەوتن لە قۆناغە پووچەکاندا دووبارە ڕاڤەی دەکاتەوە، بەڵام ئەوە واقیعە کە دژایەتیی فاشیزم لەگەڵ سەرمایەداری، پەلاماردانی سەرمایەداری دارایی مشەخۆرە، نەک خودی سەرمایەداری، بە مانای ئەوەیە کە بە پێچەوانەی ئەوەی ئایدۆلۆژییەکانی فاشیزم دەیڵێن، فاشیزم هەرگیز ڕێگای سێیەمی نێوان سەرمایەداری و کۆمۆنیزم نەبووە. تەنانەت ئەو کۆمەڵەیە لە شرۆڤەکاران کە بانگەشەکانی فاشیزمیان لەبارەی ڕێگای سێیەمەوە بەجدی وەرگرتبوو،

قبوڵیانه که بەڵێ ئەو بابەتە ڕاستە. وەک نموونە (جۆرج موسە) دوای لێکۆڵینەوەیەکی ژیرانەی جیاوازییەکان لە بەڵگەکانی ڕێگای سێیەم لە سەرانسەری کیشوەری ئەوروپا لە کۆتاییدا پشتڕاستیدەکاتەوە کە هەرچەندە فاشیزم لە هاتووچۆی ڕێگای سێیەمی نێوان سەرمایەداری و مارکسیزمدا بوو، کەچی هەوڵیدەدا "لە گۆڕانی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەستنیشانکراودا بە پەنابردنەبەر ئایدۆلۆژیایەک ئاڵوگۆڕبکات". بە هەمان شێوە (زیڤ سترن هال) سەرەڕای دەربڕینی: "بەهاوشێوە زانینی فاشیزم لەگەڵ ڕاست لەخشتەبەرە". ئەوەش پشتڕاست دەکاتەوە کە "بەکردەوە... پێداگریی فاشیزم لەسەر هاوکاریکردنی تەواوی چینە کۆمەڵایەتییەکان و سازشکردنیان لە چوارچێوەی ڕژێمێکی یەکگرتوودا بە شێوەیەکی نەگەڕاوە بەرەو ڕاست تاویدەدات".

سەرەڕای ئەوانە، فاشیستەکان بەتەواوی ئاگاداربوون کە دووژمنەکانیان لە باڵی چەپن. هەرچۆنیک بێت، چالاکوانانی بەرەی چەپ بوون کە ژووری زیندانی فاشیستەکانیان پڕکردبوو، نەک چالاکوانانی بەرەی ڕاست. دوورنییە دەستەبژێرانی محافزکار دڵتەنگ و لاواز و خاو و نەزۆک و لەکارکەوتوو بن، بەڵام بە هەمان ئەندازەی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم، بە مەترسی بۆسەر فاشیزم ئەژمار دەکران. ئەگەر فاشیزم شۆڕشگێڕە، ئەوکاتە دەتوانین بڵێین شێوەیەکی تایبەتی شۆڕشی محافزکارانەیە و بەمەش شۆڕشە لەناو ڕاستدا.

## 4-شۆڕش دژی شۆڕش (ب):
## فاشیزم وەك مۆدێرنیزمی کۆنەپەرست

باسـکردنی شـۆڕشـی ڕاسـت بـە چ مانایەکـە؟ ئایـا باسـکردنی شـۆڕشـی محافزکارانـە بۆخـۆی پارادۆسـکێک نییـە؟ هەنـدێک لـە شـرۆڤەکاران نیشـانیانداوە کـە فاشـیزم نـەک بـەهۆی پابەنـدبوونی خـۆدیی بـە سـەرمایەدارییەوە، بەڵکو بەهۆی لایەنگیرییەکەی بۆ مۆدێرنیتە، بەشـێوەیەکـی گشـتی شـۆڕشـگێڕییە. بـۆ نموونـە (ڕاڵـف دارنـدرۆف) سـەرەڕای ئەوەی کـە خـودی ڕابـەرانی نـازیزم بـە هـۆگری خـۆیـان بـۆ ژیـانی گوندنشـینیی بـاو و بێزارییـان لـە مۆدێرنیتـە بانگەشـەیان دەکـرد، نازیزمیـان بەوە وەسـف دەکرد کە "دابـڕاو لـە نەریت"ـە و لـە ئەنجامـدا "جـووڵانی بـەهێزە بـەرەو مۆدێرنیتـە". لەسـەر ئـەو بنەمایـە نـازیزم ڕۆڵـی یەکلاکـەرەوەی لـە پرۆسـەی بـەمـۆدێرنیزەکردنی ئاڵمانیـادا بینیـووە. (جەیمـس گریگـۆر)یـش بەهەمانشـێوە نیشـانیداوە کـە فاشـیزم بـە سـەردەمێکی یەکلاکـەرەوە لـە مۆدێرنیزاسـیۆنی ئیتاڵیـا ئـەژمار دەکرێت. ژمارەیـەک لـە دژایـەتیکردنی ئـەو ڕوانگەیـەدا نیشـانیانداوە کـە ڕەگـەزی کۆنەپەرستی فاشیزم بە باشترین شێوە لە ئارەزووی بە گەڕانەوە بۆ ڕێسای سوننەتیی و ڕابردووی ئوستوورەیی دەبینرێـت. (هـانس ڕوگـەر) نیشـانیدەدات "کـە لـە شـیکارکردنی کۆتاییدا ڕاسـت نـەک وێنەدانەوەی شـەپۆلی داهـاتووە، بـەڵکو دووژمنکـارێکی نەهلیسـتییە لەگـەڵ مۆدێرنیتـە". ئـەوە لـە کاتێکدایـە کـە جـۆرج موسـە جـەخت لەوە دەکاتەوە نازیزم بەتایبەت "دووژمنکارییەکی گشتیی

لەگەڵ مۆدێرنیتە" هەبوو. لێکدانەوەیەکی وا هاوتای ڕای (فریتز ستێرن)ـە کە باوەڕیوابوو سەرچاوەی سیاسەتەکانی پشتبەستوو بە نائومێدیی کولتووری، لە کاردانەوە نەرێنییەکاندا بەرامبەر مۆدێرنیتە شاراوەیە، کە سەریکێشایە نازیزم. بابەتی فاشیزم جارێکی دیکە لە چوارچێوەی ئەو باسەدا دەخرێتەڕوو، چونکە هەندێک ئەو بابەتەیان ڕاگەیاندووە، کە جیاوازیی نێوان فاشیزمی ئیتاڵی و نازیزم لە ڕێکارە نەگونجاوەکانیان بۆ مۆدێرنیتە و نەریتدا گەشە دەکات، لەکاتێکدا نازیزم ڕوانینێکی کۆنەپەرستانەی هەیە، بەمەش لە بنچینەدا دیاردەیەکی کۆنەپەرستانەیە، دەگوترێت فاشیزم "بەمانای وردی وشە" لایەنگیری داهاتوو دەکات، بەمەش ماهیەتی بنەڕەتیی مۆدێرنیتە پەسەند دەکات. (ڕینزو دی فلیس، مایکل لیدن و ژمارەیەکی دیکەش) بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لەکاتێکدا نازیزم هەوڵدەدات ڕەگەزی ئاریایی ڕابردوو لە چوارچێوەی مۆدێرنیتە ئازاد بکات کە پێشتر کپی دەکرد، لەجێدا فاشیزمی ئیتاڵیایی دەیوویست مرۆڤی نوێ بخولقێنێت، ئەو کارەشی لە لایەنگیری کردنی زۆر جیاوازی بۆ مۆدێرنیتە ڕۆڵی زۆری هەبوو.

من بە نیشاندانی ئەوەی کە فاشیزم شێوەیەکە لە مۆدێرنیزمی کۆنەپەرست[8] لەو بانگەشانە دەکۆڵمەوە. فاشیزم بە ڕاگەیاندنی پابەندییەکەی بە مۆدێرنیتەوە،

---

[8] زاراوەیەک کە لە بەرهەمەکەی (جێفری هێرف) دەربارەی تەکنەلۆژیا و کولتوور لە کۆماری ڤایمار و ڕایشی سێیەمدا تێیگەیشتبووم.

هەروەها بە ڕابردووی ئوستوورەییەوە، هەم مۆدێرنە و هەم کۆنەپەرست، وەک فۆڕمێک لە مۆدێرنیزمی کۆنەپەرست ڕۆڵی خۆی لە جیاتی لوتکەی شۆڕشی محافزکارانە ئاشکرادەکات.

دەکرێت لە پێگەی مۆدێرنیستییدا، بەدوو ڕێگا بیر لە مۆدێرنیزمی کۆنەپەرست بکەینەوە. یەکەم: لەجیاتی مۆدێرنیزاسیۆنی تەکنەلۆژیا: مۆدێرنیستە کۆنەپەرستەکان نەک تەنها پەیوەندیی خۆیان بە کامڵبوونی تەکنەلۆژیاوە دەردەبڕن وەک هۆکارێک بۆ گەشەدان بە تواناکانی بەرهەمهێنانی میللەت لەڕوانگەی ئابوورییەوە، بەڵکو هۆگری تەکنەلۆژیای جەوهەرییش بوون. ئەو هۆگرییە لە پەیوەند بە شێوە تازەکانی تەکنەلۆژیای هەڵگرتن و گواستنەوە و پەیوەندییەکان –ئۆتۆمۆبێل، فڕۆکە و شەمەندوفێر، ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن– زەق دەبێتەوە. دووەم: فاشیزم لەڕوانگەی دەربڕینەوە ستراتیژ و دوور ڕوانینەکانی مۆدێرنیست بوو، کە لە بەرهەمی نووسەرە دیارە و پێشەنگەکانی مۆدێرنیزمدا دەبیندرێتەوە، وەک (ئارنست یۆنگەر) و (گۆتفرید بۆن) لە ئەڵمانیا، (مارینتی و فۆتۆریستەکان) لە ئیتاڵیا، (ئەزرا پاوەند و ویندهام لوییس) لە بەریتانیا، دوورڕوانینەکانی وەک: ئازادکردنی ڕۆحیی داهێنەرانە، سەرکەوتنی ئیرادە بەسەر عەقڵدا، بەزاندنی جیهانی سنووردار و تاقەت پڕوکێن و ماندووکەری بۆرژوازیی، پەلکێشی ترس و توندوتیژی، ڕێزگرتن لە پابەندی و بەشداریکردن لە گەڕان بۆ دۆزینەوەی خودی ڕاستی.

لەگەڵ ئەوەشدا، لەکاتی گفتوگۆ دەربارەی "مۆدێرن" یەکسەر ڕووبەڕووی بابەتێک دەبینەوە. تێفکرینی هەنووکەیی دەربارەی مۆدێرنیتە بۆ بەشی جیاواز دابەش دەبێت، کە بێ هیچ دەرەتانێک لە یەکتری داخراون، "مۆدێرنیزاسیۆن" زۆرجار بە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بەتایبەت ئاماژە بە قەڵەمڕەوی ئابووری دەکات، زۆرجار "مۆدێرن" بە سیاسی- مێژوویی دادەنرێت، "مۆدێرنیزم" ئاماژە بە شێوەکانی بەرهەمهێنانی هونەری و کولتووری دەکات. لەگەڵ هەموو ئەوانەدا، دەتوانین بڵێین مۆدێرن لە هەر بارێکەوە لە ڕووبەڕووبوونەوە بە کاری باو و کۆنەپەرستانە و گەشەی ئابووریی ناو سیستەم، لە جاران زیاتر بەشێوەیەکی بەرچاو پیشەسازی پێکناکۆکی تێڕوانین و ستراکچەرەکانە، کە بە بەربەست و ناعەقڵانی دادەنرێت، شێوازی تازەی ئەندێشە، ئامرازی دەربڕین و ڕواڵەتی کولتووری نوێگەرانە، بە شێوازێکی زەق بە شێوە باڵادەستەکانی بەرهەمهێنانی کولتووری پێکناکۆکن، بەڵام ئەدەبیاتی هاوچەرخ دەربارەی فاشیزم بەگشتی، مەیلی کوێرانەی ناجێگیری بۆ نێوان ئەم "بەشانە" دەکات. نەک هەر تەنیا ئەو کارە بۆ ئاڵۆزییەکانی بابەت خوڵقێنی ئەو زاراوەیە زیاددەکات، بەڵکو وەک لەمپەرێک لەبەرامبەر هەوڵدان بۆ فراوانکردنی باسی ڕەخنەگرانە لە پەیوەندیی فاشیزم بە مۆدیرنیتەوە کاردەکات. لەو ڕووەوە پەیوەندیی بنچینەیی نێوان فاشیزم و سەرمایەداری زۆر گرنگە، کە لەبەشی پێشوودا خرایەڕوو، چونکە سەرمایەداری بە شێوەیەکی فراوانی

سیستمی کۆمەڵایەتی– ئابووری مۆدێرنیتە دەناسرێت. سەرمایەداری لەجیاتی تایبەتمەندیی یەکلاکەرەی کۆمەڵگە، ئەو کۆمەڵگەیە هاوتا بە وێنای خۆی فۆڕمی پێدەدات، بەردەوام پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە بەدواداچوونی ڕێکخەری زۆرترین ڕادەی قازانج دەگۆڕێت. ئەو کارە کاریگەری شێواندنی جدی لەسەر کەسانێک جێدەهێڵێت، کە لەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەدا دەژین. هەروەک مارکس و ئەنگڵس دەڵێن:

گۆڕانی شۆڕشگێڕیی بەردەوام لە بەرهەمهێناندا، شێواویی تەواوی باودۆخی کۆمەڵایەتی، نابەردەوامی و بزۆزی کۆتایی نەهاتوو، سەردەمی بۆرژوازی لە تەواوی سەردەمەکانی پێشوو جیادەکاتەوە. تەواوی پەیوەندییە چەقبەستوو و باو و باڵادەستەکان، هاوبەند بە زنجیرەیەک پێشداوەریی و بۆچوونی کۆنینە و پیرۆز، هەرەسدەهێنن، هەرچی تازە فۆڕمی گرتووە، پێش ئەوەی بەهێز و پتەو بێت، هەڵدەوەشێتەوە. هەرچی ڕەق و بەستووە دەبێتە دووکەڵ و بەهەوادا دەچێت، ئەوەی پیرۆزە لەپیرۆزی دەخرێت و سەرئەنجام مرۆڤ ناچاردەبێت، بەڕوانگەی وریاوە ڕووبەڕووی هەلومەرجە واقیعیەکانی ژیان و پەیوەندییەکانی خۆی لەجۆری خۆی ببێتەوە.

بازاڕەکانی ئێستا لەژێر فشاری پەتیی و نەجوڵان هەرەسدەهێنن، سەقامگیریی بە مانای گەردونییە. کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کارە توونده: پێویستکردن بە نوێگەری و گۆڕان، بێسەروبەرەیی و

شێواوی لەسەریەک، نابەردەوامی و بزۆزی هەمیشەیی دەهێنێتە ئارا. ئێمە جارێکی دیکە بۆ ئەو بابەتە دەگەڕێینەوە.

مۆدێرنیزمی کۆنەپەرست لەو ڕووەوە کۆنەپەرستە، چونکە بە ئاشکرا جوڵانەوەی ڕاستی سیاسییە، مۆدێرنیزمی کۆنەپەرست دژی بنەماکانی [شۆڕشی فەڕەنسایە لە] 1789یە، کە لیبراڵەکان وەریانگرتووە، سۆسیالیستەکان لێوارێکی ڕەخنەییان وەرگرت، هێزێک لە ناسیۆنالیزم وەردەگرێت، کە وەک دەڵێن "سەرووتر" لە مارکسیزم و سەرمایەدارییە. مۆدێرنیزمی کۆنەپەرست بە فێربوون لە ئارگومێنتسازیی شۆڕشگێڕیی محافزکارانە، کۆمەڵێک لەو فۆڕمە کۆمەڵایەتییانەی کە هەرگیز بوونیان نییە، لەوانەیە هەرگیز نەبووبن، بەڵام پێگەی ئوستوورەییان هەیە، وەک ڕێنماییەک بۆ کار بناغەیەک بۆ سەرمایەگوزار لە بوارەکانی سۆزداریی بەرپا دەکەن، بێگومان فۆڕمپێدراو لە پێوەری جەماوەریی. زۆر جار ئەو فۆڕمە کۆمەڵایەتییانە پشتبەستوو بە پێشگریمانەکان، پەیوەندییان بە خودی سروشت یان نەتەوەوە هەیە.

### فاشیزم و مۆدێرنیتە

وەرچەرخانی چارەنووسساز لە درککردنی کولتووری کات و شوێن، کە بە سەرکێشیی دژی پۆزەتیڤیزم هاتەکایەوە، تائاستێک دەرئەنجامی کاریگەریی فۆڕمە نوێیەکانی تەکنەلۆجیا بوو، کە پێدەچێت لە نوێووە فۆڕم بە ماهیەتی کۆمەڵگە بدەن. تەلەفۆن، بێ تەل (Wireless)،

فۆتـۆگرافی، سـینەما، ئۆتۆمۆبێل، فڕۆکـە و تیشـکی ئێکس، هەموویان هۆکاری گۆڕانن لە بیروباوەڕە پەسندکراوەکان دەربارەی کات و شوێن. وەک نموونە تەلەفۆن نەک تـەنها پەیوەندییەکانی زۆر خێراتر کرد، بەڵکو ئەو توانایـە دەدات کە کاریگەرییەکەی لە "یـەک کـات"دا لـە "دوو شـوێن" بێت. کاریگـــەریی تێکـــدەری ئـــەو گۆڕانـــە لـــە گۆڕەپـــانی ڕووبەڕووبوونەوەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا سەلمێندرا.

خێرایی نوێی کات، پاشەکشەی فۆڕمە باوەکانی شـوێن لـە جـوڵانەوە هونەرییـەکانی وەک کـۆبیزم و فۆتـۆریزم ڕەنگیدایـەوە، ئـەو جووڵانەوانـە بەتـەواوی خۆیـان بـە جـوڵانەوەی سیاسـی و هونـەری دەزانـی. پەیوەنـدیی سیاسـی نێـوان فۆتۆریسـتەکانی ئیتاڵیـا و فاشـیزم تـەواو ئاشکرایە. (ف. ت. مارینتی) لە سووتاندنی نووسینگەکانی ڕۆژنامەی سۆسیالیستی "ئاڤانتی" لـە 1919 بەشـدار بـوو، لە ساڵی 1929 لە (ئەکادیمیای دی ئیتاڵیا دامـەزرا)، بـەڵام لێـرەدا پێشـنیازە تیـۆری و پێشـگریمانەکانی جـوڵانەوەکە گرنگن. هەر لە هەمان سەرەتای 1909دا کە ڕاگەیەنراوی "دامەزرانـدنی فۆتـۆریزم و مانیفێسـتەکەی" بڵاوبـووەوە، فۆتۆریســتەکان لایــەنگیریی سیاســی جــوڵانەوەکەیــان ڕۆشـنتر کـردەوە. ستایشـی فۆتۆریسـتەکان بـۆ شـکۆ و گەورەیی شەڕ وەک "گەورەترین هـەنگاوی تەندروست لـە جیهـان" کـە لـە دەربـڕین و ئەگـەری (نـیچە و سـۆرلی و بێرگسۆن)ـەوە فێربووبوو، پشتی بە پێگەیەک بەستوو کە بۆ خێرایـــی و وێرانکـــردن و تونـــدوتیژی دژی ڕێســـای بۆرژوازی لەبەرچاویان گرتبوو. ئامانجەکەی دەسپێکردنی

ڕێسای نوێی پستبەستوو بە شکۆی نەتەوەیی ئیتاڵیا بوو. ئەو دابڕانە لە ڕابردوویەکی نزیک بەهۆی هێنانە ئارای ئیستاتیکا لە ژیانی ڕۆژانەدا، فیتیشیزم و ڕادیکالیزەکردنی شێوەی بەڕواڵەت سروشتییەکەی – ململانێ، توندوتیژی و خێرایی – دەهاتەدی.

هاوکات ئەم جەوهەری ئیستاتیکای خێرایی و ململانێیە، فۆرم بە بنەمای ئەخلاقیی نوێ دەدات، تەکنەلۆژیا وەک شێوەیەک هەڵدەکشێت، کە لە ڕێگایەوە پێویستە ئەو ئەخلاقە نوێیە دەرببڕدرێت. تەکنەلۆژیا وەک لوتکەی ڕێبازی نوێ، خێرایی ئەو پراکسیسە نوێیەی مرۆڤایەتی دەردەبڕێت، "چوونیەکی نەگۆڕی مرۆڤ بە مۆتۆڕ"، کە ڕوویەکی ئیستاتیکی بە تەکنەلۆژیا و دەسەلات دەبەخشێت. بەم تێڕوانینە بۆ تەکنەلۆژیا، ***فاشیزم*** و ***فۆتوریزم*** بەیەکەوە هاوتا دەبن. فاشیزم نەک تەنها تەکنیکی پەلاماردەر لە فۆتۆریستەکان فێربوو، واتا هۆکارێک بۆ هاندانی هەمەکەی و بەهای لەناوبردنی بەها بۆرژوازییەکان، بەڵکو پێدانی ڕوویەکی جوانیناسی بە تەکنەلۆژیا، خێرایی و توندوتیژی بە سەبک و شێوازیانی وەرگرت. وەک فاشیزم بزۆز و چالاکە، هەرشتێک کە پەیوەندیی دوورەدەستی بزۆز و دینامیزمی هەبێت، دەبێتە قوربانیی پڕۆسەی پیرۆزکردن و پاککردنەوە -شا ڕێگاکان، هۆکارە نوێیەکانی هەڵگرتن و گواستنەوەی (ئۆتۆمۆبێلە فیاتەکان)، شێوە نوێیەکانی پەیوەندیی (کیبۆردی ئالیوتی)، لە حەقیقەتدا هەر میکانیزمێکی نوێ بۆ زاڵبوونی تەکنەلۆژیا بەسەر سروشتدا. بە دەربڕینێکی

دیکـە، فاشـیزم پابەنـدیی خـۆی بـە تەکنـەلۆژیای نوێـوە دەردەبڕێـــت و تائاســـتێک ئـــەو پابەندییـــە بـــوو کـــە مۆدێرنیزاسـیۆنی فاشیسـتی ئیتاڵیـای شـیاو کـرد، و نـەک تەنها شەمەندوفێرەکان لەکاتی خۆیاندا دەجووڵان، بەڵکو شـەمەندوفێر بـووە سـیمبۆلی زینـدوویی ئیتاڵیـای نـوێ. پیشەســـازیی کارەبـــایی، لـــە ڕوانگـــەی تەکنـــەلۆژیای پێشـکەوتوو و تـەواو تێکچـڕژاوەوە، کـە میللـەت لەسـەر بنـەمـای بـەهاکانی وەک لێهـاتوویی خێـرا و نوێگـەریی تەکنەلۆژیا بینایکردبوو.

کاتێـک کـە مـارینتی لـە بـەهاری 1934دا سـەردانی ئـەڵمانیای نـازیی کـرد، گـەورەترین شـاعیری ئاڵمانیـا (گۆتفرێد بۆن) بە نـاوی یـەکێتیی نووسـەرانی ناسـیۆنال سۆسیالیســتەوە پێشــوازیلێکرد، کــە هانــدەری عیشــقی فۆتۆریســتەکان بـوو بـۆ مەترسـی و خێرایـی، بێبـاکی و فشار خستنەسەر میللەت. بێگومان نازییەکان لە هونـەری "مـۆدێرن" بێـزار بـوون، بـەڵام پەیوەندییـەکانی نێـوان جوڵانەوەی مۆدێرنیستی هونەری، لە زەوتکردنی ئەگەری تەکنەلۆژیا و تەکنەلۆژیانە و قوڵبوونەوە لەسەر خێرایی و جووڵـە و نوێگـەری، ڕەنگیدایـەوە. بەپێی ڕای گۆبلز "*ئێمـە لە سەردەمی تەکنەلۆژیادا دەژین. ڕیتمـی خێرایـی سـەدەی ئێمـە کاریگـەریی بەسـەر تـەواوی چوارچێوەکـانی ژیـانی ئێمەوە دادەنێت. ناتوانیت هـەوڵ و هـەنگاوێک بدۆزیتەوە، کـە لـە دەسـەڵاتی پڕنفـوزی ڕابکـات*". هـەروەک زانـراوە "هیتلەر چێژێکی زۆری بینیوە لە شـوفێریی بە مارسـیدس بێنـــزی خـــۆی بەهـــەر چـــوار دەوری شـــاردا، یـــان

هاتنەخوارەوە بە فڕۆکەی مەدەنی بەناو هەورەکاندا"، گفتوگۆ تایبەتییەکانی شەیداییەکەی بۆ تەکنەلۆژیا نیشاندەدات. هیتلەر بەشێک لە کولتووری فیتیشیزمی تەکنەلۆژیا و تەکنەلۆژیانە دەردەبڕێت، کە بە شێوەیەکی گشتی بەسەر باسی سیاسی و فەلسەفی و بەڵگەکانی کۆنەپەرستیی مۆدێرنیستی بە شێوەیەکی تایبەتی باڵادەست بووە. وەک نموونە تەکنەلۆژیا لە بەرهەمی شۆڕشگێڕانی محافزکاری هاوشێوەی (ئارنێست یۆنگەر)، وەک سیمبۆلێک لە ئیرادەی تایبەت بە دەسەڵات وێنادەکرێت، کە بە نۆرەی خۆی وەک دەسەڵاتی تەکنەلۆژیانە وێنادەکرێت، کە لە ڕێگەی میللەتەوە ڕێکدەخرێت، ئەمەش دەرئەنجامی تاودانی میللەتە بۆ شەڕ بەهۆی تەکنەلۆژیای سازدراوی تەواو پێرفێکتەوە. ئامانجی سازدانی تەواو پێرفێکت نەک سەرکەوتنی لە شەڕ، بەڵکو داهێنراوی نەژادی نوێیە، کە بۆ شەڕ و سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیا وەک هۆکارێک بۆ هەژموونکردن بەسەر هەسارەوە سازدەدرێت. "من نەژادی نوێ و ڕابەرێک دەبینم... کە ئۆتۆمۆبێل درووستدەکات و دەیخاتە ڕکابەرییەوە، ئۆتۆمۆبێلەکان بۆ ئەو نەک ئاسنێکی بێگیان نین، بەڵکو ئۆرگانەکانی دەسەڵاتن، کە بە بیرکردنەوەی خوێنساردانە و خوێنی گەرم دەیسەپێنێت. ئەو کارە کەسایەتییەکی نوێ بە جیهانی ڕواڵەتی دەبەخشێت". نازیزم ئەو بەڵگاندنانەی وەردەگرت و بانگەشەی دەکرد کە هەڵوێستی دژە تەکنەلۆژیانە کارنامەیەکە بۆ بێتوانایی نەتەوەیی. بۆئەوەی

میللـەت لـە سـەدەی بیسـتەم بـەتوانا بێـت، پێویسـتە لەڕوانگەی تەکنـەلۆژیاوە پێشـکەوتوو بێت. وێڕای ئەوانـە، گومانـدەکرا کـە جیـاوازیی نێـوان سـەرمایەی داهێنـەر و مشـەخۆر لـە پـەیڕەوکردنی تەکنـەلۆژیادا، لـە توانـا شـاراوەکاندا پـەنهان بێـت. تەکنـەلۆژیا بـە ڕزگـاربوون لـە دەسـەڵاتی ئـاڵوگۆڕی سـەرمایە و کـۆنترۆڵی سیاسـی بەسەریەوە، دەتوانێت هێزێکی ئازادیبەخش بێت.

ئـەو پابەندییـە بـەخێرایی و دینـامیزمی مۆدێرنیتـە وەک "ڕیتمـی سـەدەی ئێمـە" لـە زمـان و نموونـەکانی، جێگـەی سوودوەرگرتنی نازییەکان کراوەبوو. وەک نموونە هێمـای "ئێس ئێس"، بە دوو پیتـی "S"ی لاتـین دەنووسـرێت، بـەڵام بەڕای نازییەکان ئەوە سیمبۆلێکە، کە لـەهێمای گومانـاوی تیوتۆنیکـەکان[9] وەرگیـراوە. ئـەو دوو پیتـە بە zaakig نـاودەنرێن، زاراوەیـەکی سـەربازییە لـە شـەڕی یەکـەمی جیهانییدا بەکارهاتووە، کـە باشـترین وەرگێڕانـی "ددانـەدار - مشارئاسـا" یان "توندوتیژ"ـە، بەڵام بە مانـای بروسـکەش دێـت. دوو نموونـە لـەو پیتـە بەتەنیشـت یەکـەوە لەسـەر زەوییەکی زێڕین، یان ڕەش، وێنایاک دروسـت دەکات کـە ڕۆڵێکی دینامیزمی بە بینەر بدات بۆ نموونـە ڕژێمێـک کـە لـە جۆشوخرۆشدایە. نازییـەکان تەکنـەلۆژیای خۆیـان بـەو ئامانجـە هاوتـاکرد، کیبۆردەکـەی خۆیـان وەهـا گـۆڕی کـە بتوانن ئاماژەی تایبەتی خۆیان تایپ بکەن. دەکرێت خاچی چەماوەی ئەڵمانیای نازییش، هەر بەو ڕێگەیە لێکبدەیتەوە.

---

[9] (Teutonic) پەیوەندی بەنەتەوە کۆنەکانی جێرمەنیکەوە هەیە، کە لە ئەورووپای باکوور دەژیان – و.ف

(ئەی، ئێچ گۆمبریچ) لە کتێبی (مانای یاسادا)، ئاماژە بەو بابەتە دەکات، کە خاچی چەماوە نزیکایەتییەک لە جۆرێک لەدەستدەدات کە ڕاستەوخۆ لە ناوەندی بینینی خۆی دەیبینین. ئەو هەستە لێرەوە ڕیشەدەگرێت کە خاچی چەماوە وزەی دینامیزمی دیاریکراوی هەیە، بەهۆی نزیک نەبوونی لە زەینی خۆمان "هەڵیدەسوڕێنین" تا بەجۆرێک لە جۆرەکان نزیکایەتیی بکەین، چونکە هیچ جۆرە لێکنزیکییەک نابینرێت، کە ببێتە سوڕانەوەی ئەبەدی. دەرککردنی خاچی چەماوە وەک خاچێک کە بەردەوام لە جووڵەدایە - نموونەی جووڵەی بەردەوامی جوڵانەوەیەک لە دەسەڵاتدا، پێشڕەوی نازیزم بۆ جیهانی مۆدێرن- هەندێک لایەنی دیاریکراوی فیلمی (سەرکەوتنی ئیرادە) (1934) بەرهەمی (لینی ڕیڤینستالی) بەرجەستە دەکات. بەرەودوایی سەرەتایی نیشتنەوەی فڕۆکەی هیتلەر – پێشکەوتووترین شێوەی تەکنەلۆژیای هەڵگرتن و گواستنەوەیە کاتێک کە لە نۆرمبێرگ نزیکدەبێتەوە. باڵی دواوەی فڕۆکەکە وێنەی خاچی چەماوەی لەسەر نەخشێنراوە. لێرەدا نزیکایەتییەک لەنێوان پێشکەوتووترین تەکنەلۆژیا و نموونەی جووڵانی هەمیشەیی دەبینرێت. بە گۆڕینی شار بە دەریایەک لە ئاڵای خاچی چەماوەی شەپۆلەکان، خاچی چەماوە بە نموونەیەک لە سازدانی تەواو پێرفێکت دەگۆڕێت. جوڵانەوە تەواو بووە سازدانی جەماوەری، تەکنەلۆژیا، جووڵانی بەردەوام. ئەوانە ڕێککەوتنی گەواهی پابەندیی نازیزمن بە مۆدێرنیتەوە.

هەروەها فاشیزم لە کاملبوونی سەردەمیانەترین و "مۆدێرن"ترین میکانیزمی بەرهەمهێنان بەشداریی کردووە و سوودی لێوەردەگرت. لە 1920 و 1930، تایلۆریزم و فۆردیزم و بەڕێوەبردنی زانستی – کە بە ئەمەریکاگەرایی یان ڕوانگەی ئەمریکی بەناوبانگ بوو، بۆ فاشیزم سەرنجڕاکێش بوو، بەرهەمهینان بە تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو دابەشکردنی پلەبەندیی نەگۆڕ و شێوەی نوێی بەڕێوەبردنی دەخستەڕوو، کە لەگەڵ ئەوەشدا ڕواڵەتی دابڕان سەروکاری لەگەڵ ڕێکخراوە باوەکاندا هەبوو. بە ڕواڵەت تایلۆریزم سەرمایەداری بێ چینی نیشاندەدا، ئایدۆلۆژیای نوێی "بەرهەم" کە ڕیشەی لە تەکنەلۆژیادایە، نەک لە سەرمایە. هەروەها ئەو ئایدۆلۆژیایە توانای قسەکردنی لە شێوەی نوێی ڕێنمایی ئاسان دەکرد. ئەو ئایدۆلۆژیایە لە شوێنی سەرمایەدار و بەڕێوەبەران باسی "پسپۆڕان"ی دەکرد، بابەتی پەیوەند بە دەسەڵاتی دەکردە پاشکۆی بابەتە هونەرییەکان، کە پێویستی بە پسپۆڕانی تایبەتی خۆی هەبوو. ئەو کارە ڕێگەی بە مۆدێرنیستە کۆنەپەرستەکانی وەک (سواڵد شپنگلەر) دا کە ئۆتۆمۆبێل بخەنە دڵی مۆدێرنیتەوە، لە پۆستی "قەشەی ئۆتۆمۆبێل" بەڕێوەبەر و ئەندازیار بیربێننەوە.

لەوانەیە هیچ شتێک بەرچاوتر لە کەمپی مردن، نەتوانێت ئەو لایەنانەی فاشیزم دەربخات کە لە بنچینەدا مۆدێرنن. کەمپی مردن زیاتر لەوەی کە جۆرێک گەڕانەوە بێت بۆ بەربەریەتی پێش مۆدێرن، لەخۆگرتنی مۆدێرنیتەیە وەک یەکێک لە مەرجە پێویستەکانی.

هەروەک (زیگمۆند باومەن) ئاماژەی پێدەکات پەیوەندیی نێوان تەکنەلۆژیای بەکارهێنراو لە هێڵی بەرهەمهێنان و تەکنەلۆژیای بەکارهێنراو لە کەمپەکانی کار، هەرگیز بە ڕێککەوت نییە. ئەوەی بۆ کوشتنی ملیۆنان کەس لە جەماوەر و بەم شێوەیە بۆ مۆدێرنترین شێوەی بەربەریەت پێویست بوو، کارایی تایلۆریزم و بنەماکانی بەڕێوەبردنی زانستی لەلایەک و پێشکەوتووترین پرۆسەکانی تەکنەلۆژیا بوو لەلایەکەی دیکە. هەروەک باومەن بیردەهێنێتەوە: "بەسەرهاتی ڕێکخستنی کەمپەکانی مردن دەتوانێت ببێتە کتێبی خوێندنی توانای زانستی". دادگاییکردن و ڕاوەدوونانی جادوگەران و شێوەکانی دیکەی بەربەریەت، بۆ دوورخستنەوەی شەڕی دێوەکانی ئەوروپای مۆدێرن پێویست نەبوو – زانستی مۆدێرن، تەکنەلۆژیا و پرۆسەکانی پیشەسازی دەتوانن ئەو ئەرکە بەشێوەیەکی کاریگەر و عەقڵانیتر جێبەجێ بکەن.

**ڕابردوو بە تامی داهاتوو**

کەوایە ئاشکرایە کە فاشیزم لەجیاتی پەلاماردانی مۆدێرنیتە یان پرۆسە سەرەکییەکانی مۆدێرنیتە، وەک بەپیشەسازی بوون، پێشکەوتنی هونەرییان پەسند دەکات. لەگەڵ هەموو ئەوانەدا، ئەو بابەتەش ڕاستە کە فاشیزم ستایشی ڕابردوویەکی ئوستورەیی دەکات، چاوێکی هەر لەسەر ڕابردووە، بەم شێوەیە (دژی مۆدێرنەیە) یان وا دێتە بەرچاو. لەوانەیە بەگوتەی (ئارنۆ مایەر) ئەو ستایشەی ڕابردووی

ئوستورەیی لە پەسندکردنی وردکە و پرتکەی سیمبولی ڕابردوو شتێک زیاتر نەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ئایدۆلۆژیای فاشیستی و دوور نییە لە سازدانی جەماوەری بۆ پشتگیریکردنی فاشیزم ڕۆڵی بنەڕەتیی هەیە. تا ئاستێک فاشیزم بەم بەڵگەیە جیهانی ئوستوورەیی زەوت دەکات، چونکە زۆرجار کۆمۆنیست و سۆسیالیستەکان وەک بەشێک لە قەڵەمڕەوی نهێنی ئالودەی کاری ناعەقلانی ڕزگاری دەکەن، فاشیزم بەم ڕێگەیە وێنا و سیمبولەکان قۆرخ دەکات، کە سەرنجڕاکێشی پۆپۆلیستییان هەیە.

لەو ئوستورانەی، کە فاشیستەکان لە ئیتاڵیا پەروەردەیان کرد، ئوستورەی ڕۆما و ڕێبازی (***ڕۆحی خودی ڕۆمانیا)*** لایەنی ناوەندی هەبوو. ئامیلیۆ جەنتیلە بانگەشە دەکات، کە "لەوانەیە ئوستورەی ڕۆما لە سەرانسەری جیهان، هەمەگیرترین باوەڕی ئوستورەیی سیمبولی فاشیزم بێت". بەڕای مۆسۆلینی، "ڕۆما ئەستێرەی ڕێنماییەکانی ئێمەیە، ڕۆما سیمبولی ئێمە یان بەدەستەواژەیەکی دی ئوستورەی ئێمەیە". جولانەوەی فاشیستی بە داگیرکردنی شاری فیومە لەلایەن (گابرێژ دئانونزیۆ) لە ئەیلولی 1919 زۆر بەهێز بوو. لەو پازدە مانگەی کە (دئانۆنزیۆ) لە فیۆمە دەسەلاتی بەدەستەوە بوو، ئەو شێوانەی لە ئوستورەی ڕۆما وەرگرت کە تایبەتمەندیی شێوازی فاشیستی بوون. دئانونزیۆ بە شێوازی ڕۆماییەکان، کە پێشتر سەلامی ڕۆمی بۆ فیلمنامەیەک لە 1914 داهێنابوو، نازناوی بۆ لژیۆنێر

(فەیلەق)ـەکانی سوپای خۆی دانا. فاشیستەکانی ئیتاڵیا هەنگاوێک بردیانە پێش. پێویستە (دووچەیەک[10]) ڕێنمایی فاشیزم بکات، سیمبولەکەی (فاسکس) (تەبەری لیکتۆرەکان "lictor هەریەک لە هاوڕێ و یاساوڵەکانی دادگا و بەرپرسە باڵاکان، کە بە فاسکس لەپێش ئەوانەوە ڕێیاندەکرد، تا ڕێگەیان بکەنەوە و خەڵک ناچار بکەن ڕێزیان بۆ بنوێنن. و.ف" لەناو کۆمەڵێک پاشماوە) بوو، میلیشیاکەی لە کونسولەکان، بەرپرسانی کۆمەڵەی سەد کەسی و لژیۆنەرەکان پێکدەهات. فاشیزم لە ڕۆژ ژمێرەکەیدا شوێنی لایەنی سەرەکی ڕۆمای کۆنی کردەوە، یەکەمین پشووەکەی "لە دایکبوونی ڕۆژی ڕۆما" بوو، کە وەکو ڕۆژی کرێکاری فاشیستی لە بەرامبەر 1ی ئایاری نێودەوڵەتی ئاهەنگ دەگێڕدرێت. ڕێپێوانەکەی ڕۆما بە کودەتای گرنگی ڕۆما (لە ساڵی 49ی پێش زایینی جۆلیۆس، سزار بە نایاسایی لە ڕووباری ڕووبکین پەڕییەوە، بەشێک لە سوپای ڕۆمای بردە ناو شارەکە. جۆلیۆس دوای دەستەبەرکردنی دەسەڵات، خۆی ناونا دیکتاتۆری هەمیشەیی ڕۆما – و.ف) بەراورد دەکرێت. سیمبولە ڕۆماییەکان وەک سەلامی ڕۆمی، (پاسو ڕۆمانۆ) (گێڕانەوەی ئیتاڵی بە هەنگاوی ئارامی ئەڵمانیا)، دوورنمای ڕۆمی لە تەلارسازی فاشیستی، هەمووان بەرەواج بوون.

ئەو داگیرکردنەی ڕۆمای کۆن بۆ جوڵانەوەی فاشیستی لە بانگەشە زیاتر هیچی دیکە نەبوو، هەروەها

---

[10] بە مانای ڕابەر (لە وشەی لاتینی dux وەرگیراوە).

تـــەنیا "شـــێوازی" فاشیســـتی سیاســـەت کـــردن نـــەبوو. مێژوویـی ڕۆمـا لـە ئیتاڵیـا بەگشـتی بـە مێژوویـی میللـەتی ئیتاڵیا دادەنرێت. فاشیزم ئەو باوەڕەی قبوڵکرد و بـەهێزی کـرد، لـە بەرهەمـە جیـا جیاکـانی ئایدۆلۆژیـدا، پـەرەی بـە ڕێبازی (ڕوحی خودی ڕۆمانیا)دا. (ڕێبازی ڕۆحـی خـودی ڕۆمانیا)، چاوپۆشین لـە ڕۆڵـە بنەڕەتییەکەی لە ڕەوایـەتی دان بەدەســـــەڵاتی فاشیســـــتی، بەشـــــێوەیەکی گشـــــتی بـە ئامـانجی وەبـەرنانی فەزیلەتـەکانی وەک یاسـا، ڕێسـا، دادپــــەروەری، بــــووێریی و ورووژانــــدنی خــــۆی بــــۆ بەرژەوەنـدی گشـتی بەرنامـەڕێژی کرابـوو، کـە گومـان دەکـرا میللـەت پێویسـتی پێـی بێـت. بەپێچەوانـەی یۆنانییـە کۆنـەکان، تێگەیشـتنی میکـانیکی و تـاک باوەڕانـەیان لـە دەسەلاتی دەوڵەت و ڕیسای سیاسـی، وێنـای ڕۆماییـەکان بۆ دەوڵەت، وەک دامـەزراوەی زنجیرەیـی خـاوەن ڕابـەری بـــەتوانا وابـــوو. بـــەدەربڕینێکی دیکـــە، شـــتێک بـــەناوی (فەزیلــــەتی ڕۆمــــاییی)، واتــــا جەوهــــەری مێــــژوو، شارســـتانییەتی ڕۆمـــا – ئیتاڵیـــا بـــوونی هـــەبوو. ڕۆحـــی فاشیستی بەم شێوەیە، ڕژێمی فاشیستی بەدیهێنـەری ئـەو فەزیلەتانە بوو، کە ڕۆژگارێک گـەورەیی بـە ئیتاڵیـا (ڕۆمـا) بەخشیبوو.

بێگومـــان، نازییـــەکان هـــیچ ئوســـتورەیەکیان نـــەبوو، هێنـدەی سـەردەمی کـۆن گـەورە بێـت کـە پێـی بگـەن. ئەگــەرچی نازییەکــان، یۆنانییــە کۆنــەکانیان بــە ئاریــایی دەزانـی، دڵـداریان لەگـەڵ وێنـای وەرگرتـوو لـە جیهـانی سەردەمی کۆن دەکرد – بۆ نموونە، پۆشینی جلوبـەرگی

سەردەمی کۆن بە کچان لە بۆنە و ئاهەنگەکان، بەڵام ئەو ڕابردووە ئوستورەییە، کە نازییەکان تامەزرۆی بوون، ڕابردووی سەدەکانی ناوەڕاست بوو، کە لە ئارەزوو بەگەڕانەوە بۆ شێوازە باوەکان، یەکگرتووییەک لەسەر بنەمای ئاو و خاک ڕیشەی هەبوو، لە بنەڕەتڕا پشتبەستوو بوو، بەشێوەکانی پێش مۆدێرنی ڕێکخراو (کۆمەڵگە). تێڕوانینێکی وەها پێویستی بەسوودوەرگرتنێکی زۆر بوو، لە وێنەسازیی تویتونیکی: لە "ڕۆژی هونەری ئەڵمانیا" لە مونیخ لە 1939، بەشداربووان بەپۆشینی جلوبەرگی سەدەکانی ناوەڕاست و هەڵگرتنی سوپەری سەوالییەکان، لاسایی نەریتەکانی "نەتەوەی" ئەڵمانیایان کردەوە، بەڵام هۆکاری ئەوەبوو، کە نازییەکان لە جیهانی سەدەکانی ناوەڕاست، بوونیادێکیان بۆ ڕێسای کۆمەڵایەتی یەکپارچەیی دەبینی، کە لە جیهانی مۆدێرن ئامادەگی نەبوو. لەوێ پەنابردنەبەر چەمکی فیودالی شەرەف و وەفاداری، بنەمای بنەڕەتی بوو، بۆ یەکەی سیاسی سروشتی. (*بنەمای پێشەوایی*) بەم مانایە وەکو نۆژەنکردنەوەی بنەمای فیودالی شەرەف و وەفادارییە. هەر بەوشێوەیە، شوناسی "خوێن و زەوی" نازییەکان پشتبەستوو، بەبێزارییان لە یاسای ڕۆما، مافەکانی خاوەندارێتی تایبەتی بوو، چەمکێکی دیکەی فیودالی خاوەندارێتی پستبەستوو بوو، بە مافەکانی ڕیشەگرتوو لە سوودوەرگرتن لە جەوهەر و ڕواڵەتەکان و میراتگری تەواوی خزمەتێک بوو، کە ڕادەستی کۆمەڵگە دەبوو. بەم بەڵگانە، نازییەکان چەمکی مۆدێرنی دەسەڵات

و پەیڕەوییکردن لە دەسەڵاتی دەوڵەت، کە بەشێوازی عەقڵانی ڕێکدەخرێن، بەڵام نەزانراوەکان دەخەنەلاوە، بە دەسەڵات و پەیڕەویکردنی بەهرەمەند لە پەیوەندییەکانی پشبەستوو بەوەفاداری کەسی جێگەیان دەگرنەوە، ئەو دەسەڵات و پەیڕەویکردنە نەک تەنها بە پێشەوا، بەڵکو بە کۆمەڵێک لە "پێشەوایانی بچووک" لە ڕێگەی کۆمەڵێک لە سەرۆک تایفەکان، سەردەکێشێتە تێکڕای پەیمانی وەفادارییەوە. لێرەدا وشەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، ڕادەستکردنی تەواوی مافەکانی چینی کرێکاری مۆدێرن دەشارێتەوە. دەبێت چینی کرێکار هاوڕێیانی "وەفاداری" وەک کۆمەڵێک لە تویتۆکانی خانەدان و وەفادار لە ڕوانگەی فیودالییەوە بگۆڕێن، هەر لەو شوێنەیە کە کۆمەڵی کارگە و ڕابەرانی گرنگ دەبێت.

هەرچەند کە بتوانرێت باسی مۆدێرنەی فاشیستی بکرێت، هەروەک پێویستە دیاری بکات، کە ئەو مۆدێرنیتەیە هاوکات شێوەیەکە، لە کۆنەپەرستی، هەوڵێکە بۆ پشتبەستن بەڕواڵەتەکانی مەخابن! بۆ پاراستنی دەسەڵاتی دەوڵەت و ڕێسای کۆمەڵایەتی. زۆربەی نووسینەکانی دەستی دووەم دەربارەی فاشیزم، پشتییان بەتوخمە "کۆن"ەکانی فاشیزم بەستووە و بەم شێوەیە، فاشیزم بە سیاسەتێکی کۆنەپەرست ئاسای وەک دیاردەی تەواو دژە مۆدێرن نمایشدەکەن، بەڵام ئەگەر باسی مۆدێرنیزمی فاشیستی دەکەین، ئەوکاتە بەئاشکرا لە فاشیزم ئەوە بە بنەڕەت دەزانین، کە هێزە پێکناکۆکەکان دێنە بەرچاو – دینامیزمی لەبەرامبەر

سـەقامگیری، نوێگـەری لـە بەرامبـەر ڕێسـا، پێشـکەوتنی تەکنەلۆژیانە لەبەرامبەر ستراکچەری باو – کە لەواقیعدا گرژیـی بنـەڕەتیین، لـە ئەندێشـەی سیاسـی ڕاسـت دا، بەشـێوەیەکی تێکڕایـی دەسـتەبەر دەبێـت. ئـەو گرژییـە تاکۆتایی لە تیۆر و کاری فاشیستیدا بەردەوام دەبێت.

ئیدارەی جوانی کاری نازی بووە، داینەمۆیی چەقی بزوێنەری مۆدێرنیزاسیۆنی ناسیۆنال سۆسیالیزم، بەڵام ئیـدارەی جـوانی کـار بەمتوربـەکردنی ئـەو جـۆرە مۆدێرنیزاسیۆنە بە ئایدیالی فیودالی، بەڕواڵەت سەنتێزی فاشیسـتی نـاوازەی مۆدێرنیتـە، دژە مۆدێرنیتـەی بـەهێز کـرد. ڕوانگەکـەی دەربـارەی کۆمەڵگـەی بـێ چـین پشتبەستوو بوو بە شانازی و وەفاداری، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەدا توانی ڕکابەری توانای پیسەسازی گشتی بکات، چونکە شێوازی مۆدێرنیتی پیشەسازی تێکەڵ بە بیر و ناوەڕۆکی سەرەکی دژە مۆدێرنکرد. نەک هەر تەنیا کارگەکانی پیشەسازی وێنەکێشانی سەر دیواریان هەبوو، کە ستەیجەکانی پێش مۆدێرن، گوندنشین و (*نەتەوەییان*) لەناویاندا بەرجەستە دەکرد، بەڵکو ئیدارەکەش بۆ خۆی هانـدەری دووبـارە دیـزایین کردنـەوەی دەرگـا و دەروازەکانی هاتنەژوورەوەی کارگەکان لە ئاسن کارکراو بەشێوەی سەدەکانی ناوەڕاستبوو. ڕێکخراوی "دەسەڵات لـە ڕێگـەی خۆشـییەوە" بـە بەرنامـەڕێژی سـەفەرکردنی ئۆقیانووسـیی زۆر خێـرا مـۆدێرن بـۆ کـەناراوەکانی دارستانی خورمای کۆلێیەوە، سوڕانەوەی دەرەوەی شار بەناو دیمەنی سەدەکانی ناوەڕاستی مۆتۆریزەکرد. ئەوە

لە کاتێکدایە کە پڕۆژەی درووستکردنی شارێگەکان لە ئەڵمانیا بەئەنقەست بەجۆرێک بەرنامەڕێژییان کردبوو، کە ئەو شارێگەیانە بە ناوچەیەکدا ڕادەبووردن، کە جوانی نماییشیان هەبوو، تا بەوشێوەیە بێتەبەرچاو، کە هاوئاهەنگی سروشت و ژیانی گوندنشینین. هەر ئەو بابەتە لە ئیتاڵیای فاشیست، دەربارەی شارێگەکان ڕاستبوو. خاچی شکاو، هەرهێندە کە سیمبولی جووڵانی بەردەوام و سازدراوی تەواو پێرفێکت بوو، پیش مۆدێرن– پێکهاتەی خۆگونجاندنی توخمە کۆنەکان لە سەردەمی مۆدێرن – ئەژمار دەکرێت.

ئەو تایبەتمەندییە لە نمایشگاکانی 1932، بەبۆنەی ساڵوەگەڕی شۆڕشی فاشیستی لە ئیتاڵیا نیشاندراوە. بڕیاربوو ئەو نمایشگایە ئاهەنگ، بۆ ساڵوەگەڕی شۆڕشی فاشیستی بگێڕێت. ویڕای ئەوە بڕیاربوو، کە وەک جێبەجێکاری دووبارەی دوو توخمی بوونیادی مێژوویی ئیتاڵیا، واتا پەڕینەوەی سزار لە ڕووباری ڕوبیکن و ڕێپێوانی هێزی هەزاران کەسی گاریباڵدی (یان لەشکرکێشی هەزار کەسە، شەڕێکی سەربازی بەڕابەرایەتی گاریباڵدی لە 1860بوو، کە هێزێکی پێکهاتوو لە خۆبەخشان، پادشای سیسیلی تێکشکاند، سەریکێشایە جیابوونەوە و چوونەپاڵ پادشای ساردنی، کە بەهەنگاوێکی گرنگ لە هێنانەئارای پادشای یەکگرتوویی ئیتاڵیا ئەژماردەکرێت. –و.ف) ستایشی ئەو شۆڕشە بکرێت. بەم شێوەیە، نوێترین ڕوداو و خاوەن پەیوەندی "باو" بوو، کە جەختی لێدەکرایەوە. فاشیستەکان

داوایـان لــە هونەرمەنــدان، تەلارســازانی خۆیـان دەکـرد پێشـانگاکانیان بۆ بەرجەسـتەکردنی دابڕانـی شۆڕشـگێڕی بگۆڕن، کـە گوایـە لەلایـەن فاشـیزمەوە دەسـتەبەرکرابوو- دەستکەوتێکە، لە مۆدێرنیتە وێڕای لەسەرووتری گەورەی ماددی و مێژوویی - هاوکات سوودوەرگرتن، لـە مۆدێلی کولتـووری بـاو و بـەقوڵی ڕیشـەداکوتاو. بـەم ناونیشـانە پێسانگا تەکیـەگاهێک، بوو کـە دوو هێزی پێکنـاکۆک تێیدا کاری دەکرد. لەلایـەک، پێشـەنگا ڕوانینێکی بـەرەودواوە و حەسرەتبار و مۆنومێنتالیستی لەخۆیدا جێکردبووەوە، کـە شۆڕشـــی فاشیســـتی بـــە گرێدانـــەوە بەگێڕانـــەوەی ئوسـتورەیی لــە کۆمەڵگــە و ڕێسـا ڕێـزی دەگـرت، لــە ئەنجامـدا بـەردەوامی مێژوویـیـەکی دیـایکراوی پێـدەدا. پایــەکانی "ڕۆمــی" ڕواڵــەتی دەســەڵات بــوون، لەســەر دیوارەکـــان وتـــەی بەنرخـــەکانی کـــاتو، سیســـیرۆن، ئۆگســتۆس، ماکیـاڤیلی، گیچـاردنی، ویکـۆ نووسـرابوو. لەلایەکەی دیکەوە، بڕیـای مۆسـۆلینی کـە دەبێت پێشـانگا "لەسەرووی مۆدێرنـەوە" بێت، واتـا تـەواوی تایبەتمەندییە کۆن و دێرینـەکانی پێشـانگای مـۆدێرنیزە، لـەکاتی خۆیـدا بێت تـا نیشـانەی ئـەوەبێت، کـە میراتـی فاشـیزم شۆڕشـی مۆدێرنیتـەش دەگرێتـەوە. بـەم شـێوەیە، پێشـانگا بـە "ڕوانینێکــی بــەرەو داهــاتوو، مۆدێرنێســتی هاوتــەریب بەئاسـتی سیاسـی وەک ڕووداوێـک بەئاڕاسـتەی دابـڕان، لەئاسـتی مێژوویـی بەوێنـەی هۆکارێـک بـۆ سـڕینەوە، لـە ئاسـتی سـوبێکتی تـاک، بەناونیشـانی فاکتـەرێک بـۆ سەرلێشێواوی یان دابڕان کاریدەکرد." ئامادەبووانی ئەو

پێشەنگایە وەک فۆتۆریزمی جڵەو پساو وەسفیان دەکرد، کە شوێنەوارێکی وەک دەستڕێژی هەیە، یان چاودێر بەرەو ناخی گەرداوێک پاڵی پێوە دەنێت.

**بەدبەختی سەردەکێشێتە ستایشی ڕۆژانی ڕابردووەوە**

بەم پێیە ئاشکرایە، کە گرژییەکی سەرەکی لە فاشیزمدا، لەنێوان جۆری دیاریکراو لە کردەگەرایی شۆڕشگێڕی و هەڵسەنگاندنی ئەرێنی لە مۆدیرنێتە، پێشکەوتنی تەکنەلۆژیانە کەوتۆتە لایەک، محافزکاری دامەزراوەیی و سەردۆلکەیی حەسرەتبار و گەڕانەوەی کۆنەپەرست بۆ ڕابردوو کەوتۆتە لایەکەی دیکەیەوە. چۆن دەتوانین لە گرژی ئاشکرای نێوان "محافزکاری" و "شۆڕش گەری" یان نێوان "کۆنەپەرست" و "مۆدێرنیستی" سەردەرکەین؟ پێویستە بۆ ئەوکارە پێگەی ئوستوورەیی لە فاشیزم، ڕۆڵی ئوستوورە بەتایبەتی لە وەڵامدانەوەی مۆدێرنیتە بگەیین. ئەوکارە سەردەکێشێتە گرنگی ناسینەوەی کات لە فاشیزم دا. باقی ئەم بەشە بنەمای تیۆری باسی هێڵی گشتی ئاشکرا دەکات، کە لە بەشی داهاتوودا پەرەی پێدەدرێت.

هەروەک ئەلیس یایگەر کاپلان ئاماژە دەکات، پێکناکۆکی گریمانەیی نێوان مۆدێرنیزم و دژە مۆدێرنیزم لە فاشیزم دا، لە زۆرلاوە پێکناکۆکییەکی نادروستە. یەکەم، ئەگەر بەشێک لە یاسا یان بڕیارێکی جێبەجێکردن یان تاریفی دەقێکی ئایدۆلۆژی "بەهاکانی کۆمەڵ" کۆن یان سەدەکانی ناوەڕاست دەکات، وەک بنەمای ڕێکخەر

بەسەر ئەو کۆمەڵگەیەوە، بەمانای ئەوە نییە، کە دەبێت یەکسەر لەگەڵ "دژە مۆدێرن" بەیەکیان بزانین. سوودوەرگرتن لە زمان و هونەری پێش پیشەسازی، بۆ تێکەڵکردنی چینەکان لەچوارچێوەی بەپیشەسازی بوون، ڕواڵەتێکی لەجاران زیاتر گشتی هەموو میللەتانی پیشەسازی یان لە پیشەسازی بووندایە، کە ئەو ڕوانگە هاوبەشەیان هەیە، "کۆمەڵگە وەکو کارگەیە". هەروەک تیم میسۆن، لە شرۆڤەکردنی بەرەی کاری نازی دەیخاتەڕوو، بەلام دەربارەی فاشیزم بەشێوەیەکی گستی ڕاستە - تاڕادەیەک هەر شتێک، کە بەرەی کار وەک دەستکەوتەکانی ڕایشی سێیەم جەختی لێدەکاتەوە، پەیوەندی بە پێش 1933، لە ئەڵمانیا یان شوێنەکانی دیکەوە هەبووە. "بەسەرنجدان بە گەشەکردنی وەکو سیاسەتە کۆمەلایەتییەکانی پیشەسازی لە ولاتانی پیشەسازی ئەمەریکا و بەریتانیا... بە ئەستەم دەتوانی هونەری بەڕێوەبردنی نوێی پیشەگەرانی ئەڵمانیای پێش 1933، بەکۆنەگەرایی تایبەتی ئەڵمانی بزانیت"، بەشێوەیەکی گشتی، نەریتی دەستێوەردەرانی تاکتیکی سەرەکی چینە باڵادەستەکانە، لە کۆمەڵگەی بۆرژوازیی.

لەوە گرنگتر، ڕەخنەی مۆدێرنیزمی کۆنەپەرست زیاتر لەوەی، کە کاردانەوەیەک بێت دژی تەکنەلۆژیای مۆدێرن و بەکارهێنانەکەی، دژی ڕۆشنگەرییە و پێشینە بەخشین بە توندوتیژی لە لایەن مۆدێرنیزمەوە، کە باسمان کرد، لەواقیعدا بەشێک لە ڕێبازی تەکنیکییەتی. گۆبلز خاڵێکی هاوشێوەی لە وتاردانەکەی، کە لەسەرەوە خرایەڕوو

دەربڕی و تەکنەلۆژیای بە کاتی ئێمە زانی. لە لایەک، وتەکەی بەدژە مۆدێرن دەهاتە بەرچاو، "ئەو مەترسییە بێگومان و هاوشێوە دیتەئاراوە، کە تەکنەلۆژیای مۆدێرن مرۆڤەکان بێ گیان و بێ سۆز دەکات". لەگەڵ هەموو ئەوانەدا یەکسەر ئاماژە دەکات، کە "ناسیۆنال سۆسیالیزم هەرگیز تەکنەلۆژییای ڕەتنەکردۆتەوە و بەگژیدا نەچۆتەوە." لەجێدا، یەکێک لە ئەرکە بەرچاوەکانی ناسیۆنال سۆسیالیزم ئەوەیە، کە "ئاگایانە ئەو [تەکنەلۆژیا]یە پشتڕاست بکاتەوە، (لە ڕوانگەی دەروونییەوە بە ڕۆح بیئاخنێت) دیسپلینی پێ ببەخشێت، لە خزمەت خەڵکی ئێمە و ئاستی کولتوورییان دابنێت". فاشیزم پاشان ئاشکرادەبێت،

***ڕۆمانتیزمی نوێ، لە دەرئەنجامی داهێنان و تەکنەلۆژیادا دەردەکەوێت.*** لەکاتێکدا، کە کاردانەوەی بۆرژوازی بەرامبەر تەکنەلۆژیای سارد – ئەگەر نەڵێین دووژمنکاری بێ پەردە - سیخناخ لە دژایەتی و تێنەگەیشتن بوو، لەکاتێکدا گومان باوەڕانی مۆدێرن لەو باوەڕەدابوون، کە قوڵترین ڕیشەکانی پاشەکشەی کولتووری ئەوروپی تێدا شاراوەیە، ناسیۆنال سۆسیالیزم تێدەگات، دەبێت چۆن چوارچێوەی بێ سۆزداری تەکنەلۆژیا بە دڵدانەوە و ئەندازەی جووڵەی گەرم کاتی ئێمە پڕبکات.

فاشیزم نەک هەر تەنیا تەکنەلۆژیا پەسنددەکات، بەڵکو بۆ بتێک و بەشێکی ناوەند، لە سیاسەتەکانی خۆی، بۆ وێرانکردن دەگۆڕێت. کاتێک بانگەشە دەکرێت کە فاشیزم

دژە مۆدێرنە، باسی خۆیان پشتبەستوو بەو کارە دەکەن، کە فاشیزم پێشکەوتنخواز نییە، چونکە "پێشکەوتنخواز" پێویستی بە پابەندبوونە بە داهاتوویی مرۆڤایەتی و تەنانەت سۆسیالیستی، فاشیزم بەئاشکرا بەو مانایە پێشکەوتنخواز نییە، بەڵام "مۆدێرنیتە" هێزی پێکناکۆکی وەک هێزە کۆنەپەرستەکان، هەروەها پێشکەوتنخواز دەئەفرێنێت: پێویستە دیالێکتیکی مۆدێرنیتە، هەروەها دیالێکتیکی ڕۆشنگەی ئەژمار بکەین. هێزە کۆنەپەرستەکانی زادەی مۆدێرنیتە، سوود لە ڕواڵەتەکانی مۆدێرنیتە وەدەگرن، بەبێ ئەوەی وەفایان بۆ هزری پێشکەوتنی ڕۆشنگەریی هەبێت، خوازیاری کۆمەڵگەی عەقلانی بن. فاشیزم بۆ میللەت و شەڕ خۆی دەکاتە خاوەنی تەکنەلۆژیا و تەکنەلۆژیا دەخاتە خزمەت شەڕی هەموانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو کارە ئەزموونی پشێووی کۆمەڵایەتی وەک خودی مۆدێرنیتە توونـد دەکات. ئەو مەسەلەیەی کە پێویستە چۆن پشێوویی کۆمەڵایەتی چارەسەر بکرێت، بەجەختکردنەوە لەوەی، کە ئێمە "تەکنەلۆژیامان سیخناخ دەکەین بە ڕۆح"، وەڵام نەدرایەوە. هەروەک برێخت دەیخاتەڕوو "700 ڕووناکبیر، کە تانکەرێک نەوت بپەرستن"، داوا لە تانکەرەکە بکەن کە "خودی ئێمە لەناوبەرێت و بیگشتێنێت"، بۆ هێنانەئارای ڕێسای کۆمەڵایەتی نەگونجاوە.

لێرەدا بۆ ڕاستی سیاسی، بەبابەتی بنەڕەتی مۆدێرنیتە دەگەین، چۆن دەتوانرێت لە جیهانێکی بەردەوام گۆڕاو، لەو ڕووەوە سیخناخ لە بێسەروبەرەیی ڕێسا بپارێزرێت؟

هەروەک هابرماس ئاماژەی پێدەکات، ڕێبازی کاری نوێ و شادی و خۆشی ڕیشەگرتوو لەکاتی ئێستادا، بەهای نوێ کە نابەردەوام، ڕاکردوو، زووتێپەڕ و زۆرجار ستایشکردنی دینامیزمی ئارەزوو، تامەزرۆیی بەدۆخی بێکەم وکوڕی و پاکوخاوێن و سەقامگیر، بەرەی لەسەر هەڵدەداتەوە. بەمەش پێویستە لەڕوانگەی سیاسییەوە، لە پشێووی کۆمەڵایەتی مۆدێرنیتە بکۆڵینەوە. بەشێوەیەکی گشتی، ڕاستی سیاسی – هەم فاشیست، هەم نافاشیست – بەسێ ڕێگە دەستپێشخەریی بۆ ئەوکارە دەکات. سەرەتا هەوڵدەدات ڕێگایەک بۆ زاڵبوونی ئایدۆلۆژی بەسەر کاریگەری سەرمایەداری– لەخۆنامۆبوون و دابەشکردنی چینەکان – سۆراخی بکات. دووەم، لەڕێگەی دەوڵەتی بەهێز و ڕابەری بەتواناوە، کە ئەوەندە بەهێز بێت، لە جەرگەی ڕەوتی بەردەوامی گۆڕاندا ڕێسا بپارێزرێت. لێرەدایە، کە پێشینەی سیاسەت دەخرێتەڕوو. لەبەشەکانی پێشوو لەو دوو بابەتە کۆڵراوەتەوە. سێیەم، بەپەنابردنەبەر گەڕانەوە بۆ بەهاکانی ڕابردوو، واتا بۆ ڕێسای کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی لەسەرووی ڕێسای هەنوکە، پشبەستوو بەگۆڕانی بەردەوام، کە تێیدا یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی بوونی هەیە. لەڕوانگەی نوستالۆژیکییەوە، پەنابردنەبەر ڕابردوو و وێناکانی ڕابردوو، تایبەتمەندی سەرەکی ڕاستی سیاسی بەشێوەیەکی گشتی و فاشیزم بەشێوەیەکی تایبەتییە، بەم ڕێگایە، ناوەندێتی میللەت و سروشت لە تیۆر و کاری فاشیستیدا ڕاشکاو و پتەو دەبێت، چونکە ئەو ئوستوورە

سەرەکییە، کە چنگی لێدەگرن و ئەو نەریتانەی دادەهێنرێن، یان (نەتەوەیین)، یان بەجۆرێک خودی (نەتەوەیی) سەرکوتکراو سەیریدەکرێت، کە لەچاوەڕوانی دووبارە لەدایکبوونەوەی لەجیهانی مۆدێرن. بەم هۆیە، بەڵکو نەک تەنیا بەم هۆیە، هاوکات مۆدێرنیتەی فاشیستی جیهانێکە لە ئوستوورە.

پاوڵ فوسێل، لەباسەکەی خۆیدا، ئاماژە دەکات، بە کاریگەری شەڕی یەکەمی جیهانی بەسەر کۆیادی مۆدێرندا، کە ئەزموونێکی ڕاچڵەکێنەری تەکنەلۆژیای نوێی شەڕی سەربازان وەک میکانیزمێک بۆ مانەوە، بەرەو ئوستوورەیەک تاودا.

جیهانێک بە ئوستورەگەلێک ژیانی نۆژەنکردەوە... گەڕانەوە بۆ شێوەکانی ئەندێشە و هەستی سەردەمی ڕێنسانس و سەدەکانی ناوەڕاست، لە ڕێگەی سەدەکانی نۆزەیەم و هەژدەیەم، کە جیهانی ئاخنراو بە ئوستوورە توانیوویەتی لەجەرگەی شەڕێکدا فۆرم بگرێت، ڕواڵەتی سەرکەوتنی پیشەی مۆدێرن و ماتریالیزمە، ئەو میکانیزمە نائاساییە، بەهای لێکۆڵینەوەی هەیە. لە ئەنجامی تۆقاندنی دوروودرێژ و دەرنەبڕدراو، کە بەشێوەیەک نەتوانرێت دەرببڕدرێت... خەرمانی خورافات، جادووگەری، سەیر، پەرجو، یادگارییە کۆنەکان، ئەفسانەکان و دەنگۆی نامۆدێرنە.

ئیمە دەتوانین ئەو خاڵە سەرووتر، لە واق وڕمانەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی پەرەپێبدەین، کاردانەوەیەک بۆ جیهانی ناسەقامگیر، کە تێیدا ئەزموونی مۆدێرنیتە هاوتا

بە مانای ئەزموونی ناسەقامگیری، پشێوویی کۆمەڵایەتی و توانای هەمیشەیی مردنی توندوتیژانە، لە قسەیەکدا بەهیلاک چوون و بەدبەختی –یە. ئارەزوو بۆ سەقامگیرییەکە، کە گومان دەکرێت لە ڕابردووی ئوستوورەیی و هاوئاهەنگی بوونی هەبێت.

تا ئاستێک لێرەدا، مەسەلەی کاتمەندیی خراوەتەڕوو. ڕۆگێر گریفین، فاشیزم بە ئایدۆلۆژیای سیاسی دەزانێت، کە ناوکی ئوستوورەیی ئەو فۆڕمە، لە دایکبوونەوەی دووبارەی میللەت پەرستی پۆپۆلیستییە. لەدایکبوونەوە لەڕوانگەی ڕەچەڵەک ناسییەوە [palingenetic] لە وشەی یۆنانی palin (دیسانەوە، دووبارە) genesis [ئەفراندن، بوون] وەرگیراوە. ئەگەرچی بەڕواڵەت ئەو لێکدانەوەیە نیشانەی ئەوەیە، کە "دووبارە لە دایکبوونەوەی ئوستوورەی سیاسی" ئاماژە بەجودایی کۆنەپارێزانە دەکات، بۆ زیندووکردنەوەی ڕابردوو (بەمانای دووبارە لە دایکبوونەوە)، گریفین بەدروستی بیردەهێنێتەوە، کە ئەو دووبارە لە دایکبوونەوە، هەم ئاماژە بە داهاتوو، هەم بەڕابردوو دەکات. "بەم شێوەیە تیری کات نەک بۆ دواوە، بەڵکو ئاماژە بەداهاتوو دەکات، تەنانەت کاتێک کە تیرهاوێژ لەسەرەوەی شانەکانی بۆ ڕێنمایی بەوەی، کە سێرە لە کام لا بگرێت، ئاوڕ بۆ دواوە دەداتەوە." بەم شێوەیە، وەک نموونە ڕێبازی (ڕۆحی خودی ڕۆما) ویڕای ئەوەی، کە گەڕانەوەی کۆنەپەرستی بۆ ڕابردوو دێتە بەرچاو، لەواقیعدا جۆرێک لایەنگیرییە بۆ داهاتوو. لە ڕۆحی ڕۆمی ئەبەدی نەک بە گەڕانەوە بۆ شارستانی پێشوو، بەڵکو بۆ هاندانی ئیتاڵییەکان بۆ

ئەوەی، کە نەژادێکی نوێ و میللەتێکی گەورە و ژیانیان نوێ بکرێتەوە سوودیان وەردەگرت. بەقسەیەکی دیکە، ئەوەی گرژی نێوان ڕابردوو و ئێستا دێتەبەرچاو، لەواقیعدا نیشانەی لایەنگیرییە بەرەو داهاتوو. بەم هۆیە کە بەشی گەورەی زمان و وێناسازی فاشیستی باسی کاری ***نوێ*** – مرۆڤی نوێ، ڕێسای نوێ – دەکات، گەرچی پەیوەندیشی بە کاری کۆنەوە نەپچڕاوە، دووبارە لەدایکبوونەوە، دووبارە ژیان، تۆڵەنکردنەوە لەوانەن. بەم شێوەیە، سیاسەتی پشتبەستوو بە کاتی شاراوە، لە ناخی مۆدێرنیزمی کۆنەپەرست دایە.

بە گوتەی پیتەر ئۆسبۆرن سیاسەتی پشتبەستوو بە کات، لە ناخی چەمک گەلێکی وەک "شۆڕشی محافزکارانە" و "مۆدێرنیزمی کۆنەپەرستی" سەردەمی بەسەرچوویی پێکناکۆک دەهێنێتەئارا. شۆڕشی محافزکارانە، وەک تەواوی گوتەزا سیاسییەکانی بوونیادی مۆدێرنیتە، چەمکێکی لە بنچینەدا کاتییە". شۆڕشی محافزکارانە لەجیاتی ئایدۆلۆژی **دژە** شۆڕشگێڕی لە مانای کاتی تەواوی خۆی، مۆدێرنیتەیە... کاتی کاری نوێ خێرا دەکات. دەکرێت وێنەسازی بۆ داهاتوو لە ئوستوورەی پەیوەست بەسەرچاوە نادیارەکان، یان خودی نەتەوەیی سەرکوتکراو سەرچاوەی گرتبێت، بەڵام پرۆسەی کاتییەکەی توند بەداهاتووەوە پەیوەستە". لەگەڵ هەموو ئەوانەدا، هاوکات شۆڕشی محافزکارانە شێوەیەکە لە کۆنەپەرستی شۆڕشگێڕی.

لەو چەمکەدا تێدەگەین، کە ئەوەی بڕیارە "بپارێزرێت" پێشتر لەدەستچووە (ئەگەر لە بنەڕەتڕا هەبووبێت، کە

جێگـــەی گومانـــە)، پێویســـتە لـــەو ڕووەوە لـــەنوێ بئەفرێنرێتـەوە. دەستنیشـانی دەکـەین، کـە لـەبارودۆخێکی وەهادا توانا هەیە، کە "ڕابردوو"ی ناوبراو بۆ یەکەمجار دیـاری بکرێـت. بـەم شـێوەیە، ئـەو واقعیەتـەی کـە ڕابردوویـەکی خەیاڵییـە، هـیچ لەمپـەرێک بـۆ دەسـەڵاتی سیاسـییەکەی ناهێنێتەکایـەوە، بـەڵام هەلومەرجـەکانی (ئوستوورەیی) بارودۆخێکی وەها دەهێنێتەئاراوە.

ژانـوس، هاوشـێوەی خـوای ڕۆمـای کـۆن، کـە لەسەرووی دەروازەکانەوە بە ڕووخسارێکی بەرەوپێش، ڕوویـەکی بـەرەو دواوە دەوەسـتا، هاوکـات فاشـیزمیش لـە دوو ڕێگـا ڕادەمێنێت. نابێـت ئـەو بابەتـە ئێمـە سـەرسـام بکات، چونکە لایەنگیری ئەوەی، کە ڕابردوویـەکی بەشکۆ، بـەڵام لەدەسـتچوو دەبێـت، لـە داهاتوویـەکی بەشـکۆتر لـە نـوێ لـە دایـک ببێتـەوە، تایبەتمەنـدی دروسـتکەری ناسیۆنالیزمە.

فاشـیزم بـەتوانایی ڕزگـاری بەخشـی تەکنـەلۆژیا، ئـەو واقیعیەتـە دەستنیشـان دەکـات، کـە پێویسـت بـوونی نوێگـەری لـە مۆدێرنیتـە، هاوکـاری بـە ئاگـایی دەربـارەی داهاتوویـەکی تـەواو جیـاواز دەکـات، بـەڵام فاشـیزم کـە ئـامرازی دەربڕینـی ڕوانگەیـەکی لـەم جۆرەی نییـە، تـەنیا دەتوانێـت گـوێ بـۆ ڕابـردووی ئوسـتوورەیی شـل بکـات. لەواقیعدا فاشیزم ناتوانێت مرۆڤەکان لە بەهیلاک چوون، بەدبـەختی مۆدێرنیتـە ڕزگاربکـات، تـەنیا دەتوانێـت لـە ئارەزووی پێش مۆدێرن دابێت، تا ئـەو بـەهیلاک چوون و بەدبەختییانە بەباشی دابپۆشێت، بەدبەختی سەردەکێشـێتە ستایشـکردنی ڕۆژانـی ڕابـردووە. هـەر ئـەو ڕەوتەیـە کـە

توخمی شۆڕشگێڕی فاشیزم دەخاتە بەردەستی. لەکاتێکدا هەندێک لە هێزە سیاسییەکانی باڵی ڕاست، تەنیا خوازیاری پاراستنی ڕێسای کۆمەڵایەتیین – بۆ نموونە محافزکاری، کە هەوڵدەدات دەنگە نارەزایەتی کۆمەڵ بەهۆی گونجاندنی گۆڕانی هەنگاو بە هەنگاو، وردە وردەوە لە ئاسۆی مێژووییەوە ئیدارە بدات و ڕێنمایی بکات – سیاسەتە مۆدێرنیستەکانی کۆنەپەرست، بۆ شەڕی ڕێسای کۆمەڵایەتی دەڕۆن، لەسەر بنچینەی بۆچوونی لەسەر ڕابردووی ئوستوورەی، خوازیاری گۆڕانی ڕادیکاڵ دەبن. لەکاتێکدا کە محافزکاری هەوڵدەدات لە ناخی میللەتدا ئیدارەی کاریگەری شێوێنەری مۆدێرنیتە بدات، فاشیزم بەسازدانی جەماوەر لەودیوو سیاسەتە کۆنەپەرستانەکەیەوە، سوود لە دینامیزمی مۆدێرنیتە وەردەگرێت. ئەو سیاسەتە تەکنەلۆژیا نهێنی ئامێز دەکات، تەکنەلۆژیا لەجیاتی ئەوەی بۆ ئامانجی ڕزگاری بەخش بەکاربهێنرێت، کۆتایی بە دەسەڵاتی چینایەتی و سیستمی خاوەنداریتی تایبەتی بهێنێت، بۆ سیاسەتی کۆنەپەرست و ئامانجی تێکدەر زەوت دەکرێت.

فاشیزم خاڵی کۆتایی ئەندیشەی دژە شۆڕشگێڕی و کۆنەپەرستی دژە ڕۆشنگەرییە، کە لە هەلومەرجی سیاسی بە توندی گۆڕاوی سەدەی بیستەمدا هاتەدی. مۆدێرنیزمی کۆنەپەرستی فاشیستی، کە جوڵانەوەی مۆدێرنیتە بۆ مۆدێرنیتەیە، لەگەڵ ئەوەشدا دژە بەتوانای ڕزگاری بەخشی مۆدێرنیتە ئەژمار دەکرێت، جەماوەر دژی خۆی سازدەدات. فاشیزم ئارەزووی مرۆڤایەتی بۆ

گەیشتن بەجیهانی جیاواز– لە بنچینەدا باشتر گرِدەدات، پرِۆژەی سیاسی، فەلسەفی، رِۆشنگەری، رِزگاری دەخاتەلاوە، دەبێتە لەمپەرِی کە لەواقیعدا بە عەقڵانی بوون، بەعەقڵانی بێت. دەبوایە فاشیزم لەبەرامبەر هاتنەدی بەتوانایی رِزگاری بەخشی شاراوە داکۆکی، لە مۆدێرنیتە دەکرد، چونکە ئەو بەتواناییە بەمانای کۆتایهاتنی کاری فاشیزم دەبوو. چونکە هێشتا پێویستە بەعەقڵانی بوون، لەواقیعدا بەعەقڵانی بێت، شوێن پێ و کاریگەری کۆن تەنیا دەتوانێت، وەک تەندروستکردنی بارودۆخی هەنووکەییمان دەرکەوێت. فاشیزم، کە خۆی لە بەشداریکردنی درووستکردنی کۆمەڵگەی عەقڵانی بەدوور دەگرێت، بەڵام ئارەزوو بۆ هێنانە ئارای کۆمەڵگەیەکی وەها دەکاتە هی خۆی، بێجگە لەوە هیچ کارێک ناکات، کە رِابردووی ئوستوورەیی لە نوێوە بکاتە هی خۆی، رِابردوویەک کە گومان دەکرێت دەربرِی رِێسای بەشکۆ و گونجاوی نەتەوەیی و سروشتی بێت. بە گوتەی ئادورنۆ، شێوە دێرینەترەکانی رِاستەوخۆ، چاوپۆشین لەوەی ،کە تا چەند هەڵوەشاوە و پرسیار ورووژێنەرن، لە بەرامبەردا بەدبەختی هەنوکەیی رِەوایی دیاریکراو دەستەبەر دەکەن.

چونکە بەردەوام بەنیمچە پێشکەوتنی بەرژەوەندخوازانە سوود لە رِواڵەتی زەوی وەردەگیرێت، ئاگادارکردنەوەی عەقڵی مرۆڤ لەو حەقیقەتە نەشیاوە، کە سەرەرِای تەواوی شایەتی دژ، وێرِای کۆنەپەرستی جیهانی پێش مۆدێرن باشتر و مرۆڤانەتر بووە.

**5- لۆژیکی ئاسنینی سروشت**

کۆمەڵێک بەڵگە هەیە، کە فاشیزم میللەت بە بوونەوەری (***سروشتی***) دەزانێت تا کۆمەڵێکی خەیاڵی، nasci – لەدایکبوو – ڕیشەی هەردوو وشەی "سروشت" و "میللەت"ەو ئەو پاساوە ڕیشەناسی ئەو وێنایەیە، کە میللەت بۆ کۆمەڵگەی زیندوو بەشێوەیەکی سروشتی دەزانێت، لەگەڵ هەموو ئەوانەدا، ئێمە وەک یەکێک لە توخمەکانی "سروشتیکردن"، باسی پرۆسەی گۆڕان دەکەین، بۆ بەشداری میللەت. هەڵبەتە "سروشت" لەسەرانسەری بەڵگەکانی ئەم کتێبەدا ئامادەگی هەبووە: ئیدارە، خەبات، شەڕ، هەموو نەژاد بەشێوەیەکی یەکپارچەیی لەگەڵ ئەو ئەندێشانەی پەیوەندییان بەکاری سروشتییەوە گرێی خواردووە. فاشیزم پێیوایە ئەو واقیعیەتە تەواو ئاشکرایە، کە سروشت هاوتا بەوەسفکردنی هیتلەر وەک "یاسای توند و نەگۆڕ" کار دەکات. دەبێت ئێمە بەپێی ئەو یاسایە بژیین، ئەو ڕێکارە بۆ کۆمەڵگەی پشتبەستوو، بە داریۆنیزمی کۆمەڵایەتی توندوتیژە، کە بەکارهێنانی ڕاستەوخۆ و بێپێچ و پەنای گوتەزاکانی بیۆلۆژیکی، نیمچە بیۆلۆژیکی لە قەڵەمڕەوی کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێت. کاتێک کە فاشیستەکان باسی یاسای سروشت دەکەن، لەواقیعدا سێ بابەتی گرێدراو بەیەکەوە دەخرێتەڕوو. یەکەم، ئەو واقیعیەتەی، کە پەیکەری کۆمەڵایەتی بۆ فاشیزم پەیکەری سروشتیە.. فاشیزم کە عەقڵانییەتی ڕۆشنگەری پەسند دەکەن و بەکاری دەهێنن، تا ئاستیک ڕێسای کۆمەڵایەتی

به دروستکراویی مرۆڤ دەزانن، کە لەسەربنەمای عەقڵ، ئامادەی گۆڕان و ئاڵوگۆڕکردنە، بەمەش لەو یاسا سروشتییانە ناگەن، کە دەبێت کۆمەڵگە پەیڕەویان بکات. **دووەم،** کەسانێک کە لە نەریتی ڕۆشنگەریدا سووک و بێ نرخ تەماشای خودی سروشت دەکەن، سروشت تەنیا بۆ بەرژەوەندی مرۆڤ و بەملکەچی دەستکاریکراوی مرۆڤی دەزانن، بەم شێوەیە، سروشت لەناودەبەن و بە هەوڵدان بۆ کۆتکردنی ئالودەیان کردووە. **سێیەم،** ئەو ئالودەییەی سروشت بەم بەڵگەیەیە، کە هەمان خەڵک چەمکی سروشتیشییان ئالودەکردووە. ئەوکارە پێویستی کردووە تا لەناوبردنی خودی سروشت و بەرنامەڕێژی کۆمەڵگە بەپێی ئەو بڕیارانە بێت، کە "دژی سروشت" دەدرێن.

### ئاسۆکان و تەرمەکان

فاشیزم بەهۆی پشتبەستنی بەسروشتەوە، ئەو توانایەی دەبێت بابەتی زەوی و گرنگییەکەی بۆ خەڵک و میللەت بەرجەستە بکات. بۆ نموونە شوناسی "خوێن و خاک"ی نازی، ئاماژە دەکات بە پەیوەندی نزیکی نێوان خوێنی خەڵک (میللەت)، خاکی وڵات (سروشت)، بەم ڕێگایە یەکگرتوویی نەتەوەی نەژادیی و خاکەکەیان دەردەبڕدرێت. بەم بەڵگەیەیە، هەندێک لەشێوەکانی فاشیزم جەخت دەکاتەوە لەسەر جووتیاران، وەرزێران وەک بەتواناترین ڕەنگدانەوەی خوێن و خاک. نازیزم پێیوایە سیاسەتەکانی کشتوکاڵی لەخۆیدا گرنگی بنەڕەتییان هەیە، نەک لەبەرئەوەی جووتیاران بۆ

پشـــتیوانیکردن لـــە جـــوڵانەوەی [فاشیســـتی]، ڕژێـــم دەورووژێـــنن. تـــەنها ڕێزگرتنـــە لـــە زەوی، کـــە ڕێســـای کۆمەڵایەتی دەپارێزرێت. وەک نموونە ئایدۆلۆژیای نـازی، واڵتــر درە، بەڵگەگــەلێک دەربــارەی هێزەکـانی سروشـت دەردەبڕێت، تا بناغەیەک لـە کشتوکاڵ و سیاسـەتی زەوی بـۆ ڕێکـاری نـازی بێنێتـە ئـارا، ڕێکارێـک کـە جوتیـاران لەناویدا بۆ نزیکبوونەوە لە زەوی و کار لەگەڵ سروشت، بۆ بەرهەمهێنانی کاڵای سەرەتایی خەڵک ڕێزی لێدەگرێت. ئـەوە جوتیـارە کـە دەبێـت لـەجیاتی هـۆی ژیـانی میللـەت بەرزبنرخێنــدرێت، چونکــە بەپەیوەنــدی بنــەڕەتی نێــوان سروشت و دەوڵەت ئەژمار دەکرێت.

ترسی من لێرەدا ئەوە نییە، کە ئـەو سیاسـەتانەی بە چ پێوەرێکی فاشیزمی لەدەسەڵاتدا پیادە کرد، بەڵکو ئامـانجم دەستنیشــانکردنی ئــەو هێڵــە ســەوزەیە، کــە ئەندیشــەی فاشیزم تێدەپەڕێنێت، دەگاتە ڕاکانی دەربارەی سروشت. ئــــەو هێڵــــە ســــەوزە ڕاســــتەوخۆ سەردەکێشــــێتە لایــەنگیریکردنی ژینگــە، کــە دەبێــت ســوودوەرگرتن و لـــــەناوبردنی زەوی لـــــە ئـــــەنجامی کـــــاملبوون و مۆدێرنیزاســیۆنەوە بەجــدی وەربگــرین، بــەڵام فاشــیزم لەڕوانگەی ئایدۆلۆژییەوە تەنیا "ڕێز" لە سروشت ناگرێت، بــەڵکو پیــرۆزی دەکــات و ورەی پێدەبەخشــێت. بــەڕای فاشـیزم جیـاوازی فەلسـەفی نێـوان مـرۆڤ و سـروشـت، بەرهەمی دەستکردی فالسـەفە و زانسـتە مرۆڤایەتییەکانـە. بـــەڕای نازییـــەکان بەتایبـــەت چـــەمکی "مرۆڤایـــەتی"

هەڵیتوپەڵیتی ئایدۆلۆژیایە، چونکە مرۆڤ "جۆری مرۆڤ"، بەشێکە لە سروشت. لەو ڕوانگەیە لە بنچینەدا ئایینی بۆ زاڵبوون بەسەر دوانەیی ئالۆزی فەلسەفی و تیۆلۆژی، هەروەها ڕووبەڕووبوونەوەی زانست و ئایین سوود وەردەگیرێت، بەڵام نەک بەهێنانە بەرباسی ئەو بابەتە کە مرۆڤ دەتوانێت بەسەر سروشتدا زاڵ بێت، بەڵکو بەهێنانە بەرباسی ئەو بابەتە کە "سروشت" سوبێکتی یەکگرتوویی و یاسادانەری ژیانە، خۆی لەگەڵ پێشنیازی مارتین بۆرمان، نازیزم لەجیاتی خوا، هەر ئەندێشەیەک دەربارەی مرۆڤایەتی خوایی، گونجاند. لەواقیعدا لێرەدا نازیزم مرۆڤ ڕیسوا دەکات، هیملەر پیماندەڵێت: "مرۆڤ هیچ شتێکی تایبەتی نییە، لە پارچەیەک زەوی بەولاوە هیچی دیکە نییە".

پیرۆزکردنی سروشت وەک هێزێکی جهانگر هاندەری ئەو باوەڕەیە، کە سروشت بوونیادی یەکگرتوویی نەتەوەییە. ڕزگابوونی سروشت لە شەڕی ئالودەکەرانی، پارێزگاری لە زەوی لە بەرامبەر لەناوچوون، هۆکارێکە کە بەهۆیەوە میللەت لە ئالودەکەران و لەناوبەرانی ئازاد دەبێت. بەم مانایە فاشیزم پێکهاتەیەکە لە ناسیۆنالیزم و ناتۆرالیزم، "ناسیۆنالیزمی تایبەت بە ژیان". هاوکات پیرۆزکردنی سروشت بەمانای پیرۆزکردنی میللەت، بەمانای یەکەی کۆمەڵی سروشتییە. پەیوەندی یەکپارچەیی نێوان ئەندێشەی ڕۆحییەی نەتەوەیی و چەمکی مەعنەوی سروشت سەرنج تایبەت دەکات **بەو**

سروشـــته، واتـــا زەوی ئـــەو میللەتـــە و ڕۆڵێـــک، کـــە لـــە فۆڕمـدان بـە سروشـت و شوناسـی نەتـەوەیی دەیبینێت. لەڕوانگـەی جوگرافییـەوە سروشـتی دیـاریکراو پەیوەنـدی نێوەندگیرانـەی نێـوان پیرۆزکردنـی سروشـت و پاڵنـەری ناسیۆنالیستی، لە ئەندێشەی فاشیستی دەهێنێتە ئاراوە.

ئـــەوە بـــەمانای زەوتکردنـــی دوورنمـــا، بەڵگـــەی جوڵانەوەکـــانی لایـــەنگـــری ژینگـــە و نەتەوەپەرســـتبوو، لەلایـــەن ناســـیۆنال سۆســـیالیزمەوە. ئـــەم دەربڕینـــەی خـوارەوە لـە گروپێکـی پـارێزەری ناوچـە دارسـتانییەکان، لەڕووی لۆژیکییـەوە پەیوەندی نێوان سروشـت و میللـەت ڕووندەکاتەوە:

دارســـــتانەکانی ئـــــەڵمانیا بـــــە ئەشـــــکەوتەکان و ئاودڕگـەکانی، بـەردەڵان و تاتەبەردەکانییـەوە، گـۆڕانی و میلۆدییـەکانی لـە سـینگی هـەر ئەڵمانییەکـدا دەلەرێتـەوە، ویســـت و ئـــارەزووی بـــەتوانای بـــۆ نیشـــتمان تێـــدا بێداردەکاتـەوە، دارسـتانەکانی ئـەڵمانیا لـە ڕۆحـی هـەر ئەڵمانییەکـدا دەژیـت... ئـەوە سـەرچـاوەی نـاخی ئـەڵمانیا، ڕۆحی ئەڵمانیا و ئازادی ئەڵمانیایە. بەمـەش دارسـتانەکانی ئەڵمانیا دەپارێزێت و چاودێریان دەکات.

دراوسـێیەتی و دووبارەکردنـەوەی وشـەکانی "ئـەڵمانیا" و "دارستان"، لە پەیوەند بە ڕۆحی ئەڵمانیاوە، ناسیۆنالیزم و نـاتۆرالیزم لەشـێوەی جـادوویی ئوسـتوورەیی ئاوێتـە دەکات. ئەو بیرۆکەیە کـە ژینگـەی سروشتی سـەرچاوەی سروشـتی نەتەوەییە، لـەنێوان ئـەو بانگەشـەیەی جیهـانگر،

کە دەبێت بەپێی گوتەزاکانی "مرۆڤ – لە سروشتدا" بیریکردەوە، نەک بەوپێیەی، کە مرۆڤ و سروشت دوو قەڵەمڕەوی سەربەخۆن، ئەو بانگەشەیە تایبەت ترە، کە مرۆڤ لەو سروشتە تایبەتەدا وەک پێویست "بێگومان" بەشێوەیەکی دیاریکراو، لەگەڵ سروشتێکی دیاریکراو، سەربە ئارەزوو هاتوچۆ دەکات، هۆگری کۆمەڵێکی دیاریکراو و کامڵ دەبێت. بەم شێوەیە، لەواقیعدا ئامانجی سەرەتایی پاراستنی سروست پاراستنی میللەتە. بەگوتەی درە، "ڕاوەدوونانی ڕوحی ئەڵمانی لە چاوپێداخشاندنەوەی سروشت بەمانای کوشتنییەتی". بۆ نموونە بەشێک لە ئەندێشە شاراوەکان لەودیوو تەونووبەستی تۆڕی شاڕێگا لەسەرانسەری ئەڵمانیا ئەوەبوو، کە ئەگەرچی سیستمی شاڕێگاکان دەبێت میللەت یەککگرتوو بکات، دەبوایە لە ڕێگای سروشتی گوندەکانەوە درێژ دەبووەوە تا وانیشان بدرێت، کە ئەو سیستمەی هەڵگرتن و گواستنەوەی مۆدێرنە لە "سروشت نزیکە". بەسەرنجدان بەو وێنا زاڵە، کە سروشت قەڵەمڕەوێکی جیاکراوە لە جۆری مرۆڤە، دەبێت شا ڕێگا ئەو ڕواڵەتەی هەبێت، کە بەپێی هێڵی سروشتی خاکی ئەڵمانیا فۆڕمی گرتووە. دەبوایە یەککگرتوویی میللەت لە هاوئاهەنگی کردن لەگەڵ سروشت بەدەست دەهات.

ئانا برامول، بانگەشە دەکات کە نازییەکان لەناو حزبە فاشیستەکاندا، بۆ دەربڕینی ترس و نیگەرانی لە ژینگە تەنیا بوون. ئاشکرایە کە کشتوکاڵ و جووتیاران، ڕۆڵی

پلـە بەپلـە کـەمتریان لـە تـەواوی شـێوەکانی فاشـیزم دا ببینیووە. لەگەڵ ئەوەی فاشیزم لانیکەم واخۆی نیشاندەدا، کە لایـەنگری لـە جووتیاران و ترس و نیگـەرانی ژینگـەیی دەکات، تەنیا نازییەکان بوون کە جووتیارانیان بە تەوەری ناوەنـدی سیاسـەتەکان، تـرس و نیگـەرانی ژینگـەیان، بـۆ بابـەتێکی ئایدۆلۆژی بـەرچاو گـۆڕی. هـەروەها نازییـەکان ڕەوتە فاشیستییەکانی دیکەیان زۆر "نا ئۆرگانی"، زیـاد لـە پێویسـت تایبـەت بـە کولتووریـان دەزانـی تـا سروشـت. دەگوترێـت یـەکێک لـە هۆکـارە بـەرچاوەکانی ئـەو کـارە ئەوەبوو، کـە تـەنیا نازییـەکان ئـەوەیان لەبەردەست دابـوو کە بە "ڕێبازی سروشت" وەسفیان دەکرا. لەکاتێکدا نازیزم بەئاشـکرا سروشـتی پیـرۆز دەکـرد، بەڕواڵـەت ڕەوتـە فاشسـتییەکان لەمـەودوا بـوونی سروشـتی ڕەهـا ڕەتدەکەنەوە، لەجیاتی لەسەر کولتوور و وێنایەک لە ڕوح [میللـەت] قـوڵ ببوونـەوە، کـە بـە تێگەیشـتنێک پشتبەسـتوو نەبوو بەسروشت. بەزمانێکی دیکە، بانگەشـە دەکرێت، کـە لـەنێوان نـازیزم و فاشـیزم دا، دابڕانێکـی ڕیشـەیی بـوونی هەیە، کە پشتی بەوێناکانیان لە سروشت بەستبووە، بـەڵام برامـول، پێگـەی سروشـت لـە فاشـیزم دا بـەخراپ لێکدەداتـەوە، بەشـێوەیەکی نائاسـایی پشـت بـەجیاوازی نێوان سروشـت و کولتـوور دەبەسـتێت. دارسـتان بـەڕای نازییەکان تـەنیا سروشـت نییـە، بـەڵکو کولتووریشـە. وەک ئەفسـانەی سروشـتی ئەفسـانەیەکی نەتەوەییـە، شـەیدایی ئوسـتورەیی لەبەرامبـەر دارسـتان، هـەمان هێنـدەی

سـرروودی ستایشـی سرووشـت پرۆسـەی کولتوورییـە. وێڕای ئەوانە، چڕبوونـەوەی نائاسایی لەسـەر ناوەڕۆکی بـــەکردەوەی سیاســـەتی فاشیســـتی، لەدووایانـــەوە، پێشـــگریمانەی هاوبەشـــی ئایـــدۆلۆژی ئاڵۆزدەکـــات. بەدڵنیاییـەوە، پیرۆزکردنـی سروشـت فـۆڕمی جیـاواز لـە فاشیزم بەخۆوەدەگرێت، چاوگی چەمکە کۆمەڵایەتییەکانی فاشیســـتە، بەڕێگـــەی جیـــاواز ڕواڵـــەتی فاشیســـتی دیاریـدەکات، بـەڵام هـیچ فاشیسـتێک ئـەو بانگەشـەیەی هیتلــەر ناباتــە ژێــر پرســیارەوە، کــە "کاتێــک مــرۆڤ هەوڵدەدات دژی لۆژیکی ئاسنینی سروشت شۆڕش بکات، بـە بنەماگـەلێک بەگژیـدا دەچێتـەوە، کـە بـوونی لـە پێگـەی مرۆڤ قەرزدارییانە".

خاڵەکــە ئــەوە نییــە، کــە چــۆن چــەمکی سروشــت کاریگەری دەبێت بەسەر سیاسـەتەوە، بەڵکو باس لەسـەر بەڕەسـمی ناسـینی گرنگـی سروشـتە بـۆ ئوسـتوورەیی فاسیستی، چونکە پەنابردنەبەر لۆژیکی ئاسنینی سروشت، پەنابردنەبەر ئوستوورەی هاوبەشە، جووڵەی سروشت – گـۆڕانی هەمیشـەیی، ململانـێ و ڕکابـەریی و شـەڕی بەردەوام– و نەجووڵانی سروشت – یاسا سروشتییەکان (جیهـانگر). ئامـانجی ئوسـتوورە "ڕەوایـەتی بەخشـینە بـە واقیعیـەت"، بـەم بەڵگەیـە، کـە ئەفسـانە بـۆ ئایـدۆلۆژی بۆرژوازی، گرنگی ناوەندی هەیە. ئوستوورەی فاشیستی واقیعیـــەت بـــە پەنابردنەبـــەر سروشـــت پاســـاودەدات، ڕەوایـەتی سروشـتی بـە ئامـانجی مێژوویـی دەبەخشـێت،

دەبێتەهۆی ئەوەی وەک گریمانەی ئەبەدی بێتەبەرچاو. ئوستوورەی فاشیستی بە پووچەڵکردنەوەی کرۆکی واقیعیەتی مێژوو، بە سرووشت دەی ئاخنێت. مێژوویيەتی بوونیادی میللەت، دەوڵەت، خاوەنداریێتی تایبەتی و باوکسالاری تێکەڵ دەکات، لەجیاتی لەسەرووی کۆمەڵگەوە وێنا دەکرێت، دراوە زۆر کۆنینەکانی کە بەم شێوەیە پرسیار هەڵنەگر دەبن، تێگەیشتن لە هۆکارە مێژووییەکانی شەڕ جێگەی خۆیان دەدەنە ئەو باوەڕەی کە شەڕ سروشتییە.

سروشت لە ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان بوون و ئەندێشە، ئیرادە و عەقڵ، شوێنکەوتەی غەریزە و هاوپەیوەستی گریمانەییە، گرنگی بنچینەیی خۆی بۆ فاشیزم نیشاندەدات. ئەو بابەتە لە هیچ شوێنێک لە مەسەلەی پەیوەند بە ئارەزووی سێکسی و ڕەگەز زەق نییە، چونکە هەروەک جۆرج موسە ڕایگەیاند. "جۆرە جیاجیاکانی فاشیزمی ئەوروپی ڕوانگەیان دەربارەی ژن زیاد لەوەی جیاواز بێت، هاوشێوە بوو". بەدەربڕینی سروشت وەک دیسپلینێک، کە دەکرێت ڕێسای کۆمەڵایەتی بەهۆیەوە داوەری بکرێت، سەرکەوتنی میللەت بەپەسندکردنی یاسا سروشتییەکان وابەستە دەبێت، بە ئارەزووی سێکسی و نێر یان مێ بوونەوە. بەپێی ئەو ڕوانگە بنچینەییە کە موسە لە تەواوی جۆرەکانی فاشیزم دا، بە هاوبەشی دەزانێت، ئەو بانگەشەیەی کە ڕۆڵی ڕەگەزیی "سروشتی"ن، بە ململانێیەکی تەسک بینانە،

متوربــه دژی ڕواڵەتــەکانی "لادانــی" سێکســی و پاســاو بۆهێنانەوەی ڕووناکبیرانی لیبراڵ دەبێت. فاشیزم پێیوایە ڕێسای سروشتی بەئاشکرا لەنێوان ژنان و پیاوان لەسەر بنچینــەی ئــارەزوو، ســۆزدارییان جیــاوازی دەکــات. بەوجۆرە، فاشیزم بەڵگەلێک بۆ جیاوازی لەنێوان ڕێسا و نارێســا دەخاتــەڕوو، لەکاتێکدا کــە نارێســا بــۆ ڕێســای سروشـــتی – و لـــەو ڕووەوە ڕێســـای نەتـــەوەیی – بەمەترسی ئەژمار دەکرێت.

فاشیزم بە ڕوانین بۆ سەردەمی زێڕین، کە تێیدا هەر ڕەگــەزێک تایبەتمەنــدێتی سروشــتی خــۆی دەردەخــات، ڕیزکردنــی ئــەو تایبەتمەندییانــە لــە فۆڕمی کەمبوونــەوەی مۆدێرن و پوکانەوەی نەتەوەییدا دادەنێت، بــە ڕای هیتلــەر وازهێنانــە لــەو ڕۆڵــە نەشــیاوەکان، کــە سەردەکێشــێتە کێشمەکێشــی نێــوان ژن و پیــاوەوە "کێشمەکێشــی نێــوان ڕەگــەزەکان... لەبەرئــەوەی هــەر ڕەگــەزێک ئــەو ئەرکــە ئەنجام دەدات، کە سروشت بۆی دیاریکردووە...". فاشــیزم هاوشــێوەی تــەواوی سیاســەتە کۆنەپەرســتییەکان، هێنانــە دنیــای منــداڵان و شــوێنیان لــە ماڵــەوە، لــە چوارچێــوەی خێزاندا، بە ڕۆڵی بنچینەیی ژنان دەزانێت. فاشــیزم پێیوایــە بایۆلۆژیا چارەنووسی حەقیقیی تاکە. بە هــەمان شــێوە کــە شەڕ چارەنووسی پیاوانە، دایکایەتیش چارەنووسی ژنانــە، "شەڕ هەمان ڕۆڵی بۆ پیاوان هەیە، کە دایکایەتی بــۆ ژنــان هەیەتــی". بێگومــان ڕوانگەیــەکی وەهــا دەربــارەی ژنــان ئامڕازێکــە بــۆ پاراســتنی ســتراکچەری بــاوی دەســەڵاتی

پیاوانە، بەڵام ئەو وێنا فاشیستییە بۆ ڕۆڵی سروشتیی ژنان، ڕیشەی لە مەسەلەی دەسەڵاتی نەتەوەییشدایە. لەودیوو چارەنووسی بایۆلۆژیی ژنانەوە، بایۆلۆژیای پیاو هەیە، چونکە گرنگیی پێگەی ژنان لە کۆمەڵگەدا پشتبەستووە بەو گریمانەیە،ی کە دەڵێت خێزان ڕیشەی میللەت و دەوڵەتە. میللەت بە بوژاندنەوەی ڕەوشی باوتر و "سروشتیتر"، دەتوانێت یەکگرتوویی و هاوئاهەنگیی بزربووی نێوان ڕەگەزەکان لەنوێوە بەدەستبێنێتەوە. بەم شێوەیە ژنان سەرلەنوێ میللەت دەخوڵقێننەوە. بەمەش گەورەیی و هێز و خۆشگوزەرانیی گشتیی میللەت پەیوەندیی بە گەورەیی، هێز و خۆشگوزەرانی خێزانەوە هەیە، کە تێیدا ژنان ڕۆڵی تەوەری دەنووێنن. بانگەشەکانی وەک کە "میللەت بەبێ دایک و لانکەکان... بڕیاری سڕینەوەی ئەخلاقی، سیاسی و ئابووری بەسەردا دەدرێت، بێگومان بەرەو کۆیلایەتی دەبرێت"، ئەوە کە "لەگەڵ هەر منداڵێک کە [ژن] بۆ میللەت دەیهێنێتە دنیاوە، لەپێناو میللەت خەبات دەکات"، هەرهێندە سروودی ستایش لە وەسفکردنی میللەت، گرنگی دایکایەتی ئەژمار دەکرێت، کە لە وەسفکردنی گوتەزای دایک خۆی لەخۆیدا. لەو ڕووەوە، جەختکردنەوە لە ڕۆژی دایک، بەرزنرخاندنی پێگەی دایکان لە بەردەوامی و بەرگریکردن لە میللەت ئەژمار دەکرێت، تا توانا بۆ دەربڕینی یەک "مەمنوونین"ی سۆزدارییەکی دایکان لە هەموو شوێنێک.

مۆدێلی (*ژن – سەرباز*)، چاوپۆشین لەوەی بەکردەوە بتوانێت ئەنجامی بدات، نموونەی ئایدیال بوو، دەربڕینی زیهنییەت و نموونەی ڕەفتاری، کە بەبێ ئەوەی تۆسقاڵێک لەلایەنی مێینەبوونی خۆی، لە دەستبدات، بە پێوەر "پیاوانەیی" وەک بزۆز و ئازایەتی لە هەمووی نزیکتربوو، کە بەها نموونە ئاسای خووەکانی فاشیستی ناسیووە و بەشێوەیەکی باو "پیاوانە" وەردەگیرێت.

ئەو بانگەشەیەی فرادوسیۆ، کە بەئامانجی خستنەڕووی شرۆڤەیەک، لە سەردەمێکی تایبەتی لە مێژوویی فاشیزمی ئیتاڵیایی هێنرایە بەرباس، بەشێوەیەکی گشتی بۆ فاشیزم ڕاستە. بەتەنیشتی وێنایەکەوە، کە لە ژنان بەناونیشانی دایک و هاوسەر هەبوو، وێنەیەکی دیکە لە ژنان وەک خەباتگێڕانی میللەتیش بەرچاودەکەوێت. "ئازادی" فاشستی لەدڵی خەبات بۆ میللەت پێگەی دیاری کراوی پێدان. وێنای فاشیزم بۆ ژن وەک بەرهەمهێنەری منداڵان، بەو وێنایە ڕەونەقی جوانی خۆی لە دەست نادات، کە لەجیاتی پێڵاوی جوان، جزمەی ڕێپێوانیان لە پێیە یان لەجیاتی قاپ شووشتن نێزە دەوەشێنن.

وەسفکردنی ئەو دیاردەیە، وەک جۆرێک "نەژادپەرستی مام ناوەندی"، کە هەندێک وەها بانگەشەیانکردووە، لەخشتەبەرە. بەڕای فاشیزم، ژن لەپێگەی ژن هەڕەشە نییە، ئەوجۆرەی کە جولەکەکان یان ڕەشەکان لە پێگەی جولەکەیی یان ڕەشەکان بەهەڕەشە ئەژمار دەکرێن. **جۆرێکی** دیاریکراو لە ژنان ترسناکن.

شرۆڤەکەی کلاوس تولایت، لە خەیاڵپڵاوی پیاوانەیی کە فۆڕمی بەشێوەبەندی فاشیزم دا، لەلایەک ترس لە ژنی کارا، لەڕوانگەی سێکسی و سوراو و سپیاوکردن ئاشکرا دەکات، کە بەنیشانەی نزمی جیهانی بۆرژوازی مۆدێرن وەردەگیرێت، لە لایەکەی دیکەوە تۆقین لە ژنی فێمێنیستی نیشاندەدات، کە ماهیەتی دابەشکردنی سێکسی و ڕێسای کۆمەڵایەتی باوکسالاریش دەباتە ژێر پرسیارەوە. ئەو دوو کەسایەتییە بەجەختکردنەوە لەوەی، کە ڕێسای "سروشتی" لەواقیعدا ستراکچەری دەستکردی دەسەڵاتی (پیاوانە)یە، هەڕەشەیەک دەهێننە ئاراوە. ئەوان بەشێوەی جیاجیا بەخستنەململانێووەی ستراکچەرەی دەسەڵاتی پیاوانە، ڕووبەڕووی یەکێک لە شێوەکانی "سروشتی" دەسەڵات دەبنەوە، بەخستنە ململانێوەی ڕوانگەی فاشیستی لە ڕەگەز، لە واقیعدا خۆشەویستی ئازاد، جۆراوجۆری و ئەزموونی سێکسی پەسند دەکەن. بەم شێوەیە، فێمێنیزم نائاساییە. بەم هۆیە ژنی فێمێنیست، سۆزانی پرۆلیتار (لە ڕوانگەی سێکسییەوە کارا)، گوازەرەوەی کۆمۆنیزم (مەترسییەکە بۆ ستراکچەری باوی دەسەڵات). بەڕای فاشیزم، "سۆزانی پرۆلیتار" و "کۆمۆنیستی مێینە" زاراوەی هاومانان. بەم شێوەیە، هەڕەشەی کۆمۆنیستی هەر ***سیاسی*** نییە - واتا هەوڵ بۆ گۆڕینی ستراکچەرە سروشتییەکانی دەسەڵات و باڵادەستی – بەڵکو ***سێکسیشە*** - واتا وازهێنان، لە هەست ناسکی و ئارزووە مرۆڤایەتییەکان. بە پێوەرێک کە فێمێنیزم لە جوڵانەوەکانی ڕزگاری ئارەزووە مرۆییەکان

و هێنانــەئاراوەی ڕکابەرایــەتی لــە بەرامبــەر دەســەڵات بەشدارە، کۆمۆنیستیشە.

ئوستوورەی سروشتی فاشیزم و ویستی گەڕانەوە، بۆ ڕۆڵی ڕەگەزی باو وەڵامێکە بۆ بەدبەختی و شڵەژاوی، کە مۆدێرنیتــە هێناویەتەکایــەوە، مەســەلەکانی وەک نــەبوونی پەیوەنــدی لــەنێوان هاووڵاتییــان، ناکــامی سێکســی و لەخۆنامۆیی کۆمەڵایەتی. فاشیزم، کە ناتوانێت دەرەتانێک بۆ چوونەدەر لەو بارودۆخە بەرنامەڕێژی بکات، ڕوو لە بووژانــەوەی شــێوەکانی "سروشــتی"تری پرۆســەی کۆمەڵایـەتی دەکات، کـە بەڕواڵـەت لـە ستەیجی مێژوودا بێسەروشــوێن بــووە، نــەبوونی پەیوەنــدی هاووڵاتییــان بەیەکــەوە شــوێنی خــۆی تــاک و هاوپەیوەســتی بــە دەورووبەری گوندەکان دەدات، ناکامی و گرژی سێکسی بەگەڕانەوە بۆ پەیوەندییەکانی "باو" ژن – پیاو چارەسەر دەبێت، لـەخۆنامۆیی کۆمەڵایـەتی بەگەڕانـەوە بـۆ شـکۆ و شانازی ڕابردوو نامێنێت. جارێکی دیکە، وەڵامی فاشیزم بــە بەدبەختییــەکانی کــاتی ئێســتا، هێنانــە ئــاراوەی جوڵانەوەی کۆنەپەرستی دژی توانا ڕزگاری بەخشەکانی مـۆدێرنیزم و لایەنگیرییـە بـۆ گەڕانــەوە بـۆ ڕابـردووی ئوستوورەیی.

**نیگای زەقی تابوتساز**

تــۆقینی فاشــیزم لــە فێمینیــزم لادانــی سێکســیش پشتبەســتووە بــەوێنا دیاریکراوەکـانی پەیکـەری مـرۆڤ، پەیکــەری کۆمەڵایــەتی، "ئەندێشــەی سیاســی دەربــارەی

پەیکەر" کە بەهۆی دوودڵی فکری سەبارەت بە دەسەڵات و سەلامەتی هەر ئەندامێکی کۆمەڵگە دێتەبوونەوە، لە پەیوەندی بەو ڕوانگەیەی لە کۆمەڵگە وەک پەیکەری گشتی دەخرێتەڕوو. نێوەندگیری نێوان ئەو دوو بابەتە، پەیکەری پێشەوایە، کە هەم پەیکەری تاکە و هەم وەک نوێنەر و ڕابەری میللەت، نوێنەری دەسەڵات و سەلامەتی میللەتە.

دژایەتیکردنی بە ئاشکرای فاشیزم بە ڕۆشنبیرگەرایی، پیرۆزکردنی ئیرادە و مادییەت بەخشین بەشەڕ بە پیرۆزکردن، بەرز نرخاندنی پەیکەر و دەسەڵاتەکەی متوربە دەبێت، کە لە سەردەمی نیچە بەدواوە، ئاماژەی بەدەسەڵاتی کاری ناعەقلانی دەکرد، پاریزەری دەرکەوتنی ئیرادە بوو. هیتلەر لە وتارێکی لە فێستڤاڵی جومناستیک، لە حوزەیرانی 1933 "وەک دەڵێن سەردەمی زێڕین"ی ئیدانە کرد:

بەهادانی نائاسایی بەزانست نەک تەنیا سەردەکێشێتە بیئاگایی بەشێوەیەکی جەستەیی، توانای جەسەیی، بەڵکو سەرئەنجام پەلکێشکرایە بێ ڕێزیکردن بەکاری جەستەییەوە. ڕێککەوت نییە، کە ئەم سەردەمە، تاکی نەخۆش تێیدا سکوزا دەکەن و دەپارێزرین، وەک پێویست بە نەخۆشی گشتی – نەک تەنیا نەخۆشی جەستەیی، بەڵکو هەروەها سەردەکێشێتە نەخۆشی زیهنی–، چونکە کەسێک کە دەسەڵات و سەلامەتی جەستەیی بەسووک و بێ نرخ دادەنێت، پیشتر بووەتە قووربانی بەدقەوارەیی زەیین.

بــەم شــێوەیە، توانــای پیــرۆزی غــەریزە دەدرێتــە باڵادەستی پەیکەر. بت ئاسابوونی پەیکەر و جوانی ناسی تـەواوی جەسـتەیی و بـەهێزی بابـەتی ڕۆژ، بەشـێوەیەکی تایبــەتی پەیوەنــدی بــە فاشــیزم و پــڕۆژەی سیاســی فاشیستییەوە هەیە. ئەو کارە بەگوتـەی ئەژفرێد بایوملـەر، تیۆرســێنی وەرزشــی نــازی، تائاســتێک دەرئــەنجامی ڕاگەیشتنە بەپەیکەری مرۆڤ لەجیاتی "پێگەیەکی سیاسی". بۆ نموونە تایبەتمەندییەکی بەرچاوی کاری پی یەر، دریۆ لاروشـل ئـەو شـتەیە، کـە بۆخـۆی ناویـدەنێت "شۆڕشـی پەیکــەر"، "شۆڕشــی گــەورەی ســەدەی بیســتەم" کــە بــە بووژانــەوەی بــەهاکانی پەیکــەر ڕینــوێنی مرۆڤــی تــازە دەکـات. ئـەو دەڵێت: "ئـەوەی لـە فاشـیزمدا خۆشـمدەوێت، لایـەنگری بەهێزییـە. ئـەوە لایەنگیرییـە... ئـەنجامی نیـازی فیزیکی دیاریکراوە لـە مرۆڤدا. کاتێک ئـەو نیازە نامێنێت، کـە مـرۆڤ پەیکەرەکـەی هێنـدەی بۆچوونـەکانی خسـتبێتە ژێـر فشـارەوە". حزبـی گـەل لـە فەڕەنسـا ڕایگەیانـد کـە بەرنامــەی کۆمــەڵایەتی و ئابوورییەکــەی لــە تەواویــەتی خۆی تایبەتە بە "گۆڕانی وەرزشکارانەی مرۆڤ".

دەکرێت کۆمەڵێک لە پەیوەندییـەکانی دەسـەڵات لەسـەر پەیکەر لەجیاتی شوێنی سیاسی بنەخشێنیت، کە لە چەمکە پێشـتر دیاریکراوەکـانی سـەلامەتی و بـەهێزی جەسـتەیی وەرگیراوە. پاشان فاشیزم بـە بـەکارهێنانیان بـە پەیکـەری گشتی میللەت، ئـەو ئۆرگانیکە بـە ئـەنجامی لۆژیکی خـۆی دەگەیـەنێت. ئامرازی جوانکاری و داکۆکی لـە میللـەت، لـە

بـەهێزکردن و برەوداركردنـی ژیـان تێیـدا، جـارێکی دیکـە بـەهێز و تەندروسـتکردنی پەنهانـە. فیلیپـۆ مـارێنتی ئیتـاڵی بەراوردی دەکات بە "زۆرانبازی جوان"، ڕۆبێرت بـرازیلاچ یەکگرتوویی میللەت، بە یـەکگرتوویی تیمـەکانی وەرزشـی، بایوملەر وەک تیمی سیاسی لە پەیکەری کۆمـەڵانی ***خـەڵک*** دەڕوانێت، سواڵد مۆزلی دەوڵـەتی یـەکگرتوویی فاشیسـتی بـــە "دەوڵـــەتێک کـــە هاوشـــێوەی پەیکـــەری ڕێکخـــراو" وەسـفدەکات. هــەروەها جـۆن هۆبرمـان ئامـاژە دەکـات، چونکـە ئۆرگانیسـتەکان خوازیـاری دەسـتەبەرکردنی ئـەو دڵنیایەن، کە پەیکەری گشـتی گەنـدەڵ نـەبێت، ئایدیالـەکانی پەیوەست بە گونجاویی و شایسـتەیی جەسـتەیی لـەجیاتی هۆکارێـک بـۆ بیرکردنـەوە، لـە ڕێگـەی ئـەو سیاسـەتانە بەڕێوەیان دەبرد، کەی پەیوەندییان بە پەیکەری گشتییەوە هـەبوو. سـەلامەتی و توانـای ڕابـەری لـەو پانتاییـە گرنگـی بوونیـادی دەبێـت. لەگـەڵ ئـەوەی کـە زۆربـەی ڕابـەرە فاشیســتەکان نــەیانتوانیووە خۆیــان بگــونجێنن لەگــەڵ بۆچوونی کلێشـەیی پەیکـەری بـەهێز، خۆیـان بـە باشـترین نموونــەی مرۆڤــی نــوێی فاشیســتی دەزانــی. خــەونی مۆسـۆلینی بـۆ دوورخسـتنەوەی وەزیرەکـانی لـە ئەڵقـەی درەوشـاوە، بۆ ئـەو ئارەزووە گـۆڕا تـا پشـتێنی بـەڕووتی ڕابکـــات. بێگومـــان فاشیســـتەکانیش ڕابـــەرەکانیان بـــەم شێوەیە دەبینی. گـەواهی وەسـفکردنی مۆسـۆلینی لەلایـەن مارینییەوە، وەک نمونەیەکە لـە بـاڵاترین فـۆڕمی "نیشـتمان پەروەریی".

وەک لە ڕوانگەی جەستەییەوە تەواو ئیتاڵییە، بەدەستی زبـــر و پڕاوپـــڕ لـــە داهێننـــانی نەخشـــە بۆکێشـــراو بەپێی نموونەی گەشەبەردە بەهێزەکانی نیمچەدوورگەمان هەڵکۆڵراوە... لەسەر بازووی توونە و قۆڵی هـەڕەم ئاسـا، بۆ خۆی لـەودیوو مێزەکەیـەوە شـان دەداتـەوە، وەک بڵێـی کاغەزەکانی بەردەمی تاعون یان دووژمن بن، پـەلاماریان دەدات. قەمسـەڵەکەی بـە چـاپووکی لـە چەپـەوە بـۆ ڕاسـت ڕادەوەشـــێنێت تـــا گوایـــە شـــتی بـــێ نـــرخ لـــەخۆی دووردەخاتەوە. کاتێک کە هەڵدەستێت قسـە بکـات، سـەری سـەرۆک ئاکـاری خـۆی هـەروەک سـارۆخێک ئامـادەی هەڵدان بۆپێشـەوە نـەوی دەکـات، بەسـتەیەکی ئـاخنراو بـە بارووت واتا ئیرادەی دەوڵەت لێی دێتەدەرەوە.

یـان جـاک دریـۆ، بـەم شـێوەیە وەسـفی ڕابـەری حزبـی گـەلی فەڕەنسـا دەکـات، "گـەورە و بـەهێز. هـەر شـتێک کـە پەیوەندی بە ئـەوەوە هـەیە، پـڕە لـە سـەلامەتی و فراوانـی، قژی پڕ و شانە بەهێزەکانی".

دڕدۆنگـی بـۆ سـەلامەتی پەیکـەری گشـتی، بەشـێکە لـە سـکوزای فاشیسـتی تێگەیشـتنی پـێش مـۆدێرن، لـە کۆمەڵگـــە و سیاســـەت. بەهەمانشـــێووە کـــە ئارنســـت کانتۆرۆڤیچ، لە شیکردنەوەکەی دەربارەی

(دوو پەیکـەری پادشـا) نیشـانیدەدات، وێنـەی پەیکـەری پاشا وەک پەیکەری دووانە - پەیکـەری میرا و جەسـتەیی پاشـا لـە بەرامبـەر پەیکـەری نـامیرایی، کـە هـەرگیز بـەپێی یاسا نامرێت — لە تیۆلۆژی سیاسی سەدەکانی ناوەڕاست

گرنگی یەکلاکەرەوەی هەبوو، چونکە لە ڕێگەی پەیوەندی نێوان تاک، کۆ بۆبیرکردنەوە میکانیزمیکی ئامادە دەکرد، کە هاوکات مەعنەوی و ماددی بوو. پادشا خاوەنی ئەو دەسەڵاتە بوو، کە لە پەیکەرەکەیدا کۆمەڵگەی قەڵەمڕەوی پادشا بەرجەستە بکات، دەسەڵاتکی پیرۆزی پێ ببەخشێت. ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە دەربارەی کاری گشتی، بە لەناوبردنی فیودالیزم و سەرکەوتنی دیموکراسی لیبرالی شوێنەواری نەما. کاتێک میللەت زۆر بوو، چینی کرێکاری لەچوارچێوەی خۆی گرتەبەر، ئەندێشەی سیاسی بەگشتی هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لێی لەڕێگەی چەمکەکانی سەدەکانی ناوەڕاست ڕادەستی بکات. بەم شیوەیە، سکوزای ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە دەربارەی میللەت – وەک پەیکەری گشتی، کە بەمانای پیرۆزی تێکەڵاو، پابەند بە پەیکەری ڕابەر و بەردەوامی مێژوویەکی دیاریکراوە، کە دراوەتە ڕوحی میللەت – وەکو سکوزای ئەندێشەی سەدەکانی ناوەڕاست ئەژمار دەکرێت، کە دەربارەی سیاسەتەکانی مۆدێرنی جەماوەری بەکاردەهێنرێت.

قوڵبوونەوە لەسەر سەلامەتی و توانای پەیکەری گشتی وەک پێویست سەردەکێشێتە ڕاڕایی بە هەمانشێوەی بەهێزی سەبارەت بە نەخۆشی میللەت. گۆڕینی پەیکەر بۆ سوبێکتی جوانناسی، بناغەیەکی بۆ بەسووک سەیرکردنی نووسەرانی نافاشیست و ڕاپەڕینی دووژمنکارانە ئامادە کرد، کە بەشێوازی جیاجیا لاواز،

تـوخمی خۆنـەگر، نـزم، نـەخۆش، ژن ئاسـا، بـە سـۆزداری وەسـفدەکران. بـەڕای مـوزلی بـەریتانیا ببـووە پیریژنێـک، خوزێ ئەنتۆنیۆ پریمۆ دی ڕیڤێرا، نـەیارانی دیکتاتۆریـەتی باوکی، ناودەنا "نەخۆش". بەگوتەی پی یەر دریۆ لاروشـل، سۆسیالستە فەرەنسییەکان "گرنگی بە ئازادی سێکسی و ئەخلاقی پیاوان دەدەن، بەڵام لەواقیعدا ئازادی جەستەییان بـەگرنگی نـازانن، کـە بـە سـەلامەتییان ئـەژمار دەکرێـت". لەدرێژەیدا دەڵێت، "ئەوەندە بەسە چاوێکیان پێدەبخشێنین، تــا دەستنیشــانی بکــەین... لــە کۆبوونەوەیــەکی حزبــی سۆسیالیســت بەشـداری بکـەیت، تەماشـای هـەموو ئـەو ڕیشــن، ورگ زل و جگەرەکێشــانە بکــەیت، کــە بەپەلــە چاوەڕوانی ئـەوەن پـێش نـانی ئێوارە پـەرداخێک بنۆشـن". هاوتــاکردنی لاوازی و نەخۆشــی نــەیارانی بــۆرژوازی فاشـیزم، بەتایبـەت نـەیارانی مارکسیسـت، لەدەسـتدانی ئیرادە و نـەریتی ئەوانـە ئاشـکرا دەکـات. لێرەدا گوتـەزای بیۆلـۆژیکی، هاوکـات گوتـەزای سیاسیین، بـۆ نموونـە "بێ توانایی" هەم لە ئارەزوویی سێکسی، هـەم لـە سیاسـەت دا بـەکاردەهێنرێت. نازییـەکان پێیانوایـە "جـولەکە" وشـەی سێکسـی (جولەکەکـان پەیکـەری ئێمـەیان بـەرەو لاوازی بـردووە)، وشــەی سیاســی (لــە ڕێگــەی بەڵشــەفیزمەوە دەوڵەتی ئێمـەیان لـەناوبردووە)، وشـەی ئابووری (پـارەی ئێمـەیان بێبـەها کـرد، تێیدا تلـدەخۆن، ئێمـە هیچمـان نییـە) بـوو. ڕاڤـەی وەهـا لەسـەرووی بەسـووک سـەیرکردنی

جــولانەوەی نــەیار، خــودی پیرۆزکردنــی فاشیســتی، یاساکانی سروشت ئاشکرادەکەن.

بێگومــان، چــەمکی "سروشــت" زۆر ئــاڵۆز، ســەربە کۆمــەڵێک مانــای فراوانــە کــە لەبنچینــەدا بــۆ ڕەهەنــدێکی نــاوەڕۆک پــووچ دەیگۆڕێــت، پێویســتە بەهــەر مانایــەک پڕبکرێتــەوە، کــە بەرژەوەنــدی سیاســی بڕیــار بــدات. بۆیــە زۆربــەی بەشــی تیۆری کۆمەڵایــەتی و سیاســی نــوێ، کــە لــە مەســەلەی سروشــت دەکۆڵێتــەوە، لــە کــاری سروشــتیدا ئاڕاســتەیان بــەرەو شــیکردنەوەی بنــەماخوازیی گۆڕیــووە. ئــەو تیۆرانــەی کــە لایــەنگری وەهایــان نــەبووە، لــەجیاتی سروشــت بــە ســوبێکتی لەخۆیانــدا دەزانــن، بــەردەوام ئــەو مەترسییە قبوڵدەکەن، کە ببنە بەلاگێڕی ڕوانگەی سیاسی کۆنەپەرست – ئیکۆلۆجی توونـدڕەوی بابـەتێکی گونجاوە بۆ ئاماژە. هۆی ئەوکارە تەنیا ئەوە نییە، کە بۆ هێنانـەدی و جێبەجێ کردنی گۆڕانی ژینگە، پێویستی بە ستراکچەرە سیاسییە دەسـەڵاتگەراکانە. وێڕای ئەوانـە، هـەروەک کـات سۆپەر ئاماژەی پێکردووە، لەجیاتی ڕێکخـەری تێگەیشتنە گۆڕەوەکــان، ســوود لــە "سروشــت" وەردەگیرێــت تادەرکـەوێت، کـێ ئەوانـەی بەتـەواوی ببنـە ئەنـدام لـە کۆمەڵگــەی مرۆڤایــەتی، بــەڵام بڕیــاردان دەربــارەی دەســەڵاتێکی ئــەوتۆ وەک پێویســت بڕیــاری سیاســییە. فاشـیزم بەسـەرنجدان بـە داروینیزمـی کۆمەڵایەتییەکـەی پەسـندی دەکـات، کـە شـەڕی هـەموان لـە کۆمەڵگەیـەکی بەحـەقیقی سروشـتی، شـتی نـەخۆش، لاواز یـان لەکـەدار

لـەناودەبات. فاشـیزم بانگەشـە دەکـات، کـە کۆمەڵگـەی مـۆدێرن ئـەو ڕێگـە سروشـتییەی ڕووداوەکـانی بەلاڕێـدا بردووە، هاندەری چاودێری و پارێزگارییە نەک هەر تەنها لـە مرۆڤـی تەندروسـت و بـەهێز، بـەڵکو مرۆڤـی لاواز و نەخۆشـیش دەپارێزێـت، تەنانـەت ڕێگـەیان پێـدەدات تـا دەستییان بەبابەتەکانی دەسەڵاتیش بگات. بەمەش ئەوەی بە کامڵبوونی سروشتی ئـەژمار دەکرێت – واتـا مانـەوەی تەندروسـتترین تـاک بـەهۆی ململانـێ و شـەڕەوە – پێویسـتە لەڕوانگـەی سیاسـییەوە ئەنـدازەیی بێت. دەبێـت سـوود لـە دەسـەڵاتی دەوڵـەت وەربگیرێت، تـا بۆ یاسـای سروشتی بگەڕێتەوە.

لەو پانتاییەدایە، کە تۆنی گریمانـەیی باسـەکەی واڵتـەر دری، لە چاودێری و پەروەردەکردنی شێوەی سروشـتیدا ئاشـکرا دەبێـت. دری بـەوەرگرتنی ئـەو دەسـتەواژەیەی فریدریکی گەورە، کە کاتێکی زۆرمان بۆ پەروەردەکردنی مۆز و ئـەناناس خـەرجکردووە، لـە هەرێمـەکانی باکووری نالـەبار، لەکاتێکـدا کـاتی پێویسـتمان بـۆ پـەروەردەکردنی مرۆڤـەکان سـەرف نـەکردووە، جەختدەکاتـەوە کـە بـەبێ پــەروەردەکردنی (خانەدانــەکان) هێنانەنــدی نەشــیاوە. بـــەکارهێنانی ئایـــدیالی پـــەروەردەکردنی مـــرۆڤ و گژوگیایــەکان بــە یەکســان، بەســەرهەڵدانی مرۆڤــی ڕۆشنگەرانە و بانگەشەکانی دەربارەی مرۆڤ و سرووشت لەناوچوو، پووکانەوەی داهـاتوو بەتـەواوی لـە سرووشـت، دەسەڵاتی نەوەتەوەییدا ئاشکرایە.

بــەم شــێوەیە، ئێمــە ڕووبــەڕووی ئــەو تێگەیشــتنە دەبینــەوە، کــە مەســەلەکانی پەیوەســت بــە پــەروەردە بــۆ ئەندێشەی سیاسی دەرەنگ کەوتوو نییە، بەڵکو دەبێت لـە ناوەنـدی تێبینــی ئێمــەدا بــن... تەنانــەت دەبێــت جــەخت بکەینـەوە تـەنها کاتێک، کـە بەرنامەیـەکی پـەروەردەکردنی گونجـاو لـە ناوەنـدی کولتـووری نەتـەوەیی دابێت، ئـەوان دەتوانن بە هاوسەنگی مەعنەویی و ئەخلاقی بگەن.

وەک کۆمەڵگـــە پەیکـــەری سروشـــتییە، پێویســـتە پەروەردەیـەک وەربگرین، کـە بۆ پاراسـتن و پـەروەردەی شـێوەکانی سروشـتی سـوودی لێوەربگیردرێت. کۆمەڵگـە هاوشـێوەی باخێکـە، باخــەکان گژوگیــای زیانبەخشــیش بەرهەم دەهێنن، کە هەڕەشە لـەتێکڕای سـەلامەتی باخیش دەکــات. پێویســتە باخــەوان ســەرەڕای پــەروەردەکردنی جۆرە درووسـتەکان، بژارکردنـی گژوگیای زیانبـەخش، لـە ڕەگــەوە دەرهێنــانی جــۆرە نامۆکــان، کــە لــە باخەکــەدا ڕوواون، ئـەو مەترسـییەیان هەیـە کـە تێکـڕای زەوییەکـە بۆخۆیان بەکاربێنن، دەستێوەردانیان هەبێت.

کەسێک، کە بە لای گژوگیاکـانی باخەکەدا ناچێت، زۆر زوو سـەری سـوڕدەمێنێت، کـە بـاخ پڕبـووە لـە گژوگیـای زیانبـەخش و تەنانـەت ماهیـەتی گژوگیایـەکانیش گـۆڕاوە. بەمەش، ئەگـەر بڕیارە باخ وەک شـوێنی پەروەردەکردنی گژوگیا بمێنێتەوە... ئەوکاتە ئیرادەی باخەوان پێویسـتی بـە پەروەردەکردنــە، باخــەوانێک کــە بێویژدانانــە گژوگیــای زیانبەخش بژار دەکات.

مانای دووانەیی وشەی "گژوگیای زیانبەخش" – کە لەلایەک ئاماژە بە گژوگیای کێوی و خۆڕسکی نەخوازراو دەکات، لەلایەکەی دیکەیەوە بەمرۆڤی لاواز و نەخۆش – بەتەواوی، لەوپانتاییە گونجاوەدایە، چونکە فاشیزم پشتی بەو باوەڕە بەستووە، کە پڕۆسەی دەرکێشانە دەرەوەی لە پەیکەری کۆمەڵایەتی – بەدەربڕینێکی دیکە، سڕینەوەی ئۆبژەکانی کە شایستەی ژیان نین، لە کۆمەڵگەدا – هەنگاوی سیاسی تەواو ئاڕاستەکراوە. سڕینەوەیەکی وەهای شێوەی باخداری – بژارکردنی گژوگیای زیانبەخش و نەخوازراو – یان پێشگیری کۆمەڵایەتی – دوورخستنەوەی مادەی زیادە، وەک هۆکارێک بۆ پاککردنەوەی پەیکەر – بەخۆوەی دەگرێت.

ئەوان کە کاری (*سێکسی نائاسایی*) ئەنجام دەدەن، بەدەست نەگەیشتنیان بەپێوەری پێویست بۆ ئابڕومەندی، دەسەڵاتی تەواویان نییە، بۆ بوونە ئەندام لە کۆمەڵگەی (***مرۆڤایەتی***). ڕکابەرییەک کە فاشیزم دژی فرەیی ئارەزووی مرۆڤ بەرپای دەکات، بریتییە لە کۆد دانانی ئەو ئارەزووە لەگەڵ کۆمەڵێکی دیاریکراو لە خەسڵەت – نەخۆشی، ژن ئاسا، تاوانکاری، جولەکەبوون (هەموویان بەیەکەوە دەکەونە ژێر چەتری کۆمۆنیزمەوە) – ئامانجگیرییەکەی لەلایەن دەسەڵاتی دەوڵەتەوەیە. ئەوان کە کاری نائاسایی دەکەن، یان دەچنە دەرەوەی سروشت، کە لەوکاتەدا پێویست نییە، لەناوبچن، یان میکرۆبی ناخی پەیکەری کۆمەڵایەتیین، کە لەم بارەیەوە دەبێت پاکسازی

بکرێن. (ئایدیالی "پاکسازی" لێرەدا ئاوێتەیەکی هاوڕێک لە چەمکە ناوکییەکانی سیاسی و بیۆلۆژیکییە). هەرچۆنێک بێت، سێکسکردن لەگەڵیان ئەو مەترسییەی هەیە، توانای چوونەناو پەیکەری کۆمەڵایەتییان پێدەدات، بەرکەوتەی سێکسی لەگەڵ نەژادی دیکە، نەژادی پاک بە خوێنی نەژادی ناپاک ئالودە دەکات. سوزەنەک، کە لەلایەن ج. پ. ستێرن، بە ڕاڕاترین ترسی هیتلەر دەستنیشان کرا، ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی لە ئایدۆلۆژیای فاشیستیدا دەبینی، وەک مەترسی تێکدانی جەستە – تاک و کۆمەڵ – دەردەبڕێت، کە لەڕێگای بەرکەوتەی سێکسی لەگەڵ ئەوانەی، کە دەکەونە دەرەوەی ئابڕومەندی یان بەشێوەیەک لەسەرووی سروشتەوەن، واتا نامرۆڤەکان، دێتەئاراوە. سوزەنەک هەروەک تولایت بەیانی دەکات، شتێک نییە، کە کەسێک *(هەیەتی)*، بەڵکو هەلومەرجێکە بەئەنقەست هەیە یان دەرئەنجامی کردەوەی هۆشی دووژمنە. چەمکی سوزەنەک، کە کەوتبووە ژێر هەژموونی ئایدۆلۆژی فاشیستییەوە، پشتبەستوو بە پێشگریمانەکانی پێشوو دەربارەی کەسێکە، کە بە بەشێک لە پەیکەری کۆمەڵایەتی ئەژمار دەکرێت، سوڕانەوەی لە مەسەلەکانی پەیوەست بە ڕەگەز، هەڕەشەی سیاسی و ئابووریی میللەت ئاسان دەکات.

ئامانجی ڕواڵەتی فاشیزم لەلایەک ئەفراندنی مرۆڤی نوێ بوو، تەندروست، بەهێز، بەتوانا، تامەزرۆ، لێوڕێژ لە ژیان، مرۆڤێکی زەبەلاح. لایەنی زێڕینی ئەوەبوو، کە

پــــەروەدەکردن و گەشـــــەی نـــــەژادی نـــوێ مرۆڤـــــە زەبەلاحــەکان وەک پێویســت ئــەوە لــەخۆدەگرێت، کــە بــۆ هەنـدێک لـە مرۆڤـەکان بـە ماهیـەتی دەرەکـی وێنابکرێت. ســـەرەڕای تـــەواوی گوتـــارە فاشیســـتییەکان دەربـــارەی ئەفراندنی مرۆڤی نوێ، دەرئەنجامی ئەوەبوو، کـە هەنـدێک لە مرۆڤەکان کـەمتر لـە ئـاژەڵ و تەنانـەت گژوگیـا ئـەژمار کراون، کە لانیکەم بەشێک لە سروشتن. بۆیە ئەو مرۆڤانە بە کەمتر لە ئاژەڵ دانراون، چونکە هاوشـێوەی ئۆبژەیـەک لێکەوتی دەبێت لەگـەڵیان، واتـا ئەنـدازەگیری، ئـەزموون و تاقیدەکرانەوە. ئاکامی پەتی ئەو بۆچوونە، کە مرۆڤـەکانی نـــەک بەســـوبێکتی جەوهـــەری مرۆڤایـــەتی، بـــەڵکو بـــە ئۆبژەکـانی خـوار مرۆڤایـەتی دەزانـی، کـە دەبێـت ئیـدارە بـدرێن، سیاسـەت مردنـی بـە ئەنقەسـتانە بـوو، پەیکـەری مرۆڤایـــەتی لـــەو سیاســـەتەدا جەســـتەیەکە، چاوپۆشـــین لەوەی، کە تا چەند گونجاو و تەندروست بێت.

ئەو بنەما و کردەوەی واقیعی ڕۆڵی سروشـت و کـاری سروشتییە لە فاشیزم دا، چونکـە "گەڕانـەوە" بـۆ سروشـت وەک گەڕانەوەیە بۆ شێوەی پێش شارستانی کۆمەڵایـەتی، واتـا گەڕانـەوە بـۆ بەربەریـەت، چونکـە گومانیـان دەکـرد شارســـــتانییەت شکســـــتیخواردووە و پێـــــدەچێت هـــــیچ دەرەتانێـــک بـــۆ ڕاکـــردن لـــەو ناکامییـــە نـــەبێت، تـــەنها بەربەریـەت دەمێنێتـەوە، کـە وەک دەڵـێن "مرۆڤـی نـوێ" دەربـڕین و جلـی سروشـتی دەکرێتەبـەر. لەواقیعـدا کـە فاشیستەکان نەیانتووانی ئارەزووی مرۆیی و مرۆڤایەتی

له هێزی چەوسێنەر و ڕواڵەتی دەسـەڵاتگەر ڕزگار بکەن، وەک هۆکارێـک بـۆ وردکردنـی ئـارەزووی مرۆڤایـەتی پەنایان بردەبەر سروشت. بەم شێوەیە، ئامانجی سەرەکی گوتاری فاشیستی دەربارەی پەیکەری مردنی ئارەزووی سێکسی بوو. ئامانجیماڵیکردنی جەماوەر بوو، له فەزای سێکسـی دا. خۆشەویسـتی بـۆ سروشـت لـە بانگەشـەی فاشیسـتییدا، کاردانـەوەی شـاراوە بـوو بۆ شارسـتانییەتی ناکـام، سـوڕانەوەیەکی کۆنەپەرسـتانە دژی ناکـامی لــە ئازادی واقیعی هەستە مرۆڤایەتییەکان.

ئـەوان کـە پەیکـەر دەپەرسـتن، پـێش هـەموو شـتێک بـەناچاری زۆرتـرین نزیکییـان لەگـەڵ کوشـتن هـەبوو، زۆرجـار عاشـقانی سروشـت تاوانکـارترین کـوژەرن. ئـادورنۆ و هۆرکهایمـەر نووسـییان، "پەیکـەریان وەک میکـانیزمێکی بـزۆز دەبینـی، بـەو جومگانـەی کـە کـاری بەشەکانی ئەویان ئەنجام دەدا، گۆشتێک کە دەهۆڵ ژەنی ئێسـکە پەیکـەرە. سـوودیان لـە بـەدەن و بەشـەکانی وەردەگـرت، گوایـە پێشـتر لێکیـان جیاکردبوونـەوە". لـە جیاکردنەوەیە، دووری و نامۆییە کە فاشیزم بە سوبێکتی مرۆڤایـەتی وەک ئۆبژەیـەک مامەڵـە دەکـات. ئـادورنۆ و هۆرکهایمـەر، لـە درێژەیـدا دەنووسـن: "نـەریتی جـولەکە ئارەزوو ناکات مرۆڤەکان بە ڕاستە بپێوێت، چونکە ئەوە ئەنـدازەگرتنی جەسـتە بـوو بۆنـاو تـابووت، هۆکـاری چێژوەرگرتنی ئەوکەسانە بوو، کە دەستیان بەر پەیکەر دەکـەوت. ئـەوان ئـەوانی دیکـەیان... بـەڕوانینی مۆلەقـەوە

ئەندازەی وەستای دروستکردنی تابووتیان دەگرت". جلەو پساوترین سروشت، خودی شەڕە. فاشیزم لە گواستنەوەی "یاسا سروشتییەکان" بۆ قەڵەمڕەوی کۆمەڵایەتی و لێکدانەوەی وەک قەڵەمڕەوی شەڕی بەردەوام، شەڕ لەپێناو مانەوەدا، خستبوویە هەر دوو سەری ئامانجەکەوە: یەکەم، ئەندازەگرتن، هەڵسەنگاندن، شیکاری ئاماری و بەڕێوەبردنی جیاوازیکردن لەنێوان کاری باو و کاری زیان بەرکەوتوو، کاری سروشتی و کاری ناسروشتی، دووەم، یەکگرتنی کاری ناسروشتی و کاری نامۆ لە ئەنجامدا دووژمنکارانە، کە زۆرجار لە پەیکەری کۆمەڵایەتیدا، بەتوخمی ناوکی دادەنریت. هەردوو لایەنگری خاڵی کۆتایی یەکسانیانن، دڕندەیی سەبارەت بە پەیکەر و ئارەزووی مرۆڤایەتی و سەرئەنجام کوشتار: یەکەم، بەهۆی خاڵی وەرچەخاندنی بیرۆکراتیک، کە بەهاوشێوە زانینی کاری ناسروشتی و کاری زیان بەرکەوتوو، دەبێت سەربکێشنە سڕینەوەی دووژمن، دووەم بەهۆی ئەو وەرچەرخانەی ئێگزیستانسیل، کە وەرگرتنی شەڕ لەجیاتی دیاردەیەکی هەمیشەیی پەیکەری کۆمەڵایەتی، وەکو مردنی دووژمنە. فاشیزم ئایۆلۆژییەکە، ترسەکەی مردنە: "دەکوژم، کەوایە هەم. دەمرم، کەوایە بووم" بنەمای فەلسەفی چەقەکەیەتی. کەوایە باڵاترین دەستکەوتی فاشیزم خەرمانێکە لە کەڵەکەبوونی تەرمەکان و مێژووەکەی لیستێکە لە لەناوچوونی مرۆڤەکان.

**ئەنجامگیری**

دەزگای چاپ و وەشاندنی ئەلبیۆن لە 1988، کتێبێکی جۆن تیندالی بەناونیشانی *بەشێک لە:* پێویستی سەرلەنوێ لەدایکبوونەوەی بەریتانیای بڵاوکردەوە. جۆن، کە بە بڵاوکردنەوەی قسەکانی بێزاری نەژادی لێدەکەوتەوە، بەتۆمەتی پێشێلکردنی ڕێسای گشتی خرابووە زیندانەوە، وێڕای شیکاری "ناسیۆنالیستی"، جەخت لە بارودۆخی سیاسی هاوچەرخی دورنما دەکاتەوە، کە من بۆ فاشیزم بە یەکلاکەرەوەم دەزانی، "شێرپەنجە" لیبرالیزم، لاوزی دەستەبژێری محافزکار، ڕیشەی پەرلەمانی و حزبی لاوازی بەریتانیا، بەلارێدا ڕۆیشتنی کۆمۆنیزم و نێودەوڵەتی و سیاسەتی حزبی نەتەوەیی بەریتانیا، "ڕۆیشتن بۆ سەرووی سەرمایەداری و سۆسیالیزم". سەرەڕای پەلاماری زۆروزەوەندی تاوانکارانەی فاشیست بوو، بۆ کۆچبەران و کەمینە نەژادییەکان، بێ ڕێزیکردن بە گۆڕ و گۆڕستانی جولەکەکان و زیادبوونی ڕای حزبە فاشیستەکان (یان ئەوەی هاوشێوەی حزبی فاشیستە، هەرچەندە خۆیان لەناوی "فاشیستی" بە دوور دەگرن)، کاریگەرییەکی وەهای بۆ سەر گرنگی ئەو بانگەشەیە زیاد کردووە، کە فاشیزم لە هەندێک لە وڵاتان گەڕاوەتەوە. ماهیەتی فاشیستی یان فاشیستی نوێ، ئەوانی دیکە ڕێکخراوی ڕاستی توندڕەویان بەتەواوی شرۆڤە کردووە. لێرەدا ترسی ئێمە مەسەلەی (گەڕانەوەی) فاشیزمە، کە پێدەچێت پشتی بەو باوەڕە نادروستە

بەستووە، کە پاشەکشەکردنی (ڕژێمە فاشیستەکان)، نیشانەی مردنی فاشیزم بووە، ئەو ڕوانگەیەی ڕژێم بەهەڵە بە ئایدۆلۆژیا و جوڵانەوە وەردەگیردرێت. نەشیاوە بڵێین، کە فاشیزم وەک ئایدۆلۆژیا مردووە. ڕژێمە فاشیستەکان شکستیان خواردووە، بەڵام فاشیزم لە ئایدیال و بەڵگەکاندا بەزیندوویی ماوەتەوە، درێژە بە زیندوومانەوە دەدات. وەک فاشیزم هەرگیز نەمردووە، کەوایە نیازی نییە "لەنوێ لەدایک" بێتەوە؟

یەکێک لە بانگەشەکانی ئەم کتێبە ئەوەیە، کە بابەتی فاشیزم بابەتێکی زیندووی ئێمەیە، چونکە فاشیزم وەڵامێکە بۆ تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگەی مۆدێرن. ئەو واقعیەتەی، کە فاشیزم درێژە بە ژیانی خۆی دەدات، دەرئەنجامی بەردەوامی ناوکی هەمان پەیوەندی زیندووی نامۆ بوو، هەمان هەلومەرجی بابەتییە، کە لەسەرەتای یەکەم فاشیزمی هێنایەئاراوە. لەوانە، بەشێوەیەکی گشتی مێژووی جیهان و قەیرانە خۆییەکان لەو سیستمەدا، هەژموونی لیبرالیزم و ئایدیالی لیبراڵ دیموکراتیک، جوڵانەوەی سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی، کە سەرمایەداری دێنێتەکایەوە، پانتایی پێشداوەرییە نەژادییەکان، دژەجولەکەبوون، ڕەگەز لە کۆمەڵگەی فرە کولتووریدا، کە هاوکات لە بەرەنجامی پێکناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکان لەبەریەک ترازاوە، کۆمەڵگەیەک کە تێیدا عەقڵانییەت هێشتا بەواقیع عەقڵانی نەبووە.

لەگەڵ هەموو ئەوانەدا، لە زۆر لایەنەوە هەلومەرجی مێژوویی هەنووکەیی لەسەردەمی نێوان دوو شەڕی (جیهانی *جیاوازە*). تایبەتمەندیی زۆر لەو هەلومەرجەدا بەرجەستەبوون. لە هەمووان گرنگتر، پاشەکشەی یەکێتی سۆڤێتە کە فاشیستەکان (و هەروەها محافزکاران، لیبراڵەکان و بەداخەوە چەند بەشێک لە چەپ) بەپێشەنگی کۆمۆنیزمیان دەزانی. پێدەچێت لە نەبوونی هیچ جۆرە هەڕەشەیەکی واقیعی کۆمۆنیستی یان سۆڤێتی، بۆرژوازی نەتەوەیی و دەستەبژێرانی باڵادەست نیازییان نییە، وەک دوا هەوڵ بۆ دوورکەوتنەوە لە کۆمۆنیزم پەنابەرنەبەر فاشیزم. وێڕای ئەوانە، سەردەمی دوای1945 سەردەمێک لە ئاشتی بەردەوام (لانیکەم سەبارەت بە 1920)، ڕەونەقی زیادیکردووە، بەڕێوەبردنی سەرکەوتووی سیاسی قەیرانەکان، لەلایەن دەستەبژێرانی باڵادەست بووە بەسەر کۆمەڵگەی سەرمایەداری. بەشێک لە بەرامبەدا ئەو هۆکارانە پەیوەنییان بەیەکەوە هەیە. بەڕێوەبردنی قەیرانەکان بەنەبوونی هەڕەشەی واقیعی کۆمۆنیستی ئاسانترە و کەمتر ڕووبەڕووی مەترسی دەبێتەوە.

شرۆڤەکارانی فاشیزم بەشێوەیەکی تاڕادەیەک فراوان، هۆکارەکانی سەرەوە پەسند دەکەن. تێبینییەک کە لەدرێژەیدا دەخرێتەڕوو، بەئامانجی ئاڕاستەکردنی ڕوونکارییەکی زیاتر دەربارەی ناکامی فاشیزم لە دەستەبەرکردنی دەسەڵات لەماوەی دوو یان سێ دەیەی

ڕابردووه، لەسەر ئەو بنەمایە بەڵگەگەلێک دەخاتەڕوو، کە بۆچی نابێت بەردەوامی ئەو ناکامییە بەمسۆگەر بزانین. بەمەش، ئەو شرۆڤانە ماهیەتی تیۆرسێنانەیان هەیە.

دەکرێت ڕادیکالیزمی تەشەنەسەندووی حزبەکان و ڕێکخراوەکانی ڕاستی نافاشیستی، هۆکارێکی شیاوبێت، لەناکامی ئایدیالەکانی فاشیستی لە سەردەمی دوای شەڕ. ئەگەر بەڕاستی فاشیزم فۆڕمی مۆدێرنیزمی کۆنەپەرستە و پەیوەندیی یەکپارچەیی بە ویستی شۆڕشگێڕی محافزکارانەوە هەیە، ئەوکاتە ڕادیکالیزمی ڕێژەیی محافزکاری، هاوڕا بەو دەستەبژێرە محافزکارانە، لە سەرکەوتن یان ناکامی فاشیزمدا فاکتەری سەرەکییە. ئەم واقیعیەتە، کە هەندێک لە فۆڕمەکانی محافزکاری لە دوو یان چەند دەیەی ڕابردوو لەجاران زیاتر ڕادیکاڵ بوون، دەکرێت تەواو بەو مانایە بێت، کە تاکەکان، ڕێکخراوەکان، چینەباڵادەستەکان و دەستەبژێرانی زاڵ، کە دوورنییە لە هەلومەرجێکی دیکەدا بەچاوی چارەسەرکردنی قەیرانەکانی سەرمایەداری هاوچەرخ لە فاشیزمییان دەڕوانی، بە ڕادیکالیزەبوونی هەندێک لە فۆڕمەکانی محافزکاری هاوچەرخ ڕایان گۆڕیبێت. ئەو بەڵگەیە پەیوەندی بەچۆنێتی تێگەیشتنی تاکەوە لە پڕۆژەی ڕاستی نوێ. زۆرکەس ئاوڕیان لە ڕادیکالیزمی ڕاستی نوێ داوەتەوە و پەسندی دەکەن، کە ئەو ڕادیکالیزمە ڕیشەی لە هەوڵ بۆ مۆدێرنیزەکردنی دیموکراسییە لیبراڵەکانی خۆرئاوا دەگرێت، بەڵام لەواقیعدا، ڕاستی نوێ بەم هۆیە

ڕادیکاڵ نەبووە کە خوازیاری بە "مۆدێرنیزەکردن"ی دەوڵەتەکان و کۆمەڵگەی دیموکراتیک لیبراڵی بووە، لەبەرئەوەی پڕۆژەکەی لەبنچینەدا (کۆنەپەرستە)، ڕاستی نوێ بەپێی وێنایەک، کە لە شکۆ و شانازی نەتەوەیی ڕابردوو هەیەتی (وێنای ئوستوورەیی و زۆر پێکناکۆک، بەڵام هەربەو ئاستە بەتوانا)، بە دژایەتیکردنی ڕێسای هەبوو واتا "کۆدەنگی" دوای شەڕی دووەمی جیهان لە پەیوەند بە خۆشگوزەرانگەرایی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵی سەرمایەداری کۆڵیوەتەوە. توخمە سەرەکییەکانی سیاستی ڕاستی نوێ – ڕابەری پەلاماردەری، ڕوانگەی سازش نەکەر دەربارەی یاسا و ڕێسا، تیڕوانینی نالیبراڵی لەبارەی مەسەلە ئەخلاقییەکان بەشێوەیەکی تێکڕایی و مەسەلە دیاریکراوە سیاسییەکانی وەک نەژاد و کۆچکردن، هەڵکوتانەسەر جوڵانەوەی کرێکاری و بەرگری لە خاوەندارێتی تایبەتی و ناسیۆنالیزمی ڕاشکاو – هەموویان متوربەی سیاسەتی (***کۆنەپەرست***) دەبن، کە بریتیین لە دووبارە جەختکردنەوە لەسەر بنەمای خاوەندارێتی تایبەتی و کەڵەکەبوونی سەرمایە لەجیاتی (هۆکاری بوونی) کۆمەڵگەی مۆدێرن، هاوڕا بە ئەخلاقگەرایی دەسەڵاتخوازانە، کە وەک ئامڕازیک بۆ ئیدارەدان و کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی پێویستی بەتوانای دەوڵەتی توونددڕەوە. ئەگەر ڕەوتێک بەناوی "ڕاستی نوێ" و جیا لە محافزکاری "باو" هەبێت، ئەوکاتە

مۆدێرنیزمی کۆنەپەرستی سەردەمی ئێمە لە بوونیدا شاراوەیە.

ڕادیکالیزمی سەرچاوەگرتوو، لە پرۆژەی "ڕاستی نوێ"، سەرنجڕاکێشییەکی زۆری بۆ هێز و جوڵانەوەکانی ڕاست، لەڕووی گشتیتر هەیە. بۆ نموونە لە بەریتانیا، سەرکەوتنی حزبی محافزکار لە ساڵی 1979 هاوتا بە ڕووخانی ڕێژەیی بەرەی نەتەوەیی بووە، کە کەسایەتی دروستکەری جۆن تینداڵە. بەرەی نەتەوەیی لە 1967 دامەزرا، بەپێی ئەو دەنگانەی، کە لە هەڵبژاردنەکان دەستەبەری کردبوو، سەرنجی زۆربەی میدیاکان لەسەر ئەو دوازدە ساڵە سەرکەوتنە بوو، پێش ئەوەی بچێتە سەردەمی ڕووخانی خۆیەوە، دوای 1979 ڕووبەڕووی جیابوونەوەیەکی زۆر بووەوە. بێگومان ئەو ڕووخانە تائاستێک سەرچاوەی لەو نەیارییە بەتوانایە گرتبوو، لەلایەن ئەو ڕێکخراوانەوە، کە چەپی بەریتانیا دایانمەزراندبوو، بەڵام وێڕای ئەوانە، ئەو ڕووخانە بە دەستەبەرکردنی دەسەڵات لەلایەن حزبی محافزکار، هاوکات بوو کە لەژێر چەتری سیاسەتەکانی دەوڵەتی تاتچەر سیاسەتی کۆنەپەرستی خۆی گونجاندبوو. ئەگەر ئەو بانگەشەیە درووست بێت، ئەوکاتە دەستێوەردانێکی زۆری هێزەکانی ڕاستی سیاسی، لە وەڵامدانەوەی کۆنەپەرستان بۆ قەیران، ڕێک لە بەرامبەر سەرهەڵدانی فاشیزمدا بە یەکێک لە بەربەستە دیارەکان ئەژمار دەکرێت. بێگومان ئەو کارە بوونیادی مێژوویی

دیـــاریکراوی هەیـــە، فاشـــیزم لـــەو کۆمەڵـــە دەوڵەتـــە ســـەرکەوتووانە بـــوو، کـــە هێـــزە محافزکارەکـــان بـــۆ دۆزینەوەی چارەسەری کۆتایی قەیرانی سەرمایەداری و داڕووخانی بۆرژوازی، کە دەگوترێت دەسەڵاتی نەتەوەیی لاواز دەکرد، ڕوو لە فاشیزم بکەن. هەموو ئەوانە تەواو پەیوەندی بەو بابەتەوە هەیە، کە هێزە ڕاستەکان تاچەند دەتوانن چینی کرێکار ڕام بکەن و بیخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە.

هـــەروەها پێویســـتە لـــەکاتی شـــرۆڤەکردنی پێگـــەی هاوچەرخی فاشیزم بزانین، هەر ئەو واقیعیەتەی کە فاشیزم لە ڕابردوو لە دەسەڵات دابووە، بەڕێگای جیاجیا یەکسەر ماهیەتی ئەم باسە دەربارەی فاشیزم دەگۆڕێت. لەکاتێکدا سیاسەتەکانی سەرکێشی دژی پۆزەتیڤیزم و فەلســـەفەی ڕۆشـــنگەری، هێشـــتا ڕۆڵـــی بوونیـــادی لـــە بەڵگەکانی فاشیستی بەسەرنجدان بەئەزموونی ڕژێمەکانی ئیتاڵیا و ئەڵمانیا و بەتایبەت کەمپەکانی مردن، لەنوێ فۆرمی گۆڕیووە. لە زۆر لایەنەوە هەم فاشیستەکان و هەم نافاشیستەکان وەک بابەتێکی ناوەندی لە کەمپی مردن، کە مشتومڕ دەربارەی فاشیزم هەیە، شوێنی ڕۆشنگەرییان پێگرتۆتەوە.

ئەوە واقیعیەتە، کە هەنوکە خودی فاشیستەکان بابەتی واقیعیـــەتی مێژوویـــی کـــەمپی مردنیـــان بردۆتـــە ژێـــر پرسیارەوە، ئایا بەڕاستی شەش ملیۆن کەس مردن؟ *(تەفرەدانی سەدە و ئەفسانەی ئاوشفیتس)* ناونیشانی ئەو

بەرهەمانـــەن، کـــە بەدژی کـــۆدەنگی دیموکراســـی و کۆمەڵایەتی دەربارەی کەمپی مردن شرۆڤەیان کردووە - نابێت ئێمـە واق وڕمـاو بکات، کە لـە کۆمەڵگەی نمایشـیدا دەژیـین. لـۆژیکی دژی ئـەو کۆدەنگییـە ئەوەیـە، کـە کـەمپی مـــردن بەگشـــتی داهێنـــانی هێزەکـــانی هاوپـــەیمانان، نووسەرانی لیبراڵ و سۆسیالیست و هێزە پیلانگێڕەکانی جولەکەیە، کە هـەموویان لـە بەرنامەیـەکی درێژمـاوەدا بـۆ بـــەرگرتن لـــە ســـەرهەڵدانی دووبـــارەی فاشـــیزم دەسـتێوەردانیان هــەبوو. ئامانجێـک کـە لــەودیوو ئـەو دژایەتییـە بـوونی هەیـە ئاشـکرایە، هـیچ شـتێک لـە خـودی فاشیزم دا نییە، کە سەربکێشێتە کوشتنی بەکۆمـەڵ، هـیچ شتێک کە لـە تیـۆر و کـاری فاشیسـتی توندوتیژ ئامێزبێت بـوونی نییـە، بیرکردنـەوە بـەجۆرێکی دیکـە - واتـا بڵێـین فاشیزم بـەتێڕامانی مۆلـەق کـەری تـابووت دروسـتکەر، لـە پەیکـــەری مرۆڤـــەکان دەڕوانێـــت — تـــەنیا هەوڵێکـــە بـــۆ بـــەدناوکردنی فاشـــیزم، بـــەڵام ســـەرەڕای هـــەوڵی فاشیسـتەکان بـۆ ئـەوەی، کـە جلوبـەرگی ڕوونـاکبیری و سیاســـی بپۆشـــن، بەڵگاندنـــەکانی لـــەوجۆرە، بەمـــەش لەڕوانگـەی ئەکادیمییـەوە پەسـند نیشـانیان بـدەن — وەک نموونـە بـە بڵاکردنـەوەی گۆڤارەکـان بـەناوی بـەڕێزەوەی وەک(*گۆڤـاری لێکۆڵینـەوەی مێژوویـی*)— کاریگـەری پـەتی هــەنگاوی لــەوجۆرە لەڕاســتیدا، کۆمــەڵێک لــە (**ڕیتمــی**) میدیایی بـوو، کـە بـەخێرایی دوای ئاشـکرابوونی ماهیـەتی

قرپۆکی هێزری، کە ئەو بەڵگەیەی خستبووەڕوو، هاتەناوەوە.

ڕەوتی بەیەکەوەبەستراو، لە هەندێک لایەنەوە ترسناکتر بریتییە لە هەوڵ بۆ "پێداچوونەوەی" بە تێگەیشتنێک، کە لەکەمپی مردن هەمانە، تا ئەو ڕووداوە بچێتە پانتایی فراوانتری مێژوویی ئەوروپاوە. تیۆری ئانست نۆلتە، کە پێویستە لەپانتایی کۆمەڵکوژی فراواندا لە کەمپی مردن تێی بگەین. لەناوچوونی کۆلاکەکان لە سۆڤێت و ئەو واقیعیەتەی، کە ڕێکخراوە جولەکەییە نێودەوڵەتییەکان دژایەتی ڕاشکاوانەی خۆیان بۆ نازیزم ڕاگەیاندبوو، ئەو کاریگەرییەی هەبوو، کە بەئاڕاستەکردنی کەمپی مردن وەک ڕووداوی باو لە پانتایی مێژوویی ئەوروپا دەیکردە ڕێژەیی. ئاندریاس هیل گروبێر، بەو بانگەشەیە کە دەبێت ئەڵمانیەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە بە ڕابردووی خۆیان، دیاریبکەن کە شەڕ نەک تەنها بەمانای "کۆتایی جولەکەی ئەوروپی" بوو، بەڵکو "ڕایشی ئەڵمانیای تێکشکاند". لەو ڕێگایەوە کەمپی مردنی، لە پانتایی پاشەکشەی دەسەڵاتی ئەڵمانیا لەتێکڕا دانا. هەر ئەو کاریگەرییەی بەجێهێشت (ئەو دوو دەستەوەژایە ناونیشانی لاوەکی کتێبی هیل گروبێر پێکدەهێنن، بەڵام سەرنج بدەیت چۆن ڕووداوی یەکەم تەنیا کۆتاییەکە لە کاتێکدا، کە ڕووداوی دووەم تێکشکاندنە، بەڕێگایەک دەبێتە هۆی ئەوەی ڕووداوی دووەم لەجیاتی ڕووداوی یەکەم بەئەنجامی هێزی تێکدەر

لەقەڵەم بدرێت). لەسەر بنەمای ئەو گێڕانەوەیە، "کۆتایی" کاری جولەکەکان بەئاڕاستەکردنی "تێکشکان" ڕایشی ئەڵمانیا دەبێتە ڕێژەیی (هەروەک بینیمان بەڵگەی پێکناکۆک و لێکدژ لە سەلماندنی ژمارەی کوژراوان و ڕێپۆرتەرەکەی بوونی هەیە).

باسەکانی ڕڤیزیڤنیزمی ئیتالی لە کاتێکدا، کە مەودای خۆی لەڕوانگەی هزرییەوە لەگەڵ ئەڵمانییەکان دەپارێزێت، بەڵام لەڕوانگەی سیاسییەوە بەشێوەیەکی قووڵ و ترسناک دەچێتەپاڵی. ئامانجی بنەڕەتی ڕڤیزیڤنیزمی ئیتالی، کە بەگشتی بەرهەمی کاری ڕینزۆ دی فێلس، جێبەجێکارترین تووێژەرەوەی فاشیزمی ئیتاڵیا، خەباتی "جولانەوەی کۆمەلایەتی ئیتاڵیا" و نوێتر لە هەمووان "یەکێتی نەتەوەیی"ە، بۆ دەستەبەرکردنی دەنگی بازنەکانی هەڵبژاردن ئەوەیە، کە ئابڕو بۆ ڕووناکبیرانی فاشیستی وەک جەنتیلە بگێڕێتەوە، لە پێگەی یەکێک لە هۆکارە بەرچاوەکان لە گەورەیی نەتەوەیی، خوێندنەوەیەک لەسەر مۆسۆلینی بخاتەڕوو، کە لەگەڵ وەک دەڵێن لادانی خاو و کالوکرچی ڕیشەگرتوو، لە پەیوەندی فاشیزمی ئیتاڵیا بە نازیزم پێگەی لاواز بووە. لێرەدا دژایەتی هەندێک کەس، کە زاراوەی "فاشیزم" لە دەرەوەی پانتایی ئیتاڵیا هیچ مانایەکی نەبووە، چەمکی سەرەکی خۆی دەدۆزێتەوە. بە ڕزگارکردنی فاشیزمی ئیتاڵیا لەهەر پەیوەندییەک بە نازییەکان – ئەو هاوڕێ لە ڕاستیدا خراپانە، کە نەژادپەرست بوون – دەبێت لە

تێگەیشنمان بۆ ئەو "پێداچوونەوەیە" ڕووبدات. دی فێلس بە باشی ئاکام و دەرئەنجامەکانی کارەکەی دەزانێت، لە کانوونی یەکەمی 1987 خستیەبەرباس، کە بەدوو هۆکاری بەرچاو کاتی ئەوە هاتووە، تا چەند بەشێک لە دەستووری ئیتالیا هەڵبوەشێنینەوە، کە ڕێ لە دامەزراندنی حزبی فاشیستی دەگرێت. یەکەم، لەواقیعدا دەستوور ڕێی لە دامەزراندنی حزبی فاشیستی وەک "جولانەوەی کۆمەلایەتی ئیتالیا" نەگرتووە، بەمەش نالۆژیکییە بەپێچەوانەی بانگەشە بکەین. دووەم، هەرگیز فاشیزم بەرپرسی کەمپی مردن نەبووە، بەمەش نابێت وەها نزم ئەژمار بکرێت. سەرچاوەی پێداگری جیان فرتنکۆ فینی، لەکاتی ڕابەری "جولانەوەی کۆمەلایەتی ئیتالیا"، کە فاشیزم هیچ پەیوەندییەکی بەدژایەتیکردنی جولەکەکانەوە نییە هەر لەو جێگەیە: "جێگەی شەرمەزارییە بلێین فاشیزم دژی جولەکەکانە یان بووە، کو ڕێژگەیەکی سەر تاشراو، کە کاری دژە جولەکەیی دەکات، دەلێن فاشیستن، بۆخۆشیان نازانن دەلێن چی".
ئەو پێشینەیە گرنگەی فکری و سیاسی سەرهەڵدانی هەنووکەیی "یەکێتی نەتەوەیی"ەو هۆکارێکە کە دەبێت نیگەران بێت. "یەکێتی نەتەوەیی" کە لە "جولانەوەی کۆمەلایەتی ئیتالیا" پێکهات و بەڕواڵەت لە ڕیشەی فاشیستییەکەی ئەو ڕزگاری بوو، (بەلام بە نزای چاکەی ئەلساندرا مۆسۆلینی)، ناوک و ڕابەری فاشیستی پاراست.

لەوانەیە بیرهێنانەوەی توانای، یەکێک لە پەیامەکانی جۆرج ئۆروێل لە کتێبی 1984 بەنرخ بێت، کەسێک کە هەژموون بەسەر ڕابردوودا دەکات، هەژموون بەسەر داهاتووشدا دەکات، کەسێک کە ئێستا هەژموون بەسەر ئێستادا دەکات، هەژموون بەسەر ڕابردووشدا دەکات. ڕڤیزیڤنیستەکان، هەر بانگەشەیەکیش کە دەربارەی گرنگی گەڕان بۆ دۆزینەوەی حەقیقەت و ماهیەتی کراوەی مەسەلە ئەکادیمییەکان دەخەنەڕوو، کاریگەری ڕڤیزیڤنیزم، وەکو قەڵەم گرتنە لەسەر مێژوویی لایەنگیری وێرانکەری فاشیزم. بەتەنیشت گێڕانەوەی ئابڕووی زۆروزەوەندی بیرمەندانێک، کە سەردەمێک بە هۆیەوە قابیلی قبوڵ نەبوون، لە ڕەوایەتیدان بەفاشیزم ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو یان وەک شۆڕشگێڕانی محافزەکار، لە واقیعدا بە پێشەنگانی فکری فاشیزم ئەژمار دەکران، کولتووری ڕڤیزیڤنیزم، کە تێیدادەژین، تەنیا دەتوانێت هۆکارێک بێت بۆ هۆشداری، چونکە فەرامۆشی سیاسی و مێژوویی باردەهێنێت، کە تەنیا لەخزمەتی پاساوهێنانەوەدایە، بۆ ئەو شتە کە فەرامۆش دەکرێت. نزیکی لەجاران زیاتری پانتایی هاوڕایی سیاسی بۆ ڕاست و شادمانی هەندێک لە ڕووناکبیرانی چەپ، کە پڕۆژەی ڕۆشنگەری لەبەرژەوەندی سیاسەتەکانی پۆست مۆدێرنیان دوورهەڵدا، لە ئەنجامدا ناتوانن داوەری ڕڤیزیڤنیزم بکەن – چ بگات بەفاشیزم –، شایەتی ترسناکی ئەو ڕووداوانەیە کە لە بەردەممان دایە.

# گوتاریك دەربارەی فاشیزم

## ستیڤان دوران
## وەرگێڕانی: ئەرسەلان

تووێژەر مێژوونووس، مامۆستای زانکۆ و بەڕێوەبەری تووێژینەوە و شرۆڤەکانی (بوونیادی نیشتمانی زانستە سیاسییەکانی) پاریس بووە. لە شەڕی دووەمی جیهانی، پەیوەندی کردووە، بە بزووتنەوە خوێندکارییەکانی لاوانی کاسۆلیک و بووە، بە یەکێک لە سەرۆکانی. چەندیین کتێبی دەربارەی مێژوویی سیاسی، فکری و ئایینی فەرەنسا نووسیووە. لە ساڵی 1998، بە ئەندامی ئەکادیمیای فەرەنسا هەڵبژێردراوە. ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ئاکادیمی ئایینی زانستە سیاسییەکان بووە.

### 1-پێشەکی

دەکرێت سەرکەوتوویی (فاشیزم)، قەیرانی دیموکراسی کلاسیک، ئەزموونی یەکێتیی جەماوەری سۆڤێت، بە بەرجەستەبوونی سێلایەنەی سەردەمانێک ئەژمار بکرێت، کە لە کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهان تا ئاکامی شەڕی دووەمی جیهان درێژەی کێشا.

پێویستە لە پانتایی ئەزموونی سیاسی ئیتاڵیا بۆ سەرچاوەی ڕێبازی (فاشیزم) بگەڕێین، کە ناسێنەری شوناسی جیاجیایە، ناویان دەنا ئەنجومەنەکانی "فاشو"، کە لەسبەینێی جەنگی یەکەمی جیهان سەریانهەڵداوە، بەگشتی خەباتگێڕانی پێشوو لە دەوری یەک کۆدەکەنەوە، کە لەئەنجامدا لە ساڵی 1922 گەیشتنە دەسەڵات. ئەوکات ئەو گوزارشتە ئاماژەی بوو، بە ئەوان و سەرووی ناونانی ڕێکخراوێک کەوت، تەواوی ستراکچەری ڕژێمی باڵادەستی گرتەوە. بەم شێوەیە بوو کە لە ئیتاڵیا، بە پەرەدان بەو چەمکە، ئەو ڕژێمەیان بە "فاشیست" دەزانی، کە لە دامەزراندنی حکومەتی "مۆسۆلینی"، بەبڕیاری "ڤیکتۆر ئەمانوێل"ی سێیەم پاشای ئیتاڵیا لە تشرینی یەکەمی 1922 – ڕیزی نمایشی سەربازی ڕۆما –، تا ڕووخانی "سۆڤێت" [ڕوسیا] قابیلی هەڵسەنگاندنە و ئەویش سەرەتا کۆمەڵێکی دەناساند، پاشان بەشێوەیەک فراوان بوو، کە شوناسی ڕژێمێک و شێوەی بیروباوەڕی لەخۆدەگرت. وەک چۆن هەردوو وشەی "فاشیزم" و "سۆڤێت"، سەرووی ناساندنی ستراکچەرێک کەوتن و

پشـتیوانی ناسـاندنی ڕێبـاز و مەرامـی سیاسـی لەخۆیـدا جێکردەوە.

پاشان "فاشیزم" بووە ناسـێنەری ئەو ڕەوشـتانەی، کە وڵاتـانی دیـکە ئەزموونیـان دەکـرد، لە ئاکامـدا بـووە شوناسـی هەمـوو ڕژێـم و بـزووتنەوە، ئـەو پێکهاتانـە کە بەجۆرێک لەسیستمی فەرمانڕەوایی مۆسۆلینی نزیکبوون.

بەمجـۆرە "فاشـیزم" وەک تـوخمێکی بنەڕەتـی لە دورنمـای ئەوروپـای 1930، بـوو بە یەکێـک لە بڕبـڕەی بڕیـاری هێـزە سـەربازییەکان. لە سـاڵی 1935، بـژاردەی نێوان "فاشیزم" و "دژە فاشیزم" بە سنووربەندی سەرەکی جیاکردنەوەی پیشـەیی ڕژێمە سیاسییەکان ئەژمـار کـرا، وەک چـۆن هەنـدێک شـەڕی سـەخت و کۆن یەخەی نەوە دوای نـەوەی گرتبـوو، هاوشـێوەی ڕووبەڕووبـوونەوەی دیموکراسـی ڕیشـەگرتوو، لە قوتابخـانەی "لیبـراڵ" یـان دیموکراسـی سۆسیالیسـتی – بە کـاتی – بـردە ژێـر سێبەرەوە.

وشـەی "فاشـیزم" کە دووژمنـان و داگیـرکەران، بە پەنـابردنەبەر ئەو بنەمـا و بنـاغەی مشـتومڕ و گەنگەشـەی زارەکی بۆخۆیان دایان تاشیبوو، سەریکێشـابووە ئاڵۆزیی و هەنـدێجار پـووچەڵکردنەوەی ئاماژەکـانی، ئەوەنـدەی پێویستە هەوڵیدا پێناسـەیەکی نوێی لێ بخاتەڕوو، پرسـی کە ئەو لەبـزە چۆنچـۆنی لەخۆیـدا شـوێنی واقیعیەتێـک دەکاتەوە، ئاماژەی لەسەر چ بنـاغەیەکی فکری بووە، ئایا لە ڕاهێنـان و کۆششـێکی وەهـا بەهرەمەنـد بـووە کە بیگشتێنێت؟

له تێڕوانینــی ئێمــه بــۆ داهــاتوو، دەتــوانین پانتــایی مێژوویەکی هەمەگیر ببینین، که له بابەتی تایبەتی ئیتاڵیای "فاشیســت"، لەنێوان هەردوو شــەڕی جیهـانی تێدەپەڕێت، سێ پرسیاری بنەمایی دەربارەی "فاشیزم" دەکات.

یەکەم پرســـیار له پەلوپۆهاویشـــتنی جـــوگرافی ئەو چەمکه سەرچاوه دەگرێت. ئایا "فاشیزم" بەمانای تایبەتی خۆی تاکه دیاردەیەک بوو، له پەیوەند به ئیتاڵیاوه؟ ئایا ئەوەی ئیتاڵیــا تــاقیکردەوه تــاکه ئەزموونێــک بــوو، که شایســتەی ناونــانێکی ئەوتــۆ بــوو، یــان نزیکــی نێــوان "فاشــیزم"ی ئیتاڵیــا، "ناســیۆنال سۆســیالیزم"ی ئەڵمانیــا، ڕەفتاری ڕژێمه دیکتاتۆرەکانی ئەوروپای کەناری دانوب و نــــیمچەدوورگەی باڵکـــــان، ڕەوشــــتی ئەنجــــومەنی ڕاســتگەرای توونــدڕەوی کۆمــاری ســێیەم [فەڕەنســـای 1945 - 1870]شی لەخۆیدا، وەها ناودەنا، ئایا دەکرێت لەو نزیکایەتییەدا بنەمای بوونیادی هاوبەشیش دووباره بناسینەوه؟ ئەو هۆمۆجینکردنه ئاڕاستەکراوه بێ توانابوو، که لەنێــوان بــزووتنەوه جــۆر جیاوازەکــان نزیکــایەتی، چەمکی هاوئاهەنگ، یان هاوشێووه هەبێت. پێویسته لەو ڕووەوه به ناچــــاری بــــزانین، که ئایـــــا ئەو داخـــــوازی بیروباوەڕییه، هەمووان پەیوەندییان به هەمان خانەدانی سیاســییەوه هەبــووه، ئەگەر هــەبووه، چــۆن بنەمــایەکی هاوتای هەبوون؟

به گریمـــانەی ئەوەی، که وەڵامـــدانەوەی پرســـیاری یەکەم ئەرێنی بێت، بتووانرێت ڕیشەی هاوبەش له ناخی

هەموو ئەو ڕێبازانەدا بینێتەدەرەوە، پرسیاری دووەم، ئایا بنەماڵەی ئەو ڕژێمانە، بزووتنەوانە و قوتابخانە سیاسییەکان، جۆرێکی جوان و نوێیان دادەمەزراند، یان شتێک نەبوون بێجگە لە دەستپێکردنی چەمکی باو لە فۆرمێکی نوێدا؟ خانەدانەکان بەناچاری بەسەر ئەو خاڵە ڕێکەرەوەدا زاڵبوون، کە ئایا "فاشیزم" پێشینە و خودی خۆورووژێنەری هەبووە یان لەنێوان ساڵەکانی 1789 و 1945 دەرکەوتبوون؟

چەند لێکدانەوەیەک، هەرجۆرە جوانییەک لە "فاشیزم" دا ڕەتدەکەنەوە. لایەنگرانی بۆچوونێکی وەها باوەڕیانوایە، کە دەکرێت چەمکی "فاشیزم" سرووشتی تایبەتییەکەی بگێڕێتەوە، کە هەمان محافزکاری باوە، یان بۆ ئاسایترین جۆری تێڕوانینی دواکەوتوویی کەمی بکاتەوە. باوەڕیانوایە، "فاشیزم" هیچ شتێکی دیکە نییە، بێجگە لە ناوێک بۆ ناساندنی بیروباوەڕی زۆر بەناوبانگی وەک ڕاستگەرایی توندڕەو، کەڵکەڵەی زیندووکردنەوەی ڕژێمی پێش شۆڕشی فەڕەنسا، داکۆکیکردن نەبووە لە نەزمی نوێ. تووێژینەوەیەکی دیکەش وێڕای هەموو جیاوازییەکان، دیسانەوە سەردەکێشنە یەک ئەنجامەوە. جەختکردنەوەیان بووە لەسەر تایبەتمەندییەتی "فاشیزم" کە لەودا، بێجگە لە ڕواڵەت و پێشینە و ئامڕازی سیاسی سەرمایەداری گەورە، دیسانەوە شتێکی دیکە ناناسنەوە. "دانێل گیران"ی نووسەری فەرەنسیی، ئەو تیۆرەی لە کتێبەکەی خۆیدا هێناوەتەگۆڕێ، کە ناونیشانی کتێبەکەی

ئەویش "فاشیزم و سەرمایەداری مەزن" بوو[ Daniel Guérin, *Fascisme et grand capital. Italie-Allemagne*, Paris, Éditions de la révolution prolétarienne, 1936]،

بەڵام لێکدانەوەکەی دیکە. جەختدەکاتەوە لە کاریگەری تێکدەری ئەو ڕێبازە لەسەر ئازادی تاک، کە سەردەکێشێتە ڕژێمی تۆقێنەر و سەرکوتکەری پۆلیسییەوە.

هەندێکیش، ئاماڵ بانگەشەی دووبارە ناسینەوەی خاڵی هاوبەشی زۆری نێوان "فاشیزم" و "کۆمۆنیزم" بوون. بوونی دوولایەنەی دیاردەی تاقانەی "تۆتالیتاریزم" لە هەردوو قووتابخانەکە دەربڕن: تێڕوانینی ژمارەیەک لە پسپۆڕانی ئەمریکی زانستە سیاسییەکان ئەوەیە، کە تایبەتمەندی "فاشیزم" و جەوهەری "کۆمۆنیزم" هەردووکیان وەکویەک گوماناوی ئەژمار دەکەن، لە هەر دووکیاندا بێجگە لە شێوەیەکی هاوچەرخی جەبەرییەتێک نابینن، کە ناویان ناوە تەواویەتخوازی. هەموو ئەو لێکدانەوانە سەردەکێشنە ئەنجامگیرییەکی یەکگرتووەوە. لەسەر ئەو بنەمایە کە "فاشیزم" جەوهەری بوونی دەرەوەی نییە.

هەمان بنەمای بەڵگەنەویستە، کە پێویستە بە مەحەکی لێکدانەوە، هەڵسەنگاندن تاقیبکرێتەوە. ڕاشکاوانە دەڵێم بۆچوونی من، کە "فاشیزم" بەدیاردەیەکی ڕەسەن و نوێ دەزانم، وەها نییە، باوەڕموایە کە کەمکردنەوەی بۆ

کۆنەپەرستی باو، سەرمایەداری، یان تۆتالیتاریزمی کەڵەگایی لێ ناوەشێتەوە.

سێیەمین و دوا پرسیار، ڕیشە لە هەڵسەنگاندنێک دەکرێت، کە بەڕەوای ئەو بزووتنەوە سیاسییە زانرا: لێکۆڵینەوە لە ڕەوتی ڕووداواکان و تەماشاکردنی نەخشەی پانتایی نفوزی ئەو قووتابخانەیە یان، دروستتر گوتمان ئەو قووتابخانەیە ئاماژەیەکی لەوە هەیە، کە هەموو ئەو بزووتنەوانە وەکیەک سەرکەوتوو نەبوون. هەندێکیان گەیشتنە دەسەڵات، هەندێکی دیکە بەردەوام لە ڕیزی نەیارانی حکومەتەکان لە شوێنی خۆیان مانەوە. بەوجۆرە بوونی دوو کۆمەڵە بەرچاودەکەوێت، لە لایەک قوتابخانە "فاشیستییەکان" کە دەگمەن بوون، بوونە خوای دەسەڵاتی بێکێشە، چونکە ترسی سەرەتایان سڕینەوەی هەموو دووژمنەکان بوو. ئەمان نەیانتووانی بەرنامەی ئایدۆلۆژیی خۆیان بێننەئاراوە، وڵات و کۆمەڵگە بەفۆڕمی پەروەردەی وێنای خوێن دەربهێنن: نموونەی ئەو گروپە ئیتاڵیا، ئەڵمانیا و هەندێک لە وڵاتانی دیکەن، بزووتنەوەی هاوشێوەی دیکە سەریانکێشایە شکست، لەچوارچێوەی نەیاریکردنی حکومەتدا قەتیس مانەوە و قەناعەتیان بە ڕۆڵی دامرکاوی نارەزاییەتیی و گەنگەشە و مشتومڕ کرد. لەسەرەتادا جیاوازییەک نەبوو، لەنێوان ماهیەتی قوتابخانەی "فاشیزم"ی سەرکەوتوو، "فاشیزم"ی شکستخواردوو: بەرنامەی هەردووکیان یەک و سەرچاوەی ئیلهامیانیش یەکسان بوو. هەست و سۆز و

ئایدیالی هۆمۆجین، هاوڕای دەکردن، بۆ خۆیان پێش ئەوانی دیکە زانیارییان هەبوو.

کەوایە ناهۆمۆجینییەکانی نێوان ئەنجامەکان لەکوێ سەریانهەڵدا؟ بۆچی قووتابخانە "فاشیزم"ەکان لە فلان ناوچەی ئیتاڵیا سەرکەوتن، لە شوێنەکانی دیکە بەئاوات نەگەیشتن؟ بێگومان فاکتەر و هۆکاری ئاکامی جیاواز، تەنیا پەیوەندی بەخودی وێنای "فاشیزم"ەوە نەبوو، بەڵکو وروژاندنی بارودۆخێک بوو، کە دەوران دەوری ئەو بزووتنەوەیان دەگرت، واتا ستراکچەری کۆمەڵایەتی، بارودۆخی ئابووری، پێشینەی سیاسیی، نەریتەکانی تێڕامان و قوڵبوونەوە و تێفکریین لە کۆمەڵگەیەکدا کە لەناخی ئەوانەدا سەریانهەڵدا.

پەلوپۆهاویشتنی جوگرافی، نوێیی یان کۆنی "فاشیزم"، چارەنووسی لەم دێڕانەدا، سێ گوتەزای گشتییە کە لە تێکڕاترین فۆرمی گونجان هینا مانەگۆڕێ. پێویستە بەپێی ئەزموونی ساڵەکانی نێوان دوو شەڕی جیهانی، بە بەڵگەی پشتبەستوو بەبابەتی بەڵگەدار، لەڕوانگەی لایەنی بیروباوەڕ و ڕەهەندی کۆمەڵناسی ئەو ڕەوتانەوە، بەدوای وەڵامەکاندا گەڕا. لە واقیعدا دەبێت بۆ ناسینی ئەو دیاردەیە بۆچوونی دووانەیی لێکۆڵینەوەی قوڵ هەم مەرامی لە سەربنەمای بڕوا، هەم لەسەر بناغەی کۆمەڵناسانەیەک هەڵبژێری، کە ڕەوایە بەنۆرە لە ناسینی سروشت و هەویری بزووتنەوە "لیبراڵ"ەکان، "دیموکراسی" و "سۆسیالیزم"یش بەکاریبهێنیت.

**2-سروشتی "فاشیزم"**

دەکرێـت کـام ناونیشـانی گونجـاو لەگـەڵ هـەموو بەشـەکانی ئـەو ڕێبازانـە پیشنیازبکەیت، کـە لـە ئـەوروپای نێوان ساڵەکانی 1919 تا 1935 دەرکەوتوون؟

زۆربـەی قوتابخانـە "فاشـیزم"ەکان، وردە وردە پێناسـەیەکییان لـە ڕێبـاز و مـەرامی خۆیـان بەدەسـتەوە داوە. هەڵبەتـە نـەک هـەموو. لـەو ڕوانگەیـەوە "ناسـیۆنال سۆسـیالیزم"ی هیتلـەری بابـەتێک بـوو، لە ئـەوانی دیکـە جیاواز بوو، چونکـە لـە هـەمان سـەرەتای لێکولەبارییـەوە سـەریهەڵدا. ئایدۆلۆژیاکـەی، پـێش بزووتنەوەکـە، کـەم و زۆر، پـەروەردە و پتـەو ببـوو. "هیتلـەر" سـتراکچەری بنەماکانی بیرو بۆچوون و وانەی خۆی لـە هـەمان بـەیانی شکسـتی کودەتـای تشـرینی دووەمـی 1923، کـاتی زیندانیکردنی لە زیندانی "لاندزبێرگ" هەڵدەچنی، لـە کتێبی "خەبـاتی مـن" (مـاین کـامف) دەینووسـی. دوای دە سـاڵ، واتـا لـە ڕۆژی 30ی تشـرینی دووەمـی 1933، هـەنگاوی بۆ کۆشکی حکومەتەکەی هاویشت. تێپەڕینی دەیەیـەک نـە هیچی بۆ گێڕانەوەی نووسراوەکەی زیادکردووە، نەهیچی لـێ کەمکردووەتـەوە، نـە هـیچ گـۆڕانێکی لـە بەرنامەکەیدا کردبوو، بەڵام ڕێبازی بزووتنەوەکانی دیکە ڕێگە و لایەنی هەڵگەڕاوەیان هەبوو. سەرەتا تەنها بۆن و ئیلهامێک کاری پێـدەکرا، ئـەویش بـەهۆگری کۆمـەڵێک لـە ئامـانج و ئارەزووەکـان. "فاشـیزم" بـە بەهرەمەنـد بـوون لـە عەقڵانیـەتێکی کـەم، بەناڕەزایـەتی غـەریزی ئـەژمار دەکرا، سـەرهەڵدانی هێـزە سـەرەتایی و بارنـەهێنراوەکان دژی

ئاوەزکاری، بزووتنەوەیەکی کردەگەرێتی کە ناکارامەکانی بەرجەستە دەکرد، ستایشی بەها دەستبەکاربووەکانی دەکرد، باکی نەبوو کە خۆی ڕاشکاوانە وەک سیستمێکی تەواو، ستراکچەری تێکەوەتەنراو و گونجاو بنوێنێت. "فاشیزم" ئیتاڵی ماهیەتێکی ورد لەخۆی ناخاتەڕوو، مەگەر ئەو کاتەی کە گەیشتە دەسەڵات، پێشتر هیچ شتێک لە سروشتی ئەو بەئاشکرا بەرچاو نەدەکەوت. بزووتنەوە فاشیستەکان لە کاردانەوەش، خۆیان بەرەفتارەکانیان هەڵدەکێشا: کاردانەوە سەبارەت بە دووژمنان، هەڵچوون بەسەر ئەو تەنگانانەدا، کە بەرەوایان نەدەزانی، وەستانەوە دژی مەترسییەکان. "فاشیزم"یان بە شەڕ و خەباتێک دەزانی و ناونیشانێک کە "هیتلەر" بۆ پەیامەکەی خۆی هەڵیبژارد بوو، واتا "خەباتی من"، پڕمانا دەینوواند.

چەند توخمێک لە "فاشیزم" پەیوەست دەبوون بەیەکترەوە، کە زۆرجار تەنانەت پێش پەیدابوونی ئەو قوتابخانەیەش هەبوون. بەکوورتی نوێگەری "فاشیزم" ئەوەبوو، کە ئەو توخم و هۆکارانەی دەهۆنییەوە.

### کاردانەوەی (ناسیۆنالیست) ئاسا

پێویستە "فاشیزم" بەکاردانەوەی "ناسیۆنالیزم"ێک بزانین دژی سووکایەتی پێکردنێک، کە ڕیشەی لە شکست گرتووە. "ناسیۆنالیزم"ێک، کە سەبارەت بە بابەتەکە، بۆ خۆی برینداربووە، شکستیهێناوە و یان نیگەران وێنایدەکرد، تەنانەت لەلای فاتحەکانیش سەرهەڵدان و تووڕەیی و جۆشوخرۆشێک دژی تێکدانی سەرکەوتن،

ڕەوشتی ئەو حکومەتانە هەبوو کە بە باوەڕی لایەنگرانی ئـەو ڕێبـازە، دەسـتکەوتی فتوحاتیـان بـەبا دەدا، یـان دیسـانەوە بـەرەو ڕووی هەڕەشـەیەک دەوەسـتانەوە، کـە سێبەرێکی قوورسییان بەسـەر ئاسایش یان یەکپارچەیی نیشـتماندا دەکـرد. وەهـابوو، کـە "فاشـیزم" لایـەنگرانی مەرامەکـەی لـە وڵاتـانی شکسـتخوارد و دەدۆزییـەوە: لـە ئەڵمانیا ڕواڵەتی ناڕەزایی بوو بۆ فاتحان و دەستبارانیان کــە "بڕیــاری ئامرانــە" [لــە پەیماننامــەکانی تــەرکی دووژمنکاری شەڕی جیهانی یەکەم] بەزۆر بەسـەریدا بـە ڕەوایان زانیبوو. لەو وڵاتـە بـە ئەفسانەی خەنجەرێک لـە پەڕ و باڵیان دەدا، دەیانگووت: سوپای ئـەڵمانیا نەشکاوە، بـەڵکو لەپشـتەوە خەنجـەری خیانـەتی لێدرابوو، بڵاویـان دەکـــردەوە، کـــە کەینووبـــەین و دەســـتباری "سۆسیالیســـت"ەکان، "کۆمۆنیســـت"ەکان، یەهودییـــەکان لەگەڵ هاوپەیمانانی خۆرئاوا، ئەڵمانیای لە چەک داماڵیبوو. "فاشیست"ەکان، وەک "ناسیۆنالیست"ەکانی وشیار و گوێ لە زەنگ، بە کاردانەوەیەکی نیشانەیەک لە نیگەرانی ماوە، تایبەتمەنـدێتی خۆیـان دەنوانـد، درووشـمی "ئـەڵمانیا، ڕاپەڕە"! لە وڵاتانی دیکەش دەنگی دەدایەوە.

لای فاتحـانیش، کاتێـک کـە پییـانوابوو سـەرکەوتن بـۆ ئـەوان بـێ سـوودە و قوربـانی شۆڕشـگێڕەکان هـەموو ئـەوەی بەرهـەم نـەهێناوە، کـە ئارەزووییـان لـێ بـووە، بزووتنـــەوەی هاوشـــێوەی دەدۆزیینـــەوە. دەکرێـــت نەگونجاوی "فاشیزم"ی ئیتاڵیا لەگەڵ ڕێسا ناسراوەکانی سـەرکەوتووان، لەسـەر هـەمان ئاقـار بکەیتـەوە، ئیتاڵیـا

یەکێک بوو لە فاتحەکانی شەڕ، وڵاتەکەی فراوانکرد و بە خۆشحاڵییەوە دەستی بە زۆرێک لە بانگەشە، خواستی خۆی بەسەر وڵاتانی جیابووەوە لە نیشتمانی دایک گەیشت، بەڵام لەناخەوە هەستێکی وەهای نەبوو. مەترسی سووکایەتییانەی شکان "کاپورتو" [کە لە تشرینی یەکەم و تشرینی دووەمی 1917، فرۆکە شەڕکەرەکانی نەمسا_هەنگاریا و ئەڵمانیا، هێڵی بەرگری ئیتاڵیایان تێکشکاند و هێزەکانیان بەدیل گرتن] بەجێمابوو. ئەو وڵاتە هەستیدەکرد ڕەفتاری هاوپەیمانان لەگەڵی کەم نەبووە لە بێمتمانەیی، بێباکی و دیکتاتۆری.

"ڤیتوریو ئەمانوێلە ئۆرلاندۆ" (1860-1952)، سەرۆکی حکومەت، لە کۆنفرانسی ئاشتی "ڤێرسای" زۆر تووڕە بوو، گەڕایەوە بۆ ئیتاڵیا، بەڵام پشتکردنی لە کۆنفرانسی ئاشتی، چاوەڕوانییەکەی نەهێنایەدی، چونکە بە کشانە دواوەی ئیتاڵیا، سێ دەسەڵاتی گەورەی فاتحی شەڕی یەکەمی جیهانی لە باڵادەستیان بەسەر چارەنووسی ئەورووپا کەم نەکردەوە. "ئورلاندۆ" بەناچاری کورسی خۆی لە گفتوگۆی ئاشتی وەرگرتەوە. دەسەڵاتەکانی سەرکەوتوویی شەڕ لە بەشێک لە بابەتەکان بەپێچەوانەی ویستەکانی ئەو و بەرژەوەندی وڵاتەکەی چەند بڕیارێکیان دا. لە داوەری لەبارەی ناکۆکی ئیتاڵیا و یۆگسلاڤیا لەسەر "فیومە"، کە بەسەر کەنارەکانی "دالماسی"، هەڵکەوتوو لەسەر دەریای "ئەدریاتیک"، بوونە لایەنگری ئوگسلاڤیا. ئیتاڵیا میللەتی لاو بە یەکگرتووییەکی نوێدا، قوربانی ناسیۆنالیستی

جڵەوپســـاو بـــوو. هــــەر لــــەوڕووەوە تـــوانی ببێتـــە کوشــتارگەیەکی پــەروەردەکردن و دۆخێکــی لــەبار بــۆ گەشەکردن و پشکووتنی خوێندنەوەی ئیتاڵی بۆ "فاشیزم".

لێکۆڵینــەوەی قــووڵ لــە پێگــەی کۆمەڵایــەتی "فاشــیزم"، بەرئـەنجامی ڕیشـەگرتوو لـە لێکۆڵینـەوەی جوگرافییەکـەی پشتڕاستدەکاتەوە، ئەنجومەن و دامەزراوە گەلێک بوونەتـە تەکیـەگای "فاشـیزم"، کـە بـە سـەودای سروشـتی خـۆی، لەسـەر پانتـایی داب و نـەریت، پارێزەرانی بـاوی هەسـتی ناسـیۆنالیزم و سەرسـەختترین ئـاڵا هــەڵگرانی گــەورەی نیشتمان بوون. زۆرجار سوپا درێخی ناکات، لـە یارمـەتی دانـی ئـەو ڕێبـازە، یـان لانیکـەم سـەبارەت بـە "فاشـیزم"ی ئیتاڵیا، "ناسیۆنالیزم سۆسیالیزم"ی ئـەڵمانیا و هەندێکجار هاوشـیۆەی ئۆرگانــەکانی ڕاسـتگەرا توونـدڕەوەکان لــە فەرەنســـا، ڕەچـــاوی بێلایـــەنی هاوڕایانـــەی دەکـــرد. جەنگاوەرانی پیشووش بۆچوونێکیان هەبوو.

شــــەڕی یەکــــەمی جیهــــانی جۆرێــــک ســــتراکچەری کۆمەڵایەتی و سیاسی هێنـابووە کایـەوە، کـە پێشـتر کـەس نەیدەناســی (چونکــە تــا ئەوکاتــە شــەڕەکان ئەوەنــدە درێژەیان نەدەکێشا، یان کۆمەڵانی خەڵکیان بە ژمارەیەکی پێویســـت بـــۆ پەیوەنــدیکردن بـــە بانگەشـــەی خۆیـــان نەدەورووژانـد). سـازدانی دەیـان ملیـۆن پیـاوی شـەڕکەر لــەماوەی چوارســاڵ، هەســتێکی دەهێنایــەئاراوە، کــە لای زۆربــەیان پاڵیدەدایــە سروشــتی مــام ناوەنــدییەوە. ئــەو شەڕکەرانە خۆیان بە هەڵگری پەیامێک، بە ئـەرکی خۆیـان دەزانـی تـا بە وریاییـەوە ڕێگەنـەدەن قوربـانی هاوڕێیـانی

لەسەر زەوی کەوتوویان و ئازاری جودی ئەوان بەفیڕۆ بچێت، تێکبچێت. خەڵک لە وڵاتانی فاتح نیگەرانی ڕەچاوکردنی پەیماننامە و جێبەجێکردنی ناوەڕۆکەکانیان بوون، لە وڵاتانی ژێرکەوتوو، ئازار و هەستی نیشتمانی زامداربوو، سەریهەڵدابوو. بزووتنەوە کۆنەکانی شۆڕشگێڕان، کە بە ئاسانی سەریدەکێشایە سەرهەڵدانی شۆڕشگێڕانە، وەک چەند لقێک لە "فاشیزم" دوور دەکەوتنەوە و گەشەیان کرد. گۆڕانی چەند کەمپێکی توندڕەو بوو بەرەو ئەو پلەوپایەیە. ئەنجومەنەکانی "فاشۆ"ش بە پشکی خۆیان، یارمەتییەکی زۆری سەربازە دێرینەکانیان دەدا. لە کارەساتی کۆنەپەرستی ڕاستگەرایانەوە لە ئەڵمانیا، دەستە و تاقمی کڵاو خوزەی پۆڵایین - (*Stahlhelm*) – بەهاوڕایی پەیدابوون و بەهاوهەنگاویی، بەشێک لەڕێگای حزبی "ناسیۆنال سۆسیالیست"یان بڕی، ئەنجومەنی جەنگاوەرە دێرینەکان لە فەرەنسا، بوونە ڕێکخراوی گونجاو: خاچی ئاگر (*Croix-de-few*) بەم چەشنە بابەتی بوو.

بەم شێوەیە، "ناسیۆنالیزم" بەپێی تایبەتمەندییەکانی دەروونناسانە، لە سەربنەمای بڕوا و سۆسیۆلۆژیانەی خۆی، بووە یەکەمین توخم و ژێرخانی "فاشیزم".

### ئەنتی "پەرلەمانتاریزم"، ئەنتی "لیبرالیزم"

دووەمین توخمی پێکهێنەری "فاشیزم"، کاردانەوەی نەرێنی بەرامبەر بە دیموکراسی لە سەربنەمای نوێنەرایەتیی خەڵک لە پەرلەمان و فەلسەفەی لیبراڵی،

ئیلهام بەخشی ڕژێمە دیموکراسییەکان بوو، کە لە ئاکامی شەڕی یەکەمی جیهانی لە 1918، سەرکەوتن.

زۆرجار وڵاتە ژێرکەوتووەکان، شیکارکردنی کارایی دیموکراسی ئاوێتەی کاردانەوەی نیشتمان پەروەرانەی دژی شکستدەکەن، بە بەرپرسی دەزانن لەبەرامبەر بە ئاکام نەگەیشتنی خۆیان. "کۆماری وایمەر" لە ئەڵمانیا، لە ناخی شکستهاتەدەرەوە و ئەنجومەنی محافزکار لە هەمان ڕووەوە بە شایستەی سەرکۆنەکردنیان دەزانی، سەرەتا ئەو تاوانە لەچاوی بەشێک لە ڕای گشتی ئەڵمانیاش، پەڵەیەکی شەرمەزاری بوو بەناوچەوانی ڕژێمی وڵاتەوە، کە تا لەناوچوونی "کۆماری وایمەر" لە ساڵی 1933 شوێنەواری مایەوە.

لەو کۆمەڵگەیانە، کە پەیوەندی سەرچاوەی ڕژێمەکانیان لەگەڵ بارودۆخێک ئەوەندە بەرتەسک نەبوو، ڕیشەی لە فاکتەرە دەرەکییەکان گرتبوو، دیسانەوە کەسانێک لە دیموکراسی بەگومان بوون، کە سەودای گەورەیی و هێنانە ئارای یەکگرتوویی نیشتمانیان لە دڵیاندا پەروەردە دەکرد، چونکە ئەو ڕژێمەیان لە داکۆکیکردن لە ماف و بەرژەوەندییەکانی نیشتمان بە لاوازی دەبینی. ئەوان دیموکراسیان بە سیستمێکی فەرمانڕەوایی لاواز و بێ توانا وێنادەکرد، کە لە دەرەوە ئابڕووی چووە، لە ناوەوە لە تاوانکردن بێزار نییە. لەم ناوەدا، باوەڕبووان بە "فاشیزم"یش بەڵگەی قەیرانی دیموکراسی، نەگونجانی ستراکچەرە باوەکان لەگەڵ بابەتە نوێیەکان و پێداویستی نوێش دێننە پێش. ناکارایی

دامــەزراوە دیموکراســییەکانیش بــۆ خۆیــان بیــانووی بنەڕەتی بۆ بانگەشەی بنەماکانی بیروبۆچوونی فاشیستی دەڕەخسێنێت.

دیموکراســی بە چــاوی فاشیســتەکان، چ ڕیشــەگرتوو لـە شکست، یـان بێ توانـا لـە پاراستنی دەستکەوتەکانی ســـەرکەوتن، کـــەموکوورتی دروســـتکردنی نـــاکۆکی پەیوەست بەخۆی هـەبوو. بـە قسـەی ئـەوان ئـەو سیستمە لـەجیاتی هاوئاڕاسـتە، ئاوێتـەکردنی هـەموو تواناکـان بـۆ گەیشـتن بـە ئامـانجی هاوبـەش، نـاکۆکی دروسـتدەکرد و دەرفــەتی بــۆ لێکتــرازان و جیابوونــەوە و هەڵوەشــانەوە دەڕەخســـاند. شــەڕ و کێشـــەی "فاشســـت"ەکان دژی دیموکراســی سـکالای دژی ڕژێمــە سیاســییەکان تێکـەڵی بنەما حزبییەکان دەکرد.

ئەگــەر لەلایەنــە نەرێنییــەکانی "فاشــیزم" بــە دورنمــا ئەرێنییەکانیـــدا گوزەربکـــەین، پێویســـتە گـــوڕوتینی "فاشیسـتەکان" سـەبارەت بـە یـەکگرتوویی نیشـتمانی، لـە زەیین بگریین. ئەو شەیدابوونە بۆ ناسیۆنالیزم، لە بنـەمای تــەواوی بزووتنــەوەکانی هۆمــۆجین، لەگــەڵ "فاشــیزم"ی ئیتاڵیـا بەدەسـت دێنینـەوە، بــەڵام داوێنــی دژایــەتیکردنی "فاشـیزم" لەگـەڵ دیموکراسـی فراوان بـوو. بوونیادی ئـەو دژایەتیکردنە تەنها بەڵگەگەلێکی لەسەر بوونیادی دیفاکتۆ، یـان تێبینــی دەرفەتخوازانــە قـایم نــەدەکرد، بــەدخوڵقی و بـەدڕەفتاری "فاشـیزم" لەگـەڵ دیموکراسـی تـەنیا هـەر لـەو ڕووەوە نـەبوو، کـە ئەوسیستمە سسیاسییە ڕژێمـی بـەبێ توانــا دەزانـــی، بـــەڵکو پرەنســـیپ و بنەماگـــەلێک، کـــە

دیموکراسی بانگەشەی ئینتمای ئەوانی بەخۆی دەکرد، هەروەها ڕاستەوخۆ لە بەها و ڕێوڕەسم و ئایدیای ڕێبازی "فاشیزم" جیاوازبوو.

**دیموکراسیی کلاسیك تاکگەرایە**

دیموکراسی جەختدەکاتەوە، لە ئازادی تاك و تاك هەمیشە کراوەترین مەبەست و کۆتا ئایدیالی کۆمەڵگەی دیموکراسییە، دیموکراسی گەشە بەپارێزگاری لە ئازادی مرۆڤەکان و زامنکردنی مافەکانی تاك دەدات، بەڵام "فاشیزم" لەتێگەیشتنێکی ئاوەژوودا، لەگەڵ تاك پەروەریدا ناگونجێت. تاك لە مافەکانی تایبەت بەخۆی بەهرەمەند نییە، پێیوابوو تاکە مافێک بۆ ئەو هەر ئەوەیە، کە کۆمەڵ ئارەزوو دەکات دووبارە بیناسێتەوە. لەو ڕووەوە تاکە تایبەتمەندی بوونی خۆی، لە ڕادەستبوون بە خواستی گروپ و سەرکەوتن، لە تێکەڵکردنی خودێتی لە کۆمەڵگەدا دەدۆزێتەوە. "فاشیزم" لە گوڕوتین و پەلکێشکردن و بەرزی هەستێک کە تێفکرین، ژیان و ڕەوشتی هەمووان دەوروژێنێت، بەها کۆمەڵییەکان، دامەزراوە گشتییەکان، کۆمەڵگەی نیشتمانی بەرز دەنرخێنێت. بەشێک لە سەرکەوتن و توانای "فاشیزم" ڕیشەی لە ورەیەک دەگرت، کە بێجگە لە پەروەردەکردنی دیاردەی دەروونی گروپی یەکتا، لە هیچ کارێکی دیکە نەکۆڵێتەوە. "فاشیزم" دەڵێت بەسەرهاتی گەلی تەواوە، تەباوڕەبا بووە، درووشمی "ناسیۆنال سۆسیالیزم" لە ئەڵمانیا، "گەلێک بوو، "هەنگاونان بەیەکەوە" لە ناوەڕۆکی بانگەشەکانی

حزب، کە نمایەکەی لەڕێپێوانەکان، بەڕیز ڕۆیشتن و زنجیرەیەک لە داب و نەریتی تایفەیی دا دەردەکەوت.

بەوجۆرە یەکێک لە هەنگاوەکانی ئەو جۆرە ڕژێمانە، سڕینەوەی هەموو شتێک بوو، کە هۆکاری ناکۆکی بێت یان ڕەنگاڵەیی جێگیرکردووە. نەهێشتنی زۆرینەگەرایی، ئامانج و خەمییان بوو. بە ناچاری بۆ ڕزگاربوون لە نەیارانی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا، هەموو حزبە سیاسیی، هەروەها هەر جۆرە هاوپەیمانییەکی دەستەیی و کۆمەڵبەندی پیشەییان هەڵدەوەشاندەوە. ئاوەهابوو کە تاکە ڕێکخراوێک لە ڕژێمە فاشیستەکان، جێمتمانە و وەفادار بە ڕژێم و حزب، جێگەی فرەیی هۆگری یان لایەنگری کۆمەڵایەتی و سیاسی دەگرتەوە. نەدەبوایە هیچ هۆکارێکی دیکە لە بەرامبەر یەکگرتوویی گەل، درێژە بە ژیانی خۆی بدات، کە لە دەوری سەرۆک، حزب و ڕژێم کۆبۆتەوە، "فاشیزم" ڕێباز و ڕێچکەی گروپ بوو.

**دیموکراسی لیبراڵە**

"فاشیزم"، دژی لیبراڵ بوو. ئەو ئایدۆلۆژیایە دژی هەرجۆرە ئازادییەک، وەک ئازادی دەربڕینی هزر، ئازادی گوتن و بیستنی زارەکی یان نووسراو بوو، کە تێیدا ترسی لاوازبوونی دەسەڵاتی توانای فەرمانڕەوا بێت، دزە بکاتە گونجان و یەکپارچەیی گروپی ڕێکوپێکی نیشتمانییەوە. لە نیوەی یەکەمی ساڵی 1933، لە یەکەمین هەنگاوەکانی، کە گەیشتنی نازییەکانی بە حکومەتی ئاسانکرد و دەسەڵاتیانی پتەوکرد، سانسۆری

تــەواوی زانیارییــەکان، کــۆنترۆڵکردن و گــوێگرتن لــە تەلەڤۆن، چاودێری پۆلیسی، دەستگیرکردنی دیکتاتۆریانە، هـەروەها تـەمبێکردنێک بـوو، کـە دەزگـا سـەرکوتکەرەکان دەیانگرتەبــەر – بــەمانای ئــەوەی لــە ئــەڵمانیای "نــازی" ناویــان دەنــا "بــەزۆر گوێڕایــەڵ بــوون". لــە ئیتاڵیــای "فاشیست"، چوون بۆ دوورگەی "لی پاری"، لە ئەڵمانیا، کردنـەوەی کـەمپی کـاری زۆرەملێ لـە سـاڵی 1933، کـە ســەدان هــەزار کەســی زینــدانی تێکپەســتراویان تێــدا نیشتەجێ کردبوو، ئاماژەیەکی لە ڕەوشتی کەڵەگاییانەی هـەبوو. هاووڵاتیانی ئـەڵمانی دژی "نازیی"ەکان زۆر پێش چوونــەپاڵ و ملکــەچی و ژێردەســتبوونی وڵاتــانی دیکــە، "سۆسیالیســت"ەکان، "کاســۆلیک"ەکان،... بــۆ ئــەوان، بــۆ خۆیان یەکەمین دەستگیرکراوانی ئەو کەمپانە بوون.

بێگومــان هەنــدێک لــەو ڕژێمانــە ئەنجــومەنی لاواز و بێبنەمایان دادەمەزراند، بەڵام هیچ کەسێک بێجگە لە حزب لــە دەســەڵاتدا نوێنەرایــەتی نــەدەکردن. "ڕایشــتاخ" لــە ئەڵمانیای "نازی"، دەکرێت ژووری "فاشیست"ەکان، کۆمەڵە هەرەوەزییــەکان لــە ڕۆژگــاری فــەرمانڕەوایی "فاشــیزم"، بەســەر ئیتاڵیــادا وەک نموونــەی ئــەو جــۆرە ئەنجومەنانــە ئــەژمار بکــەی، کــە نــەک هەر ئــەرکی سەرشــان و بــاس و بیروڕایــان ئــاڵوگۆڕ دەکــرد، بــەڵکو ئۆباڵیــان بــۆ بڕیــاری فــەرمانڕەواکان دەکێشــا. کارنامەکــەیان بانگەشــەی لێدوان، وتــاری ســەرۆکانی ڕژێــم و پەســندکردن – کۆدەنــگ ــی ئەو بڕیارانە بوو، کە لـە دەرەوەی بازنـەی ئـەوان دەریان دەکــرد، تــەنیا بــۆ پاراســتنی ڕواڵــەتیان لەژێردەســتییدا، دەژیان.

**عەقڵگەرایی**

دیموکراسی، خۆی بە ڕژێمێکی ئاوەزکار دەنووان‌د. عەقلانیەت لە ستراتیج و ڕەفتار و پەیڕەوکردنە، لە بنەماکانی دیموکراسی سیاسیی، کە پشتدەبەستێت بە قەناعەتکردن بە هاوولاتییان و ڕووی قسەکردنی زیرەک و تێگەیشتنی ئەوانی هەیە، بەلام "فاشیزم" کاردانەوەی ڕۆشنبیری شەڕانگێزانەی تەواوی هێزی دوور لە عەقڵ، دەسەلاتی هەستەکان و کاردانەوەی سۆزدارییە بە ئاوەزکاری دیموکراسیی. "فاشیزم" بەناچاری ڕقخوازی غەریزی باردەهێنێت، ستایشی توانای جەستەیی و پشووی توندوتیژی دەکات.

گرنگی هێنانە سەر ستەیجی ڕواڵەتەکانی "فاشیزم"، هێمای دوورکەوتنەوە بوو لە عەقڵ. ڕێوڕەسمی تازە سەرهەڵدراو، شکۆ و مەزنی، هاوکات نامۆ بە ئیرادە و ورەی ستەیج ڕازاندنەوە هەڵدەستا، کە سروود خوێندنەوە و چراخانی و بەڕێز ڕۆیشتنی دەکردە، جێگرەوەی باس و تەکبیر و ڕاگۆڕینەوە و گفتوگۆی هاوولاتیان. دیقەتدان لە سازدانی ڕێوڕەسمی گەورە، ڕێپێوانی بەناوبانگ، سازدانی کۆنگرەی نۆرمبێرگ[2]... پێویستە لە هەمان ڕوانگەوە لێی بروانین. دەکرێت ئەو لایەنەی "فاشیزم" وەک تێژیانەوەی "ڕۆمانتیزم" لێی بڕوانین. ئەو توخمە لە تەواوی بنەماکانی بیروبۆچوونانەدا دیار بوو، کە خۆیان بە خودێتی سیمبولی ئیتالی دەزانی، لەو ڕژێمانەدا گەشەی دەکرد، کە بە هاوشێوەبوونی بە ئەو گەشەیدەکرد.

**"فاشیزم" کاردانەوەی باو نییە**

"فاشیزم"، نەیاری دیموکراسیی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندە خۆی بە هاوسەنگەری دووژمنانی دیموکراسی نەدەناساند. بەناچای پرسیاری دووەم ئەوەیە، کە ئایا "فاشیزم" کاردانەوەی ئاسان و سادەی، ڕیشەگرتوو لە محافزکاری باو، ڕاستگەرایی تەواویەتخوازی پشتبەستوو، بە گوێڕایەڵی و لە بەگژداچوونەوەی دیموکراسی ئەژمار دەکرا؟ وەڵام نەرێیە. "فاشیزم" خۆی بە شوناسی ئەو دووژمنە کۆنترەی دیموکراسی لیبراڵ، بە هاوبیرورِا نەدەزانی.

ناکۆکی نێوان "فاشیزم"، دژە شۆڕش [1789] بەتێگەیشتنی سەرەتایی قسە بەرچاوون، واتا جیاوازی ئەو ڕێبازە، لەگەڵ لایەنگرییەکی زۆر لەڕادەبەدەر دەنوێنێت، کە لە سەدەی نۆزدەیەم شەڕی هەڵدەگیرساند تادەستکەوتەکانی شۆڕشی فەرەنسا بسڕێتەوە، ورە و ئیرادەی شێوازمەند بۆ مەبەست و نیاز بگێڕێتەوە، گێڕانەوەی ڕژێمی پێش شۆڕشی ئاشکرا دەکرد.

2- کۆبوونەوەی "ناسیۆنال - سۆسیالیست"، کە لە 1938 ساڵانە لە "نۆرمبێرگ"ی ئەڵمانیا سازدەدرا. لەکاتی بەدەسەڵات گەیشتنی "هیتلەر" لە ساڵی 1933، ئەو کۆنگرەیە لە کۆمەڵگەی گەورە، لوتبەرزی لەو شارەدا ڕێکدەخرا، ڕێوڕەسمەکەیان کردبووە ئامرازی بانگەشەی حزب.

"فاشیزم" بەشێوەی تایبەتی خۆی، لە پانتایی دیموکراسیدا سەریهەڵدا. ئەگەر شۆڕشی 1789 ڕووی

نەدەدا، دەسەڵات لە پادشاوە بۆ کۆمەڵانی خەڵک دەرباز نەببوو، سەرهەڵدانی "فاشیزم"یش گریمانەکردن نەبوو. "فاشیزم" داواکاری باڵادەستی نیشتمانی بوو. هەرچەند بێگومان ئەو دەی کردە بوونیادی بەڵگە بۆ قسەکانی، بەڵام پێویستی پێبوو. ڕژێمی فەرمانڕەوا پێش شۆڕشی فەڕەنسا، لە ڕێسای ئاسایی، لە پانتایی نەریت و عورفدا، پاساوی بەردەوام و مانەوەی خۆی، لە ڕابردوودا دەدۆزییەوە. ئەو پێشینەیانە هیچ جۆرە پەیوەندییەکی بەو هەقانیەتەوە نەبوو، کە "فاشیزم" لەسەر خۆی دەناسی.

دەکرێت هەندێک خزمایەتی لەنێوان "فاشیزم" و دیموکراسییدا ببینیت. هەم ئەم، هەم ئەو کۆمەڵانی خەڵک بەسەرچاوەی شوێنی مانەوەی خۆیان ئەژمار دەکرد و ڕاوێژیان پێدەکردن، پێگەی ڕاپرسی لە ڕژێمی "هیتلەر"دا، لە فۆڕمی نەخێر یان بەڵێی پێشنیارەکان ڕیشەی لە هەمان بۆچوون دەگرت. سیستمی فاشیستی ڕواڵەتی هەڵبژاردن ئاسای جێگیر دەکرد. ئەوەی ناویان دەنا "بنەمای پێشەوا"، واتا بنەمایەک، کە بەهۆیەوە "پێشەوا" دەسەڵاتی خۆی بەپێسپێردراو دەنواند، کە خەڵک پێیان سپاردبوو دروست بەو متمانەیە، بە بناغە و بنەمای قبوڵکراوی ئەو ئەژمار دەکران، ئەو قبوڵکراوی خۆی نەک لە سەرچاوەیەکی دیکە، بەڵکو لە چانس و بەختی جەماوەری خەڵک وەردەگرت.

بە پەڕینەوە لە بنەما تیۆرییەکان بۆ ئاسمانی کردەکی سیاسەت، جیاکاری دیکەش لەنێوان دژە شۆڕش و ڕێبازەکانی "فاشیزم"دا دەدۆزینەوە. هەموو بەرنامەکانی

فاشیستی نیازێکیان لەبواری دابینکردنی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی دەردەبڕی، بەتۆنێکی یەکسانخوازانە باسی دادپەروەری کۆمەڵایەتییان دەکرد، لانیکەم لە قسەدا بەجۆرێک لەدژی سەرمایەداری دەجوڵانەوە، هەوڵیاندەدا لیبراڵیزمی ئابووریی سنووردار بکەن، خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی ڕیفۆرم بکەن، کە لە هەر وڵاتێک ناوێکی تایبەتی خۆی هەبوو. لە ئیتاڵیا ناویان دەنا "دوپو لاورو" (کاتەکانی دوای کار)، لە ئەڵمانیا "هێز بەدلۆڤانی خۆشی"، "فلانژ"ەکانی ئیسپانیا لێبڕاوبوون، تا ڕژێمێک بەناوی "ناسیۆنال سەندیکالیست" دابمەزرێنن. لەبری هاوپەیمانی لە درووشمە سیاسییەکانیاندا، ئاماژەیەکی لە ترسی ڕێوشوێنی کۆمەڵایەتی نوێخوازیگەرێتری سیاسەتی کۆمەڵایەتی باو هەبوو.

ئەگەر ڕژێمەکان بەگوێرەی جۆرەکانی ستراکچەری کۆمەڵایەتی پۆلێنبکەین، کە لەودا سەرهەڵدەدەن و لەگەڵیدا دەگونجێن، "فاشیزم" زیاتر ڕژێمێکی گونجاوبوو لەگەڵ کۆمەڵگەی پیشەسازی تا کشتوکاڵی، ئێستا کە، لە پێگەی هەڵسەنگاندن، ڕەوتی دژە شۆڕشگێڕی فەرەنسا ڕوانگەیەکی دێهاتیانەتری هەبوو هەتا پیشەسازی.

سێیەم کۆمەڵە لەڕووی لێکجیابوونەوەوە، کە جۆرەکانی قووتابخانەی "فاشیزم"ی لەکۆنەپەرست جیادەکردەوە، بواری سۆسیۆلۆژی ناسی، هەویری کەسایەتییەکان، تایبەتمەندی پارێزەران و تەنانەت ڕەگەزی خودی سەرۆکەکان بوو. سەرۆکانی شۆڕشگێڕ، بەگشتی لەناو خانەدانی باو، ئەریستۆکراسی میراتی و

ڕەگەزەکان ڕیشەیان دەگرت. لە یەکەکانی "فاشیستی"دا هیچکام لەو چینانە بوونیان نەبوو. "مۆسۆلینی" و "هیتلەر" هیچکامیان پەیوەست نەبوون بەتایفەیەکی کۆمەڵایەتی تایبەتییەوە. هەردووکیان لەناو کۆمەڵانی خەڵکەوە هاتبوون. لەنێوان سەرۆکانی "فاشیزم" میراتگرانی ئەوتۆمان لە خانەدانانی گەورە و سەرناس نەدەبینی، زۆربەی پیاوانی خۆڕاگربوون، کە پێشینەی سیاسیان زیاتر لەناو چەپگەراکان دابوو. "مۆۆسۆلینی" پێش ئەوەی ببێتە سەرکردەیەکی "فاشیزم"، لە بازنەی "سۆسیالیزم"ی شۆڕشگێڕیدا خەباتی کردبوو. ئەو تایبەتمەندییانەی، کە دەربارەی سەرۆکانی ڕاسترەو دەهات، لەناو پەیوەندیکاران بە"فاشیزم"یشەوە کەم دیارنەبوو. زۆربەی خەباتگێڕانی بازنەی "فشو"، "ئێس ئای"، "ئێس ئێس" لە ڕەگەزی خانەدانانی باو یان بۆرژوازی گەورەوە، نەهاتبوون. دەکرێت لە ڕیزەکانیاندا کەوتنەدەرەوەیەکی زۆر لە چینە کۆمەڵایەتییەکانیاندا بدۆزێتەوە، ئەو شۆڕشگێڕانەی پێشووی مۆڵەت پێدراو، کە شەقامی شارەکانیان دەپێوا، لاوانی کۆنەپەرست لە پیشە و کار، بێکارانێک، کە لە کارگەکان دەرکرابوون، کۆی تەواو لە کارمەندانی حکومەتی لادراو بۆ پەراوێزی چوارچێوەکان، دارودەستەی شەڕانگێزان.

"فاشیزم" یان لانیکەم شەپۆلی یەکەم، ناوکی سەرەتاییەکەی وەک ڕواڵەتی سەربزێوویکردن، کاردانەوەی نارەزاییانەی کەسانێک ڕووی دەنواند، کە کۆمەڵگەیەکەی دیکەیان لەخۆیدا قبوڵ نەدەکرد یان

توانایـــان بـــۆ تواندنـــەوەی لـــە چوارچێـــوەی بـــاودا نەدەدۆزییـــەوە، "هیتلـەر" لەسـاڵی 1918 بابـەتێکی وەهـا بوو.

لـە ئـەڵمانیا ئەوەندەی پێنـەچوو، کـە شـەپۆلی دووەمـی کەسـانێک چووەنـاو ئەو شـەپۆلی یەکەمـەوە، کـە بـە پێچەوانەی خاوەن پیشەکان و بەهرەمەندبوون، لە پێگـەی کۆمەڵایـەتی، بـەڵام قـەیرانی ئـابووری لـە دەسـتکەوتەکانی خۆیان بێبەشی کردوون، لەنەکاو لەستراکچەری دەروونی و سیاسـی بەرفـەرمان جێیکردبـووەوە. بەم شـێوەیە، قـــەیرانی گـــەورەی ســـاڵی 1929 کاریگـــەری چارەنووسســـازی بەســـەر لوتکـــە گرتنـــی "ناســـیۆنال سۆســـیالیزم"، بزووتنـــەوەکانی هاوشـــێوەیەوە هەبـــوو. هەرچەند قەیران خۆی لەخۆیدا پشکی لە سەرهەڵدانی ئـەو بزووتنـــەوە کۆمەڵایەتیانـــەدا نـــەبوو – ڕەوتـــی ڕووداوەکانیانی جێگیرکرد–، بـەڵام جـەماوەرێکی فەراهـەم دەهێنـا، کـە کـەمیان هـەبوو. قـەیرانی گـەورەی ئـابووری بەخســتنەخوارەوەی ملیۆنــان وردە بــۆرژوا، کارمەنــد و کرێکـاری سەرلێشـێواو و دەسـت بـەتاڵ و ڕۆژە ڕەش، ژمـارەی ئەنـدامانی حـزب و لایـەنگرانی "ناسیۆنالیسـت سۆسیالیسـت"ی زیـاد دەکـرد. پـارێزەرانی بزووتنـەوە فاشیستەکان جیاوازییەکی زۆریان هـەبوو لەگـەڵ ئەوانەی پەیوەندییان بە حزبە باوەکانەوە دەکرد.

هەرچەنـد فەلسـەفەی "فاشـیزم" یەکسـانخواز نـەبوو، گـەرچی فەلسـەفەی دەسـتەبژێرانی باوەڕیـانوابوو، کـە کەمینەیـەک لـە پیاوانیـان بانگهێشـت کـردووە، تـا پـەیامی

سەرۆکایەتیکردنی ئەوانی دیکە بخەنە سەرشان، بەڵام هەر ئەو بانگهێشتکراو و دەرکێشراوەکانی "فاشیزم"، هەمان کارامەکانی باو نەبوون، کە لە بەرهەمهێنان و شوێن و خوێندنی خۆیان جیابووبنەوە، دەستەبژێرانی نوێ بوون، قاڵبووەوە لە کورەی حزبدا، ئەو کادیرانەی کە خەباتگێڕی، ڕێسا و دیسپلین، گوێڕایەڵی بێکۆت و مەرج بە سەرۆک، گوێڕایەڵی تەواو لە بڕیارەکانی حزب، ناسراو و بەناوبانگی کردبوو.

دوا توخم، سێ ڕووی سەرەتایی تەواو دەکات، کە پێشتر هێنامانەگۆڕێ، ئەو جیاوازییە ماوەی نێوان بزووتنەوە فاشیستەکان لەلایەک و دواکەوتوویی، سیستمی پێش شۆڕش، یان ڕژێمی دووبارە دامەزراوی پادشایی دوای شۆڕشی فەرەنسا لەلایەکەی دیکەوە بوو، ئەو لێکجیابوونەوەیە ئەو خاڵە ڕووندەکاتەوە، کە کاتێک هەندێک لە چەپگەرایان وایان نیشاندەدا، کە لە "فاشیزم"دا ناتووانی هیچ شتێکی دیکە ببینی بێجگە لە دەربڕینی مۆدێرنی باو، تا کوێ لە دیاریکردنی سروشتی ئەو دیاردەیە هەڵەیان دەکرد.

**توخمی چوارەم،** ماهیەتی ئەو پەیوەندییانە نیشاندەدات، کە هۆگری نەریت و عورف بوون و بەپێی بارودۆخی نێوان بزووتنەوە فاشیستەکان، بەشێک لە خەڵک دەردەکەون. لە ئیتاڵیا، ئەڵمانیا، ئیسپانیا، ئەوروپای کەناری دانوب، پەیوەندییەکانی نێوان دەزگاکانی حزبی فاشیست و ئەو چینانە هەوراز و نشێووی پڕمەترسییان هەبوو، کە ڕابەرایەتییان دەکرد.

له سەرەتادا و مادام بزووتنەوە فاشیستییەکان کەمینە بوون، نەگونجانێکی ئەوتۆ لەو پەیوەندییانەدا بەرچاو نەدەکەوت. ڕابەران بەڵێنی هێنانەدی ئارەزووەکانیان دەخستەسەر شانی خۆیان، تا کۆسپ لە بەردەم پشێوییە شۆڕشگێڕییەکان درووستبکەن. لە ئیتاڵیا، خاوەن زەوییەکان بە سەودای جڵەوکردنی ڕاپەڕینی جووتیاران لە پشتبەستن بە تۆڕەکانی "فاشیست"ی نادڵخۆش نەبوون، لە ئەڵمانیا، هەڵسووڕاوانی گەورە "ڕوهەر" یارمەتی داراییان بە "هیتلەر" دەگەیاند، فەرماندەی گشتی "ڕایش" (Reichwehr) بۆ شەڕکردن دژی شۆڕشی کۆمۆنیستی، هیوایان بە حزبی "سۆسیال دیموکرات" بەستبوو. لەو ڕووەوە ئەگەرچی ڕێپێوانی نێوان هەندێک چینی کۆمەڵایەتی و "فاشیزم" بوونی هەبوو، بەڵام پەیوەندییە نارێکەکانیش هەروەک مابووەوە. چینی فەرمانڕەوا و حزبەکانی خوازیاری ڕێسای "فاشیزم"یان، وەک ئامرازێک بەخزمەت وەردەگرت. محافزکاران ڕوویەکیان دەخستە بەردەم ئەوان، وابەستەکان بەهەمان محافزکاران دەنگیان بە "فاشیست" یان "ناسیۆنال سۆسیالیست" دەدا، بەڵام وردە وردە بەهاوتەریبی گەشەی بزووتنەوەکانی دیکتاتۆری و زۆربڵێی سروشتی پەیوەندییەکانیش دەگۆڕا، ئەوەندە، کە کەم و زۆر سەریدەکێشایە پچڕانی ئەو پەیوەندییانە. پێشکەوتنی "فاشیست"ەکان، چینی باڵادەستی نیگەران دەکرد، چونکە بەرهەمی دەسەڵات وەرگرتنی ئەوان دەستبەجێ نەبوو، کە فەرمانڕەوایان دەیانوویست. فەرمانڕەواکان هیوایان بە

دامەزراندنی ڕژێمی محافزکار بەستبوو، نەک بەهێنانەکایەوەی دەسەڵاتی ستەمکار، کە هەندێکجار تا ئەو شوێنە بەرەو پێشیان دەبرد، کە دەستیان بە پێشکەوتن گەلێک دەگەیشت، کە زیانی بە بەرژەوەندییەکانیانی دەگەیاند، یان بیروباوەڕیانی پێشێل دەکرد. پابەندی جڵەو بەدەستان بەڕەچاوکردنی یاسا هێندەبوو، کە دەستدرێژیکردنی ئازادانەی ڕژێمەکانی ئەو جۆرە بە سیستمی دادوەری و گاڵتەپێکردنی چۆک دابدەن. هەندێکجار پەیوەندی شەخسی بێباکانە سەریدەکێشایە مەترسییەوە، وەک پەیوەندی "ڤیکتۆر ئەمانوێل" سێیەم بە "دوچە" یان پەیوەندییەکانی "مارشاڵ هیندنبۆرگ" سەرۆک کۆماری "ڤایمار" بە هەموو، کە هەرچەند بۆ خۆی لە ڕۆژی 30ی حوزەیرانی 1933 بووە سەرۆک کۆمار، بەڵام بەچاوی سووکایەتیی لێیدەڕوانی، پێیخۆش بوو ناوی بنێت "سەردەستەی بوەهمی". پەیوەندییەکانی دەسەڵاتدار و ڕژێمی نوێ، پەیوەندی خانەدانی میراتیی و کادیری حزبەکان، وردە وردە سەریدەکێشایە کێشمەکێشەوە. جێگەی خۆیەتی، کە ڕێژەیەکی بەرزی ناوی خانەدانە بەناوبانگەکان لەنێو پیلانگێڕان دەدۆزرێتەوە، کە لە ڕۆژی 20ی حوزەیرانی 1944 بە هیوای ڕزگاربوون لە شەڕی "هیتلەر"، دەیانوویست ئەڵمانیا لە سێبەری قوورسی سەردەمی ترسناکی نەجات بدەن، کە ئەو هێنابوویە ئاراوە.

هەندێکجار بەرکەوتی نێوان سوپای سادە و میلشیاکانی حزب، سەری دەکێشایە تەقەکردن، لە

یەکتری. بۆ هێنانەدی ویستی پێداگرانە "ڕایش ڤیر" بوو کە "هیـتلەر" لە ڕۆژی 30ی حـوزەیرانی 1934 کۆمەڵکـوژی سـەد کەسـێک لەیـاوەرانی خـۆی، لە ڕووداوی ناسـراو بە "شـــەوە دورووودرێژەکـــانی ســـەما" خســـتەگەڕ. دوای ئەوەبـوو، کە سـوپا بە قینخـوازی هەسـتا "ڕایـش ڤیـر"ی تەمبێکرد. پاشان ئەو دامەزراوەیە بۆ "ورماخت" گۆڕا، کە تەنها ناوەکەی نەگۆڕا، بەڵکو ماهیەتەکەیشی تا ئەو شوێنە گۆڕانی بەسـەرداهات، کە هاوسـەنگی هێزی هەڵگێڕایەوە، ئیدی سوپا فەرمانی بەسـەر حزبدا نەدەکرد، بەڵکو حزب بەسـەر سـوپادا باڵادەسـت بـوو. لەو ڕوانگەیەوە بنیاتنـانی سـەلام قـووتی سـەربازی لە یەکەکـانی سـوپادا، گەرچـی تەنیـا ڕەونەقـی هێمـاییی هەبـوو، بەڵام بە ئاشـکرا بە گەشـەی گـۆڕان، لە پەیوەنـدییەکانیش ئەژمـار دەکـرا. هەر بەو ئاقـارە پەیوەنـدییەکانی نێـوان دامەزراوەی کڵێسـا و ڕژێمە فاشیستەکانیش زۆرجار دووژمنکارانە بـوو، گـرژی و کێشمەکێشـی لێـدەکەوتەوە. بەو شـێوەیە بە یەکسـان زانینـی "فاشـیزم" لەگەڵ دواکەوتـوویی و ڕاسـتگەرایی محافزەکاریش، شیکردنەوەی دروست بێ توانا بوو.

**ئایا "فاشیزم" هێندە لە "کۆمۆنیزم" دەچێت؟**

پێشـتر ئامـاژەم بە لایەنگـری چەنـدین سۆسـیۆلۆژی ئەمەریکـی کردبـوو، کە "کۆمـۆنیزم" و "فاشـیزم"یان وەک لقـی دووانەی دیـاردەیەک دەنوێنێـت، لێـدانی مـۆری یەکسـانی "تۆتالیتـاریزم" لە هەردووکیانـدا پەسـند دەکەن. بەدڵنیـاییەوە هاوشـێوەیی نێـوان ئەو دووانە کەم نیـیە.

هاوشێوەییان لە شێوەی فەرمانڕەوایی، لەنێوان سەردەمی ترسناک، کە "ستالین" سێبەری قوورسی بەسەر یەکێتی جەماوەری سۆڤێتدا کردبوو، پرۆسەی پۆلیسی کە "هیتلەر" بەکاری دەهێنا، بەرچاوون. هەربەو جۆرە لە ستراکچەرەکان، بەگوێڕایەڵی هەموو دامەزراوە ئاساییەکانی یاسایی لە حزب، هاوشێوە بوون. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو دوو ڕژێمە لە سەدەی بیستەم، هەر ئەو هاوشێوەیە بووە. نە سەربەخۆیی فەرمانڕەوایەتی و نە بێلایەنی لە ڕژێمە "فاشیست"ەکان لەلایەک "کۆمۆنیست" لە لایەکەی دیکەیەوە جێگیر بوو. حزب دەستی بەسەر حکومەتدا گرتبوو. لەگەڵ ئەوەشدا گەرچی بەدڵنیاییەوە دەتوانی چەند هاوشێوەییەک لەنێوان ئەو دوو ڕێبازەدا دەربکێشێتە دەرەوە، بەڵام ئەو هاوشێوەییانە لە دیواری دەرەوەدا دەمێننەوە، لەو ڕووەوە کاردانەوەیەکی ئەوتۆ نییە، لە ماهیەتی قووڵی ئەو دوو قووتابخانەیە، بەڵکو ڕیشە لە پرۆسە و ڕەفتار و فۆڕم و ڕواڵەتی ڕژێمەکاندا، لەسەر بنەمای سیستمی بیروباوەڕی ئەو دووانە هەبوو.

هەرچەند لە سەرچاوەکانی ئیلهامی هەردووکیان بکۆڵینەوە، ئاوڕ لە ئایدۆلۆژیای هەردوو قووتابخانەکە بدەینەوە، ناکۆکی بەرچاو و تەنانەت لێکدژییەک لەئامانج و تیۆرەکانیان دەدۆزینەوە. "مارکسیزم لینینیزم" جەخت لە جیهانگری شەڕی چینایەتی دەکاتەوە، "فاشیزم" نیازی لەناوبردنی ئەو شەڕەی هەیە. بە قسەی "فاشیست"ەکان، ناکۆکی چینایەتی لە پێداچوونەوەی یەکگرتوویی نیشتمانی لە خەونێک زیاتر نەبوو.

"مارکسیزم لینینیزم" گەشەی بە بۆچوونی جیهاندا، تیۆرەکەی بەهرەمەند لە بەهای جیهانگر، "ئەنتەرناسیۆنالیزم" ئیلهام بەخشیەتی. "فاشیزم" ترسێکی ئەوتۆی لە وەرچەرخانی سەرتاسەری تۆپی زەوی نییە، بۆ بنەما و بەهاکانی خۆی. ڕێک لەو ڕووەوە کە دیموکراسی پەرلەمانی بەچاوی دوژمنانی ئاماژەیەکی لە لاوازی هەیە، [نەیارانی دیموکراسی وەک "فاشیست"ەکان] چاودێری ئەوەیان دەکرد، تا هیچ کەسێک تێنەگات کە ئەو سیستمە لە خاڵی بەهێزیش بەهرەمەندە.

"فاشیزم" سەرکەوتن، ناکۆکی پەروەردە دەکات، نەک تەنیا دژی "ئەنتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاریایە"، بەڵکو دووژمنی هەرجۆرە "ئەنتەرناسیۆنالیزم"ێک بوو. ئەو قووتابخانەیە هەموو پەیوەندییەکانی دەپچڕاند، کە لەچوارچێوەی سنوورەکانی نیشتمانی تێپەڕبن، چ "ئەنتەرناسیۆنالیزم"ی سووری پرۆلیتاریای کۆمۆنیستی، چ "سۆسیال دیموکراسی"، یان "سەندەکالیزم"، بەڵام هەر بەو ئاڕاستەیە "ئەنتەرناسیۆنالیزم"ی سەرمایەداری دارایی "بێ ناونیشان و بەرەڵڵا"، هەروەها "ئەنتەرناسیۆنالیزم"ی ڕەشی کڵێسا نەدەچووە ژوورەوە، کە "ئەنتەرناسیۆنالیزمی کاسۆلیک"ی ڕۆمایان بە سەرکردە و جیهانیترینیان دەزانی.

"فاشیزم" ستایشی شکۆی میللەتی دەکرد، تامەزرۆی باڵادەستی نەژادێک یان گەلێک بەسەر ئەوانی دیکەوە بوو. بەڕێککەوت سەردەمێک هەر ئەو "ناسیۆنالیزم"ە، بە گەشەیەکی جڵەوپچڕاوی، ڕێگەی نەدەدا تا

قووتابخانەکـانی "فاشـیزم"، بە نزیکـایەتی نێـوان خۆیـان بزانن و بەناچاری تێگەیشـتن و خـانەدانی ئەڵمانیـا "نـازی"، ئیتاڵیـای "فاشیسـت"ی لە هاوشـێوەیی ڕژێمەکـانی خـۆی و هاوپەیوەســـتی بـــابەتی سیاســـەتەکانی دواخســـت، کە هەریەک بەجیـا گرتبـوویەبەر. پێویسـت بـوو ئەنجـامی شــەڕی حەبەشــە ئاشــکرابێت و هەردووکیـان لێکنزیـک بکـاتەوە، بە بانگەشــەی هاوبەشــی ببێـتە ڕابەر، کە لە دوا تێڕوانین بە ڕابردوو، پێشتر بەتوانای دەنواند.

بەم جــۆرە، دەتــوانی بەباشــی ببینــی، کە "فاشــیزم" دیاردەیەکی نوێیە، بۆ هیچ کام لە چەمکەکانی محافزکاری بــاو، "کۆمــۆنیزم" و یــان دیموکراســی، کەم نــاکرێتەوە. هەڵبەتە دەکرێت پێشـینەی نزیک بە هەسـتان وەرگرەکـانی ئەو ڕێبازە، لە ڕابردووی دوور یان نزیک ئەژمـار بکەی، بەڵام پێکهاتەی ئەو قووتابخـانەیە نـوێ بـوو، لە بنەڕەتەوە تەواوی ئەزموونەکــانی پــێش خــۆی، هەمــوو ڕەوتە فکرییەکانی سـەدەی هەژدەیەم و سـەدەی نۆزدەیەمی جیـا دەکردەوە.

## جۆرەکانی نەتەوە

ئەو بـوارە نـوێ، هـاوبەش و پسـپۆڕییە، کە لە تەواوی بزووتنەوەکــــانی "فاشیســــت"دا بەرچاودەکەوێــــت، بەڵام بەسـەر ئەو جەسـتەیە، تایبەتمەنـدێتی تـایبەتی، ناسـێنەری زۆربەی بەشــــە نەتەوەییەکانیشــــی، تێکچڕژاوبــــوو. ئەو تایبەتمەندییانەش پەیوەنـدییان بە ڕابـردووی هەر وڵاتێکی لایەنگـری مەرامـی "فاشـیزم"، هەم بە خـودی تیـۆری ئەو قوتابخانەیەوە هەبوو.

### تایبەتمەندێتیی ڕیشەگرتوو لە ڕابردووەوە

"فاشیزم" لە ئیتاڵیا، گەورەی ڕۆمای بەرز دەنرخاند، بەرزڕاگرتن کە خەسڵەتی تایبەتی ئیتاڵیا بوو، واتا هەمان ترسی بەیەکەوەبەستنەوەی سەردەمی هاوچەرخ بوو، بەشکۆی ئیمپراتۆریەتی ڕۆما لەو دیوو دالآنە تاریکەکانی سەدەکان. ژیانەوە، بینا مێژووییەکانی سەردەمی کۆن، کنەی شوێنەوارناسی لە "فوروم"، هەڵکەندنێکی زۆر بەئامانجی نیشاندانی شکۆی ڕێڕەوێک، کە لەساڵی 1936 ناوی لێنرا "شوێنی تێپەڕبوونی ئیمپراتۆر"، هەر بەو ناوەوە، کەلەپووری ئیمپراتۆری ڕۆمای کۆن، دەستکەوتەکانی ئیمپراتۆری ئەفەریقیای ڕۆژهەلاتی ئیتاڵیای بەیەکەوە دەبەستەوە. "فاشیزم"ی ئیتاڵیا لە بانگەشەی خۆی پێگەیەکی فراوانی بۆ هاودەنگی ناوەڕۆکەکانی وەک "ڕۆم" یان دەسەلاتی یاسا، بلیمەتی شارستانی ڕۆما کردبووەوە، کە چەمکەکانی وەک مافەکان، حکومەت و شارستانییەتی نوێگەری داهێناوە.

### تایبەتمەندیی ڕیشەگرتوو لە بنەماکانی بیروبۆچوونەوە

"فاشیزم"ی ئەڵمانیا باشتر لە بزووتنەوەکانی دیکە، ئەو ڕێبازە نیشاندەری ئەوەبوو، کە لقە ڕوواوەکانی بزووتنەوە جۆراوجۆرەکان لەسەر قەدی تاقە دارێک، تاچەند لەیەکتری جیاوازبوون. "ناسیۆنال سۆسیالیزم"، کۆمەڵێکی تەواوی لە میراتی ڕێبازەکان و داب و نەریتەکانی بەپێی خۆی دەنووسی. ئەستەم نییە کە خزمایەتی ئەو دەستەیە بەچەندیین نەریت نیشان بدات، نەریتی نەمسایی حزبی کۆمەلایەتی مەسیحی، کە سامی کێشمەکێش و دژی جولەکە بوو، جۆرێک هۆگری بۆ

"سۆسیالیزم" هەبوو، نەریتی "پۆست جێرمانیزم"ی سەردەمی "گیومی" دووەم، بەڵام "هیتلەر" بەنۆرە خۆی تۆخمی نوێی نەژادپەستی وەک خەونێک بەسەریدا کێشابوو. تیۆرێک کە بانگەشەی زانستی بوونیشی هەبوو، نایەکسانی نەژادەکانی وەک گریمانەی پێشبینی دەکێشایەوە و جەختیدەکردەوە، کە تیرەیەک لە مرۆڤەکان لەسەرووی نەژادەکانی دیکەوەن، ئەرکی سەرشانیانە ژینگەی پاکی خۆیان بپارێزن. هەڵبەتەلە بەیەکەوەگرێدانی نەژادەکان، لەسەروبوونەوەی ئەو نەژادە ئاریایە بوو، میللەتی جێرمانی، کە ئەو تیرەیەی لە ماوەی نەوەی بەدوای یەکدا لەتێکەڵبوونی بە نەژادەکانی دیکەی پاراستووە.

ئەو بیروباوەڕە بوو، تەنیا پۆششێکی تازە نەبوو لەسەر چەمکی نیمچە زانستی، بەڵکو باوەڕ، ئایین و دۆگماییەک بوو، ئیلهام بەخشی سیاسەتی لەسەرپێ وەستاوی سیستمی دادوەری بوو، کە یاسا بەناوبانگەکەی "نۆرمبێرگ" بەڕواڵەت و پێشینەی ئەو ئەژمار دەکرا. سیستمێکی بەم شێوەیە جۆرێک بوونیادگەرایی نەژادی دەهێنایەئاراوە، بەهەنگاوی پێشگرانە یان سەرکوتکەرانەیی لە خۆبەدوورگرتن لە تێکەڵاوبوونی خوێنی نەژادەکان، کاری نابەجێی ئەنجام دەدا، هەمان ئەوەی کە سەریکێشایە کەمپەکانی کاری زۆرەملێی، بەناوی چارەسەری ناسراو بە دوایەمین یان لە ئەوپەڕی ئامانج، بە لەناوبردنی شەش ملیۆن جولەکە، نەژادکوژی، کوشتنی قەرەجەکان و بەقسەی "نازی"یەکان، نەژادی "نزم".

### 3- چارەنووسی جیاواز
### فاکتەرەکانی سەرکەوتن و شکستهێنان

دوا پرسـیاری ئێمـە پەیوەنـدی بـە چارەنووسـی ئـەو بزووتنەوانـەوە هەیـە، کـە ژمارەیـان زۆر بـوو، لـەنێوان ساڵەکانی(1929_1919)، کـەمتر دەتـوانی وڵاتێـک بدۆزیتەوە، کە تووشـی وەسوەسـەی "فاشـیزم" نـەبووبێت، بـەڵام هەنـدێک کەوتوونەتـە داویـەوە، ئـەوانی دیکـە بەپێوەدانی گیانیان بەخشـی. لاوازبوونی وڵاتـانی سـەرەتا، لەبەرامبـەر پەلکێشکردنی ئەو ڕێبازە، بۆچی دۆزینـەوەی هێزی بەرگری ئەوانی دیکە لە پێشگرتن لـە تەشـەنەکردنی لـەکوێوە دەهـات؟ هۆکـاری فرەجۆریـان دیـاری کـردووە، کـە هـەمووی یـەکگرتوویی و یـەک ئاڕاسـتە بـووە، هیچکامیش خۆی بەتەنیایی ئەوی دیکە ڕەتنەکردۆتەوە.

یەکـەمین تـوخم لـە دیـاریکردنی ئـەو ڕێبـازە، نەریتـە هزری و سیاسییە کۆنترەکانە. "فاشـیزم" لـە هـەر شـوێنێک توانیبـووی بـۆ نووسـەران، ڕێبازەکـان و ئـەو حزبانـەی بگێڕێتەوە، کە قۆناغەکانی بڕینی ئەو ڕێگایەی نیشانداوە، تـۆوی ڕوان و گەشـەکردنیان چانـدبوو، زەوییـەکی بەبڕشتیان دۆزییەوە. "ناسیۆنال سۆسیالیزم" لە ئەڵمانیا، خۆی متوربەی نەریتی "ناسیۆنالیزم"، "پۆست جێرمەنیزم"، بەگژداچوونـەوەی سـامی و دژایـەتیکردنی نەتـەوەی جولەکە کردبـوو. نـاوەڕۆکی "فرانکیـزم" لـە ئیسـپانیا، بـە ئوسـتورەی لوتبـەرزی سـەربە ئاسـمانی ئیسـپانیایی و میراتی سەدەی زێڕینی، پلانی هاوئاهـەنگ بوون. "فرانکۆ" خۆی بـە میراتگری خـاوەن مـافی پادشـاکانی کاسـۆلیکی

دەزانــی، کــە یــەکگرتوویی نیمچــە دوورگــەی "ئیبریــا"ی هێناوەتــــەئاراوە، گرنگـــی تابـــانی ئیســـپانیا و تیشـــکی درەوشاوەی شارستانییەکەی بەسـەر سەرانسـەری زەوی دا بڵاوکردبووەوە.

هۆکـاری دووەم، پێگـەی نێودەوڵـەتی وڵاتـان بـوو. لـە هــەر شــوێنێک هەســتی نەتــەوەیی شکســتێکی داخکــەری لەدڵەکان داوە، یان سروشتی تاکڕەوانە هاوکاتی پێشووی ســـەرکەوتن، وەک ڕەفتـــاری هاوپـــەیمانان لـــە ئیتاڵیـــا، ئـازارێکی ورووژانـدبوو، بوونـە پێشـوازیکەری "فاشـیزم". هەســـتی لـــەوجۆرە ڕێگـــەیان بـــۆ دەسیســـە و پیلانـــی فاشستەکان دەکردەوە، لەخۆیاندا پـەروەردەیان دەکـردن. جێگـەی سەرسـوڕمان نـەبوو، کـە ئـەو بزووتنەوانـە لـە بارودۆخێکی ئەوتۆدا زیاتر لە ئەڵمانیا شکستییان هێنـاوە، ئیتاڵیـای سـووکایەتی پێکـراو، وڵاتـانی کـەناری "دانـوب"، پـەلوپۆیانن هاویشـت، ئینگلیـز یـان فەرەنسـا لـە پێـوەدانی پارێزران.

سـێیەمین هۆکـار ڕەواجـی ئـەو دیاردەیـە، بـارودۆخی نـاوخۆیی و تێکچڕژانـی کۆمەڵایـەتی، پێشـهاتی قـەیرانی ئابووری بوو. لەبارەی ئاڵمانیاوە، پێویستە بە سیغەی کۆ باسی قەیران بکات، چونکە داوەستانی گەورەی (1929) وڵاتێکی تێکەوەپێچا، کە ئابوورییەکـەی، پێشتر، لـە سـاڵی 1923، بەدابـەزینی مـارک زیـانێکی زۆری بەرکـەوتبوو. وڵاتانێک باشتر لە بەرامبـەر ئـەو قەیرانـە بـەرگرییان کرد، کـە یـان وەک فەڕەنسـا لـە ئـابووری کـەمتر تێکشـکێنەر

سوودیان وەردەگرت، یان وەک وڵاتە یەکگرتووەکان زووتر قەیرانەکەیان تێپەڕاندبوو. ئەو وڵاتانە کەمتر گیرۆدەی تەشەنەسەندنی "فاشیزم" بوون.

دەکرێت لە پێوەرێکی فراواندا بگوترێت، پێویستە سەرکەوتنی "فاشیزم"، بەهاوتەریبی لە پەراوێزی قەیراندا هەڵبسەنگێنێت. لەو کۆمەڵگەیانەی کە قەیران لە ناخەوە ڕایچڵەکاندبوون، ملیۆنان کەس ئامادەبوون پێشوازی لەهەر بیروباوەڕێک بکەن، تاچانسی خۆیان لە دەرەوەی بارودۆخێکی سەخت تاقی بکەنەوە.

هۆکاری چوارەم، ترسناکی مەترسی "کۆمۆنیزم" بوو. "فاشیزم" بە کاردانەوەی بەرگری لە بەرامبەر دزەکردنی ئەو ئایدۆلۆژیایە ئەژمار دەکرا. هەرچەندی ئەو مەترسییە نزیکتر، کاردانەوەی توندتری دەورووژاند – ئەڵمانیا زیاتر، لە فەڕەنسا هەستی دەکرد ئەو مەترسییە لێی نزیکە. بەو جۆرە "ناسیۆنالیزم سۆسیالیزم" بە سەوداگەری ترس و تۆقینێک ڕاگەیشت، کە "کۆمۆنیزم" دەیخستە دڵی بۆرژوازی عاقڵ و میانڕەوەوە، گوندنشینان و چینی دەستڕۆیشتوو.

پێویستە لە کۆتاییدا، سەختییەکانی دیموکراسی بیربێنینەوە کە ژماردمانن. "فاشیزم" لەلایەک بەڵگاندنەکانی خۆی لە هەمان سەختی وەردەگرت، لەلایەکەی دیکەیەوە بە پەلوپۆهاویشتنی خۆی، کارایی دیموکراسی ئیفلیج دەکرد، ڕێوشوێن و کاردانەوەکانی دەخستە تەنگانەوە.

**ڕێبازەکانی "فاشیزم" و شەڕ**

لە ئاکامی تووێژینەوەی بنەماکانی بیروڕای فاشیستی، ڕژێمە ستەمکار و دیکتاتۆرەکانی ئەو سەردەمە، جێی خۆیەتی وەک پێشوو، باسی سەرەتایەکی شیکردنەوەی سەرچاوەی شەڕی دووەمی جیهانی ئەو پرسیارە بکەین، کە پشکی ڕێبازەکانی "فاشیزم" لە هەڵگیرساندنی ئاگری شەڕ و بەرپرسیێتییان لە دنەدانی دووژمنکارانە چەند بوو؟

شەڕ لە ئەورووپا هەڵگیرسا، کە تێیدا ڕێبازەکانی "فاشیزم"، بەفراوانی بڵاوبووەتەوە، هەندێک بە دەسەڵات گەیشتبوون. ئایا پێویستە وەک هاوسەردەمانی سادە لە سەرکەوتنی ئەوان، تێکهەڵچوونی ئاگری شەڕ بڕوانین، یان دەکرێت پەیوەندییەکانی هۆ و هۆکاریش لەنێوان ئەو دووانەدا بدۆزیتەوە؟ ئایا پەیوەندی لۆژیکی، ئاسایی، لەنێوان ماهیەتی ئەو ڕژێمانە و سیاسەتی دەرەوەی جەنگاوەرانە تێکگیرابوو؟ بەدیوێکی دیکەدا، ئایا سیاسەتی شەڕفرۆشانە، کە مەترسی گریمانەیی تێکهەڵچوونی شەڕی بۆ واقعیەتێکی بابەتی گۆڕی، لە خود و سروشتی "فاشیزم" ڕیشەی دەگرت؟

لەوانەیە پێویست بکات هەر بابەتێک بەجیا، لە ئەوی دیکە تاوتوێ بکرێت و بناسرێتەوە. ئەڵمانیا دەربارەی "ناسیۆنال سۆسیالیزم" سەر ڕاستانە وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە، جێیەکی ئەوتۆ بۆ گومان ناهێڵێتەوە، ئەو نیازە پێشوازی لە شەڕانگێزی دەکرد، چارەنووس بەناچاری شەڕی لەخۆیدا پەروەردە کردبوو، هەرچۆنێک

بێت بە دیاری دەیهێنا. دانەری "ژیانی من" وشە بە وشە پەیامی جەنگاوەری نووسیبوو. "هیتلەر"، حزبی "ناسیۆنال سۆسیالیزم" بە ئامانجی بالادەست بوون بەسەر جیهاندا، ڕەفتاری وەها بەناچاری ئەو بەرگریانە بورووژێنن پێشتر گرتبوویانەبەر، کە بێجگە لە پەنابردنەبەر شەڕ تەنانەت نەبینییان بۆ پەڕینەوە لە قەیران نەدەهێشتەوە. هەموو شتێک لە "ناسیۆنالیزم سۆسیالیزم"ی بۆ شەڕ دەبرد، شێوازی حکومەت لەناوەوە، ستراتیژیی هەڵبژێردراو لە سیاسەتی دەرەوە، شێواز و فۆڕمی ڕێنوێنی پەیوەندییە دیپلۆماتییەکان، هەنگاوی توندوتیژانە جار بە جار، هەڕەشە، تۆقاندن، لافلێدان، هەڵیتوپەڵیت.

دەربارەی کردەی "مۆسۆلینی" و "فاشیزم"ی ئیتاڵیا، وەڵامی خێراو ڕاشکاوانەی ئەو پرسیارە بەڵگەنەویست دەنوێنێت. لەنێوان ساڵەکانی 1922_1924، ئیتاڵیای فاشیست دراوسێ باشی کەم و زۆر خاکیانەی دەگرتەبەر، کە مەترسیکردنی هەڵسەنگێندراو یان هەڵنەسەنگێندراوی ئەوتۆی لەخۆنەدەگرت. تەنیا لە سەردەمی شەڕی حەبەشە بوو کە ئیتالیا، لەوانەیە بەلاساییکردنەوەی ئەڵمانیای "نازی"، هۆگری ئایدیۆلۆژیای "فاشیزم" بوو، هەنگاوی بۆ سەر ڕێگایەکی مەترسیدار هاویشت. بە ناچاری، هەرگیز دینامیزمێک لە هەردوو ڕژێمەکەدا یەکسان نەبوو، کە سەریکێشایە شەڕەوە، "هیتلەر" کاتی بەفیڕۆ نەدەدا، هێشتا پێی نەنابووە کۆشکی حکومەتەوە، کە پڕچەککردنی ئەڵمانیای بەرەوپێش دەبرد.

لەگـەڵ هـەموو ئەوانەشـدا، وێـڕای ئـەو وردەکـاری و جیاوازییەک، کە لە ڕێبازی ئەو ڕژێمانەدا بەرچاودەکەوت، بـە هـەق دەتوانرێت بگوترێت "فاشـیزم"، هـەرچۆنیک بێت ڕێی بەرەو شەڕ دەبرد.

ئـاگری شـەڕ بەچەنـد پاڵنـەرێک لـە سروشـت و نـاخی "فاشیزم"دا دەردەکەوت، لـە بنـەماکانی بیروبۆچوونی ئـەو ڕێبـازە سـەریهەڵدەدا، لـەو دەسـەڵاتانەی کـە جڵەوەکـەی بەدەست ئەوانـەوە بوو، لـە جۆش و هەسـتێک کـە ئاگری شــەڕ و نــاکۆکی و دووبــەرەکی ئــەوانی خــۆش دەکــرد، پەرتووبڵاوی دەکرد. "فاسـیزم" زەینـی بـۆ بەرزنرخاندنی شــەڕانگێزی ئامــادە دەکــرد، تــا تامــەزرۆیی بــۆ شــەڕ پــەروەردە بکـات، هاوکـات بـە سـاز و ئامـادەی دەبینـی، دەستی بە هـەوڵێکی سـەربازی بـەرچاو دەکرد، بودجـەی شەڕی بۆ ئاستی هەڵاوسان زیاد دەکرد، تێکڕای میللەتانی چەکدار دەکـرد. "مۆسـۆلینی" شـانازی بـەبوونی هەشـت ملیـۆن چەکدارەوە دەکرد، کـە دەیتـوانی لـە ئـەمڕۆوە بـۆ بەیانی ڕێکی بخات. "هیتلەر" کـەمتر باسـی شـەڕی دەکرد، بەڵام هەر بەو ئاستە بیری لێدەکردەوە. فاشـیزم"ی ئیتـاڵی و "ناسـیۆنال سۆسـیالیزم"، ئـابووری هــەموو وڵاتانیــان خسـتبووە خزمـەت ئامـادەگی شـەڕەوە، لـە تێـڕوانین بـۆ داهاتوو، لەشکرکێشی ساز و ڕێکوپێک کردنیانی بە ئامادە دەبینی و ڕێنووێنیان دەکرد. لە ئەڵمانیا بە بەرنامەی چوار ساڵەی کـە "گۆرینگ"یان کردبـووە سـەرۆک، دەیانەویست سـەرچاوە و تواناکـانی بەرهـەم هێنـەری وڵات بکەنـە دوو بەرامبەر.

لەئاکامدا "فاشیزم" وەک پاساوێک پێویستی بەشەڕ بوو. شەڕ لە سیستمی بیروباوەڕی "فاشیزم"دا بەپێویستی دادەنرا، کە بە پەشۆکاوی لەناخی کەفوکوڵی هەستەکان بۆی دەگەڕا، وەک ئامڕازێک لە سیاسەتی ناوخۆدا خوازیاری بوو. نەیدەتوانی سۆز و هەستی خەڵک بورووژێنێت، لەئاکامی چەندساڵ، دەستکەوتی پاداشتی ئازار و مەینەتی بۆ ئەوانی بەدوای خۆیدا نەهێنا. فتوحتەکان، لکاندنی وڵاتان، سەرکەوتنەکان پاساوی ناچاری بوون، بۆ ئەو تەنگانانەی کە ئەو ڕژێمە بەڕەوای خەڵکیان دەزانی و پاداشتی جموجۆڵ گەلێک کە لە ئەوانی دەویست.

بەدڵنیاییەوە دەتوانین وێنای بکەین، کە شەڕی دووەمی جیهانی بەرەنجامی ڕێبازەکانی "فاشیزم" بوو، وامان دانا کە ئەوانە تاکە هۆکار نەبوون. هاوشێوەی شەڕی یەکەمی جیهانی، دەتوانین لە شیکردنەوەی لانکەی زێدی ئەو شەڕە، چەند هۆکارێکی دیکەش بناسینەوە و ئەژمار بکەین، کە ڕیشەی لە ئابووری، هاوسەنگی هێزەکان، شوروشەوقی نیشتمان پەروەرانە، ئایدۆلۆژییەکاندا هەبوو، بەڵام بوونی ڕێبازی "فاشیزم" مەترسی بابەتی و مەلموسی تێکهەڵچوون، دووژمنکاریی و شەڕی بەدواوە بوو، کە بەرپرسێتییەکەی دروست لەسەر شانی هەمان ڕێباز و بەتایبەتی "ناسیۆنال سۆسیالیزم" بوو.

### 4- "فاشیزمی ئیسلامی"؛ له ئەفسانەوە بۆ واقیع

یەکەمجار نووسەرێک بەناوی (Malise Ruthven)، لە ساڵی 1990 لە وتارێکدا لە ڕۆژنامەیەکی بەریتانی "ئیندپێندنت"، دەستەواژەی "فاشیزمی ئیسلامی"ی بەکارهێنابوو. پاشان "Christopher Hitchens" (2011- 1949)، ڕۆژنامەنووسێکی ناسراو، کە سەردەمێک لە پانتایی هزرەکانی چەپدا شوێنی هەبوو، لە پرۆسەی داگیرکردنی عێراق، چووە ژێر ڕکێفی "جۆرج واکر بوش"ەوە، لە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا کردبوویانە بنێشتە شینکەی سەر زمانیان. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ڕێبردنی ئەو زاراوەیە بۆ ناو وتارەکانی سەرۆک کۆماری ئەوکاتەی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە (2009-2001)، لە تەڵقینەکانی ڕۆژهەڵات ناسی بەریتانی-ئەمەریکی "Bernard Lewis" بزانین، کە بەردەوام بەرکەوتەی ڕقاویانەی لەگەڵ ئیسلام هەبووە، زۆر لامان نەداوە. "لە ویس" لە سەردەمی حوکمی "بوش" ڕاوێژکاری کۆشکی سپی بوو.

گرووپێکیش لە فەرەنسا، کە خۆیان ناودەنا "فەیلەسوفی نوێ" (ئەو گرووپە چەند خوێندکارێکی بەشی فەلسەفەیان بوونیادنا، بەرەخنەگرتن لە تیۆرە فەلسەفییە قبوڵکراوەکان، هەندێکجار بە ڕەتکردنەوەی لایەنگرییەکانی پێشووی ماویستی خۆیان هاتنە مەیدانەکە، بەرەخنەگرتن لە "نیچە"، "مارتن هایدگەر"، "سارتەر"... زمانیان کردەوە. "بێرنار هنری لوی"، "پاسکاڵ برۆکنەر"، "ئەندرێ گلوکسمان" لە ناسراوانی ئەو گرووپە بوون، کە هەوڵیاندا

کــەلێن بکەنــە پێگــەی هــزری هیگڵــی و مارکسیســتی فەیلەســـوفانی بـــەناوبانگی چەپگـــەراوە)، هـــەمان دەستەواژەیان وەرگرت و بڵاویان کردەوە.

لە وتارە ڕەسمییەکانی ئەوکاتەی وڵاتە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوەکـانی زۆر جیـاوازی وەک "ئەلقاعیـدە"، "ئیخـوان موســـلمین" و "حـــەماس"، "حزبـــوڵڵا"... بـــە تـــەواوی دەخولێنــەوە، بــە میراتگرانــی "نــازیزم" و "کۆمــۆنیزم" دەیانناســێنن. دیــاربوو کــە لــە گــۆڕینی "شــەڕ دژی کۆمــۆنیزم" بــۆ شــەڕ دژی "فاشــیزمی ئیســلامی"، جێکردنــەوەی ڕاپەڕینــە بوونیادگــەرا موســڵمانەکان لــە فــۆڕمی "تۆتالیتــاتیزم"، نیــازێکی شــاردراوەیان هــەبوو. دەیانوویســت لــە تێکــەڵکردنی چەمکــە ناهۆمۆجینــەکان، ترسیان خستە دڵەکانەوە. ڕەوایەتییاندا بە سیاسەتی شـەڕ هەڵگریسێنەرانە، بەڵام بەپێی پێناسـە تیۆرییە باوەکـان کـە شارەزایانی بەرجەستەی "فاشـیزم" ("هانـا ئارێنـت"، "ڕنـزو فیلچــە" "ســتانلی پــایین" یــان "ڕۆبێــرت پکســتۆن")، لــەو چەمکەیان بەدەستەوە داوە، هیچکامیـان هـاوڕای پێوەری تیۆری نین، کە لە ڕاپەڕینی ئیسلامی لە بازنەی "فاشـیزمی ئیسـلامیدا "دەیگـونجێنن، هەڵبەتـە نـەک لـەو ڕووەوە، کـە ئایین لەگەڵ "فاشیزم" نەگونجابێت.

"پـاین" [Stanley George Payne] لەسـەر ئـەو باوەڕەیـە، کـە "فاشـیزم" پێویسـتی بـە پەلوپۆهاویشـتنی خۆیـەتی بـۆ فـەزای عـورفی، چونکـە پێیـوایە "فاشـیزمی ئایینی" نـەک تـەنیا بـەهۆی دژە دەسـەڵات بوونی پیـاوانی ئـــایینی لـــە ڕوانگـــەی کولتوورییـــەوە، بـــەڵکو

بەهۆی ڕێنماییەکان و ئەو بەهایانەی، کە ئایینی باو هەڵیگرتووە، بەدڵنیاییەوە دەسەڵاتی ڕابەر خۆی بەرتەسک دەکاتەوە. "پکستۆن" [Robert Owen Paxton]، ئەوانی دیکە لە ڕەتکردنەوەی تیۆرەکەی (پاین)دا دەیانووت، بۆچوونێکی وەها تەنها دەکرێت لە ئەوروپا درووست بێت. لەو ڕووەوە جێگەی گومان نییە، کە دەکرێت "فاشیزم"ی موسڵمان سەرهەڵبدات، وەک چۆن "فاشیزم"ی مەسیحی، "فاشیزم"ی هندی، "فاشیزم"ی جولەکە دەرکەووتن.

شتێک کە هەیە، پێویستە ئیسلامگەرایی وەک دیاردەیەکی هاوچەرخ، بوونیاد نوێ و جیاواز بناسینەوە. بەدڵنیاییەوە هەندێک توخمی "فاشیزم"ی باو، لە بزووتنەوە بوونیادگەراکانی موسڵمانیش دەبینرێنەوە، ڕەهەندی میلیشیا، هەستی سووکایەتی پێکردن، پەرستنی کەسایەتی ڕابەرێک. لەگەڵ هەموو ئەوانەدا ستایشکردنی ڕابەر لە پێوانە بە ڕێبازپەرستی "مۆسۆلینی"، یان "هیتلەر" شتێکی ئەوتۆ نانووێنێت، بەڵام بەگشتی لایەنەکانی دیکەی "فاشیزم" وەک "ناسیۆنالیزم"ی فراوانخواز، پیشە پەروەری، ئەریستۆکراتی، بەرزنرخاندنی جەستەی تەندرووست... دەتوانی لە بزووتنەوە ئیسلامییەکاندا بدۆزییەوە.

بزووتنەوە ئیسلامییەکان زیاتر بان نەتەوەیین، لەو ڕووەوە لە "ناسیۆنالیزم"، بێکەموکوڕی زۆر دوورن، کە ناسێنەری ڕێبازەکانی "فاشیزم"ی ئەورووپی 1930 بوو. "فاشیزم" بەویستی سرووشتی خۆی ئیمپریالیست و

زێدەخوازە. ڕاستە کە شانەکانی "ئەلقاعیدە" لە چەند وڵاتێک کردەوەی تیرۆریستی دەکەن، هەندێک بزووتنەوەی ئیسلامی خەونی دووبارە داگیرکردنی وڵاتی "ئەندەلوس"، یان دوورگەی "سەقیلیە" (سیسیل)، دامەزراندنەوەی دووبارەی خەلافەتی ئیسلامیان دەبینن، لەگەڵ هەموو ئەوانەدا ڕێکخراوەکانی وەک "حەماس" و "حزبوڵڵا"، هەر چەندە کە پاڵنەری ئاینی و بڕێک کردەوەی چەکدارانەیان (بەتایبەت کەڵکەوەژوویی دژی خەڵکانی مەدەنی) شایانی سەرزەنشت بێت، دیسانەوە بەکردەوە دژی نەفسی داگیرکاری، ئاکام و شوێنەواری ئەو شەڕانە کردووە. ڕژێمی "تاڵبان" لەئەفغانستانیش بەڕەهاگەرایی ئاینی خۆی، لە هەموو شتێک زیاتر پەیوەندی بە دین سالاری تاریکبینەوە هەبوو، تا بە بنەماڵەی ڕێژمە "فاشیست"ییەکانەوە کە دوا بە دوای یەکەم شەڕی جیهانی لە وڵاتانی پیشەسازی سەریان دەرهێنا و بەدەسەڵات گەیشتن.

لایەنی پیشە پەروەری، واتا پەیوەندی کەم و زۆر ئاڵۆزی نێوان حکومەت، پێگە ئابوورییەکان، پیشەوەران و کاسبکاران، کە تێکەڵ ببوو بەستراکچەری "فاشیزم"ەوە، لە پێکهاتەی ئیسلامی ئەو بزووتنەوانەدا هیچ شوێنێکیان نییە. پەیوەندی بەرتەسکی بازرگانی بازاڕ، ڕژێمی ئیسلامی ئێران لێکچوونییەکی کەم بە پیشەوەر پەروەری سروشت و ڕەقی ڕژێمە فاشیستییەکانی سەردەمی نێوان دوو شەڕی جیهانی هەیە. بێجگە لەوە بەگشتی کۆمەڵگە پیشەسازیی- سەربازییەکانی وڵات نین، کە پشتگیری

بزووتنەوە ئیسلامییەکان دەکەن. وامان دانا کە دیسانەوە لە ئێران ئەو بەشانەی کە حکومەتی پیاوانی ئایینی پەیوەست کردووە، بەپیشەسازی سەربازی بەهێزەوە، دوور نییە پێچەوانەی ئەوە بزێننە مێشکەوە. ئەو ئێسک بەندییە لە ولاتانی، وەک ولاتە یەکگرتووەکان، فەرەنسا یان ژاپۆنیش کە ناتوانرێت هیچکامیان بە "فاشیست" وەسف بکەیت بوونیان هەیە.

پشتیوانی کۆمەلانی خەلک لە "دەسەلاتداران"، مەرجی پێویستی سەپاندنی دەسەلاتە، لەگەل سروشتی"فاشیزم". ئەو گروپانەی، کە شەرعی ئیسلامیان کردۆتە زەمینەساز بۆ شەرەکانی خۆیان یان زۆرجار لە حکومەت دوورەپەرێزن، لە پەراوێزی ناوەندەکانی دەسەلاتی ولاتی خۆیانن و یان قوربانی زوولم و ئازارن. ئەوکاتە، لای بزووتنەوە ئسلامیەکانی ستراکچەر بیروباوەڕی ڕێکخراو لەسەر بوونیادی شەرع، زۆجار پێشینەی ڕێبازی لە پێگەی دووەمی گرنگ دەردەکەون. ئێستا کە "ڕیمۆن ئارون"، "شێتئاسا" باسی ئایدۆلۆژیای کردووە، لە تەواوی ڕژێمە "تۆتالیتار" (یان تەواویەتخواز)ەکان، کە بە باوەڕی ئەو هەموویان پشتیان بە (لەسەرووتری ئایدۆلۆژیا) بەستووە. (Raymond Aron, *Démocratie et Totalitarisme*, Paris, Gallimard, 1965)

بزووتنەوە ئیسلامییەکان ئایین، وەک ئامرازێک بەکاردەهێنن و هەولدەدەن ئایدیۆلۆژیای خۆیان لەو فۆرمەدا پەروەردە بکەن، بەلام بە پێچەوانەی ئەوەی لە ئەوروپا ڕوویدا، ئیرادەیەکیان نییە بۆ ئافەریدەکردنی

"مرۆڤـی نـوێ". شـێوازی مژدەیـان زیـاتر کۆنگـەرایی ساڵانێکی زۆری ئایینی یان کۆمەڵاتییە تا ئایدۆلۆژییەکی تـەنراو، گونجـاو و هەمـەگیر. ئـەو بزووتنەوانـە بێجگـە لـە چانسـی خـەڵک لـە هەرەمـەکانی دیکـە، تـەنیا ڕیشـەکانی بیروبـاوەڕ زیـاد دەکـەن و گەشـەدەکەن. نموونەیـەک بیـر بهێنینـەوە کـە ڕای خـەڵک لەسـەر "حـەماس"، کاردانـەوەی پەیوەنـدیکردنی فەلەسـتینییەکان نـەبوو، بـە ئایـدۆلۆژیای ئایینی ئەو بزووتنەوانەوە، لەوانەیە لە هەموو شتێک زیاتر لـــە ئیرادەیـــەک بەبیســـتنی گەندەڵییـــەکانی ڕێکخـــراوی "ئەلفەتح" سەرچاوەی دەگرت. لە لوبنان کەم نین ئەوانـەی لە "حزبوڵڵا" پشتیوانی دەکەن، بێئەوەی ئەوەندە لێی نزیک ببنەوە، کـە پەیوەنـدی بـە ئایـدۆلۆژیای ئیسـلامییەکەیەوە بکـەن. ڕۆشـنبیرانی لایـەنگری "حزبـوڵڵا" بـە گشـتی نـەریت ئایدۆلۆژییـەکن، کـە نـەک بـە نیـازی پەیوەنـدیکردن بـە ئیســـلامگەراییەوە، بـــەڵکو وێـــڕای ئایـــدۆلۆژیای ئـــەو بزووتنەوەیە هاوڕای پەیامەکەیەتی. لە جیاتی "فاشیزم" و "نـازیزم"، لـە فـۆڕمی ئایدۆلۆژییـەک هـەزاران کـەس لـە ڕۆشـــنبیرانی هـــۆگری خـــۆی کردبـــوو، کـــە هەنـــدێکیان دەستەبژێرانی باڵا بوون.

"ئەلقاعیـدە"ش تـەنیا دەتوانێـت بەپشـتیوانی لـەوجۆرە گەشـە بکـات، پووختـەترین وتارەکـانی، لـە هـەموو شـتێک زیاتر هەڵکردن لەگەڵ دیاردەی دەستەگەرایانەی سـاڵانێکی زۆر بیردەهێنێتەوە، تا وتـاری ڕژێمـی "فاشیسـت"ی کـە لـە نیووەی یەکەمی سەدەی بیستەم لە ئەوروپا دەرکەوتن.

"فاشیزم" و "نازیزم" جوڵانەوەی جەماوەری بوون، کە لەسەر بە سیاسیکردنی خەڵک، بەویست و ئارەزووی خۆی بناغەی داڕێژرابوو. ئێستا کە لە زۆربەی وڵاتە موسڵمانەکان ڕێکخراوی ئیسلامی سەرەڕای هەموو توخمە هاوکارەکانی، وەک قەیرانی ئابووری و بەسووکی سەیرکردنی گشتێنراو، لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی هۆگری ئازادی بەرەوڕوون.

ژمارەی کەسانێک لە باکووری ئەفەریقا، کە پشتگیری لە بزووتنەوەی بوونیادگەرایانەی موسڵمان دەکەن، ئەوەندە لەوانە زیاتر نین کە لە ئەوروپا پەیڕەو، پشتیوانی جوڵانەوەی توونڕەوی ڕاستگەران. "ئەلقاعیدە" نەیتوانیووە بێجگە لە بەشێکی زۆر کەم لە موسڵمانان، ئەوانی دیکە بکاتە لایەنگرانی خۆی. لەهەر کام لە وڵاتانی موسڵمانی ژێردەسەڵاتی دیکتاتۆرانێک، کە زۆرجار بوونەتە گوێڕایەڵی وڵاتە یەکگرتووەکان، کۆمەڵگەی مەدەنی زۆر دڵخۆش دەژیەنێت، کە پابەندی ڕێوڕەسم و فەریزەکانی ئایینی نین و پەیڕەوی لە دیکتاتۆری دەکەن.

"پکستۆن" نووسیویەتی "ئەوەی لە بنچینەوە ڕێگەنادات بکەوینە پیلانی ئەو وەسوەسەیەوە، کە مۆری "فاشیست"ی لە بزووتنەوەی ئیسلامی بوونیادگەرای وەک "ئەلقاعیدە" یان "تالبان" بدەین، ئەوەیە کە لە کاردانەوەی دژی دیموکراسی ناکارادا سەریان هەڵنەداوە. ئەگەر ڕووی جیاکەرەوەی بەناوبانگی "ئەمیل دۆرکهایم" قەرز بکەین، (دەتوانین لە دیاریکردنی سادەی تیۆری

"دۆركهـــایم" بڵێـــین، كـــه دووبـــاره ئـــەو دوو جـــۆره هاوپەیوەنـــدییه كۆمەڵایەتییـــەی دەناســـاندەوه یـــەك "پەیوەنـدی میكـانیكی" یـان "خۆكـار"، ناسـێنەری ویژدانـی كۆمـــەڵێكی بـــەهێز لـــه كۆمەڵگەیـــەك بـــه كـــەمترین جیاوازییەكانی تاك و زۆرترین لێكچوویی لەخۆگرتبوو، له چاكەی هەمووان و ئەوی دیكه "هاوپەیوەندی پەیكەری"، كه پەیوەندی نەك گرێدراو به بەشەكانی هاوشێوەی تـاك، بـەڵكو پـەروەردەكراوی جیاوازییـەكان و ویژدانـی گشـتی لاوازه)، یـــەكگرتووییان لـــه هـــەموو شـــتێك زیـــاتر هاوپەیوەنـدی "پەیكـەریی"ه تـا "خۆكـار". ئەو بزووتنەوانـه نەیانـدەتوانی ڕوو لـه دامـەزراوەی ئـازاد [و دیموكراسـی] وەربگێڕن، چونكه هەرگیز لێیان بەهرەمەند نەبوون.

دەتوانین باسی توخمێكی دیكـەش بكـەین، كـه وادەكـەن لێكچوویی بوونیادگەرایی ئیسـلامی لەگـەڵ "فاشـیزم" قبـوڵ نەكرێت. وەك نموونه دەتوانین باسی نەبوونی قۆرخكاری زانیـاری بكـەین (تەنانـەت لـه ئیـران یـان سـعودیه). بـه ناچـاری وێـڕای ئـەوەی، كـه دەسـەڵاتی ئـایینی، ئـەو كۆمەڵگەیانەی به جڵەوی ڕەق و توونـدیان لـه جووڵان و كرانـەوه دواخسـتووه، هێشـتا چەنـد كـڵاو ڕۆژنەیـەك بـۆ ڕابـووردنی هـەر چەنـد كـەمی نەسـیمی ئازادییـان لـێ بەجێماوه. "داریۆنیزم"ی كۆمەڵایەتی به تێگەیشتنی دەستی بـاڵای بـەهێزان لـه پەیوەندییـەكان لـەو كۆمەڵگـەیانەدا، سیستمی ئابووری دەوڵەت و سازدانی بەرنامـەڕێژ بـووی

پیشەسازی، قۆرخکاری پڕچەککردن و هاوشێوەیان ڕەونەقێکی ئەوتۆیان نییە.

بەدڵنیاییەوە بابەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئاڵۆزترە. چەند بەشێکی ئەو ڕژێمە لە بەرکەوتی بە پشتیوانی لایەنگرانی توندڕەو، دامەزراوە سەرکوتکەرەکان و بەیارمەتی وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی میدیاکان زۆر لەنزیکەوە کۆنترۆڵ دەکەن، ئابووریی بەرنامە بۆ داڕێژراوی دوڵەت، هاوشێوەی کۆمەڵگەی سامداری سەربازی – پیشەسازی بەجێدەهێڵن.

لەگەڵ هەموو ئەوانەدا، ئایا دەتوانرێت تەنانەت لەوبارەیەوە باسی "فاشیزمی ئیسلامی" بکەین؟ ئەوەندەش نا، چونکە ئەنجومەنی دژە دەسەڵاتی فراوان ماوە و کۆمەڵگەی مەدەنی بەئاگایە. “Tzvi Bar’el” لەسەر وتارێکدا کە «*Haaretz*» پشتڕاستی کردبووەوە، دەمەقاڵەی دژە ئیسرائیلی بەشێک لە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران "پێویستە لە واقیعدا لە دوورنوێنی کێشمەکێشە بیروڕایەکان و هاوسەنگی هێزەکان لە ستەیجی ئەو فەرمانڕەوایەتییە بڕوانین (ئەو سەروتارەی ڕۆژنامەی "کوریە ئەنتەرناسیۆنال" بەمێژوویی 3ی تشرینی دووەمی 2005 بەناونیشانی [....] دڵی تەنگت چی دەوێت بیڵێ، بڵاویکردبووەوە)". بۆ پۆپۆلیستەکانی جەماوەری خەڵکی ئاسایی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی زۆر ئەستەمە، کە دەستەبژێران بکەنە هۆگری خۆیان. وەها دەنوێنێت کە بەشی سەرەکی

کۆمەڵگــەی مــەدەنی لە ئێــران، پشــتی بــە شــەڕ دژی باڵادەستی بان محافزکارانە بەستبێت.

هەرچەنــدیش مــۆری تێکــڕای "فاشــیزمی ئیســلامی" نابــەجێ بنووێنێــت، دیســانەوە مانــای ئــەوە نییــە، کــە پێکهاتــەی ئیســلامی لــە تێکــەڵاوبوونی بــە توخمــە فاشیســتییەکان بەتــەواوی پاکــە. لــە ســەردەمی جیهــانی عــەرەب و موســڵمان ژمارەیــەکی بــەرچاو لــە ســەرۆکانی دیکتــاتۆر و ڕژێمــە ملهوڕەکــان هــەیە، کــە دەکرێــت بــە فاشیســت وەســفیان بکــەیت، ئەوانــەی کــە زۆربــەیان لــە شەڕی جیهانی وڵاتە یەکگرتووەکان دژی تیرۆریزم بوونە هاوپــەیمانی. ســەیرە دیکتاتۆرەکــانی چــوار دەوڵــەتی موســڵمانی ئازەربایجــان، ئۆزبەکســتان، کازاخســتان، تورکمانستان، کە سروشتی "فاشیست"ئاسای ڕژێمەکەیان لەکــەس شــارەوە نییــە، لــە ڕەخنــەگرانی ئەمــەریکا دوورخراونەتــــەوە. پاشــــایەتی ســــعوودییە وێــــڕای بونیادگــەرایی، دژی نوێگــەری و ڕۆشــنبیری ئــایینی، پشتیوانیکردن لە بزووتنەوە ئیسلامییە توندڕەوەکان و ئاست شکێنییەکانی، هەروەک بۆ واشنتۆن لە بارگەی پیرۆزدا شوێنی هەیە.

گوایــە بەرائــەت لــە تــەواوی خــوار ڕۆیشــتنەکانی کەڵەگاییانــە و فاشیســتی، لــە پشــتگیریکردنی سیاســەتی دەرەوەی ئەمــەریکا پاداشــتە. کۆشــکەکانی حکومــەت لــە خۆرئــاوا دوای تۆبــە و گەڕانــەوەی ســەرهەنگ "مەعەمــەر قەزافی" لە ڕابردووی پڕ لە شەپۆلی، ئەو شێوەیەی کە

واشنتۆن ویستبووی، لە گوناحەکانی خۆشبوون، تووانی سی و حەوتەمین ساڵوەگەڕی بەدەسەڵات گەیشتنی بە بانگهێشتکردنی کوژەری نەیارانی ئاهەنگ بگێڕێت، بێ ئەوەی هیچ کەسێک لە خۆرئاوا ناوچاوانی گرژ بکات.

ئایا زاراوەی "فاشیزم" دەربارەی دیکتاتۆری "سەدام حسێن"، بەعسییەکان و دەزگاکانی ئەمنیان دەکرا قبوڵکراو بێت؟ گومانی تێدا نییە ڕژێمی "سەدام حسێن" توندڕەوی "ناسیۆنالیست" بوو، پشتی بە کەسایەتی پەرستنی زێدەڕۆی "سەرۆک" بەستبوو، بچووکترین جیاوازی نێوان چوار چێوەی گشتی و حەرامسەرای تایبەتی قایل نەبوو، وێڕای ئەوانە نیازی فراوانخوازی وڵاتیشی هەبوو. لەکاتی کۆنفرانس لە کوەیت لە ساڵی 1978، "ئێدوارد سەعید" شێخەکانی ئیماراتی عەرەبی کەنداوی فارسی ئاگادارکردبووەوە، کە "بەدرێژەدان بە پشتیوانی دارایی لە "سەدام حسین"، خۆیان کردووەتە دەستباری خوێندنەوەی عەرەبی "فاشیزم"، کە دواجار ئەوان دەبنە قوربانی". ئەمیرەکانی کوەیت تەنها لە ڕۆژی 2ی ئوتی 1990، دوای دەستدرێژیکردنە سەر وڵاتەکەیان لە مانای ئەو قسەیە گەیشتن.

### هاوپەیمانانی پێشووی واشنتۆن

ئەگەر ڕیاکاری پێشوو بیرربهێنینەوە ڕاچڵەکێنەرە، کە ڕۆژگارێک کەسانێک کە ئەمڕۆ "فاشیستە ئیسلامییەکان" دەناسێنن، بەتایبەت تاڵبانە نوێکانی ئەڤغانستان لە

سـەردەمی شـەڕیان دژی سـۆڤێت لەسـاڵی 1980، وەک "هاوتایـانی ئـەخلاقی" پێشـینانی دامەزرێنـەری وڵاتـە یـەکگرتووەکانیان دەپەرسـت. دەزگاکـانی ئاسایشـی بـەریتانیا و ئەمـەریکا بەدەسـت کراوەییـەکی زۆرەوە، یارمـەتی "ئیخـوان موسـلمین"ی میسـریان دەدا. دەوڵـەتی ئیسرائیل پێش پەیدابوونی "حەماس" خوازیاری دەسەڵات بەدەستەوەگرتنی "ئیخوان موسلمین" بوو، لە فەلەستین تا "ئەلفەتح"، "مارکسیستی"ەکان، ڕێکخراوی ئازادی بەخشی فەلەستین لە گۆڕەپانەکە بکاتە دەرەوە.

دەکرێت و پێویستە بەئیرادەیەکی پتەوەوە، ڕەخنە لە بزووتنەوەکانی دژی نوێگەری و ڕۆشنبیری و دەمارگیر بگری، کە لە دنیای موسڵمانان ڕوویان لە تیرۆریزم کردووە، بێ ئەوەی کە بەگژ وشەی بزوینەر و داڕزاوی وەک "نـازیزمی ئیسـلامی" یـان "فاشـیزمی ئیسـلامی"دا بچیتەوە. ڕاڤەکاری و لێکدانەوەیەک، کە بە درووستکردنی پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان کۆمەڵانی خەڵک و حزبە توندڕەوەکان، کـە ئایینیـان کردووەتـە ئـامرازی بەرەوپێشـبردنی ئامـانجە سیاسـییەکانی خۆیـان، مـۆری شـەرمەزاری لـەنێوچاوانی تێکـڕای موسـڵمانان دەدەن. بـەگومانانی، زانینـی نازنـاوی سـاختە بـەهیچ ڕوویـەک لـەجیاتی ئـەوە نییـە، کـە پێویسـتە ڕەخنـەگرتن لـە تـاوانی ئیسـلامییەکان و بۆچوونیـان لـە جیهـان بـەڕەوا نـەزانرێت. مەگـەر "ئیقبـال ئەحمـەد" ڕۆشـنبیری دیـاری پاکسـتانی پێشینەی لە ئازایەتی ئاوارتەیی بەدەستەوە نەدەدا، کاتێک

بــە بــەرچاوی کۆمـــەڵێک لـــە پاکســـتانییەکانەوە بـــە تووڕەییەوە، داکۆکی لە "سەلمان ڕووشدی" نووسەر کرد، کە "ئایەتوڵڵا خومەینی" فتوای کوشتنی دابوو؟

سوود وەرگرتن لە وشـەی "فاشـیزمی ئیسـلامی" لـەلای محافزکـارە نوێیـەکان، نـەک تـەنها ئـەوان، بـەهۆی بـاری هەستەکانی بەسوودە و ئامڕازێکیان بەدەستەوە دەدات، تا تـۆوی تـرس و تۆقانـدن بوەشـێنن. مەترسـی بنـەڕەتی دروسـت لەهـەمان بۆچوونـدا پەنهانـە، بـە متمانـەدان بـەو وێنایـە کـە خۆرئـاوا بـە "فاشـیزم"ی تـازە دەرکـەوتوو "هیتلەر"ێک تازە بە تازە دەستی داوەتە شـەڕ، ڕای گشـتی ئامـادە دەکـەن، تـا قبـوڵی بکـات شـەڕ دەتوانێـت و دەبێـت "بەرپەرچدانەوە" بێت. کردەیـەکی بـەم شـێوەیە داکوتـەر و کاولکـار، بـە ئامـانجی نەهێشـتنی "هەڕەشـەی فاشیسـتی" پاســاوهەڵگر دەبێــت. وەڵامــی هەنــدێک لــە محافزکــارە نوێیەکانی ئەمەریکی بۆ کەسانێک، کە داباراندنی سـەدان بـۆمبی هێشـوویی لـە فڕۆکـەی ئێـف – 16ەوە، بەسـەر شوێنی دانیشتوانی لوبنـانی سـەرزەنشت دەکرد ئـەوەبوو، کـە "چمـا هاوپـەیمانان لـەکاتی خۆیـدا شاری"درسـد"یان لـە ئەڵمانیا بۆمباران نەکردبوو؟"

پێداگری لەسەر "نازی"، نیشاندانی دووژمنی نوێ نییە؟ وەخت و بێ وەخت میدیاکانی خۆرئاوا "ڕایشێکی چوارەم" و "پێشــەوایەکی نــوێ" ئاشــکرا دەکــەن. لــە ســەردەمە جیاوازەکانـدا "جـەمال عەبدولناسـر"، "یاسـر عـەرەفات"، "سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ".....یان بە "هیتلەر" بەراوردکردووە.

"ناسر"یان ناودەنا "هیتلەری ڕووباری نیل". "مناخیم بگێم"، "عەرەفات"یان بە "هیتلەری عەرەب"یان وەسف دەکرد. دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێران بەنۆرەی خۆی وەخت و بێ وەخت فیتنە هەڵگیرسێنەری ئەو ئاگرە دەبێت، بە وتەی دەسەڵاتدارانی ڕەسمی لە ئینکارکردنی کۆمەڵکوژی جولەکەکان زەویەکی وەبەرهێنی بۆ گەشەکردن و نەشونماکردنی میدیایی دەڕەخساند. بەم چەشنەبوو، کە ڕۆژنامەنووسێکی ڕاستگەرای ئێرانی "هەواڵێک"ی بەم ناوەڕۆکە لە دەرەوەی وڵات بڵاوکردەوە، کە دەوڵەتی ئیسلامی ئێران لەخۆئامادەکردندایە، تا جولەکەکانی دانیشتووی ئەو وڵاتە ناچاربکات "ئەستێرەی زەرد" لەسەر جلوبەرگەکانیان بدوورن. ئەو هەواڵە بە هەموو درۆ بوونی، لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەی محافزکاری کەنەدایی "ناشناڵ پۆست"ی بە مانشێتی گەورەی "ڕایشی چوارەم" پڕکردەوە، کە خودی جولەکەکانی ئێران و تەواوی ڕۆژنامەکان بەتووندی ئەو هەواڵەیان بەدرۆخستەوە، ئەسڵی بابەتەکە هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهات. "زەربەی میدیاکان" کاری خۆی کردبوو، بە باوەڕی سەدان هەزار کەس، لە دانیشتوانی کەنەدا و ئەمەریکا، جولەکەکانی ئێران ئەستێرەی زەرد بە بەرۆکی خۆیاندا دەکەن. پەروەردەکردنی بیرۆکەیەکی وەها بۆ وەگەڕخستنی شەڕی بەرگریانەی نوێ، ئەم جارە دژی ئێران زۆر بەدەرفەت زانراو دەبوو ....

خـالّی هاوبـەش لای هـەموو بەکارهێنـەرانی زاراوەی "فاشـیزمی ئیسـلامی" ئەوەیـە، کـە دەیانـەوێت بـە بانگەشـەکردنی پەنجەکردنـەوە لەگـەڵی، بـەدوای چـالاکی سـەربازی بکـەون، کـە بـەناوی "شـەڕی جیهـانی دژە تیرۆریـزم" خسـتوویانەتەگەڕ. بـەدرێژایی سـاڵانێک مێژوونووسـی بـەریتانی "بێرنـارد لـە ویـس" توانیوویـەتی چەمکێک دەرخـواردی کۆمـەڵانی خـەڵک بدات، کە بەوپێیە عەرەبەکان و "ڕۆژهەڵات"ییەکان تەنها شـەق دەزانن قۆنـاغ لە کوێیە. خراپ نەبوو ئەگەر ئەو ئیلهامی لە "هانا ئارێنت" وەردەگـرت، نووسـیبووی: "بەوپـەڕی ئارەزووەوە، کـە بـە ڕای نەیاری ئەم بوونی هـەیە، وا دەردەکـەوێت بەڵگەیەکـە کـە عەرەبـەکان نـاتوانن تێبـگەن و ئـەو وشـەیە هێـزە" (Hannah Arendt, “Peace or Armistice in the Near East”, in *Review of Politics*, Notre Dame, Indiana, January 1950.)

بەیەکـەوە گرێدانـەوەی دەیـان بزووتنـەوەی پـەرتوبڵاو، زۆرجـار لـە مشـتومڕ لەگـەڵ یـەکتری و پێـداگری لەسـەر ئایدیال و ئامانجی زۆر لێکجیاواز، لـەژێر ئـاڵای "فاشـیزمی ئیسـلامی" دەیانـەوێت ئەفسـانەی پیلانگێڕییـەکی جیهـانی ئیسـلامی ڕیشـە داکوتێـت، بابـەتی جیۆپۆلـەتیکی تـەنیا نائایینی ڕۆبەرنە تاریکییەوە، تا جارێکی دیکە هیچ کەسێک بـەدوای هۆکارێکـدا نەگـەڕێت، کـە بوونەتـە هـۆی سـەرهەڵدانی زۆرێـک لـەو بزووتنەوانـە، بەتایبـەت

داگیرکـــاری ئیمپریالیزمییـــەکان و تێکهـــەڵچوون لەســـەر زەوی، کـــە تـــەنیا چارەســـەری دادپەروەرانـــە دەتوانێـــت زەوییـــەکی بـــەرێژەو وشـــک بکـــات، کـــە تێیـــدا تیرۆریزمـــی هاوچەرخ گەشە دەکات.

بـــە بەهایـــەکی هـــەرزان لاســـایی ڕەوشـــتی "چـــەرچڵ" دەکەنەوە، بە نزیکایەتی ڕێگە بەخۆیان دەدەن، بە هـەموو کەســـانێک کـــە بـــەو شـــەڕانە هـــەمان هێنـــدە پـــووچ، کـــە ناکارایانـــە دژایـــەتی دەکـــەن، چونکـــە "مونیخی"یـــەکان سـووکایەتیان پـێ ڕەوایـە. لـەجیاتی ئـەوەی وەک زیهنـی ڕەوش بـین سـەیریان بکـەن، ئـەو کەسـانە وەک "گـەمژە بەسوودەکان" دەناسێنن و بەرجستەیی ئەمڕۆیی "ئێدوار دالادیـە" و "ناویـل چەمبـەرلین" دەنـووێنن، کـە لـە سـاڵی 1938 بەڵێننامەکانی مونیخیان لەگەڵ "هیتلـەر" واژۆ کرد، (بۆ خۆ بـەدوورگرتن لـە شـەڕ، لـە ڕۆژی 29ی ئەیلـوول ســـاڵی 1938، "ئێـــدوار دالادیـــە"، ســـەرۆک وەزیرانـــی فەڕەنسا، "ناویل چامبەرلین"، سەرۆک وەزیرانی بـەریتانیا و "بینتـۆ مۆسـۆلینی" بەڵێننامەیـەکیان لـە مـونیخ واژۆکـرد، کە بەوپێیە ئەوان ناوچەی "سودتلاند" کە بەشێکی زۆری دانیشـتوانەکەی ئـەڵمانی زمـان بـوون، لە شـەڕی یەکـەمی جیهان خرابووە سەر خـاکی چیکۆسـلۆڤاکیا، لـەو وڵاتـەیان جیاکردەوە و لکاندیان بە ئەڵمانیاوە. بە دەسپێکردنی شەڕ و فراوانخوازی "هیتلـەر"، هـەوڵی ئەمانیان بە دڵ سـادەیی زانی). "پۆل ڤالری" دەی گوت: "هـیچ شـتێک لـە بانگەشـەی وانەکانی مێژوو خراپتر نییە، کاتێک کە خراپ لـە خـودی مێژوو گەیشتبن و خراپتر لێکیان دابێتەوە".

# فاشیزم لە هەموو فۆڕمەکانیدا

براد ئیڤانس، جولیان ڕید
لە ئینگلیزییەوە: هاوار محەمەد

***تێبینیی وەرگێڕی کوردی: ئەم وتارە نایاب و چڕوپڕەی لێرەدا وەرمانگێڕاوە، لە بنەڕەتدا پێشەکییەکی گشتیی پانۆرامابییە بۆ کتێبی "دۆلۆز و فاشیزم -ئاسایش، جەنگ، ئێستاتیک" ( Deleuze & Fascism Security: war: aesthetics)، کتێبێک کە کۆمەڵێک بیرمەند و نووسەری دۆلۆزیی نووسیویانە، لەوانە "توود مەی، میشێل شاپیرۆ" و ئەوانیتر. لەم پێشەکییەدا بە کورتی باس لە تەوەرە سەرەکییەکانی کتێبەکە دەکات کە هەریەکێکیان لە ڕوانگەی ژیل دۆلۆز و فیلیکس گواتارییەوە باس لە گۆشەیەکی فاشیزم دەکەن.***

***

خەیاڵی لیبراڵیی پاش-جەنگ، پشتی بەستبوو بە بانگەشەی دوولایەنەی سیاسی و مۆراڵی تاوەکو هەرچۆنێک بێت فاشیزم تێپەڕێنێت. وەکو فیلیکس گواتاری ڕوونیکردۆتەوە «دەبوو بگەینە ئەو باوەڕەی کە فاشیزم، تەنیا ساتەوەختێکی بەد و خراپ بوو کە دەبوو پێیدا بڕۆین، جۆرە خەلەلێکی مێژوویی، بەڵام لاپەڕەیەکی قەشەنگیش لە مێژووی پاڵەوانە باشەکان... کە لەوێدا لێکدژییە ئەنتاگۆنیستییە واقیعییەکان لەنێوان بەرەی فاشیست و بەرەی هاوپەیمانانددا بوو» (گواتاری 1995: 237-40). ئەم کتێبە تایبەتە بە تەحەداکرنی ئەو باوەڕانەی کە بەم شێوەیە لە جیاوازی نێوان فاشیزم و "داگیرکەر"ـە لیبراڵەکان[11] تێدەگەن. لە ڕاستیدا، نە تەنیا بایەخیداوە بە دووبارەخستنەوەڕووی ئەو پرسیارەی کە

---

[11] liberal 'conquerors'

به جۆرێک له جۆرەکان مانای چییه فاشیزم سەریهەڵدا، نه تەنیا پرسیارخستنه سەر ئەو باوەڕەی که ئێمه هێشتایش دەتوانین له داهاتوودا فاشیزم بەرهەمبهێنینەوە، بگره کاتێک به شێوەیەکی باشتر شکسته مێژووییەکانمان و تەنگژەکانی ئێستامان دەناسین، ڕەنگه هێشتایش کاریگەریی زیاتر بەدەستبهێنین که له فاشیزمەوە سەرچاوە دەگرێت. به پێچەوانەوە، ئێمه سەروکارمان لەگەڵ پرسوباسی پەیوەندیی هاوچەرخی هێزەکاندا هەیه وەک پشتبەستن به بوونی *واقیعی* و *زەروریی* فاشیزم. کێشەی فاشیزمی ئەمڕۆ، ناکرێت به سادەیی وەک پۆتێنشیەڵ یان گەڕانەوەیەکی جیاواز و دووباره هاتنەوەی فاشیزم دەستنیشان بکرێت، وەک بڵێی فاشیزم هەمیشه "نەماوDisappear " یان دەتوانێت هەمیشه "نەمێنێت"، بۆیه وەک هەندێک فیگوری تارماییئاسا له ڕابرووەوە، تەنیا دەگەڕێتەوە و جارێکی تر دروست دەکرێتەوە. ئێمه پێمانوایه، کێشەی فاشیزم ئەوە نییه که وەک ڕژێمێکی دامەزراوی مێژوویی، سیستەمێکی تایبەتی پەیوەندیی هێزەکان، یان ئایدیۆلۆژیایەکی بنەڕەتی بنوێنرێتەوە و تێبگەیشترێت. پێمانوایه، فاشیزم هەروەک دیاردەیەکی دەسەڵات خۆی، تەشەنەی سەندووە. به دەربڕینێکی دیکه، ئێمه لێرەدا «نەک تەنیا فاشیزمی مێژوویی ڕوون دەکەینەوە، فاشیزمی هیتلەر و مۆسۆلینی -که ئەم فاشیزمه دەیتوانی زۆر به کاریگەرانه ئارەزووی جەماوەر ببزوێنێت و بەکاربهێنێت- بەڵکو ئەو فاشیزمەی که لەناوماندایه، له سەرماندا، له ڕەفتاری ڕۆژانەماندا، ئەو

فاشــیزمەی کە وای لێکــردین شــەیدای دەســەڵات بــین، وایلێکــردین ئــارەزووی شــتانێک بکەیــن کە زاڵبــوون بەسەرماندا و بەکاریانهێناین» (فۆکۆ، 2000).

هەر لەبەر ئەم هۆکـارانە، دەسـەڵات خـۆی نەک تەنیـا هەڵــومەرجێکی لەڕیشــەنەهاتووی ئیمکــانی پەیوەنــدییە کۆمەڵایەتییەکـــانە، بەڵکـــو ئیمکـــانی پەیوەنـــدییەکانی فاشیزمیشـە، کە دەبێـت وەک شـتێکی بنەڕەتـی تێگەیشـتن هەبێت بۆی نەک تەنیا بۆ ژیانی سیاسـی، بەڵکو بۆ ژیـان وەک ئەوەی هەیە. کۆمەڵێک پەیوەندیی، کە بە شـێوەیەکی ئەسـڵی، لە هەمـوو ئەم زۆروزەبەنـدییە بـێ کۆتـاییەدا بە سـادەیی وەک پەیوەنـدیی فاشیسـتی تێگەیشـتنی بـۆکراوە. ئـێمە بڕوامـان وایە، ژیـان خـۆیشـی فاشیسـتییە. هەمیشـە ئـارەزوو بـۆ دەسـەڵاتێک هەیە کە ژیـان سـنووردار بکـات. ژیانێک کە بە ئازادانە ژیان بکرێت، ناتوانرێت بە تەواوەتی دەربـاز بێت لە پـاڵنەر بەرەو دەسـەڵات یان لە ئـارەزووی دەســـەڵات. لەم بەڵگەنەویســـتانەوە کە لە زەینـــدایە، ئەم کتێبەمـان دانـا، بە لەبەرچـاوگرتنی وەرچەرخـانی تیـۆری فاشـیزم لە پەیوەنـدییە نێودەوڵەتییەکـان و دیسـپلینەکانی زانسـتە کۆمەلایەتییەکـان لە وێسـتگە میکـرۆ-مێـژووییە[12] باڵادەستەکانیدا و، لە پـێش داگیرکـردنە زبرەکـانی جەنگـی نـاوخۆیی و ئەوروپـای جەنگـی دووەمـی جیهانیـدا، بـۆ ئەوەی سەرنج بخەینە سەر ئەو "میکرۆ-فاشیزم"[13]ـەی کە

[12] macro-historical

[13] micro-fascism

میشێل فۆکۆ لە دەروازە کورت و نایابەکەی خۆیدا بۆ کتێبی ***"ئەنتی ئۆدیپ"*** ی دۆلۆز و گواتاریدا ئاماژەی پێداوە. ئەو کتێبەی کە ئێمە و هەموو ئەو نووسەرانەی لەم کتێبەدا بەشدارییان کردووە، مۆڵەتی خۆمان لێوەرگرتووە تاوەکو گەشە بەو مامەڵە و شێوازە بدەین کە لێرەدا دەیکەین (دۆلۆز و گواتاری، 2000). ئەمە تەحەدا گەورەکەیە، بەڵام شتێکە کە لێرەدا خۆمانی لە قەرە دەدەین.

نووسەرانی کتێبی ***"ئەنتی ئۆدیپ"***، ژیل دۆلۆز و فیلیکس گواتاریی هاوەڵی، هەوڵیانداوە بۆ هەڵوەشاندنەوە [و دەرخستنی ساختەیی]ـی ئایدیای باوی فاشیزم، کە دوو شێوە ڕوانینە: یان وەک ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی کە کردەوەکانی لەلایەن دەستەبژێرێکی شەرەنگێزەوە لەسەر جەماوەری بێ نیاز جێبەجێ دەکرێت، یان مۆدێلێکی تۆتالیتاریی ڕێکخستنە کە مۆرکی خۆی لەسەر خەڵکانێکی تێنەگەیشتوو و لاوازکراو دادەنێت، تاوەکو بە تێرمە جەوهەرییە کۆمەڵایەتییەکان، وەک گوزارشت لە ئارەزووی جەماوەر لێی تێبگەیشتریت؛ "ماشێنێکی ئارەزوو"[14] و بە هەمان شێوە "ماشێنی جەنگی war machine"، کە هەموو ڕەگەزەکانی ئارەزووی خەڵکی بۆ چەوساندنەوەی خۆیان و دواجار بۆ وێرانکردن دەبزوێنن. وەک "برایان ماسومی"[15] ڕوونی کردۆتەوە،

---

[14] A desiring machine

[15] Brian Massumi

فاشـــیزم، بەو جـــۆرەی کە دۆلـــۆز و گواتـــاری لێـــی تێگەیشـــتوون، «هێرشـــیکی ســـەرەکییە لە جەســـتەی سیاســـییەوە دژ بە خـــۆی، لە بەرژەوەنـدی ڕزگـاربوونی خـــــــۆی... ئەوە ئـــــــارەزوویەکە کە دژ بە خـــــــۆی هەڵگەڕاوەتەوە» (ماسومی، 1999: 116). ئەرکی ئێمە و هاوەڵانمـان، کە پەیامەکەیمـان لە ***ئەنتـی ئۆدیـپ*** و کـارە سـەرەکییەکانی دۆلـۆز وەرگرتـووە، پـێش هەمـوو شـتێک ئەوەیە، کە بەم جۆرە وەها مامەڵە لەگەڵ کێشـەی فاشـیزم بکەین کە دیاردەیەکی ئارەزووە بۆ چەساندنەوەی خۆمان لەپێنـاو ئەوەی پەیـڕەوی لە «هەمـوو جـۆرە زۆرەکـانی فاشـــیزم بکەیـــن، هەر لەو فاشـــیزمە گەورەیەوە کە دەورومـــان دەدات و بەرمـــان دەکەوێـــت، تـــاوەکو ئەو فاشیزمە وردەی تاڵاوە ستەمکارییەکانی ژیانی ڕۆژانەمان دادەمەزرێنێت» (فۆکۆ، 2000، 14). سـەرەڕای ئەوەیش، فاشـیزم لە هەمـوو فۆڕمەکانیـدا تـاوتوێ دەکەیـن. ئـێمە دەبینـین چوارچێـوەی پـانوپۆڕ و بەرفراوانـی هەریەکە لە نەریتـی نوانـدنەوەی پەیوەنـدییەکانی نێـوان فاشـیزم و مــــــــۆدێرنیتی, لەلایەک وەک جۆرێـــــــک لە لادان و لەڕێـدەرچوون لە مـۆدێرن و لە لایەکـی دیکەیـش وەک نوانـدنەوەی رەخنەیـی پۆتێنشـیەڵی مرۆیـی بـۆ جۆرێـک بەتـاڵبوونەوە لە مۆدێرن دەبینرێت، وەک بڵێی هێشـتایش دەبێت لە ڕێـگەی تێگەیشـتنێکی باشـترەوە لە مـۆدێرنیتە، خۆمـان لە پۆتێنشـیەڵی بـوونی فاشیسـت یـان بـوون-بە فاشیسـت ڕزگـاردەکەین. هـیچ یەکێـک لەم ڕێگایـانە بـۆ بیرکردنەوە لە کێشەی فاشیزم داد نادەن، هەریەکێکیان بە

ڕێگـای جیـاواز بەکـارهێنراون، بـۆ تێگەیشـتن لە فاشـیزم وەک بەرەنجـامێکی کتـوپڕ لە پەیوەنـدییە دەسـەڵاتییەکانی مـۆدێرنەوە کە بە هەڵەدا ڕۆیشـتووە، یـان لە مـۆدێرنە خۆیەوە وەک سـەهوویەک کە هێشـتایش دەشـێت باشـتر بکرێـت. ئـێمە لێـرەدا هەڵـوەدای شـکاندنی قاڵبەکـانین، لەمەیشدا پەیام و ئیلهامی دۆلۆز بەهەند وەردەگرین؛ ئەمە یەکەمـین کتێبە کە هەتـا ئێسـتا دەربـارەی بـابەتی وردی "دۆلۆز و فاشیزم" نووسراوە، لەژێر ڕۆشـنایی تێگەیشـتندا لە فاشـــیزم وەک ڕەگەزێکـــی سیاســـەت و پەیوەنـــدیی هێزەکان لە خۆیدا.

ئێمە وەها بیر لە فاشیزم ناکەینەوە کە ڕووداوێک بێت هەرگیـز بشـێت بەمێژوویـی بکرێـت؛ [واتە] لە مـاوەیەکی زەمەنیی دابڕاو یان لە بارودۆخێکی دیاریکراو، لە کۆمەڵگا یـان کلتـوورێکی دیـاریکراودا کـورت بکـرێتەوە، بەڵام بڕوامـان بەوەیـش نییە فاشـیزم بە جۆرێـک لە جۆرەکـان لەودیـوی نوانـدنەوەوەیە (Representation). فاشـیزم پێویسـتی بە نواندنەوەیە، پێویسـتی بە ناونـان و دیـالۆگە، بەڵام لە هەمـان کاتیشـدا تەنیـا مۆدێلەکـانی نوانـدنەوە و ناونان و دیالۆگە کە دەکرێت هەمیشە مێژوویی بکرێنەوە، ئەمانە پابەست و مەرجدارن بە فۆڕمێکی بوونی فاشـیزم کە بە جۆرێک لە جۆرەکـان ئامـاژە بەوە دەدات و بیرمـان دەخـاتەوە کە فاشـیزم ڕێـک دیـاردەیەکی فـرەییە[16]. بە دەربڕینێکی دیکە، فاشیزم شتێک نییە کە دەبێت هەمیشە

[16] a multiplicitous phenomenon

وەها وێنای بکەین توانای سەرکوتکردنی هەیە، نووساوە بە شتە کۆنەکانەوە، نواندنەوەی ماندووکەر و دزێوی فاشیزمیش گەورەترین تەڵەیە کە ئێمە بەرامبەری دڕدۆنگین و وەلای دەنێین. فاشیزم کێشەی ئێمەیە، بەڵام ئەمە لەو کێشانە نییە کە پێمانوایە دەتوانین "چارەسەری بکەین". خراپترین فاشیزم لەنێو وەڵامدانەوەی ئەو کێشانەدا بەخەر دێت کە بە خراپی لێیان تێگەیشتراوە، لە پشتی ئەو بیرخییەوە کە گوایە مانای باش چارەسەرن. ئێمە کێشەدۆز-چارەسەرکاری فاشیزم[17] نین. فاشیزم چارەسەرێکی ئامادەکراوی پێشوەختەی نییە، بۆ دەسەڵات و ژیان هیچ چارەسەرێکی ئامادەی پێشوەختە بوونی نییە. ئێمە بۆ ئەوە ئەم کتێبەمان نووسیوە ئەم بابەتە بە کێشە بکەینەوە، بۆیە ڕێگە و شێوازەکانی وەڵامدانەوەی ئێمە و ڕووبەڕووبوونەوەمان لەگەڵ ئەم دیاردەیەدا، دەکرێت لە جیهاندا فۆڕمی تری کارکردن وەربگرێت نەک تەنیا بەرهەمهێنانەوەی فۆرموله کۆنەکە.

به زاراوەی جەوهەریتر، ئێمە لەم کتێبەدا فۆکەسمان خستۆتە سەر گۆرانی خاسییەتەکانی فاشیزم، کە لەلایەن بەلیبرالکردن[18]ی دەوڵەت و کۆمەڵگای مۆدێرنەوە خوڵقێنراوە، هاوڕایشبووین لەسەر دەرخستن و زەقکردنەوەی خاسیەتی ئەسڵیی فاشیستانەی خودی مۆدێرنیتەی لیبراڵی. بە هەمان شێوە، کتێبەکە بەو ئامانجە

[17] problem-solvers of fascism

[18] liberalization

ئامــادەکرا کە لە ڕووی تیــۆرییەوە پەرە بە مــامەڵەیەکی جیاواز بدات، نەک تەنیا بۆ کێشــەی فاشیزم، بەڵکو بۆ لیبراڵیــزمیش. پاشــان، ئەمە کتێبــێکە بە چەنــد مانــایەک دەربــارەی ئەو شــتەی کە ڕەنــگە بمانەوێـت پێیــی بڵێــین "فاشیزمی لیبراڵ"[19]. بەشداریی ئێمە لە "شکستهێنان"ــی پــرۆژەی لیبراڵیــی پــاش-جەنگــدا، خــۆراک و وزە لە تێگەیشــتن لە فاشــیزمی ئەمــڕۆوە وەردەگرێــت، واتە تێگەیشــتن لەم فاشــیزمە نەک تەنیــا وەک بەرەنجــامێکی نەخــوازراوی گەشــەکردن و تەشەنەســەندنی لیبراڵیــزم، بەڵکو وەک گوزاشتیش لەکورتنەکردنەوەیەکی ئۆنتۆلۆژیی فاشیزم بۆ پەیوەندییە دەسەڵاتییە لیبراڵییەکان وەک خۆی. نــازیزم، بەشــێوەیەکی بەرچــاو پشــتی بەســتبوو بەو بــاوەڕەی کە لە ڕێــگەی چەســپاندن و بەهێزکردنــی ئاساییشی ڕەگەزی ئارییەوە پێش هەموو ڕەگەزەکانی تر، لە ڕاستیدا لە ڕێگەی فەرامۆشکردنی گروپە نەژادییەکانی دیــکەوە، ژیــانی بــایۆلۆژیی جۆرەکــان[20] چــاک دەبێـت. لیبراڵیــزم و نــازیزم هەمــان شــت نــین، بەڵام نــازیزم لە لیبراڵیزم ئاوارتە نییە. سنوورەکانی نێوان ئەم عەقڵانییەتە بــایۆپۆلەتیکییە جیــاواز، بەڵام زۆر لێــک نزیکــانە، وەهــا گرنگییــان پێــدراوە کە خەریکــی درێــژەدانن بە مێــژووی خۆیان، هەروەهــا وەک ئەوەی لەمڕۆدا هێشتایش، بە پاڵ بەڕێــوەبردنی مرۆڤــایەتی لە ڕێــگەی وەلانــانی جەنــگ و

---

[19] liberal fascism

[20] biological life of the species

بەرپاکردنی جەنگەوە بۆ سەر "نا-مرۆڤایەتی"، نەک تەنیا دزەدەکەنە ناوەوە بەڵکو وەک درمیش بڵاودەکرێنەوە. بە دەربڕینێکی دیکە، دەبێت وەها لە لیبراڵیزم تێنەگەین کە ئاوارتەیە لە فاشیزم، بەڵکو دەبێت وەها لێی تێبگەین لەگەڵ چەندین فۆڕمی فاشیزمدا بەیەکداچوون و چڕبوونەتەوە کە گوایە "داگیرکەر"ن. ئەم خاڵەی ئێمە پێیگەیشتووین، تەنیا بەهۆی ئەوەوە نییە کە پەردە لەسەر ڕووی لیبراڵیزم هەڵدەماڵین و سەرکۆنەی دەکەین. تەنانەت ئەگەر ئەمەیش بکەین لەبەر ئەوە نییە کە لیبراڵیزم قابیلییەتێکی تایبەتی بوون-بە فاشیست[21]ی تێدایە. وەک هەمیشە وتوومانە، ئێمە پێمانوایە فاشیزم دیاردەیەکە کە دەبێت وەک ڕەگەزێکی زەروری بۆ هەموو فۆڕمەکانی پەیوەندییەکانی دەسەڵات دەستنیشان بکرێت، ئەمەیش مانای ئەوەیە بەلایەکەمەوە بۆ هەموو سیاسەتەکان وایە. بە بێ ئەوەی بڕوامان بە ئیمکان و ئارەزووکاریی ژیان لە جیهانێکی پۆست-سیاسەتدا هەبێت، دەڵێین فاشیزم دیاردەیەکە کە بە تەواوەتی وەک دامەزرێنەری پراکتیکی سیاسی دەناسرێتەوە. ئەمە هەر بە سادەیی مانای ئەوە نییە لە پێناو ئەوەی هەبین و وەک سوبێکتی سیاسی ئەکت بنوێنین تەنانەت ڕیسکی بوون بە فاشیستیش نەکەین، یان ڕیسکێک کە پێویستی بە گەشەکردنی زوهدێک هەیە، یان پێویستی بە هونەری پاراستن و پاکژکردنەوە هەیە لەپێناو ئەوەی

[21] becoming fascist

سیاسەتەکەمان بکاتە پراکتیکێکی کەمتر فاشیست. تێگەیشتنی ئێمە لە فاشیزم، ئەوەیە کە هەبوونی دەرەنجامێکی زەروری و ڕەنگدانەوەی بوونی سیاسی بوو. ئێمە دەڵێین لە ناوماندایە، بەشێوەیەک کە ئاماژە بەوە دەدات تەنیا کرداری ئێمە نییە وا دەکات خۆی بەسەر هەموو پنتێکدا بسەپێنێت بەو جۆرەی کە فاشیزم وامان لێدەکات خۆمان بەسەر هەموو شتێکدا بسەپێنین، ئەوەیش نییە کە هەمووومان پۆتێنشیەڵی بوون-بە فاشیست یان کرداری فاشیستییانەمان تێدایە، بەڵکو بەو مانایەیە کە تەنیا لە ڕێگەی پراکتیکێکەوە، بەشێوەیەکی سیاسی هەین و ئەکت دەنوێین کە خۆیان هەمیشە فاشیستین، لەگەڵ پۆتێنشیەڵێکی کەمی پێچەوانەکەیدا. داخوازیی و ئەرکی سیاسیی ئێمە ئەوەیە کە نەک تەنیا ئارەزووی دەسەڵات نەکەین بەڵکو خۆشیشمان نەوێت. چونکە ئەم خۆشەویستییە ناتوانێت بانگەشەی نا-فاشیستێتی بکات.

جا لە کاتێکدا ئیلهامی ئێمە لە گەشەدان بەم شێوازە مامەڵەیەدا و ئیلهامی نووسەرانی ئەم چاپتەرانەی دواتر وا لە کتێبەکەدا دێن، لە تێڕامانە فەلسەفی و سیاسییەکانی دۆلۆزەوە لە فاشیزم سەرچاوە دەگرن؛ ئەم ڕێگایەی خویندنەوەی دۆلۆز دەربارەی کێشە و دیاردەی فاشیزم، لەم هەوڵانەی ئێستادا گەشتێکی گرنگ بەنێو تێکیستەکانیدا پێکدەهێنێت، ئەویش بۆ کۆکردنەوە و پوختەکردنی ئەوەی کە سروشتی ئەم کێشە و دیاردەیە چییە. کەسانێکی کەم پێش ئێمە، خوێندنەوەی زۆرباش و

گونجاویـان بـۆ دۆلـۆز ئەنجـام داوە، تـاوەکو ئەو مەودایە پیشـــان بـــدەن کە گەشەســـەندنی دەســـەڵات و بەرفراوانبوونی جیهانیی لیبراڵیی پاش 1945, ناکرێت لەو ڕژێـمە فاشیســتییانە جیـا بکـرێتەوە کە لە ناوەڕاســتی ســـەدەی نـــۆزدەوە لە دژیـــان دەجەنگـــا. ئەگەر ئەرگومێنتەکەی ئێمە سنووریکی هەبێت، ئەوا دەبێت ئێستا کۆتـایی پێبهێنین و خوێنەر ئاراستەبکەین بەرەو چەندین دەقــی جیـاواز لەنێـو ئەم ئەرگــومێنتەدا کە هەمیشــە بە بەربـــڵاوی خـــراوەتە ڕوو. بە هەرحـــاڵ، لە دەرەوەی خوێنـدنەوەی دۆلـۆز، سـنوورەکانی نێـوان لیبراڵیـزم و فاشیزم زۆر بەرتەسکە و لەم سەردەمەی ئێستای جەنگی ناکۆتـای جیهـانی[22]دا بە ڕوونــی دیـارە، کە تـا ناکۆتـا مومارەســـــەی دەســـــەڵاتە ئاوارتەییەکـــــان[23]ی دەستبەســەرکردن دەکـات، سـوودگەرایی فـۆڕمی کەمـپ، بەکارهێنـانی بەرفراوانـی ئەشـکەنجە دەرهەق بە خەڵکـانی بێتاوان بە گویرەی پێوەرەکـانی جەمـاوەر لەلایەن دەوڵەتە لیبراڵییەکـــان و بریکارەکانیـــانەوە. لە ڕاســـتیدا، گوتـــارە فاشیســـتییەکان، تەنیـا بەپـاڵ زۆرکـردن و بەرهەمهێنـانی بەردەوامـــی پەیوەنـــدییە دەســـەڵاتییە لیبراڵییەکـــانەوە گەشـەیان کـرد و چەسـپاوتر بـوون، ئەویش لەم سـاڵانەی دواییدا تـا ئەو ڕادەیەی کە فاشـیزمی ئەمڕۆ بەشـێوەیەکی بنەڕەتی پووچێتی بایۆپۆلتیکی لیبراڵییە[24]، چ دەوڵەتی و چ

[22] global war without end

[23] exceptional powers

[24] banality of liberal biopolitics

نێودەوڵەتی. هانا ئارێنت لە کتێبەکەی خۆیدا دەربارەی "ئایخمەن" و دەربارەی "پوچێتیی خراپە"[25]، کاڵفامییەکی زۆر گەورەی هەیە بۆ تەفسیرکردنی ئەوەی کە چۆن ئیمکانی هۆلۆکۆست دروست بوو، نەک لە ڕێگەی ئەو دەمارگیرانەوە کە ئەکتە ئاوارتەییەکان ئەنجام دەدەن، بەڵکو لەلایەن خەڵکانی ئاساییەوە کە دەچن بەلای ئیشی ڕۆژانەی خۆیانەوە (ئارێنت، 2006). کەواتە ئەمە بە تایبەتی دۆزی فاشیزمی لیبراڵیی ئەمڕۆیە. دەتوانیت لە لەندەن سواری شەمەندەفەرە تونێلیەکان ببیت، سەرنج لە چاودێرییە کۆمەڵایەتییەکان بدەیت، چاو ببڕیت لە عەسابە بکوژەکان لە (صیرورە) وردەکەی خۆیاندا. لە ڕاستیدا، ئەمە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە فاشیزمی ئەمڕۆ، بە دەگمەن کەمتر ڕوون و دڕندەیە لەو فۆڕمانەی فاشیزم کە نەک تەنیا لەنێو خەڵکانی ئاساییدایە، بەڵکو لەنێو گوتار و پراکتیکی ئەوانەیشدایە کە خۆیان وەها ڕادەیەگەنن کەسانی "دژە-فاشیستن". هاوسوناسیی جێگیری پرۆژەی لیبراڵی لە سەردەمی پاش-جەنگدا لەگەڵ قوربانیان و ڕزگاربووانی هۆلۆکۆستدا، یەکێکە لە تەکنیکییە کلیلییەکان لەگەڵ و لە ڕێگەی ئەوەی کە لیبراڵیزم دەتوانێت بە جۆرێک فاشیزمەکەیان لێ بسڕێتەوە کە توانای بانگەشەی هەر شوناسێکی قوربانی یان ڕزگاربوویەکیان لێ دابماڵێت تاوەکو بکەونە بەردەم مەترسی وەرگرتنی کۆتایی توندوتیژی فاشیستیی لیبراڵی. بەلای ئێمەوە هیچ

[25] banality of evil

شتێک داڕوخاوتر و پووچتر لە بەرەودان بە بانگەشەی "دژە-فاشیست"بوون دەرناکەوێت، لەبەر هەمان ئەو هۆکارانەی کە هیچ شتێک لە ئارەزووی قسەکردن لەبری [و بەناوی] "قوربانیان"[26]ـەوە، بێ ئەرزشتر بوونی نییە. ئەم کتێبە، کارێک نییە دەربارەی "دژە-فاشیزم" و ئێجگار لەمەیش دوورە. ئێمە دژە-فاشیست نین چونکە بڕوابوون بە پاکێتی ئەم جۆرە بانگەشە ئەخلاقییە، دەبێتە مایەی کوێربوونی ئەنقەست بەرامبەر ئەو فاشیزمەی کە، بە زەرورەت، دەبێتە مایەی سوبێکتیڤیتە سیاسییەکەی خۆی. هیچ هەڵوێستێکی سیاسی بەقەد ئەو هەڵوێستەی کە کارتی گیرفانیی "دژە-فاشیست"ـی هەڵگرتووە، دوور نییە لە پاکژێتی و نەرمینواندن بەرامبەر ئەو شتەی کە هەوڵدەدات لەگەڵیدا بجەنگێت.

بێگومان ئەوە زۆر بە باشی دۆکیۆمێنت کراوە کە چۆن لە هێرشەکانی 11ی سێپتێمبەری 2001دا بۆ سەر ناوەندی بازرگانیی جیهانی لە نیویۆرک، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان، جۆرج بۆش، خەڵکەکەی خۆی لەوە ئاگادار کردەوە کە ئەوان ئێستا لە جەنگدان لەگەڵ "فاشیزمی ئیسلامی"ـدا. بانگەشەی کێشەی فاشیزم بەو شێوەیەی ئەو کردی، یەکێک بوو لەو کەرەستە خامە زۆرانەی کە لەلایەن بۆشەوە هەوڵی پێدرا هەلومەرجی جەنگێکی ترسناک بێنێتە کایەوە و بەدرێژایی ماوەی ئەم دە ساڵەی دوایی، ویلایەتە یەکگرتووەکان و بریکارە

[26] Victims

لیبراڵییەکـانی، خەڵکـانی پـێ تێکبشـکێنن، بەڵام دەشـێت هەمـــان کەرەســـتەی خـــام لە گوتارەکـــانی چەپیشـــدا بناسـرێتەوە، واتە لەو گوتـارانەی چەپـدا کە هێشـتا وەهـا قسـە لەسـەر فاشـیزم دەکەن گـوایە هەنـدێ هەڵوێسـت و پراکتیکـی سـنووردار و کـاتییە، کە دەشـێت وەک هەنـدێ ڕەفتار یان مەیل بێت کە لانیکەم چەپ دەتوانێت خۆیـانی لـێ پـاک بکـاتەوە. ئێمە پـاکژخواز نـین، بـۆیە ئـێمە دژە-فاشیسـتیش نین. سیاسـەت هەر لە بنەڕەتەوە پراکتیکێکی پاکژ نییە. بگرە ئێمە لە بەدواداچوونماندا، گرنگی نـادەین بە ئیمکـــانی هەنـــدێک جـــۆری خـــۆبەدوورگرتن، کە بە لەبەرچـاوگرتنی پاکژێتییمـان مـامەڵە لەگەڵ سیاســەت و ســوبێکتیڤیتەدا دەکـات. لەبـری ئەوە، ئـیمە بڕوامــان بە زەرورەتی قبوڵکردنی نـا-پـاکژی هەیە وەک هەلومەرجێک بۆ ئیمکانی بیرکردنەوە و کرداری سیاسـی. ئەمەیش واتە قبـــوڵکردنی ئەوەی کە هەمـــووان، هەمیشـــە بە شـــێوازی هەمەجۆر، فاشیستین.

لەگەڵ ئەوەیشـدا، ئـێمە لەم کتێـبەدا هەروا بە سـادەیی پەیڕەویمـان لە بۆچوونەکـانی دۆلـۆز دەربـارەی فاشـیزم نەکردووە. بەشێکی زۆری ئەو کارانەی کە دۆلۆزیـان بـۆ تیـۆریزەکردنی سیاسـی بەکارهێنـاوە، ئەمە بە ڕێگـایەکی ئاسان دەکەن، هەر بە سادەیی، گەر ئیدیۆمێک بهێنینەوە، گـــوێڕایەڵی وشـــەکانی نووســـەر دەکەن لە شـــێوازی ئۆدیپیـانەی بێهـودەیی[27]دا. بە پـێچەوانەوە، ئـێمە ئەمەمـان

[27] absurdly Oedipal fashion

وەک دەرفەتێـــــک وەرگرتـــــــووە بـــــۆ دووبـــــــارە هەڵسەنگاندنەوەی بنچینەکان، ئەو بنچینانەی کە دۆلۆز، بە تــــایبەتی لە بەرهەمە هاوبەشـــــەکانیدا لەگەڵ فیلــــیکس گواتاریدا، وەک دیاگنۆسێکی بنچینەیی ڕیشـەکانی کێشـەی فاشیزم، پێداگری لەسـەریان کردووە. ئەگەر ئێمە هەر وا بە سـادەیی پەیڕەویمـان لە دۆلـۆز بکردایە، ئەوا بێگومـان فاشـــیزممان لە هەردوو فـــۆرمە ورد و درشـــتەکەیدا، لە هەموو فۆڕمەکانیدا، وەک دەربڕینێک دەستنیشـان دەکرد نەک تەنیـا بـۆ جەسـتەی خـو-سـەرکوتکار[28]، بەڵکـو بـۆ "جەسـتەی پـارانۆیی"[29]ـیش،-دۆلـۆز مشـتومڕی ئەوەی کــردووە کە پارانۆیــا لەوێــدا هەیە کە جەســتە دەبێــتە جەسـتەی پـارانۆیی، کاتێـک چیتـر ناتوانێت لەگەڵ خۆیـدا هەڵبکـات، چیتـر لەگەڵ سـەرکەوتنی ئارەزووەکەیـدا کـۆپی نـابێتەوە (دۆلـۆز و گواتـاری، 2000). وەک چارەسـەرێک، ئـێمە گرەومــان لەســەر شــیزۆ[30] کــرد، وەک فیگــورێکی شۆڕشـگێڕانە و مەعریفیـی سـوبێکتی فاشیسـتی کە دۆلـۆز و پێڕەوکـارانێکی زۆر، بانگەشـــەی ئەوەیـان کـردووە کە وەهـایە. سـەڕای ئەوەیـش، ئێمە هـاوڕای ئەوانە نین کە وا بیردەکەنەوە کێشەی ئەمڕۆی فاشیزم، دەکرێت بە هەمـان ڕێگا لێی تێبگەیشترێت کە لە سەرەتای حەفتاکاندا هەبوو، [واتە] سـەردەمی چـاپی یەکەمـی کتێبـی ***"ئەنتـی ئۆدیـپ"***. وەک میشــێل فۆکـۆیش لە دەروازەکەیــدا بــۆ بەرهەمەکە

[28] self-repressive body

[29] Paranoiac body

[30] Schiz

ڕوونــی کــردۆتەوە، کێشــەی فاشــیزم لکــاوە بە کێشــەی شۆڕشــێگێڕی و خەباتگێڕییشــەوە (فۆکــۆ، 2000، xiii- xiv)، ئەم پرسـیارانەی دوایـیش دەربـارەی خەبـاتگێڕی و دەربـــارەی ئەوەی دەشـــێت لەمـــڕۆدا چ سیاســـەتێکی شۆڕشــگێڕانە پەیــڕەو بکرێــت، ناوەکییــانە پێویســتی بە بەکێشەکردنەوەیە لەو ڕوانگەیەوە کە ئێمە لێی دەڕوانین. ئەگەر ئێمە قسەکانی دۆلۆز وەک خۆی وەربگرین و قبوڵ بکەیــن دەربــارەی ڕێگاکــانی بڵاوبــوونەوەی فاشــیزم لە پەیوەندییەکانی دەســەڵاتدا, کە لە دەرەنجامـدا دژ بە ژیـان و ئارەزوو کـار دەکات و تونـدوتیژی دەنوێنێت, ئەو کـاتە دژ بە"شـیزۆ", کە هەمیشــە دۆلــۆز وەک فیگــورێکی نــامۆ ناساندوویەتی کە هەر لە سەرەتاوە "لە پیاسەکەدا نییە" و دراوە بەســەر ژیانــدا، بــوونێکە لەلایەن ئــارەزووەکەیەوە بەڕێوەدەبرێـــت، بوونێـــک کە هێشـــتایش بـــۆ ئـــێمە سەرنجڕاکێشـــــە. ســـــەرەڕای ئەوەیــــش، کێشــــــەی پەیوەنـــدییەکانی دەســـــەڵات لە ســـــەردەمی ئـــێمەدا، بەشێوەیەکی چۆنییەتی، جیاوازە لەو کێشـانەی کە دۆلـۆز ڕووبەڕووی ئیستیفزازێکی بنجبڕی کردوونەتەوە.

ئێمە هەرگیز لەنێو ئەو پەیوەندییانەی دەسەڵاتدا پاراو نەبـووین کە تـێکەڵ بە "ژیـان" کـراون، ئەوانەی کە لەنێـو بەئەنجامگەیانـــدنی شـــوێنکەوتنی "ئارەزوومان"ـــــدا لێکدەدرێنەوە، بە هەمان شێوە هەوڵدان بۆ ڕەتکردنەوەی ژیـان و ئـارەزوو، خـۆی بـۆ دۆزینـەوەی کەسـێکە چـاوی بڕیبێت لەڕوخساری فرمانی فاشیستی بۆ ژیانی زیاتر و ئـارەزووی باشــتر. لەبـری ئەوە، ئـێمە گەلێـک پرسـیار

دەخەینەڕوو وەکو ئەوەی داخۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فاشیزمی ئەمڕۆی لیبراڵی پێویستی بە چاندنی هەڵنەکردنێک لەگەڵ ژیاندا هەیە، پێویستی بە کورتکردنەوەی مرۆڤایەتی هەیە لە شتێکدا کە تەنیا ژیانە و هیچیتر. وا بێت و وا نەبێت، بۆ پڕۆژەی سیاسیی بەرەنگاربووونەوەی فاشیزمی لیبراڵ، بە پێچەوانەوە ئێمە پێویستمان بە شیزۆ، بە وڕێنەیەکی نوێ هەیە. ڕەنگە ئەوە جەستە نەبێت کە بێ ئۆرگانە، بەڵکو ئۆرگانە کە بێ جەستەیە. ئێمە گرەو لەسەر ئەوە دەکەین کە پارانۆیا ببێتە بالاترین دەسەلات؛ ئۆرگانەکان ببنە چی کاتێک لەو جەستەیە دەکرێنەوە کە وایان لێدەکات پاک ببنەوە لە وەزیفەکانی ژیانیان. ڕەنگە ئەو پرسیارانە بکەین کە ژیانێکی پارانۆیی چییە و جەستەیەکی پارانۆیی دەتوانێت چی بکات. کێشەی فاشیزم چیتر تەنیا ئەوە نییە کە دەربارەی هەڵوەشاندنەوەی لێکدژییە دووانییەکانی ناوەوە و دەرەوە بێت، بەرەنجام و دەربارەی "بۆ پیاسەیەک"[31] بێت، وەک بڵێی دەبێت ئیمکانی سوبێکتیڤیتەی سیاسی هەبێت بە بێ ژیانە ناوەکییەکەی خۆی، ئیمکانی سەرپێچی گوتارێک دەربارەی ئاساییشەکەی خۆی. ئێمە ئەو ئەرگۆمێنتە نافرۆشین کە ئاساییش و پراکتیکی دابینکردنی ئاساییش ئۆتۆماتیکییانە هاوتایە بە فاشیزم، کە ڕاستەوخۆ تەرجەمە دەکرێتە سەر "فەرامۆشکردنی

[31] for a stroll

توندوتیژانەی کۆچەری و لەڕێکخستنداماڵین[32]ی ئارەزوو و تێکشــکاندنی ئەوانەی کە ئەو کارانەیــان ئەنجــام داوە" (ڕیڤیتــۆ، 2001: 229). یــان [بانگەشــەی ئەوە نــاکەین] فاشـیزم ئەم ڕێگـایەی دانـاوە: ئەگەر ئەوانە ڕوویانـدا، ئەو کـاتە قبـوڵی ئەوەدەکەیـن کە تێگەیشـتنێک لە فاشـیزم وەک ئەو فــۆرمەی کە بنچیــنەی سیاســیەتە، پێویســتی بە حســـێبکردنی سیاســـەتی هەمەجـــۆری یەکســـانیی (نا)ئاســـایش[33] هەیە، بەو جـــۆرەی کە لە ڕێـــگەی چوارچێوەی کۆ-دەزگا[34]وە تێگەیشـتراوە. دۆلـۆز خۆیشـی ئەرگــومێتی ئەوەی هێنــاوەتەوە کە «هەرگیــز زانیــاری نەیـدەتوانی هیـتلەر تێکبشـکێنێت" (دۆلـۆز، 2000: 269)، بۆیە ئێمە بڕوامـان وایە کە هیـچ ڕکـابەرییەکی پەیوەندییە فاشیستییەکانی دەسەڵات ناتوانێت و ئیمکانی نییە هەبێت بە بـێ گوتـارێکی عـامی[35] دەربـارەی ئاسـاییش و ویسـتی دابینکردنـــی ئاســـاییش بـــۆ ئەو شـــتەی کە لە لەلایەن دامەزرانـدنی ڕژێمێکـی فاشیسـتیی هێـزەوە لە مەحەکدایە یان لەبەردەم مەترسیدایە.

ئەمە بیرکـــردنەوەی ئـــێمەیە. ڕێگـــای ئـــێمەیە بـــۆ تێکەڵبوونمــان لەگەڵ دۆلــۆز. بەو جــۆرەی کە خۆیشـــی دەیویســـت. ئـــێمە لە کـــارەکەی دۆلـــۆزدا زۆر کۆســـپ و تەگەرەمان هاتە بەردەم، گەلێک سنوور کە بۆ بەزاندن و

---

[32] disorganizing

[33] (in)security

[34] *Dispositive*

[35] vernacular discourse

پەرینەوە دانرابوون، ئەمەیش ئەو شوێنەیە کە زۆربەی کارەکانمان لەسەر ئەم دەقە تێدا کردووە. ئێمە "دۆلۆزی"ی نین و شەیدای ئەوەیش نین ببینە دۆلۆزی. "ئەخلاقی فاشیستی" وەک ئەوەی لە رەخنەی دۆلۆزدا ماوەتەوە، پۆلیسیکردن[36]ی سنوورەکانی ئەو شتەیە کە دۆلۆز وتویەتی, تاوەکو مانای ئەوەی بدات کە لەوێدا ئەمەی وتووە و ئەوەی وتووە و، تا ناکۆتایش تەفسیرکردنی وشەکانی ئەو. ئێمە لێرەدا بۆ ئەوە نانووسین خۆمان بکەینە فاشیستی دۆلۆزی. ئەوە زۆر ئاسانە ستانداردی دۆلۆزی دەربارەی کێشەی فاشیزم و حسێبکردنی ستراتیژی دۆلۆزی بۆ لەشەرعیەتخستن و خەبات[37] دژ بە فاشیزم, بە دەرزەن کۆبکەینەوە. لە کاتی پێویستدا و لە کاتی هەبوونی واقیعیی ستراتیژیدا، مەرج نییە دژی ئەمە بین. بۆ نموونە، ئەوە بەباشی سەلمێنراوە کە دەوڵەتە لیبراڵییەکان و هەمەجۆریی زۆری فۆڕمە گوتارییەکان و ئەو بریکارانەی کە بۆ ڕەوایەتییەکەیان پشتیان بەستبوو بە پاش 1945، هەر بەردەوامن لە خزمەتکردنی "ئەخلاقی فاشیستی"، بەهۆی ناوزەدکردنی چەندین حیکایەتی هاوشێوە و بانگەشەکردن بۆ سوپاکان دژ بە دوژمنە "نا-مرۆڤانەکان" کە ڕژێمە فاشیستییەکانی پێشتر بوون، بە تایبەتیش نازیزم. بێگومان ئێمە دەزانین ئەوانە هەن و ئەمەیش هەمیشە وتراوە. ئێمە موعجەبی

[36] Policing

[37] delegitimation and struggle

نووســـەرێکین کە ئیلهـــامی لە دۆلـــۆزەوە وەرگرتـــووە، نووســـەرێکی وەکـــو کـــریس ڕاڤێتـــۆ، کە مشـــتومڕی زەرورەتـــی هەبـــوونی ســـتراتیژیەتێکی کـــردووە بـــۆ "لەڕەوایەتیخســـتنی پرۆســـەی بەمـــۆدێرنکردن و پـــرۆژە حیکایەتســـازییەکەی"[38]، هەروەهـــا بـــۆ تێگەیشـــتنێک لە سەرچاوەکانی فاشیزم وەک مانەوە لەنێو کورتکردنەوەی هەمەجۆریدا بۆ خودی یەکێتی (ڕاڤێتۆ، 2001: 233). لە ڕاستیدا، چەندین دەلیل و پاڵپشت هەیە بۆ دۆزینەوەی ئەم جۆرە مامەڵەیە لە بەرهەمەکانی دۆلۆزدا. بۆنموونە، لە هەردوو بەرگەکەی ***"ســـینەما"*** دا، دۆلـــۆز ئەرگـــومێنتی ئەوەی هێناوەتەوە کە کێشـەی فاشـیزم، لە سـەرچاوەوە، ڕیشـەکانی هەر لە کلاسـیکدا ڕۆچـووە و لەپـێش سـاڵی 1945یشەوە بەشێوەیەکی بەرفراوان باوەڕێکی سیاسیی نزمـــی لە نێـــو کـــۆدەنگیی "خەڵکـــی" و لە توانـــا ئۆرگانیکییەکانیدا بۆ بوون بە ڕاستی لەخۆیدا، هێنایە ئارا. ڕاڤێتـۆ ئەرگـومێنتی ئەوەی هێنـاوەتەوە کە ئەوە دزێـو و مەترسـیداربوو بـڕوا بە یەکێتیـی "خەڵکی" بکرێـت، گـوایە لەلایەن ئەزمـوونی فاشـیزمەوە لە ئەوروپـای سـەدەی بیســتدا، ئەم یەکێتیــیە تێکشــکێنراوە، بە هەمــان شــێوە دەرخەری بەفراوانبـوونی میراتـی کۆلۆنیـالیی ئەورووپـی و بەردەوامبوونی ڕاسیزم و ئەو ئاوارتانە بوو کە هێشتایش سـەروەریی ئەمریکی خۆی لەسـەریان ڕاگرتـووە. ڕاڤیتـۆ

---

[38] delegitimation of the modenizing process and its narrativizing

مشـتومڕی ئەوە دەکـات، ئەو ئەزمـوونە لای خـۆیەوە، لە میـدیۆمی سـینەماتیکدا، گواسـتنەوەیەکی هێنـایە کـایەوە لە "حیکـــایەتی دروست"ـــــەوە بـــۆ "حیکـــایەتی هەڵە"، کە لەدەستدانی ڕێژەیی باوەڕ و متمانە بە پۆتێنشیەڵی یەکێتی دەنوێنیتەوە، پۆتێنشیەڵێک کە ئایدیاڵی "خەڵکی" بەهـۆیەوە بەشێوەی کلاسیکی نیگارکراوە. بە تـایبەتیش، هۆلۆکۆسـت ئەو توندوتیژییەی دەرخست کە خەڵکی بەسـەر تایپەکانـدا دابەشـکرد، لەو خـاڵەدا کـرایە شـتێکی سەرسـوڕهێنەر کە لەنێـو پێکەوەســازانەکەیدا دەســتەبەربوو، هەر کەســێک دەیتـوانی ئەوە بکـات کە پێویسـتی بە هێنـانەوەی پێـوانە نەبووە بۆ تایپە جەوهەرییەکەی، بەم جۆرە سینەما بەرەو ئەوە بـانگکرا کە خۆی دابهێنێتەوە، چـونکە چیتر ئەفسـانە بـۆ ڕاسـتی گێـڕانەوە ناســازێنێت لە ڕێـگەی ئەوەی کە خەڵکی هاوچەرخ، یان خەسڵەتە تاکەکەسییەکانیان, بشـێت وەک شتێکی هـاوزەمەنکراو[39] بنـوێنرێنەوە. شـیکارییەکەی ڕاڤیتـۆ و شـیکاریی پراکتیکـی هەمـوو ئەدەبیـاتی دۆلـۆزی لەبـــارەی ئەم تێمـــاگەرییەی ســــینەما و ئێســـــتاتیکای سیاسـییەوە، لەنێو ئەم تێگەیشـتنەدا ئامـادەکرا کە فاشـیزم چـی بـوو، ئینجـا بەشـێوەی سیاسـی و ئێسـتاتیکی چـی دەکات لە بۆشایی "گەڕانەوە"کەی[40].

پێمـــوایە لێـــرەدا ئـــایرۆنییەک هەیە نەک تەنیـــا لەو ڕێگایـــانەدا کە نووســـەرانێکی وەکـــو ڕاڤیتـــۆ پەیڕەویـــی

[39] synchronized

[40] avoid its 'return'

حەرفییان لە دۆلۆز کردووە، بەڵکو لەو ڕێگایانەیشدا کە بەهۆی چەند شتێکەوە، لەنێو تێگەیشتنێکی مێژوویی سروشتی فاشیزمدا وەک ئەوەی هەیە, وەرگیراوە. ڕێگای سادەکردنەوەی نواندنەوەی فاشیزم، وەک شتێک کە لە شوێن و کاتێکی تایبەتی و دیاریکراودا "ڕوویداوە" و فاشیزم دابەش دەکات بەسەر کاتدا، لە ڕابردووەوە بۆ ئەم کاتەی ئێستا، هەروەها پرسی کاتی داهاتوو، ئا ئەم ڕێگایە ستەمێکی گەورە لە ئاڵۆزییە ئێجگار گەورەکانی ئەو تیۆرەی فاشیزم دەکات کە لە کارە هاوبەشەکەی دۆلۆز و گواتاریدا خراوەتە ڕوو. وەنەبێ وەها بیر بکەینەوە کە کارەکانی دۆلۆز دەربارەی سینەما کەمتر یان بەهاکەی کەمترە بۆ گەشەدان بە ئیلهامە-دۆلۆزییەکەی ئێمە دەربارەی فاشیزم. لە ڕاستیدا، ئێمە لە ئاراستەکردنی ئەم دەقە هاوبەشەماندا، بەدەست ئەوەوە گیرۆدەبووین کە بابەتەکان وەها لێ بکەین لەگەڵ ئەم ڕەگەزەی تیۆریزەکردنەکەی دۆلۆزدا بێتەوە. وێڕای ئەوەیش، نائومێدییەک هەیە پێویستی بە کاری داهێنەرانە هەیە لە کەلێنەکانی کارە جیاوازەکانی دۆلۆزدا، لەپێناو بەرهەمهێنانی کاری نوێی ئەوتۆدا کە لە هەر کارێکی خۆیان سازگارتربێت و خولیای گەورەتری هەبێت. هەروەها، ئێمە پیمانوایە پێویستە فاشیزم بەو جۆرەی کە لەلایەن دۆلۆزەوە، لە بەرهەمەکانی "***سینەما***"دا خراوەتە ڕوو، بەکێشە بکرێتەوە، چونکە کاتی بەسەردا تێپەڕیوە. تازەکارییەکەی دۆلۆز لە سینەمای پاش 1945دا، وەک وەڵامدانەوەی بانگی خەبات دژ بە توندوتیژیی فاشیستی

بۆ سەپاندنی کۆدەنگیی هەڵە[41] بەسەر دژیەکیی خەڵکیدا، بەلای هەرە کەمییەوە، ئارەزووی بڵاوکردنەوەی هەندێ حیسابی پاکژکراوی زاراوە و هەلومەرجی هاوپشتیی لە خەباتدا دژ بە ڕژێمە لیبراڵییەکان, لەپێناو هەمەڕەنگی و ژیانی ئیسپاتکردندا بوو، چونکە ئەوان یەکڕەنگکردن و چاندنی مەرگ بوون. (ڕید، 2010؛ ڕید، 2006؛ دیلۆن و ڕید، 2009؛ بەدیۆ، 2003: 11). بۆیە پرسیارەکەی ئێمە ئەوەیە کە چۆن بە کێشەکردنەوەی خەباتی سیاسی، کە لە مێژوو و گەشەکردن و بەفراوانکردنی پەیوەندییە دەسەڵاتییە لیبراڵەکانەوە کەوتۆتەوە، کاریگەریی هەبوو لەسەر تێگەیشتنی ئێمە دەبارەی سیاسەتی مامەڵەی دۆلۆز لەگەڵ کێشەی فاشیزم لە سەدەی بیستویەکەمدا؟ ئایا تێزەکانی دۆلۆز سروشتێکی پارانۆیی فاشیزم و پۆتێنشیەڵی شۆرشگێڕانە و خەباتگێڕانەی شیزۆ لەخۆ دەگرێت کە هێشتایش ڕازیکەر بێت؟

"تود مەی" پاڵمان پێوە دەنێت بۆ دووبارە بەکێشەکردنەوەی جیاکاریی نێوان تێگەیشتنەکەی دۆلۆز لە فاشیزم وەک دیاردەی ئارەزوو لەگەڵ بۆچوونی مارکسیستی هەرە نەریتی کە پێیوایە ڕیشەکانی فاشیزم وا لەنێو ئایدیۆلۆژیا و بیروباوەڕدا. مەی دان بە دەسەڵاتدا دەنێت لە کاتێکدا هەوڵ دەدات بۆ تێپەڕین لە سنوورەکانی هەردوو مامەڵەکە لە ڕێگەی تیۆریزکردنی گرنگیی پراکتیکی فاشیزمەوە لە کۆنتێکستی ئەمریکای

[41] false unanimity

هاوچەرخدا. وەک ئەو مشتومڕی کردووە، بەشێوەیەکی سەرەکی فاشیزم لە پراکتیکێکدا دەرکەوت کە ئێمە بەشدارین تێیدا. نەک لەبەرئەوەی ئێمە ئارەزووی فاشیزم دەکەین، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەوەی ئێمە ئارەزووی دەکەین خۆی فاشیستییە؛ هەروەها نەک لەبەرئەوەی ئێمە باوەڕمان بە فاشیزمە، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەوەی ئێمە باوەڕمان پێیەتی خۆی فاشیستییە. لە جەوهەری ئەرگومێنتەکەی "مەی"دا، دۆلۆز تەنیا نیوەی ڕاستییەکەی پێکاوە. خەڵکی تەنیا ئارەزووی فاشیزم ناکەن. لەبری ئەوە، ئەوان پەیوەستن بە چەندین پراکتیکەوە کە باوەڕیان وایە شتانێکی گرنگن دەربارەی ئەوەی ئەوان چین. هەر شتێک بچێتە نێو ئەم پراکتیکەوە، وەک هەڕەشە دەبینرێت. ئەو پێیوایە، لە کۆنتێکستی تایبەتدا، دەشێت پراکتیکی ئەوان دواتر ببێتە ئەکتێکی فاشیستی وەک ئەوەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان لەنێوان 2001 و 2008دا ڕوویدا. ئەگەر حاڵەتەکە هەر وا بمێنێتەوە ئەوا پەیوەستبوون بەم پراکتیکانەوە مەسەلەی ئارەزوون، بۆیە ئەو حاڵەتەیش دەمێنێتەوە کە ناکرێت ئەو پراکتیکانە بە بێ هۆشیاریی خەڵکی بگۆڕدرێن. بەم جۆرە، بۆ مەی، بۆ ئەوەی بە دروستی لە پەیوەندیی هاوچەرخی ئیستیفزازکردنی دۆلۆز تێبگەین، پێویستمان بە موتوربەکردنی تیۆرییەکەی ئەو دەربارەی ئارەزوو هەیە بە ڕوانگەی فۆکۆیی دەربارەی مێژووی پراکتیکی لەپێناو تێگەیشتن لە فاشیزمی ڕۆژانە.

میشـــێل شـــاپیرۆ، بەردەوامیـــی دەدات بە شـــیکاریی ڕەهەنـــدە فاشیســـتییەکانی ویـــلایەتە یەکگرتووەکـــان لە ڕێگەی تـاقیکردنەوەیەکی پراکتیکی ئێسـتاتیکی[42]ـیەوە، کە لێی پێکهاتووە. وەک شـاپیرۆ مشـتومڕی کردووە، فۆرمە بەربڵاوەکـــانی فاشـــیزمی ئەمریکـــای پـــاش جەنـــگ، لە بەرهەمهێنـــانی ســـوبێکتە ئێســـتاتیکییەکاندا کـــاریگەریی هەبوو، بەڵام ئەمە فاشیزمی جەنگی سـەراپاگیر نەبوو. لە ڕاسـتیدا، ئەمـانە فاشـیزمێک بـوون کە پتـر بایەخیـان بە هەمـــوارکردنەوەی ئاشـــتیی لیبراڵـــی دەدا نەک هەر بە ســادەیی بە دنەدان بـۆ جەنـگ. شـاپیرۆ مشـتومڕی ئەوە دەکات کە هەوڵدان بۆ هێشـتنەوەی پێناسـە مێژووییەکەی ئەو شـتەی کە هەریەکە لە ئێسـتاتیکای فاشیسـتی و دژە-فاشیسـتی کۆدەکـاتەوە، پێویسـتە وەک گوزارشـتکردن لە فاشـیزمی نـوێ ببینرێـت. لێـرەدا، بـزوێنەرە ئاشـکراکەی شـاپیرۆ بـریتییە لە ڕزگـارکردنی هەنـدێ شـتی سیاسـی و هێنـــانە دەرەوەی لەو وێرانکـــارییە نیهیلیســـتییە. ڕەنـــگە ئەوەی ئـــێمە پێیـــدەڵێن ئیـــرادەی دژیەکـــی پێشـــکەوتنی هیچگەرایـی (Progressive nothingness) هەر ئەوەبێـت کە لە ڕواڵەتی نیگەرانییەکی لۆکاڵیزەکراودا گەشـە دەکـات. پەرەسـەندنی تیـۆرییە سـەرەتاییەکەی شـاپیرۆ دەربـارەی "هێترۆتۆپیـــای ســـینەمایی"[43]، کە بەشـــێوەیەکی کـــاریگەر کارمەنـــدی سیاســـی، لە دیســـپلینی ســـڕبووی نـــاکۆکی

[42] aesthetic practices

[43] cinematic heterotopia

خوێنـــدنی فیلمـــدا بەرهەم دێنێـــتەوە، ئەوەیە کە هەر بە سـاـدەیی نیگـاری جەمـاوەری کـردووە وەک سـوبێکتە پاســـیڤەکان؛ شـــاپیرۆ بە تـــایبەت لە بەرهەمەکـــانی "سایبەربێرگ"[44] و "فیلیب ک. دیک"[45]ـدا، "دژیەکییەکان"ی فاشـیزمی نـوێ کەشـف دەکـات. وەک شـاپیرۆ ڕوونـی کـــردۆتەوە، دژیەکیـــی فاشـــیزمی نـــوێ پێویســـتی بە گەڕاندنەوەی هەر هەوڵێکە بۆ دیاریکردنی ئەو دژیەکییە وەک شتێک کە لە دۆخێکی تایبەتیی هزر یان گوزارشت کەوتـوتە، کە بـایەخ بە سـوبێکتیڤیتە لادەرەکـان دەدات، تاوەکو لەبری ئەوە لەنێو ئەو تۆمارانەدا کە بەشێوەیەکی جەوهەری فاشیســـتین، ســـەرنج لەســـەر چـــۆنیەتی دیاریکردنەکان و دەستەبەرییەکانی خودی کردەوە لادەرە فاشیســتییەکان چڕبکـاتەوە. شـاپیرۆ ئەرگـومێنتی ئەوەی هێنـــاوەتەوە، تەنیـــا ئەو کـــاتە کـــاملێتی تێگەیشـــتنە موبتەزەلەکان لە کێشـەی فاشیزم بە پاڵ بەکردەییکردنی فاشـــیزمی نوێـــوە دەناســـینەوە، کە بتـــوانین لەبـــارەی ئێستاتیکای دژە فاشیستییەوە بدوێین.

"براند ئیڤانس"، ڕاستەوخۆ پەیڕەوی لە شاپیرۆ دەکات تاوەکو گریمانەی لە هی ئەو دوورتر دەربارەی سروشت و لـۆژیکی فاشـیزمی لیبراڵـی دابڕێژێـت. ئەو بـایەخ بە لێکبەســتنەوەی نێـوان ئـارەزووی میکـرۆ-فاشیســتی و مـاکرۆ-کایەکـان[46]ی شێوەگرتنی سیاسـی دەدات؛ ئیڤـانس

[44] Syberberg

[45] Philip K. Dick

[46] macro-fields

بایەخ بە بەسەرمایەکردن[47]ی گەشەکردووی ئەو ئاشتییە دەدات، کە سەردەمی هەژموونی لیبراڵی بەخۆیەوەی بینیووە. لێرەدا، ئیڤانس مشتومڕی ئەوە دەکات کە دەلالەتی یەکلاییکەرەوە بریتییە لە شوێنگۆڕکێی بایەخدانە قەڵەمڕەوییە جیۆپۆلەتیکییەکان لەگەڵ لۆژیکی بایۆپۆلەتیکی جیهانیی توانای مانەوە و کاریگەرییەکەی لەسەر مایکرۆفیزیای دەسەڵات[48]. ئەمە دەرفەتی خوێندنەوەیەکی بایۆپۆلەتیکی بۆ فاشیزم وەک کۆمەڵگا بەربڵاوە خاوەن وەزیفە سیاسییەکان دەدات، کە بە نزیکی لە هەوڵی جەنگێکی جیهانیدا, لە هەموو ناوەکانمان و بۆ هەموو مەترسییەکانمان, کراوە بە کۆمەڵگەیەکی سەربازی. هەروەها ئەمە دەرقەتی تەفسیرێکی نوێی بەئۆدیپکردن[49] وەک ڕواڵەتێکی فاشیزم دەڕەخسێنیت، تاوەکو ببێتە یەکێک لەو کێشە دیارانەی کە ناکرێت لە دۆخی ناکاوی هەمیشەیی قۆناغی نێوان-پەیوەندی[50]-یە ڕادیکاڵەکەمان جودا بکرێتەوە. جا لە کاتێکدا کردەوە کاتییەکانی دەسەڵات هەرهەموویان پێکەوە پەیوەستن، لەگەڵ ئەوەیشدا ئیڤانس هەستی بە دڕدۆنگی دەکرد بەرامبەر پاشماوەی زیاتری مێژوویی باو -بەتایبەتیش، تووشبوون بەو داوە مۆراڵییەوە کە لەلایەن ئیمانوێل کانتەوە دانرابوو. لەگەڵ ئەوەیشدا، میراتی کانتی بە

---

[47] capitalisation
[48] microphysics of power
[49] Oedipalization
[50] Inter-connected

زۆری لەگەڵ فەزیلەتــی گەردوونــی ئاشــتیی داهــاتوودا ئــاوێتە بــووە، ئیڤانســیش پەیــڕەوی لە کــردنەوە و دامەزراندنی فەرمانی بایۆپۆلەتیک دەکات بۆ ئەوەی وا بکات لە شۆڕشی مۆراڵی کانتی لە بیرکردنەوەدا "ژیان بــژی"[51]. ئەم خوێنــدنەوە بــایۆپۆلەتیکییەی فاشــیزم، ســـــەلمێنراوە. لە ژیانێکـــــدا کە لە ڕێـــــگەی پۆتێنشــیەڵێتییەکەیەوە کۆتوبەنــد کــراوە، ئــارەزووی ئاســاییش، بەشــێوەیەکی کــاریگەر، لە ڕێــگەی هەمــان ئیلتیزامــی ئۆنتۆپــۆلەتیکییە[52]وە، حیســابێکی لیبراڵیــانەی ئیلهامی کانتیی کە ڕاستی لە خۆ دەگرێت، وەلا دەنێت. بەم جـۆرە بەئاساییشـکردن[53] دەبێـتە گەمەیەکـی سـتراتیژی گرنگتر، بە جۆرێک تێیدا لە پشت پارادیمە شیمیتییەکەی کاروبــارە جیهانییەکــانەوە، بەرەو قۆناغێــک دەڕۆیــن کە لەلایەن حەتمیەتـێکەوە، ماسـکی پێشـەنگایەتیی خـۆی زاڵ کردووە؛ ماسکێک کە بە پۆتێنشیەڵ، هەموو شتێک دەخاتە بەردەم مەترسی. ئیفانس مشتومڕی ئەوە دەکات کە ئەوە حیکایەتی فاشیزمی لیبراڵییە.

گــۆتفری وایتهــاڵ، لەمە دوورتــر تەحەدای فاشــیزمی لیبراڵــی هێنــایە بەربــاس، لە ڕێــگەی ڕەخنەگــرتن لە دۆکترینی هەڵگرتنەوەی پێشوەختەوە، ئەو دۆکترینەی کە بە بەدناوی دەبێتە تایبەتمەندی ڕژێمەکەی جۆرج بۆش. وایهــاڵ مشــتومڕی ئەوە دەکــات کە لە دڵــی فاشــیزمی

---

[51] make life live

[52] ontopolitical commitments

[53] Securitization

لیبراڵیدا، ڕێگایەک لە بزووتنەوە عامییە جیاوازەکاندا هەیە کە فێربــوونی تەبــایی و پەیوەنــدیگیری و ئــاوێزانبوونە لەگەڵ پــلەی تێگەیشــتنی ڕوولەزیــادی ڕاســتکردنەوە و لێهاتووییدا. چیتر جیاکاری نێوان جەنگ و ئاشتی بەو زەقییەی پێشوو نییە، وەزیفەکانی فاشیزمی لیبراڵی لە تــاقمە عامییەکانــدا، کە پەیوەنــدیی جەنگ/ئاشــتی-یــان دامەزرانــدبوو، لە بەرژەوەنــدیی لایەنــی یەکەمیــان نییە. ئەوەی لەم تــاقمەدا ســەنتراڵە چەمکــی "پاراســتنی جیهــانی"[54]ــە، کە خوازیــاری وەرچەرخــانە لە لــۆژیکی سیاسییەوە بۆ لۆژیکی بزووتنەوە. بەلای وایتهاڵەوە، دوو ڕواڵەتی کلیلیی پاراستن هەڵگرتنەوەی پێشوەختەن، کە پــاڵی بە بڕیــارەوە نــا بەرەو زەمەنێکی نــا-سیاســی[55] و تەکنۆلــۆژی، کە ئەو بڕیــارانەی داڕشــتووە وەک بلێــی هەمیشــە هەر وابــوون. وایتهــاڵ دوای ئەوەی دەلالەت و بــایەخی ئەمە بــۆ تێگەیشــتنمان لە ئاســاییش، جەنــگ و دەسەڵات، ڕوون دەکاتەوە، ئەنجامگیریی ئەوەیش دەکات کە لە ڕێگەی شێوازی ئارەزووی چێنراو بۆ چاککردن و ڕاستکردنەوەی مرۆڤایەتییەوە، جۆرێک ڕقلێبوونەوەی-خودیی مرۆڤەکان و مرۆڤایەتیش گەورە دەبێت. هەروەها، فاشیزمی لیبراڵ ڕیشەی لەم عادەت و نەریتە عەوامییەدا دەردەکەوێــت کە ئــارەزووی مرۆڤــایەتی بــۆ بــوون بە ئــارەزوویەکی مرۆڤــانەتر، دادەمەزرێنێــت. ئەم فاشــیزمە

---

[54] global triage

[55] a non-political time

ئـــارەزووی ماشـــێنەکانی کوشـــتن دەکـــات کە بە نـــاوی مرۆڤایەتییەوە ژیان دەهێڵنەوە.

ژولیـــان ڕیـــد حیســـابەکەی دۆلـــۆز دەربـــارەی ڕۆلـــی ســـــینەما وەک ســـــەرچاوەیەکی بەرەنگـــــاری بە ڕووی فاشـــیزمدا، تـــاقی دەکـــاتەوە و فـــۆکەس دەخـــاتە ســـەر کەیفخۆشیی ئەو بە سینەمای پاش-جەنگ، واتە "سینەمای بینەر"[56], وەک دۆلۆزیش باسی کردووە "خەڵکانی بینەر" ئەم سـینەمایەیان پـڕ کـردۆتەوە. بیـنەران کـارەکتەرانن، ئەوانەن کە توانـای کردەیـان لەدەسـتداوە، تەنیـا لەپێنـاو دەســـتکەوتنی دەســـەڵاتێکی جیهـــانیتری بینـــین (یـــان ڕوانـین[57])ـدا. کـارەکتەران بەلای ئەوانەوە, ڕێکخسـتنێکی دیســـپلینکەرانەی ئەو هەســـتانەیە کە زەروریـــین بـــۆ بەشـــدارییکردن لە بزوانـــدنە دەســـتەجەمعییەکاندا کە بە ئاسـانی تێکناشـکێت، بەڵام لە ڕێگەی دەسـەڵاتێکی چڕەوە بە ئاسانی شوێنی خۆی گۆڕیوە تـاوەکو ئەو شـتە ببینێت کە تا ئەم ساتە نەبینراوە. دۆلۆز پێیوایە، سینەمای پاش-جەنگ بینەرانی پیشانی ئێمەدا و بە کردنی ئەم کارەیش جەختی لەسەر پۆتێنشیەڵی بەرەنگاریی بە ڕووی پێشـهاتە فاشیستییەکاندا کردەوە بۆ بزواندن و بەکۆمەڵکردنێک کە لێکەوتەی "(صیرورە)ی تەماشاکاریی یان بینەر"[58]ـەکەمان بـوون (دۆلـۆز، 1989: 21). ئەمە لەنێـو ئـێمەدا هـانی دەسەڵات دەدات بۆ بینینی جیهان لەو حاڵەتەدا کە لە ئێمە

---

[56] cinema of the seer

[57] insight

[58] becoming visionary or seer

سەنراوەتەوە، لە کاتێکدا ئێمە لەنێو پەیوەندیی بزوێنراوی هەستدا, لەگەڵ ئەو جیهانەدا دەمێنینەوە کە لە ئێستاتیکای فاشیزمدا کەیفخۆشە. لە کاتێکدا ڕازیبوونی هێندەکی (جوزئی) جۆرێک وەڵامدانەوەی فاشیزمی مێژوویی ناوەڕاستی سەدەی بیستەم بوو، ڕید ئەرگومێنتی ئەوە دێنێتەوە کە تێگەیشتنی دۆلۆز بۆ هەریەکە لە فاشیزم و بەرەنگاریی لای بینەر، کاتی بەسەرچووە و چیتر لە کۆنتێکستی ئەو فۆڕمانەی فاشیزمی لیبراڵیدا کار ناکات کە پەیوەندییەکانی دەسەڵات لەمڕۆدا ڕێکدەخات. لەگەڵ ئەوەیشدا، وەک ڕید پیشانی داوە کاتێک لە سینەمای ئەمڕۆ دەڕوانین، دەتوانین ببینین وەڵامی ئەم تەحەدا نوێیانەی بەجۆرێک داوەتەوە کە لەلایەن دۆلۆزەوە پێشبینی نەکراوە و تاقیی نەکراوتەوە. ڕید سەرنجی تەنیا لەسەر ڕوخساری "بینەر" چڕ نەکردۆتەوە، بەڵکو سەرنجی خستۆتە سەر پەیوەندییەکەی لەگەڵ "یەقین"ی نێو جێگیرییە کلاسیکییە دۆگماکان، بۆیە پەیوەندیی نێوان بینین و یەقینی لەو مەسەلەیەدا وەها سووڕاندۆتەوە کە هەندێک لە سنووردارییەکانی شیکارییەکەی دۆلۆز خۆی تێدەپەڕێنیت و وای لێدەکات لە کۆنتێکستی ئەو فۆرمە تایبەتییانەدا مانادارتر بێت کە فاشیزمی لیبراڵ لەمڕۆدا بەخۆیەوەی گرتووە.

بەشدارییەکەی ئێرین مانین ئاوڕ لە [فیلمی] "والز لەگەڵ بەشیر"[59]ی ئاری فلۆمان[60] دەداتەوە، ئەوەی

[59] *Waltz with Bashir*

دەرخست کە چۆن فیلم بەرەنگاریی فاشیزمی هیومانیزمی لیبراڵــی دەبێــتەوە. لە ڕێــگەی خوێنــدنەوەیەکی وردی ***"لـۆژیکی واتـا"*** و تێکیســتەکانی ***"ســینەما"***ی دۆلـۆزەوە، دەست بۆ فیلمێک دەبات کە بەدواداچون بۆ مێژوویەکی ئاڵۆز دەکات (مێژووی کوشتارگەی سەبرا و شاتیلا[61])؛ مانین بەدواداچوون بۆ مەترسییەکانی فاشیزم دەکات وەک ئەوەی لەنێــو "واڵــز لەگەڵ بەشــیر"دا دێــتە ســەر ڕووکاری شانۆکە و گریمانەی خوێندنەوەیەکی میکرۆ-سیاسی دەکات کە بەسەر ئیمکانی سیاسەتی جیاوازدا دەکــرێتەوە، لە ڕێــگەی بڵاوکــردنەوەی ئەو شــتەوە کە دۆلـۆز پێیـدەڵێت "دەســەلاتی هەڵەکـردن"[62]. وەک دۆلـۆز ئەرگـومێنتی بـۆ هێنـاوەتەوە، ئێســتاتیکای فاشیســت لە ڕێـــــگەی ئەفســــــانەی خۆکــــــوژیی "حیکــــــایەتە ڕاستەقینەکان"[63]ـەوە، دەستەبەر دەکرا. ئایدیای جیهانێک کە لە کتــوپڕیی ژیانــدایە، بەرە بەرە دەبێــتە بــابەت بــۆ ڕێکخســـتن، چــونکە دواجــار حەقیقەتــی ترانســێندنتاڵی سوبێکتی فاشیستی لێوە دەستەبەر دەکرێت، چیرۆکەکانی ڕابردوویش پەیتا پەیتا تەباییەکەیان دەخەنە بەردەست، لە ڕێگەی کاملکردنی ئەکت لە ئێستادا. فاشیزم پێشبینی کۆتــایی خــۆی کــردوە، لەگەڵ خۆکوشـتنێکی دڵنیایـانەدا بەرەو چارەنووسـی خـۆی دەجوڵێت. وەک مـانین باسـی

---

[60] Ari Folman

[61] Sabra and Shatila massacre

[62] the power of the false

[63] true narration

دەکـات ***"والـز و بەشـیر"*** ئەم مەیـلانەدا دەدوێنێـت، بەڵام دواجار بەرەنگاریان دەبێتەوە. ئەم بەرهەمە لە هەمـان ئەو کاتەی مامەڵە لەگەڵ ئەم مەیلانەدا دەکات وەلایـان دەنێت، بەمەیـش کـاری کـردووە بـۆ بەرهەمهێـنانی هەنـدی شـتی تەواو جیـاواز لە میکـرۆ-فاشـیزمێک کە فریـووی دەدات: کـایەیەکی نـا-دڵنیـایی، ئەو یـادەوەرییەی کە ئێـرە و ئێسـتا ئاراسـته دەکـات، بەڵام بەرەو داهـاتوویتییه دینامیکییەکەیشـی[64] دەچێـت. کەواتە، وەک مـانین ئەرگـومێنتی قەنـاعەتپێکەری بـۆ دێنێـتەوە، ئەوە "والـز و بەشیر"ـە کە هەریەکە لە فاشـیزم و هەر چارەسـەرێکی ئاسـان بـۆ ئەم فاشـیزمە ڕەت دەکـاتەوە. ئەو فـیلمەی کە خراوەتە ڕوو، نە بەڵێنی ئاساییش و ئارامی لە فاشیزمەوە دەدات، نە تەنانەت بەڵێنی دڵنیایی لەوەیش دەدات کە ئەوە فاشـیزم نیـیە لەوەدا هەیە، بەڵکـو ویـڕای ئەوە، ڕێـک لەو نادڵنیـاییەدا، خـۆی وەک سیاسـەتێک لە دروسـتبووندا دەخاتەڕوو.

لیۆنێـل ئەنسـیم دی ڤـرایس، گریمـانەی سـەختییەکانی کـۆدەنگیی لەسـەر ئەو سیاسـەتە دەکـات کە هێڵەکـانی هەڵهاتن[65] دەکـاتە سیاسـەتی لەپێشـتر، بە لەبەرچـاوگرتنی ئەوەی کە دۆلـۆز باسـی لەوە کـردووە خـودی فاشـیزم لەسـەر ئەم جـۆرە هـێڵانە ئـیش دەکـات. ئەو دەپرسـێت، چـۆن دەتـوانین دیسـان پارادۆکسـی ویسـتی ژیـان بـۆ

---

[64] its dynamic futurity

[65] lines of flight

خولّقاندن، ڕیزبەندیی و تێشکان لەسەر هەمان هێڵ(ـەکان) چارەسەر بکەین؟ داخۆ ئەو سیاسەتەی کە لەپێشتری دەداتە پۆتێنشیەڵە داهێنانگەرییەکانی هێلەکانی هەڵهاتن، هەڵدێت بۆ دەرەوەی فاشیزمی لیبراڵیی بەڕێوەبردنی لەناکاو[66]، کە لەسەر هەمان تێگەیشتنی توانستە ناکاوەکانی ژیان ئیش دەکات؟ ئەو *بەکێشەکردنە* سیاسییەی کە لێرەدا دی ڤرایس ئاماژەی پێدەدات، بەکێشەکردنێکە تەحەدا دەکات. ئەگەر شتێک پۆتێنشیەڵی داهێنانگەریی هەرە بەڵێندەر لەخۆ بگرێت، ئەوا ئەرکێکی مەترسیداری هەرە جددیی خاپوورکردنیش دەخاتە ئەستۆی خۆی؛ پاشانیش، ئەگەر ڕەوتی بزووتنەوەکە نەتوانرێت نە کۆنترۆڵ بکرێت و نە پێشبینیی بکرێت، ئەی ئیتر چۆن دەشێت سیاسەتێکی صیرورەی ئیسپاتی، لە دەرەوەی صیرورەی فاشیستی بەرهەم بهێنرێت؟ بۆ ئەوەی ڕاگرەکانی ئەم گەمەیە بکێشین –مەترسییە فاشیستییەکەی و بەڵێنە سیاسییەکانی- دی ڤرایس سیاسەتی هێڵەکانی دۆلۆز و گواتاری ڕادەکێشێت و درێژی دەکاتەوە: **یەکەم**، بۆ سوڕانەوەی بایۆ-فەلسەفی بە دەوری تێگەی رووتەختدا و، دووەم، بۆ ئەخلاقی سپینۆزایی ئەو جەستانەی کە بەرهەم دێن. لێرەدا ئەمە بەرەو پرسیاری ئەوەمان دەبات کە داخۆ سیاسەتی-ئەخلاقیی سپینۆزایی جەستەکان، بە زاراوەکانی

---

[66] emergency governance

پەیوەنـــــدییەکانی بزووتنەوە/مەنگـــــی[67] و تواناکـــــانی کاریگەریدانان/توانای کارلێکران[68] لێی تێدەگەیشترێت، کە بشیت بەڵێنی ژیانێک بدات لەودیوی فاشیزمەوە. مانین لە ڕێگەی هێڵەکان، ڕووتەختەکان و جووڵەکانەوە مشتومڕی ئەو بابەتە دەکات، لە کاتێکدا سوبێکت دەتوانێت بچێتە صیرورەیەکەوە کە جیاواز بێت لە بەجێهێنانی فاشیستی، کە ئەمە دەربازبوون لە فاشیزم هەر وەک شتێکی مەحاڵ دەهێڵێتەوە. ئەمە لەســەر هـێڵە نـا-دڵنیاییەکـان بەجێمـان دەهێڵێت، کە پێویستی بە بێداری بەردەوامی ئێمە هەیە، یاخود ئێمە دەبینە ئەو شتەی کە بڕوامان وایە لە ڕووی سیاسییەوە، بێزراوە.

نیکـۆلاس میشێلســن ئەوەی دەرخســتووە کە نیگــارە دۆلــۆز-گواتــارییەکە، ســندووقێکی کەرەســتە چەمکیــیە کاریگەرەکانە، پتر بۆ فۆڕمە نەخشەسازییەکانی فاشیزم نەک نـــازیزم. خوێنـــدنەوەیەکی نۆڤلییـــانەی سروشـــتی کارتۆگرافیی هەڵسەنگاندنی دۆلۆز و گواتاری بۆ فاشیزم، دەرفەتــی ئەوەی بە میشێلســن دا ســێ هێڵــی کارەکــانی ئەوان دەربخـــات کە دەیەوێـــت پەیوەنـــدییەکەیان لەگەڵ تێگەیشــتنی ئــێمەدا لە سیاســەتی خۆکوشــتن دەربخــات. فۆکەسکردن لەسەر خۆ-قوربانیکردن[69] دەلالەتێکی گرنگ دەسەلمێنێت، چونکە ڕوناکی دەخاتە سەر ئەوەی کە چۆن

[67] movement/rest

[68] powers to affect/to be affected

[69] self-immolation

تیـــــۆرەکەی ئەوان دەربــــارەی لەقەڵەمڕەویخســــتن[70] جیــــاوازییەکی چـــۆنیەتی دەردەخــــات. لەســــەرووی ئەمەیشەوە، لێرەدا، میشێلسن وەڵامی ئەو ڕەخنە کلیلیانە دەداتەوە کە لەســــەر ئاســــتی تیــــۆری فاشــــیزم لە "***سەرمایەداری و شیزۆفرینیا***"دا گەشەیکردووە، لە ڕێگەی دووپاتکردنەوەی نەگونجاویی ئەو ڕوانگەیەوە وا لەلایەن لێکۆڵەرانەوە، بە تایبەتیش لەلایەن ئیوگین هۆلاندەوە بۆ سێیەم هێڵ (هێڵی خۆکوژیی) لە نەخشە[71]دا، خراوەتە ڕوو. ئەو ئەرگــــومێنتی ئەوە دێنێـــتەوە کە تەنیــــا بە هۆشیاربوون لە هێڵی خۆکوژی دەتوانرێت لە سوودی حسابە دۆلۆزی-گواتارییەکە بۆ فاشیزم تێبگەیشترێت. ئەم سوودە لای میشێلسن لە ڕێگەی کێشانی نەخشەی حاڵەتی کۆنکریتی فاشیزمی ژاپۆنی و (tokkōtai) یان "هێرشی تایبەت"[72]ی یەکەکانی خۆکوژیی جەنگی زەریای هێمــــنەوە، زەق دەکـــــرێتەوە، بە درێژایـــــی هـــــێڵە مەبەستدارترەکان کە لە "***هەزار ڕووتەخت***"[73]ـدا گریمانە کراوە. وەک میشێلسن دەنووسێت، دەرەنجامی شاراوە ئەوەیە کە "ئاشتیی ساردی تۆقێنەری سوپەر [قەڵغانی بەرگریـــی ســــوپایی] لە ئێســــتادا تێپەڕێنــــراوە، بەڵام بە دڵنیــــاییەوە ئەمە مانــــای ئەوە نیــــیە کە هێڵـــی ســــێیەم لە سیاسەتی هاوچەرخدا *نەماوە* و ڕەویوەتەوە. پتر هێڵێکی

[70] deterritorialization

[71] Schema

[72] special-attack

[73] *A Thousand Plateaus*

نوێی لێ بۆتەوە. لێدوانەکەی دۆلۆز و گواتاری سەبارەت بەوەی کە نەزمی جیهانیی سەرمایەداریی دوایین، نەزمێکی "پاش-فاشیستییە"[74]، بە ڕاشکاوی گریمانەی ئەوە ناکات کە نەزمێکی نا-فاشیستی شوێنی پێی لێژکردووە. «پتر، فاشیزم ڕاستەوخۆ لە تاقمی "پاش-فاشیستی"دا بەردەوام دەبێت، لە ڕێگای تازەکردنەوەیەکی جیهانیی هێڵی خۆکوشتنی هەڵهاتنەوە».

ڕوت کیچن، ئەم زنجیرەیەی ئێمە تەواو دەکات لە ڕێگای تاقیکردنەوەی توندوتیژیی فاشیستی و ئێستاتیکییەوە لە یادەوەریی کولتوورییانەی فەرەنسیدا، لە ڕێگەی عەدەسەی سینەمای پاش-جەنگەوە. ئەو، "چوار مەترسی"ی ئەو فاشیزمە دەردەخات کە لە لایەن دۆلۆز و گواتارییەوە لە ***"هەزار ڕووتەخت"*** دا پێناسەکراوە؛ کیچن خوێندنەوەی ئەنقەست و زۆرەملێی دوو فیلم دەخاتەڕوو، ئەوانیش The Raven (Le Corbeau) و Hidden (Caché) بوون. ئەم دوو فیلمە، یەکەمیان لە ساڵی 1943 و دووەمیان لە ساڵی 2005 دەرچوون، بە تایبەتیش دەگەڕێنەوە بۆ دوو ململانێ لە مێژووی فەرەنسادا کە برینێکی قووڵیان بەسەر یادەوەریی کولتووریی فەرەنسییەوە جێهێشت- بەتایبەتیش داگیرکردنی فەرەنسا لەلایەن نازییەکانەوە (1940-1944)، ئەویتریان شەڕی جەزائیر (1954-1962). ئەو کۆنتێکستە سیاسییەی کە ئەم دوو فیلمەی تێدا دروست

---

[74] post-fascist

کـراوە, دوو کۆنتێکسـتی جیـاوازن [و لە دوو سـەردەمی جیـاوازدا]. سـەرەڕای ئەوەیـش، لە تـاقیکردنەوەیەکی گۆڕانی نەوەکان و تەکنیکی سینەماتیکیدا، کیچن زاڵەیەکی هاومانـادار کەشـف دەکـات، کە لە هەردوو بەرهەمهێنـانەکەدا، زەمەنـی خۆیـان تێـدەپەڕێنن. ئەویـش لەسەر هەمان ڕێچکەی هۆشیارییەکەی دۆلۆز و گواتاری بەرامبەر تەکنیکە مـایکر-ۆفیزیکیەکانی دەسەڵات دەڕوات، هاوەڵییەکەیشـیان شـایەنی ئەوەیە بەسـەر جیهـانی نواندنەوەدا جێبەجـێ بکرێت، بۆیە شـیکارییەکەی کـیچن ئەوە پیشـان دەدات کە چـۆن ئاراسـتە مـایکرۆ-فاشیسـتییەکان (کـردارە فاشیسـتییە ئاسـتنزمەکان، مەیلەکـان، دەرکەوتنەکـان) سنوورە شـوێنی و کاتییەکـانی نـاوەوە و دەرەوەیـان تـێکەڵ و لـیخن کـردووە؛ ئەو بەشـدارییەکەی خـۆی لە "نـاوەوە-دەرەوە"دا کـورت کـردۆتەوە. کـیچن بەم کـارەی، وێنـای پەیوەنـدیی نێـوان ڕابـردووی فاشـیزم و سـەردەمی ئێسـتای فاشـیزم لە تەکنیکە سینەماییەکان و یادەوەریی کولتووری فەرەنسـیدا دەکـات، تـاوەکو شـیکارییەکی کـاریگەر ۆ ئێسـتاتیکای فاشیزم لە سەدەی بیست و یەکەمدا پێشکەش بکات.

سەرچاوەکان:


- Arendt, H. *Eichmann in Jerusalem* (London: Penguin, 2006)
- Badiou, A. *Saint Paul: The Foundatiol1 ofUniversalism* (Stanford: Stanford University Press, 2003)
- Deleuze, G. *Cinema* 2: *The Time-Image* (London: Athlone Press, 1989)
--*Cinema* 2: *The Time-Image* (London: Athlone Press, 2000)
- Deleuze, G. and Guattari, F. *Anti-Oedipus: Capitalisl11* & *Schizophrenia* (London: Athlone Press, 2000)
- Dillon, M. and Reid, 1. *The Liberal Way of War: Killing to Malœ Life Live* (New York and London: Routledge, 2009)
- Foucault, M. 'Preface' to Gilles Deleuze and Felix Guattari, *Anti-Oedipus: Capitalism & Schizophrenia* (London: Athlone Press, 2000)
- Guattari, F. *Chaosophy* (New York: Semiotext, 1995)
- Massumi, B. *A User's Guide to Capitalism and Schizophrenia: Deviations fi'om Deleuze*
- *and Guattari* (Cambridge, Mass. and London: MIT Press, 1999)
- Ravetto, K. *The Unmalâng ofFascist Aesthetics* (Minneapolis and London: University of Minnesota Press, 2001)
- Reid, 1. 'Of Nomadic Unities: Gilles Deleuze on the Nature ofSovereignty' (*Journal of International Relations and Development* Vol.13 NoA, 2010)
--*The Biopolitics ofthe War on Terror: L(fe Struggles, Liberal Modernity and the Defence ofLogistical Societies* (Manchester and New York: Manchester University Press, 2006).


سەرچاوەی وەرگێڕانی ئەم وتارە:


Todd May and Other: Deleuze & Fascism Security: war: aesthetics, Edited by Brad Evans and Julian Reid, (Routledge, New York, 2013). Pp. 1-12.

# فاشیزم و مارکسیزمی نوێ

***میلیباند، میسۆن، پۆلانزاس***

**دەیڤ ڕینتۆن**

**لەئینگلیزییەوە: هاوار محەمەد**

لەدوای ساڵی 1945ـەوە، ئەستەم بوو هەر تاکە ئاراستەیەک[75] خۆی لە شیکارییە مارکسیستییەکان بۆ فاشیزم جودابکاتەوە. لەلایەنی سۆشیال-دیموکراسییەوە، وەرچەرخانێکی زۆر ئاشکرا و خێرا لە زاراوەکاندا هەبوو بە بێ ئەوەی سەرجەمی کاتیگۆریی شیکارییە مارکسییەکان بەکاربهێنێت[76]. بەڵام لەلایەنی کۆمۆنیستەکانی دەرەوەی دەوڵەتە کۆمۆنیستەکانەوە، پرۆسەیەکی لێکدژتر هەبوو. بەر لە ساڵی 1989، دەشیا ئەوە ڕاست بێت کە بووترایە گۆڕانێکی گشتی و بەردەوام لە [بەرەی] ڕاستدا ڕوویداوە، گۆڕانێک گەلێک ماوەی کورت لێکی دەپچڕاند کە بە گۆڕانی خێرادا بەرەو چەپ دەناسرانەوە. لە ساڵی 1989ـەوە، دوورکەوتنەوەیەکی تەواو هەبوو لە ئایدیا مارکسییەکان، بە هەمان شێوەی دوورکەوتنەوەی حزبە سۆشیال-دیموکراتییەکان لە ئایدیا مارکسییەکان کە لە ساڵانێکی زووەوە ئەنجامیان دابوو[77].

---

[75] any single direction

[76] I. Birchall, *Bailing Out the System: Reformist Socialism in Western Europe 1944–85* (London: Bookmarks, 1985).

[77] بۆ نموونە بڕوانە پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسی:

C. Harman, ‘France’s Hot December’, *ISJ*, 70 (1996), pp. 78–80; there is a very different and positive account of the transformation of the Communist Parties, in R. Simon, *Gramsci’s Political*

بە گشتی، ئاراستەی نێو بیرمەندان، لە میانەی چەندین حزبی کۆمۆنیستییەوە دیاریی دەکرا، ئەوان پێیانوابوو حزبە کۆمۆنیستییە فەرەنسی و ئیسپانییەکانی کۆتاییەکانی 1930، مۆدێلێکی ڕێنیشاندەرن بۆ ئەکت. پاشان نووسەرانێکی وەکو جۆن کۆمیت، مارتن کیچین، جارێکی دیکە هەوڵیاندا، بۆ دژایەتیکردنی ستراتیژییەتی بەرەی یەکگرتوو، بەرگریی لە شێوازەکانی سەردەمی بەرەی نیشتمانی بکەن[78].

دەوترێت ئاراستەی مارکسی، لەنێو تیۆرە فاشیستییەکاندا بەرامبەر تەرکیزخستنە سەر پەیوەندیی نێوان فاکتەرە سیاسی و ئابوورییەکان، تا ئاستێکی فراوان نەرمی زیاتری هەبوو. ڕۆبێرت فلیچەر بانگەشەی ئەوە دەکات کە لادانێکی بەرەبەرە «لە شیکارییە مارکسییەکاندا هەبوو، دوور لەو کاتیگۆریانەی کە لەسەر بنەمای حەتمیەتی "سەختتری" ئابوورییەوە دامەزرابوون[79]».

---

*Thought, an Introduction* (London: Lawrence and Wishart, 1991), pp. 16–17.

[78] J. Cammett, 'Communist Theories of Fascism 1920–35', *Science and Society* 31/2 (1967), pp. 149–63; Kitchen, *Fascism*, p. 74.

[79] R. Fletcher, 'An Exposition and Critique of Marxist Theories of Fascism and National Socialism' (Oxford University, M.Lit. Thesis, 1983), p. 161.

بێگومـــان بەڵــگەی ئەوتــۆ هەن کە پشــتیوانیی لەم بۆچوونە دەکەن. تەفسیری باو ئەوەیە کە ڕەنگە "میهالی ڤاجدا" لەو نووسەرانەی دوا-جەنگ بێت کە بەرگرییان لە ئەنتەرناسیۆنالی کۆمۆنیستی پێش-جەنگ دەکرد؛ ئەو ڤێرژنــی ســنوورداری تیــۆری دیــالەکتیکیی فاشــیزمی بەستۆتەوە بە هەمان مۆدێلە تاکتیکییەکانی وەکو کۆمێت و کیچنەوە. دەرەنجام، جەختکردنەوە بوو لەسەر ئەسڵە جەماوەرییەکانی فاشیزم و فاکتەرە سوبێکتیڤییەکان، بە ڕۆڵی کولتووری سیاسی یان ئاگاییشەوە، بەم جۆرە «خاسیەتی هەرە زەقی دیکتاتۆرییەتی فاشیستی بریتیە لەوەی کە لە بــزووتنەوەی جەمــاوەرییەوە ســەرچاوە دەگرێت[80]». لەنێو مارکسیستە سەربەخۆخوازەکان و لەنێو مێژوونووسە مارکسیستەکاندا، هەمان ئاراستە هەیە. ئەمە لە نووسینەکانی "تیم ماسۆن"دا ڕوونتر دەبێتەوە، پێش هەر بەرهەمێکی دیکەیش لە وتارە بەناوبانگەکەیدا "ئەولەویەتی سیاسی"[81] (1968). ئەرگومێنتەکەی ماسۆن ئەوەبوو کە چەندین کرداری سەروەختی جەنگی ڕژێمی نازی، وەکو کوشتنی کرێکارە یەهودییە لێهاتووەکانی بواری کانزاکان لە کورەکانی هۆلۆکۆستدا، تەنیا لەو زراوانەدا دەتوانین لێیان تێبگەین کە دەیانەوێت پاساوی ئەو پێویستییە بدەن کە وای لە

[80] M. Vajda, *Fascism as a Mass Movement* (London: Allison and Busby, 1976), pp. 13, 74.

[81] The Primacy Of Politics

نازیزم کردووە ئایدیۆلۆژیاکەی خۆی جێبەجێ بکات. بەم مانایە، بزووتنەوە و ئایدیۆلۆژیای فاشیستی، بۆ ڕژێمەکە گرنگتـــر بـــوو لە هەر ســـەنگێکی مـــانەوەی ئـــابووریی کاپیتـــالیزم لە ژیانـــدا: «هەریەکە لە سیاســـەتی ئاشـــنا و نائاشـنا لە حکـومەتی سۆسـیالیزمی نیشـتمانیدا، لە سـاڵی 1936 بەدواوە، هەتـا بـێ زیـاتر خـۆی لەژێـر کـاریگەریی چینە فەرمـانڕەوا و خـاوەن ئابوورییەکـان ڕزگـار دەکـرد، تەنـــــانەت لە هەنـــــدێ لایەنـــــی ســـــەرەکییەوە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانـدا نـاکۆک وەسـتایەوە. لە بەرهەمەکـانی هەنـــدێ مێژوونووســـی مارکسیســـتیی دیـــکەدا، هەمـــان وردبوونەوە و بۆچوون هەیە کە دەکریت سـەرنجیان لـێ بـــدەین، هـــۆی ئەم لێکچـــوونەیش ئەوەیە کە لەژێـــر کاریگەریی "ئییان کیرشۆی"ی نووسەردا بوون[82].

بە لەبەرچـاوگرتنی ئەم پەنجـا سـاڵەی ڕابـردوو، ڕوون دەبێـتەوە کە ئەم ئاراسـتەیە تـاکە ئاراسـتە نەبـووە، بەڵـکو گـۆڕان و وەرچەرخـان، هەمەجـۆری و کێبڕکـێ لە نێـوان

[82] T. Mason, ‘The Primacy of Politics’, originally published as ‘Der Primat der Politik: Politik und Wirtschaft im Nationalsozialismus’,*Das Argument*, 8 (1966), pp. 473–94, published in translation in T.Mason, *Nazism, Fascism and the Working Class* (Cambridge:Cambridge University Press, 1995), pp. 53–76, 54; I. Kershaw, *The Nazi Dictatorship* (London: Edward Arnold, 1985); I. Kershaw, *Hitler,1889–1963: Hubris* (London: Penguin, 1998).

چەندین شیکاریی مارکسیستیدا گوزەراوە. هەندێک لە نووسەران، لەوانە "دیڤید لویس"، دووبارە چەمکی فاشیزم دادەڕێژێتەوە و دەڵێت: «فاشیزم... سۆسیالیزمی وردە بۆرژوایە»، کۆمەڵێک ئایدیای واقیعیی نێوان سەرمایە و کرێکاران دەنوێنێتەوە. بە گوێرەی ئەم مانایە و بە بڕوای "لویس"، «فاشیزم سەنتەری دەسەڵاتخوازی دەنوێنێتەوە». مێژوونووسانی دیکەی وەکو "کریستۆڤەر داندێکە" و "ڕاڵف میلیباند"یش هەوڵیاندا بۆ دووبارە بنیاتانەوەی جیهانبینیی مارکسی لەسەر بنەمای بوونی پەیوەندیی لەنێوان هەریەکە لە دەوڵەت و سەرمایە و فاشیزمدا: «بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لەلایەن فاشیزمەوە، زیادەیەکی دەستبەجێ و گەورەی لە هێزی سەرمایە لەسەر حسابی کرێکاران لەخۆ گرتبوو». دەکرێت ئەم جۆرە شیکارییە ئابوورییە بۆ فاشیزم بەراورد بکرێت بە چەند ئاراستەی دیکەی مارکسیزم تاوەکو باشتر لەو مارکسیزمە تێبگەین کە لە ساڵی 1970ـەوە کەوتە ژێر کاریگەریی ڕزگاریی ژنانەوە و ڕوونی کردەوە کە فاشیزم کۆنزەرڤەتیڤە و دژ بە بزووتنەوەی فێمێنیزمە، پەرچەکردارەکانی فاشیزمیشی بەڕووی ژیانی سێکسواڵێتی مرۆڤدا ڕوون کردەوە[83].

---

[83] D. S. Lewis, *Illusions of Grandeur* (Manchester: Manchester University Press, 1987), pp. 7–8; C. Dandeker, 'Fascism and Ideology: Continuities and Discontinuities in Capitalist =Development', *Ethnic and Racial Studies*, 8/3 (1985), pp. 349–67; R.

هەندێک لەم ئەرگومێنتانە ناوەڕۆکی باشی حەقیقیان تێدا بوو. فێمێنیستە مارکسیستەکان دەیانگوت فاشیزم هەمیشە دژ بە بزووتنەوەی ژنان بووە. فاشیزم ئایدیۆلۆژیایەکی کۆنەپارێزە، هەر بە ڕاستیش وابوو، فاشیزم بە بەردەوامی دەیگوت ژن دەبێت لە ماڵەوە بمێنێتەوە. لە ئیتاڵیا، سەرپەرشتی هەڵمەتێکی کرد کە ئامانج لێی گەڕاندنەوەی ژن بوو بۆ نێو خێزان، پێداگریی لەسەر ئەوە کرد کە تێکڕای لەدایکبوون لە ئیتاڵیا ئێجگار نزمە، بۆیە کەرەستەکانی ڕێگریکردن لە سکپڕیی قەدەغە کرد و وەها وەسفی کرد داهێنانێکی یەهودی و عاجباتییە.

لە حزبە نازییەکەی هیتلەریشدا، ژنان تەنیا 6% بۆ 8% ی ئەندامانیان پێکدەهێنا. بەها سێکسییەکانی فاشیزمی کلاسیک بەردەوام بوو تاوەکو شێوە بە هەڵوێستی حزبە فاشیستییە هاوچەرخەکان بەرامبەر فێمێنیزم بدات. لە ساڵی 1970، لە بەرەی نیشتمانیی بەریتانیدا، ژنان ڕۆڵێکی لاوەکی و پاشکۆیانەیان هەبوو، ئەویش بەهۆی

---

Miliband, *The State in Capitalist Society* (London: Weidenfeld and Nicolson, 1969), p. 82; Big Flame, *Sexuality and Fascism* (Liverpool, Big Flame, 1979); there is a similar argument in Susan Sontag's article, 'Fascinating Fascism', in S. Sontag, *Under the Eye of Saturn* (London: Writers and Readers, 1988), pp. 73–105.

ئەو ڕاهێنـــان و مـــامەڵەیەوە کە لە گۆڤـــاری فاشیســـتیی "بۆلدۆج"ـەوە پێیان دەگەیشت؛ لەو گۆڤارەدا هاتووە:

«لە گۆڤارەکەدا وێنەی کچانێک دەردەکەوێت، عـادەتەن لە کـاتی ڕێپێوانەکـانی "بەرەی نیشـتمانی" NFـدا گیـراون، هەنـدێکات دیـار نـین، هەنـدێکاتیش ناویـان وەک ئەنـدام تۆمار دەکرێت. بە گوزارشتەکانی وەکو "بـۆمپی قژزەردی سـاوتۆرک" وەسـف دەکـرێن، لە بەردەم بینـای یەکێتیـدا بە جلـی سـپی و تیشـێرتەوە دەردەکەون. پاشـان بـانگی ئەو کچـانە دەکرێـت کە حەز دەکەن ببـنە "باڵنـدەی بۆلـدۆج"، ئەویـــش بە نـــاردنی وێنەکانیـــان لەگەڵ وردەکـــارییە کەســـییەکانیاندا. هەتـــا وێـــنەکە سەرنجڕاکێشـــتر بێـــت باشترە...».

لە ئیتاڵیـــا و فەرەنســـا و ئەڵمانیـــای ئەمـــڕۆدا، حـــزبە فاشیسـتییەکان بە ژنـان دەڵـێن بگەڕێـنەوە بـۆ ماڵەکانیـان لەپێناو بەرهەمهێنانی وەچەدا بۆ نیشتمان[84].

ئەو نووســەرانەی کە مەیلیـان بـۆ مارکسـیزم هەبـوو، پێش هەموو شتێک گرنگییان بە کاریگەری ئیمپراتۆرییەت دا، لەم بـارەیەوە فاشـیزمیان وەک ئیمپریـالیزم تەفسـیر کـرد. بۆچـوونی نووســەر "ڤـی لال"، کە کەوتبـووە ژێـر کاریگەرییەکەیانەوە، پێداگری لەسـەر ئەو وتەیە دەکـرد کە بە کردەیـی ئیمپراتـۆریەتی بەریتـانی "فاشیسـتە". بـۆیە

[84] M. Durham, *Women and Fascism* (London and New York: Routledge, 1998), pp. 13, 20, 110.

دەڵێت: «گومانی تیا نییە کە بەریتانییەکان نەرمترین نازیزتن». هەروەها ئەو وتارەی "جۆرج ئۆرویڵ" کە بەر لە جەنگ، ساڵی 1939 بە ناونیشانی "بە چاوپۆشی لە ڕەشپێستەکان"، نووسیویەتی و تێیدا ئەرگومێنتی ئەوەیهێناوەتەوە کە دیموکراسییەتی بەریتانی بە قەد فاشیزمی ئەڵمانی خراپە:

«ئەوەی هەمیشە لەبیری دەکەین ئەوەیە کە زۆرینەی زۆری پرۆلیتارە بەریتانییەکان لە بەریتانیا ناژین، بەڵکو لە ئەفریقا و ئاسیا دەژین. بۆ نموونە، لە سەردەمی هیتلەردا، دەسەڵات بە یەک فلس پاداشتی کاتژمێرێک کاری کرێکارانی پیشەسازیی ئاسایی نەدەدایەوە، ئەمە بۆ نموونە لە هیندستان ئاسایی بوو، ئێمەیش زۆر بەداخەوەین کە ئەمە بەردەوامە. جا بۆ ئەوەی خەیاڵی پەیوەندییەکی ڕاستەقینە بکەین لەنێوان کرێ لە ئینگلتەرا و هیندستاندا، ئەوەندە بەسە بزانین کە داهاتی تاکەکەس لە ئینگلتەرا لە 80 جونەیهـ زیاترە، لە هیندستان نزیکەی 7 جونەیهە. لەبەرئەوە، زۆر ئاساییە کە پێیەکانی حەماڵێکی هیندی باریکتر بێت لە باسکەکانی پیاوێکی ئینگلیزیی ئاسایی». بێگومان ئاساییە کە بڵێین فاشیزم ئەزموونی کۆلۆنیالیزمی ڕەخساند، ڕەگەزپەرستی و دەستەبژێرخوازیی ئیمپراتۆرییش شوێنپەنجەی خۆی لەسەر ئەوروپا بەجێهێشت. دەکرێت ئەمە لە ئەندامگیریی حزبە فاشیستییە جیاوازەکاندا ببینین. لە بەریتانیا، وەک جیفری گارات دەیخاتە ڕوو، خانەنشینبووان لەگەڵ

داگیرکەرانــــدا، ژیـــانی پیشـــەیی چالاکـــانەی خۆیـــان لە مومارەســـەکردنی وردە دیکتـــاتۆریی تـــاییەت، بەســـەر فەرمـانبەرە ئاسـیایی و ئەفریقییەکانـدا دەبـردە سـەر؛ ئەم خانەنشـــینبووانە بـــۆ بـــزووتنەوەی فاشـــیزمی بەریتـــانی ئێجگار گرنگ بوون: بەلای ئەوانەوە، کە خۆیان کۆنترۆڵی ڕەگەزەکـانی دیـکە دەکەن، ئاسـانە وەهایـان دابنـێن کە شـایەنی ئەوە نـین هـیچ ئازادییەکیـان هەبێـت، هەروەهـا هاووڵاتییەکانیشـیان، ئەوانەی خۆیـان خسـتۆتە دەرەوەی پەراوێـزی سیاسـەتە وێرانکەرەکانیـانەوە یـان داواکـاریی نابەجێیـان هەیە، شـایەنی ئـازادی نـین. دەیـان فاشیسـتی بەریتانی ڕێک لەمجۆرە باکگراوندە ڕاسیستییانەوە هـاتن، لەوانە فاشیستە دیارەکانی وەکو "جیفری هـام" و "ئارنۆڵد لیـیس" و "جەنەراڵ فـولەر" و "هێنـری هـاملتۆن بیـامیش" و ئارسـەر کینیس چێستیرتۆن[85].

[85] V. Lal, 'Good Nazis and Just Scholars: Much Ado about the British Empire', *Race and Class*, 38/4 (1997), pp. 89–101; G. Orwell, 'Not Counting Niggers', *Adelphi*, July 1939, in S. Orwell and I. Angus (eds), *The Collected Essays, Journalism and Letters of George Orwell Volume 1: An Age Like This 1920–40* (Harmondsworth: Penguin, 1970), pp. 434–8; G. T. Garratt, *The Shadow Of The Swastika* (London: Gollancz, 1938), p. 79.

لێرەوە، ئایا دروستە لەگەڵ "لال"دا ئەرگومێنتی ئەوە بهێنینەوە کە بەریتانییەکان بە تەواوی فاشیستبوون؟ ئیمپراتۆریەتی بەریتانی بە هەمان شێوەی فاشیزم چارەسەری بابەتەکانی خۆی دەکرد. ئەم ئیمپراتۆرییەتە چەوسێنەر، ماڵوێرانکەر و دیکتاتۆرییەتێکی کوشندە بوو. سەرەڕای ئەوەیش، ئیمپریالیزمی بەریتانی هاوشێوەی فاشیزمی ئیتاڵی نەبوو. ئیمپریالیزم داگیرکردن بوو لەپێناو قازانجدا، لە ڕاستیدا داگیرکردن بوو لەپێناو بەرهەمهێناندا. بەسایەی هاوپەیمانی و ڕێکەوتنی دیکتاتۆریەت لە هیندستان و دیموکراسیی لە بەریتانیاوە نەشونومای کرد. بە پێچەوانەوە، لە سایەی فاشیزمدا مەبەست لە جەنگەکانی بێگانە، زیاتر سیاسی بوو نەک ئابووری: ئەوان کاریان لەسەر کارتی گەورەکردنی کەلێنی دووبەرەکی و لێکدژی دەکرد لە وڵاتی خۆیاندا. لە ڕاستیدا، دینامیکییەتی فاشیزمی کلاسیک جیاوازبوو لە هی قۆناغی ئیمپریالیزمی دووایین –لە ئیتاڵیا و ئەڵمانیا، خەریک بوو دیکتاتۆریەت لە دەرەوە لەگەڵ دیکتاتۆرییەت لە ناوخودا یەک بگرن.

لە سەرووی ئەمەیشەوە، شێوەگرتنی تیۆرییە مارکسیستییە جیاواز و کێبەرکێکەرەکان دەربارەی فاشیزم هەر بەردەوام بوون. لە ساڵانی شەستەکان و حەفتاکاندا، جۆرج لۆکاچ و ئێرنست لاکلاو جەختیان لەسەر گرنگیی ئایدیا ناعەقڵانییەکان دەربارەی فاشیزم وەک ئایدیۆلۆژیایەک کردەوە. درەنگتر، بەڵام بە هەمان ئەندازە کاریگەر، مارک نیکلیۆس پەیڕەوی لە سترینهێڵ و

گریفن کرد، لەوەدا کە ئەوانیش جەختیان لەسەر ئەو شتە کردەوە کە بۆ فەلسەفەی فاشیزم گرنگە. بەشێوەیەکی جیاواز، هەندێک لە نووسەرانی وەک تێد گرانت، ئێرنست مەندڵ، بەرگرییان لەوە کرد کە تاکە تیۆری مارکسیستی قەناعەتپێکەر دەبارەی فاشیزم بریتییە لە تیۆرەکەی ترۆتسکی. هاوارد سیمسۆن، ڕوانگەی ترۆتسکی بەستەوە بە چەپکێک کاتیگۆریی نوێی مارکسیستییەوە کە لە ژێر کاریگەری ماویزمدا بوون، لە کاتێکدا نیکۆس پۆلانزاس، بە بەکارهێنانی هەندێک تێگە دەربارەی دەوڵەت، کە لە فیکری ماو و گرامشی و ئالتوسێرەوە سەرچاوەیان گرتبوو، تەفسیری فاشیزمی کرد. هێربەرت مارکۆزە وەها تەفسیری فاشیزمی کرد کە ترۆپکی ئایدیالیزمە لە فەلسەفەدا. لە سەرووی ئەمەیشەوە، ۆڵفگانگ ئەبێندرۆس و کۆمەڵێک مارکسیستی دیکە کە لە دەوری بڵاوکراوەی *(Das Argument)* کۆبووبوونەوە، مشتومڕی ئەوەیان کرد بگەڕێنەوە بۆ شیکارییەکانی "تالیمێر" و بۆ سەرکەوتنی بۆچوونەکانی دەربارەی مۆدێلی پۆناپەرتیی فاشیزم بەسەر بۆچوونەکانی ترۆتسکیدا[86].

---

[86] E. Laclau, 'Fascism and Ideology', in E. Laclau, *Politics and Ideology in Marxist Theory* (London: New Left Books, 1978), pp. 81–142; G. Lukács, *The Destruction Of Reason* (London: Merlin Press, 1980); M. Neocleus, *Fascism* (Buckingham: Open University Press, 1997); also T. Abse, 'Conservatism Revolts', *Radical Philosophy*, 87

گەشەسەندنی تیۆری مارکسیستی، لە ڕووی زەرورەتی شوێنی جیاواز و کاتی جیاوازیشەوە شێوەی خۆی وەرگرت، تاوەکو لەمڕۆدا تیۆرییە مێژوویی و هاوچەرخەکانی فاشیزم، ببەستێتەوە بە پراکتیکەوە. ئەم پێداویستی و زەرورەتە بۆ یەکخستنی تیۆر و پراکتیک، دەمانگەیەنێتە دەرەنجامی زۆر جیاواز. وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، لە حەفتاکاندا لە بەریتانیا، هەڕەشەی

(1998), pp. 46–8; T. Grant, *The Menace of Fascism: What it is and How to Fight it* (London: Militant, 1978 edn); E. Mandel, 'Introduction', in L. Trotsky, *The Struggle against Fascism in Germany* (London: Pathfinder, 1971), pp. ix–xliv; H. Simson, 'The Social Origins of Afrikaner Fascism and its Apartheid Policy' (Ph.D. thesis, Uppsala University, 1980), pp. 1–31; N. Poulantzas, *Fascism and Dictatorship* (London: Verso, 1974); H. Marcuse, 'The Struggle against Liberalism in the Totalitarian View of the State', in H. Marcuse, *Negations* (Boston: Beacon Press, 1968), pp. 3–42; for examples of the writings of the *Das Argument* school, *Das Argument*, 1–6; F. Adler, 'Thalheimer, Bonapartism and Fascism', Telos, 40 (1979) and W. Abendroth (ed.), *Fascimus und Kapitalismus* (Frankfurt: Europaïsche Verlagsanstalt, 1967); there is also a useful survey of their work in W. Wippermann, 'The Post-War German Left and Fascism', *JCH*, 11 (1976), pp. 185–219.

بەرەی نیشتمانی گەیشتە پەیدابوونی لیکدژێکی ئەنتی-فاشیست، لە دەوری یەکێتیی ئەنتی-نازی (ANL). لەنێو یەکێتی ئەنتی نازیدا، سیاسەتی باڵادەست سیاسەتی پارتی کاری سۆسیالیست بوو (SWP). بڵاوکراوەکەی پارتی کار بە ناوی "سۆسیالیزمی ئەنتەرناسیۆنال"، هەوڵیدا پلانێک یان نەخیشەیەک بۆ دەستێوەردان بکێشێت. ئەندامانی پارتی کار، لەوانە "کۆلین سپارکس" و "ئەلێکس کالینیکۆس" و "کریس بامبێری"، شیکارییەکیان سەبارەت بە فاشیزمی ئەڵمانیا و وردە بۆرژوا، سەبارەت بە بەرەی نیشتمانی و بنچینە چینایەتییەکەی، تاکتیکەکانی بەرەی نیشتمانی، نووسینەکانی ترۆتسکی، هۆکارەکانی هۆلۆکۆست و ئینجا دەربارەی سروشتی فاشیزم خۆی، بەرهەم هێنا. تایبەتمەندیی نووسینەکانی ئەوان [لە بارەی ئەم بابەتەوە] ئەوەبوو کە نووسەرەکان بە شێوازێکی تایبەت، پێکەوە و هاوکات جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە: لەلایەکەوە ترۆتسکی یەکلاکەرەوەترین تیۆری مارکسیستی دەربارەی فاشیزم بەرهەم هێناوە، لەلایەکی دیکەیش دەبێت ترۆتسکی بە چاوێکی ڕەخنەییانە بخوێنرێتەوە. چونکە لە ژیانی هاوبەشی خەباتیاندا دژ بە فاشیزم، ئەم نووسەرانە هەندێک حساباتی ئێجگار بەهێزیان دەربارەی فاشیزم بەرهەم هێنا کە لە جەنگی دووەمی جیهانییەوە لەنێو نەریتی مارکسیدا دەرکەوتن.[87]

[87] C. Sparks, ‘Fascism and the Working Class, Part

له ئەڵمانیا، له ساڵی 1970ـەوه، هەمان مەترسی بووه مـــایەی دەرکەوتنـــی یەک تـــۆڕی زۆر جیـــاوازی ئەنتـــی فاشیســـت، ئەویـــش VVN[88] بـــوو (کـــۆمەڵەی قوربانیـــانی ڕژێمــــــی نــــــازی). ســــــەرەڕای پێکهــــــاتنی خەبــــــاتی ماندونەناســـانەی ئەنتـــی فاشیســـتی، ئەم بـــزووتنەوەیە لە یەکێتیـی ئەنتـی نـازی (ANL) بەجۆشوخرۆشـتر بـوو بـۆ مانەوە لەنێو سنوورەکانی سیاسەتەکانی فشاری گروپیدا، لەگەڵ ئەوەیشدا ڕەتیان کردەوە فاشـیزم شـیکار بکەن، لە ترسـی ئەوەی نەکا شـیکارییەکەی خۆیشـیان ببێتە مـایەی

---

One: the German Experience', *ISJ*, 2 (1978), pp. 41–70; C. Sparks, 'Fascism and the Working Class, Part Two: the National Front Today', *ISJ*, 3 (1978), pp. 17–38; C. Sparks, *Never Again: the Hows and Whys of Stopping Fascism* (London: Bookmarks, 1980); S. Wright, 'Introduction', in Trotsky, *Fascism, Stalinism and the United Front* (London: Bookmarks,1989), pp. 5–27; A. Callinicos, 'The Holocaust', paper given to conference, Marxism 94, London: July 1994; A. Callinicos, 'Fascism: a Marxist Analysis', paper given to conference, Marxism 95, London: July 1995; P. Alexander, *Race, Resistance and Revolution* (London: Bookmarks, 1987); C. Bambery, 'Bookwatch: Understanding Fascism', *ISJ*, 63 (1994).

[88] *Vereinigung der Verfolgten des Nazi-Regimes (*Association of Victims of the Nazi Regime)

ئەوەی فاشـیزم وەک ئەوە ببینـین کە ڕیشـەکانی وا لەنێو کاپیتالیزمـدا. ئەگەر VVN شـەیدای ئەمە بـووایە، ئەوکـاتە ڕەنگە هاوپەیمانە بەهێز و سـەرەکییەکانی لەدەست بدایە. تـاکە چارەسـەر ئەوەبـوو کە پراکتیکێکـی میـانڕەو لەگەڵ غیابێکی تەواوەتی تیۆریدا تێکەڵ بکات. بە قەولـی تۆمـاس دۆری، کە خۆی ئەندامێکی پارتی کۆمۆنیستی ئەڵمـانی و هاوکـات یەکێـک بـوو لە مێژوونووسـانی بـزووتنەوەکە: «ئەنتـی-فاشـیزم لەسـەر بنچیـنەی تیـۆری فاشـیزم دانەمەزراوە... لەپـاڵ ئەمەیشـدا شـتانێکی کەمـی بـۆ وتـن هەیە کە دەربـارەی ڕیشـەکانی فاشـیزم بیانڵێـت... دەبـوو [تیۆرییەکـان دەربـارەی سروشـتی فاشـیزم] پۆتێنشـیەڵە سـەرەکییەکانی گەیشـتن بە کـۆدەنگیی نێـوان چەنـدین گروپی سیاسی، تێپەڕێنێت».[89]

دروسـتە بووترێـت هەنـدێک لەم تیۆرییـانە شـیکاریی مارکسیسـتییان بـۆ گەلێـک ئاراسـتەی نـوێ یـان گەلێـک ئاراسـتەی ئەسـڵی، پـاڵ پێوەنـا. زۆربەیـان تەنیـا بەو ئەندازەیە ئەسڵی بـوون گەشـەی زیاتریـان بەو تیۆرییـانە دابـــوو کە هەر لە ســـاڵی ســـییەکانەوە بە کردەیـــی

[89] T. Doerry, *Vom Antifascisten Konsens 1945 bis zur Gegenwart* (Frankfurt, 1980), p. 10, quoted in W. Deicke, ‘Responses to the Right-Wing Challenge: Anti-Fascism in Post-War Germany: Helpless in a Cold Climate?’, paper given to conference, Alternative Futures and Popular Protest, Manchester: March 1996.

دامەزرێنرابوون. لەو تیۆرییانەی کە تەنانەت چارەسەری ئەمەیشیان کرد، ئەو تیۆرییانە بوون کە لەلایەن نیکۆس پۆلانزاس، ڕاڵف میلیباند، تیم ماسۆن، میهالی ڤاجداوە پێکهێنران.

ئەرگومێنتەکەی ماسۆن ئەوەبوو کە مەحاڵە بووترێت سەرمایەداری کۆنترۆڵی ڕژێمی فاشیستی کردووە. ئەو بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەوە فاشیزم بوو سەرمایەداری کۆنترۆڵ کردبوو. لە دوای ساڵی 1936ـەوە، «پێویستبوون بە ئابوورییەک لەلایەن بڕیارە سیاسییەکانەوە دیاریی دەکرا، بەتایبەتیش ئەو بڕیارانەی کە لە سیاسەتی دەرەوەدا دەدران». ئەمە مانای ئەوە نییە ماسۆن خۆیشی وەهای بینیووە کە پەیوەندیی تەفسیرگەرانەی نێوان فاشیزم و سەرمایەداریی پچڕاندووە. لەبری ئەوە، خۆی وەهای بینیووە کە هەڵوێستێکی نیوانیوی هەیە، دەکەوێتە نێوان تیۆرییە کێبەرکێکارەکانی مارکسیستەکانی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و لیبراڵە خۆرئاواییەکانەوە؛ یەکەمیان ئەرگومێنتی ئەوەیان دەهێنایەوە کە هەر بە سادەیی فاشیزم فۆڕمێک بوو لە سەرمایەداری، دووەمیان پێیوابوو هەرگیز پەیوەندییەک لەنێوان ئەم دووانەدا نییە[90]. دەشێت لەم ئەرگومێنتەدا ماسۆن بە میهالی ڤاجدا بەراورد بکرێت. ئەرگومێنتەکەی ڤاجدا ئەوەبوو کە «لە چەندین حاڵەتدا... [فاشیزم]

---

[90] Mason, *Nazism, Fascism and the Working Class*, pp. 71, 93–4.

بەشـــێوەیەکی ئاشـــکرا دژیەک بـــووە لەگەڵ چینـــی باڵادەستدا».[91] لە ڕاستیدا، هەردووکیان هەوڵیاندا تیۆری ڕاستڕەو و تیۆری دیالەکتیکی دەربارەی فاشیزم، پێکەوە کـۆبکەنەوە. ئەوان پەیوەنـدییەکیان لەنێـوان فاشـیزم و کاپیتالیزمـدا بینی، بەڵام ویسـتیان لە هێـزی لینکەکە کەم بکەنەوە دژ بەو شتەی کە بە بێهوودەیی ساکارخوازانەی تیـۆرییە کۆمێنترێنییەکـان [نێونەتەوەییەکـان] دەیانـدایە قەڵەم و لەمەیشـــدا لەســـەر هەق بـــوون، واتە دژ بەو تیۆرییانە کە لە بیستەکان و سییەکانەوە پێکهێنرابوون و هێشتایش لە دۆخێکی فەرمیدا مابوونەوە.

ئەو مۆدێلانەی تیم ماسۆن و میهالی ڤاجدا پیشانیاندا، لە هەردوو حاڵەتەکەدا زۆر بەرزتربوون لەو تیۆرییانەی کە دژیـانبوون. سـەرەڕای ئەوەیـش، هـیچ کـام لەم مێژوونووسـانە نەیانتوانی هـیچ یەکێـک لەو ڕوانگـانە کە لینێکیـان لەنێـوان فاشـیزم و پرۆسێسـەکانی ژێرخـانی ئابووریـدا دەبینـی، تـێکەڵ بە ڕوانـگەی خۆیـان بـکەن. بە ڕوون و ڕاشـکاوی، ئەوانە هەنـدێک پەیوەنـدیی و کارلێـک بوون، بۆ نموونە لەنێوان سروشتی ئابووریی فاشیستی و ئەو فـاکتەدا کە لە هەر وڵاتێکـی ئەوروپـای سـییەکاندا مـاوەیەک بـوو دەسـتوەردانی دەوڵەتـی لە بـواری ئـابوورییەوە بەخـۆیەوە بینـی. ئەم ڕوانـگەیە خـاڵی دەستپێکردنی ئایدیاکەی ئیگناسیۆ سیلۆن بوو کە دەیگوت

[91] Vajda, *Fascism as a Mass Movement*, p. 8.

گەشـــەکردنی فاشـــیزم ڕوویـــداوە، بەڵام بەشـــێکە لە پرۆسێسکی فراوانتر کە لە ڕێگەی سەرمایەدارییەوە خۆی گۆڕیـوە بـۆ دەوڵەتـی سـەرمایەداری. لە کـارەکەی تـیم ماسـۆندا جەخـت لەسـەر خاسـییەتی دژە-سـەرمایەداریی فاشیزم دەکرێتەوە، ئینجا ناهاوسـەنگییەکیش [لەنێوان ئەم دووانەدا] هەیە. ماسـۆن ئەرگـومێنتی ئەوەیهێنـاوەتەوە کە دەسـتگرتنی نـازیزم بەسـەر دەسـەڵاتدا، پرۆسـەیەک بـوو لەلایەن ســـــــەرکردە سیاســـــــییەکانی چیـــــــنە سەرمایەدارییەکانەوە بەڕێوەدەبرا، ئەوان لە ترسی KDP بۆماوەیەکی کاتی هێزیان بەخشییە حزبەکەی هیتلەر. بەم مانـــایە، ســـاڵی 1933 نیشـــانەی "شکســـتێکی گەورەی مێژوویـــی بـــوو" بـــۆ "نـــوێنەرایەتیی سیاســـی چیـــنە خاوەنـدارەکان"[92]. لێـرەدا کێشـەکە، جیاکـارییە لەنێـوان نـوێنەرایەتیی سیاسی چینێک و چینەکە خـۆی. ئەگەر (بە پەیڕەویکردن لە میلیباند) ئەمە ئەرگومێنتی ئەوە بهێنێتەوە کە ڕێسـای فاشیسـتی بـواری ڕەخسـاندبێت بـۆ ئاسـتێکی بەرزی چەوساندنەوەی سەرمایەداری، ئەوکاتە ناتوانرێت ڕووداوی 1933 وەک شکســـتی چینـــی ســـەرمایەدار ببینرێـت، بە تـایبەتیش بەو مانـایە نـا کە ئەوە نیشـانەی شکسـتی بـزووتنەوەی چینـی کـارکەر بـوو. لەبەر ئەم هۆکارە، لە تەفسیرەکەی ماسۆندا بۆ پاپین و سکاچ وەک

---

[92] Mason, *Nazism, Fascism and the Working Class*, p. 59.

نــوێنەرایەتیی چینــی باڵادەســت و، لەو ئایدیایەیشــدا کە گوایە ئەم فیگورە شکستی هێناوە، کێشە هەیە. بێگومان شیکاریی کاملّتر جەخت لەسەر ئەو لێکدژییانە دەکاتەوە کە لە ڕێگەی چینی سەرمایەدارەوە لە فاشیزمدا پیشاندرا. بەدەســتەوەگرتنی دەســەڵات لەلایەن نــازیزمەوە، مانــای ئەوە بوو کە دەسەڵاتی سیاسی کەوتۆتە دەست دەستێکی نــوێ، لە کاتێکــدا دەســەڵاتی ئــابووریی کەوتە دەســتی ئەوانەوە کە پێشتر دەسەڵاتی سیاسییان بەدەستەوە بوو.

لەنێــو ئەو مارکسیســتانەدا کە پەیوەنــدیی لەنێــوان دەوڵەت یان سەرمایەداری و فاشیزمدا دەبینن، جیاکاریی نێوان میلیباند و پۆلانزاس جیاکارییە لەنێوان تیۆرییەکی ڕازیکەر و سادە و تیۆرییەکدا کە بەشێوەیەکی ڕادیکاڵ پەرتــوبڵاوە[93]. ئەرگــومێنتەکەی میلیبانــد بە نزیکەیــی بە ئاراستەیەکی پێچەوانەی ماسۆندا کار دەکات: لەو دۆخەدا فاشــیزم پەیوەندیــدارە بە ســەرمایەدارییەوە کە دەوڵەتــی فاشیســت تــوانیبێتی گەشەســەندنێکی گەورە لە قــازانجی سەرمایەداریدا بەدەست بهێنێت، سەرەڕای ئەو تێبینی و ســــــەرنجەی کە دەســــــتەبژێرە ســــــەرمایەدارەکان

[93] J. Caplan, 'Theories of Fascism: Nicos Poulantzas as Historian', *History Workshop Journal* 3 (1977), pp. 83–100; Jane Caplan's discussion of Poulantzas takes the form of a criticsm of 'the carelessness with which Poulantzas treats historical data', ibid., p. 84.

بەردەوامبوون لە سەپاندنی کۆنترۆڵ بەسەر ئاستەکانی دەوڵەتدا؛ بۆیە لەبەرئەم هۆکارە لە ساتەوەختی دارمانی ڕژێمی فاشیستدا، «ئەو چینانەی کە پلەبەرزەکانی هەرەمی ئابووری و کۆمەڵایەتییان داگیر کردبوو، هەر لەوێدا مانەوە و سیستەمی سەرمایەدارییش ئەم چینانەی لەوێدا پاراست». تەنانەت, وەک ئەوەی ئەو مشتومڕی هەموو ئەمانەی کردووە، میلیباندیش مشتومڕی لەسەر تێگەیشتنی دیالەکتیکی فاشیزم کردووە. ئەمە ئەو کارەیە کە لە زۆر قۆناغدا دەیکات و بەردەوام مۆدێلی پۆناپەرتی بە نموونە دێنیتەوە و جەخت لە پشتیوانیی جەماوەر و ئایدیایۆلۆژیای دژە-سەرمایەداریی فاشیزم دەکاتەوە[94]. بە کورتی، میلباند تیۆری دیالەکتیکی وەک بەڵگەنەویستێک دادەنێت، کە بایەخ بە مولکایەتی تایبەت و دەوڵەت دەدات.

بە پێچەوانەوە، ئەرگومێنتەکەی پۆلانزاس لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوانە لە بەریەککەوتنی نێوان فاشیزم و دەوڵەت. هەمیشە مەحاڵە ئەم تیۆییەی ئەو لە چەند ڕستەیەکی کورتدا ڕوون بکرێتەوە و تەفسیر بکرێت. وەک ئەرنستۆ لاکلاو دەڵێت «شتی هەرە سەرسوڕهێنەر لە کتێبی "فاشیزم و دیکتاتۆریەت"[95]ی نیکۆس پلانزاسدا، ئەو سامانە ئاوارتەیەی دیاریکردنە تیۆرییەکانە کە لە شیکارییەکەیدا بۆ فاشیزم بەکاریان

---

[94] Miliband, *The State in Capitalist Society*, pp. 80, 84–5.

[95] *Fascism And Dictatorship*

دەهێنێت[96]». پۆلانزاس باڵادەستیی چینایەتیی فاشیستی وەها ڕوون دەکاتەوە کە لەخۆیدا پێکهاتووە لە تێکەڵبوون و کۆبوونەوەی ژمارەیەکی زۆر تویژاڵ، هەریەکەیان لەسەر هەژموون، دەکەونە کێبەرکێوە لەگەڵ ئەوانیتردا. لەنێو وێنە و نەخشەکەیدا جەخت لەسەر بێتوانایی وردە بۆرژوا دەکاتەوە، بەو مانایەی ئەم چینە ناتوانێت فۆڕمی توێژاڵی باڵادەست وەربگرێت. پۆلانزاس ڕەخنەی ئەوە لە ترۆتسکی دەگرێت کە نەیتوانیوە وێنای شکستی چینی کرێکار تەنانەت پێش 1933ـیش بکات، لە کاتێکدا ئەو لە جەختکردنەوەدا لەسەر ڕۆڵی دەوڵەت وەک دامەزراوەیەکی ئایدیۆلۆژیی و وەک کۆ-دەزگا[97]یەکی سەرکەوتکەر، پەیڕەوی لە گرامشی دەکات. دواجار، پۆلانزاس ئارگومێنت بۆ مۆدێلی "سەربەخۆیی ڕێژەیی"[98] دەهێنێتەوە بە گوێرەی ئەوەی کە فاشیزم بەسترابوویەوە بە بزووتنەوەی جەماوەر، وردەبۆرژوا، خواستەکانی نێو سەرمایەداری و خواستەکانی نێو دەوڵەتەوە، بەڵام لە هەموو ئەم پرۆسێسانەی پێشوویش جیاوازە[99]. کاتێک پۆلانزاس لە شانشینی تیۆرییەوە لێژدەبێتەوە بۆ شانشینی مێژوو، ئەرگومێنتە وردەکارەکانی بە زۆری

[96] Laclau, ‘Fascism and Ideology’, p. 81.

[97] Apparatus

[98] relative autonomy

[99] Poulantzas, *Fascism and Dictatorship*, pp. 71, 78, 235–68, 62, 299.

شـایەنی پشتڕاسـتکردنەوە نـین یـان سـەرلێتێکدەرن. بـۆ نمـوونە، ئەو ئەرگـومێنتی ئەوە دەهێنێـتەوە کە فاشـیزمی ئیتاڵی و ئەڵمانی لە باکگراوندی کۆمەڵگەکانەوە گەشـەیان کــردووە. ئەمەیــش شــتێکە کە هەمیشــە هەڵەیــیەکەی ســەرلمێنراوە. بە هەمــان شـێوە، پـۆلانزاس ســەرکەوتنی فاشــیزم وەک بەرهەمهێنــانی شکســتی چینــی کرێکــار لێکــدەداتەوە. هەروەهــا لە کــانوونی دووەمــی ســاڵی 1933وە، ئیمکانەکـانی دیکەیـش هێشـتا هەر بە کراوەیـی مـابوونەوە. جەختکردنەوە لەسـەر شکسـتی چینی کرێکار پێش ساڵی 1933، بە جۆرێک لە جۆرەکان بۆ ئەوە بووە کە لە دەرەوەی مێــژوو شــوێنێک بــۆ هێــزی مرۆیــی، داهــاتووی ئەڵتەرناتیڤیــانە بگرێــت. ئەگەر پێناســەیەکی پوختی پـۆلانزاس بۆ فاشـیزم هەبێت، ئەوا پێداگریی ئەوە لەسەر ئەوەی کە «دەوڵەتی فاشیستی لە ڕێگەی بزواندنی بەردەوامـی جەمـاوەرەوە، تایبەتمەنـدی و خەسڵەتی خۆی وەردەگرێت[100]». بەمجۆرە، لەو کاتەدا کە هەر خوێنەرێک ئەم ئامـاژانە دەخـوێنێتەوە، واپێدەچێت لە چەنـدین ئاسـتی بەریەککەوتنـی ئەو تەفســیرانەدا کە پـۆلانزاس دەیانکـات, تووشــی سەرلێشــێوان ببێــت، چــونکە نــاتوانن یــان نەیــانتوانیووە بۆیــان ڕوون ببێــتەوە کە تێگەیشــتنی پۆلانزاس چییە لەوەی کە دەبێـتە مانـای کـۆمەڵایەتی ئەم بزوواندنە.

[100] Poulantzas, *Fascism and Dictatorship*, p. 331.

دەبێـــت ئەم خـــاڵە لە مشـــتومڕەکەی منـــدا ڕوون بووبێتەوە، ئەویش تەفسیری دیالەکتیکییانەی فاشیزمە، کە باشـــترین ڕێگامـــان نیشـــان دەدات بـــۆ دەرچـــوون لەو زەلکاوەی تیۆرەکەی پۆلانزاس تێیکەوتبوو.

سەرچاوە:

Dave Renton: Fascism: Theory and Practice, Pluto Press, Londaon-Sterling, Virginia, 1999, Pp.84-90.

# دەروازەیەك بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی فاشیزم و دیكتاتۆری

***ڕوانگەی نیكۆس پۆلانزاس***

**سەلاّح نەیوف**

**وەرگێڕانی: هاوار محەمەد**

کتێبی "فاشیزم و دیکتاتۆریەت"، کە ساڵی 1974 چاپی دووەمی دەرچوو، (چاپی یەکەم 1970)، هی فەیلەسوفی مارکسیستی یۆنانی نیکۆس پۆلانزاسە، نووسەر هەندێک گۆڕانکاری سادە و کەمی لە چاپی دووەمدا کردووە، لە پێشەکی ئەم چاپەدا خۆی ئاماژەی پێداوە. ئەم کتێبە بە یەکێک لە قووڵترین و دەوڵەمەندترین تووێژینەوە جیهانییەکان دادەنرێت، سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی فاشیزم و دیکتاتۆرییەت، پێش ئەو بەشەش کە لەسەر دەوڵەتی فاشیزمە لە چەند بەشێکی تر پێکهاتووە، پۆلانزاس دەڵێت: "ئەم کتێبەی تەرخانکردووە بۆ شیکاریی ململانێ چینایەتییەکان لە کاتی دروستبوونی دەوڵەتی فاشیستدا".

لە شیکاریی دەزگای دەوڵەت، کۆ-دەزگای ئایدیۆلۆژیی شوێنکەوتەی دەوڵەتدا، ئەو بەشە دەست پێدەکات کە تەرخانە بۆ دەوڵەتی فاشیزم. پۆلانزاس پێیوایە لێرەدا کێشە جەوهەرییەکە دەزگای ئایدیۆلۆژی و پەیوەندیی ئەم دەزگایەیە بە دەزگای دەوڵەتەوە، بە واتا قووڵ و بەرفراوانەکەی. پۆلانزاس لەم بارەیەوە دەڵێت: "لە ڕاستیدا تیۆری مارکسیزم دەربارەی دەوڵەت بەشێوەیەکی ڕوون سەرنجی خۆی لەسەر دەزگای "سەرکوتکاری"ی دەوڵەت چڕکردۆتەوە: ئەو کۆ-دەزگایەی کە پێکهاتووە، لە لقە تایبەتییەکانی وەکو سوپا، پۆلیس، بەڕێوەبردن، دادگاکان، حکومەت. تیۆرە کلاسیکییە مارکسییەکان چارەسەری زۆرێک لە دامەزراوەکانی ئەم دەوڵەتەیان کردووە، وەکو

قوتابخانەکان و کەنیسەکان و..هتد. بەڵام تەنیا لە ڕێگەی زنجیرەیەک بەراورد و هاشیوەییەوە لەگەڵ دەزگای دەوڵەتدا" ئەم کارەیان ئەنجام داوە. تاکە ئاوارتەیەک، کە دەشێت ئاماژەی پێبکرێت "گرامیشی"یە. لێرەدا لەو لایەنەوە ئاماژەی پێدەدەین، کە وەک ڕابەرێکی کرێکاری، مومارەسەی سیاسیی کردووە، "گرامشی" تیۆری "شوێنکەوتەی ڕژێمی دەوڵەتییانەی بۆ دەزگای ئایدیۆلۆژی" دامەزراندووە.

سەرەتا، لە زنجیرەیەک شیکاری گشتیدا، گرامشی باسی لەوە کردووە، کە دەوڵەت تەنیا ڕۆڵی "هێز"ی نییە، بەڵکو ڕۆڵێکی ئایدیۆلۆژیی هەیە ئەویش هەژموون و باڵادەستییە. لێرەدا و چەندین جاری دیکەیش، کە هەموو جارێک پەرەی بە بۆچوونەکانی داوە، وایدەبینێت کە نابێت دەوڵەت تەنیا بەشێوازێکی "تەقلیدی"، واتە وەک دەزگای هێز-تێبگەیەنرێت، بەڵکو پێویستە وەک سیستەمەکانی باڵادەستییش ببینرێت. هەروەها گرامشی ئاماژەی بەوە کردووە دەوڵەت، بەواتا پێرفێکتەکەی، "بەشێوەیەکی تەقلیدی کۆمەڵێک دامودەزگا لەخۆ دەگرێت، کە بە دامودەزگای تایبەت دادەنرێن"، بەتایبەتیش کەنیسە، قوتابخانە، سەندیکاکان، حزبەکان، دەزگا میدیاییەکان. لێرەدا پۆلانزاس کۆتەیشنێک لە گرامشی دەهێنێتەوە، کە لەوێدا گرامشی دەڵێت: « کار گەیشتە ئەوەی، کە هەموو چەمکێکی دەوڵەت وەها دەرک بکرێت یان بەگشتی وەها لێتێبگەیشترێت، کە دیکتاتۆرییەتە»، نەک وەکو هەژموونی کۆمەڵێکی کۆمەڵایەتی بەسەر سەرتاپای کۆمەڵگای

نیشـــتمانیدا، هەژموونێـــک کە لە ڕێـــگەی کەرەســـتەی ڕێکخســـتنە تایبەتییەکـانی وەکـو کەنیســـە، ســـەندیکاکان، حزبەکان، قوتابخانەکانەوە مومارەسـە دەکرێت.. کەواتە لە دواجـاردا، دەوڵەت بـۆ ئەوە فـراوان دەبێت، کە فـۆڕمێکی دیـــاریکراوی شارســـتانی و هـــاووڵاتی بخولٌقێنێـــت و بپارێزێـت، پاشـانیش کۆمەڵێک دابوونەریـت و هەڵوێسـت لەنێو ببات و هەندێکی دیکەیشیان بهێڵیتەوە. یاسـا دەبێتە کەرەســـتەی گەیشـــتن بەم ئامـــانجە، وەکـــو ئەوەی لە قوتابخانە و دامودەزگاکانی دیکەدا هەیە».

لێـــرەدا پـــۆلانزاس ئامـــاژە بە دوو تێبینـــی دەکـــات: یەکەمیـــان، شـــیکارییەکانی گرامشـــی، کە لەو قۆنـــاغە زەمەنیـــیەدا بنچینەکـــانی دامەزرانـــد و ونـــیش بـــوو، هۆکـــارەکەیش ئەوەبـــوو، کە دەگەڕێـــتەوە بـــۆ فریـــوێکی ســـەیری "فەرمـــی" کە لەبـــارەی گرامشـــییەوە وتـــراوە. دووەمیـان، ئەم تیـۆرەی کە گرامشـی داینـاوە، بە زمانێـک خەوشدار کراوە، کە دەگەڕێتەوە بۆ چەمکی "مێژوویێتی"، بـــۆ زۆرێـــک لەو چەمکـــانەی کە گرامشـــی لەبارەیـــانەوە دواوە، وەکـــو چەمکـــی "کـــۆمەڵگەی مەدەنـــی، هەر ئەم چەمکەیـان لای خـۆیەوە تـێکەڵ بە چەمکـی "باڵادەسـتی" بـــووە. لێـــرەدا پـــۆلانزاس دەڵێـــت: لە جێیەکـــی دیـــکەدا تووێژینەوەیەکی ڕەخنەییم سەبارەت بە گرامشی کردووە (مەبەســـتی کتێبـــی دەســـەڵاتی سیاســـی و چیـــنە کۆمەڵایەتییەکان)، جـارێکی دیکە ناچمەوە سەری. کەواتە پێویسـتە بەشـێوەیەکی جەوهەری لەسـەر چەمکـی "کـۆ-دەزگـــای ئایـــدیۆلۆژی دەوڵەت بوەســـتین". نەک تەنیـــا

لەبەرئەوەی گرامشی پەرەی پێنەداوە، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەم چەمکە، ئەگەر سەبارەت بە دۆخی ململانێی چینایەتی نەخوێندرێتەوە، ئەوا تێکەڵی و پێکەڵی لە تێگەیشتندا دروست دەکات.

### کۆ-دەزگای ئایدیۆلۆژی و دەزگای دەوڵەت

پۆلانزاس لە سەرەتاوە هەندێک تێبینی دەخاتە سەر کاری ئایدیۆلۆژیا، لەنێو پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا. لە ڕاستیدا، ئایدیۆلۆژیا تەنیا لەنێو هزرەکاندا دانامەزرێت، لەلایەکی دیکەیش "سیستەمێکی چەمکی"، بەواتا وردەکەی زاراوەکە، دروست ناکات، ئایدیۆلۆژیا وەک پێشتر گرامشی ئاماژەی پێداوە درێژ دەبێتەوە بۆ ئاکار، دابونەریت، یان "سیستەم و فۆڕمی ژیان"ی خەڵک لە بچیمێکی دیاریکراودا. هەروەها لە "مومارەسەکان"ی پێکهاتنێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتیدا بەرجەستە دەبێت: مومارەسە بۆژوازییەکان، کرێکارییەکان، وردە بۆرژوازییەکان. سەرەڕای ئەمەش، ئایدیۆلۆژیا وەک ئایدیۆلۆژیای خاوەن هەژموون و باڵادەست، "دەسەڵاتێک"ی سەرەکی لە چینەکان لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا دروست دەکات. بەمەش وەک ئایدیۆلۆژیای خاوەن هەمووان، بەشێوەی زنجیرەیەک دەزگا و دامەزراوە، لەنێو پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا بەرجەستە دەبێت: کەنیسە (دەزگای ئایینی)، حزبە سیاسییەکان (دەزگای سیاسی)، سەندیکاکان (دەزگای سەندیکایی)، خوێندنگە و زانکۆکان (دەزگای قوتابخانە و فێرکاری)، ئامرازەکانی

ڕاگەیاندن (دەزگای میدیای). ئەم دەزگایانە دەبنە کۆ-دەزگای ئایدیۆلۆژی دەوڵەت. ئەم دەزگایانەیش، جیاوازن لە دەزگای "سەرکەوتکاری"ی دەوڵەت و پێیشییەوە پەیوەندیدارن. بەڵام ئەی بۆچی لێرەدا وەکو کۆ-دەزگای دەوڵەت باسی دەکەین؟ "پۆلانزاس" باس لە سێ هۆکار دەکات:

1- ئایدیۆلۆژیا لە کۆمەڵگەدا شتێکی "بێلایەن" نییە. وەک ئایدیۆلۆژیای باڵادەستیش، ئایدیۆلۆژیا لە پەیوەندیدا بە دەسەڵاتەوە، دەکرێت ڕۆڵی خاوەن هەژموون و باڵادەست بگێڕێت. لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەوەندە بەس نییە، بۆ جیاکردنەوەی دەزگای ئایدیۆلۆژیی لە دەزگای دەوڵەت. دەبێت لەمە دوورتر بڕۆین، باڵادەستی سیاسی خۆشی ناتوانێت تەنیا بە کەرەستەی تایبەتی سەرکوتکردنی فیزیکی سەر بگرێت، بۆیە پێویستی بە دەستوەردانی بنجبڕ و ڕاستەوخۆی ئایدیۆلۆژیا هەیە، کە لە هەمان کاتدا گەرەنتۆر و شوێنی کۆکبوونەوەی دەسەڵاتی سیاسییە.

2- دەبێت بگەڕێینەوە بۆ پێناسە مارکسییەکە بۆ دەوڵەت. دەوڵەت، کە دەوڵەتی چینایەتییە، بەلای تیۆرە کلاسیکییە مارکسییەکانەوە، تەنیا لە ڕێگەی "هێز"ی فیزیکی سەرکوتکارییەوە پێناسە ناکرێت، بەڵکو بەشێوەیەکی بنچینەیی لە ڕێگەی ڕۆڵە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەیەوە پێناسە دەکرێت. دەوڵەت چین-سەنتەرە، ڕۆڵی بریتییە لە پاراستنی یەکێتی و یەکگرتوویی فۆرماسیۆن یان پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، هێشتنەوەی

هەلـــومەرجی بەرهەمهێنـــان، هەروەهـــا دووبـــارە بەرهەمهێنانەوەی ڕەوشە کۆمەڵایەتییەکانی بەرهەمهێنان، دەوڵەت، لە سیسـتەمی ململانێـی چینایەتیـدا، گەرەنتـۆری باڵادەستی و هەژموونی سیاسیی چینە. ئەمە ئەو ڕۆڵەیە کە بە تەواوەتـی کـۆ-دەزگـای ئایـدیۆلۆژیای باڵادەسـت دەیگێڕێـــت و "چیمەنتـــۆ"ی پێکهـــاتەی کـــۆمەڵایەتی پێکدەهێنێت.

3- دەزگـــای دەوڵەت، بە واتـــای وردی وشـــەکە، پێشمەرجی هەبوونی دەزگای ئایدیۆلۆژی و پێشمەرجی کـاری ئەم دەزگـایەیە لە پێکهێنـانی کۆمەڵایەتیـدا. کەواتە دەزگـــای ســـەرکوتکاری بەشـــێوەیەکی ڕاســـتەوخۆ دەستوەردان لە کاری دەزگای ئایدیۆلۆژی ناکات، بەڵکو لە پشتییەوە کار دەکات.

**لقەکـانی دەزگـای سـەرکوتکاریی دەوڵەت، ڕەچەتەکـانی دەزگای ئایدیۆلۆژیی دەوڵەت**

1- لەگەڵ هەمـــوو ئەوانەشـــدا، کە پێشـــتر وتمـــان، نـاتوانین بڵێـین دەوڵەت تەنیـا ڕۆڵێکـی سـەرکوتکاری و ڕۆڵێکی ئایدیۆلۆژی هەیە. وەک بۆلانزاس دەڵێت دەوڵەت "وەزیفەیەکـی ڕاسـتەوخۆی ئـابووری" هەیە. کەواتە ئەم وەزیـفە ئـابوورییە وەزیفەیەکـی ڕاسـتەوخۆیە، ئەمەش واتـــای ئەوەیە دەوڵەت لە دووبـــارە بەرهەمهێنـــانەوەی هەلـــومەرجە کۆمەڵامەڵایەتییەکـــانی بەرهەمهێنانـــدا سنووردار نابێت، بەڵکو بەشێوەیەکی بنجبڕ دەستوەردان لە بەرهەمهێنانەوەی سوڕی بەرهەمهێنان خۆیدا دەکات،

له وردەکاریەکانی پرۆسەی ئابووریدا، بگرە لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی سەرمایەدا. ئەم وەزیفە ئابوورییەی دەوڵەت لە یەک کاتدا، هەم دەزگای سەرکوتکاریی ئەنجامی دەدات (ئیدارە، حکومەت)، هەم دەزگای ئایدیۆلۆژی (سەندیکاکان). بەڵام ئەم وەزیفە ئابوورییەی دەوڵەت لە دەوری ڕۆڵە سیاسییەکەی وەک گشت ڕێکدەخرێت. بە واتایەکیتر، لێرەدا وەزیفەی ئابووریی دەوڵەت، بە وردی لەژێر لایەنێکی سەرەکی و بنچینەییدا ئەنجام دەدرێت، واتە یان سەرکوتکاری یان ئایدیۆلۆژی.

2- چەمکی "کۆ-دەزگا" (ئەپاراتووس) تەنیا لە دەزگای دەوڵەتدا قەتیس نییە. بە واتایەکیتر، هەردوو چەمکی "دەزگا" و "دەوڵەت" هەمان مەدلول و کایەیان نییە. لە بەرامبەردا، ناتوانین لە حاڵەتی "دەزگای ئابووری"دا باس لە دەزگای ئابووریی دەوڵەت بکەین، ئەگەرچی دەوڵەت وەک گەرەنتۆری "سیستەم" وازی لێدەهێنێت، چونکە لەلایەکەوە، پێناسە مارکسییەکەی دەوڵەت ڕاستەوخۆ بۆ دەزگای ئابووریی ڕاست نییە، لەلایەکی دیکەش، چونکە دەزگا بە وردی "یەکەی بەرهەمهێنان"ـە، لە سیستەمی چەوساندنەوەی چینایەتیشدا دەزگای ئابووری ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە، کە پەیوەستە بە خەڵک و چەوساندنەوەی خەڵکییەوە. جیاکاریی نێوان کۆ-دەزگای دەوڵەت، دەزگای ئابووریی جیاکارییەکی سەرەکییە. چونکە ڕوونە کە ناکرێت دەست لە کۆ-دەزگای دەوڵەت و دەزگای ئابووری هەڵبگیرێت، نە لەیەک کاتدا، نە بە هەمان فۆرم و شێواز، بە کوورتی

لەبەرئەوەی لە دوو سروشتی جیاوازن. لە دەزگای ئابووریدا وەک "یەکەی بەرهەمهێنان" ئەو شتە دەبینین، کە مارکس ناویناوە "بنچینەی تەکنیکیی بەرهەمهێنان"، کە لە کۆ-دەزگای دەوڵەتدا شتی لەم بابەتە نابینین، ئەمەش "گەلێک کێشە"ی دیکە، لە جۆرێکی جیاواز، دەخاتە ڕوو.

3- کۆ-دەزگای ئایدیۆلۆژیی دەوڵەت پتر مۆرکێکی "تایبەت" (بەشەکی)ی هەیە، واتە وەک دەزگای شوێنکەوتەی دەوڵەت فەرمی و دانپێدانراو نییە، بۆیە بەبڕوای پۆلانزاس نابێت، ئەمە تووشی شۆکمان بکات. لە ڕاستیدا جیاکاری نێوان "بەش" و "گشت" جیاکارییەکی یاسایی پەتییە. وەکو زۆرێک لە چەمکەکان، وەک جێگەیەک یان شوێنێک، ئاماژە بە سنووری نێوان "کۆمەڵگەی مەدەنی" و "دەوڵەت" دەکات، واتە وەک جێگە و شوێنێک بۆ دامەزراندنی دەوڵەت، لە ڕاستیشدا ئەمە جیاکاریی "یاسایی پێشوەختە"ی نیمچە ئۆنتۆلۆژییە لەنێوان گشت و بەشدا. بەڵام ئەم جیاکاری یان لیکجوداکردنەوەیە "گشت-بەش" هیچ شتێک لە قووڵایی بابەتی کۆ-دەزگای ئایدیۆلۆژیی دەوڵەت ناگۆڕێت. گرامشی بەتەواوەتی لەمە تێگەیشتووە، پێیوایە «کۆمەڵێک دامودەزگا هەیە، کە عادەتەن دەگەڕێنەوە بۆ دەوڵەت و وەک دامودەزگای تایبەت دەردەکەون». ئەمەش لای خۆیەوە تاڕادەیەکی زۆر واتای ئەوە نییە، کە مۆرکی "بەش" یان "گشت"ی کۆ-دەزگای ئایدیۆلۆژیی دەوڵەت بێ بایەخە، یان کارێکە بە ڕێککەوت کراوە. بە پێچەوانەوە، دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک فۆڕم، کە لە ڕووی وەزیفییەوە

بە گــوێرەی مۆدێــل و فۆڕمەکــانی دەوڵەت جیــاوازن. عـادەتەن مـۆرکی "تـایبەت" (بەش)ـی ئەم کۆ-دەزگـایە بە زۆری لە شــوێنێکی دیــکەوە ســەربەخۆییە ڕێــژەییەکەی خــۆی وەردەگــرێتەوە، هەم لەنێــو خــۆی و هەمــیش لە بەرامبەر دەزگای دەوڵەتدا.

4- لێرەدا دەگەیـنە کرۆکـی مەسـەلەکە. نـاتووانین بە واتــایەکی توونــد و تاکییــانە بــاس لە دەزگــای دەوڵەت بکەیــن، بەڵام دەتــوانین بــاس لە چەنــدین دەزگــای ئایدیۆلۆژیی دەوڵەت بکەین. لە ڕاستیدا، هەڵەیە پێمانوابێت دەزگای دەوڵەت، بە واتا ورد و بنجبڕەکەی، یەک بارسـتە تــاوێری یەکپــارچەی بــێ درز و کەلێــنە، دەزگــای سەرکوتکاریی دەوڵەت خۆی پێکهاتەیەکە لەوەی پێیدەڵێین "لق"ـە تایبەتییەکـان: سـوپا، پـۆلیس، ئیـدارە و شـتی لەم بــابەتە، بەڵام کــۆ-دەزگــای ئایــدیۆلۆژیی دەوڵەت، لە پەیوەنــدییە ئاڵوگۆڕییەکانیــدا، لە پەیوەندییەکەیــدا بە دەوڵەتەوە، "پـلە" و "فـۆڕمێکە لە سـەربەخۆیی ڕێژەیـی"، ئەمەش ئەو سیفاتانەیە کە لقەکانی دەزگای دەوڵەت نییانە.

دەزگــای ســەرکەوتکاریی دەوڵەت، نــاوکی ســەنتراڵی سیســتەمی دەوڵەتــی و دەســەڵاتی دەوڵەت، بەشـێوەیەکی دیکە یەکێتییەکی ناوەکی بەهێزتر و تۆکمەتری لە دەزگای ئایـدیۆلۆژیی هەیە. یەکێتیی نـاوەکی لقەکانی ئەم دەزگایە وەهـا کـار دەکـات، کە "چـالاکییەکە لە سیسـتەم دەچێت"، لەنێــو چوارچێــوەی سیســتەمی دەوڵەتییــانەی کــۆ-دەزگاکاندا. بەڵام یەکەم دەرەنجام، کە پێیدەگەین، ئەوەیە: ناتوانین "کۆتاییهێنان" بە دەوڵەت بە هەمـان شێوە لەسـەر

ئایدیۆلۆژیا پراکتیزەی بکەین بۆ کۆتاییهێنان بە دەزگای دەوڵەت، یان کۆ-دەزگای ئادیۆلۆژیی دەوڵەت، تەنانەت ناتوانین کۆ-دەزگا ئایدیۆلۆژییەکان دووربخەینەوە، نە بە هەمان فۆرم و نە لە هەمان کاتی دەزگای دەوڵەتدا.

لەژێر ڕۆشنایی ئەم دەروازە بەرایییەی پێشوودا، دەشێت کێشەکانی دەوڵەتی فاشیستی بخرێتەڕوو، بەڵام وەک نیکۆس پۆلانزاس باسی دەکات، پێویستی بە پێدانی هەندێک داتا هەیە،

- دەوڵەتی فاشیستی فۆڕمێک لە فۆڕمەکانی دەوڵەتە، کە دەکرێت لە "مۆدێلی دەوڵەتی سەرمایەداری"یەوە بێتە دەرەوە.

- دەوڵەتی فاشیستی فۆڕمێک لە فۆرمەکانی دەوڵەتی "چۆنییەتی" (جۆری) یان "ئاوارتە"یە، ئەمەش هاومانای قەیرانی سیاسییە، بەم مانایەش: جیاوازیی لەگەڵ فۆڕمی ئەو دەوڵەتانەدا دروست دەکات، کە پێکهاتەی سۆسیالیستییان هەیە، ئەم پێکهاتن یان شێوەگرتنانە بەهەمان قۆناغی تایبەت وەسف دەکرێن، واتە "قۆناغی ئیمپریالیستی"، بەڵام هەمان قەیران دروست ناکەن بەڵام هەمان قەیرانیان تێدا نییە. ئەمەشیان هەر سروشتی هاوبەشی لەگەڵ فۆڕمی دەوڵەتی پێشوو "سۆسیالیزم"دا هەیە، چونکە ئەمییشیان بە وردی لەنێو هەمان قۆناغی "ئیمپریالیزم"دایە، کە دەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەمان قەیران، ئەو کارانە ئەنجام بدات، کە لەم قۆناغە تایبەتییەدا پێویستە بیانکات.

- هەروەهـــا، دەوڵەتـــی فاشیســـتی فـــۆڕمێکە لە فۆڕمەکانی ڕژێمە چۆنییەتییەکان، واتە سیفەتی هاوبەشی لەگەڵ هەمـوو فۆڕمەکـانی ڕژێمەکـانی دیـکەدا هەیە، کە دەرەنجامی دۆخی ئاوارتەی دەوڵەتی سەرمایەدارییە، لەو ڕووەوە سـەرجەمیان قەیـرانە سیاسـییە هاوبەشـەکانیان هەیە، هەروەهـا لە ڕووی دروسـتبوونی سـەرمایەدارییەوە خاسیەتی هاوبەشیان هەیە: دیکتـاتۆرییەتە سـەربازییەکان، پۆنـــاپەرتی. لەلایەکـــی دیکەیشـــەوە، لەگەڵ فۆڕمەکـــانی ڕژێمەکانی دیکەدا جیاوازی هەیە، لەو ڕووەوە کە قەیرانە سیاسـییەکانی نێوی، قەیرانـی جـۆری تـایبەتن، پەیوەنـدیی جیـــاوازی چینـــایەتی لەنێویـــدا هەیە. جیاوازییەکـــان بە گـــــوێرەی ئەو قۆنـــــاخەن، کە ئەم فۆڕمـــــانەی تێـــــدا ســـەرهەڵدەدەن یـــان دەردەکەون (بێگومـــان دەکرێـــت بە درێژیـــی بگەڕێیـــنەوە ســـەر ئەم دیـــاردانە، لە ڕێـــگەی خسـتنەڕووی شـیکارییەکانی پۆلانزاسـەوە بـۆ "قەیرانـی سیاسی" لە ڕۆژانی داهاتوودا).

پـۆلانزاس، بەرلەوەی بچێـتە نێـو شـیکاریی دەوڵەتـی فاشیســـتییەوە، دوو ســـەرنج دەردەبڕێـــت: "پێـــوەرە گونجاوەکان یان جێ ڕەزامەندییەکان" کە وەک فۆڕمێک لە فۆڕمەکـــانی دەوڵەت و وەک فۆڕمێـــک لە فۆڕمەکـــانی ڕژێـم، دەیـکەنە دەوڵەتـی جـۆری. دەتـوانین بـاس لە شیکارییەکانی پۆلانزاس بکەین بۆ ئەم پێوەرە جیاوازنە و دەشـــێت لە ڕێـــگەی لێکجـــوداکردنەوەی ئەم دوو فەزا سیاسـییەوە درێژەی پێبدەین، بەڵام لێرەدا دەرفەتـی ئەوە نییە. پۆلانزاس بە خێرایی ئاماژە بەوە دەدات، کە فـاکتەرە

جیاوازەکانی فۆرمەکانی دەوڵەتی سەرمایەداری، یەکەم و پێش هەموو شتێک بریتییە، لە پەیوەندییە ئابووری و سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکان لە قۆناغێکی دیاریکراودا. دووەم، سیفاتی گشتی ململانێی چینایەتییەکان لەو قۆناغە دیاریکراوەدا، کە لەگەڵ پێکهاتە سەرمایەدارییەکانی ئەو قۆناغەدا دەگونجێت. فاکتەرە جیاوازەکانی فۆڕمەکانی ڕژێمیش بریتیین لە مۆدێلە بەرجەستەکەرەکانی ململانێی سیاسیی چینەکان لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا. ئەم فاکتەرانە لە چوارچێوەی دەوڵەتی سەرمایەداریدا لە ڕێگەی زنجیرەیەک پێوەری بەرنامە ڕێژکراوەوە، بە وردی و بنجبڕی، ڕوون دەکرێنەوە. ئەم پێوەرانەی کە تایبەتیش بە فۆڕمی دەوڵەتەوە ئەمانەی خوارەوەن:

1- فۆرمەکان و مۆدێلەکانی دەستێوەردانی دەوڵەت لە ئابووریی، لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەشێوەیەکی گشتی، هەروەها فۆڕم و نموونەکانی سەربەخۆیی ڕێژەیی دەوڵەت بەرامبەر چینە باڵادەستەکان.

2- ڕۆڵەکان، فۆرمەکان، پەیوەندییە دوولایەنەکانیان، دەزگای دەوڵەت، کۆ-دەزگای ئایدیۆلۆژی دەوڵەت، ئەمانە ئەو شتانەن، کە لەگەڵ گۆڕانەکان لە یاساکاندا کە بە وردی ئەم پەیوەندی و فۆڕمانە ڕێک دەخەن.

3- پەیوەندیی گشتی لقەکان لەنێو دەزگای دەوڵەت خۆیدا، ئەمەش لە دەوڵەتی سەرمایەداریدا هاوتای پەیوەندییە گشتییەکانە (جێبەجێکاری-یاسادانان).

4- پەیوەندییە گشتییەکان لەنێو کۆ-دەزگا ئایدیۆلۆژییەکانی دەوڵەتدا.

**سەبارەت بە فۆڕمەکانی ڕژێمیش پێوەرەکان ئەمانەن**

1- ئەو ئاستەی، کە پێویستە خەسڵەتە گشتییەکانی فۆرمێکی دەوڵەتی تێدا دیاریی بکرێت.

2- ئەو فۆڕمە تایبەتییەی، کە ئەم خاسیەتانە دەیانگرێتەوە، پەیوەندییەکانی نێوان سەرجەم لقە جیاوازەکانی دەزگای دەوڵەت لەنێوان خۆیاندا، سەرجەم کۆ-دەزگا ئایدیۆلۆژییەکانی دەوڵەت لەنێوان خۆیاندا، پەیوەندییە وردەکانی نێوان هەردووکیان لەژێر هەژموون و باڵادەستی یەکێک لەم لقانەدا. بەتایبەت ڕۆڵی حزبە ساسییەکان و نوێنەرایەتیکردنی لایەنگرانی چینەکان ڕۆڵێکی جەوهەری دەگێڕن. لە کۆتاییدا، دەوڵەتی فاشیستی، وەکو هەموو ڕژێمە ئاواتەکانی دیکە (پۆناپارتیزم، دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان)، سیفەت و مۆرکی تایبەت و جەوهەریی هەیە.

**سەرچاوە:**

صلاح نيوف، نيكوس بولانتزاس: مدخل لقراءة تفكيك الدولة الفاشية و الدكتاتورية، سبنتمبر، 2007.

http://elaph.com/Web/AsdaElaph/2007/9/260559.htm?sectionarchive=AsdaElaph

# ئەمریکا لەبەردەم فاشیزمدا

## *شیکارییەکی کورت بۆ "ترەمپیزم"*

**سەیف دەعنا**

**وەرگێڕانی: هاوار محەمەد**

دەیەیەک بەر لە ئێستا، "دەیڤید هارڤەی" لە دەروازەی کتێبی "کورتە مێژووی نیولیبرالیزم"دا، باسی لەوە کردووە، کە «مێژوونووسانی داهاتوو وەها سەیری سالانی 1978-1980 دەکەن، کە خالێکی گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانەیە لە مێژووی ئابووری و کۆمەلایەتی جیهاندا».

پاساودانەوەی ئەم بانگەشەیە تا ڕادەیەکی زۆر، لە بەرگی کتێبەکە ئەو چوار وێنەیەی ئەو کەسایەتییانەدا هەیە، کە لەو کاتەدا ڕۆلێکی سەنترالیان لە پشتیوانیکردن و بەجیهانیکردنی سیاسەتە نیولیبرالییەکاندا هەبووە (ڕۆنالد ڕەیگان، دینگ شیاو بینگ، مارگرێت تاتچەر، ئۆگۆستۆ بینۆشە)، هەروەها پاساوەکانی تریش لە پێشەکی کتێبەکەدا بە پوختی باسکراون، کە ناوی پێنجەمیش بۆ سەر چوار ناوەکەی دیکە زیاد دەکات، ئەمیشیان ڕۆلێکی گرنگی گێڕاوە ئەویش "پۆل ڤۆلگەر"ە، ئەندامی سەرەکی ئەنجومەنی فیدرالی یەدەگ لە سەردەمی دەسەلاتی کارتەر و ڕەیگان و نیولیبرالیستە یەکەمییەکان لەم شوێنە هەستیارەدا. چل سال دوای ئەو هەلوێستە توند و یەکلاکەرەوانە، ئێستا گەر بە شێوەیەکی ڕیترۆئەکتیڤ بڕوانین، وا پێدەچێت هارڤەی زۆر لەسەر هەق بووبێت: نیولیبرالیزم بە کردەیی جیهانی گۆڕیووە. بەلام، دوای چل سال لە قەیرانی هەژموونی چینە حاکمەکانی ڕۆژئاوا، هەروەها بەهۆی غیابی دژە هەژموون و ئەلتەرناتیڤێکی ئۆرگانی بۆ سەرمایەداریی نیولیبرالیستییەوە دامەزراوە. بەم جۆرە قۆناغی

ڕاستڕەوی جیهانی دەستی پێکرد، هەر بەم جۆرەش نیولیبرالّیزم لە ئەمریکا ئەگەری فاشیزمی دامەزراندووە.

### کورتەیەك دەربارەی نیولیبرالّیزم

ڕەنگە کتێبەکەی هارڤەی یەکێک بێت لە گرنگترین ئەو کتێبانەی، کە لەبارەی نیولیبرالّیزمەوە نووسراون، بەلاّم کتێبەکە لە ڕوانگەی ڕیترۆئەکتیڤی ئێستاوە، لە دوو بەشەکەی سەرەتایدا، یەکەمیان (ئازادی تەنیا وشەیەکی دیکەیە)، دووەمیان (دامەزراندنی کۆدەنگی)، بە وردی دەروازەیەکی پێویست بۆ تێگەیشتن لە دۆخی جیهان دوای چل سالّی سیاسەتە لیبرالّیستییەکان، ڕۆشن دەکاتەوە، بەتایبەتیش ڕۆشنایی دەخاتە سەر هەلّکشانی بەرچاوی ڕاستڕەو لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەورووپا. لەو دوو بەشەدا, هارڤەی ئەرگومێنتی ئەوە دەهێنێتەوە، کە «چۆن نیولیبرالّیزم دزەی کردە نێو هەست/ئاوەزی ئاگایی گشتییەوە»، دووبارە ئەم ئاگاییەی بەجۆرێک داڕشتەوە، کە لەبەژەوەندی چەمکە سەرەکییەکانی خۆی بێت، هەروەها مشتومڕی ئەو ستراتیژییەتانە دەکات، کە جەمسەرەکان ئەم ئاڕاستەیە پەیڕەوییان لێکردووە و باس لەو کەرەستانەش دەکات، کە بۆ گۆڕینی ئایدیا نیولیبرالّیستییەکان بۆ "تەووژمێکی گشتی" بەکارهێنراون، هەر لە زانکۆکانەوە تا دەگات بە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن و میدیا.

لەم دوو بەشەدا چەندینجار ناوی فەیلەسوفی ئیتالّی "ئەنتۆنیۆ گرامشی" و تیۆرەکەی دەربارەی

ستراتیژییەتەکانی هەژموون دووبارە دەبێتەوە، هارڤەییش دووبارە دەیداتەوە بە گوێماندا، کە «لەپێناو سەروەری هەر ئاراستەیەکی فیکریدا، پێویستە پەرە بە دەزگایەکی چەمکییانە بدرێت، کە لەگەڵ حەدس و غەریزەکانماندا یەکتر ڕابکێشن و هاوبەند بن، ئاوێزانیش بن لەگەڵ بەها و ئارەزووەکانمان و لەگەڵ ئیمکانە شاراوەکاندا، لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیەدا کە تێیدا دەژین. ئەگەر ئەم دەزگا چەمکییە سەرکەوتووبێت، دەبێتە شتێکی بنچینەیی لە کۆ-هەستماندا، دەبێتە شتێکی باوەڕپێکراو کە چیتر جێگای گومان نییە». (ل. 5)

لەبەرئەمە، دواتر هارڤەی دەڵێت: «دامەزرێنەرانی فکری نیولیبراڵ ئایدیاڵی سیاسیی "کەرامەتی مرۆڤ" و "ئازادی تاکەکەس"یان وەها وەرگرتووە، کە ئایدیاڵی سەرەکی و بەهای سەنترالی شارستانییەتە». بەم بژاردەیە، ئەوان زۆر حەکیم بوون، بەتایبەتیش کە دەزگای دەوڵەتیان کردۆتە لێکدژی تاکەکەس و ئازادییەکەی و وەک مەترسییەک وێنایان کردووە، کە مەترسییە بۆ سەر ئەم بەها مرۆییانە، لە کاتێکدا چاوەڕوانی ئەوە لە دەوڵەت دەکرێت، کە کۆتووبەند بخاتە سەر سەرمایە. ئەوان بە ڕاستی دانا بوون، چونکە ئەگەر خەڵکیان سەرپشت بکردایە لەنێوان دووبارە دابەشکردنەوەی سامان و کۆکردنەوەی لە سەرەوە لەسەر حسێبی هەژارخستنی زۆرینە، ئەوا هەڵیان نەدەبژارد. هەر «پڕۆژەیەکی ڕاشکاوانە لە دەوری گەڕانەوەی هێزی ئابووری بۆ دەستەبژێرێکی بچووک،

لەلایەن گەلەوە پاڵپشتی زۆری لێناکرێت. بەڵام هەوڵی بە بەرنامەکراو بۆ بەرگریکردن لە دۆزی ئازادی تاکەکەسی، لەلایەن قاعیدەیەکی بەرفراوانی جەماوەرییەوە قبوڵ دەکرێت، بەوەش (لەژێر پەردەی ئەم بەها مرۆییانە و ئازادیی تاکەکەسیدا) هەڵمەتی وەرگرتنەوەی دەسەڵاتی چینایەتی دادەپۆشرێت» (ل 40). ئەگەر بمانەوێت بە کەمێک سادەتر ئەمە وەرگێڕین، ئەوا دەڵێین: هارڤەی پێمان دەڵێت: کە مرۆڤەکان هەر بە بێهودە نیولیبراڵیزمیان دانەناوە، بەڵکو ئەم کارە بە ئامانجی لێدان، لە ئاگاییەکەیان و دووبارە فۆرمولەکردنەوەی ئەم ئاگاییە، دایانهێناوە. ئەمە بە بەرنامەڕێژیی کراوە، کە لەژێر پەردەی ئازادی تاکەکەسی و "بەها بڵندەکان"دا کراوە، لە پێناو گەیشتن بە ئازادیی سەرمایە. هەروەها ئەمە لە ڕێگەی هەڵمەتێکی بەرنامەڕێژکراوەوە بووە، کە لە بنەڕەتدا ئامانجەکەی ئەوبوو خەڵکی دژ بەو کۆتوبەندانە باربهێنێت، کە دەوڵەت بەسەر سەرمایەدا سەپاندبووی (کە دواتر دەبێت سەرمایەی دڕندە) بە ناوی ئازادیی مرۆڤەکان و بەها مرۆییەکانەوە.

لە دەرەنجامدا: نیولیبراڵیزم بە کردەیی جیهانی گۆڕی، بەڵام دوای چل ساڵ، لە قەیرانی هەژموونی چینە فەرمانڕەواکانی ڕۆژئاوادا دامەزرا، هەروەها لە غیابی دژە-هەژموونندا، نەبوونی ئەڵتەرناتیڤی ئۆرگانی سەرمایەداری نیولیبراڵیستی دامەزرا. دواجار بەهاکان ناتوانن سکی خەڵکی تێربکەن، درووشمەکان نابنە پۆشاک و جلوبەرگیان، بەڵکو لە واقعی خۆیاندا دەژین،

ڕاستەوخۆ درکی پێدەکەن، جا ئیتر ئامڕازەکانی میدیا و تۆتالیتە ئابوورییەکان هەر چۆن هەوڵبدەن بەپێچەوانەوە قەناعەتیان پێبکەن. بەڵام لەگەڵ نەبوونی ئەڵتەرناتیڤێکی ئۆرگانیکی پێچەوانەدا، کە میتۆدییانە، بە بەکارهێنانی درووشمەکانی وەکو "سۆسیالیزم سیستەمێکی دەسەڵاتخوازە"، سەرکۆنەکرا و بەشەیتانیکرا، سەردەمی ڕاسترە و دەستی پێکرد، کە نیولیبراڵیزمی بۆ دامەزرێنراو و ڕوخساری پرۆتۆ-فاشیستییانەی بەرهەمهێنا.

**دەربارەی هەڵبژاردنەکانی 2016**

لە ژمارەیەکی ئەم دواییانەی گۆڤاری "فۆربس"دا، وێنەی "جارید کۆشنێر"، زاواکەی دۆناڵد ترەمپ، سەراپای بەرگی گۆڤارەکەی داپۆشیبوو. لە ناوەوە، خەڵکی "چیرۆکێکی سەد لەسەد ئەمریکی" دەخوێننەوە. چیرۆکێک لە جۆری چیرۆکەکانی فیلمەکانی هۆلیود، کە تێیدا پاڵەوانەکە هەر بە تەنیا خۆی، لە دوایین ساتدا، هەلۆیستێکی ناهەموار ڕزگار دەکات. خوێنەران چیرۆکێک دەخوێننەوە، کە تاوتوێی دۆزێکی زۆر ئاڵۆز و هەمەلایەن دەکات، تێیدا فاکتەرە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژییەکان، مێژوو و جوگرافیای سیاسی، بۆ ساڵانێکی درێژ بەشێوەیەکی زۆر سەتحیی، کە گونجاوبێت، لەگەڵ شێوازی گوتاری میدیایی باودا و لەگەڵ حیکایەتە ئەمریکییە ساکارەکان و کولتووری فاست فووددا، بەنێو یەکداچوون. ئەگەر بمانەوێت باوەڕ بەگێڕانەوە و چیرۆکی گۆڤاری فۆربس بکەین، کە ئەم

مانگە بڵاودەبێتەوە، ئەوا بردنەوەی دۆناڵد ترەمپ، لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکاندا، مەسەلەیەکی تەواو تەکنیکی بووە، کە یەک کەس بەشداربووە لە وەدیهاتنیدا، ئەویش جارید کۆشنێرە. چیرۆکەکە دەڵێت، لە مانگەکانی دوادوایی هەڵمەتی هەڵبژاردندا کۆشنێر ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی بینیووە، لەو ویلایەتانەی کە ئەگەری ئەوە زۆربوو بەهۆیانەوە ترەمپ کۆشکی سپی بباتەوە، ئەمەش وای لە هەندێک میدیای ئەمریکی کرد بە "چەک مەترسیدار"، لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی ترەمپدا وەسفی بکەن و وەک "سوپرایزی هەڵبژاردنەکانی 2016" پیشانی بدەن.

لەو گفتوگۆیەدا لەگەڵ کۆشنێر، کە گۆڤارەکە لە لاپەڕەکانی سەرەتایدا بڵاویکردۆتەوە، سەرنج خراوەتە سەر ڕۆڵی تەکنیکیی کۆشنێر لە هەڵمەتەکەدا، وێناکردنی هەڵبژاردنەکان وەک ئەوەی زۆرانبازییەکی بەپلەی ئیمتیاز تەکنکییە، تێیدا کۆشنێر لە هەڵمەتەکەدا سەرکەوت، چونکە بەشێوەیەکی ژیرانە تەکنۆلۆژیای سۆشیاڵ میدیا و میدیای نوێی بەکارهێنا. کۆشنێر، کە وەک گۆڤارەکە دەڵێت هیچ ئەزموونێکی سیاسیی ئەوتۆی نییە، لە ڕێگەی کۆمەڵێک هاوڕێی پسپۆڕ لە تەکنۆلۆژیای ئامڕازەکانی پەیوەندیگیری کۆمەڵایەتی و ڕیکلام و بازاڕکاری دیجیتاڵیدا (کە لە سلیکۆنی فالی ئیشیان دەکرد)، توانی بەرنامەیەک بۆ "ئامانجی ماوە کوورت" دیزاین بکات، لە ڕێگەی ئەم پرۆگرامەوە، دەنگدەرە جیاوازەکانی ئەو ویلایەتانەی کە خۆڵەمێشی بوون، دەیانتووانی هەڵبژاردنەکە یەکلایی بکەنەوە، بە هەزاران ڕیکلامی

دیزایینکراویـان بـۆ نێـردرا؛ ڕیکلامەکـان تـایبەت بـوون بە هەر کۆمەڵەیەک لە دەنگدەران، هەر یەکەیان لە جێ خۆی، بەگوێرەی سـیفەت و حەز و مەیلەکانی، بۆ ئەمەش پشـت بەو زانیارییـانە بەسـترابوو، کە لە ڕێـگەی ئەکاونتەکـانی فەیسـبووک و تویتەریـانەوە وەرگیرابـوون (وەکـو جۆری هاوڕێیاکانیان، بایەخدان و ئارەزووەکانیان، ئەو بابەتـانەی کە بەلایـانەوە گـرنگە و هیتـر). لە بەرامـبەردا، شـێوازی هەڵبژاردنی هیلاری کلینتۆن، زۆر تەقلیدیی بوو، پارەیەکی زۆری لە بانگەشـە و ڕیکـلامە گرانبەهاکانـدا سـەرفکرد، کە بەیەک شێواز ئاراسـتەی دەنگدەرە جیاوازەکانی ویـلایەتە جیاوازەکـــان دەکـــرا. گۆڤـــارەکە دەڵێـــت، بەمجـــۆرە هەڵبژاردنەکـان و بانگەشـەی هەڵبـژاردن لە ئەمریکـا، بـۆ هەتا هەتایە، گۆڕانکارییان بەسەردا هات.

بەڵام ئەو ڕۆڵەی کە کۆشـــــــــنێر و بەرنـــــــــامە بازاڕکـــارییەکەی (کە لە ڕاســـتیدا ســـاڵانێک بـــوو، بەر لە دروســـتکردنی فیســـبووک لە بوارەکـــانی بازاڕکـــاری و ڕیکلامــدا بــۆ چــاودێریکردنی ڕەفتــارە بەکاربەرییەکـانی کڕیارەکان کاری پێدەکرا) لە حەوت ویلایەتـی خۆڵەمێشـی ئەمریکا هەیبوو، تەفسـیری زۆر وردەکـاری و دەرەنجـامی ئەم هەڵبـژاردنە نـاکەن. بـۆ نمـوونە وەک داتاکـان ئامـاژەی بۆ دەکەن، لەم هەڵبژاردنانەدا کشـانی ڕاسـتڕەو نەک تەنیـا لە حەوت ویلایەتدا، بەڵکو لە 42 ویـلایەت لە کـۆی پەنجـا ویـلایەت ڕوویـدا. ئەمە جـگە لەوەی ئەم مەیـلە بـۆ کشـان بەرەو ڕاســـت، تەنیـــا لە 2016ەوە ســـەریهەڵنەداوە، بەرەنجامی بلیمەتی کۆشنێریش نەبووە. بۆ نموونە هەر لە

ساڵی 2010ەوە، حزبی دیموکراتی (لیبراڵی)، بەرەبەرە نزیکەی 900 کورسی (لە کۆی 7300 کورسی) لە ئەنجومەنە لۆکاڵییەکانی یاساداناني ولایەتەکان بە کۆمارییەکان دۆڕاندووە (کۆمارییەکان کۆنترۆڵی 4164 کورسییان کردووە، لە کاتێکدا دیموکراتەکان کۆنترۆلی 3180 کورسییان کردووە). ئەم دۆڕاندنە لە جەوهەردا بەردەوامی ئەو شتەیە، کە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1994دا بە "شۆڕشی کۆمارییەکان" ناسرا، تێیدا کۆمارییەکان، لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە بۆ یەکەمجار، زۆرینەی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پیران و زۆربەی حاکمی ویلایەتەکان و ئەنجومەنەکانی یاسادانانی ویلایەتەکانیان پێکهێنا.

بەڵام لە ڕاستیدا دیاردەی کشان بەرەو ڕاست، لە ئاستی سیاسەت و ئابووریی و ئایدیۆلۆژیادا، لە کۆمەڵگەی ئەمریکیدا، تەنیا لە هەژموونی حزبی کۆماری لەنێو هەڵبژاردنەکاندا کوورت نابێتەوە. لە سەردەمی "ڕەیگان"ی کۆماریخوازەوە، دیموکراتەکانیش هەوڵیانداوە بەوە کێبەڕکێ بکەن، کە بەرەو ناوەڕاست بڕۆن، لە ڕێگەی ئەو شتەوە، کە لەو کاتەدا بە "ڕێگای سێیەم" یان "نیو-دیموکراتییەکان" ناسران، کە دواتر کلینتۆن بەرەو ڕاست بردنی تاوەکو، دوای "کەلەپارچەبوون"ە هەڵبژاردنییەکانی نیوە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1994، کە بەسەر حزبەکەیدا هات، لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1996دا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. "ڕێگای سێیەم"، یان کشان بەرەو ناوەڕاست یەکەمجار، دووەمجاریش بەرەو ڕاست،

لەلایەن حزبە لیبراڵی و چەپەکانەوە، تەنیا دیاردەیەکی ئەمریکی پوخت نییە، بەڵکو بەشێکە لە مەیلێکی جیهانی کە مەشخەڵەکەی، لە کۆتایی حەفتاکاندا، لە قۆناغی نیولیبراڵی ڕەیگان-تاتچەردا داگیرسا (تۆنی بلێر بە بیانووی ڕێگای سێیەمەوە، حزبی کرێکاریی بەریتانی بەرەو ڕاست برد، فرانسوا هۆلاندیش هێشتایش هەر بە ناوی حزبی سۆسیالیستییەوە دەسەڵات بەڕێوە دەبات).

کەواتە ترەمپ لە ئاسمانەوە دانەبەزیووە. ئەمریکا و جیهانی دوای حەفتاکانی سەدەی بیست، کە هارڤەی لە کتێبەکەی خۆیدا مێژووەکەی باس دەکات، ئەم دیاردەیەیان بەرهەمهێنا (باری گۆلدۆتر، بەربژێری حزبی کۆماری بۆ هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1964، کۆمەڵێک درووشمی بەرزکردەوە، کە زۆر بە درووشمەکانی ترەمپەوە نزیک بوو، بەڵام وێرای ئەوەی نوسخەیەکی لەوەی ترەمپ میانڕەوتر و تەنانەت بە ئەزموونتر و بەژاوەژاوتریش بوو، کەچی لە کاتی خۆیدا شکستیهێنا). بەڵام ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2016دا تازەیە، ئەوەیە کە لە ڕاستیدا دیاردەکە تەنیا کشانێکی دیکە نەبوو بەرەو ڕاست، وەک ئەوەی دەردەکەوێت، پێدەچێت لێشاوی چوون بەرەو ڕاست لە نیوەی حەفتاکانەوە، بناغەی دامەزراندووە بۆ دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ، ئەم قۆناغە نوێیە لەژێر وەسفی "ئەگەری فاشیزم"دا کوورت دەکەمەوە.

## دەربارەی فاشیزم

فاشــیزم، لە باشــترین حاڵەتــدا، چەمکێکــی نــاڕوونە. وێـــــڕای ئەوەی بۆچـــــوونی بـــــاو ئەوەیە، کە بەلای بەکـارهێنەرانی چەمـکەکەوە، دەلالەت و مانـای چەمـکەکە ڕوون و ئاشکرایە، کەچی لە ڕاستیدا هیچ سەرچاوەیەکی فیکـری یــان سیاســی لەبەردەســتدا نیـیە، کە بکرێـت بەهۆیانەوە بەکردەیی لەوە تێبگەین مەبەست لە چەمکەکە چییە؟ یان مەبەست لەو دیاردە دیاریکراوە چییە؟ کە ئەم چەمـکە ئامـاژەی بـۆ دەکـات (بەپـێچەوانەی چەمکەکـانی وەکو سۆسیالیزم یان دیموکراسییەت، یان لیبراڵیزمەوە).

جـگە لە دوایـین کارەکـانی بیرمەنـدی ئیتـاڵی "ئەنتۆنیـۆ گرامشــی"، کە دواتــر بە لێزانــی و شــارەزاییەوە تیــۆری سەرنجڕاکێشـی فەیلەسـوفی فەرەنسـی-یۆنـانی "نیکـۆس پۆلانزاس"ــی لەســەر هەڵچنــراوە، لە کتێبـی "فاشــیزم و دیکتاتۆریەت"ـدا خراوەتەڕوو، هەروەهـا جگە لە هەنـدێک نووسینی ڕابەری سۆسیالیستی ئەمریکی "ئێریل براودێر" لە کتێبی "فاشیزمی کۆمەڵایەتی"، ئیدی بەگشتی شتێکی بنچینەیـی لەبـارەی فاشـیزمەوە بـوونی نیـیە، بـێجگە لەو چەنـد بەرهەمە ئەوانیتـر وەسـفی ڕووکەشـانەی هەنـدێک دیاردەی لاوەکی فاشیزمە، کە چەمکەکە تەنیا وەک جنێو یــان لە باشــترین حاڵەتــدا وەک ئــامڕازی پروپاگەنــدەی سیاسـی بەکـاردەهێنن، نەک وەک ئـامڕازی شـیکاریی یـان چوارچێـــوەی تیـــۆری بـــۆ تێگەیشـــتن لە دیـــاردەکە (تووێژینەوەکـان ڕووبەرێکـی زۆریـان تەرخـانکردووە بـۆ

ڕوونکــردنەوەی واتــا زمــانەوانییەکەی چەمــکەکە، کە ڕیشەیەکی ڕۆمانی هەیە، لە ڕاستیدا ئەمە سادەکردنەوەیە و زۆر گرنگ نییە، هەندێکی تریش لە تووێژینەوەکان تەنیا باس لە مێژوویی ئەزموونی فاشیزمی ئیتاڵی دەکەن، بەبێ ئەوەی بە چوارچێوەیەکی تیۆریی بەسوود دەربارەی دیاردەکە، ئەنجامگیری بکەن- ئەوانەی دەیانەوێت بەدوای ئەم بابەتەدا بچن دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ گفتوگۆی نێوان نیکۆس پۆلانزاس و ڕاڵف میلیباند، کە لە لاپەڕەکانی "نیو لێفت ڕیڤیو"دا بڵاوکراوەتەوە، تاوەکو ئەو فەرقە ببینن کە لەنێوان بایەخی تیۆری بۆ ئەم چەمکە لای پۆلانزاس، مەیلی تیۆری دەوڵەت و مەیلی ئیمپریکی لای میلیباند، هەیە). تەنانەت گرنگترین وەسفەکانی ئەو بیرمەندانەیش، کە لەنێو دیاردەکەدا ژیاون، وەسفی ئاست نزمە. بێندیتۆ کرۆچەی فەیلەسوفی ئیتالی و مایکڵ مانی فەیلەسوفی ئەڵمانی، تەنییا ئاوڕیان لە یەک دیووی دیاردەکە داوەتەوە، ئەوەش پەیوەستە بە پەراوێزخستن (بوغزاندن)ی کولتوور و ڕۆشنبیرەکانەوە، ئەمەش وای لە یەکەمیان کردووە بە "ئۆناگرۆکراسی"، یان بە حەرفی تەرجەمەی بکەین بە "حوکمی کەران" وەسفی فاشیزم بکات، دووەمیان بە "حوکمی بودەڵەکان"، ئەوەش دەڵێت: کە فاشیزم «شۆڕشی بێ فیکر، بگرە دژ بە فیکر، دژ بە هەموو شتێکی بڵند و شایان، دژ بە ئازادی و حەقیقەت و عەدالەت بوو».

**بۆچوونی گرامشی**

کتێبەکانی سەرەتای گرامشی هیچ دەرەتانێکیان تێدا نەبوو بۆ دەرچوون لە ڕوانگە مارکسیستییە کاریکاتۆری و ڕۆتینییەکە بۆ فاشیزم. هەر لە "پالمێرۆ تۆگلیاتی"ـیەوە، کە هاوڕێی نزیکی گرامشی و ستالینیستێکی سەرسەخت بوو، تا دەگات بە ترۆتسکیستەکانی ئەنتەرناسیۆنالی چوارەم، ڕوانگەی فاشیزم لە چینایەتییەکی سەتحیدا کوورت دەکرایەوە. گوایە فاشیزم تاوێک "کەرەستەی گەورەی بۆرژوازیەت" و تاوێک "سەرمایەی دارایی"ـیە. پێداگریی ئەو کاتە لەسەر بینینی فاشیزم بە گشتی وەک ئاوەژووبوونەوە و ڕەنگدانەوەی "بەرژەوەندیی چیایەتی"، لە چوارچێوەیەکی بەرتەسک تێنەدەپەڕی، ئەویش بەهۆی ئەو دەرەنجامە سەتحییەوە کە لەو کاتەدا ڕوانگەی باڵادەست بوو بۆ ڕوانین لە دیاردەکە و وەها سەیری دەکرد کە "فاشیزم باڵاترین قۆناغی سەرمایەدارییە".

ئەوەی پرۆژە فیکری و سیاسییەکەی ئەنتۆنیۆ گرامشیی لە ڕوانگەکانی دیکە جیادەکردەوە (کە دواتر بووە پرۆژەی نیکۆس پۆلانزاسیش)، هەروەها ئەوەی دەیکردە گرنگترین مەرجەعێک بۆ ئەم بابەتە، ئەوەبوو کە لە بنەڕەتەوە و بگرە بە گشتیش، ئامانجی تێگەیشتن بوو لەم دیاردەیە. لەبەرئەمە، پەرەسەندنی ئەم پرۆژە فیکری و سیاسییە تارادەیەکی زۆر پەیوەستبوو بە پەرەسەندن، تێگەیشتنی گرامشییەوە لە فاشیزم (لە ساڵی 1930دا لە تووێژینەوەی "مەسەلەی باشووری"دا ئاراستەی کرد،

ئینجا چەمکی "هەژموون"ـی داتاشی کە بە هەموو واتا زۆرەکانییەوە لە پرۆژە فیکری و سیاسییەکەی گرامشیدا پوختە دەکرێت، ڕەنگە دەروازەیەکی ئێجگار گرنگ بێت بۆ تێگەیشتن لە فاشیزم، دواتر پۆلانزاس خوێندنەوە بوونیادگەرییەکەی خۆی بۆ تیوێژینەوەکەی مارکس دەربارەی پۆناپەرتیزمی فەرەنسی لە "هەژدەی برۆمێری لویس پۆناپەرت"ـدا، لەسەر بنیات دەنێت، ئەنجامگیری دیاردەی "دەوڵەتی ئاوارتە"، "سەربەخۆیی ڕێژەیی سیاسی لە ئابووری" دەکات).

تەنیا لە کارەکانی کۆتاییدا، لە دوای ئۆکتۆبەری 1924، دوابەدوای ئەو شتەی کە بە "کشانی فاشی بەرەو ڕۆما" ناسراوە، ڕوانگەی گرامشی دەربارەی فاشیزم دژ بە ڕوانگەی ڕۆتینیی مارکسیستی و هەموو تێگەیشتنە سەتحییەکان لە دیاردەکە وەستایەوە و چوارچێوەکانی تێپەڕاند. ئەوەی لەو کاتەدا سەرنجی فەیلەسوفە ئیتاڵییەکەی ڕاکێشا، سەنجڕاکێشییە زووتێپەڕەکەی چینە فاشیستییەکان بوو، بۆیە پێیوابوو ئەمە ڕەنگدانەوەی سروشتی گشتیی کۆمەڵگە و کولتووری کۆمەڵگەی ئیتاڵییە لەو کاتەدا، یان "لە سەردەمی شکستی چینی کرێکاردا". لەبەرئەمە، ئەگەرچی فاشیزم بەشێوەیەکی هێندەکی دیاردەیەکی چینایەتییە (وەک بزووتنەوەی هێزە سیاسییە هۆشیارەکان بە ئامانجێکی ڕاستەقینە)، یان دەبێت لە کۆنتێکستی ململانێی چینایەتیدا تێبگەیشترێت، ئەمەش چەمکی هەژموون لای گرامشی بەرهەم دەهێنێت،

هەر بەم جۆرە گرنگترین هێمایە بۆ شیکاریی "گەنین"ـی قـووڵی کـۆمەڵگەی ئیتـاڵی، کە تەنیـا و تەنیـا دەبێـت بە پاڵییەوە شیکاریی قووڵ بۆ دەوڵەت بکرێت، کە دەکرێت تەنیا وەها ببینرێت گەڕانەوەیە بۆ ئاستی ئێجگار نزمی ڕەوشت و ئەخلاق و کولتوور.

کەواتە دیاردەکە تەنیـا بەرەنجـامی جەنگـی یەکەمـی جیهـانی نەبـوو، بەڵکـو بەرەنجـامی قەیـرانێکیش بـوو کە ئیتاڵیـــا (دەوڵەتـــانی دیکەیـــش کە گرامشـــی لە ڕووی ئـابوورییەوە وەک دەوڵەتـانی "دەوروبەر" ناویـان دەبـات، وەکـو ئەڵمانیـا، ئیسـپانیا، پورتوگـال، نەمسـا) لە قۆنـاغی نێوان هەردوو جەنگە جیهانییەکەدا تێیدا دەژیا و "قەیرانی قـووڵی هەژموون"ـــی لای چیـنە فەرمانڕەواکـان بەرهەم هێنا، کە دوورکەوتنەوە و دابڕانی زۆربەی چینەکان بوو لەو حزبە سیاسییانەی، کە پێشـتر بەشـێوەیەکی نەریتیی پێـوەی پەیوەسـت بـوون، (ئایـا ئەمە دەمانخـاتەوە بیـری ئەوە شـتەی، کە لە ویـلایەتە یەکگرتووەکـان لە حـاڵەتی "یاخیبووان"ـی ترامپی کۆماری و ساندەرزی دیموکراتیدا ڕوویدا؟).

بەڵام هەڵکشـــانی فاشـــیزم، وێـــڕای سەنجڕاکێشـــانی زووتێپەڕی چینەکان، هیچ سنوورێکی بۆ کۆتـایی قەیرانـی هەژمـــوون دانەنـــا (ئەم قەیـــرانە گرنگتـــرین ڕەهەنـــدی چینـــایەتیی ئەم دیـــاردەیەیە) بە ئەنـــدازەی ئەوەی خـــۆی دەرەنجـــامی ئەم قەیـــرانە بـــوو. هەڵکشـــانی فاشـــیزم دەرەنجـــامی قەیرانـــی هەژمـــوون بـــوو، بەڵام نە خـــۆی

چارەســەری ئەم قەیــرانەی کــرد، نە چارەســەرێکی بــۆ دۆزیــیەوە. ســەرەڕای ئەو هەمــوو سەرنجڕاکێشــی و ئەفســوونەی فاشــیزم هەیبــوو، گرامشــیی ســەرنجی لەوە دابــوو، کە پشــتیوانی چینەکــانی ناوەڕاســت لە تەوژمــی فاشــی هەمیشــە لە بەرز و نزمــی و هەڵــگەڕانەوەدایە، ئەمەش گەیانــدییە ئەو بۆچــوونەی کە فاشــیزم لە وەدیهێنــانی هەژموونــدا شکســتیهێناوە (یــان نەیتوانیــووە ڕوانــگە فەلســەفییەکەی خــۆی تــێکەڵ بە دابونەریتەکــان و شــێوازەکانی ژیــان و کولتــووری بەشــێکی گەورەی دانیشــتووان بکــات). وێــڕای هەبــوونی قەیرانــی قــووڵی هەژمــوونی چیــنە فەرمــانڕەوا تەقلیــدییەکان، فاشــیزم چارەسەری ئۆرگانی قەیرانی ئەو وەختەی ئیتاڵیا نەبوو. تەفسـیرکردنی هەڵکشـانی فاشـیزم ڕێک بەهـۆی نەبوونی چارەسەری ئۆرگانییەوە بوو، یان دروستتر بڵێین بەهـۆی شکستی حزبی شۆڕشگێڕییەوە بوو، بەتایبەتیش شکستی کۆمۆنیســتە ئیتاڵییەکــان لە قۆســتنەوەی ســاتەوەختە مێژووییەکە و دامەزراندنی هەژموونێکی ئەڵتەرناتیڤ. بەم جۆرە کایەی سیاسی بووە کایەیەکی لەبار و ئامادەساز بــۆ هەڵکشــانی دیــاردەی ڕابەری کــاریزمی وەک چارەسەری ئەڵتەرناتیڤ.

ئەوەی لە خوێنــدنەوەی وەســفەکەی گرامشــیدا، دوابەدوای هەڵبژاردنەکــانی ئەمریکــا و بەتــایبەتیش بــۆ دووبــارە تەفســیرکردنەوەی ئەو پێــدراوە ئامــادانەی، کە تەنیــا دوای هەڵبژاردنەکــان هەنــدێکیان ڕۆشــناییان

خرایەسەر، بۆمان سەرسوڕهێنەرە، ئەوەیە کە لێکچوونێکی زۆر لەنێوان دۆخی ئەوکاتی ئیتاڵیا و ئەمریکای ئەمڕۆدا هەیە، تا ئەو ڕادەیەی ئەگەر لە هەندێک نووسینی گرامشیدا، وشەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بخەینە جێگای ئیتاڵیا، ئەوا تەنیا ئەوانە دەیناسنەوە، کە بەباشی ئاگاداری نووسینەکانی گرامشین. بەڵام ئەوە دەمانگەیەنێتە ئەو دەرەنجامەی کە ترەمپ لە خۆیەوە هەڵنەتۆقیووە، هەروەها بەو دەرەنجامەش دەگەین، کە هەڵکشانی ئەستێرەی ترەمپ بەرەنجامی ستراتیژییەتێکی زیرەکی هەڵبژاردن یان ژیریی بەڕێوەبردنی ململانێی هەڵبژاردن لەگەڵ حزبی دیموکرات نەبووە. لە ڕوانگەی گرامشییەوە بارودۆخی ئەمڕۆی کۆمەڵگە و کولتووری ئەمریکی، لە ڕوانگەی پۆلانزاسەوە فاکتەری "بارودۆخی جیهان"، هەردووکیان ترەمپیزمیان بەرهەم هێناوە.

**بارودۆخی ئەمریکا**

زۆرینەی ئەو شیکارییانەی، کە پاش هەڵبژاردنەکان هەوڵیاندا تەفسیری سەرکەوتنی ترەمپ بکەن، تەرکیزیان خستە سەر گۆڕاوەکانی نەژاد و ڕەگەز و ئاستی خوێندن و بژێووی، ڕێک بەهەمان ئەو جۆرەی کە تەرکیز خرایە سەر چاودێریی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکە لە ویلایەتە خۆڵەمێشییەکاندا. بەڵام، لەپشتی داتای ئەم گۆڕاوانەوە، وێنەیەکی گەورە و بارودۆخی گشتی کۆمەڵگەی ئەمریکی خۆی حەشارداوە، بەتایبەتیش لە کۆنتێکستێکدا کە ماوەی

هەڵبژاردنەکـــانی هەنـــدێک کوورتخـــایەنن. ئەم ڕوانـــگە کـوورت و نـا-مێـژوویيە، وایکـردووە بە ئاسـانی لـۆمەی هەژاران و چینی کرێکار بکرێت، بەرپرسیارێتی هەڵکشانی ترەمـپ بخـرێتە ئەسـتۆیان، ئەگەرچـی داتـا سـەرەتاییەکان لەکـاتی هەڵبـژاردنە بەراییەکانـدا، ئاماژەیـان بەوە دەدا، کە تێکڕای دەرامەتـی سـاڵانەی لایەنگرانـی ترەمـپ، لە حەفتـا هەزار دۆلار زیـــاترە (واتە نـــزیکەی 20 هەزار دۆلار، لە تێکـــڕای دەرامەتـــی گشـــتی زیـــاترە)، ئەمە بـــێجگە لە نـــوێنەرایەتیکردنی بـــاڵای کەمینەکـــان لە توێژەکـــانی کرێکـاران و هەژاران، چـونکە تەنیـا ڕێژەیەکـی کەم لەمـانە (بۆ نمـوونە 8%ی ڕەشپێستەکان) دەنگیـان بە ترەمـپ دا. لەڕاســـتیدا چیـــرۆکەکە لەمە ئـــاڵۆزترە، ئەمەی خـــوارەوە بەشێکە لە وردەکارییەکانی

لە سـاڵی 1996دا، هـیلاری کلینتـۆن، خـانمی یەکەمـی ئەو کاتی ئەمریکا، لە ڕێگەی ڕۆڵە سـەرەکیەکەیەوە، کە لە بڕیـاردان لە بەرنـامەی "بەرپرسـیارێتی کەسـی و هەلـی کـار"دا هەیبـوو، هەمـان ئەو بەرنـامەیەی کە بە بەرنـامەی "چاکســازیی چـاودێری کـۆمەڵایەتی" نـاودەبرا، زەبرێکـی کوشـــندەی ســـرەواندە مەنـــزومەی دەوڵەتـــی چـــاودێری ئەمریکـــی، لەمەشـــدا شـــوێن دەســـت و نەخشـــی خـــۆی جێهێشـت، پیشـەکییەکی بـۆ خولیـای سـەرۆکایەتی خـۆی پێکهێنـا. دەرەنجـامی یەکەمـی بەرنـامەکە، کە لە ڕیشـەوە دووبـارە بەرنـامەی چـاودێری کـۆمەڵایەتی بونیادنـایەوە، کـردنەدەرەوەی هەزاران ژن و منـداڵانی موحتـاج بـوو، لە بەرنـامەکە و هەژارخسـتنیان بـوو تـا ڕادەی کـولەمەرگی،

بەبێ هیچ جۆرە چاودێرییەکی کۆمەڵایەتی، یان بەبێ هیچ تۆڕێکی ئاسایش، کە پێشتر بوونی بەرنامەکە هەندێکیانی دابین کردبوو (زۆربەیان لە کەمینەکان بوون و ژمارەکەشیان بە زیاتر لە 2.6 ملیۆن کەس دەخەملێنرێت). کولەمەرگی چەمکێکە، کە دواتر لەویلایەتە یەکگرتووەکان زیاتر لە جاران بەکاردەهێنرێت، بە پاڵ چەمکی نوێی هاوشێوەوە، کە لەلایەن کۆمەڵناسانەوە دەهێنرێتەکایەوە، وەکو چەمکی "ژێر چین". ئەم چەمکەی کۆتاییان زۆرجار بۆ وەسفکردنی دۆخی زۆر داماوانەی کۆمەڵێکی کەمینەکان بەکاردەهێنرێت (وردتر بڵێین، ڕەشپێستەکان لە شارە گەورەکاندا)، کە تەنانەت ناگونجێت بەتایبەتمەندییەکانی چینە چەوسێنراوەکانیش وەسفیان بکەین، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر قۆناغێکی نوێ، لە مێژوویی ئیمپراتۆرییەتێکی دەوڵەمەندتر لە مێژوودا. ڕاستە کۆمارییەکان پێشنیاری بەرنامەیەکیان کرد، کە لە پڕۆژەکەی بنەماڵەی کلینتۆن پەرگیرتر بوو، بەڵام بەرنامە نوێیەکە کە بوونیادی ژێرەوەی بەرنامەی چاودێریی کۆمەڵایەتی وێراندەکرد، بە تەواوی پەیوەست بوو بە هیلاری کلینتۆنەوە، چونکە ئەو ڕۆڵێکی چالاکی لەوەدا هەبوو، کە لە کۆنگرێس دەنگ بۆ ئەم بەرنامە کۆبکاتەوە، کێبەرکێی کۆمارییەکان بکات لەسەر کۆتاییهێنان بە دەوڵەتی چاودێری.

لە ڕاستیدا شەڕفرۆشتنی بنەماڵەی کلینتۆن بە هەژاران و کەمینەکان، بەر لە یاسای چاودێری نوێی تەندروستی دەستی پێکرد، کە کلینتۆن چوار ساڵان بەڕێوەبرد و تێیدا

بەرگریی لە یاسایی نوێی "بەرەنگاربوونەوەی تاوان" کرد، کە ئەمەشــیان هەر بە بەڵا و کارەســات بــۆ هەژاران و کەمینەکـان شـکایەوە. جـا لەبەرئەوەی یاسـا نـوێیەکە بە زیــان بــۆ کەمینەکــان (بەتــایبەتیش بــۆ ڕەشپێســتەکان) دەشـکایەوە، کلینتـۆن هەوڵیـدا یاسـاکە بگەیەنێتە ئاسـتی وەســـفکردنی منـــداڵی ڕەشەپێســـتەکان بە "ڕاوچیـــیە بەرزەکان"، بۆیە یاساکە فۆڕمی ڕاگەیاندنی جەنگ بوو دژ بە هەژاران و کەمینەکــان و بگــرە تاوانبارکردنیــان بــوو. لەئەنجــــامی یاســــاکە بنەمــــاڵەی کلینتــــۆتەوە بـــــۆ ڕووبەڕووبـــوونەوەی تـــاوان، ملیۆنـــان ڕەشپێســـت، لە زینـدانەکان توونـدکران و دڕنـدەی پۆلیسـیش بەرامـبەر کەمینەکـان بەشـێوەیەکی بەرچـاو زیـاتر بـوو. ئەگەرچـی دواتـر کلینتـۆن لەو بـارەیەوە داوای لێبـووردنی کـرد، کە منـداڵانی ڕەشپێســتەکانی بەشــێوەیەکی ڕەگەزپەرســتانە وەسف کردووە، کەچی وەک داتاکانی توندوتیژی پۆلیس دژ بە کەمینەکان ئاماژەی پێدەکەن، ئەو جەنگەی کە خۆی و مێـردەکەی دژ بە کەمینەکـان ڕایانگەیانـد، هێشـتا هەر بەردەوامە و لە هەڵکشاندایە. بەمجۆرە هیلاری کلینتۆن بە کردەیی دەستیکرد بە هەڵمەتە هەڵبژاردنییەکەی، جەنگی دژ بە هەژاران و کەمینەکـان و ژنـان و منـداڵان ڕاگەیانـد، پاشانیش بۆ ئەوەی دەنگیان بەدەست بهێنێت بانگەشـەی ئەوەی کـرد، کە ئەو ژیـانی خـۆی بـۆ داکـۆکیکردن لەوان تەرخانکردووە.

بنەمـاڵەی کلینتـۆن، هەر وەکـو ترەمـپ، لە ئاسـمانەوە دانەبەزیـن، بەڵکـو بەشـێک بـوون، لە مەیـلە جیهـانی و

لۆکاڵییەکـان و داتاکـانیش جەخـت لەسـەر ئەوە دەکەنەوە، کە بەرەو فراوانکردنــی زیــاتری کەلێنــی نایەکســانی و هەژاریـی نێـوان دەوڵەتـان و نـاوخۆی دەوڵەتـان دەڕوات. لەنێـوان سـاڵانی 1948 و 1973دا، واتە پـێش سـەردەمی نیولیبراڵیزم «بەرهەم بە ڕێژەی 96,7% زیادیکرد، کرێـی ڕاسـتەقینەش بەنـزیکەی بەرێـژەی 91,3% بەرزبـۆتەوە. بەڵام لە ســــاڵانی (1973-2015)دا، بەرهەمهێنــــان بە ڕێــژەی 73,4% زیــادیکرد، کــرێیش تەنیــا بە ڕێــژەی 11,1% بەرزبــۆتەوە». لە ســاڵی 1979ــەوە، بەشــە دەرامەتی دانیشتوان بە ڕێژەی 80% کەمیکرد، کەچی بۆ دەوڵەمەنــــدەکان 20% زیــــادی کــــرد، ئەمەش واتە کەڵەکەبـوونی زیـاتری دەسـتکەوت و سـامان لە سـەرەوە لەسـەر حسـابی زۆریـنەی ئەمریکییەکـان. ئەوەی جێگـای ســــەرنجە ئەوەیە، کە تەفســــیری هەرە بــــاوی ئەم گۆڕانکارییانە تەفسیرێکی زۆر سادە و هەڵەیە، تەفسیرێکە لـۆمەی کـۆچبەران دەکـات، لـۆمەی ئەوانەی کە ژمارەکـان جەخت لەسـەر ئەوە دەکەنەوە بەگشـتی ئەوان گەلێک کار دەکەن، کە لە بنەڕەتدا ئەمریکییە سپیپێستەکان نایانەوێت بــیکەن، ئەمە بــێجگە لە بەشــدارییە جــددییەکەیان لە ئـابووریی ئەمریکیـدا، یـان لـۆمەکردنی ئەو کـارانەی لە ناوچەکـانی دیـکەی جیهـان دەکـرێن، ئەو ناوچـانەی، کە کۆمپانیـا گەورەکـان کارگەکـانی خۆیـانی بـۆ دەگـوازنەوە. بەڵام ئەم لـۆمەیە لە ئاسـتی "دزینـی وەزیـفە"دا ناوەسـتێت، بەڵکو دەگاتە تۆمەتبارکردنی ڕەگەزپەرستانە، کە تەنـانەت

بەربژێـــری حزبـــی ســـەرەکی، کە ئێســـتا ســـەرۆکی هەڵبژێـــردراوە، میـــدیایەکی ســـەرەکی وەکـــو وێســـتگەی فۆکسیش، هچییان شـەرمیان نەکردووە، شـەرم ناکەن لە دووبـــــارەکردنەوەی وشـــــەی وەکـــــو (تاوانبـــــاران، دەستدرێژیکەران، بازرگانانی هۆشبەر و شتی لەم بابەتە).

لە ڕاستیدا زێدەڕەویکردن لە لۆمەکردنی ئەوانیتردا و خـۆبێبەریکردن، یەکـێکە لە تایبەتمەنـدییەکانی "کەسـایەتی دەســـەڵاتخواز"، وەک فەیلەســـوفی ئەڵمـــانی "تیـــۆردۆر ئەدۆرنـــــۆ" نـــــاوزەدیکردووە. بەڵام کێشــــەکە ئەوەیە ڕەگەزپەرستی زەق و مەیلە دەسـەڵاتخوازییەکان تەنیا، لە لایەنگرانـی "نیشـتمانپەروەریی سپی"ـدا کـوورت نـابێتەوە، کە دوابەدوای هەڵبژاردنەکان، کۆنگرەیەکیان لە واشنتۆنی پایتەخـت بەسـت، تێیـدا پشـتیوانی خۆیـان بـۆ سـەرۆکی هەڵبژێـــردراو ڕاگەیانـــد. کێشـــەکە ئەوەیە ئەم ڕوانـــگەیە (ڕەگەزپەرســـتی و نەژادپەرســـتی لە ئاســـتی جیهـــان و ئەمریکـاش خۆیـدا) بەرەبەرە ببێتە تەوژم و ئاڕاستەیەکی گشـــتی و تـــاڕادەیەکی زۆر تەفســـییری وەرچەرخـــانی بەشـێکی زۆر لە ویلایەتەکـان بەرەو ڕاسـت بکـات. ڕەنـگە "جۆنسۆن"ـی سـەرۆکی پارتی دیموکراتەکان لەسـەر هەق بووبێت، کە لەدوای واژووکردنی یاسای مافە مەدەنییەکان لە سـاڵی 1965دا، پێشـبینیی ئەوەیکـرد دیموکراتەکـان بـۆ یەک نەوەی تەواو، ویلایەتەکانی باشوور دەدۆڕێنن. بەڵام سیاســـەتەکانی حکـــومەتی نیـــولیبراڵی لە ســـەردەمی ڕەیگـانەوە (بەتـایبەتیش تێکـدانی بەرنـامەی چـاودێریی

کۆمەڵایەتی)، هەر هەمووی لەژێر پەردەی لۆمەکردنی کەمینەکان و وێناکردنیان وەک بار بەسەر پیاوی سپیی پایەبەرزەوە بووە، پیاوێک کە دەوڵەت بۆ دابینکردنی خەرجییەکانی ئەم بەرنامەیە بەکاریهێناوە.

ئیتاڵیا نەیتووانی بەهۆی مێژووەکەیەوە خۆی لە فاشیزم بپارێزێت. لەساڵی 1930دا، گرامشی ئاوڕی لە گۆڕاوێکی یەکلاکەرەوە لە مێژوویی ئیتاڵیادا دایەوە، ئەویش دانانی بناغەی ئەو شتە بوو کە دەشێت بە "ئەگەری فاشیزم" ناوی ببەین. بە پێچەوانەی بەریتانیا و فەرەنساوە، ئیتاڵیا شۆڕشی بۆرژوازی و دیموکراسی ڕاستەقینەی بەخۆیەوە نەبینی. ئەو شتەشی کە بە "بەڵێننامەی یەکخستنی ئیتاڵیا" ناسراوە، بزووتنەوەی یەکخستنی ئیتاڵیا ڕابەرایەتی دەکرد، لە ڕاستیدا شۆڕشێک بوو لەسەرەوە. ئەو کەسەی شتێک لەبارەی مێژوویی ئەمریکا و "شۆڕشی ئەمریکا" و پڕۆژەکانی و سروشتی ئەو هێزانەوە بزانێت، کە لەم شۆڕشەدا بەشدارییان کردووە، شتێک لەبارەی سەرکردەکانی و ئەو دەستوورەوە بزانێت، کە بەرهەمیان هێناوە، ئەوا دەبێت ماوەیەکی زۆر لەسەر ئەم ساتەوەختە هەڵوێستە بکات.

**سەرچاوە:**

سیف دعنا: أمریکا و القابلیة الفاشیة: تشریح مختصر "للترامبیة"، ینایر 2017.

http://www.iraqicp.com/index.php/sections/platform/52696-2017-01-01-16-21-42

# ترەمپ، خەڵك، فاشیزم

## *گفتوگۆ لەگەڵ جودیت باتلەر*

**سازدانی: كریستیان سالمۆن**

**وەرگێڕانی: هاوار محەمەد**

**پێشەکی**

ترمپ نوێنەرایەتی چی دەکات؟ خانمە فەیلەسوفی ئەمریکی "جودیت باتلەر" (پرۆفیسۆر لە زانکۆی بێرکلی)، کتێبێکی بچووکی بە زمانی فەرەنسی بەناوی "پۆپۆلیزم" [بیرەوەرییەکان دەربارەی تیۆری ئەنجامدەرێتیی ئاپۆرە]، بڵاوکردەوە، تێیدا ئەوە پیشاندەدات کە دۆناڵد ترەمپ، بەرجەستەبوون فۆڕمێکی نویی فاشیزمە. وەکو ئەو فۆرمولەیکردووە، «خەڵکانێکی زۆر دڵخۆشن بەبینینی ئەم پیاوە موزعیجە، ئەم پیاوە زەوقسزەی واگەڕ بە دراوسێ دەکات، وەک بڵێی ئەو سەنتەر و دەسەڵاتی گەردوونە، ئەویش لەم جەماوەرەوە، لەم پۆپۆلیزمەوە».

چەندین نووسەر و ڕۆشنبیر لە ئەمریکا و ئەورووپا ڕوانگەی خۆیان دەربارەی دیاردەی ترەمپ خستۆتە ڕوو، زۆربەیان بە ئامانجی ئەوە بوون ترسی خۆیان بەرامبەر ئەم پیاوە ڕوون بکەنەوە و ڕەتی بکەنەوە، سەرکۆنەی زێدەڕەوییە زمانییەکانی بکەن، گوزارشت لە دڕدۆنگی خۆیان بکەن، بەرامبەر پێشنیارەکانی ئەو بۆ دروستکردنی دیوار لەسەر سنووری مەکسیک، دەرکردنی ملیۆنان کۆچبەری نا-یاسایی. بەڵام کاتێک هەوڵ دەدەین تێبگەین لەوەی چی لەگەڵ "ترەمپ"دا -وەک دیاردەیەک- دەگوزەرێت، ئەوا دەبێت شیکارییەکانی جودیت باتلەر بەهەند وەربگرین، کە هەر لە ساڵی نەوەدەکانەوە، لە کتێبی "وتاری وروژێنەر، سیاسەتی ئەنجامدەرێتی"، تاوەکو دواین کتێبی خۆی "تێبینییەکان دەربارەی تیۆرێکی کارئەنجامدانی پێکەوەیی"، کاری لەسەرکردووە.

**دەقی گفتوگۆکە**

*** ئایا دەتوانین بڵێین دۆناڵد ترەمپ، بە جۆرێك لە جۆرەکان "کەسایەتی سەر ڕایەخ"ـە، ئەوەش لە ڕێگەی شیکارییەکانی خۆتەوە کە لەم بیست ساڵەی دواییدا پێشکەشتکردوون؟ داخۆ ترەمپ لە سەدا سەد "بابەتێکی باتلەر"ـیە؟**

-**باتلەر:** دڵنیانیم لەوەی ئاخۆ ترەمپ بابەتێکی باشە بۆ ئەو شیکارییانەی، کە کۆمکردوونەتەوە یان نا، بۆ نموونە، پێموانییە لە ترەمپی مرۆڤدا ئەفسوون و سیحرێک هەبێت، کاتێک لە وتارەکانی ورد دەبینەوە، دەبێت ئەو کاریگەرییانە لەبەرچاو بگرین، کە ئەو وتارانە لەسەر کۆمەڵێکی دیاریکراوی خەڵکی ئەمریکی دادەنێن. با ئەوەمان لەبیرنەچێت کە کەمتر لە یەک لەسەر چواری دانیشتوان هەڵیانبژاردووە، ئەو خەریکبوو بەهۆی کۆمەڵبوون و گردبوونەوەیەکی شێوازی کۆنی هەڵبژاردنەوە ببێتە سەرۆک.

لەبەرئەوە با پێمان وانەبێت ترەمپ، پشتیوانێکی جەماوەریی گەورەی هەیە. نا ئومێدییەکی گشتی لە بواری سیاسیدا هەیە، ڕقێکی ئاشکرا لە هەردوو حزبە سەرەکییەکەی ویلایەتە یەکگرتووەکان هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، هیلاری کلینتۆن دەنگی زیاتری لە ترەمپ بردەوە، بۆیە کاتێک دەمانەوێت سەیری پشتیوانییەکان لە ترەمپ بکەین، ئەوا دەبێت ئەوەش لەخۆمان بپرسین، کە چۆن کەمینەیەکی ئەمریکی توانی دەسەڵاتی پێبدات. نابێت

سەرنجی خۆمان بخەینە سەر بەرزبوونەوەی کێرڤی پشتیوانییە جەماوەرییەکەی ئەو، بەڵکو دەبێت لە غیابی دیموکراسییەت بڕوانین لە وتارەکانیدا. دەبێت کۆمەڵەی هەڵبژاردن هەڵبوەشێنینەوە، تاوەکو هەڵبژاردنەکانمان ڕەنگدانەوەی ویستی گەل بێت. بەبڕوای من، حزبە سیاسییەکانمان پێویستیان بە پێداچوونەوە هەیە، تاوەکو کارلێکی زیاتر لەگەڵ پرۆسەی دیموکراسیدا بکەن.

ئەو کەمینەیەی کە پشتیوانی لە ترمپ کرد، توانای سەرکەوتنی هەڵبژاردنی پێ بەخشی، تەنیا لە ڕێگەی خراپ بەکارهێنانی بواری سیاسییەوە ئەمەی نەکرد، بەڵکو خراپ بەکارهێنانی دەنگنەدانیشی بەکارهێنا، کە نزیکەی لە سەدا پەنجای ئەو کەسانە بوون وا مافی دەنگدانیان هەبوو. ڕەنگە لەسەرمان پێویست بێت، دەربارەی دارمانی کارلێکی دیموکراتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا قسە بکەین.

بە بڕوای من، ترەمپ، جڵەوی بۆ تووڕەییەک شلکردووە، کە چەندین هۆکار و ئامانجی هەیە، ڕەنگە پێویست بێت گومان لەوانە بکەین، کە داوای زانینی هۆکارێکی ڕاستەقینە دەکەن، یان داوای تاکە ئامانجێک دەکەن کە گوایە لە پشتی ئەم تووڕەییەوەیە. دۆخی وێرانکاریی ئابووری و ڕووخان و نائومێدی لە داهاتوو، کە بۆتە مایەی بزووتنەوەیەکی ئابووریی دارایی پڕوکێنەری کۆمەڵەکان، ڕۆڵێکی گرنگی لەم بابەتەدا هەبوو. بەڵام ئاڵۆزتربوونی دیمۆگرافیای ئەمریکی، فۆرمە کۆن و نوێیەکانی ڕاسیزم و ڕەگەزپەرستییش، ڕۆڵی

خۆیـان هەبـووە... ئـارەزوویەکی "پێـداگر" هەیە لەسـەر چەسـپاندنی دەسـەڵات بەرامـبەر بێگـانە و کرێکـارە نـا-یاساییەکان، بەڵام بەپاڵ ئەمەشەوە، ئارەزوویەک هەیە بۆ ئـازادبوونێکی زۆر لە بارگرانییەکـانی حکـومەت، وەک دروشمێک لە خزمەتی تاکەکەس و بازاڕدا پێکەوە.

*** ڕوونتـرین خـاڵی بەراوردی نێـوان ترەمـپ و فاشـیزم – ئەگەر بتـوانین بەراوردێکـی لەم جـۆرە بکەیـن- ئەوەیە، کە پەیوەسـتە بە پەیوەنـدیی نێـوان ڕابەر و جەمـاوەرە شـوێنکەوتەکەیەوە. لە بنەڕەتـدا ئەوە ڕابەرە فاشیسـتەکان نـین، کە ئەم فاشـیزمەیان داهێنـاوە، بەڵام بانگەشـەی دەسەڵاتیان کردووە لە ڕێگەی سیناریۆیەکی دیـاریکراوە، کە تێیدا چینی وردە بۆرژوا و چینی ناوەڕاسـت، لە دوای شکسـت و قەیرانی بیستەکانەوە، گیـرۆدەی خراپبـوونی ڕەوشـی خـۆی بووە، گوزارشـتی لە داخ و کیـنەی خـۆی بەرامـبەر پرۆلیتاریـا کـردووە. بەم دواییـانە لە دەرفەتێکـدا لە دەقێکـی کـۆنی ترۆتسکی هەڵکەوتـم کە تێیـدا لەبـارەی ڕابەری فاشیسـتەوە دەدوێـت. پێموابـوو وەسـفێکی تێـدایە کە زۆر بـاش بـۆ دیـاردەی تـرەمپیش دروسـتە: «ئایـدیا سیاسـییەکانی ڕابەری فاشیسـتی، بەرهەمـی وتـارە دەنگییەکـانییەتی. بەمجـۆرە دروشـمەکان هەڵـدەبژێرێت و بەرنـامەکە یەکـدەخات. بەم ڕێگایە جەوهەری ئەم ڕابەرە پاکدەکاتەوە». داخـۆ دەتـوانین هەمان شت دەربارەی ترەمپیش بڵێین؟**

**-بـاتلەر:** ڕەنـگە نمـوونەیەک لەسـەر توانـای ترەمـپ وەربگـرین، بـۆ قۆسـتنەوەی لێپرسـینەوەی قەرزەکـانی،

تـاوەکو لەم ڕێگـایەوە خـۆی لە بـاج بـدزێتەوە. هـیلاری کلینـۆن بەهەڵەدا چـوو، کە پێیوابـوو گەل و خەڵکی گشـتی کە باجەکانیـــان دەدەن، لەم فەرمـــانە تـــوورە دەبـــن. بەپـێچەوانەوە. ئەو تـوانی بەوە تووشـی سەرسـوڕمانیان بکات، کە ئامڕازەکانی هەڵهاتن و خۆدزینەوە لە باجدانی دۆزیـیەوە. خەڵکیش حەزیـان لێبـوو هەمـان شـت بـکەن! لەگەڵ ئەمەشـدا، لایەنە فاشیسـتییەکە ئەو کـاتە دەرکەوت کە، بەبێ پاسـاو، بانگەشـەی ئەوەیکرد دەتوانێت ملیۆنـان خەڵکـی دەربکـات، بگـرە هەر دەسـەڵاتیش بگـرێتە دەسـت یەکسەر هیلاری زیندانی دەکات (ئەمە شتێکبوو دواتر لێی پەیشـمان بـوویەوە)، هەروەهـا بەوە سـەرنجی خەڵکـی ڕاکێشـا، کە هەرچـۆن بیەوێـت پەیماننـامە بازرگانییەکـان دەشکێنێت، سووکایەتی بە حکومەتی چین [صین] دەکات، بە پـاڵ ئەمانەشـەوە وتـی، کە دووبـارە "نقوومبـوونی وەهمـی" -خنکانـدن بە نغرۆکـردن- و جۆرەکـانی تـری ئەشکەنجە کارا دەکاتەوە.

ئەو بەمجـۆرە قسـە دەکـات، وەک بڵێـی دەسـەڵاتێکی تەواوی هەیە بۆ بڕیاردان لە سیاسـەتی دەرەوە، بڕیاردان لەبـــارەی ئەوەی کـــێ بچیـــتە زینـــدان؟ کـــێ لە وڵات دووربخـرێتەوە؟ ئەو قەواڵانە چـین کە کاریـان پێـدەکات؟ پێشێلی چ سیاسـەتێکی دەرەکی دەکات و کامیان پەسـەند دەکات؟

بە هەمـان شـێوە، کاتێـک ڕایـدەگەیەنیت هەر کەسـێک سـزادەدات و دەکوژێـت، کە لەنێـو ئـاپۆرەوە بێیـتە سـەر ڕێگەی، بەمە -بـا ڕاشـکاوانە بـدوێین- پیشـانمانی دەدات،

که ئـارەزووی لە کوشـتنە و حەزدەکـات ئەم کـارە لەنێـو خەڵکانێکـدا دەنـگ بـداتەوە. کاتێـک هۆمـۆ-سێکسـواڵێتی سەرکۆنە دەکات، کاتێک هیلاری بە "ژنێکی خراپ" وەسف دەکات، بەمە کینە بەرامبەر ژنـان زیـاتر دەکـات، کاتێک بە بکوژ وەسفی پەنابەرە ئەمریکییەکان دەکات، جارێکی دیکە دەنگـی کـۆنی ڕەگەزپەرسـتی بەرز دەکـاتەوە. زۆرێـک لە ئـێمە لافلێـدان، نەرگسـییەتەکەی، ڕەگەزپەرسـتییەکەی، ڕقەکەی لە ژنـان، لە پـاڵ خـۆدزینەوەی لە باجـدانی تێـدا دەبینـین، ئەمـانە سـیمای کەسـایەتیەکی خـۆ-وێـرانکەرن، بەڵام لە ڕاستیدا، هەر ئەم سیمایانە گڕیان لە حەماسـەتی خەڵکانێـک بەردا تـاوەکو دەنگـی پێبـدەن. هـیچ کەس دڵنیا نیـــیە لەوەی کە ئـــاخۆ ترەمـــپ دەســـتووری ئەمریکـــی خوێنـدۆتەوە یـان نـا، بـایەخی بەمە داوە یـان نـا. خەڵـک حەزی لەم لافلێدانە بـوو، ئەمەش دیـاردەیەکی فاشیسـتییە. کـــاتێکیش وتـــارەکەی دەکـــات بە کـــردەوە، ئەو کـــاتە حکومەتێکی فاشیستیمان دەبێت.

*** وەك وتەیەکـــی بەناوبـــانگی "مـــاریۆ کۆمـــۆ" دەڵێـــت، هەڵمەتەکەی ترەمپ بە شعر و پەخشان نەبوو، بەڵـکو وەکـو هەمـوو ڕابەرە فاشیسـتییەکان بە زمـانی خەڵکـی گشـتی و ڕەشۆك بـوو. ئەو دیـالێکتێکی کـۆمەڵایەتی تـایبەت بەخـۆی دانـا، تـێکەڵەیەك لە دەسـتبازی، ڕواڵەتـی گاڵتەجـاڕ، ئامـاژەی قێزەون، خۆفشکردنەوە، دروشم و نەفـرەت. ڕەوانبێـژییەکەی دەتگـــوت جۆرێـــك "سمین"ـــــی ســـــەرکوتکەرە. بـــواری پەیوەنـــدییەکانی لە ڕێـــگەی وتـــارە ڕێکوپێکەکـــانەوە دوو هێندە بوویەوە، بەراورد بە ئاماژەکانی یـان بە تێکەڵکردنـی**

**دروشمەکان و جوێنە هەڕەشەئامێزەکانی وەك چەکێك بۆ داماڵین شەرعییەت لە کەمینەکان. چۆن لە بەرنامەی "ڕاهێنراو"دا درووشمی "تۆ دەرکراویت"ـی دۆناڵد ترەمپت شیکار کرد؟**

**-باتلەر:** جارێکی تر ئەم زمانە خۆی بە تاکە زمان دەزانێت، کە بتوانێت خەڵکی لە کارەکانیان، لە پۆستەکانیان، لە دەسەڵاتیان بێبەش بکات. لەبەرئەوە، بەشێکی سەرکەوتنی لەو کارانەدا کە ئەنجامی داون، بریتییە لە گەیاندنی مانای ئەو هێزەی، کە بەخۆی بەخشیوویەتی. وەک باسیشمکرد، ڕێک ئەمە ئەو شتەیە کە زمان دەیکات. دەبێت ئەوەشمان بیر نەچێت، کە تووڕەیی دژ بە دەستەبژێری کولتووری، فۆڕمێک لە فۆرمەکانی تووڕەیی دژ بە بزووتنەوەی فێمێنیستی، مافە مەدەنییەکان وەردەگرێت، ئەمە جگە لەوەی دژ بە هەمەجۆری ئایینی و کولتووریشە. بە بڕوای من، ئەم هۆکارە جیاوازانە، وەها دەردەکەون کە کۆتوبەندی "منی باڵا"ن، کە سێبەری خۆی دەخاتە سەر هەستە ڕەگەزپەرستییەکان و ڕق بەرامبەر بە ژن.

ئەوەی ترەمپ کردی بریتیبوو لە "دەست ئاوەڵاکردن"ی کینە بەرامبەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و بەرامبەر گوتاریی گشتی دژە ڕاسیزم. لە ڕوانگەی ئەودا هەموو کەسێک ئازاد و دەست ئاوەڵایە لە کینەی خۆیدا. ئەو خۆی خستە جێگەی ئامادەباشی خۆ بەدوورگرتن لە سەرزەنشتە میللەکانی، ڕاسیزمەکەی، جیاکارییە ڕەگەزییەکەی و لەمەشدا سەرکەوتوو بوو.

تەنـــانەت لایەنگرانیشـــی حەز بەوە دەکەن، کە شـــەرم لە ڕاســـــیزمەکەیان نەکەن، پاشـــــان، یەکســـــەر لە دوای دەرچـــوونی لە هەڵبـــژاردنەکەدا، کتـــوپڕ تێکـــڕای تـــاوانە کینەبازییەکان لە شەقامەکان و ئامرازەکانی گواستنەوەی گشتیدا زیاد بوو. خەڵکی هەستیان بەوە کرد، ئازادن چۆن حەزیـــان لێـــیە ئـــاوا بە ڕاســـیزمەکەیانەوە بـــوەڕن. بە لەبەرچاوگرتنی ئەمە، چۆن دەتوانین خۆمان لە "ترەمپی ڕزگارکەر" ڕزگار بکەین؟

*** کاتێك ئێمە تەرکیزێکی زیاد لە ڕادە دەخەینە سەر گوتار، ئەوا خۆمـــان خســـتۆتە ئەو مەترســـییەوە کە ڕەهەنـــدی دووەم لەبیربکەین. ڕەهەندە "ماتریاڵی"یە زەقەکەی ئامادەییەکەی لە کۆبوونەوەکـان و بەرنـامە گفتوگۆکاریەکانـدا. شـتێك شـایەنی بـــاس نیـــیە، جـــگە لە تەســـریحەکەی ســـەری و ڕەنـــگە "پرتەقاڵییەکەی"، لەمەیش دوورتر جگە لە شێوازی جووڵانـدنی دەسـت و زمـانی، خۆدەرخسـتنێکی پێکەنینـاوی لە ژێسـتەکانی ڕوخسـاریدا وەك فـۆڕمێکی نمایشـی جەسـتەیی زێـدەڕەوانەی جیهانی واقیعی. بڵاوبوونەوەی پەیـکەری ترەمـپ بە ڕووتـی لە گۆڕەپـانی شـارە گەورەکانـدا، هـیچ نەبـوو جـگە لە داننـان بە جۆرێـــك لە نزمبـــوونەوەی ئەدەبـــی، کە وروژانـــدنی بـــوغز و ئیسـتیفزاز ئامـانجەکەی بـوو. کاتێـك ئەمە دەبیـنم قسـەیەکی کافکـام دێـتەوە بیـر کە دەڵێـت: «یەکێـك لە کەرەسـتە هەرە کاراکـــانی فریـــوودان کە خـــراپە هەیەتـــی، لەکارخســـتنی ئەو تێکۆشانەیە کە دژ بەخۆی هەیە»، ئێوە چۆن ئەم کەسـایەتییە "تەلەفزیۆنی-واقیعییە" و چوونەکەی بۆ سەر شانۆی سیاسـەت، شیکار دەکەن؟**

**-باتلەر:** ئاشکرایە سەرۆکایەتی، لە جاران زیاتر بۆتە دیاردەیەکی میدیایی. مەسەلەکە ئەوەیە، خەڵکی چۆن مامەڵە لەگەڵ فەیسبووکدا دەکەن، هەر بەو جۆرەش مامەڵەیان لەگەڵ دەنگداندا کرد، مەبەستم ئەوەیە کتومت پەیڕەوی لە لۆژیکی "Like" و "dislike" دەکەن. ترەمپ شاشەکانی گرت و بووە فیگورێکی هەڕەشەکەر. ئەمە لە گاڵتەیەکی خۆیدا دەبینین، کە لە بەرنامەی گفتوگۆی (Saturday Night)ـدا کردی، لەوێدا پرسیاری ئەوەی لێکرا، دەڵێن ئەلیس بالدوین، لە پشتەوەی ستەیجەکانەوە هێرشیکردۆتە سەر هیلاری کلینتۆن. ئەم جۆرە هەڕەشانە درێژکردنەوەی توانای ئەو بوو لە گێچەڵپێکردنە سێکسییەکاندا. ئەو بۆ هەر کوێ بیویستایە دەڕۆیشت، ئەوەی دەگوت کەحەزی لێبوو بیڵێت، ئەوەی دەبرد، کە دەیویست بیبات. تەنانەت ئەگەر کاریزمایش نەبووبێ بە چەمکە تەقلیدییەکەی، هێشتا ڕێک بەهۆی ئەم جۆرە داگیرکردنەی شاشەوە، هێزێکی کەسییانە و پێگەیەکی هەبوو.

بەم مانایە، ترەمپ، وێنەی کەسێک بڵاودەکاتەوە، کە ڕێساکان دەشکێنێت، هەرچییەکی بوێت دەیکات، تا قورقوراگەی پارەیە، لەگەڵ هەرکەسێکدا بیەوێت، هەر کاتێک دڵی بخوازێت سێکس دەکات. هیچوپووچییەکانی ئەو شاشەکەیان پڕکردبوو، ڕێک بە قەد دونیا دەردەکەوت. لەبەرئەوە خەڵکانێک بە بینینی ئەم کابرا وەڕزکەر و زەوقسزە دڵخۆش بوون، لە دەوری

کۆبووبـــونەوە، وەک بلّێـــی ئەو ســـەنتەری گەردوون و جیهانە، ئەمەش بە سایەی جەماوەرەوە.

*** کاتێـک بە درۆ تۆمەتبـار کـرا، ترەمـپ بەوە بەرگـری لە خـۆی کـرد، کە ممارەسـەی ئەو شـتە دەکـات وا نـاوی نـاوە "سەربلّندی ڕاستگۆیان"، وەك فۆرمێکی پاکژی زێدەڕەویکردن لە وتندا و ئامڕازێکی کـاریگەری پڕوپاگەنـدەکردن بـۆ خـۆی. ئێستا زیاتر لە جاران، زاراوەی "سیاسەتی پۆسـت-حەقـیقەت"، لە میـــدیای ئەوروپیـــدا بەکاردەهێنرێـــت، ئەوەش بـــۆ دەلالەتکردن لە سنووری کاڵەوەبووی نێـوان ڕاسـت و چەوت، واقیـــع و خەیـــاڵ، کە هانـــا ئـــارێنتیش، بە خاســـیەتێك لە خاسـیەتەکانی تۆتالیتـاریزمی دانـاوە. سۆشـیال میـدیا، لە ڕێگەی ئەم چوارچێوەیەوە، کۆنتێکستێکی نوێی خوڵقانـدووە کە تێیدا گەندەیی هەواڵی سـەربەخۆ دەردەکەوێـت، ئەمەش جۆرێکە لە هەواڵ و دەنگدانەوەیەکی هەیە، کە ڕێگە دەدات لە مەودایەکـــی فراوانـــدا پڕوپاگەنـــدە و تیـــۆری موئـــامەرە بڵاوببێـتەوە، کە ئەسـتەمە چـاووڕووی میـدیای ڕاسـتەقینەی هەبێت. ترەمپ لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەیدا، توانی مامەڵە لەگەڵ گردبـــوونەوە بچووکەکـــانی تـــویتەر و فەیســـبووکدا بکات، بە "شەپۆلێك"ـی زۆر حەماساتسازانە لە قاڵبیان بـدات. بۆچوونـت چیـیە لەبـارەی ئەم چەمـکەی "سیاسـەتی پۆسـت-حەقیقەت"؟**

-**بـاتلەر:** بەوپەڕی ڕوون و ڕۆشـنی بیڵـێم، پێمـوانییە ئەمە قسەی ترەمپ بێت. ئەمە لە هەوڵی کەسێک دەچێت، کە پەیوەنـــدییە پـــۆزاوییەکەی خـــۆی بە حەقـــیقەتەوە، دیاریدەکات و هوتافی بۆ دەکێشیت. نازانم داخۆ لە دۆخی

پۆست-حەقیقەتداین یان نا. وایدەبینم، ترەمپ هێرشدەکاتە سەر حەقیقەت، بەبێ ئەوەی شەرم لەو حەقیقەتە بکات، کە بەهیچ بەڵگە و لۆژیکێک قسەکانی پشت ئەستوور ناکات. لێدوانەکانی لەخۆوە نین، ئەو هەرکاتێک بیەوێت پێی ئاساییە هەڵوێستی خۆی بگۆڕێت، هەرکاتێک هەل بڕەخسێت کە پاڵنەر و کاریگەرییە سوودبەخشییەکەی هەڵوێستەکە دەربکەوێت، ئەوا گۆڕان لە هەڵوێستەکانیدا دەکات. بۆ نموونە، کاتێک وتی کە بوو بەسەرۆک "هیلاری زیندانی دەکات"، ئەمە هوتافێک بوو بۆ ئەوانەی ڕقیان لە هیلارییە، ئەوەش بەشداربوو لە زیادبوونی ئەم ڕقەدا.

بێگومان خۆ ئەو دەسەڵاتی ئەوەی نییە هیلاری لە زیندان تووند بکات، تەنانەت ئەگەر سەرۆکیش بووایە هێشتا بەبێ ڕێکاری یاسای تاوان و فەرمانی دادوەریی، دەسەڵاتی ئەم کارەی نەدەبوو. بەڵام ڕێک لەو ساتەدا، ئەو خۆی دەخاتە سەرووی ڕێکاری یاساییەوە، چۆن بیەوێت مومارەسەی ویستی خۆی دەکات، پەرە بە ستریۆتایپێکی ستەم دەدات، کە دەربەستی ئەوە نییە داخۆ هیلاری تاوانیکردووە یان نا، هەموو بەڵگەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن، کە دۆخی ئێستا بەو جۆرە نییە. هیچ شتێک نییە پشتیوانی لە بانگەشەکانی ئەو بکات سەبارەت بەوەی هیلاری، بەهۆی ملیۆنان دەنگدەری "نا-یاسایی"ـەوە، پشتیوانی میللی بەدەستهێنابێت، هەرکاتێک ترەمپ نەرگسییەتەکەی بریندار بکرێت، هەوڵدەدات شەرعیەتی دەنگدانی گشتی لەکاربخات.

لە هەمـــــان کاتـــــدا، بەتەواوەتـــــی ئەو بیـــــرۆکەیە دووردەخاتەوە، کە ڕەنگە دەنگدان بۆ خۆشی نا-یاسایی بووبێت، بەو واتایەی زۆر بەلایەوە گرنگ نییە، دژی خۆی بێت یـان ڕوونیـی ئەو دەرەنجامـانە ڕەت بکـاتەوە، کە لە دەسـەڵات و شـەعبیەتەکەی کەم دەکەنەوە، هەمـوو ئەمـانە پـێکەوە تەحەدان و برینــداری دەکەن. ئەم نەرگســیەت و بێبـاکییە لە ئاسـت خسـتنەڕووی بەڵـگە لۆژیکییەکـان، ئەو شـتەبوو کە شـەعبیەتەکەی ئەویـان زیـاتر کـرد. ترەمـپ لە سەرووی یاساوە دەژی، لایەنگرەکانیشـی دەیانەوێت ئـاوا بژین.

*** لە "وتـاری وروژێنەر"ــدا، شـیکاریی تونـدوتیژی زارەکـی گوتــاری تــرس لە هۆمۆکــان، جیاکــاری ڕەگەزی، ڕاســیزمت کـردووە، کە دەیانەوێـت ئەو خەڵـکانەی وا گرنگـی بە گوتـار دەدەن، تێکبشکێنن و سەرکوت بکەن. هەروەهـا ئەوەت زەق کـــردۆتەوە، کە ئامـــانجی تونـــدوتیژیی زارەکـــی، دووبـــارە کێشـانەوەی سـنوورەکانی مـرۆڤە، ئەمەش واتــای کـردەی گوتارییـانەی سـەرکووت، ڕاونـان، سـنووردارکردنە، هەروەهـا واتـای پێکهێنـانی هاوبەنـدیی مرۆیـی، یەکڕەنگـی، هێتـرۆ-سـێکیواڵێتیی فـۆڕمێکی کـۆمەڵە خەیاڵکراوەکـانە. لەگەڵ ئەمەشدا، باسـت لەوە کـردووە، کە دەشـێت ئەم ئەنجامـدان [جێبەجێکردن]ـە دژ بەخـۆی هەڵبگەڕێـتەوە، بەمەش بوارێـك بۆ ململانێی سیاسی و خاپوورکاریی شوناسـمەندی بکـاتەوە. بە بۆچوونی تۆ هەموو ئەمانە چی دەردەخەن؟**

**-بـــــاتلەر:** ڕەنـــگە ڕق لە بێگانەکـــان وەک ئـــامڕازی جەختکــردنەوە لەســـەر شوناســـی "گەل" ببینـــین. لەنێــو ئەوانەدا کە لە ڕووی ئـــــــابوورییەوە بەشـــــــخوراو و بێبەشــکراو بــوون، لەنێــوان ئەوانەشــدا کە پێیــانوابوو ئیمتیازە نەژادییە سپیپێستییەکانیان دۆڕاندووە، پشتیوانی لە ترەمــپ دەکـرا. بەڵام زۆرێـک لە خۆشـگوزەرانەکانیش هەر دەنگیانـــــدا بە ترەمـــــپ، ئەوەش دوای ئەوەی بەوە ڕازیکــران، کە بــازاڕی زیاتریــان بــۆ دەکەنەوە، ئەمەش شــتێک بــوو دواتــر دەرفەتــی دەوڵەمەنـدبوونی پێـدەدان. دەتوانین ســەرنج لە وتـارەکەی بـدەین، بێگومـان ئەمە زۆر گرنـگ بـوو، بەڵام تـاکە شـتێک نەبـوو، کە خەڵکـی بـۆ لای خۆی ڕاکێشا.

بەهەرحـاڵ، پێمـوایە سـیناتۆر ماساشـۆتس ئیلیـزابێس واریـن، لەســەر هەق بـوو، کە وەڵامــی ئەو ســوکایەتییەی دایەوە، کە ترەمـپ بە هـیلاری کلینتـۆن کـردی و پێیـووت "ژنێکـــی خـــراپە". وەڵامەکەی ئەمە بـــوو: «لەگەڵ تـــۆمە دۆناڵد، ژنە خـراپەکە بەهێزە، زیـرەکە، دەنگی خۆی هەیە، لە هەشـــتی نـۆڤەمبەردا ئـێمەی گەلەژنـــی خـــراپ دێیـــنە دەرەوە، بەپێیە خراپەکانی خۆمـان دەڕۆیـن تـاوەکو دەنگە خراپەکانمـان بـدەین و بـۆ هەمیشـە تـۆ لە ژیانمـان بکەیـنە دەرەوە». بێگومـــان ئەوە ســـاتەوەختێکی سەرنجڕاکێشـــی فێمێنیزم بوو، بەڵام بەس نەبوو.

*** لە ساڵی 2011وە، شاهیدی ڕەوتی ناکاوی نێودەوڵەتی گەلەکۆمەی وەکو ووڵ ستریت بگرن، ئینیگنادۆس [تووڕەیی]، نویت دیبۆت [بڵاوکردنەوەی تاریکی]، بەهاری عەرەبی و هیتر بووین. لە دوایین کتێبتدا "تێبینییەکان بەرەو تیۆری کارئەنجامدانی پێکەوەی" شیکاری هەلومەرجەکانی سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوانە و ناوەڕۆکە سیاسییەکەیان کردووە، لەم شیکارییانەیشدا "ئەنجامدانی سیاسی"ت گشتاندووە. نووسیوتە هەر کاتێك جەستەکان پێکەوە کۆببنەوە، گوزارشتێکی سیاسی وەردەگرن، کە لە داواکارییەکانی ئەو هێزە کارایانە یان لە گوتاری ئاڤانگارددا کوورت نابێتەوە. چ هێزێك دەتوانێت بەر بەو کۆبوونەوە دەستەجەمعییە بگرێت؟ دەشێت مۆرکە دیموکراسییەکەی چۆن بێت؟**

**-باتلەر:** ڕەنگە وشەی "دەرکەوتن" (apparition)ی لای ئێمە وشەیەکی گونجاو نەبێت، بۆ وشەی appearanceی ئینگلیزی. بەڵام ناچارین لەگەڵ تارماییەکانی زماندا بژین. ئەگەرچی خۆپیشاندان و کۆبوونەوەکان بەزۆری بەس نین بۆ دروستکردنی گۆڕانێکی ڕادیکاڵ، بەڵام هیچ نەبێت تێگەیشتنی ئێمە لە چییەتی وشەی "خەڵک" دەگۆڕن، جەختیش لەسەر ئازادییە بنچینەییە پەیوەندیدارەکانمان بەفرە جەستەییەوە دەکەنەوە. ڕەنگە دیموکراسییەت بەبێ ئازادیی کۆڕوکۆبوونەوە نەمێنێت، هیچ کۆڕوکۆبوونەوەیەکیش نییە بەبێ ئازادیی جووڵان و کۆبوونەوە، توانستەکانی هاتوچۆکردن و توانستە جەستەییەکان، گریمانەکانی ئەو ئازادییەن. خۆپیشاندانە میللییەکان دژ بە دەستپێوەگرتن

[تەقەشوف] و نەبوونی ئارامی و ئاسایش، لە شەقامەکاندا و لەژێـــر چـــاوە گشـــتییەکانەوە، جەســـتەکانی ئەو تاکەکەســـانەی کە گیـــرۆدەی بەدبەختـــی چینـــایەتی و هەستکردن بە پشێوویی مەدەنی بوون، دووپاتکردنەوەی کـاری بە کـۆمەڵن لە ڕێـگەی کۆبوونەوەیـان بەشـێوازی تـــایبەتی خۆیـــان. لەبەرئەوە کاتێـــک وەک بەشـــێک لە دیموکراسییەت دەچینە نێو کۆبـوونەوە پەرلەمانییەکانەوە، دەتوانین دەرک بە هێزی کۆبوونەوە نا-پەرلەمانییەکانیش بکەین بۆ گۆڕینی ئاگایی گشتی لەبارەی چییەتی گەلانەوە. بەتـــایبەتیش کاتێـــک ئەو کەســـە پیشـــاندەدات و زەق دەکاتەوە، کە دەرەوەستی دەرکەوتن نییە، تـاوەکو ببینین کە "گۆڕەپـانی دەرکەوتـن" و هێـزە کۆنترۆڵکەرەکـان، کە دەستیان بەسـەر سنوورەکانی خۆیـان و دابەشبوونەکانی خۆیاندا دەشکێت، گریمانەکانی هەر مشتومڕێکن لەبارەی چییەتی "خەڵک"ـەوە. لەم ڕووەوە هاوڕای جاک ڕانسییێرم.

*** میشـێل فۆکـۆ شـیکاریی بـۆ دیموکراسـیەتی یۆنـانی سـەدەی چـوارەم و پێنجەمـی پـێش زایینـی کـردووە، کە لەلایەك، کێشەیەکی گوتاری و پارادۆکسی "وتنی حەقـیقەت" بـــووە لە دیموکراســـییەتدا (پارێســـیا ئەوەیە کە لادەرە)، لەلایەکـی دیکەیـش وەك جێگـۆڕکێی "سـەکۆ"ی سیاسـی لە "ئـــاگۆرا"وە بـــۆ "ئیکلیســـیا"، بەتـــایبەتی، لە شـــاری هاونیشـتمانیانەوە بـۆ دادگـای سـەروەری. ئایـا دەتـوانین گەشەسەندنی ئەم قۆناغە دیموکراسییانە، کە لە 2011ـەوە دەرکەوتن، بە تۆڵەی ئاگۆرا لە ئیکلیسیا دابنێین؟**

-**باتلەر:** دەسەڵاتی وتنی هەق، لە بنەڕەتدا هەوڵێکی تاکەکەسی نییە. وتنی حەقیقەت بە دەسەڵات واتە گرتنە دەستی دەسەڵات لە ڕێگەی ئەم وتنەوە. واتای ئەوەشە کە دەشێت دووبارە بنیاتی دەسەڵات وەک جۆرێک خزمەتی "پۆزەتیڤ" بەکاربهێنرێتەوە و بڵاوبکرێتەوە، لەبەرئەمە دەشێت قسەکەرێکی تاکەکەسی، بە قسەکەرێکی ملکەچ دابنێین، ئەم دۆخە نادیار و شلۆقەش ئەگەری ئەوەی تێدایە ژمارەیەکی دیاریکراوی خەڵکی بگرێتەوە. بەر لە وەی بپرسین وتنی هەق بە دەسەڵات واتای چییە، باشترە پرسیار دەربارەی ئەو کەسە بکەین، کە دەتوانێت قسە بکات [یان ئەم قسەیە بۆ دەسەڵات بڵێت].

زۆرجار، بوونی ئەوانەی چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکرێت لە گوتاری گشتیدا بێدەنگ بمێننەوە، ئەو پەیکەر و چوارچێوەیە دەشکێنن. لە کاتی کۆبوونەوەی کۆچبەرە نا-یاساییەکاندا، لەکاتی کۆبوونەوەی قوربانیانی کۆچدا، لەکاتی کۆبوونەوەی ئەو کەسانەدا، کە گیرۆدەی بێکارین و مووچەی خانەنشینییان کەمە، سەرجەمی ئەمانە خۆیان دەخەنە نێو وێنە و گوتارێکی نواندنەوەیی چییەتی خەڵکەوە، هەروەها خۆیان دەخەنە ئەو وێنەیەوە، کە دەبێت خەڵک چۆن بێت. بێگومان ئەوان داواکاریی دیاریکراویان هەیە، بەڵام "کۆبوونەوە" ئەو ئامرازەیە کە ئەو داواکارییانەی پێدەخەنە نێو یەک جەستەوە، ئەمەش لە فەزای گشتیدا داواکارییەکی ماتریاڵییە، داواکارییەکی گشتییە لە دەسەڵاتە سیاسییەکان.

بەمجۆرە، دەبێت لە سەرەتادا "تێپەڕین و بچینە نێو" گوتارەوە بەرلەوەی بتوانین حەقیقەت بە دەسەڵات بڵێین. پێویستە کۆتوبەندەکانی نواندنەوە سیاسییەکان بشکێنین لەپێناو ئەوەی توندوتیژییەکەی دەربخەین و دژایەتیی سەرکوتکارییەکەی بکەین. جا لەبەرئەوەی "ئەمن" [ئاسایش] بەردەوام پاساو بۆ قەدەغەکردن و پەرتوبڵاوکردنەوەی ناڕازییەکان، خۆپیشاندەرەکان، کەمپەکان دەهێنێتەوە، ئەوا بەشدارە لە نابووتکردنی مافە دیموکراسییەکان و خودی دیموکراسییەتیشدا. تەنیا جموجوڵە بەرفراوانەکان سەرکەوتوو دەبن، لە بەزاندنی ڕقی نەتەوەپەرستان لە بێگانەکان و بەزاندنی پاساوە جۆراوجۆرەکان، کە لەمڕۆدا هەڕەشە لە دیموکراسییەت دەکەن، تەنیا ئەمەیە کە دەشێت بە فۆڕمێکی بەرجەستەبوونی ئەودیوو نەتەوەیی ناوی بنێین.


**سەرچاوەی عەرەبی**

جوديت بتلر: حول ترمب و الفاشية و بنية الشعب، ترجمة: سارة الليدان، يناير 2017. http://hekmah.org/ /

**سەرچاوەی ئینگلیزی:**

Judith Butler: Trump, fascism, and the construction of "the people": An interview with Judith Butler, December 2016.

https://www.versobooks.com/blogs/3025-trump-fascism-and-the-construction-of-the-people-an-interview-with-judith-butler

# بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| ژ | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆڕش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان ڕەئوف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولڕەحمان | | 214 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك ڕۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤید هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە ڕەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزووتنەوەی فێمێنیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سیکۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمان ڕەئوف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرماس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە دریدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجید خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماوتسی تۆنگ | فازڵ حسێن مەلا ڕەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانێ | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لەقەندیلەوە بۆ کوبانێ | ئەنوەر حسێن - شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پرۆیسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | ڕێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیاو پەکەکە | ماجد خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان، ئەو رووداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سرییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز - بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز - بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس - بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس - بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس - بەرگی سێیەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس - بەرگی چوارەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس - بەرگی پێنجەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس - بەرگی شەشەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس - بەرگی حەوتەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس - بەرگی هەشتەم | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لەسەر حەق بوو | تێری ئیگڵتۆن | پێشرەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفوری | | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی - بەرگی یەکەم | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی - بەرگی دووەم | ئومێد عوسمان | | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ – بەرگی سێیەم | مستەفا زاهیدی | | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە تۆماس ئەکیونی | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل – بەرگی سێیەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاكان | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو | د.عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی - جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حركة الحداثة في الشعر الكردي | د.سەروەر عەبدوڵلا | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 81 | فیتنە | هشام جعیط | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 82 | داعش و میلیشیاکان | ئەنوەر حسێن | | 2016 |
| 83 | ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |
| 84 | ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |
| 85 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2016 |
| 86 | ئاشنابوون بە پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |
| 87 | ئاشنابوون بە دۆرکهایم | ئارام مەحمود – دانا لەتیف جەلال | | 2016 |
| 88 | ئاشنابوون بە دریدا | ئارام مەحمود | | 2016 |
| 89 | ئاشنابوون بە لیوتار | ماجید خەلیل | | 2016 |
| 90 | ئاشنابوون بە لینین – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |
| 91 | ئاشنابوون بە لینین – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |
| 92 | ئاشنابوون بە ترۆتسکی | پێشرەو محەمەد | | 2016 |
| 93 | ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |
| 94 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم – بەرگی یەکەم | ب. لیڤا | | 2016 |
| 95 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم – بەرگی دووەم | ب. لیڤا | | 2016 |
| 96 | ئاشنابوون بە ئەفلاتون | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 97 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | ئاکام بەسیم | 2016 |
| 98 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 99 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | شاسوار کەمال | 2016 |
| 100 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم - بەرگی یەکەم | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 101 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم - بەرگی دووەم | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 102 | ئاشنابوون بە مانفێستی حزبی کۆمۆنیست | موصلح شێخ شیسلامی | 2016 |
| 103 | سێگۆشەی گرگرتوو | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 104 | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگی عێراق - کوەیت | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 105 | گەشتی دوورو درێژی ئەتۆمی ئێران تێچوون و مەترسییەکانی | سۆران عەلی | 2016 |
| 106 | چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا، خۆرئاوای ئەفریقیاو سۆماڵ | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 107 | خەبات لەپێناو فرەییدا دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا | سۆران عەلی | 2016 |
| 108 | جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 109 | نەوت و گازی شیلی ئەمەریکاو ئاکامە جیۆپۆلۆتیکەکانی | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 110 | کۆچ لە جیهانێکی بێئۆقرەدا | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 111 | تیرۆر، تیرۆریزم و تیرۆریزمی نێودەوڵەتی | ڕێباز مستەفا | 2016 |
| 112 | چین و سیستەمی بازرگانی جیهانی | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 113 | ئومێدی خۆرهەتاوی من | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2016 |
| 114 | ئازادی و خیانەت لە ئازادی | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 115 | فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی ڕەوتە ئیسلامییەکان | فوئاد مەجید میسری | 2016 |
| 116 | کورد و ئیسلام لە یەکتربردا | نەوزاد جەمال | 2016 |
| 117 | کارل مارکس و لیۆن ترۆتسکی | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 118 | مارکسیزم لە هەزارەی سێیەمدا | بژار سەردار - ئازاد ئارمان | 2016 |
| 119 | چوار سندوق | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 120 | گفتوگۆ | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 121 | سەڵتەکان | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 122 | چیرۆکی ورچەکانی پاندا | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 123 | وردە تاوانەکانی ژیانی هاوسەرێتی | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 124 | کورد و مێژووی جەژنی نەورۆز | د.کەیوان ئازاد ئەنوەر | 2016 |
| 125 | ئەو شتانەی لێیان بێدەنگ بووم | ساراڵ فەهمی شەریف - هێمن تاهیر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 126 | چۆن ئیسلامی میانڕەو دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆر؟ | سۆران سێوکانی | 2016 |
| 127 | ئومێد بە زیندووی بهێڵەرەوە | یاسین محەمەد عەلی - هێمن تاهیر | 2016 |
| 128 | باوەڕدارە تیرۆریستەکە | سۆران عەلی | 2016 |
| 129 | پێغەمبەرو پرۆلیتاریا | پێشرەو محەمەد - هێرۆ خوسرەوی | 2016 |
| 130 | مارکسیزم چۆن کاردەکات | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 131 | ئامانجی فەلسەفە | شاسوار کەمال | 2016 |
| 132 | پرسی ژن | عادل عەلی | 2016 |
| 133 | چەپی نوێ | د.ئەکرم میهرداد | 2016 |
| 134 | نامیلکەی لێبوردەیی | فەرشید شەریفی | 2016 |
| 135 | یاداشتەکانی جەنگ | ستران عەبدوڵڵا | 2016 |
| 136 | ژنێك لە نێو سەردەستەی میلیشیاکاندا | دڵشاد محەمەد - هێمن تاهیر | 2016 |
| 137 | مارکس و رەخنەی سیاسەت | هاوار محەمەد | 2016 |
| 138 | لە بڵاوکردنەوەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان | یوسف محەمەد بەرزنجی | 2016 |
| 139 | فەلسەفە لە ئێستادا | دانا شوانی | 2016 |
| 140 | تیۆری زانینی زانستیانە | د.حەمید عەزیز | 2016 |
| 141 | مارکس و ئازادی | دانا شوانی | 2016 |
| 142 | شرۆڤەی ئەفسانەی سیزیف | ئیسماعیل ئیسماعیل زادە | 2016 |
| 143 | سەلەفییەت لە کوردستانی ئێران | ماجد خەلیل | 2016 |
| 144 | هەژموونی نەوت | سۆران عەلی | 2016 |
| 145 | دەوڵەت | سمکۆ محەمەد | 2016 |
| 146 | مێژوی ئابوری جیهان | محەمەد چیا | 2016 |
| 147 | لە تۆڵەیتۆڵەوە بۆ ناوزەنگ | خەڵەف غەفور | 2016 |
| 148 | پارت و رێکخراوە سیاسییەکان لە تورکیا | محەمەد فاتح | 2016 |
| 149 | دەقی شیعری کوردی لە روانگەی سیمیۆلۆژییەوە | د.لوقمان رەئوف | 2016 |
| 150 | تیۆری چوارەمی سیاسەت | وریا غەفوری | 2017 |
| 151 | هونەری شێوەکاری نوێ | رامیار مەحمود | 2017 |
| 152 | جیهانگیری لە روانگەی جیاوازەوە | حەسەن بارام | 2017 |
| 153 | پاکستان و گۆڕانیەکانی ناوخۆو دەرەوە | بابان ئەنوەر | 2017 |
| 154 | پەیوەندی ئێران و هندستان | ماجید خەلیل | 2017 |
| 155 | چین و ئێران | محەمەد چیا | 2017 |
| 156 | ژنان لە بەهاری عەرەبیدا | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 157 | سیستمی نێودەوڵەتی هێز یان دادپەروەری | ئارام مەحمود ئەحمەد | 2017 |
| 158 | رکابەری ئەمەریکاو ئێران لە ئەمەریکای لاتین و ئەفەریقیا | کۆشان عەلی زەمانی | 2017 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 159 | کاریگەرییەکانی دابەزینی نرخی نەوت | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2017 |
| 160 | پێگەی ئێران لە خۆرهەڵات ناوەڕاستدا | بەختیار ئەحمەد ساڵح | 2017 |
| 161 | مۆریتانیا وڵاتێکی درەوشاوەی کەنارو بیابان | شاناز هیرانی | 2017 |
| 162 | هەرێمی کوردستان و ململانێ ناوچەییەکان | ئەنوەر حسێن (بازگر) | 2017 |
| 163 | فەلسەفەی هانا ئارێنت | ئارام مەحمود | 2017 |
| 164 | نەوت بەرامبەر زەوی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2017 |
| 165 | پوختەی سەرمایەی مارکس | بابان ئەنوەر | 2017 |
| 166 | چوارینەی دیموکراسی | ڕەنجەی نابینا | 2017 |
| 167 | نفوذ الهلال الشيعي في الشرق الاوسط | عەلی محەمەد صالح | 2017 |
| 168 | هەڵسەنگاندنی دەسەڵاتی نەرمی قەتەر | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 169 | سۆفیزم لە ئاسیای ناوەڕاستدا | عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد | 2017 |
| 170 | لە ئیسلامی قورئانەوە بۆ ئیسلامی فەرموودە | سۆران سێوکانی | 2017 |
| 171 | مێژووی درۆ | هاوار محەمەد | 2017 |
| 172 | پرسی کورد | ماجید خەلیل | 2017 |
| 173 | پۆست کۆمۆنیزم | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 174 | پرۆگرامە ئەتۆمییەکان | جەواد حەیدەری | 2017 |
| 175 | پەیوەندی روسیا و ئەمەریکا | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 176 | دەربارەی میواندۆستی | هاوار محەمەد | 2017 |
| 177 | بەرەو ئاشتی هەمیشەیی | ڕێبین رەسوڵ | 2017 |
| 178 | رۆشنگەری چییە؟ | ڕێبین رەسوڵ | 2017 |
| 179 | چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی و رۆژنامەوانی | یوسف ئەحمەد مەنتك | 2017 |
| 180 | سەرەتایەك لەسەر ئاسایشی سروشتی | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 181 | مێژووی پەیەدە | ماجید خەلیل | 2017 |
| 182 | کتێبی سور - چاپی سێیەم | فازڵ حسێن مەلا رەحیم | 2017 |
| 183 | مەحرەمی راز شەرحی غەزلیاتی حافز | ئەکرەم عەنەبی | 2017 |
| 184 | مارکس کێ بوو؟ چاپی دووەم | مەجید مارابی - جەواد حەیدەری | 2017 |
| 185 | ئالان بادیۆ | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 186 | رولان بارت | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 187 | جۆرج باتای | هاوار محەمەد | 2017 |
| 188 | چۆمسکی | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 189 | جۆن دیۆی | د. لوقمان رەئوف - ئارام محمود | 2017 |
| 190 | رۆدۆلف کارناب | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 191 | کۆنفۆشیۆس | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 192 | جولیا کریستیڤا | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 193 | لیڤی شتراوس | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 194 | مارتین بوبەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 195 | ماوتسی تۆنگ | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 196 | مۆنتیسکۆ | سیار خورماڵی | 2017 |
| 197 | پیەر بۆردیۆ | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 198 | سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 199 | ویتگنشتاین | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 200 | والتەر بنیامین | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 201 | فرانسیس فۆکۆیاما | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 202 | مارتن لۆسەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 203 | سان سیمۆن | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 204 | دێڤد هارڤی | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 205 | جەنگی سارد | شاناز رەمزی هیرانی | 2017 |
| 206 | سیخوڕی و دژە سیخوڕی | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 207 | بیرەوەریی هەواڵگری | کارناس جوبرائیل | 2017 |
| 208 | هەواڵگری و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان | ئاران عەلی | 2017 |
| 209 | ئاییندەی کاری هەواڵگری لە سەدەی بیست و یەکدا | رەوەند هەورامی | 2017 |
| 210 | ئەرکی سیخوڕانی نهێنی | ئاسۆ حەسەن | 2017 |
| 211 | داعشیزم خەلافەت و تیرۆر | ئەسعەد جەباری | 2017 |
| 212 | شارە زەردەواڵە | موعتەسەم نەجمەدین | 2017 |
| 213 | لەبارەی خوو رەفتاری مرۆڤەوە | وەهاب حەسیب | 2017 |
| 214 | کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان | نەوزاد عەلی | 2017 |
| 215 | شارنشینی رۆژهەڵاتی ناوین | چنور فەتحی - وریا غەفوری | 2017 |
| 216 | بەخشین رێگایەک بۆ گۆڕینی جیهان | بیل کلینتۆن | 2017 |
| 217 | هێزی بێهێزەکان | ڤاتسلاڤ هاڤڵ | 2017 |
| 218 | رۆڵی سیاسی کەمینەکان | د. موسڵیح خزر جبوری | 2017 |
| 219 | ئەدەبیات ئەمەیە | پێشەوا فەتاح | 2017 |
| 220 | جوانییەکانی وەرگر | عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا | 2017 |
| 221 | کورتە لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی سۆسیال دیموکرات | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 222 | ئەلف بێ | ژیل دۆلۆز ، کلەیر پارنێت | 2017 |
| 223 | بزووتنەوەی خوێندکارانی شۆڕشگێر | ئێرنست مەندڵ | 2017 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 2017 | جۆن جەی میرشەمیر | بۆچی سەرکردەکان درۆ دەکەن؟ | 224 |
| 2017 | فوئاد سدیق | خوێندنەوەیەکی نوێتر بۆ ئیسلامناسی | 225 |
| 2017 | ئالوین تافلەر و هایدی تافلەر | جەنگ و دژە جەنگ | 226 |
| 2017 | هاوکار عەبدوڵلا | داعش لەنێوان ململانێی مەزهەبی و شکستی بەهاری عەرەبیدا | 227 |
| 2017 | مایکڵ بوراوۆی | مارکسیزمی سۆسیۆلۆژییانە | 228 |
| 2017 | ئەکرەم میهرداد | سنوورەکانی سیاسەت و دیموکراسی لە کوردستان | 229 |
| 2017 | مێهرداد سەمەدزادە | ئەزموونی عەلمانییەت لە هندستان | 230 |
| 2017 | جۆن مالینۆ | ئەنارشیزم لە ڕوانگەی ڕەخنەی مارکسیزمەوە | 231 |
| 2017 | ماری لیمۆنییە، ئۆد لانسۆلین | فەیلەسوفان و عەشق | 232 |
| 2017 | کەریم یەڵدز | کوردەکانی سووریا نەتەوەیەکی لەبیرکراو | 233 |
| 2017 | هێلمۆت ڕایش | مۆدێلی بەرهەمهێنانی ئاسیایی | 234 |
| 2017 | میشێل فۆکۆ | شوێنەکانی تر | 235 |
| 2017 | فرەدریک ئەنگڵس | سۆسیالیزمی زانستی و سۆسیالیزمی یۆتۆپی | 236 |
| 2017 | جۆرج باتای | تیۆری ئایین | 237 |
| 2017 | پۆل ریکۆر | خۆشەویستی و دادپەروەریی | 238 |
| 2017 | مارتین هایدگەر | فەلسەفەو میتافیزیکا چییە؟ | 239 |
| 2017 | ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل | فەلسەفەکار و سیاسەت | 240 |
| 2017 | هانا ئارێنت | حەقیقەتو سیاسەتو ئێمەی پەنابەر | 241 |
| 2017 | ئەنوەر حسێن (بازگر) | کورد لەناو عێراقی مۆزایك و ناهۆمۆجیندا | 242 |
| 2017 | پیتەر کیڤیستۆ | هزرە سەرەکییەکانی کۆمەڵناسی | 243 |
| 2017 | ژیلوان لەتیف یار ئەحمەد | مێژووی بزاڤی چەپ لە ئێران | 244 |
| 2017 | کاوە تەیب جەلال | کەرتبوون لە نێو پارتە سیاسییەکان لە باشوری کوردستان 1976-1988 | 245 |
| 2017 | ڕێباز عبدالکریم قادر | پەیوەندییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان | 246 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 247 | کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران _کۆمەڵە(سازکا) (1969_1988) | شەیما سەعید حمەلاو | 2017 |
| 248 | لە سوقراتەوە تا سارتەر | ت.ز.لاڤین | 2017 |
| 249 | چەپ و ئیسلام و تیرۆر | کۆمەڵێک نووسەر | 2017 |
| 250 | پۆپۆلیزم | کۆمەڵێک نووسەر | 2017 |
| 251 | فێمینیزم | کۆمەڵێک نووسەر | 2017 |
| 252 | کۆنگرەی نەیەوەیی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | 2017 |
| 253 | دادگا لەتراژیدیاوە بۆ ئینتیما | نەبەز محەمەد | 2018 |

iDEA
FOUNDATION
دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لێکۆڵینەوە